سەرجەمی بەرهەم
بەرگی دووەم

# دیوانی

# محەمەد ڕەسووڵ هاوار

ئامادەکردنی

**دکتۆر عوسمان دەشتی**
**سدیق ساڵح**

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٧

هـ ٢٣٢ هاوار، محەمەد ڕەسووڵ
دیوانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار/ ئامادەکردنی عوسمان دەشتی، سدیق ساڵح.-
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٧.
٦١٠ل: ٢٥×١٧,٥ سم، پاشکۆ.- (زنجیرە: ٧٥)
١- شیعری کوردی ٢- سدیق ساڵح (ئامادەکار) ٣-- ناونیشان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

**زنجیرە: ٧٥**
**کتێب: دیوانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار**
**بەرگ: سەرجەمی بەرهەم- دووەم**
**ئامادەکار: دکتۆر عوسسمان دەشتی و سدیق ساڵح**
**تایپ: ئەڤین عەبدوڕەحمان**
**مۆنتاج: لاس**
**ڕووبەرگ: قادر میرخان**
**خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید**
**تیراژ: ١٠٠٠**
**نرخ: ٦٠٠٠ دینار**
**ژمارەی سپاردن: ١٠٠٨ی ساڵی ٢٠٠٧**
**شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان**

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com سنووقی پۆست: ١٤

# پێڕست

## یادی بادینان

### چاپخانەی ژین– سلێمانی، ١٩٥٩


| | |
|---|---|
| سەرەتا | ٣ |
| چەند وشەیەك | ٤ |
| نووزەی دایكێك لە جەژنا | ٥ |
| خۆشەویستەكەم | ٦ |
| دیمەنی سەرچنار | ٦ |
| لە دووریت | ٧ |
| بۆ... | ٨ |
| پەری شێوە | ٨ |
| چاوەڕوانی | ٩ |
| سوێندی دڵداری | ١٠ |
| بەرامبەر شۆخێك | ١٠ |
| بووژانەوە | ١١ |
| گوڵێكی بەدیل گیراو | ١١ |
| سكاڵای گوڵێك لەژێر گەڵاوە | ١٣ |
| ژیانی كۆمەڵایەتیمان | ١٥ |
| بۆ كچە كوردێك | ١٦ |
| نووزەی سواڵكەرێك | ١٦ |
| بەهار | ١٧ |
| مەبدەئی هەندێ كەس | ١٧ |
| جەژنی هەتیوێك | ١٨ |
| ڕاستی وە ناڕاستی | ١٩ |
| ئەی كەو | ١٩ |
| سڵاو بۆ گیانی شەهیدان | ٢٠ |
| سەربەستی | ٢١ |
| ئەی فرمێسك | ٢٢ |

| | |
|---|---|
| ئەی ژنە دەوڵەمەنگەکە | ٢٣ |
| ئەنجامی ئیمپریالیزم | ٢٤ |
| بێباری | ٢٥ |
| میرم تێپەڕی | ٢٥ |
| قەوانی تازە | ٢٦ |
| لۆتیی زوڕناژەن | ٢٦ |
| شەوێکی مانگەشەو لە بەغداد | ٢٧ |
| ساقی | ٢٨ |
| دیمەنی شاری دهۆك | ٢٨ |
| کچۆڵە تیاری | ٣٠ |
| خاکی بادینان | ٣١ |
| جوانیی بەهاری کوردستان | ٣٢ |
| تاڤگەی سیپە | ٣٤ |
| مانگە دروستکراو | ٣٤ |
| کۆنەپەرستی و ئیستیعمار | ٣٥ |
| ئاوی ڕووباری خابوور | ٣٥ |
| فیلمێکی تازە لە سلێمانی | ٣٦ |
| لافاو | ٣٧ |
| بۆ شا ... کۆن | ٣٨ |
| بۆ لالۆی هەژار | ٣٩ |
| قوپی قەرەداغ | ٣٩ |
| سروودی ئاشتی | ٤٠ |
| سلاو | ٤١ |
| بۆ میستەر دالاس | ٤٤ |
| بانگی ڕاستی | ٤٥ |
| پەنجەمۆری ئاشتی | ٤٦ |
| گۆرانیی لالۆی جووتیار | ٤٧ |
| جەژنی نەورۆز | ٤٨ |
| سروودی کرێکاران | ٥٠ |

کچە پیروسی ٥١
ئەو گەلەی ٥٢
سلاوێك بۆ گەلی جەزائیر ٥٢
ڕەگەزپەرستیی کوێرانە ٥٣
مامۆستا ڕەشید کورد ٥٤

## یادی نیشتمان

زنجیرەی یەکەم: لەندەن، ١٩٨٣

پێشەکی ٥٧
تاوان ٥٩
بۆ مەلی ئازادی ٥٩
باش بیانناسن ٦٠
برای کرێکار ٦١
بۆ کچە لادێییەك، ژنە لادێییەك ٦١
مافی کورد ٦٢
سروودی ئازادیخوا ٦٣
بۆ مامۆستای کۆچکردووم ... گۆران ٦٥
ڕژێمی سەرمایەداری ٦٧
گۆماوی خوێن... دوای ١٤ی ڕەمەزان ٦٩
یادی نیشتمان ٧١
ڕێگەی تێکۆشان ٧١
خەو ٧٢
نۆکەری ٧٢
شەڕی براکوژی ٧٣
ڕێگەی تێکۆشان ٧٤
بۆ جیڤارا ٧٤
مۆری ناپاکی ٧٧
بە یادی کۆن ٧٧
چەرخی زەمانە ٧٨
گوێم بۆ شل کە ٧٩

| | |
|---|---|
| بۆ مامەیارە | ٨١ |
| لەناو پاسێکدا | ٨٢ |
| بۆ کاکی بچووك | ٨٣ |
| خوێنمژ | ٨٤ |
| کۆچی دوایی ... یادێکی زۆر کۆن | ٨٥ |
| بۆ کچ و دایکێك | ٨٦ |
| جەژنی نەورۆزی میری | ٨٦ |
| شەوێك بە دڵتەنگی | ٨٧ |
| بە یادی کۆن | ٨٨ |
| بۆ مێژوو | ٨٨ |
| وەڵام بۆ هاوڕێیەك | ٩٠ |
| شەوێك لە گوێ ڕووباری دجلە | ٩٠ |
| دەمەتەقێیەك لەگەڵ مامۆستا "عەلائەدین سجادی"دا | ٩١ |
| بەستەیەك بۆ نیشتمانەکەم | ٩٣ |
| بۆرجوازیو سەرمایەدار | ٩٥ |
| ڕێگای تێکۆشانی کورد | ٩٦ |
| تاوان | ٩٧ |
| تەمەنی دوای چل ساڵە | ٩٧ |
| کوردایەتی | ٩٨ |
| بۆ پیرەمێردو گۆران | ٩٩ |
| ڕۆژی ئاشتی | ٩٩ |
| بۆ جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ | ١٠١ |
| کۆنەپەرستی دەغەزار | ١٠٢ |
| لە کۆنەوە تا ئێستە | ١٠٣ |
| یادی پیرەمێردی نەمر | ١٠٥ |
| سەرچاوەی زەڵم | ١٠٨ |
| لیّ خوڕە ...تەختو نەرمانە | ١١١ |
| پڕوپووچی جاران | ١١٢ |
| بۆ یادی بێکەس | ١١٣ |

بۆ وەچەی ڕەش‌وڕووتی نوێ ١١٦
بۆ یەکێتیی ئەدیبان ١١٩

## هەڵبژاردە

زنجیرەی دووەم: لەندەن، ١٩٨٣

پێشەکی ١٢٧
دۆست‌و دوژمن ١٢٩
بۆ شێخ جاش ١٢٩
سروودی پێشمەرگەیەك ١٣٠
وەڵامی بێگانەیەك ١٣٢
دیمەنی گوندێکی نزیکی گەلاڵە ١٣٤
بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە بەغداد دژی شۆڕشی کورد گیرا ١٣٦
یادی کۆماری مەهاباد ١٣٧
گردی خازێ ١٤١
بۆ زۆڵە کورد ١٤٤
یەکەم هەڵبەست ١٤٤
جاڕ ١٤٤
شاری بوخارست ١٤٦
بۆ ئەوانەی کە نابن بە هیچ ١٤٨
بۆ ئاوارەکان ١٤٩
دوای لافاوی نوح ١٥١
شیرین‌و فەرهاد ١٥٤
دیمەنی ئۆردووگای ئاوارەکانی نزیك سەماوە ١٥٨
بۆ شاری ئەسینا ١٦٠
لە دێیەکی نزیکی خانەقین ١٦٢
دیمەنی مەزاتخانەی بیروباوەڕ ١٦٤
لە بووزاوە بۆ زەردەشت ١٦٦
خەیاڵ پڵاو ١٦٩
ناوچەی سیوەیل لە شارباژێڕ ١٧١
ڕاکردنی شای ئێران ١٧٢

| | |
|---|---|
| جلخواری جاران‌و جاشی ئێستە | ١٧٤ |
| شەڕی براکوژی | ١٧٥ |
| هەرچی ڕیشی سوور بوو هەمزاغا نییە | ١٧٥ |
| ئەتپەرستم | ١٧٦ |
| نوێژێك بۆ پێشمەرگە | ١٧٧ |
| بەرەو وڵاتی بتپەرستی | ١٧٩ |
| من‌و مامەیارە | ١٨٤ |
| من‌و (شەم) | ١٨٦ |
| دیاریی پێشکەش | ١٨٧ |
| لە بارێکدا | ١٨٩ |
| هەلوور بلووری منداڵ بۆ گەورە | ١٩١ |
| شاری هەڵمەت‌و قوربانی | ١٩١ |
| جاش‌و سیخوڕ | ١٩٣ |
| بۆبی ساند | ١٩٤ |
| مەتەڵی ئاشکرا، بە یادی مەتەڵەکانی نەجمەدین مەلا | ١٩٩ |
| سەربەرزی | ٢٠٠ |
| گۆرانیی پێشمەرگەیەکی جووتیار | ٢٠١ |
| دووبارە بۆ شاری هەڵمەت‌و قوربانی | ٢٠٢ |
| بۆ یادی ٩٢ ساڵەی زانای بەرزی کورد (مامۆستا تۆفیق وەهبی) | ٢٠٥ |
| بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢ لە ئینگلتەرا | ٢٠٨ |
| بلێسەی گڕی نەورۆز | ٢١١ |
| دەردو دەرمان | ٢١٢ |
| هەزارمێرد... پیرەمەگروون... گڵە زەرد | ٢١٤ |
| بۆ (شەم)ی خۆشەویستم | ٢١٦ |
| ئاوارەی دوور لە وڵات | ٢١٧ |
| بۆ ئەو بەیانەی کە لەلایەن هێزە نیشتمانیەکانەوە دەرچوو | ٢١٧ |

## کاروانی شۆڕش

زنجیرەی سێهەم: لەندەن، ١٩٨٤

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٢٢٣ |

| | |
|---|---|
| نەورۆزی ئەمساڵمان | ٢٢٥ |
| دوای بەیانی ١١ی پڕ ئێش و ئازار | ٢٢٨ |
| وەرامی نامەیەك | ٢٣٠ |
| بۆ خوشکە لەیلاو هەڤاڵەکانی | ٢٣٢ |
| بانێکەو دوو هەوایە | ٢٣٤ |
| دەرسی مامۆستای کۆن | ٢٣٥ |
| لە خەستەخانەی کەوەرتێ | ٢٣٧ |
| سلاو بۆ پێشمەرگەکان | ٢٣٨ |
| شۆڕشی کورد | ٢٤١ |
| بۆ: ع . ش | ٢٤٢ |
| ئاوارەکانی سەر سنوور | ٢٤٣ |
| پرسیار | ٢٤٤ |
| بۆ... شاعیری هۆنراوەفرۆش | ٢٤٦ |
| ئاواتێك و فۆمێسکێك | ٢٤٩ |
| وەسیەتی باوە زەردەشت | ٢٤٩ |
| فیلمی ژیان و یادی نیشتمان | ٢٥١ |
| دەرسی مامۆستای فاشیستی | ٢٥٢ |
| هەناران و مەناران | ٢٥٤ |
| مافی چارەنووسی کورد | ٢٥٦ |
| گێژاو | ٢٥٩ |
| هەڵەبەستی قاچاخ | ٢٦٠ |
| ڕازی دەروون | ٢٦١ |
| بووکی ناکام | ٢٦٥ |
| سروشتی مرۆڤی ناپیاو | ٢٦٩ |
| عەبە شەکەنەو مەلا فایەق و ئەحەی سەرایلی | ٢٧٠ |
| خۆت ماندوو مەکە ناتوانی بمکڕی | ٢٧١ |
| بۆ بووك و زاوایەکی تێکۆشەر | ٢٧٥ |
| وەرامی دکتۆر (م) | ٢٧٧ |
| مەتەڵی کفر ئەحمەد | ٢٧٨ |

| | |
|---|---|
| شەڕی فۆلکلاند | ٢٧٩ |
| کاروانی وشکەڕۆیی و کۆنەپەرستی | ٢٨١ |
| سەرمایەداری | ٢٨٢ |
| وا دیارە پیاچوونەوەیە | ٢٨٤ |
| ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە | ٢٨٦ |
| دەمی گورگ بەستن درۆیە | ٢٨٧ |
| بۆ گیانی پاکی حاجی قادری کۆیی | ٢٨٨ |
| لاوکی سوور | ٢٩٠ |
| وڕێنەی خەو | ٢٩٢ |
| تلیاك | ٢٩٢ |
| پشت بەستن بە بێگانە نەخۆشییە | ٢٩٣ |
| گاریبالْدی | ٢٩٤ |
| دنیای سەربەست (العالم الحر) | ٢٩٨ |
| بێفەر | ٣٠١ |
| بۆ ئەوانەی ولاّتی خۆیان بیردەچێتەوە | ٣٠١ |
| زمانلووسی | ٣٠٢ |

## پاش نسکۆ

### زنجیرەی چوارەم: لەندەن، ١٩٨٣

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣٠٧ |
| شایی و شیربایی | ٣٠٥ |
| بلبلێك | ٣٠٨ |
| بیرەوەرییەکی تاڵ | ٣١١ |
| یادی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٣١٦ |
| سەنگەری بەجێماو | ٣١٧ |
| بۆ گوڵی ژاکاو | ٣١٨ |
| لە باڕێکدا | ٣٢١ |
| شایی هەسەنە گورگە | ٣٢١ |
| دیموکراتی | ٣٢٣ |
| کۆنەپەرست | ٣٢٥ |

| | |
|---|---|
| لۆركا، ناظم حیكەت، پابلۆ نیرۆدا | ٣٢٦ |
| تاوانو تاوانبار | ٣٢٩ |
| بۆ ئەو جاشەی ڕۆلێتی ئەكرد | ٣٣٢ |
| یادی حاجی مصطفەفا پاشای یامولكی | ٣٣٣ |
| یادی خاكی میدیا | ٣٣٤ |
| بۆ خۆشەویستەكەم | ٣٣٥ |
| پێشكەشە بە پێشمەرگە دلێرەكان | ٣٣٧ |
| پێنووس (قەڵەم) | ٣٣٩ |
| نیشتمانە خۆشەویستەكەم | ٣٤٠ |
| بە یادی شیعرێكی كۆن | ٣٤١ |
| نەورۆزی دەرەوەی وڵات | ٣٤٢ |
| جار بەدوای جارا | ٣٤٣ |
| مەلای خەتێ | ٣٤٥ |
| بەری داری بێگانە | ٣٤٧ |
| هەوری بێباران | ٣٤٨ |
| ئاش | ٣٥٠ |
| دانوولەو سەمەنیی كۆن | ٣٥٢ |
| لاپەڕەیەكی ڕەش | ٣٥٥ |
| نرخی بووكی ئازادی | ٣٥٧ |
| كۆتایی پەیووی شووم | ٣٥٩ |
| ئومێدی سەركەوتن | ٣٦٠ |
| شەڕو بۆمبای ئەتۆم | ٣٦٣ |
| كوردی ئاوارە لە ڕۆژئاوادا | ٣٦٥ |
| كۆمەڵێك پرسیار | ٣٦٨ |
| بیرەوەریو یادێك | ٣٧١ |
| دیموكراتی | ٣٧٢ |
| شەنگەبێرە | ٣٧٤ |
| بۆ كۆچی دوایی مامۆستا تۆفیق وەهبی | ٣٧٦ |
| شیرینی منو شیرینی فەرهاد | ٣٧٨ |

| | |
|---|---|
| قەتارو ئەڵلاوەیسیو خاوکەر | ٣٧٩ |
| سۆزێکی دەروونو یادی نیشتمان | ٣٨٠ |
| سەرمایەداری | ٣٨١ |
| گشتی لە تۆوێك كاڵەك | ٣٨٢ |
| بۆ وشکە صۆفیی بیروباوەڕ | ٣٨٣ |
| خەلیفەی بەنەخوێنفرۆش | ٣٨٤ |
| برایەتیی ڕاستی | ٣٨٦ |
| کۆڕنەر سپیکینگ | ٣٨٩ |
| دوودڵیو ڕاڕایی | ٣٩٠ |
| وڵاتی کوردستان | ٣٩٠ |


## وڕێنەو تاسەی نیشتمان

زنجیرەی پێنجەم: لەندەن، ١٩٨٧


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣٩٥ |
| وڕێنە | ٣٩٦ |
| ئاوارە | ٤٠٠ |
| ژیانو مەرگ | ٤٠١ |
| لە باڕێکدا | ٤٠٢ |
| بۆ کۆچی دوایی جگەرخوێن | ٤٠٣ |
| وڕێنەو یادێکی کۆن | ٤٠٤ |
| شەڕی چینایەتی | ٤٠٤ |
| شەهید | ٤٠٦ |
| چوارخشتەکی | ٤٠٦ |
| سەر مێژەکەم | ٤٠٧ |
| بۆ کۆچی دوایی "هێمن" | ٤٠٩ |
| شێرپەنجەی سەرمایەداری | ٤١٦ |
| یادی شێخ مەحموودی قارەمان | ٤١٨ |
| دوو هەستی جیاواز | ٤٢٢ |
| داشە هارە | ٤٢٣ |
| لە ڕێڕەوی خەباتا | ٤٢٣ |

بۆ وەچەی نوێ ٤٢٤
هاتیتەوە سەر بای بەڕە ٤٢٥
بۆ خوای جوانی ٤٢٦
مام خەڕەك ٤٢٧
مێژووی کۆن ٤٢٨
شەڕی فیتی پیرە شەیتان ٤٣٠
مامۆستا ٤٣١
سەرمایەداری ٤٣٢
ڕەخنە ٤٣٣
لە "وۆتەر گەیت"ـەوە بۆ "ئێران گەیت" ٤٣٥
شەراب ٤٤٠
چلەی کاك ئیدریس بارزانی ٤٤١
ڕێژگاوی ٤٥٠
نەورۆزو گلەیی ٤٥١
کەی نەورۆزی ڕاستییە ٤٥٦
وەرامی کوردێکی یاخی ٤٦٤
گوڵاڵە سوورە ٤٦٦
دەنگی کوردێك ٤٦٧
جاش ٤٦٨
وەرامێك بە هۆنراوە ٤٦٩
بۆ "شەم"ی خۆشەویست ٤٧٠
کفر نابێ ٤٧٢

## لە هیرۆشیمای هەڵەبجەوە بۆ ئەنفالی گەرمیان
## لە کۆچڕەوی بادینانەوە بۆ باکووری کوردستان

زنجیرەی شەشەم: ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٢

پێشەکی ٤٧٧
پەساپۆرتی بەزەیی ٤٧٩
بۆ وشکە سۆفیەکان ٤٨٠

| | |
|---|---|
| بۆ مام دەروێشی تەشی ڕێس | ٤٨١ |
| پشت بەستن بە بێگانە | ٤٨٢ |
| دەردی نەخۆشیی منمنەو خۆخۆیی | ٤٨٢ |
| کارەساتی هەڵەبجە (هێرۆشیمای کوردستان) | ٤٨٣ |
| ڕژێمی ڕەگەزپەرست | ٤٨٩ |
| بۆ ڕۆژنامەی "پراڤدا"ی ڕووسی | ٤٩٢ |
| تاوانێکی مێژوویی | ٤٩٣ |
| سەرئەنجامی ورچی پشت کێوی قاف | ٤٩٧ |
| چەرخ‌و فەلەکی کاوبۆی | ٤٩٨ |
| داربەڕووی مێژووناس | ٤٩٩ |
| نورۆزی ساڵی ١٩٨٩ | ٥٠١ |
| کوردو زمان پێسی‌و جنێودان | ٥٠٤ |
| سەرئەنجامی ورچی پشت کێوی قاف: دووبارە کاوبۆی | ٥٠٤ |
| دیمەنی بادینان لە کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ | ٥٠٥ |
| ئاگرو سەهۆڵبەندان | ٥٠٨ |
| کوردو نەوتی باباگوڕگوڕ | ٥٠٩ |
| دروشمی ساختەی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ | ٥١٠ |
| یادی حاجی قادری کۆیی (شاعیری مەزنی کورد) | ٥١١ |
| حیزبایەتی‌و کوردایەتی یا دەروێشی‌و شێخایەتی | ٥١٥ |
| فیدڕاڵی | ٥١٦ |
| سروودێك لە میهرەجانی شێخ مەحموودی مەزندا لە سلێمانی | ٥١٧ |
| کیش‌و تەرازووی نوێی نێودەوڵەتان | ٥١٨ |
| دووبارە یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان | ٥١٩ |
| لە یادی ٢٣ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا "گۆران" | ٥٢٢ |
| مووشێنی سیاسی لای هەندێ لە سیاسەتمەداران | ٥٢٥ |
| دەسنیشانکردنی دۆست‌و دوژمن | ٥٢٦ |
| تەنگە چیکڵدانە | ٥٢٧ |
| دووبارە دەردی منمنەو خۆخۆیی | ٥٢٨ |
| هۆرەی دەروێشە پرچنەکان | ٥٢٩ |

بۆ کاکەی شوانی ڕەنجەڕۆ ٥٣٠
پیری‌و بیرەوەری ٥٣١
وەرامی نامەی برادەرێکی بەڕێز دوکتۆر ئیحسان فوئاد ٥٣٣
ڕەوڕەوەی مێژوو ٥٣٤
هەلپەرست ٥٣٦
باکووری کوردستان‌و مێژووی هەشتا ساڵ لەمەوبەر ٥٣٦

## پاشکۆ

(١)

### ئاوارەو شیعر


بنکەی چاپەمەنیی ڕۆژ- سوید، ١٩٩٦

پێشەکی‌و ڕوونکردنەوەیەك ٥٤٣
سەرەتا ٥٤٤
چەند ئەڵقەیەك لە زنجیرەی مێژووی ئاوارەبوونی کورد ٥٤٦
ئاوارەبوون‌و جۆری ئاوارەبوون ٥٥٦
نالی ٥٦٨
سالم ٥٨٠
حاجی قادری کۆیی ٥٨٩
عارف صائیب ٥٩٧
ناطق ٥٩٩ ٥٩٩
عەلی بەگی سالار سەعید ٦٠٣ ٦٠٣
پیرەمێرد ٦٠٥

(٢)

### شیعری بڵاونەکراوە

بۆ ئەو شیرینەی مامۆستای کۆچکردوومان کردبووی بە دروشمی کوردستان
(مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) ٦١١



وێنەی خۆم نییە ڕوتووش کراوە
بـــڕوانە ڕەنــگم زەردەو ژاکـــاوە
لە داخی دووڕوو و درۆزن و بێبار
خۆشـــــیی ژیانم بۆتە ژەهری مار

## سەرەتا

ئەی خوێندەواری بەڕێز:

زۆر دەمێك بوو بەتەما بووم هەڵبەستەكانم كۆ بكەمەوەو پێشكەشی خوێندەوارە بەڕێزەكانی بكەم. بەڵام تائێستا گەلێ كۆسپ و بەرهەڵستی هاتۆتەڕێگەم, جگە لەوەش لە دەوری پاشایەتیی بۆگەنا ماوەی بڵاوكردنەوەی هەندێ لە هەڵبەستەكانم نەبوو, منیش نەمویست هیچیان لادەم, لە ساڵی ١٩٥٦دا بە وەزیفە تەحویل بووم بۆ ناوچەی بادینان –دهۆك– لەوێ ماوەیەك مامەوە. بەڕاستی جوانی ئەو ناوچەیە, چاوئەندازە دڵفڕینەكانی, كاژە سەوزەكانی چیاو دۆڵەڕەنگینەكانی, ئاوازی گۆرانی و بەستە خۆشەكانی دووبارە خستمیانەوە سەر سەودای هەڵبەست و كۆكردنەوەی هەڵبەستە كۆنەكان, لەوێ بەناوی (یادی بادینان)ەوە كۆم كردەوەو ئامادەم كرد بۆ چاپ. لەپاش شۆڕشە پیرۆزەكەی ١٤ی گەلاوێژیش ئەو هەڵبەستە تازانەم چی هەبوو، هەموویم یەك خست و دام بە چاپخانەی ژین بۆ چاپ.

یادی بادینان ... بریتییە لە چەند هەڵبەستێك، یاخود هەرچییەكی تری پێ بوترێڕازیم. ئەم هەڵبەستانە بریتین لە دەربڕینی هەست و بیروباوەڕی خۆم بەرامبەر بە جوانیی ئەم نیشتیمانە, بەرامبەر بە ژیانی كۆمەڵایەتیمان, وەكوو چۆن لەكاتی پاشایەتیی بۆگەنا كۆڵم نەداو بەبێ سڵەمینەوە زۆریم لەڕۆژنامەو گۆڤارەكانا بڵاو كردەوە، ئێستەش لەمەودوا بڕیارم داوە كە هەر كۆڵ نەدەم و نەبەزم, نەبەزم هیچ شتێك كارم لێ نەكاو ساردم نەكاتەوە. بوون و نەبوون, دەردیسەری و كوێرەوەری و لێقەومان, ئەمانە هەمووی ئەخەمە ژێر پێم, ئەم پێویستییەی كە لەسەرمە بەرامبەر ئەم گەلەو ئەم نیشتیمانە، ئەوی لە توانامابێ بەجێی ئەهێنم.

ئەم هەڵبەستانەم پێشكەشی گیانی پاكی نەمری ئەو لاو و نیشتیمانپەروەرانە بێ كە بەبێ ترس و لەرزین سەركەوتنە سەر سێدارە و پڕ بەدەم بانگی سەربەستی و سەركەوتنی گەل و نیشتیمانیان ئەكرد. پێشكەشی ئەو لاوە خەباتكەرانە بێ كە لە شەقام و كۆڵانەكانا بە گوللەی دەستی زۆردار پێكران و خوێناویان لەگەڵ جواناویانا تێكەڵ بوو. پێشكەشی ئەو دایك و باوك و خوشك و برایانە بێ كە خۆشەویستەكانیان لەپێناوی سەربەستی و كامەرانیی گەل و نیشتیماندا بەخت كرد. پێشكەشی ئەو نووسەر و ئەدیب و شاعیرانە بێ كە هەمیشە قەڵەمی مەردانەیان كۆڵ نادا بۆ خزمەتكردنی گەل و نیشتیمان, نەك لەپێناوی خۆدەرخستن وڕواڵەت و بەم و بەودا هەڵدان.

**سلێمانی/ م. ڕەسووڵ**

**"هاوار"**

بنكەی ژین www.zheen.org

## چەند وشەیەك

خوێندەوارانی بەڕێز:

شیعرو هەڵبەست کە بریتییە لە وتەی بەکێش و پڕمانا و (قافیە– سەروا)دار, یەکێکە لەو هونەرە جوانانە کە بۆ نەتەوەی دواڕۆژ لەپاش هەزاران ساڵ وەك شریتێکی سینەما لە دڵی مرۆڤانی زانادا هەموو کاتێ خۆی ئەنوێنێ, وە یان گوڵێکە لە باخی دڵخوازی و بیرەوەریدا بڕای بڕ سیس نابێ وە هەمیشە تەڕ و تازەو زەنوێرە.

شیعرو هەڵبەست هەموو کەندو کۆسپ و بەسەرهات و بەرزو نزمیی گەلی تیا دیارە. شیعرو هەڵبەست وەك دەستەچیلە لە شەوی تاریکی ئەموستەچاوداڕێگا بۆ گەلڕووناك ئەکاتەوە. وێژەو دەستوورو یاساو نەریتی باوك و باپیران ئەخاتە پێش چاو, وە یان دیوارێکی پۆڵایە بۆ پاراستنی سنووری وێژە لە زمانی بێگانان. پاك لە پیس وە موو لە ماست جیا ئەکاتەوە.

ئەگەر سەرنجێك لە هەندێ فەرهەنگی فارسی بدەن، ئەبینن بۆ هەر وشەیەك شیعری شاعیرێکیان بە بەڵگە هێناوەتەوە, تەنانەت (موعەللیم ناجی کە مامۆستایەکی بەرزی تورك بوو) لە فەرهەنگە نایابەکەیدا بۆ وشەی (ناگەهان) شیعرێکی (شێخڕەزای تاڵەبانی)ی بە بەڵگە هێناوەتەوە، کە ئەڵێ: ((ڕەزا قەزای ناگەهانییە)). ئەمجا لە خویندنەوەی ئەم دیوانە شیعرەی (مامۆستا محەمودڕەسوڵ) دا بۆم دەرکەوت ئەوانەی کە بۆم باس کردن لە هیچیان دوا نەکەوتووە. چۆنیەتی ژیانی ئەمڕۆ و لەمەوبەرمانی بە هەڵبەستی شیرین خستۆتە بەرچاو.

هەڵبەستەکانی هەمیشە هانمان ئەدا کە تێکۆشین و بەرەو پێشکەوتن هەنگاو بنێین, هێجگار ئەو هەڵبەستەی کە لەژێر ناونیشانی (نووزەی دایکێك لە جەژنا) لە هەمووی جوانترە، کە سکاڵای برسیەتی وڕەش‌وڕووتی و زۆرلێکراویی پیشان ئەدا.

ئیتر بەم هۆیەوە هیوادارم مامۆستای ناوبراو لەمەولایش بۆ هەموو جۆرە دەردێکی کۆمەڵایەتیمان بە هەڵبەستی جوان تێکۆشێ.

**مامۆستا نەجمەدین مەلا**

**١٩٥٩/٧/٥م/ سلێمانی**

## نووزەی دایکێك لە جەژنا

سلێمانی
ساڵی ١٩٥٢

چە جەژنێکە خوا سا من بە چی خۆش کەم دڵەی ماتم
چە جەژنێکە، چە عومرێکە، کەوا من بێکەس و لاتم
ڕووناکایی لە ئاسمانا گومان نابەم بە هیچ ڕەنگێ
سەراپا پەست و تاریکە، نییە شەوقێ، نییە دەنگێ
سێ چوار کۆرپەی ڕەش‌وڕووتم هەیە لەم ژینە تاریکە
هەموویان کێش ئەکەم لەم ڕێگە دوورو سەخت و باریکە
بەرەو دواڕۆژێکی پەست و بەرەو ژێنێکی پڕ مەینەت
بەشم زووخاو و ناسۆرەو هەناسەو ئاهی پڕ حەسرەت
لە ژوورێکدام، چە ژوورێکە ئەڵێی پشتیری حەیوانە
لەبەر پەستی و تاریکی ئەڵێی سووچێکی زیندانە
هەموو بێ نوێن و بێ باڵین لەسەر ئەو خۆڵە گەوزاوین
وەکووو مردوویی سەرقەبران بە حاڵێ نووزە تیا ماوین
بە چی ڕازی بکەم گریەی مناڵێکی گرۆز و ســـیس
بە چی بێ‌دەنگ ئەبێ کۆرپەی لەخۆڵ گەوزاوی چرچ‌و پیس
بە چی تێریان بکەم شەو تا بەیانی شین و گریانە
هەنسك و ئاهی سەردەو باوکەڕۆیەو دایە گیان نانە
لەجیاتی کاسەیی جەژن و لەجیاتی جەژن و جەژنانە
هەموو برسی و ڕەش‌وڕووتین لەناو ئەم کوێرە وێرانە
مەگەر ئەم دام‌ودەزگایە بڕووخێ و سەربەرەوخوار بێ
نیزامێك بێتە پێش ڕاست بێ، لە زددی پیاوی زۆردار بێ
مەگەر ئەوسا هەزاری وەك منی بێچارەوو بێ دەست
نەجاتی بێ لە برسێتی و ڕەش‌وڕووتی و لە ژینی پەست

*

دەنگی ئاشتیخوازە بەرزە زوڵاڵە
پڕ لە خۆشییە وێنەی شمشاڵە
بەڵام شەڕفرۆش دەنگی ناخۆشە
پەستە قڕەی دێ وەك قەل و داڵە

*

## خۆشەویستەکەم

سلێمانی، ١٩٥٣

خۆشەویستەکەم ئارامی گیانم    ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانم
ئێستە لە دووریت دڵ پەرێشانە    وەك باغچەیەکی چۆڵ و وێرانە
لە جێی ڕیحانەو لە جێی غونچەو گوڵ    سەراسەر بۆتە پەیکوڵ و چقڵ
بولبلی خۆشخوان بەجێی هێشتووە    کوندەپەپووی شووم تیا جێگیر بووە
ئێستە لەجیاتی نەغمەو دەنگی خۆش    لەجێی ئاوازی دڵگیرو بەجۆش
نووزە لەناویا دەنگ ئەداتەوە    زووخاو و خوێناو پەنگ ئەخواتەوە
لەجێی شەماڵ و شنەی بای ڕەوان    بۆتە گوزەرگای کزەی بای خەزان
ئەو دڵە خۆشەو بەزەوقەی پێشوو    کە دایم شێوەی تۆی تیا جێگیر بوو
ئێستە لەوساوە کە تۆی لێ دوورە    ڕۆژی ڕووناکی لەلا دەیجوورە
هامرازی گیانی خەفەت و غەمە    هەتاسەر حاڵی وابێ ستەمە
مەگەر سەرلەنوێ تۆ خۆت بێی بەدڵ    بە دڵسۆزانەو ئارەزووی بەکوڵ
ماوەیەکی زۆر ئاگاداری بی    چاودێریی بکەی، زۆر غەمخواری بی
بە ئاودانی زۆر بە بژارکردن    بە پاککردنەوەو دڕك لابردن
ئەوسا پاش بەینێك ببووژێتەوە    تۆزێك وەك جاران هۆشی بێتەوە

ئەم نیشتیمانە کە کوردستانە    هی هەندێك نییە هی هەموانە
تۆ گەر لات وابێ هەر هی خۆتانە    با ڕاست پێت بڵێم زۆر هەڵەی گیانە
تۆ تەنها دەمت لێ خستۆتە کار    من سەرو ماڵم بۆی بەقوربانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دیمەنی سەرچنار

سلێمانی، ١٩٤٤

چەن دڵگیری ئەی سەرچنار    ئەی مەڵبەندی دەستەی دڵدار
ئاوەکەت تا بڵێی جوانە    ساردەو بێگەردو ڕەوانە
دیمەنت وەکووو لوبنانە
تیشکی جوانی خۆرەتاوت    شنەی شوڕەبیی گۆی ئاوت
دەرمانی دەردەدارانە    چارەسەری دەردی گرانە
دیمەنت وەکوو لوبنانە
چەچەی بلبلی ناودارت    سروەی ناو مەلی گوڵزارت

وەك نەغمەی عوودو کەمانە    تێکەڵ بەستەی مەیخورانە
دیمەنت وەکوو لوبنانە
شنەی شەوی مانگەشەوت    تریفەی ئاوی سەر چەوت
ئیلهامی گشت شاعیرانە    وەحیی گشت هونەرمەندانە
دیمەنت وەکوو لوبنانە
دڵ بۆ دیمەنت بەجۆشە    بەبێ مەی بۆ تۆ سەرخۆشە
مەستی چاوئەندازەی جوانە    تێر نابێ لێت پەرێشانە
دیمەنت وەکوو لوبنانە

## لە دووریت

سلێمانی، ١٩٤٤

خۆشەویستەکەم گیانی شیرینم    لەدووریت ئێجگار پەست و غەمگینم
بێ تیشکی چاو و بزەی سەر لێوت    بێ نیگای جوانی دڵدار ئەنگێوت
خۆشیی ژیانم لا ژەهری مارە    ڕۆژی ڕووناکم لا شەوی تارە
بێ تۆ، شپرزەو مات و دڵتەنگم    بێهۆش و گۆش و پەست و بێڕەنگم
هەرچەن ئەزانم ناحەزم زۆرە    زۆریان پێ خۆشە کە من بەم جۆرە
کفت و کەساس و هیلانەواز بم    سەرلێشێواو و کزو بێناز بم
بەڵام هەرچەندە تەقەلا ئەدەم    ئەمەوێ ناحەز بە خۆم خۆش نەکەم
دەسەڵات نییە بێپەروا جار جار    فرمێسك لە دیدەم هۆن هۆن دێتە خوار
توخوا پێم بڵێ دۆستەکەی گیانی    کەی ڕزگار ئەبم لە سەرگەردانی
هەتا کەی ناحەز بە من خۆش ئەکەی    هەتا کەی دڵم فەرامۆش ئەکەی
تاکەی ناسۆری دووریت بچێژم    تاکەی فرمێسکی خوێنین بڕێژم
بەسیەتی، ئیتر دوایی پێ بێنە    نەختێ دڵنەرمیم لەگەڵ بنوێنە
هیچ نەبێ گیانە جارێك بە سەردان    سەرێکمان لێ بدە هەروەکوو میوان
هەر بە دیدەنیت ئەبووژێمەوە    دەردو مەینەتم بیر ئەچێتەوە
بەڵام گەر نەیەی ئای پەرێشانم    ئای هەشبەسەر و ماڵی وێرانم

بنکەی ژین
zheen.org

## بــۆ

سلێمانی، ١٩٤٣

گیانە لەوساوە دوور کەوتوویتەوە — ڕەنگە وابزانی لەبیر چوویتەوە
ئاگات لێم نییە بینای چاوانم — بۆ دیدەنیی تۆ چەن پەرێشانم
نالەی دەروونی پڕ لە ئازارم — ئێش و ناسۆری دڵەی زامارم
هەناسەی گەرمم، قوڵپی گریانم — لێزمەی فرمێسکی هەروەك بارانم
بێهێزیان کردووم زەیفیان لێ سەندووم — زۆر پەرێشانم هەروەکوو مردووم
زوو فریام کەوە گورجێ چارم کە — لە دەردی دووریت زوو ڕزگارم کە
گەر چارم نەکەی زۆر بە خێرایی — مانای ئەمکوژی بە ناڕەوایی
وەختێك ئەبیستی بینایی چاوان — لە دووریت ئەمرم زۆر بەبێ تاوان
تۆش وەختێ پیر بووی، کز بوو چاوانت — چرچ و لۆچ کەوتە سەر ناوچەوانت
زوڵفی زێڕینت سپی هەڵگەڕا — تەواو پەکت کەوت جوانیت لێ بڕا
باڵات چەمیەوە کەوتیتە لەرزین — گەیشتیتە نزیك دوا قۆناغی ژین
ئەوسایە یادم ئەکەی پڕ بەدڵ — یادی کەساسیم ئەبەیتە ناو گڵ
بەڵام لەپاش چی، لەپاش ڕابوردوو — هیچ دادت نادا خەفەت بۆ مردوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پەری شێوە

سلێمانی، ١٩٤٦

پەری شێوەی گوڵ ڕوخسار — شیرین ڕەوتی نێو نزار
بەسیە دڵڕەقی و جەفا — تاکەی بچێژم سزا
دڵم بەدووتا وێڵە — بێ تۆ بیناییم لێڵە
ژینم لا ژەهری مارە — پڕ باغی ژینم خارە
ئارامم لێ بڕاوە — خەوم لێ هەڵگیراوە
بێ تۆ دنیام لا تەنگە — دڵم بە تۆوە بەنگە
تۆی ئامانجی، تۆی هیوای — تۆی ئاینی، تۆی بڕوای
ئەوەی ڕەنجەڕۆی ئەکەی — بۆچی دەسخەڕۆی ئەکەی
ئایا گیانی شیرینم — گوڵی ناو باغی ژینم
نازانی دنیای بێفەر — بۆ کەس نامینێ تاسەر
سەیرکە کام گوڵ جوان بێ — دڵ ڕوونکەری ئینسان بێ

کام دار زۆر شۆخ و بەرز بێ    پۆپەی سەد هەزار تەرز بێ
کام مەل دەنگی زۆر خۆش بێ    ئاوازی پڕ لە جۆش بێ
دواییەکەی هەر مردنە    سەر بۆ گۆڕ کەچکردنە
دنیایەك بەم جۆرە بێ    مردنی بە نۆرە بێ
بۆ دڵ ئازاری تۆ بم    بۆچی غەمباری تۆ بم

## چاوەڕوانی

سلێمانی، ١٩٤٦

چاوەکەم من چاوەکانم چاوەڕوانی تۆ ئەکا
مەیلی شێوەی بەژن و باڵای‌ڕێك و جوانی تۆ ئەکا
نازو لەنجەی عیشوەدارت وا لەدیدەم کاریە
هێندە پەرۆشی دیدەنیتە خۆی قوربانی تۆ ئەکا
دڵ وەکوو بلبل پەرۆشی غونچەکەی لێوانتە
وابە کوڵ ئەخوێنێ شێتی سروەیپرێوانتە
هەروەکوو دێوانە ئاسا دەشت و چۆڵ ئەگرێتە بەر
وەك موریدی حەزرەتی شێخ هەردەسەودامانتە
هۆش و گوشم لێ بڕاوە جەرگ و دڵ سوتاوە بۆت
بۆت پەرۆشم بۆت بەجۆشم سینە هەڵقرچاوە بۆت
ئاهو ناڵەی ناو دەروونم هەروەکوو کوورەی بەجۆش
گڕ ئەسێنێ وا بڵێسەی بەرزە پرزوخاوە بۆت
من لەتۆ دووربم ئەبێ خۆشیم لەکوێ بێ چاوەکەم
خۆت ئەزانی چۆنە حاڵی جەرگە هەڵقرچاوەکەم
دڵ لەدووریت پەست و ماتە کەیلی زوخاوو غەمە
هێند کەساسم هەر لە تەیری باڵ شکاوی داو ئەکەم
کفرە لات, وا جارێك نایەی چاری ئەم بێچارە کەی
پەشمە لات تیماری زامی سەختی ئەم زامارە کەی
یا قەرارێکە و هەتا سەر هەر ئەبێ وا بمکوژی
بۆیە وا سووری کە من ئاوارە و پەتیارە کەی

## سوێندی دڵداری

سلێمانی، ١٩٤٦

گیانە سوێند ئەخۆم بە یەزدانی تاك ... بە عەشقی ڕاستی دڵدارانی پاك
بە گڕەی سینەی دەروون سووتاوان ... بە قرچەی زامی دڵ پڕووزاوان
بە جوانی ڤینۆس بەعەشقی فەرهاد ... بە دێوانەیی مەجنوونی ناشاد
سوێندت بۆ ئەخۆم بەدڵ و بەگیان ... هەتا من مابم لەسەر ڕووی جیهان
یا هەتا دڵم لەلێدانا بێ ... تا دوا هەناسەم لەژینا مابێ
لەتۆ بەولاوە دڵ نەدەم بەكەس ... هەر تۆ یارمی، تەنها هەر تۆو بەس
گەر بێ وەفاییم لەگەڵ نوانی ... یا ئەو شەرتانەم لەگەڵ شكانی
وەك تاوان بارێك چیم پێڕەوایە ... ملم بۆت كەچەو لەبەر دەستایە
گەر لەپاش هەموو ئەو پەیمانانە ... دڵت هەر بەمن ناكا متمانە
وا ئاشكرایە بەناڕەوایی ... بیانووم پێ ئەگری بیانووی خۆڕایی

## بەرامبەر شۆخێك

سلێمانی، ١٩٤٨

جووتێ چاوی شینی مەنگت هێند گەش و سیحراوییە
پڕ تەلیسمە دڵفڕێنە تا بڵێی لێم كارییە
یەك كەڕەت هۆش و خەیاڵم نوقمە تیایا ون بووە
گێژو تاساون بەجارێك پیشەیان هەر زارییە
لێوی ئاڵی بێ سووراوت هێندە پاراوو تەڕە
كوڵمی سادەی بێڕوتووشت جوان و بێدەسكارییە
گوڵ بەسەد لاف و گەزافی شەونم و بۆی خۆشەوە
خۆی بەرامبەر لێوت بگری تووشی شەرمەزارییە
گەردنی بەرزت لەگەڵ شێوەی مەمی تازە فەریك
پڕ تەلیسمە پڕ لەسیحرە پەیكەری دڵدارییە
دەنگت هەروەك مۆسیقایە هێندە خۆش و ناسكە
هەروەكوو سیمفۆنیەكانی بیتهۆڤن لێم كارییە
وام لەبەر دەمتا كەساس وەستاوم داوێن گیری تۆم
هێزی ئەژنۆم لێ براوە چارەكەم ناچارییە
ئاخری ئەو شێوەیەت ئەم خاتە سەرڕێی بتپەرست
گەرچی ئێستا بتپەرستی كفرو ناهەموارییە

بنكەی ژین www.zheen.org

## بووژانەوە

١٩٤٦

گیانە من جاران پەست و شێواو بووم
هەمیشە دەروون پڕ لە زووخاو بووم

ڕۆژی ڕووناکم لەلا تاریك بوو
ڕێگەی ژیانم سەخت و باریك بوو

بەڵام لەوساوە تۆ بووی بەهاوڕێم
گیانی شیرینم دانی پیا ئەنێم

بەجارێك شێوەی ژینم گۆڕاوە
ماتی و دڵتەنگی و پەستیم نەماوە

لەوساوە بەچاو شێوەی تۆم نەدیوە
وەك پەیکەر لەناو دڵما چەسپاوە

تەلی ناو دڵم هەروەکوو کەمان
کەوتۆتە نەغمەی دڵداری لێدان

لە چپەی خۆش و دەنگی ناسکت
لە گورجی و سرکی هەروەك ئاسکت

نۆتەی مۆسیقاو سیمفۆنی فێربووم
ئاوازو نەغمەی دڵداری فێربووم

پرشنگی چاوو بزەی لێوانت
تیشکی سەر گۆنای ڕەنگ ئەرخەوانت

زۆر نهێنییان بۆ خستوومە ڕوو
بۆم ئاشکرابوون هەروەکوو جادوو

خۆشەویستیمان گەر وا تا سەر بێ
باغی ژیامان خۆش و پڕ بەر بێ

ئەوە ئەوپەڕی کامەرانییە
ئەوپەڕی خۆشیی زیندەگانییە

www.zheen.org

**لە ئەدەبی ڕەمزی:**

## گوڵێکی بەدیل گیراو

سلێمانی، ١٩٤٧

سەیری ئەو گوڵە گەشاوە
لەو بن توتڕکەدا ڕوواوە

سەیرکە چۆن چڵی دڕکاوی
دەوری گرتووە بەتەواوی

وەکوو دیلێکی بەسەزمان
کە گیرابێت بەبێ تاوان

بەو جۆرە بەدیل گیراوە
دەوری بەدڕك تەنراوە

بەحاڵ پەڵەی هەتاوی کز
لێی ئەدا زۆر بەدزە دز

یا جار بەجار کزەی شەماڵ
بە شەڕەشەق بەزۆر و پاڵ

ئەشێلی ناو دڕك و چقڵ
تا تاوێك سەر ئەدا لە گوڵ

گوڵی هەژار بەشنەی با
ئەکەوێتە سوڕو سەما

وەکوو دیلێك کە خزمانی
هاتبنە لای بە میوانی

بەو جۆرە گەش ئەبێتەوە
هۆشی بە گیانا دێتەوە

بەڵام توتڕکی ناهەموار
وەکوو وەردیانێکی زۆردار

وەك بێ ویژدانێ، بێ دینێ
ئەوەی پێ ڕەوا نابینێ

لەپاش بەینێك دێتە وێژەی — بەر ئەبێتە هەموو جەستەی
تۆڵەی ئەو تاوە خۆشییە — ئازار دانەو بێ هۆشییە
بەر ئەبێتە هەموو گیانی — دەس ئەکا بە ئازاردانی
دڕکی تیژی لێ گیر ئەکا — بەناو گەڵاو چڵپا ئەبا
هەتا بەینێك ئەتلێتەوە — تاو تاو زامی ئەکولێتەوە
لەپاش شەماڵ مەلێکی شین — ئێسك سووکێکی باڵ نەخشین
ویستی سەرێك بدا لە گوڵ — دیدەنی بکا پڕ بەدڵ
بەو هیوایەی کە ڕێبازێ — ببینێ لێوەی دەرباز بێ
چونکە ئاگری دڵداری — جۆشی داوە بەناچاری
بەرامبەری هەڵوەستاوە — ئارامی لەبەر بڕاوە
قەڵەمی ئەژنۆی شکاوە — هێزی فڕینی نەماوە
هەتا بڵێی بەپەرۆشە — پەرێشانە بۆی بەجۆشە
بەڵام چی بکا چاری چییە — هەرچەن ئەکا ڕێگەی نییە
وا باڵی پێکا دایەوە — چوو بە دەوریا خولایەوە
تا بەتەواوی ماندوو بوو — لەش و باڵی هەموو سست بوو
بەجارێك وزەی لێ بڕا — ئیتر لەتوانایا نەما
لەپاش بەینێك هەستایەوە — باڵی بەیەکا دایەوە
بێ پەروا خۆی بەدڕکا کرد — دەنەرچوو هەرچەن ڕەنجی برد
لەوکاتەدا دڕکێکی پیس — دڕکێکی زۆر تیژو نەگریس
سەرسنگی ناسکی کون کرد — هەتا نزیك ناو دڵی برد
هەروەکوو مەجنوونی ناشاد — مرد بێ ئەوەی بگا بە مراد
لەدوای ئەو هێندەی پێ نەچوو — گوڵیش بەتەواوی سیس بوو
هەموو گەڵاو چڵی وەری — وشك بوو کەوتە سەر زەوی
لەپاش بەینێك مەلی هەژار — لەشی بێگیانی کەوتە خوار
هەمووی داڕزا بوو بە خاك — نیشتە بن توتڕکی سامناك
وەختێ کە شەماڵ هاتەوە — ویستی سەر لەگوڵ باتەوە
تەماشای کرد گوڵ نەماوە — وشك بووەو هەڵ وەراوە
وەکوو خۆڵی لێ هاتووە — تێکەڵ پەڕو ئێسقان بووە
زۆر بەدڵتەنگی دانەوی — خۆڵی لوول دا لەسەر زەوی
لەگەڵ پەڕا هەمووی فڕان — بردیە بارەگای دڵداران

ژین
www.zheen.org

وەختێ گەیشتە بارەگا سووك لەسەر خۆ چوو بەچۆکا
ئەو خاك و پەڕەی تەسلیم کرد دڵداران هاتن دەست و برد
هەموو بەکۆمەڵ وەك پەری کۆ بوونەوەو چوونە دەوری
کفنیان بۆ کرد لەپەڕەی گوڵ کێلێان بۆ کرد لەوێنەی دڵ
شتییان بەشەونم و گولاو گۆڕیان هەڵکەن خستیانە ناو
لە گۆڕستانی دڵداران بوونە جێ نەزرگەی یاران
وەختێ کە تووتڕکیش پیر بوو مردن چنگی لەویش گیر بوو
بەبێ تۆزقاڵێ بەزەیی هەڵی کوتایە سەر سەری
هەموو گەلاو چڵی مران هەموو نووکی تیژی وەران
ڕەشەبا هات لێی کەوتە کار پەل و پۆی داهێنایە خوار
بەربووە هەموو لەش و گیانی هەتا لەبیخ دەری هانی
هەر تۆزی بەلایەکا برد کەس نەیزانی ڕووی لەکوێ کرد
ئەمەیە ئەنجامی زۆردار ئەنجامیڕەوشتی بەدکار
ئەوی لەژینا زۆردار بێ پیس و دڕندەو خوێنخوار بێ
ڕۆژێك دێ بە جۆرێ تووش بێ وا سووك ئەبێ هەروەك پووش بێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

لالۆی جووتیاری کەوش و کلاش دڕاو بەری فرمان و کۆشش لێ سەنراو
پێم ناڵێی تاکەی وەکوو بەردو دار ورتەت لێ نایە بەرامبەر زۆردار
وابزانم سامی هێزی زۆرداری یا ترسی ئێشی قامچی و دارکاری
بەجۆرێك کاری کردۆتە گیانت ورەت بەرداوە پەستە ژیانت
بەلام لالۆ گیان تاسەر وا نابێت تاسەر کەساس و قوڕبەسەر نابێت
هاکا هێزی گەل لە پیاوو لەژن قەلای زۆرداریان دەرهێنا لەبن

لە ئەدەبی ڕەمزی:

## سکالای گوڵێك لەژێر گەلاوە

سلێمانی، ١٩٤٨

گوێم لێتە ئەی مەلی بچووك ئەی نەغمە خوانی ئێسك سووك
گوێم لە بەستەی دڵداریتە لە نەغمەی هەرزەکاریتە

گوێم لێتە بەکوڵ ئەخوێنی — خۆشەویستکەت ئەدوێنی
لە منیش نزیك بەرەوە — دەردی منیش کەم کەرەوە
تۆزێکیش بۆ من بخوێنە — لەغەمباری دەرم بێنە
زۆر پەریشان و دڵتەنگم — سیس و ژاکاوو بێڕەنگم
هەر لەوساوە من بووم بە گوڵ — تا ئێستا کەوتوومە بن چڵ
وەکوو دیلێکی هەش بەسەر — ئاخنراومەتە بن سێبەر
سەریان گرتووم گەڵای پان پان — بێ بەشیان کردووم لەژیان
لە دیمەنی سەرڕووی جیهان — لە دیمەنی ئاسمانی جوان
لە خەرمانەی مانگی بەهار — لە کۆو ئەستێرەی پڕشنگدار
لە شەونمی بەری بەیان — لە گزنگی لای ئێواران
لە تیشك و تینی خۆرەتاو — لە دیمەنی هەورو هەساو
لە ماچی پەپولەی ڕەنگین — لە خاڵ خاڵۆکەی باڵ نەخشین
ئاگام لەکرد گار نییە — نازانم چۆن و چۆن نییە
ئێستا کە من هەروەکوو کوێر — وەك بەردی بن گۆمی بێ خێر
کەس نامبینی و کەس نابینم — شاراوەو پەست و غەمگینم
نە هاودەم و دۆستی کەسم — نە کەس دێ دەس باتە دەسم
تەنها شتێك کەوا هەم بوو — هەرچەن جارجارو کەم کەم بوو
مەلێك بوو زۆر دەنگی خۆش بوو — نەغمەو ئاوازی بەجۆش بوو
ئەی زانی کە من وا دیلم — ئاوا شاراوەو زەلیلم
بۆیە دڵی نەرم بوو بوو — کە بێرەدا تێپەر ئەبوو
هەموو جاریك ئەهاتە لام — وەك دڵسۆزێك سەری ئەدام
بەڵام بەینێکی تەواوە — ئەو دەنگەشم لێ بڕاوە
ئاخۆ خاوەنی ئەو دەنگە — ئێستە لەکام داوا بەنگە
یا لەکام قەفەز نراوە — ڕێگەی هاتوچۆی گیراوە
یا بەکام گوللە پێکراوە — ئێستە خۆڵیشی نەماوە
سا توخوا گیانی شیرینم — هەر چەن بەدیمەن ناتبینم
یا هەرچەندە ئەڵێن کەوا — دەنگی هەژار کەم بڕ ئەکا
ناگاتە گوێی دەسەڵاتدار — دادی نادا بانگ و هاوار
بەڵام تۆ, ئەی مەلی دڵدار — ئەی دۆستی بێکەس و هەژار
دووسێ نەغمەم بۆ بخوێنە — تەلی دڵم بلەرزێنە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشکو بەدەنگی خۆشی تۆ     بەئاوازی بەجۆشی تۆ
نەختێ هۆشم پیا بێتەوە     کوڵی دڵ دامرکێتەوە
ئەی مەل تۆ ئەوەش بزانە     کە دنیا دەوران دەورانە
دنیا هەروا نابێ تاسەر     رۆژێك دێ سەر ئەهێنمە دەر
کاتێك سەر کەوتمە سەر گەلاّ     رزگار بووم لەڵقی بەلاّ
ئەوسا من و تۆ پێك ئەگەین     دەس لە ملی یەکتر ئەکەین
ئەوسا لە تۆ بەستەی شادی     لە منیش بانگی ئازادی

## ژیانی کۆمەڵایەتیمان

سلێمانی، ١٩٥٠

گەلی دواکەوتوو وڵاتی وێران     بەجارێك دڵیان پڕ کردووە لەژان
گەلی تەوق لە مل دەستوپێ بەستە     گەورەو بچووکی بەجارێك پەستە
ئاژاوەو هەڵلاو ناڕێکیەکی زۆر     بەربووینە یەکتر وەك گەلی خۆ خۆر
لاوی بەرەڵلاو بێ ئیش و بێ کار     سەرخۆش و بەدمەست لە قەراغی شار
وان لەجادەکان خۆیان با ئەدەن     هەموو بەرامبەریەك دەستەویەخەن
باس باسی شەڕەو چەقۆو گوللەو دار     باسی جامانەو مشکی ڕیشوودار
باسی سەفاهەت, یا باسی قومار     باسی نابوتی و دۆڕاندن و وار
لادێییەکانیش وەك دوشمنی یەك     هەموو لەیەکتر چوونەتە سەر شەك
لەسەر نویلکەکان بۆ یەك وەستاون     ئەڵێی دوشمنی باوك کوژراون
باس باسی شەڕەو ڕاووڕوتکردن     کلکی کەر بڕین خەرمان سووتاندن
سەرەڕای هەموو بێ ئیشی و گرا     کەم دەرامەتی و لاتی و بێ نانی
بەجارێك گەلی وا تاساندووە     هەمووی بەجارێك کاس و وڕ بووە
بازاڕ پەککەوتەو لە ئیش وەستاوە     خەڵك دەستەپاچەو واقی وڕماوە
پڕبووە لە سواڵکەر پڕ لە گیرفانبڕ     پڕ دوعانووس و دەروێش و کەڵور
منداڵ, زەمیلە بەدەس دوان و سیان     یەخەت بەرنادەن دوکانە و دوکان
هەموو ڕەش‌وڕووت هەموو سەرڕشکن     هەمووڕەنگ زەردو نەخۆش و چڵکن
بەڕەڵلاو خوێڕی ناو کۆلاّنانن     قاچ کرێشاوی برسی و بێنانن
ئەمانە هەمووی ئەم نەگبەتییانە     ئەم هەموو دەردو کوێرەوەریانە
هەمووی بەچاوی خۆمان ئەبینین     ورتەشمان لێ بێ ئەڵێن شیوعین

## بۆ کچە کوردێك

سلێمانی، ١٩٤٨

ئەی کچە کوردەی گۆنا شەکرەسێو بۆ دۆش داماوی ماتی و بار بەلێو
پێم ناڵێی بۆچی کز هەڵوەستاوی چیت لێ قەماوە وا پەشۆکاوی
توشی کام کۆسپ و کام دەردو داو وا هێندە پەست و سەرلێشێواوی
بۆچی وا قورگت پڕە لە گریان فرمێسك لە چاوت ئەڕژێ وەك باران
کوانێ بۆ کوێ چوو بزەی سەر لێوت؟ تیلایی چاوی دڵدار ئەنگێوت
کوا زەردەخەنەی جاری جارانت کوا گورجی و سرکی سەرڕێگەو بانت
کام نەهێنیە هەستی لەرزانووی لە دواکەوتنی خۆتی گەیانوی
خستوویتە گێژەی دەریای بێ پایان چەقیوی لەسەر چەقی ڕێی ژیان
بەڵام ئەی کیژی کوردی هەرزەکار هیچ دادت نادا خەفەت و ئازار
لە فەلسەفەی ژین تێ بگە چییە ناخۆشی بۆ کەس هەتا سەر نییە
تەنها هەر بڕوات ڕاست و بەهێز بێ ئەم دەورەش ئەبێ بڕواو گوڕێز بێ
ئەوسایە پەستی تۆش ئەبڕێتەوە وەك تەمی بەیان ئەڕەوێتەوە
بە ئارەزووی خۆت ئەگەی بە ئاوات دێیتە مەیدانی خزمەتی وڵات

## نووزەی سواڵکەرێك

www.zheen.org

سلێمانی، ١٩٥٢

من هەتیوێکی هەشت نۆ ساڵانم بەرەڵڵای کووچەو ناو کۆڵانانم
تەنهاو بێ باربووم، وێڵی ناو شارم بێ خزم و دۆست و بێ کەس‌وکارم
ڕووتم چڵکنم، سەقەت و گێرم بەسکێ برسیم بەسکێ تێرم
غەم و خەفەتی دنیام لابارە ژیانم لەلا وەك زەهری مارە
کە دەست درێژ ئەکەم بۆ پاروە نانێ هیچ کەس ڕوویەکی خۆشم لێ نانێ
جارجار ئاغایەك میرزایەك بەگێ هەروەك ئێسقانێ بهاوێ بۆ سەگێ
بە نابەدڵی بە لووتێکی بەرز فلسێك، عانەیەك ئەهاوێ بۆ ئەرز
منیش ناچارم دەستی بۆ ببەم بای ئەو پارەیە دوعای بۆ بکەم
هەر چەند ئەو جۆرە پارە وەرئەگرم لەجیاتی جارێك هەزار جار ئەمرم
شەرمەزار ئەبم پەست ئەبم تەواو خەریکم ئەبم بەتنۆکێ ئاو
بەڵام چی ئەکەی لەگەڵ نەبوونی لەگەڵ هەژاری و لاتی و زەبوونی

## بـــەهـــار

سلێمانی، ١٩٥٠

بەهار, نە بەهار, نە گوڵی بۆنخۆش — دڵم وەك جاران ناهێنێتە جۆش
ئێستە هەند پەستم بە سەد شووشە مەی — یا بەسەد كۆڕی بەزمی سازو نەی
نە عود نە كەمان نە نەی نە شمشاڵ — نە شەرابی تەڵخ ڕێزەی كۆنە ساڵ
نە تیلایی چاو نەبزەی سەر لێو — نە زوڵفی زێڕین نە مەمی وەك سێو
هیچیان بە هیچ جۆر دڵ نالەرزێنن — هەمووی لام پەشمە و فلسێك ناهێنن
جاران من دڵم پڕ هەستی خۆش بوو — هەمیشە بێ مەی كەللەم بەجۆش بوو
نە غەم, نە خەفەت ڕێی نەبوو بۆ دڵ — فرمێسك نەئەڕژا بەجۆش و بەكوڵ
بەڵام بەینێكە هەستێكی زۆر بەرز — دڵ و دەروونم ئەهێنێتە لەرز
ئەو هەستە بەرزە كە ئەم بزوێنێ — بناغەی هەستیم دائەخورپێنێ
بانگ ئەكا ئەڵێ تاكەی بێهۆشی؟! — تاكەی بێ باكی تاكەی سەرخۆشی
چیت لێیان دەسكەوت بەدرێژایی ساڵ؟ — بەكەڵكی چیت هات وەسفی خەت و خاڵ
كەی ئێستە باوی ئەوانە ماوە — وا دیارە تەواو خەیاڵت خاوە
خەڵكی خەریكی هەوڵ و فرمانە — بەسی بێ ئیتر كووچەی مەیخانە

---

درۆیە هیچ كەس موحاید نییە
دوورەپەرێزەی ترسنۆكییە
ئەگەر خاوەنی بیروباوەڕی
وەرە پێشەوە ترست لە چییە

---

## مەبدەئی هەندێ كەس

بای پیا ئەدەم سەما ئەكەم — زەمانە چۆن بێ وا ئەكەم
هەركەس ئیمڕۆ ئیش بەدەس بێ — سەرو ماڵمی فیدا ئەكەم
دەس ماچ ئەكەم قاچ ماچ ئەكەم — بەدەوریا دێم وڕا ئەكەم
مەبدەئ چییە؟ عەیبە چییە؟ — چیم بۆ دەس با عەیبی نییە
ئەوی لای تۆ شورەییە — لەلای من زۆر ئاساییە
بای پیا ئەدەم سەما ئەكەم — زەمانە چۆن بێ وا ئەكەم
بم ناسن من كوڕی ڕۆژم — ویژدانی خومەو ئەی فرۆشم
نابێ هیچ كەس لۆمە بكا — بۆ سوودی خۆم تێ ئەكۆشم
بای پیا ئەدەم سەما ئەكەم — زەمانە چۆن بێ وا ئەكەم

www.zheen.org

## جەژنی هەتیوێك

سلێمانی، ١٩٥٣

بەهارە دنیا خۆشە هەتاوە     جەژنە بەجارێك شار خرۆشاوە
دووکان و بازاڕ جوان و ڕازاوە     منالە وردە دەورەیان داوە
هەریەك لە ڕەنگێ بەرگیان لەبەردا     بڵاوبوونەوە بەدەشت و دەردا
هەندێکیان سواری ئوتومۆبێلن     لەیەك خزاون یەکتر ئەشێلن
چەپڵەڕێزانە بەزمە هەرایە     گۆرانی و بەستەو سوڕو سەمایە
دەنگی موزیقەو گیزەی میزەڵدان     تەقەی تەڕەقەو هی دەمەرقاچان
زیلەی زەنگۆڵەی ئەسپی گالیسکە     زیقەی منالی دەم بە فیك فیكە
ئەڵێی مەحشەرە وا بووە بەهەرا     جێ بەر ناکەوێ لەبەردەم سەرا
هەندێك لەدەوری مێزێك ئاڵاون     هەموو خەریکی یاری لەگاون
لەلای هەندێکیان پارە وەك کایە     هەتا خەرجی کا بۆی لەبن نایە
شێرکۆی هەتیویش ڕووت و بێ چارە     وا لەپاڵ دایکیا ئەگری بۆ پارە
ئەڵێ جەژنانەم ئەوێ جەژنانە     کراسی تازە, قۆنەرە, عانە
دایکی دەسکورت و بێوەژن کەوتوو     بێکەس و لات و بێ پارەو باربوو
لە فرمێسکی سارد لە غەم بەولاوە     لەم جیهانەدا بەشی نەماوە
لەکوێی بوو پارە بۆ شێرکۆی کەساس     پارەی ببوایە بۆی ئەدا بەکراس
شێرکۆ پاش ئەوەی گریا تێروپڕ     دایکیشی بۆی ڕشت ئاهی ساردوسڕ
هەستا بە ڕووتی و گیرفانی بەتاڵ     لە ماڵ هاتە دەر چووە ناو منالّ
کە ڕوانیی بەرگی هەموویان نوێیە     هەموو جەژنانەو پارەیان پێیە
گیرفانیان پڕە لەنوقڵ و پارە     تەنها هەر ئەوە لات و هەژارە
زۆر بەزەیی هات بە گیانی خۆیا     بەجلوبەرگ و گیرفانی خۆیا
قوڕگی بەجارێك پڕ بوو لە گریان     وێنەی دڵ بەردی ئەکرد بەبریان
گەڕایەوە ماڵ بە دڵێکی مات     بۆ وێزەی دایکی بێوەژن و لات

---

ئەی کۆتری سپی خنجیلانەو جوان     ئەی دۆستی دەستەی ئاشتیخوای جیهان
توخوا بەستەیەك لەو گەروە جوانە     هەڵڕێژە وەکوو تەلی کەمانە
بەستەیەك پڕ بێ لە مانای جوان جوان     لە مانای قووڵی مردن و ژیان
بەستەیەك وابێ ئاشتی لێ دیار بێ     کە دەستەی شەڕخوای پێ شەرمەزار بێ

www.zheen.org

## ڕاستی وە ناڕاستی

سلێمانی، ١٩٥٤

لەم زەمانەدا پیاوی ڕاست و چاك     ئیشیان زۆر لەنگە گەر هەبێ تاك تاك
ئێستە ئینسانی پیس و نالەبار     پیاوی ساختەچی و درۆزن و بەدكار
پیاوی بێئابڕوو دوڕوو و هەڵەوەر     وەك لۆتی چەقۆو بەكر مەرگەوەڕ
ئیشیان بالآیەو ناسراوو دیار     وان لەبرەودا گەورەی ناو شارن
خۆ من لەداخی پیاویڕیاكار     لە داخی پیاوی دوڕوو نالەبار
هەموو ناو دڵم پڕ لەزووخاوە     هەمووی بەجارێ ڕەش داگیرساوە
لەتاو جەخاری كلكە لەقێ كەر     وەختە بەجارێ دڵم بێتە دەر
ئاخۆ چە ڕوژێك ئەم ناپیاوانە     ئەم بێمەبدەء و ڕەوشت پیسانە
قەدەغە ئەكرێن هەتاكوو ئەمرن     یا بەناچاری ڕێگەی ڕاست ئەگرن

## ئەی كەو

قەڵادزە، ١٩٥٤

ئەی كەوی سەر لوتكە و یاڵ     باڵ نەخشینی دەنووك ئاڵ
بۆچی وا حەپەساوی؟     بۆچی سەرسام وەستاوی؟
قاسپەت لەدەم بڕاوە     دڵت پەستەو گیراوە
بیر لەچی ئەكەیتەوە؟     یا چی لێك ئەدەیتەوە
كامڕاوچی لەكام حەشار؟     بە گوللەی پیسی بەدكار
یاخود ساچمەی كام تفەنگ     لەپاڵ دیوجامەی سەدڕەنگ
جەستەیان زامار كردووی     دڵیان وا غەمبار كردووی
یا كام دۆستی دێرینت     كام هاودەمی شیرینت
لێت زیزو زوێر بووە     وا كاری لێت كردووە
یاخود چە كارەساتێ     یا چە كۆسپ و نەهاتێ
ژینی لێ ئاڵوزانوی     لانەی خۆشیڕووخانوی
ئاوا بەم جۆرەی بردووی     لە هاوڕێت تەرەی كردووی
پێم بڵێ چیت لێ دەسكەوت     لە لێكدانەوەو خەفەت
هەستە بجوولێرەوە     نەختێ ببوژێرەوە
هەڵسە بدە لەشەقەی باڵ     بفڕە لەم یاڵ بۆ ئەو یاڵ
بۆ ناو تاش بۆ لوتكەی بەرد     بۆ دامێنی چیاو هەرد

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ ناو دارستانی چڕ — بۆ کانییو ئاوی خوڕ
کانیاوی کەللە تەزێن — ئاوی ساردی غەمڕەوێن
بەدەنگێکە نێرانە — بەزیڕەی وەك شێرانە
تێر تێر بخوێنە بەدڵ — دەنگی قاسپەت بێ بەکوڵ
ناودۆڵ و دەربەنگ پڕکە — مەل و موور هەمووی وڕکە
بەئاوازی بەرزو خۆش — گیاندار هەمووی بێنە جۆش
تۆ جێگەی وا جوانت بێ — جێی وەك کوردستانت بێ
توخوا چۆن دڵتەنگ ئەبی — چۆن کزو بێ دەنگ ئەبی

---

ئەوانەی کەوا گێرە شێوێنن — هەوێنی شەڕ و کوشتن و خوێنن
پێویستە لەسەر گەل بیانشێلی — بەر لەوەی ئەوان دەست بوەشێنن
ئەو گەلەی دەست و پێ زنجیر بێ — لەژێر چەپۆکی زۆردارا گیر بێ
قوربانی پێشکەش ئازادی نەکا — تاماوە ئەبێ بەندەو ئەسیر بێ

## سلاو بۆ گیانی شەهیدان

١٩٥٥

بنکەی ژین
www.zneen.org

با لاشەی لاوە شۆخەکان — وەکوو وەرزی گەڵاڕێزان
هەڵوەری بە گوللەی پۆلیس — بە گوللەی ئاقولاو نەگریس
لافاوی خوێناوی گەشیان — هەڵنیشێ لەجەستەو لەشیان
ناو تیمارخانەکان پڕ کەن — دکتۆر هەمووی کاس و وڕ کەن
بەلام دواڕۆژ هەر بۆ گەلە — ئەنجامی چوونە سەر کەلە

با پێشڕەوو خەباتکەران — خرابنە ناو، زیندانەکان
زیندانی وەك نوگرە سەلمان — یا شوێنی وەك بەدرەو جەسان
لە تەحقیقاتی جینایی — لەشیان داخ کەن بەخۆڕایی
نینۆکیان بە گاز دەربێنن — بە قامچی لەشیان بشکێنن
بەلام دواڕۆژ هەر بۆ گەلە — ئەنجامی چوونە سەر کەلە
با خوێن گەرمە نەبەردەکان — با لاوە ئازاو مەردەکان
لەناو زیندانی تاریکا — لە پێچ‌وپەنای باریکا
بەبێ‌گوناە بەبێ‌تاوان — بە گوللەی دەستی ناپیاوان
بیانکوژن هەر بەئەنقەس — کەس فریایان نەکەوێ، کەس

بەڵام دواڕۆژ هەر بۆ گەلە     ئەنجامی چوونە سەر کەلە
با نیشتیمانپەروەرەکان     با لاوە تێکۆشەرەکان
پێ بەکۆتەو دەس بەزنجیر     بە ئەمری مەلیك و وەزیر
چاو بە فرمێسك و دڵ بەئێش     دوور لە ماڵ و منال و خوێش
دەربەدەر بن لە نیشتیمان     نەفی بکرێن بۆ وڵاتان
بەڵام دواڕۆژ هەر بۆ گەلە     ئەنجامی چوونە سەر کەلە

گەل نابەزی وەك پۆڵایە     دوشمن شکێنە ئاوایە
ئیمپریالیزم و نۆکەران     عومریان کورتە هاکا ڕووخان
ئیمڕۆ سبەیە ئیستیعمار     وەك شێرە بەفرینەی بەهار
ئەتوێتەوەو ئەبێ بە ئاو     پێشێل ئەکرێ هەروەك چڵپاو
بەڵام دواڕۆژ هەر بۆ گەلە     ئەنجامی چوونە سەر کەلە

---

شوورەوی قەڵای ئاشتیخوازانە     دوشمنی شەڕو شەڕفرۆشانە
ئیمپریالیزمی خوێنمژو شەڕخوا     وەك کوندەپەپووی ئێسك گرانە
عەکسی یەکترن شەڕخواو ئاشتیخوا     ئەویان مردنەو ئەمیان ژیانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سەربەستی

سلێمانی، ١٩٥٣

لەگەڵ تۆمە ئەی سەربەستی     ئەی دوشمنی دیلی و پەستی
ئەی چرای ڕووناکی ژیان     ئەی ئامانجی هەزار گەلان
تۆ گوڕ و تەوژمی خوێنی     شادەماری لەشبزوێنی
هێزو تواناو تینی گیانی     کلیلی مێشکی ئینسانی
لەوساوە کە دنیا بووە     مرۆڤ دڵی پیا چووە
عەشقی تۆ لێی کاری بووە     خۆی لە ڕێتا بەخت کردووە
بەسەد هەزاران سەرو ماڵ     کوڕو کچ و ژن و منال
خۆی بۆ تۆ فیدا کردووە     لەڕێی تۆدا لەناو چووە
قەت نەترساون لەمردن     لە سێدارەو لە خنکاندن
برسێتی, دیلی, لێدان     نینۆك لەبێخ دەرهێنان
قورسایی کۆتەو زنجیر     سزای زیندانی وەك بیر
ئازاری لەش و مەچەك     بە باستۆن‌و بە کوتەك

شەپازلە و بۆکس و پاڵ
یا شەقی نووکی پۆستاڵ
یا گوللەی تیژی بەدکار
بۆ ناو ئێسقان و دەمار
یا ناسۆری ئاوی گەرم
هەڵپرووکێنەری چەرم
تووڕە بوون و زەبروزەنگ
لێدان بە قوناغی تفەنگ
بە دۆنکی و گۆچان و دار
بە قامچیی ڕەشی وەك مار
هێنان و بردنی زۆر
ئازاردانی لەسەد جۆر
بەڵێ ئەمانەو زیاتریش
گەلێ لەوانە خراپتریش
هەتاڕۆژێك جیهان مابێ
هەتا بیرو ویژدان مابێ
لە سەربەستی واز ناهێنرێ
ئەنجام هەر ئەبێ بسێنرێ

---

ترس و هەڕەشەو لوورەی سەگی هار
حەپەو سەگوەڕی خێڵی ئیستیعمار
کار ناکاتە سەر کاروانی گەلان
نایان وەستێنێ ئەڕۆن بێ وچان

کە من ویژدانم خاوێن و پاك بێ
بیرو باوەڕم دروست و چاك بێ
هیچ گوێ نادەمە سەگوەڕی نامەرد
با هەر بۆ خۆیان سەریان بەن لەبەرد
سەد پەڵە هەوری تاریك و چڵکن
ناتوانێ بەری ڕۆژ بگرێ لە من
قەت ڕۆژ ون نابێ و ناشارێتەوە
هەر هەورە ئەڕواو ئەڕەوێتەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ئەی فرمێسك

سلێمانی، ١٩٦٥

ئەی دڵ بناڵە وەك هەروی بەهار
دیدە تۆش فرمێسك بەخوڕ بێنە خوار
دڵۆپی زلی سوێرو پڕ خوێناو
هەڵڕێژە خوارێ بەلێزمە بەتاو
با بەسەر پێستی چرچی ڕوومەتا
بەدەوری لێوی وشك و لەت لەتا
بڕژێتە خوارێ جۆگا ببەستێ
تا دوا دڵۆپی مابێ نەوەستێ
هەر دڵۆپێکی کە بێتە خوارێ
ڕوو بکاتە لای خانەی هەژارێ
هەر دڵۆپێکی بۆ دەردەدارێ
بۆ بێ ئومێدێك لە ژین بێزارێ
دڵۆپێك بۆ لای یەکێکی هەتیو
بە چاوان باوك و دایکی خۆ نەدیو
دڵۆپێك بۆ لای ژنێکی بێ پیاو
هەشت نۆ کوڕو کچ بەسەرا جێماو
دڵۆپێك بۆ لای جووتێك کۆستکەوتوو
باوك و دایکێکی تاقانە مردوو
دڵۆپێك بۆ لای پیرێکی کۆماو
چاوکزو سەقەت، برسی و لێقەوماو
دڵۆپێك بۆ لای بەدیل گیراوێ
لە ژن و ماڵ و منال دوورخراوێ

دڵۆپێك بۆ لای یەکێکی نەخۆش   کەوا لەجێدا کەوتبێ بێهۆش
بێکەس بێهاودەم, بێچار, بێدەرمان   کفت و کەساس و بێئارامی ژان
کام دڵۆپیش زۆر بە خوێن گوڵگون بێ   با ئەویش بەشی ناو دڵی من بێ
کە دوا دڵۆپی فرمێسك هاتە خوار   ئەوسایە ڕەحەت ئەبم بە یەکجار

## ئەی ژنە دەوڵەمەنگەکە

سلێمانی، ١٩٥١

ئەی ژنە دەوڵەمەنگەکە   ئەی فیز زلە بێ دەنگەکە
پێم ناڵێی بۆ وا لووتبەرزی   بۆچی ئەڵێی خوای سەر ئەرزی
لەبەرچی سووك تێم ئەڕوانی   هیچ بە ئینسانم نازانی
با دەوڵەمەندو دەسدار بێ   خاوەنی کۆشك و تەلار بێ
منیش هەژارو بێدەس بم   ژێرماڵەی خەڵکی و بێکەس بم
با پارەت لا وەکوو کا بێ   بەرگت هەمووی گران بەها بێ
منیش حاڵم پەرێشان بێ   بەرگ و پۆشتەنیم هەرزان بێ
با سەرتاپات هەر خشڵ بێ   بە بۆن بۆنت وەکوو گوڵ بێ
منیش لەشم بێ خشڵ بێ   بەشم هەر مووروو سمڵ بێ
با بە مکیاج و بە دەرمان   خۆت کردبێ بە ژنێکی جوان
منیش سادەو بێ دەرمان بم   بێ بۆن و سوراوی جوان بم
با هەموو ساڵ ئوتومبیلێ   لە هەرڕەنگەو هەر مۆدیلێ
لەبەر دەرگاتا وەستابێ   ساڵ وەرنەگەڕێ گۆڕابێ
منیش مەگەر لە ڕێگاوبان   یا بە خەوی شەوی زستان
بی بینم یا بێتە خەوم   لێم تێك بدا خەوی شەوم
با دیوەخانەکەت جوان بێ   هەمیشە پڕ لەمیوان بێ
منیش بێماڵ و بێلان بم   بێدیوەخان و میوان بم
با نۆکەرو لەلەو دایەن   هەموو ئیشتڕایی بکەن
منیش بەبێ یارمەتیدەر   هەموو ئیشی خۆم بەرمە سەر
با سەد خواردنی باش و چاك   هەموویت بۆ بکەن بە خۆراك
منیش بەشم نان و چا بێ   بەشم ساوەرو گۆشت گا بێ
با هەزار شتی کەت هەبێ   منیش ئەوانەم هیچ نەبێ
بەڵام ئەو شتەی من هەمە   لەلام دائیم و دەرهەمە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ژینی پڕ کامەرانییە
وابزانم لەلای تۆ نییە

چونکە خۆشی و کامەرانی
با پێت بڵێم گەر نایزانی

بە پارەو بەماڵ پێك نایە
پارە جیایەو خۆشی جیایە

---

گەل تازە دەستی واڕاهاتووە
فێری گوریس و ڕاکێشان بووە

قوڕبەسەر ئەوەی پیس و گلاوە
کاتێکت زانی گەلڕای کێشاوە

## ئەنجامی ئیمپریالیزم

سلێمانی، ١٩٥٤

ئەوی دوێنێ بە نامەردی هیواو ئامانجی ڕووخانی
ئەوی زۆری لە تۆ کردو سەراپای خاکی شێوانی
ئەوا ئێستا پەرێشانە، بەجارێ ماڵی وێرانە
تەواو مەهتووك و ڕیسوایە خەریکە ڕوولەفەوتانە
وەرە سەیری گلۆڵەی کە کە چۆن کەوتوتە دەم لێژی
نەوەك دوشمن ئەوی دۆستە ئەویش هەر خاسی نابێژی
وەك یاریی منالآن چۆن لەپاش یاری ئەڕووخێنرێ
هەچی بەردو بناغەی بێ، هەمووی سەرپاکی دەردێنرێ
ئەوا بەو جۆرە ئامانجی ئەویش وێران وڕووخاوە
هەموو دیوارو بنچینەی لەبنج و بێخ دەرهێنراوە
وەکوو شێرێکی زۆر پیرو نەخۆش و لات و پەککەوتوو
بەبێ کەڵبەو بەبێ چنگ و بەبێ سام هەروەکوو مردوو
لەبەر لانەی کەساسیدا لە پەوڕوو چنگی داداوە
لە داخی هێزی ورچی سپی دەروونی پڕ لە زووخاوە
دەبا هەڵڕێژێ فرمێسکی پەشیمان بوون لە خوێنخواری
دەبا چێشکەی بکا تامی بەری ڕۆژانی زۆرداری
ئومێدم زۆرە ڕۆژانی ڕەشی پڕ ئێش و مەینەت بێ
جەزای ڕۆژانی ڕابوردووی هەمووی ناسۆرو میحنەت بێ

## بیَ‌باری

سلێمانی، ١٩٥٦

ئەوی هەروەکوو هەڵمات بیَ بارە
میکرۆبی گەل و وڵات و شارە

جێی بڕوا نییە پیس و ناپیاوە
هەوێنی هەزار ئیشی گڵاوە

جێی مەترسییە دڕندەو هارە
ژەهراوی و پیسە هەروەکوو مارە

تۆ بەدەست هەنگوین بکەی بەدەمیا
ئەو دەستت ئەبا بەناوی دەمیا

وریای خۆت نەبی ئیشت تەواوە
پێش ئەوەی دەستت بێنیتە دواوە

کاتێکت زانی پەنجەت قرتاوە
ئیتر تازە کار لەکار ترازاوە

بۆیە داخەکەم وتومەو ئەیڵێم
هەرچەن لای هەندیَ سەرزەنش ئەکرێم

ئەم موجتەمەعەی ئێمە هەمانە
پیسترین بەشی سەرڕووی جیهانە

چونکە جێگایەك وا بەرەڵڵا بیَ
دوڕوو و درۆزنی تیادا ئازابیَ

بەئارەزووی خۆی بەبیَ دەردی سەر
هەرچێکی بویَ بۆی بچێتە سەر

بەدکاری بکاو بۆی بیَ بەچاکە
لەجێی شاربەدەر پێی بڵێن کاکە

دیارە ئەوانەی دوڕوو و بیَ بارن
وەکوو بەرزەکی بانان ڕزگارن

## میرم تیَ‌پەڕی

سلێمانی، ١٩٥٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

میرم تیَ‌پەڕی دەوری خۆبادان
مۆدەی بەسەرچوو لووتکردنە ئاسمان

تازە لووتبەرزی هیچ دادت نادا
زەمان زۆر کەسی وەك تۆی بەبا دا

جارن کە لووتت لە ئاسمان گیر بوو
پاشاگەردان بوو دەروی یا میر بوو

خەڵکی نەزان بوو، نەخوێندەوار بوو
سەرلێشێواوو کوێرو هەژار بوو

بەڵام ئەو دەورە (بەو چاوانەی خۆت)
نایبینیتەوەو نایەتەوە بۆت

خوێندەواری و وەعی کارێکی وای کرد
سەد شتی کۆنی قۆڕی لەناو برد

خەڵکی وا چاوی کراوەتەوە
شتی ورد و درشت لێك ئەداتەوە

هەروا کوێرانە ناکەوێتە دوات
نۆکەریت ناکا بە مووچەو بەرات

ئێستە وەکوو مەرد بە هێزی باڵی
نان پەیدا ئەکا بۆ خۆی و ماڵی

ئەوڕۆژەی کە تۆو وێنەی تۆی زۆردار
ئەلەك‌و وەلەکتان خستبووە ناو شار

بەفیز و کەشخەو قورگ دەرپەڕاندن
لە خەڵکتان ئەکرد هەڕەشەی مردن

سیَ‌چوار شەلاتی‌و پێنج‌شەش سمێڵ‌فش
دواتان ئەکەوتن بە کەش و بە فش

ئێستە بەو جۆرە لە ماڵ بێنە دەر
منالْ بە فیکە ئەتانکەن بە کەر

ئەتکی ناو شارو وڵاتتان ئەکەن
ئەو تۆزە ئابڕوەی ماوتانە ئەیبەن

## قەوانی تازە

وەرن گوێ ئاهەنگەو سەمایەو سازو سەمتورە بگرن
قەوانی تازەیە خەڵکە ئەڵێن کورد خەنجەری سوورە
بەڵێ کورد خەنجەری سوورە بۆ ناو دڵی دوشمنانی
بۆ ئیستیعمارو فاشیست و هەموو دەستەی نۆکەرانی
بەڵێ کورد خەنجەری سوورە هەمیشە مەردە ئازایە
وەکوو کێوێکی پۆڵایین بەرامبەر هێزی شەڕخوایە
بەڵێ کورد خەنجەری سوورەو قەراری وایە هەر سوور بێ
هەمیشە دۆستی ئازادی و لە ئیستیعماری پیس دووربێ
بەڵێ کورد خەنجەری سوورەو لەناو کێڵانی سوورایە
بە هەرچی هێزی شەڕخوایە بە هیچ جۆرێك لەبن نایە

## لۆتیی زورناژەن

سلێمانی، ١٩٥٥

بەسیەتی کاس بووم لۆتیی زورناژەن — تازە کەس ناڵێت تۆ کەرت بە چەن
ئیتر بە زورنای تۆ هەڵناپەڕم — گوێت لێ ناگرم لە عاستت کەڕم
دەنگی زورناکەت گڕو ناخۆشە — هەزار ئاوازت لەلای من بۆشە
ئەوساکە نەغمەی تۆ ئەیجوولانم — لەگوێی گادا بووم ئێستە ئەیزانم
کە چەند نەزان و بێعەقڵ و هۆش بووم — بە سکی برسی بۆ چۆپیکێش بووم
ئەو دەنگەی ئێستە بۆی بەپەرۆشم — هەوڵی بۆ ئەدەم بۆی تێئەکۆشم
دەنگێکی ئێگجار دڵگیرو خۆشە — نەغمەی شادییە پڕ بەزم و جۆشە
هەرگیز ئەو دەنگە ئەو نەغمە جوانە — بە تۆ ناوترێت بەرزو گرانە
دەنگێکی ڕاستەو بێ پێچ و پەنا — بەدرۆو دەلەسە نامخاتە سەما
پیاما هەڵنادا بە ساختە و دۆر — پارەو شاباشی ناوێ وەکوو تۆ
کە تۆ ئامانجت پارەو شاباشە — ئەو پارەو ماڵی لەلا کا ماشە
ئیتر زورنای تۆ چۆن ئەمبزوێنێ — باوی بەسەرچوو ئاوازی دوێنێ

---

ئەوانەی کەوا سینگ دەرپەڕێنن — لە گفتوگۆدا بلوێر بەژێنن
ڕۆژی تەنگانە لەترسا وەك مشك — هەموویان خۆیان لە کون ئەخزێنن

www.zheen.org

## شەوێکی مانگەشەو لە بەغداد

بەغداد، ١٩٥٣

بەغدا مەڵبەندی چاو بە خومارانە     جێی بەزم و ڕەزم و کۆڕی یارانە
پیرو تەڕپیرو گەنج و هەرزەکار     هەمووی بەجۆشن بۆ دیدەنیی یار
ئێجگار دیمەنی لە مانگەشەودا     دڵی پیرو گەنج ئەخاتە سەودا
پیر یادی گەنجی خۆی ئەکاتەوە     زاخاوی دڵی خۆی ئەداتەوە
گەنج و لاوانیش دڵیان دێتە جۆش     ئەکەونە سەودای بەزم و ڕەزمی خۆش
کاتی ئێواران پۆل پۆل نازداران     دەس ئەخەنە ناو دەسی دڵداران
وەك ئاسکی سرکی دەشت‌ودەرو چۆڵ     ئەکەونە ڕێگا هەموو گورج و گۆڵ
بەرەو سینەماو گازینۆو گەڕان     یاخود بۆ شوێنی دوور لە ڕێگاوبان
وەکوو خەڵوەتکێش خەڵوە ئەکێشن     تامی دڵداری و خۆشی ئەچێژن
هەزاران گەنجیش هەناسە هەڵکێش     دڵیان پڕ ئەبێ لە حەسرەت و ئێش
وەکوو پەپوولەی دەوری غونچەی گوڵ     باڵەفڕێی بێ لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
ئەوانیش ئاوا دەورو خولیانە     زەردەخەنەیەك هیوای دڵیانە
قەراغی دیجلەش خەیاڵاوی و جوان     ئەبێ بە مەڵبەند ئەبێ بە جێ‌ژوان
پیرو تەڕپیرو کوڕو کچ و ژن     هەموو بەجارێ تێکەڵ یەك ئەبن
وەکوو خەرمانەی گوڵی نەوبەهار     ئەیڕازێننەوە کەناری ڕووبار

ژین
www.zheen.org

---

وەختێ مانگ هەڵدێ سەد دڵیش هەڵدێ     هەر دڵەو لەگەڵ دڵا جووت ئەگرێ
شەوقی مانگەشەو وەك ئاوریشمی خاو     ئەیدا لە کۆشك و تەلاری گوێ ئاو
لەگەڵ گەردنی شەپۆڵی ڕووبار     دەس‌لەملان ئەکەن وەك جووتێ دڵدار
ڕووناکی و شەوقی گڵۆپی گوێ ئاو     گڕی ئاگری ماسی مەسگووف کراو
سێبەری خورمای قنجی سەر پۆپن     لەڕەو بریسکەی ناو ئاوی ڕۆشن
بەستەی مەیخۆران زڕەی پیاڵەی مەی     دەنگی گۆرانی و سۆزی سازو نەی
قاقای نازکی پڕ لە سیحرو ناز     شنەی نەسیمی پڕ ڕازو نیاز
خەیاڵ کێش ئەکەن ئەیهێنن ئەی بەن     هەریەك بۆ لایەك ڕاپێچی ئەکەن
بۆ کوێ, بەخەیاڵ بۆ کۆڕی یاران     بۆ ناو مەڵبەندی ناسك و نازداران
وەکوو پەروانەی عاشقی سووتاو     بۆ دەوری گوڵی بۆنخۆش وەك گوڵاو
بۆ زوڵفی پەخشی سەر سەرینی نەرم     یا بۆ ماچێکی غونچەی لێوی گەرم
بۆ سەر سنگێکی سپی نەرم و نۆڵ     یا بۆ بالینی شلکەی ڕان و قۆڵ

کۆڕی نازداران هەروەك باغچەی گوڵ      پێوەی ئەنیشێ هەزار هەنگی دڵ
هەر هەنگەو دەمی ئەژەنێتە گوڵ      بێ باك لە دڕك, بێ باك لە چقڵ

---

ئێستر چونکە خۆی قەت بێچووی نابێ      بە دەست ئێستر بێ ماینیش وابێ
کە جوانوو ماین بەلایا ئەڕوا      وەك باوك کوشتەی خێسەی لێ ئەکا

## ساقی

مووصڵ، ١٩٥٦

ساقی بمگەرێ بەیادت قەستەم      هێند پەرێشانم وەك ماران گەستەم
تەنهایی جۆرێك زەیفی لێ سەندووم      لە ژین بێزارم، هەروەکوو مردووم
لەوساوە دووری کۆڕی یارانم      غەمگین و پەست و دڵ پەرێشانم
لەناو جەخاری چەرخی ناهەموار      هەنگوینم لەلا بۆتە ژەهری مار
زوو فریام کەوە دەستم دامانت      هانام بۆ هێنای خۆت و ویژدانت
هەستە بێمەزە بێئاو هەر سادە      یەکسەر لە گەرووی شووشەی پڕبادە
پەرداغێ پڕکە لێواو لێوو خەست      دڵۆپێ نەڕژێ بۆم بێنە بەر دەست
بەشکو بەیادی ڕۆژانی جاران      بەیادی کۆڕی گەرمی مەی خواران
بەیادی جۆشی یارانی سەر مەست      بەیادی نەشئەی پێکی دەستاودەست
تۆزێك بسرەوم کەللەم سەرخۆش بێ      تاغەی هەستیم تاوێك پێ خۆش بێ
سبەی دووسبەی کە چەرخ وەرگەڕا      دوشمنی سەرەسەخت شاربەدەر کرا
بەدۆست و یاران شاد ئەبینەوە      کۆڕی وەك جارن ئەبەستینەوە
ئەوسا بۆ خۆمان تێر ئەنۆشین مەی      لەگەڵ ئاوازی عودو سازو نەی
تۆڵەی ڕۆژانی ڕەش ئەکەینەوە      زاخاوی دڵمان تێر ئەدەینەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دیمەنی شاری دهۆك

دهۆك، ١٩٥٦

دهۆك جێیەکی خۆش و دڵگیرە      هەتاکو ماوم یادیم لەبیرە
دیمەنی هێندە خەیاڵی و بەرزە      دڵ لێی تێر نابێ هەر چوار وەرزە
بەدەوریا هەمووی باغ و باغاتە      پڕ داری جوان و پڕ میوەهاتە
دووسێ گردو شاخ دەورەیان داوە      زۆریان خانوویان لەسەر کراوە
ڕووبارێك پیایا ئەڕوا سەرەوخوار      پێچاوپێچ ئەکشێ وەکوو پێچی مار

دیمەنی (گەلی) وەختی ئێواران گەلێك خۆشترە لای من لە لوبنان
تۆ گەشتێك بەناو دهۆکا بکە سەرێك لە باغ و باغاتی بدە
سەیری منارەو سەڵیبی سەر دێر ئەبریقێنەوە وەکوو نووکی شیر
دەنگی سەڵاو بانگ سەدای دەنگی زەنگ
دەنگ ئەداتەوە لە شاخی سپی ڕەنگ[1]
ئەوی سەرنجی زۆر ڕاکێشاوە دانیشتووەکانی زۆر تێکەڵاوە
زۆریان کە کوردی ناو بادینانن دهۆك بەجێگەی خۆیان ئەزانن
خاوەنی گوندو موڵکی ناو شارن شێخ و ئەفەندی و ئاغاو جوتیارن
یەکێك زاخۆیی یەکێك (مزووری)[2]
یەکێك (شندۆخی) یەکێك (باجلوور)ی
تاقمێکی تر کوردی (زۆزانن) یا لە یەزیدی دەوری شێخانن
هەندێ ئەفەندی سدارە لەسەرە هەندێکیش شەڵ و شەپك لەبەرە
جامانەی ڕەش و سووری پیشوودار بەشان و ملا بەر ئەبێتە خوار
یەزیدییەکان جامانە سوورن بەرگ سپی و سمێڵ زل و ئەستوورن
تاقمێکی تر عەگال بەسەرە هەمووی عەزیزی و کەوا لەبەرە
ئەمانە زۆریان یا پارەدارن یاخود کاسبن یا دووکانداران
بە ویسەف ویسەف بە قیقۆ قیقۆ لەگەڵ یەکتردا دێنە گفتوگۆ
ئەڵێی گەڕەکی (بەنی یوونس)ە سەد (ق) بە پولێ هەر لێی مەپرسە
گردی (گری باص[3]) هەموویان تیارین
لە موهاجیری دەوری حەکارین
هەندێ لەمانە تەپڵە بەسەرن شەڵ و شەپکی کوردی لەبەرن
پەڕی سەر تەپلەی لاوی ئاشووری سەوزو سوورو شین سپیی کافووری
تەپڵەی لبادی وەك توێکڵە شووتی قنج خراوەتە سەر سەری ڕووتی
دار جگەرەی درێژ لەپشتێن‌نراو ڕەنگاوڕەنگ و جوان بەقوماش پێچراو
کالەو شەمامەی بەدەزوو چنراو گورەوی بەن تا ئەژنۆ هەڵکراو
هەموو ئەسمەرن سمێڵ زل و پانن هەر ئەڵێی ڕەسمی فەرشی کاشانن

---

[1] شاخی سپی ڕەنگ– جبل الابیض زنجیرە شاخێکە دهۆك لەپاڵیەتی، ڕووبارێك بەناو گەلیەکەیدا تێپەڕ ئەکاو بەناو شاری دهۆکدا ئەڕوا.

[2] مزووری – ناحیەی ئەترووش.

[3] گری باص – گردێکە لە دهۆك چەند ماڵە تیارییەکی بەسەرەوەیە.

کچۆڵە تیاری بێ پەچەو سفوور
کراس و سەرپێچی فەلەی[1] زەردو سوور

بە خۆنی خۆنی ئایدۆخ پرێخە
بە هەیو هەیو بەنیخە نیخە[2]

ئەڵێی زەمانی ئاشوریەکانە
ئاشوور بانیپاڵ وا لەمەیدانە

هەریەك شێوەیەك هەریەکەی ڕەنگێ
هەریەك زوبانێك هەریەکەی دەنگێ

خواجە حەنەنیاش ئاساری زۆرە
کۆنە هەواری وا لە (سندوورە)[3]

دهۆکی وەکوو سان فرانسیسکۆ[4]
بە گەلێ زمان دێنە گفتوگۆ

ئومەمییەتی تیادا دیارییە
کەس حەقی بەسەر کەسەوە نییە

## کچۆڵە تیاری

دهۆك، ١٩٥٧

ئەی شۆخەکەی گری باس
ئەی دڵڕەقی خوانەناس

کچە تیارییە جوانەکە
خوێن گەرمە خنجیلانەکە

بێ وێنەی سیحراوی و جوانی
ئەڵێی فریشتەی ئاسمانی

دڵم گیرۆدەی تۆ بووە
عەشقی تۆ لێی کاری بووە

ئێجگار هاتوچۆی بێدەنگت
پرشنگی دوو چاوی مەنگت

قژی خورمایی زۆر جوانت
سەر گۆنای ڕەنگ ئەرخەوانت

بەرگی جوانی ڕەنگاورەنگت
لەش و لاری شۆخ و شەنگت

---

بەجارێك دڵیان تاسانووم
هێزو توانایان ڕووخانووم

ڕۆژی یەکشەموان بێپەروا
بەدووتا ئەکەومە ڕێگا

دوات ئەکەوم زۆر لەسەرخۆ
تۆ بۆ لای دێر من بۆ لای تۆ

تۆ بۆ سەڵیب دروستکردن
بۆ سوجدە بۆ مریەم بردن

بۆ بیستنی وەعزی مەتران
یا بۆ دان بەگوناها نان

منیش لە جێی سوجدەبردن
لە جێی سەڵیب و نوێژکردن

بەرامبەر بە باڵاکەی تۆ
ئەچەمێمەوە لەسەر خۆ

ورد ورد لێوم ئەجووڵێنم
دوعای دڵداری ئەخوێنم

---

[1] فەلە – ئەو مەسیحیانەن کە لەکۆنەوە نیشتەجێی ناوچەی بادینانن.

[2] ئەمە چەند قسەیەکە بە لەهجەی تیاری.

[3] سندوورە، گوندێکە لەژوور دهۆکەوە وەختی خۆی جولەکەی تیابوو.

[4] سان فرانسیسکۆ، شارێکی ئەمریکایە لە هەموو جۆرە ڕەگەزو نەتەوەیەکی تێدایە وە بە زۆر زوبان ئەدوێن.

## خاکی بادینان[1]

دهۆك، ١٩٥٧

خاکی بادینان خاکی بادینان ئەی پیرۆزترین شوێنی کوردستان
من لەجوانی تۆ هێندە سەرسامم سەرخۆش و مەستی بادەی ئیلهامم
هەموو شوێنێکت بۆ دڵ بەهەشتە مەڵبەندی خۆشی و سەیران و گەشتە
چاو ئەندازی تۆ بێ وێنەو تاکە هەموو بستێکت گەوهەری پاکە
دۆڵ و دەربەندو شاخەکانی تۆ نزاری چڕو باغەکانی تۆ
پڕ لە گوڵاڵەی لە هەموو ڕەنگە زوبان لە باسی جوانیان لەنگە
بۆنی وەنەوشەو نیرگزی جوانی ڕیڤدۆرو شانیل بێ بە قوربانی
خوڕەو تریفەی سەرچاوەکانت هاڕەی شەپۆلی ڕووبارەکانت
تیشکی زیوینی لوتکەی بەفرینت خاڵ خاڵی چیای جوان و نەخشینت
گزنگی خۆری لای درەنگ وەختت تکەی سەهۆڵی ناو تاشی سەختت
قاسپە قاسپی کەو لەسەر کێوانت چەچەی بلبلان لەسەر چڵانت
شریخەی ڕاوکەری سەر کۆسارانت شەقەی دارکەری ناو نزارانت

---

هۆهۆی جوتیارت لە تۆوکردنا فڕینی پۆلە مەل لە تۆوبردنا
لاوی زۆر شۆخت لە دەشتودەردا شەلو شەپکی ڕەنگین لەبەردا
دیمەنیان هێندە شیرین و جوانە دەرمانی دەردی دەردەدارانە
ئێجگار زاوێتە ئەوەندە خۆشە لەوساوە دیومە دڵ بۆی پەرۆشە
ئێستا کەوا من لایا وەستاوم فرمێسکی شادی ئەتکێ لە چاوم
مەستم زۆر مەستم دڵم پڕ جۆشە بێشەراب و مەی کەللەم سەرخۆشە
دارە کاژەکەی جوانی خواکردوو نیشانەی ژینی هەمیشە زیندوو
هێند شۆخ و شەنگەو هەرگیز سەوزو پاك
لەیادم ناچێ تا ئەمنێنە خاك
تیشکی ڕەنگینی سەد هەزار تەرزی تاجی بەفرینی سەر پۆپەی بەرزی
بریسکەی تکەی بەفری تواوی سەر تاش و بەردی بەفر لێ ماوی
وێنەی ئەوەندە جوان و دڵگیرە هەتاکوو ماوم یادیم لەبیرە
چەندە دڵگیرە سەر (کوڕی گاڤان)[1]

---

[1] ئەم پارچە هەڵبەستە لە (زاوێتە) ڕێك خراوە لەژێر دارکاژێکی جوانیا (صنوبر) بەرامبەر بەچیا جوانەکانی کە هێشتا بەفر بە لوتکەکانیەوە مابوو. وەختی خۆی لە ڕۆژنامەی "ژین"ا بڵاو کراوەتەوە.

مەڵبەندی کیژی لێڤ بۆن گوڵاڤان

چەن شۆخە چیای مەتین و شیرین  چەند دڵفرێنن سوڵاڤ و سکرین

چەند جوانن زاخۆو ئاکرێ و شەمدینان ئامێدی و دهۆك و زێبارو شێخان

زنجیرە چیای گارە[2]ی سەخت و بەرز

پڕ لە خۆشترین هەوارگەی ڕووی ئەرز

دیمەنی تاڤگەی سوڵاڤت تاکە  وەك زیوی تواوەی بێ گەردو پاکە

کە گزنگی خۆر لێی ئەدا جارجار  دڵ بۆی حەیرانە نەك جارێ سەدجار

یا کە لێی ئەدا شنەی بای سەحەر  لای پەشمە هەوای پانکەو ئەیر کولەر

جارجاریش شێوەی کیژی بەژن بەرز

دڵی دڵداران ئەهێنێتە لەرز

دەنگیان ئەوەندە ناسك و خۆشە  هەروەك مۆسیقا پڕ بەزم و جۆشە

سەدای ئەزبەنی و قوربان قوربانە  بەستەو لاوکەو لۆلۆ و حەیرانە

بانگی مەلایە وەعزی مەترانە

یا دەنگی زەنگی دێری فەلانە

شەماڵ وا لەپڕ خاکەکەی سۆران  هاتەوە یادم مەنزڵگەی گۆران

فرمێسك لەچاوما قەتیس وەستاوە  یادی جارانم وا لەبەر چاوە

تۆزێك لەبیرو باسوەڕی سۆران

بەدیاری بێنە بۆ لای بادینان

ئەو بیرەی کەوا ساڵەهای ساڵە  ئاین و بڕوای گەورەو مناڵە

نەختێکی هەڵسوو لە دەم و چاوم  با ساڕێژ ببێ دڵەی سووتاوم

## جوانی بەهاری کوردستان

دهۆك، ١٩٥٧

کوردستانی جوان کوردستانی جوان  دایکی دڵسۆزی نەتەوەی کوردان

تۆ ژیانمی، هێزی گیانمی  هەمیشە ویردی سەر زبانمی

جوانی، سیحراوی هەروەك بەهەشتی  مەڵبەندی جوانی و سەیران و گەشتی

سەراپای دەشت و سەر شاخەکانت  نزاری چڕو ناو باغەکانت

---

[1] کوڕی گاڤان: گوندێکە بەرامبەر گەلی زاوێتە، هەموو مەسیحین.

[2] گارە: زنجیرە شاخێکە بەرامبەر بەعمادیە تا پشتی عەقرە.

هەمووی بەجاریٚ خەرمانەی گوڵە    بووکی ڕازاوەی بەهەشتی دڵە
پڕە لەگوڵی سووری چاو بەخومار    ڕیحانە کێوی و هەمیشە بەهار
نێرگزی مەستی ناو نێرگزەج    سوێسنەو هەڵاڵەو بەیبوون بە قەتار
زوڵفی چنووری لوولی ژێر بەفراو    شەستیپەڕ و هێرۆو نەسرین و لاولاو
پرچی پیشکۆك و بووکی گۆزروان    چووزەرەی جوانی ڕێواسی کوێستان
وەنەوشەی گویٚ چەم بەڕەزای شاخان    لەگەڵ بۆی خۆشی گوڵی ناو باخان
ئەیدەن لە دەماخ دڵ پەیوەست ئەکەن    بناغەی هەستی تەواو مەست ئەکەن
کوردستان جوانیت هێندە بەنامە    قەڵەم لەباسی جوانیت سەرسامە
هەر کوێت ئەبینم دڵگیرو خۆشە    مرۆڤ بەبیٚ مەی تیایا سەرخۆشە
دۆڵ و دەربەندو بەرزی و نشێوت    لاپاڵی گردو سەر ملەی کێوت
پڕ لە دیمەنی سیحراوی و بەرزە    خەیاڵی ڕەسسام دێنێتە لەرزە
خوڕەو تریفەی سەر چاوەکا    هاژەی بەفراوی کوێستانەکانت
هارەی شەپۆلی ڕووبارەکانت    مەنگی و بیٚدەنگی گۆماوەکانت
تیشکی زیوینی چیای بەفرینت    خاڵ خاڵی لوتکەو تاشی نەخشینت
کناچەی پۆڕی گوی چەمەکان    قاسپە قاسپی کەو لەسەر کێوانت
دەنگی ناسکی سوێسکەی ناو بەردت    جریوەی مەلی ناو دەغل و وەردت
چەچەی بلبلان لەسەر لق و چڵ    بە دەوری گوڵدا ئەخوێنن بەکوڵ
پەپوولەی ئێسك سوکی باڵ نەخشین    دەم لەناو دەمی گوڵی سوورو شین
فیکەو عیوەی شوان لەلاپاڵی شاخ    پرمەی ئاژاڵی تێری پڕ دەماخ
قەتارەی ڕەشماڵ لە دەشت و لەدەر    بارگەو بارخانەی خێڵاتی کۆچەر
ڕیزیان بەستووەو کەوتوونەتە ڕیٚ    خەریکی کۆچن بۆ هەوارگەی نویٚ
گوێت لیٚ بیٚ سۆزو هۆڕەی ناو دەربەنگ    سەدای باڵۆرەی کیژی شۆخ و شەنگ
هەمووی بەکۆمەڵ بێڵەکان لەشان    ئەڕۆن بۆ شنگ و گێلاخە هێنان
پۆل پۆل لادێی و شاری سەیرانکەر    هەموو لەدەوری سیرەی سەماوەر
تێکەڵ بەیەك بوون زەردو سوورو شین    هەموو ڕوووخۆش و دەم بەپێکەنیین
پیرو تەرپیرو کیژی سەرپێچ لار    لەگەڵ تاقمی گەنج و هەرزەکار
خاڵۆی گۆرانی بێژی جۆشگرتوو    بەبەستەی خۆشی تاقەت لیٚ نەچوو
کۆڕی جۆش داوەو ڕەشبەڵەك گەرمە    ترپەی پانیبەرز لەسەر گیای نەرمە
ورشەی پوولەکەی دەسماڵی سەدرەنگ    زرەی پۆیلانەو هارەی میخەك بەنگ
دیمەنی چۆپی سەر گیای بن سێبەر    قریوەی چۆپیکێش دەس لەسەر خەنجەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

دڵ لێی تێر نابێ ئەوەندە جوانە　　نەك دڵێك هەزار دڵ بۆی حەیرانە
چۆپی و سێپێیی و ڕۆیین و شێخانە　　دانس و هەڵپەڕكێی ناو كوردستانە
كوردستان تۆ خۆت تا بڵێی جوانی　　جوانی بەهاریش دێتە سەربانی

## تاڤگەی سیپە

ئاكرێ (عەقرە)، ١٩٥٧

ئاوە جوانەكەی پاڵ گوندی ئاكرێ　　سەرەوخوار ئەڕواو تیژ تێ‌ئەپەڕێ
بەناو پنچك و دارو دەوەنا　　بەناو درەختی چڕو زەبەنا
گوڵ و لق و چڵ لەم لاو لەو لاوە　　هەروەك تازە بووك دەورەیان داوە
ئاوەكەی هێندە پاك و بێ گەردە　　دەرمانی هەزار نەخۆشی و دەردە
تا لە شوێنێكی هەزار بەهەزار　　ئەبێ بەتاڤگەی سیپەو دێتە خوار
لەوجێ بەرزەوە هەڵئەڕژێ بەگوڕ　　بەسەر تاشێكا بەلێزمەو بەخوڕ
ئەڕژێتە خوارێ بۆ جێیەكی تەخت　　بۆ بن داوێنی هەڵەتێكی سەخت
هورووژمی تاڤگە وەك كەفاوی زیو　　سەرەوخوار ئەڕوا بۆ ناو دۆڵ و شیو
كە تۆزی وردی بە دەم باوە دێ　　لەدەم و چاوی مرۆڤی ئەسوێ
پیاو بەتەواوی ئەحەسێتەوە　　ماندوویەتیی ڕێی بیر ئەچێتەوە
تافەتافی ئاو شنەی بای دەم كەل　　لەگەڵ ئاواز و سركەی وردە مەل
دەنگیان ئەوەندە دڵگیرو خۆ　　هەر لەدوورەوە دڵ بۆی بەجۆشە
كرد گار ئێرەی كە بنیات ناوە　　دیارە لەسەرخۆ نەخشەی كێشاوە
بۆیە وا ئێجگار دڵگیر و جوانە　　بێ‌وێنەو تاكی سەر ڕووی جیهانە
دڵ لێی تێر نابێ هێند دڵفڕێنە　　كانگای ئیلهامە بۆ شیعرو وێنە

## مانگی دروستكراو

دهۆك، ١٩٥٧

### بۆ بۆنەی دروستكردنی یەكەم مانگی ئیتیحادی سۆڤیەتییەوە

ئێمە واین لەكۆی و خەڵكی والە كوێ؟　　كاروان وا بڕوا هەر ناگەینەجێ
هێشتا وا ئێمە هەروەكوو منداڵ　　تازە خەریكین بێینە گڕوگاڵ
خەڵكی بەهەوڵی زۆرو تێكۆشان　　ئەوا خەریكن ئەچن بۆ ئاسمان
بەكۆڵنەدان و هەوڵی دووروودرێژ　　گەیین بە زەڕڕەو بۆمبای دوورهاوێژ
بنی دەریایان تاقی كردەوە　　گرەویان لە ماسی و نەهەنگ بردەوە

www.zheen.org

به لێكدانەوەو بیری تیژو بەرز    مانگێكی تریان دروست كرد بۆ ئەرز

ئێمەی خەواڵووش لەقوڕچەتاوین    واین لەناو زونگی ژینا جێ ماوین

هەر لە پێدەشتاین لالوپاڵ كەوتووین    هەر بەناو زیندووین ئەگینا مردووین

ماوین چۆن مانێك بە كولەمەرگی!    ئەژین چۆن ژینێك هەر مەمرەو مەژی!

پەست و دواكەوتوو نەخوێندەوارین    بەكورتی بیڵێم زۆر شەرمەزارین

بۆ گیانی یەكتر پیس و ناپاكین    دوشمنی یەك و خوێنەخۆی چاكین

هەمیشە چەقۆ لەیەكتر ئەسووین    با دەیبا گوڕمان ئێمەش وا بژین!

هەتاكو ئێمە لەجیاتی خوێندن    بەربینە یەكتر بۆ یەكتر كوشتن

یا هەتا لەگەڵ یەكتر وا پیس بین    لەگەڵ یەكتردا بە دوو نەگریس بین

لەسەر هیچ‌وپووچ لەیەكتر بەربین    وەك كەلی خۆخۆر یەكتر دا پاچین

بەگوللەو دارو خەنجەرو كوتەك    بەربینە سەرو پەتەڵاكی یەك

نەك تەنها ئێستا هەتاكوو ماوین    ئەبینین هەروا لەقوڕ چەقاوین

ئاغاو دەرەبەگ خوێنرێژو زۆردار    كۆنەپەرست و هێزی ئیستیعمار

بۆ خۆیان ورگیان ئەلەوەڕێنن    سەدی وەكوو تۆو من ئەچەوسێنن

## كۆنەپەرستی و ئیستیعمار

١٩٥٨

كۆنەپەرستی و هێزی ئیستیعمار    بەربوونە گیانی گەلان وەكوو هار

بەتەفرەدان و هەڵفریواندن    بە درۆو دەلەسەو هەڵخەڵەتاندن

بەناوی دین و نەتەوەو ئیمان    دەمیان ژەندبووە خوێناوی گەلان

كردەی ئەمان بوو بردەی ئەوان بوو    چەتەیی و زوڵم و فڕان فڕان بوو

بەڵام كە گەلان چاویان كرایەوە    هێزیان پەیا كرد هاتنە كایەوە

زرمەیان هەڵسان لە كۆنەپەرست    ئیمپریالیزمیان دەركرد بست بەبست

بنكەی ژین
www.zheen.org

## ئاوی ڕووباری خابوور

زاخۆ، ١٩٥٨

سەیری ڕووباری خابوور    چۆن هەڵساوە لێڵەو سوور

پشتی كردۆتە چیا    بەرەو تەختایی ئەڕوا

لرفەی دێ بەرەو خوار    بۆ دەشتی پان و بەیار

هەر ئەڵێی ڕاویان ناوە    یاتۆ قیوەو ترساوە

یا لە ئێمە بێزارە		وا سرك و گورج ڕەفتارە
ئەزانم بۆچی وایە؟!		بۆچی گورجەو خێرایە
ئەزانم کە چی پێیە		فرمێسك و خوێنی کێیە
بە گوللەی چە بەدکارێ		بە نێزەی چە خوێنخوارێ
چۆن ڕێژراوەو کەی ڕێژرا		خاوەنی لەکوێ نێژرا
فرمێسك و خوێنی لاوان		هینی هەزار بێ تاوان
هەزار کوردی ماڵ وێران		بێ گوناه و بەسەزمان
هەمووی بە دەستی زۆردار		بە بیروڕای ئیستیعمار
کوژران و خوێنیان ڕێژرا		خاکیان بە بۆمبا بێژرا
خوێنی ئەو کوردانەیە		هی ئەو بێچارانەیە
خابوور ڕاپێچیان ئەکا		ئەیانبا بۆ ناو دەریا
ئەوانەی کە زۆردارن		بێویژدان و خوێنخوارن
نازانن ڕۆژێك هەر دێ		لەم زوڵمانە ئەپرسرێ
گەرچی پردەکەی دەلال[1]		دەلالی دۆست و هەڤاڵ
ئەمەی کردووە بە تۆمار		هەمووی بە شێوەی ئەخبار
ورد ورد ئەیگێرێتەوە		هیچی بیر ناچێتەوە

---

ئەو کەسەی کەوا کەرو نادانە		مرۆری پەلەی دەغڵی ژیانە
تاڵە بێ کەڵکە هیچ سوودی نییە		گۆڕی نەمانەو لەڕەگ کێشانە

## فلیمێکی تازە لە سلێمانی

سلێمانی، ١٩٥٧

بەبۆنەی ڕۆیشتنی کاربەدەستێکی ناپیاوەوە وتراوە کە لە سلێمانییەوە نەقڵ بووبوو، لەوکاتەی من بە ئیجازە لەدهۆکەوە هاتبوومەوە.

لە سلێمانی سەیرە هەرایە		ئاهەنگ و بەزمی دێلە بەبابە
خەریکی تارای بووکی عشارن		مەشغووڵ و ماندووی بارخانەو بارن
هەندێکی پیسی دوڕوو و نالەبار		وەك صالح شایەر کەوتوونە ناو شار
ئەڵێن حەزرەتی فس فس پاڵەوان		وا ئۆغر ئەکات ئەڕوا لەناومان

---

[1] دەلال– پردێکە لەسەر خابوور تۆزێك لەژوور شاری زاخۆوە ئەم پردە زۆر کۆنەو هەمووی بەبەرد دروست کراوە.

ئیتر لەپاش ئەو وڵات وێرانە / ڕاستی و عەدالەت زۆر پەرێشانە
ترازووی عەدالەت خوار ئەبێتەوە / حەقی حەقداران ناسێنرێتەوە
لەپاش ئەو هاوار بۆ لای کێ ببەین / یا نوێژی جومعان لەگەڵ کێ بکەین؟
ئیتر خولاسە بەزمە سەیرانە / بەر ماڵی پاشا شایی لۆغانە
گەر مچەی حەبێ کشمیش بمایە / ئەبوو بەشی خۆی بای پیا بدایە
هەندێ جلخوارو کۆنە قەڵتاغ شڕ / لە دیوەخانان بەسمڕ سمڕ
هەروەکوو تیپی بیج بیجەخانم / بە یاورم یاورم بە جانم جانم
کەوتوونە باسی دەوری ئۆزدەمیر / باسی قولئوردوو باسی سونگی و شیر
ئەو جۆرە کەسە زۆر قوڕمساغن / ساختەچی و پیسن، زۆر ناوەجاغن
کوڕی زەمانن ئێجگار بێ بارن / ژەهراوی و پیسن هەروەکوو مارن
وەختێ بزانن ئیشیان بەکێیە / ئیتر کوڕنووشەو کلکەلەقێیە
کە ئیشیان نەما کاتێکت زانی / هەموو دەس ئەکەن بە جنێودانی
لەدوای ئەو نۆرەی یەکێکی نوێیە / وەك لۆتی بەشی ئەمیشیان پێیە
هەروەکوو جاران گورج ئەکەونە کار / فلیمی تازە ئەخەنە ناو شار

## لافاو

سلێمانی، ١٩٥٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە دهۆك بووم هەواڵی لافاوەکەی شاری سلێمانیم بیست بەڕاستی زۆر کاری لێ کردم، چونکە هێشتا برینی دایك و باوکە ڕۆڵە کوژراوەکان سارێژ نەبووبووەوە، ئەم کارەساتەشی بەسەر هات، ٥٠–٦٠ کەسێکی تیا چوو، زیانێکی زۆریشی بەخشی.

هەواڵێکی جەرگبڕ / دڵی سست کردم لەپڕ
لەشی هێنامە لەرزین / کەوتمە بانگهەڵدان و شین
وەختێ کەوا پێم زانی / چی بووە لە سلێمانی
بەجارێك هێزم بڕا / بەندی جگەرم پچڕا
کارەساتی وا ناخۆش / دڵی کێ ناخاتە جۆش؟!
تەرزە وەك هێلکە بەتاو / هێزو هورووژمی لافاو
لەگۆیژەوە سەرەو خوار / خۆی کوتا بێتە ناو شار
سەد خانووی ڕاپێچابێ / سەدانی تیا خنکابێ
سەدیش دەست و پێشکاو / ماڵوێران و لێقەماو
لەژێر خانووی ڕووخاوا / لەناو پەنگی لافاوا

بەزۆر دەریان هێنابێ  بەحاڵ گیانیان تیا مابێ
ماڵ و بازاڕ و دوکان  قەیسەری و جادە و کۆڵان
نشتبێتە سەر لافاو  بە بەرزیی دوو مەتر ئاو
ئاخۆ چەن کۆرپەی ساوا  تلی دابێ لەئاوا
چەن بێشکەو لانك ئاخۆ  گەیشتبێتە تانجەڕۆ
یا چەن منالّی هەتیو  باوك و دایكی خۆ نەدیو
کەوتبێتە گێژی ئاو  فڕاندبێتی لافاو
یا چەن لاوی هەرزەکار  خاوەن دەسگیران و یار
لەژێر گلّ و بەرد و دار  مردبێ زۆر بەئازار
یاخود ئەبێ چەن منالّ  لافاو خستبێتیە چالّ
کەس‌وکاری وەك عەودالّ  بۆی گەڕابێ مالّەومالّ
یا ئاخۆ چەن تاقانە  ئێستە وا لەسەیوانە
ئای برا لەناو چوو خۆم  کەس خنکاوو مردوو خۆم
کەساس و مالّوێران خۆم  شاری پەست و شێواو خۆم
ئای سلێمانی بەد بەخت  قەت بەختت ناهێنێ جەخت
بۆ لێت ناگەڕێ چەپگەرد  هەر دەردەو لەبانی دەرد
هێشتا گرمەی بۆردوومان  سەدای ماوە لەگوێمان
زامی نەهاتۆتە سوێ  وا دەردێکی کەت بۆ دێ
خانووی ڕووخاوی ئەوسا  وێرانەو تەختە هێشتا
چەپگەرد بۆ لێت ناگەڕێ  بەدوای مەرگتا ئەگەڕێ
بەلاّم ئیمانم وایە  خاکت قەت لەبن نایە
تا سەر کوڵ نادەی بۆ ژین  قەت مل نادەی بۆ بەزین

## بۆ شا . . . . کۆن

وتیان سالّێکیان کێویێك ئاوس بوو  وەختێ ژان گرتی مشکێکی لێ بوو
ئێمەش هیوامان بە هەندێ کەس بوو  ئەوانەی کەوا ئیشیان بەدەس بوو
بەتەمایان بووین سوارەی مەیدان بن  تیشکی ڕووناکیی ڕووی نیشتیمان بن
کەچی لە قسەی وشك و پووچ بەدەر  شتێکمان نەدی بۆمان بێتە بەر
چی بکەین لە باسی ئالّتوون کۆپریی قوڕ  یا لە بەهرامی گوڕی گۆڕبەگۆڕ
ئەمجار بێتەوە نۆرەی کامیانە  نۆرەی عەنتەرە یا جەنگیزخانە

نیگەی زین www.zheen.org

نۆرەی گۆدەرزە یا هی ڕۆستەمە — ئەی دەس خۆش میرم، ماویەتی کەمە
بەو دەمانچەیەی بە تۆ درابوو — لەسەر گۆڕبەگۆڕ هەڵت کێشابوو
ئاڕاستەت کردبوو بۆسەر سنگی کورد — بەجارێك ئابڕووو شورەیی خۆت برد

## بۆ لالۆی هەژار

سلێمانی، ١٩٥٧

بە بۆنەی نەهات و تەڕبوونی کشتوکاڵی ١٩٥٧ وە وتراوە وە لەکاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاو کراوەتەوە.

لالۆ ساڵی پار ساڵەکەی شووم بوو — پڕ لە نەهاتی و بێ بەروبووم بوو
هەر ڕەنجێکت دا بۆت نەهاتە بەر — بۆت نەمایەوە غەیری دەردی سەر
هێشتا بەهار بوو سەرەتای دیار بوو — کە ئاسمان لە تۆ بە پشمو غار بوو
نەخۆشی قڕی خستە ئاژاڵت — هاڕیێو سن بەربووە ناو کشتوکاڵت
بارانی ناوەخت کارێکی وای کرد — هەرچیت چاندبوو هەمووی لەناو برد
تووتنەکەت هێندەی بارن لێ دابوو — هەمووی ورد بووبوو، ڕەش داگیرسابوو
(سالس) وردە چی ئەگیرێتەوە — چۆن قەرزو سلفەی پێ ئەدرێتەوە
بازاڕی لۆکەت کزو شکاوە — هەر ڕۆژە تووشی سەد بەندوباوە
ئیمڕۆ بە شەستەو سبەی پەنجایە — ئیتر بەکورتی داو بەرەڵلایە
ئەمساڵ چی ئەدەی بە کراس بۆخاتە — بە چی کەوش ئەکڕی بۆ ئەلەو فاتە
قەرزی شەکرو چاو کوتاڵ لەم لاوە — کومپیاڵەی سپیی سەلەم لەو لاوە
ناچاری هەمووی تازە کەیتەوە — کەی بووت یەكبەسێ هەمووی بەیتەوە
سەرەڕای قەرزو ڕووتی و بێ نانی — وا ئەمساڵ کوللە زەردەشی هانی
لە هەموو لایەك مۆڵی خواردووە — هیچت نایەڵێ هەرچیت سەوز بووە
ئای لاڵۆی هەژار چۆن لێی قەوماوە — چۆن لەژێر باری سەختا گیر ماوە

## قۆپی قەرەداغ

سلێمانی، ١٩٥٧

لوتکە بەرزەکەی قۆپی قەرەداغ — وام لەبەر دەمتا کزو بێدەماغ
پەست و غەمبار و دڵتەنگ وەستاوم — فرمێسکی خوێنین ئەتکێ لە چاوم
دەروونم پڕە لە قوڵپی گریان — بۆ تۆو بۆ چیاکانی کوردستان
کەوا ئەتانکەن بە بنکەی بۆمبا — بەرامبەر هێزی دەستەی ئاشتی خوا

بنکەی ژین
www.zheen.org

با تێر تێر بگرین بەجووت هەردوکمان — من بگریم بۆ کورد تۆش بۆ کوردستان
من بۆ تاقمی ئاشتی خوای بیٚ وەی — تۆش بۆ وڵاتیان شیوەن کە سا دەی
من بۆ گەلێکی دواکەوتووی بیٚدەس — تۆش بۆ خاکێکی هەژارو بیٚکەس
تۆ بۆ دووکان و من بۆ دەربەندیخان — بۆ ڕووباری زیٚ بۆ ئاوی سیروان
منیش بۆ خاڵۆی خانە وێران بوو — بۆ لێقەوماوان بۆ سەرلیٚ تێکچوو
دەخیلتم قۆپی شای لوتکەی شاخان — هانام بۆ هێنای دەخیل هەی ئامان
سەرێك هەڵبڕە بۆ لای ڕۆژهەڵات — بزانە تیشکی سووری چی لیٚ هات
نازانم بۆچی دوا کەوت بۆ نەهات — هێند چاوەڕێم کرد کوێراییم داهات

## سروودی ئاشتی

سلێمانی، ١٩٥٨

**لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاو کراوەتەوە وە تەرجەمەکەی بە عەرەبی بڵاو کراوەتەوە**

ئاشتیمان ئەویٚ ئاشتیمان ئەویٚ — هێزی ئاشتی خوائەبیٚ سەرکەویٚ
دەستەی شەڕفرۆش دەستەی خوێنمژان — دوشمنی بەرەی ئاشتیخوای جیهان
قەت سەر ناکەویٚ بۆی ناچێتە سەر — ئەبیٚ لە ڕەگ‌وڕیشە بێتە دەر
شەڕمان بۆ چییە دوشمنی ژینە — دوشمنی گەلی سەر ڕووی زەمینە
خەڵك لەناو ئەباماڵوێران ئەکا — دێهات و ناوشار پەرێشان ئەکا
پیرو منالٚ و هەرزەکاری جوان — کۆرپەی سەر بێشکەو ساوای بەسەزمان
هەمووی ئاوارەو دەربەدەر ئەبیٚ — هەمووی پەتیارەو قوڕبەسەر ئەبیٚ
ڕۆژێك دیٚ تۆپ وڕەشاش و تفەنگ — تانك و زرێلی و هەموو چەکی جەنگ
کۆ بکرێتەوەو بتوێنرێتەوە — هەمووی سەرلەنویٚ دابڕێژێتەوە
بکریٚ بە گاسن، بکریٚ بە تراکتۆر — پێیان بکێڵن زەوی‌وزاری زۆر
شیش و شێلمانیان لیٚ دروست بکەن — ڕادەی ژیانی گەلان سەربخەن
دەرمان پەیدا کەن بۆ دەردو ئازار — ئیش بدۆزنەوە بۆ بەرەی کرێکار
نان پەیدا بکەن بۆ دەستەی هەژار — هەژار نەهێڵن لە دێهات و شار
لەسای ئاشتیا هەمووی بەشادی — بژین بە خۆشی و گەردن ئازادی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

ئابڕوو شورەیی وەك دڵۆپی ئاو — کە تکایە خوار ون ئەبیٚ لەچاو
ئینسان کە ئابڕوو شوورەیی تکا — جاسووسی کردو نامووسی شکا
ئەبیٚ تا ماوە هەر شەرمەزار بیٚ — ڕووڕەشی خەڵك و ڕووی ڕۆژگار بیٚ

## سڵاو

سلێمانی، ١٩٥٨

**بەبۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی مەزنەوە وتراوە لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاو کراوەتەوە**

هەزار سڵاو بۆ کوردستان
بۆ کوردستانی خۆش و جوان
بۆ خاکی سۆران و بۆتان
بۆ حەکاری، بۆ بادینان
بۆ پشتکۆ، بۆ لورستان
بۆ هەموو شوێنی کوردستان
لەپێ دەشتییەوە تا شاخی
هەتا لوتکەی بەرز دەماخی
سڵاو بۆ بەردی بۆ داری
بۆ باغ و کێڵگەو بەیاری
بۆ کانی و ڕووبارەکانی
بۆ چەم و نزارەکانی
بۆ هەوای کوێستانەکانی
بۆ ئاوی ساردی ڕەوانی
بۆ شنەی بەردی بەیانی
بۆ زەردەی لای ئێوارانی
بۆ دەنگ و ئاوازی مەلی
بۆ قاسپەی کەوی دەم کەلی
سڵاو بۆ دانیشتوانەکانی
بۆ لادێی و شارستانی
بۆ دەوڵەمەندو هەژاری
بۆ کرێکارو جووتیاری
بۆ چەوساوەو بەشخوراوی
بۆ پەککەوتەو بەشڕاوی
بۆ ئەوانەی لە تورکیان
یا لە کوردستانی ئێران
مافیان خوراوەو ژێردەستن
لەژێر باران دیل و پەستن
بۆ پیرو لاوانی زیندووی
بۆ تێکۆشەرانی مردووی
بۆ گۆڕیچەو قەبرستانی
پڕ لە ڕۆڵەو قارەمانی
بۆ کۆرپەی باوك کوژراوی
بۆ دایکی جگەرسووتاوی
بۆ باوکی ڕۆڵە گیراوی
بۆ خوشکی برا خنکاوی
بۆ ڕۆڵەی خۆبەختکەری
ئاوباریك و تاریدەری
بۆ قارەمانی بازیانی
دیلی خاکی هیندستانی
ئەوی هەتا لەژینا بوو
بۆ کورد هەر لەناڵینا بوو
ئەشکەوت نەما تیا شەڕ نەکا
دوشمن بە گوللە کەڕ نەکا
بۆمبای دوشمن و زۆرداران
بەسەریا ئەهات وەك باران
هەر کۆڵی نەدا تا مابوو
نموونەی ئازادیخوا بوو
کە مردیش بەدەستی زۆردار
بە دەستی کلکی ئیستیعمار
پێکایان لەشی گیانی
وەك زیندوو خوێنیان لێ هانی

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەی شێخ سەعی و دکتۆر فوئاد          ئێوەش بە جووت هەروان لەیاد
بە لەش مردوون، بە گیان ماون          وان لە دڵمانا چەسپاون
تۆڵەی ئێوەی ئازادپەروەر          پێویستەو ئەخرێتە سەر سەر
ڕەگەزپەرستیی کوێرانە          پیشەی کۆنە پەرستانە
تۆرانی و ئیستیعماری پیس          کلکی و نۆکەرانی ئینگلیس
هاکە لەناو چوون و ڕووخان          لە بنج و بێخ دەریان هێنان
ئەوسا گەلی تورك و ئێران          وەك گەلی عێراقی خۆمان
هەموو بەکۆمەڵ وەك برا          ئەژین بێ شۆڕش و هەرا

ئەی شەڕی بەردەرکی سەرا          چەندی بێکەست تیا کوژرا
چەن کەست تیا دەربەدەر بوو          چەن کەست تیا قوڕبەسەر بوو
شەشی ئەیلوول شوومو شین بوو          ڕۆژێکی پەست و خوێنین بوو
بە خۆڕایی و بەناڕەوا          گەلێ کەسی تیادا کوژرا
ئەویش دەستی ئیستیعمار بوو          پیلانی سەگێکی هار بوو
بەڵام خەیاڵی زۆر خاو بوو          کۆنەپەرستی تەواو بوو
چونکە لەپاش بەینێکی کەم          عەرەب و کورد هەردوو سەرجەم
دەستیان لەملی یەکتر کرد          هەڵمەتیان بۆ سەری دوشمن برد
دوشمنیان دەرکرد لە وڵات          بەجووت گەیشتن بە ئاوات

www.zheen.org

ئەی پێشەوای دیموکرات          مردی نەگەیشتی بە ئاوات
خنکێنرای بە دەستی زۆردار          بە دەستی کلکی ئیستیعمار
ئیستیعماری پیسی خوێنخوار          ئیستعماری چاوبرسی و هار
نە دینی هەبوو، نە ئیمان          نە تەنها تۆزێك لە ویژدان
پەیمان و سوێنی خۆی شکان          زۆر بە نامەردی تۆی خنکان

ئەو چوار لاوەش بەپەت خنکا          دڵی هەمووانی پێ شکا
چوار قارەمانی تەواو بوون          چوار سەربازی زۆر بەناوبوون
خەیری و عیززەت خۆشناوی کورد          حەمە قودسی خەتیبی کورد
ئەمیش دەستی ئیستیعمار بوو          کردەوەی نۆکەری هار بوو
لاوەکانی ناوچەی دەرسیم          وەك شەبیب و فەهدو بەسیم
هەموو دران لە سێدارە          ئەمە پیشەی ئیستیعمارە

قالە و بەکر ئەحمەد وئەختەر          یادیان لە دڵمان ناچنە دەر

ئەوانیش بە گوللەی زۆردار — بە دەستی پیاوی ئیستیعمار
کوژران و خوێناویان پژا — لەگەڵ جواناوا هەڵڕژا
ئیستە لە گردی سەیوانن — لەلای شەهیدان میوانن

ئاخ کاك حەسەنی ئاوارە — ئەی خێرنەدیوی ئەم شارە
جێگەت لەناومانا دیارە — خەفەت لەسەر دڵمان بارە
لەکوێی ئەی لاوی خەباتکەر — ئەی نەبەردی وڵاتپەروەر
ئەو ئاواتەی کە تۆ ئەتخواست — وا هاتە دی و بووە بە ڕاست

ئێوەش[1] ئەی قارەمانی کورد — سەرکردەی سەربازانی کورد
قارەمانی خۆبەختکەر — بە ڕۆح بە گیان بە ماڵ بە سەر
ئەی نەبەردی چاونەترساو — خۆبەختکەر بێ نان بێ ئاو
بەبێ پشت و یارمەتیدەر — مەردایەتیی خۆت بردە سەر
شەڕی گرد مامشی بەناو — ستالینغرادێکە تەواو
دوشمن بە چەکی زۆرەوە — بە فڕۆکەی سەد جۆرەوە
شکا لەترسا وەك مێگەل — خۆی دەرباز کرد بە پەلەپەل
پاش ئەوەی هێزی ئیستیعمار — کۆبوونەوە وەك سەگی هار
دەورەیان دای بێ وچان — بە بۆمباو چەکی زۆر گران
کشایتە دواوە وەکوو نێر — تا گەیشتییە بێشەڵانی شێر
ئێستە وای لەلانەی شێرا — لەگەڵ تاقمێکی نێرا
قەڵای ئاشتیخوازی جیهان — گرتوونیە خۆی بەدڵ و گیان
تا بانگی دایکی نیشتیمان — ئەتانگاتێ و دێتە گوێتان
ئەڵێ وەرنەوە ئازادن — هەموو سەربەست و دڵشادن
ئێوەش[2] ئەی دیلە مەردەکان — تێکۆشەرە نەبەردەکان
خەباتکەرانی خاوەن بیر — کاکی بێ لە کۆتەو زنجیر
ئەی هەموو لەش ئازاردراو — ئەی نینۆك لەبن دەرهێنراو
ئەی چەوساوەو دارکاری کراو — ئەی لەش و مەچەك داخکراو
ئەی خەباتکەرانی مەزن — دوشمنتان هەڵکەنرا لەبن

[1] ئەم هەڵبەستە لەکاتێکدا وتراوە کە هێشتا برا بەرزانیەکان لە ئیتیحادی سۆڤێتی بوون وە نەگەڕابوونەوە نیشتمان.
[2] ئەم هەڵبەستە کاتێك کە وتراوە کە هێشتا دیلە سیاسیەکان بەر نەبووبوون.

بنکەی ژین www.zheen.org

مژده بێ لە ئێوە کەوا    دوشمنی سەرسەخت پەت کرا
وڵات ڕزگار بوو لەدیلی    لەژێر دەستی لە زەلیلی
ئیتر ئێوەش ئازاد ئەبن    بە هیوای بەرزتان شاد ئەبن
کوردو عەرەب ئازادیخوا    هەردوو بەجووتە وەك برا
چوونە پاڵ یەکتر شان بەشان    هەتا ئیستیعماریانڕووخان
پیلان و فێڵی ئیستیعمار    بە سەفتە دینارو دۆلار
پڕوپاغاندەو تەفرەدان    بێ شەرمی دەستەی نۆکەران
دەرەبەگی و تفەنگ و ڕەشاش    دابەشینی مووچەو مەعاش
کەڵی نەگرت بۆی نەچووە سەر    ئەوا بەشەق کردیانە دەر
هەرچی پەیکەری مەڕمەڕ بوو    هەرچی بنکەو قەڵای شەڕ بوو
کۆشك و پەیکەری زۆرداران    تاجی سەری خوێنخواران
وەك شێرە بەفرینەی بەهار    هەمووی توایەوە بەیەکجار
ئێستە عێراق جمهوورییە    جێی سەربەستی و ئازادییە
مەڵبەندی کامەرانییە    جێی ئیستیعماری تیا نییە
قەڵای دەستەی ئاشتی خوایە    بە شەڕکەران لەبن نایە
بەرامبەر بە گەلی وا مەرد    گەلی لەخۆبردووی نەبەرد
چی لەبارایە ئیستیعمار    عومری زۆر کورتە سەگی هار
ئەوانیش کەوا نۆکەر بوون    دوشمنی وڵاتپەروەر بوون
لەزیندانان سەریان شۆڕە    دەردیان بێ ئەوەیان گۆڕە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بۆ مستەر دالاس[1]

سلێمانی، ١٩٥٨

دالاسی نموونەی شەڕ خوا    کەوتۆتە هەلەکە سەما
ئامانجی پیس و گڵاوە    سەری تەواو لێ شێواوە
پارەی تاقمی ملیۆنێر    چەکی پووچەك و بۆمبای کوێر
خستوویەتیە سەودای شەڕکردن    بۆ پیاوکوشتن بۆ خوێنڕشتن
جارێك بۆ ڕۆژئاوا ئەچێ    جارێك ڕێی ڕۆژهەڵات ئەگرێ
یا بۆ پاریس یا بۆ لەندەن    یا بۆ لای کایشەکی بۆگەن
بۆ شەڕنانەوە لە کیمۆی    بەڵام هەمووی بێکەڵکە بۆی

---

[1] ئەم هەڵبەستە تەرجەمە کراوە بە عەرەبی وە لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبیدا بڵاو کراوەتەوە.

چونکە هێزی ئازادیخوا　　هێزی ئاشتی هەموو دنیا
هێزی کرێکارو جووتیار　　هێزی ئینسانی خوێندەوار
هێزی خەباتکەری نەبەرد　　هێزی هەموو گەلێکی مەرد
بەرامبەری ڕاوەستاوە　　ڕێگەی شەڕی لێ گیراوە
کۆتری سپی پیکاسۆ　　پۆل پۆل کەوتوونە ڕووی ئاسۆ
بەباڵ ئاسمانیان تەنیوە　　ڕێی شەڕوشۆڕیان بڕیوە
ئەبێ کوندە بەبۆی شەڕخوا　　هەڵبێ و لوتی خۆی ڕەشبکا
بڕوات بۆ چۆڵی و دەشت و دەر　　ڕووی نەیە سەر بێنێتەردەر

## بانگی ڕاستی

سلێمانی، ١٩٥٨

بۆم بڵێن لەم بەستە خۆشە　　ئاوازێکی چەن بەجۆشە
بەستەی کامەرانی و شادی　　بانگی سەربەستی و ئازادی
بانگی بەرزی ڕاست وڕەوان　　پڕ لە بیروباوەڕی جوان
نەك هی پیاوی نەخوێندەوار　　سنگ دەرپەڕێنەری ناوشار
بانگی مەردی لەخۆ بوردوو　　داناو ڕەوشت بەرزو خۆش خوو
نەك هی کەللەڕەقی بێ بار　　جنێوفرۆش و دەغەزار
بانگی مافی بەرەی کرێکار　　مافی خەباتکەرو جووتیار
ئەوانەی کە بەشان و قۆڵ　　بەهێزی بازوو پشت و کۆڵ
بار هەڵئەگرن دار ئەهێنن　　ئەرز ئەکێڵن تۆو ئەچێنن
پاچ کاری ئەکەن ڕۆژو شەو　　پەرێشانن بۆ تۆزێ خەو
پەنجەیان خوێنی تێزاوە　　بریندارە لە سەد لاوە
لەبەر سووری هەتاو　　عەرەق ئەرێژن وەك لافاو
منالی وردی ڕەش و ڕووت　　نانیان بۆ ئەبەنە سەر جووت
بەشبڕاوو بەشخوراون　　دڕك و داڵ لە پێ چەقاون
بستێك کرێش ژێر پێی گرتوون　　بە گیان زیندوون بە لەش مردوون
دەردەدارو پەرێشانن　　گروفتاری ئێش و ژانن
کە مافی ئەمانە سێنرا　　دوشمنیان لە بێخ دەرهێنرا
ئیتر ئەوپەڕی ئاواتە　　کۆتاییرۆژی نەهاتە
بۆم بڵێن زۆر بۆی پەرۆشم　　دەمێکە زووخاو ئەنۆشم

بنکەی ژین
www.zheen.org

که ئەمدی تاقمی هەژار    خراونەتە ژێر پێ لەقەو دار
کەساسن و مافیان خوراوە    هەموو سەریان لێ شێواوە
دنیام لا تەنگ و تار ئەبوو    ژینم پڕ ژەهری مار ئەبوو
بەڵام وا ئەو ڕۆژەش نەما    ئاشی زۆرداری وەرگەڕا
ئەوی کە مافی خوراوە    چەن ساڵە سەر لێ شێواوە
وا ئەگا بە ئاواتی خۆی    ئیتر مژدەی شادی بێ لێی

## پەنجەمۆری ئاشتی

سلێمانی، ١٩٥٩

من:

خاڵۆی ڕیش سپی نیشتیمانپەروەر    دەس لە گیرفانی ڕانکت بێنە دەر
قامکت ڕەنگ بکەو ترسی تیا نییە    پەنجە مۆرێکە داوای ئاشتییە
چەن ملیۆن پیرو چەن ملیۆن لاوان    چەن ملیۆن کچ و ژنانی گەلان
هەموویان وەکوو تۆ ئاشتیخوازن    بە ئاشتیخوازی خۆیان ئەنازن
هەموو هەوڵ ئەدەن بۆ ئاشتی جیهان    دوشمنی شەڕ خوان بەدڵ و بەگیان
مۆرێکەو بانگ کە ئاشتیمان ئەوێ    هێزی ئاشتی خوا ئەبێ سەر کەوێ
لەسای ئاشتیا مافت ئەسێنرێ    دەستەی شەڕفرۆش لە بێخ دەردێنرێ
ئاشتی بەهێز کەو پشتیوانی بە    دوشمنی دەستەی دوشمنانی بە
مرۆڤ ڕزگار کە لەشەڕو هەڵڵا    وەك کێو بوەستە بەرامبەر شەڕخوا
ئاشتی و ئاسایش بەری ژیانە    شەڕ دڕك و داڵی سەر ڕووی جیهانە
کامت لا شۆخەو کامت لا جوانە    کامیان دەنگ خۆشەو زۆر نەغمەخوانە
کۆترێکی سپی زۆر خنجیلانە    یا پەپوی شوومی دەوری وێرانە

خاڵۆ:

برام ئامادەم ها پەنجەم هانێ    من ئاشتیخوازم پەنجەمی پیانێ
هەتاکوو مابم لەسەر زەمینا    تا ماوەی ژینم مابێ لەژینا
هەر ئاشتیخوازم و هەر ئاشتیم ئەوێ    هێزی ئاشتی خوا ئەبێ سەرکەوێ
کێ ماڵوێرانی و بێ نانی ئەوێ    کێ ڕەش‌وڕووتی و گرانی ئەوێ
کێ باوکی ئەوێ ڕۆڵە کوژراو بێ    کێ دایکی ئەوێ جگەر سووتاو بێ
کێ خەستەخانەی ئەوێ وێران بی    کێ قوتابخانەی ئەوێ وێران بێ
کێ نیشتیمانی ئەوێ ژێر دەس بێ    کێ هاوڵاتی ئەوێ دەس بەس بێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

کێ ماڵ و خانووی ئەوێ سووتاو بێ
کێ دارو پەردووی ئەوێ ڕووخاو بێ
کێ ڕەزی ئەوێ وشك هەڵگەڕاو بێ
کێ باغی ئەوێ تینو و خنکاو بێ
کێ حەز لە شین و لە گریان ئەکا
کێ حەز لە گوللەو بۆردومان ئەکا
کێ خوێنی ئەوێ وەك لافاو هەستێ
بەناو لاشەدا جۆگا ببەستێ
کێ مەڕو ماڵی ئەوێ بێ شوان بێ
بەرەڵڵای دەشت و ملەی کێوان بێ
گەلەگورگ تێیان کەوێ ڕاست و چەپ
ورگیان هەڵدڕێ بە کەڵبەو بەقەپ
کێ حەز لەفرمێسك ئەکا لەچاوان
بڕژێتە خوارێ وەك تاوی باران
بۆ دایك و باوك, بۆ کۆرپەی ساوا
بۆ خوشکی نۆ بووك، بۆ برای زاوا
دەنگی باوکەڕۆو شیوەن و گریان
ڕۆڕۆو وا وەیلاو هەنسك هەڵکێشان
بانگ و هاواری دارکاری کراو
ئامان و تۆبەی لە لێدان ترساو
ئەمانە هەمووی ئەم دیمەنانە
لەم هەموو نەغمەو بەستە خۆشانە
شەڕ ئەیان هێنێ و دیاری دەستێتێ
شتی وا گلاو کێ مەبەستێتی؟
ئیتر چۆن پەنجەی پیا نانێم توخوا
چۆن ناچمەڕیزی دەستەی ئاشتیخوا
وتومەو ئەیڵێم هەر ئاشتیم ئەوێ
هێزی ئاشتی خوا ئەبێ سەر کەوێ

## گۆرانیی لالۆی جوتیار

بنکەی ژین
www.zheen.org

سلێمانی، ١٩٥٨

### بەبۆنەی دانانی یاسای کشتوکاڵەوە

هۆحە گابۆرە گورج لنگ هەڵێنە
زۆرمان نەماوە شان هەڵتەکێنە
دوێ ڕادوێنەکەی دیوەخانی میر
ئەی وت مژدەبێ لە دەستەی فەقیر
زەوی بەش ئەکەن بەسەر جووتیارا
بەسەر لادێیی و دەستەی هەژارا
وڵات ڕزگاربوو لەدەس زۆرداران
لە دەرەبەگی و دەستەی خوێنخواران
ئەوی خائین بێ جێگەی زیندانە
بۆیە لە دوێوە میر پەرێشانە
هۆحە گابۆرە دەی لنگ هەڵێنە
زۆرمان نەماوە شان هەڵتەکێنە
یەژن ڕزگاربووین لە کۆتەو زنجیر
لە ئاغاو شێخ و دەرەبەگی و میر
یەژن لەمەولا حاڵمان خاس ئەوێ
بازاڕ پڕ شەکرو کەواو کراس ئەوێ
گرانی نامێنێ شت هەرزان ئەوێ
نان پەیداکردن زۆر ئاسان ئەوێ
هۆحە گابۆڕە گورج لنگ هەڵێنە
زۆرمان نەماوە شان هەڵتەکێنە
یەژن هەوجاڕ و دەستەندوو گاسن
هیچی نامێنێ گشت لەناو ئەچن
مەکینەی جووت و درەو ئەهێنن
دەشت و دارو بەرد هەمووی ئەکێڵن

ئیتر کەس زەوی ناکێڵێ وە جووت	کەس بێگار ناکا وەك پیاوی دەمڕووت
بەخوا گەر ڕاست بێ گابۆڕ ئەمانە	هەردوکمان بەجووت وا دووشەشمانە
تۆ لە کەڵەمەی منڕزگار ئەبی	تێکەڵ گاگەلی نۆ هەوار ئەبی
منیش ئەبم بەخاوەن زەوی و زار	ئەبم بە فەلاح ئەبم بە جوتیار
بەڵام ئەمجارە بۆ خۆم ڕەنج ئەدەم	نۆکەری کەس نیم، بۆ خۆم ئیش ئەکەم
هۆحە گابۆڕە سەرت دەربێنە	وا لێ بووینەوە چاوت هەڵێنە

## جەژنی نەورۆز

سلێمانی، ١٩٥٩

**بەبۆنەی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ وتراوە**

بیست و یەکی مارت جەژنی نەورۆزە	جەژنێکە ئێجگار بەرزو پیرۆزە
جەژنی سەربەستی و دڵ ئازادیە	نیشانەی بەرزی و خۆشی و شادیە
ئەوڕۆژەی کەوا کاوەی ئاسنگەر	وەك شێری مەیدان لە لان هاتەدەر
گەلی ڕزگار کرد لەزوڵمی زۆردار	لەدەس کردەوەی زوحاکی خوێنخوار
ئەو ڕۆژەی شکا زنجیری دیبلی	لاچوو لەگەردن تەوقی زەلیلی
ئەو ڕۆژەی ئاڵای سەربەستی سەرکەوت	ڕۆژی ئازادی بۆ وڵات دەرکەوت
ئەو ڕۆژە جەژنەو جەژنی نەورۆزە	جەژنێکی ئێجگار بەرزو پیرۆزە
چواردەی تەمووزیش هەروەکوو نەورۆز	کەللەی دوشمنی تیا کرا بە تۆز
لاشەی ئەوانەی کەوا خوێنخوار بوون	ئەوانەی بۆ گەل وەك سەگی هار بوون
هەموو پەت کران کۆڵانەو کۆڵان	وەك سەگی تۆپیو هەموو ڕاکێشران

گەل قەت نابەزێ کێوی ئاسنە	قەڵاشکێنی دەستەی دوشمنە
گەلی عیراقی مەردی تێکۆشەر	ئاین و بڕوای بەری بردە سەر
ئەو گەلەی کەوا چەن ساڵ بوو وەك شێر	لەخەباتا بوو وەك مەردی دلێر
چاوی نەترسا لەگوللەی دوشمن	سنگەکوتێی بوو بەرامبەر مردن
هەزاران گەنجی خۆیان بەخت کرد	تا تەختی پاشای گەنیان تەخت کرد
هەروەك گەڵای دار لاوانیان لێ مرد	کۆڵیان هەر نەداو دوشمنیان دەرکرد

تازە پیلان و دەسدرێژیکردن	کاری لێ ناکا تاڕۆژی مردن
ئیستە ئەم گەلە ئەم نیشتیمانە	ڕزگارن لەدەس کۆتی بێگانە
ڕزگارن لەدەس زۆری ئیستیعمار	لە دەرەبەگی و پیاوکوژو خوێنخوار

بنکەی ژین www.zheen.org

کۆنەپەرستیی باوی بەسەرچوو — پەڵە هەورێکی چڵکن بوو ون بوو
ئێستە ئاسۆمان گەشەوڕووناکە — ئاسمانی وڵات بێ هەورو پاکە
نۆرەی خۆشیەو نۆرەی شادیە — نۆرەی ڕۆژێکی پڕ ئازادیە

دەوری زۆرداری و هێزی پۆلیسی — دەوری بوختان و چەوتی و جاسووسی
دەوری دووڕوویی و هەڵخەڵەتاندن — دەوری هەڕەشەو دەوری ترساندن
دارکاریکردن سزای ناو زیندان — نینۆکی دەست و پەنجە دەرهێنان
گرمەی یاساوڵ زرمەی دونکی و دار — حوکمی ناڕەوای حاکمی زۆردار
شەقەی قۆناغەی تفەنگی پێنج تیر — هەراو ئاژاوەو بەزمی ڕەشبگیر
گیزەی فیشەکی ڕەشاش و تفەنگ — تەقەی دەمانچەی ناو کۆڵانی تەنگ
زڕەی زنجیری دەست و پێی لاوان — شەقەی پۆستاڵی بەکرێگیراوان
بوختان هەڵبەستن تۆبە پێ کردن — پشکنینی ماڵ هێنان و بردن
هەمووی بەجارێك وا گۆڕبەگۆڕ بوون — ناگەڕێنەوە هەمووی لەناوچوون
ئەمجارە نۆرەی پاکی و ڕاستییە — نۆرەی یەکیتی و برایەتییە
ئەبێ هەموومان وەك برا وابین — بەرامبەر دوشمن کێوی پۆڵابین
نۆرەی خەباتە نۆرەی فرمانە — نۆرەی هەڵمەتە و هی تێکۆشانە

نۆرەی وریایی و ئاگادارییە — ئێجگار پێویستمان بە هۆشیارییە
ئەبێ چاوێکمان بکەین بە دوو چاو — گەل ڕاپەڕێنین، وریابێ تەواو
نەنوێ نەسرەوێ با بێ وچان بێ — ئاگای لەدەستەی پیلان گێڕان بێ
نەیەڵێ دەستەی دوشمنی وەتەن — ماوەیان ببێ دەسدرێژی بکەن
ئەوی مرۆڤی پیس و ناپاکە — جێی نابێتەوە بڕوا لەم خاکە
ئەوی خائن بێ بەم نیشتیمانە — بەشی سێدارەو پەت و خنکانە
ئەوی خەریکی پیلانگێڕان بێ — دوشمنی گەل بێ هی نیشتمان بێ
بەدەمی داسی تیژی جووتیاران — بە چەکوشی پۆڵای چینی کرێکاران

یان ئەکرێنەوەوڕایان ئەکێشن — هەرچی ناسۆرە هەمووی ئەچێژن
ئەوانەی کەوا نیازیان گڵاوە — ویژدانی خۆیان خستۆتە لاوە
خۆیان ئەفرۆشن بە سەفتەی دۆلار — بوون بە نۆکەری دەستەی ئیستیعمار
زۆر باش تێبگەن بزانن کەوا — بەرەی یەکگرتوو هێزی ئازادخوا

وریان، ئاگایان لە نیشتیمانە — خۆیان بەخت ئەکەن زۆر دڵسۆزانە
قەت ماوە نادەن کلکی ئیستیعمار — سەری دەربێنێ وەکوو کوێرەمار

بنكەی ژین www.zheen.org

هەموویان وریان بە ڕۆژو بەشەو
نایەڵن چاویان قەت بچێتە خەو
بۆ پارێزگاریی ئەم نیشتیمانە
هەموو سەروماڵ بۆی بە قوربانە
ئەبێ ئەم خاکە هەروا سەربەست بێ
گەلمان ئازاد بێ لەخۆشیا مەست بێ

ئەبێ نیشتیمان هەروا ئازاد بێ
گەلی سەربەست و بەرزو دڵشاد بێ
دوور بێ لە شەڕو دوور بێ لە هەڵلا
بچێتە ڕیزی دەستەی ئاشتیخوا
ئاشتی بەهێز کاو پشتیوانی بێ
دوشمنی دەستەی دوشمنانی بێ
دەستەی شەڕفرۆش دەستەی شەڕخواهان
دوشمنی خۆشی و ژیان و ئینسان
ئامانجیان پیسەو نیازیان گڵاوە
هێزیان بڕ ناکا پشتیان شکاوە

ئاشتی و ئاسایش خۆشی ژیانە
شەڕ دڕك و داڵی سەر ڕووی جیهانە
تاقمی شەڕ خوا ئەبێ شەق بەرێ
ڕوو بکاتە شەیتان پەنای بۆ بەرێ
لووتی خۆی ڕەش کا وەك شار بەدەرکراو
هەڵی، ڕووی نەیە ئێتر بێتە ناو
پەپووی نەگبەتو دۆستی وێرانە
بێگومان بەشی هەر ملشکانە
کۆتری ئاشتی سپی پیکاسۆ
پۆل پۆل هەڵ بفڕێ بەرەو ڕووی ئاسۆ
پڕ بەدەم بانگ کا ئاشتیمان ئەوێ
هێزی ئاشتیخوا ئەبێ سەرکەوێ

## سروودی کرێکاران

سلێمانی، ١٩٥٩

www.zheen.org

ئەم چینە چینی کرێکارانە
چینی نەبەردو تێکۆشەرانە
چینی پێشڕەوی لەخۆ بوردووە
ئالاّ هەڵگری شۆڕشگێڕانە
بەرامبەر هێزی سەرمایەداری
کۆڵی نەداوەو مەردی مەیدانە
مافی خۆی ئەوێ بێ کەموکوڕی
نابەزی پیشەی هەر تێکۆشانە

چینی کرێکار لە کانگاکانا
یاخود لە کۆڕی ئیش و فرمانا
بە قرچەی هاوین لەبەر هەتاوا
یا لەبەر سەرماو تۆفی زستانا
گوێی نەداوەتە بەندی و سێدارە
کۆڵی نەداوە لە تێکۆشانا
چینی کرێکار هەرگیزاو هەرگیز
چینی پێشڕەوە لەڕووی جیهانا
برسێتی و دیلی نەیبەزاندووە
ڕەشاش و گوللە نەیتۆقاندووە
ئیمپریالیست و سەرمایەداری
پێی نەوێراوەو نەیشکاندووە
بە هێزی بازوو، بە چەکوشی پۆلا
ملی دوشمنی خۆی پەڕاندووە
کرێکارانی هەموڕووی جیهان
دەس لەناو دەستیان یەکیان گرتووە

با مفتەخۆرو سەرمایەداران ... ببنە دوشمنی چینی کرێکاران
با ئینتیهازی و شۆڤینی و خۆفرۆش ... بچنە پاڵ پشتی دەستەی بەدکاران
بەڵام ناتوانن کارمان لیٚ بکەن ... خۆمان بەخت ئەکەین بەسەد هەزاران
ڕەنجی چەن ساڵە چۆن لەکیس ئەدەین ... چۆن بەبای ئەدەین مافی هەژاران

## کچە پیروسی[1]

دهۆك، ١٩٥٦

کچە پیروسییەك دار بەکۆڵەوە ... وا هات بەتەنها لەڕێی چۆڵەوە
کاڵەو پێتاوی بەستووە وەك پیاو ... بەرگی سەراپای شڕو داوەشاوە
گوریسی شانی وا شەتەك داوە ... لەشی هەروەکوو کەوان چەماوە
تاوە بارانی لە ڕیٚ لیٚ داوە ... سەرتاپای لەشی هەمووی هەر ئاوە
بیٚهۆش و ماندووی ڕێی سەخت‌و دوورە ... تاساوی چیاو سەر بەرەو ژوورە
کۆڵی زەلامی مرۆڤ پسێنی ... هەمووی تێك داوە ئێسقان و خوێنی
لێو قلێشاوو سپی هەڵگەڕاوە ... بە وێنەی گوڵی ئاو لیٚ بڕاوە
جووتە چاوەکەی نێرگزی سیسە ... فرمێسکی تیادا مات و قەتیسە
سەر گۆناکانی زەردو ژاکاوە ... هەروەکوو گەڵای پایز زەرد باوە
سەر پەنجەکانی خوێنی تێنراوە ... ئەوەندە دڕك و چیلکەی لێداوە
بژو تێك تێك ئاڵۆزاوی ... شۆڕ بۆتە خواریٚ سەر دەم و چاوی
لە دار گیر بووە قژی لاجانی ... ئاڵاوەتە گوێیٚ چڵی سەر شانی
بەلارەو لارە ماندوو پەك کەوتوو ... رووی کردە ناو شار وەك نیوە مردوو
کە گەییە بازاڕ سووکیٚ دانەوی ... کۆڵە قورسەکەی نایە سەر زەوی
لەملاو لەولاوە خاوەن کۆڵەدار ... ماندوونەبوونی ئەکەن بەیەك جار
(خوشکی من شەقی زەحمەتی نەبی ... ڕەحمەت لەدایی و بابی تە بی)
بەدیار کۆڵەوە هەتا ئێوارە ... ئەبیٚ دانیشیٚ مات و بیٚ چارە
هەتا کڕیارێك دیٚ بۆ ئەو دارە ... ئەوسا ئەیداتیٚ بە هەندیٚ پارە
کە شەویش داهات بیٚماڵ بیٚلانە ... ئەوپەڕی جێگەی ژوورێکی خانە
بەم کولەمەرگیەش ئەڵێن گوزەران ... هەمووی هەر ژانەو پێی ئەڵێن ژیان

بنکەی ژین
www.zheen.org

[1] پیروسی: تیرەیەکن لە کوردەکانی تورکیا لەزستانا لەبەر سەرماو بەفرو کەم دەرامەتی دێنە ناوچەکانی عێراقەوە بەتایبەتی بۆ دهۆك بەکۆڵە چیلکەو دارهێنان خۆیان بەخێو ئەکەن تا سەرما نامێنیٚ ئەوسا ئەگەڕێنەوە.

## ئەو گەلەی

ئەو گەلەی کەوا قوربانی دابێ لەڕێی خەباتا خوێنی ڕژابێ
تێکۆشەرانی نەفی کرابێ لەناو زیندانا ئەزێت درابێ
درۆیە گەلی وا قەت نامرێ بە هەموو دنیا لەناو نابرێ

گەلێك وڵاتی وێران کرابێ بە گوللەو بۆمبا خاکی بێژرابێ
دێهات و شاری هەموو ڕووخابێ بە هەزارانی تیادا کوژرابێ
درۆیە گەلی وا قەت نامرێ بە هەموو دنیا لەناو نابرێ

گەلێك لاوانی مەردو ئازابێ بەرامبەر دوشمن وەك شێر وەستابێ
پەت و قەنارەی بۆ هەڵخرابێ کۆڵی نەدابێ هەتاکوو مابێ
درۆیە گەلی وا قەت نامرێ بە هەموو دنیا لەناو نابرێ

گەلێك پێشمەرگەی بەرامبەر دوشمن وەك کێوە وەستابێ بێ ترس لەمردن
قوربانی دابێ لەپیاو و لەژن تا ڕیشەی دوشمن دەربێنێ لەبن
درۆیە گەلی وا قەت نامرێ بە هەموو دنیا لەناو نابرێ

گەلێك خاوەنی نەبەردی وابێ بەر لەوەی ملی لەپەت نرابێ
سەربەرز بەرەوڕووی دوشمن وەستابێ بانگ کا نیشتیمان گیانم فیدابێ
درۆیە گەلی وا قەت نامرێ بە هەموو دنیا لەناو نابرێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سڵاوێك بۆ گەلی جەزائیر

بە ڕاستی گەلی جەزائیر ماوەیەکی زۆرە لەخەباتایە، بەهەزاران گەنجی لەکۆڕی جەنگا کوژراون و بەهەزاران لاویان لێ کراوە بەسێدارەدا، کاربەدەستانی فڕەنسەی خوێنڕێژو دڕندە, دڵ پڕلەقین و کینە بەرامبەر بەخواستی گەلی جەزائیر وەستاون، ناچنە دەرەوە لەو خاکە، ئەمەیە پیشەی ئیستیعمار.

سڵاوێکی پڕبەدڵ پیرۆزباییەکی بەکوڵ
بۆ گەلێکی ئازاو نێر بۆ جەزائیری دلێر
بۆ ئەو گەلەی بێ وچان بەبێ پشوو بێ وەستان
کەوتۆتە پەلاماردان وەك شێر هاتۆتە مەیدان
بەرامبەر هێزی خوێنخوار بەرامبەر زوڵمی زۆردار
بەرامبەر بە گورگی هار بەرامبەر بە ئیستیعمار

بەرامبەر فرۆکەی زۆر بەرامبەر تانکی سەد جۆر
بەرامبەر گوللەی بەدکار بەرامبەر بۆمبای سامدار
بە شەو و ڕۆژ کۆڵنەدان هەوڵدان و تێکۆشان
داوای ژیانێکی تاسەر داوای بێگانە بەدەر
داوای سەربەستی کردن یا ئازادی یا مردن
چاو نەترساو لە گرتن لە زنجیرو خنکاندن
لە هەڕەشەو سێدارە لە لێدان و قەنارە
بەبێ ترس، بەبێ لەرزین بەبێ شکان و بەزین
خەباتێکی نێرانە هەڵمەتێکی شێرانە
بۆ سەر لەشکری دوشمن گەورەو بچووك پیاوو ژن
هەموو بەکۆمەڵ وەك شێر ڕاست بوونەوە وەك دلێر
هەتا ڕیشەی ئیستیعمار بە بێخ بێنن بەیەکجار
ئەوسا تۆڵەی ڕابوردوو تۆڵەی ڕۆژانی پێشوو
تۆڵەی دیل و خنکاوان خوێنی هەزار بێ تاوان
تۆڵەی هەزار هەتیوان باوك و دایك نەدیوان
تۆڵەی هەزار کۆستکەتوو هەزار خۆشەویست مردوو
هەزار کەسی دەربەدەر ماڵوێران و قوڕبەسەر
لە دوشمن ئەکرێتەوە سزای خۆی ئەدرێتەوە
بەرامبەر گەلی وا مەرد گەلی وا ئازاو نەبەرد
چی پێ ئەکرێ ئیستیعمار ژینی کورتە سەگی هار

## ڕەگەزپەرستیی کوێرانە

فاشیستەکانی تورکیای خوێنڕێژ ئێرانیەکانی تلیاککێش و گێژ
ڕەگەزپەرستیی پیس و کوێرانە دەرسی ئیمپریالیستی شەیتانە
خەیاڵتان خاوە ئای قوڕ بەسەرتان بۆ هۆش و گۆش و بیروباوەڕتان
وڵاتتان هەمووی داگیر کراوە سەربەخۆییتان هەر بەناو ماوە
خاکتان سەرو خوار بنکەو قەڵایە ئیمپریالیزمی تیادا ئاغایە
گەلتان سەراپا برسی و بێنانە نەخوێندەوارەو کوێرو نادانە
تانك و زرێلی و ڕەشاش و تفەنگ سکتان تێر ناکات گوللەی کۆڕی جەنگ
دۆلارو پاوەن بۆ ئێوە نییە بۆ سەفاهەتەو بۆ بێشەرمییە

## مامۆستا ڕەشید کورد

لەوکاتەدا کە بەشی یەکەمی ئەم دیوانە لە چاپکردن بوو لە ڕۆژنامەکانا خوێندمەوە کە مامۆستای تێکۆشەر مامۆستا ڕەشید کورد، کە یەکێکە لە کوردەکانی سووریا، لەچنگ یاساوڵە فاشیستەکانی سووریە خۆی دەرباز کردووەو خۆی گەیاندۆتە عێراق. عێراق کە مەڵبەندی ئازادیخوازانە.... مەڵبەندی سەربەستی و ئازادیپەروەرانە... خۆی گەیانە عێراق بۆ ئەوەی کە بۆنی ئازادی و هەوای سەربەستی هەڵمژێ و سیە ژەنگاویەکانی کە بە هەوای ئیمپریالیست و فاشیستەکانی سووریە پڕ بووبوو، پاك بکاتەوە. بەڵام داخەکەم هەندێك لە کاربەدەستە کۆنەپەرستەکان لە مووصڵ مامۆستای ناوبراویان گرتو دایانە دەست جەندرمە خوێنڕێژەکانی جمهووریەتی عەرەبی یەکگرتوو لەسەر سنوورو هەر لەبەر چاوی پۆلیسە عێراقیەکان لەتوپەتیان کردو گیانی پاکی بە خاك سپارد. بەم جۆرە مامۆستای ناوبراو بوو بە شەهیدی ئازادیخوازی. ئەم چەند دێرە پێشکەشی گیانی نەمری بێ.

ئەی مامۆستای شەهیدو مەرد  ئەی ئازادپەروەری نەبەرد
خۆت دەرباز کرد لە تاریکی  ملت نا بەرەو ڕووناکی
بەو هیوایەی کە ئازاد بێ  هاوبەشی گەلێکی شاد بێ
دووربێ لە زۆردارو بەدکار  دوور لە دەستەی فاشیستی هار
بەڵام گەلەگورگی برسی  بەبێ ویژدان و مەترسی
ڕێیان پێ گرتی وەکوو مار  دایانیتە دەست سەگی هار
سەگی برسی بی پاس و پیس  نۆکەری ئەمەریکاو ئینگلیس
نۆکەری خوێنڕێژو بەدکار  هەموو چاو سوور چاو سوور، خوێنخوار
تۆ دوو کەڕەت گوناهبار بوویت  یەکەم کوردێکی هۆشیار بوویت
دووهەمیش زددی فاشیست بووی  دوشمنی ئیمپریالیست بووی

بنکەی ژین www.zheen.org

# یادی نیشتمان

بنکەی ژین
www.zheen.org

هاوار

زنجیرەی یەکەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێشەکی

ئەو هۆنراوانە، بەشی دووهەمی هەڵبەستەکانمن، بەشی یەکەمی "یادی بادینان" بوو کە لە ساڵی ١٩٥٩دا چاپم کرد.

ئەو هەڵبەستانەم بریتین لەو هەڵبەستانەی کە لە دەروونی بێگەردو دڵی شکاومەوە هاتوونەتە دەرێ، لە ساڵی ١٩٦١ –ئەیلوول– بەدواوە هەتا شوباتی ساڵی ١٩٧٤، کە ماوەی چەند ساڵێکی کەم ماوەیە ڕێم نەبوو سەر لە کوردستان بدەمەوە.

**هـاوار**

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org

## تاوان

٢٢ /١٩٥٩/١٢

لەسەر گۆڕی شەهیدێك

کۆنەپەرستو ئیستیعمار دەوەریان داوین وەکوو هار
سەر سنووریان لێ تەنیوین ئیسراحەتیان لێ بڕیوین
دەرەبەگی ڕاکردووی هار دڵ پڕ لە قینو دەغەزار
بە تمەنو فیشەكو دۆلار بوون بە نۆکەری ئیستیعمار
هەمووو وەك دڕندەی خوێنخوار دەس درێژ دەکەن جار لەدوای جار
تۆش ئەی کاکی چاونەترساو ئەی بە گوللەی زۆردار کوژراو
ئەی شەهیدی ڕێی تێکۆشان خوێنی پاکی تووشیان ڕژان
لایان وابوو بە پیاوکوشتن لە هێزی گەل ڕزگار دەبن
بەڵام خەیاڵیان زۆر خاوە گەل تازە خوێنی ڕژاوە
تازە نابەزێ، پۆڵایە دوشمنشکێنە، وریایە
ئامادەیە هەتا مردن بۆ قوربانی پێشکەشکردن
با یەك لەدوای یەك لاوانی نەبەردو تێکۆشەرانی
بە قوربانی ئازادی بن تا دوژمن دەردێنرێ لەبن

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بۆ مەلی ئازادی

تێ چریکێنە گیانەکەم بەو دەنگە خۆشو بەرزە
تەلی دڵم وەك تەلی کەمانە بێنە لەرزە
لە قووڵایی دڵتەوە لە ناخی دەروونتەوە
لە سەرچاوی خاوێنی هەستی پاكو ڕوونتەوە
هەڵی ڕێژە بۆ دڵی هەزارانی وەکوو من
دڵی هەزار هەژاری ئەنجن ئەنجنو کون کون
بۆ منو بۆ ئەوانە تێر تێر بخوێنە گیانە
بۆم بڵێ بەستەی شادی سروودێکی ئازادی
بەستەی پڕ نەشئەو هیوا بەستەی ئومێدو بڕوا
بەستەی دواڕۆژێکی شاد بەستەی گەلێکی ئازاد
دوور لە ناڵەی هەژاری پڕ بێ لە بەختیاری
ئەی مەل توخوا بە چریکە دەشتو دەر هەمووی پڕکە

به سروودی ئازادی — دوژمنی گەلان ورکە
هاودەمی هەژاران بە — مەرهەمی بریندارن بە
بۆ تاقمی چەوساوە — بۆ دەستەی برسی و هەژار
مژدەی ژینێکی پڕ شاد — لە گەرووت هەڵرێژە خوار
تێچریکێنە گیانەکەم — بە دەنگ و ئاوازی خۆش
بناغەی هەستی دەستەی — هەژاران بێنەرە جۆش
دوژمنی ئازادیخوای — گەلان پەست و دڵتەنگ کە
بە نەغمەی پڕ لە سیحرت — زوبانیان هەمووو لەنگ کە
بنکەو قەڵای زۆرداران — هەمووی سەرەوگوون کە
تەم و هەوری شەڕوشۆڕ — ڕامالەو ئاسمان ڕوون کە
چەوساندنەوە هەژاری — دیلی و زوڵم و زۆرداری
با تۆویان لەم جیهانە — تەفروتوونا بێ گیانە

## باش بیانناسن

١٩٦٠/٧/١٨

کۆنەپەرستی ناو دڵ پڕ لەقین — چییە، چرپەت دێ، تۆش کەوتوویتە شین؟
جاران ئەم کوردەو ئەم نیشتمانە — ئا ئەم وڵاتە دڵگیرو جوانە
کە لەبەر چاوتە چەند دواکەتووە — چۆن پارچەپارچەو سەرلێ تێکچووە
زۆربەی چەوساوەی تۆو وێنەی تۆ بوو — خۆراکی نانی هەرزن و دۆ بوو
پیاوی هەژارت لەلا حەیوان بوو — هەر خۆت و وێنەی خۆت لا ئینسان بوو
دڵت وەك لە بەرد دروست کرابێ — تۆزقاڵێك ڕەحمی پێ نەبڕابێ
جارێك نەلەرزی، ڕۆژێك لە ڕۆژان — نە بۆ گەلی کورد، نە بۆ کوردستان
کەچی دوای ئەوەی شۆڕشی مەزن — ڕیشەی زۆرداریی دەرکێشا لە بن
پاش ئەوەی کەوا دەستت کەوتە ڕوو — ڕۆژی زۆرداریت لە کەل ئاوا بوو
ئەوسا خەریکی بائەدەیتەوە — ڕۆژانی ڕەشت سپی دەکەیتەوە
بەڵام نازانی بۆت ناچیتە سەر — "نە ڕەنگێ دیگەر نە بارێ دیگەر"
چونکە بڕوات بێ گەل هێن وریایە — هەزار ئەوەندەی تۆ شارەزایە
تازە نە گریان، نە فرمێسك ڕشتن — نە بەدرۆ بۆ کورد واوەیلاکردن
هیچی ڕووی ڕەشت سپی ناکاتەوە — کردەوەی بەدت بیر ناباتەوە
کێ بڕوای هەیە گورگی درنگە — کە بەناوبانگ و درو بەچنگە

بنکەی ژین www.zheen.org

بێدەنگ دانیشێو وازبێنێ لە ڕان          دەس ناکاتەوە بە فڕان فڕان
ڕاستیان فەرمووە قسەی پێشینە
تۆبەی گورگ تەنها مەرگەو تۆپینە

## برای کرێکار

١٩٦٠/٨/٢

برای کرێکار، هەموو ڕۆژێك
دەبینم کاتی چێشتهەنگاو
بە خۆتو جووتێ کلاشی شڕ
لەگەڵ ساجێکی کۆنی شکاو
بە لارەو لارە ڕێ دەگری
بەرەو ماڵ مل دەنێی لۆش لۆش
وەها دیارە بەبێ ئیشو
بێکاری کاکەلێی داماو
بەڵام لات وایە هەر خۆتی
کەوا بێئیشو بێکاری
لەلات وایە تەنها تۆی
لە ڕیزی چینی هەژاری
نەخێر زۆرن، ئەوەند زۆرن
برای کرێکارم ناژمێرێن
وەکوو ملیونەها کرێکار
کەساسی چینی زۆرداری

تکەی ژین
www.zheen.org

## بۆ کچی لادێییەك، ژنە لادێییەك

١٩٦٠/١٠/٢٧

لە دیوانێکی تازە چاپکراودا هەڵبەستێکم بەرچاو کەوت، لەژێر ناوی "کچە کورد"دا بە وێنە، بە شێوەی کچە کوردێکی تەواو پۆشتەو پەراداغو بەئارایش ڕازابووەوە. دوێنێ کچە لادێییەکەم بینی بە بەرگو پۆشتەنی چڵکنو شڕپا تەواو بە پێچەوانەی وێنەی ئەو هەڵبەستە بوو. بەداخەوە ئەمەی من لێی دواوم وا بزانم زۆرتر لە ڕاستییەوە نزیکەو شێوەی زۆربەی کچە کورد دەخاتە ڕوو، ئەو کچە کوردە کە دیم کوڵە کنگری پێ بوو، دەی هێنا بۆ فرۆشتن.

خوشکە لادێیی، چەوساوەی کۆمەڵ
ڕوخسارت ڕەنگ‌وبۆی لێ بڕاوە
برسیتی تەواو زەیفی لێ سەندووی
ڕەنگت هەروەکوو لیمۆ زەردباوە
لەژێر بێگارو ئەرکی گرانا
گۆشت‌و ئێسقانت تێك ترنجاوە
نرکەت دێ لەژێر کۆڵی گرانا
عەرەقی ڕەش‌و شینت دەرداوە
ئاخۆ چەند شەوە، بە مەینەتەوە
خەوو ئارامت لەبەر بڕاوە
یا بێشکەی کۆرپەی گڕۆزو برسیت
چەند ڕاژەندووەو شانت سواوە
بۆیە چاوت قورس‌و ئاڵۆزە
کە هەڵدێ دەڵێی گۆمی خوێناوە
وەك تارمایی‌یەك بەڕێدا دەڕۆی
بە حاڵ هەناسەو نووزەت تیا ماوە
چۆن باسی بەرگی شڕۆڵت بکەم
لە سەد جێگاوە پینە کراوە

کوڵوانەی کۆڵی شیتاڵ شیتاڵت
سیپاڵەو بەناو کوڵوانەی ناوە
لە جێی قۆندەرەو گۆرەویی نایلۆن
پێت لە کلاشی شڕ داڕزاوە
لە جێی کرێم‌و سووراوی سەر لێو
بە قرچەی هاوین ڕووت هەڵقرچاوە
لە جێی ملوانکەو حێل‌و مێخەکبەنگ
سنگت وەکوو ساج ڕەش هەڵگیرساوە
لەجیاتی بووکلەو زوڵفی لوولکراو
ئەگریجەت بڕو تێك ئاڵۆزاوە
خوشکە لادێیی چەوساوەی کۆمەڵ
خوشکە کوردەکەی کز هەڵوێستاوە
دەزانم دەردو داوو پەژارەت
هۆی چییەو بۆچی بەشت خوراوە
تا کۆمەڵ دیلی چینایەتی بێ
هەژار هەر بەشی سەختی‌و گەرداوە
تا چەوسێنەرو چەوساوە مابێ
بە ملیۆنەهای وەکوو تۆش ماوە
بەڵام چەوساندن هاتا سەر نابێ
کاتێکت زانی ئاشی وەستاوە

## مافی کورد

١٩٦٢/٩/٣١

لە ئاهەنگێکدا پێشکەش کراوە

کوردی شۆڕشگێڕ ئەستێرەی بەرزە ئەدرەوشێتەوە
وا لە ئاسمانی خەباتا، بێ‌وچان دەخولێتەوە

شان بەشانی میللەتانی بەشخوراوی ڕووی جیهان
مەشخەڵی ئازادیخوازی بەرزە قەت ناکوژێتەوە

تا بە مافی خۆی نەگات‌و کۆت‌و زنجیر لەت نەکا
لاوی پێشمەرگەی نەبەردی شۆڕشی نابڕێتەوە

ئەو کەسەی کەوا تەمابێ، مافی کورد ژێر پێ بخا
وەك بزن سەد قۆچ لە تاش با، شاخی خۆی دەشکێتەوە
سەد فڕو فێڵو پەلاماردانو چاو سوورکردنەوە
هەروەکوو بەفری بەهاری شاخەکان دەتوێتەوە
کوردە خەلاتی ناوێ مافی خۆی دەوێ بێ چەندوچۆن
مافی کورد قەرزە لەسەر تاریخ دەبێ بدرێتەوە

## سروودی ئازادیخوا

١٩٦٢/١١/١١

گوێ بگرن دەنگە هەرایە، گوێ بگرن دەنگە هەرایە
لە دوورەوە وا دێتە گوێم، سروودی ئازادیخوایە
گوێم لێیە دەنگێك دێتە گوێم، دەنگی زەنگی ڕۆژی نوێیە
دەنگی سروودی گەلانە، مژدەی ڕزگاربوونی پێیە
گوێم لە دەنگو ئاوازێکە، هەستو هۆشم دەبزوێنێ
دڵم پڕ دەکا لە نەشئەو مێشکی ماندووم ڕادەژێنێ
ئەو سروودەی کە لە گەرووی ملیونەها بەرز دەبێتەوە
مێشکی دەستەی زۆردارانی پێ کاس دەبێو دەخولێتەوە
ماوەیەکی دوورودرێژ بوو زۆربەی گەلانی ڕووی جیهان
لەژێر باری زۆرداریدا ناڵەی دەهاتو دەینرکان
زۆربەی برسیو ڕەشوڕووت بوو، زۆربەی چەوساوەو هەژار بوو
لە مافی مرۆڤ بێبەش بوو، نەزانو نەخوێندەوار بوو
بەشی دارکاریو سزابوو، پشتی داخانی قامچی بوو
کەنەفتی ئەركو بێگار بوو، چنگو پەلی داڕزیبوو
بە سەدان پەیکەرو قەڵاو کۆشکیان پێ کردن بە بێگار
ملیۆنەهایان لێ کوژرا بۆ نەختێ ئارەزووی زۆردار
سەد ڕۆشنبیری وەك سوکرات، زانای وەك غالیلۆو نیوتن
بە سەدەها ئازادیخوای وەك دیمترۆف، لنکۆڵن
بە دەستی تاقمی بەدکار کوژرانو کران بەدارا
مۆری ناپاکی نراوە بە پەڕەی مێژووی خوێنخوارا
بەڵام ئێستە ماوەیەکە، بەرەی هێزی ئازادیخوا

**لەدوای خەوی دووروودرێژو لەدوای مەینەتی ساڵەها**
**ڕاپەڕیوەو کەوتۆتە خۆی، لە هەموو ڕاستێکی جیهان**
**ڕێی تێکۆشانی گرتووە، ناوەستێ دەڕوا بێوچان**

**بەرەو ژینێکی تازەو نوێ، بەرەو ڕۆژێکی بەختیار**
**دوور لە زوڵمو چەوساندنەوە بێکاریی تاقمی زۆردار**
**ئەو چینەی وەك بزنمژە، دەمی ژەندبووە خێروبێری**
**سەد هەزارانی لێ دەکوشت، لەپێناوی ورگی تێری**
**ئیمپریالیزمی هاروهاج کە لێی بووبوو بە ڕمووزن**
**بە هەڕەشەو فێڵو کەڵەك، ڕیشەی دەردەکێشا لەبن**
**وا یاسای گۆڕینی ژیان، گلۆڵەی خستۆتە لێژێ**
**دەستی تەواو خستۆتە ڕوو، هیچ کەس خاسی پێ نابێژێ**
**ئەو ئیمپریالیزمەی کەوا جاران وەکوو شێری دەنوان**
**ئێستە بە وێنەی گورگی پیر، بووە بە مەخسەرەی گەلان**
**دەنگی ڕووخێ ئیستیعمار، ڕووی جیهانی گرتۆتەوە**
**مەشخەلی ئازادیخوازان، تاریکیی ڕوون کردۆتەوە**

**گوێ بگرن دەنگە هەرایە، گوێ بگرن دەنگە هەرایە**
**لە دوورەوە وا دێتە گوێم، سروودی ئازادیخوایە**
**گوێم لێیە دەنگێك دێتە گوێم، دەنگی زەنگی ڕۆژی نوێیە**
**دەنگی ئازادیخوای کوردە، مژدەی ڕزگاربوونی پێیە**
**ئەی داگیرکەری چاوبرسی، هەر ڕووڕەشیت بۆ مایەوە**
**ئەو هەموو خوێناوەی مژیت، وا هەموویت یەق دایەوە**
**وا ئەو دارەی ئازادیخوا، بە چنگو پەل ناشتوویەتی**
**بە جۆگەی خوێناوی گەشو بە فرمێسکی داشتوویەتی**
**وا نوخشەی بەرهەمی دەرکەوت، مژدەبێ لە هەموو گەلان**
**هاکا لافاوی هێرشی دوا قەڵای زۆرداری ڕووخان**

**گوێ بگرن دەنگە هەرایە، گوێ بگرن دەنگە هەرایە**
**لە دوورەوە وا دێتە گوێم، سروودی ئازادیخوایە**
**گوێم لێیە دەنگێك دێتە گوێم، دەنگی زەنگی ڕۆژی نوێیە**
**لە دوورەوە بەرزبۆتەوە، مژدەی کامەرانیی پێیە**

ئەو سروودەی کە لە گەرووی ملیۆنەها بەرز بێتەوە
مێشك و کەللەی زۆردارانی پێ کاس دەبێ و دەخولێتەوە
گوێ بگرن دەنگی ئەم جارە، دەنگێکی بەرزو زولاڵە
کۆنەپەرست و ئیستیعمار لە ترسا زمانیان لاڵە
خێڵی گەلان کۆڕیان گەرمە، ئاسۆی دواڕۆژیان ڕۆشنە
ئاسمانی دەستەی ئیستیعمار پڕ تەم و هەوری چڵکنە
گەلان وەکوو پۆڵی هەڵۆ، ئاسمانی زۆردار ئەتەنن
چنگی تیژیان ئامادەیە، بۆ هێرش و تۆڵەسەندن
وەستاباشیی گەلان هەموو بە چەکوش و گازو مشار
خەریکن تابووتێکی زل دادەتاشن بۆ ئیستیعمار
نرکەو ناڵەی چەکوشبەدەس، تەقەی داکوتانی بزمار
هەڕەشەی تۆڵەو مردنیان پێیە بۆ تاقمی خوێنخوار
کاتێ تابووت ئامادەبوو، بۆ خوێنمژ، بۆ خوای ئەهرەمەن
بە مۆری ناپاکی مۆرکرا، لاشەی داڕزاو و بۆگەن
ئەو تابووتە مۆرکراوە، شاران بە شاران دەیگێڕن
دەیکەن بە پەندی ڕۆژگار، بۆ ناو دەریا هەڵیەدێرن
ئەوسا نۆرەی زیندەوەری ناو دەریایە تۆڵەسێنێ
ورد ورد ئەو لەشە لەسەرخۆ، داوەشێنێ و دایڕزێنێ

## بۆ مامۆستای کۆچکردووم "گۆران"

١٩٦٢/١١/٢١

لەدوای ئەوەی کە گۆران گەڕایەوەو ئەو عەمەلیاتەی کە بۆی کرابوو چاری نەکرد. ڕۆژێك لە بەغداد پێکەوە بووین وتی حسابی خۆم کردووە نامێنم. جا بۆچی ئەو خەڵکە ماندوو بکەم لێرەوە تەرمەکەم ببەنەوە بۆ سلێمانی کە دەیویست لەوێ بنێژرێ. پاش ماوەیەك لە ڕۆژنامەدا. لەناو چوارگۆشەیەکی ڕەشدا هەواڵی کۆچی گۆران بڵاوکرابۆەوە کە لە ١٩٦٢/١١/١٨ لە سلێمانی کۆچی کردووە. بەڕاستی یادی ئەو یەك دوو ساڵەی دوایی ژیانی کە زۆربەی پێکەوە بووین لە بەغداد قەت لە دڵم دەرناچێ. وا بۆ یادی کۆچکردنی ئەو شاعیرە مەزنە ئەم هەڵبەستە پێشکەش دەکەم.

هەواڵێکی پەست و ناخۆش، کۆستێکی تازەی جەرگبڕ
خوێنی ناو دەماری مەیان، لەشی وشك کردم لەپڕ

دێری ڕەشی ناو چوارگۆشەی ڕۆژنامەی ڕەشپۆش‌و ماتەم
چاوی خستمە ڕێشکەو پێشکە، ڕووناکاییم لیٚ بوو بە تەم

لە خەودا بووم، یا خەبەر بوون، خۆشم نەمدەزانی تەواو
هێشتا دڵ‌و مێشك‌و هۆشم، باوەڕیان نەدەکرد بە چاو

چۆن ئێستە مامۆستا گۆران، میوانی گردی سەیوانە؟
میوانی کێل‌و خاك‌و خۆڵ، میوانی دارئەرخەوانە؟

چۆن ئەو دڵە پڕ ئاواتەی ئێستە لیٚ نادا وەستاوە؟
براگەل کۆچی "گۆران"مان، جەرگبڕێکی تەواوە

زامی سەختی کۆچی گۆران هێشتا گەرماوگەرمە، بۆیە
هەست بە ئێش‌و ژانی ناکریٚ، نازانریٚ چەندە بەسۆیە

ئەی مێژووی ئەدەبی کوردی، کوانیٚ لاپەڕەی تەرخانت؟
ئەی خوای هەڵبەست کوانیٚ شیعرت، بۆ یادی کۆچی گۆرانت؟

ئەی تاقمی ئازادیخوا، کوا شاعیری ڕۆشنبیرت
کوا هەڵبەستی پڕ باوەڕی بۆ لاوی پیٚ‌بەزنجیرت

کێی تر ئیتر لاوکی سوور، لەناو تاریکایی شەوا
تیٚ‌چریکینیٚ‌و ڕای پەڕێنیٚ لاوانت لە شیرین خەوا

کێی تر زیندانی ئەژدەهاك بە بازووی گەل دەڕووخێنیٚ
کێی تر بە سروود دەماری شۆڕشگێڕیت دەجووڵێنیٚ

ئەی کۆتری ئاشتیی پیکاسۆ، کوا دەنگ‌و حاقووی بەسۆزت
کوا سروودی ئاشتیخوازیت، بۆ هاوڕیٚ‌و دۆستی دڵسۆزت

ئەی ڤینۆسی خوای جوانی، وا عاشقی دیوانەت ڕۆی
کوا دەست‌و پەنجەی شمشاڵیت، بۆ پەیکەریٚ ناتاشی بۆی

کێی تر وەك ئەو چەپك چەپك، گوڵاڵەی جوانی هەمەڕەنگ
ئەداتە دەس زاوای تازە بۆ دەزگیرانی شۆخ‌وشەنگ

کێی تر وەك ئەو زامی سەختی سەرسنگی گوللەی باغی شا
لە جێی گوڵی سوور بۆ قژی، خۆشەویست بە دیاری دەبا

سیاچەمانەی هەورامان، وا گۆران ڕۆی، کێ ئەتدوێنێ
کێ وەك ئەو بە ئاوازی خۆش تەلآن تەلان بۆت دەخوێنێ؟

ئەی کوردستانی دیمەن جوان، کوانێ وەستای شیعرو هونەر
ڕستی ملوانکەت بۆ ڕیزکا، لە دانەی مرواریو گەوهەر؟

کێی تر وەك ئەو دڵسۆزانە، مەستی دیمەنی جوانت بێ
کێ بێ بە هەڵبەستی کوردی وەك مەلی نەغمەخوانت بێ

کێ بێ وەکوو کەوی نزار، بفڕێ بۆ لوتکەو سەر پاڵت
قاسپەی بێ، بیهۆنێتەوە، دیمەنی جوانی خاڵ خاڵت؟

کوا دەنگی نەرمی مامۆستا لە کۆڕی ڕۆشنبیرانا
چەپکە گوڵی شیعری تازەی کوردی دانێ لە گوڵدانا؟

توانام نییە پێنووس بگرم، پێکا ناڵکێت پەنچەی دەس
بەحاڵێك جووڵەی لێوە دێو بۆم دەنووسرێ دێڕی مەبەس

ئەی مامۆستای قوتابخانەی شیعری تازەو قۆناخی نوێ
بنوو پێڵووی چاوت لێك نێ، ئاسوودە بە ڕۆژێك هەر دێ

دڵنیابە لەو ڕۆژەدا پەنچەی دەستی هونەرمەندان
پەیکەرێکی شایەن بە خۆت بۆ دەتاشن لە کوردستان

دڵنیابە شیرەکانت، ویردی سەردەمی لاوانە
مایەی شانازیی ئەدەبی گەلی کوردو کوردستانە

## ڕژێمی سەرمایەداری

١٩٦٣/١/١

سەیری کەن سەرمایەداری
ڕژێمی بۆگەنو پیسی
هەلاهەلاو داوەشاوە
سەیری کەن وەکوو کەرتە لەڕ
لەسەر چەقی ڕێگەی ژینا
وەستاوە، لە قوڕ چەقاوە

چوار پەلی سستو سەقەتی
هێزی جووڵەی لێ بڕاوە
کەفی چەندوە لالغاوەی
دەروونی پڕ لە زووخاوە
وا لە حاڵی گیانەڵادا
بە ئاستەم نووزەی تیاماوە

وەختی خۆی تا دەستی هەبوو
تاوانی کرد، زەبری نوان
هەتا گوڕو تەوژمی بوو
گەشتی خۆی کرد، دەستی وەشان
خوێنی میلۆنەهای ڕژان
ملیۆنەها خەڵکی مران
ناو شارو دێهاتی سووتان
گورگ بوو لە پێستی مەرا
لەوەش پیستر بوو، شەیتان بوو
کەڵبەو چنگی تیژو شوومی
بۆ دزیو فڕان فڕان بوو
تەنها بۆ زێڕو پارە بوو
مەبدەئو ئاینو بڕوای
بۆ گیرفانو بۆ ورگی بوو
دینو ویژدانو نوێژو خوای

بەڵام وا دەستی کەوتە ڕوو
بە تەواوی ئاشکرابوو
ئەو پەردەیەی دەی شاردەوە
داوەشاو هەلا هەلا بوو

## گۆماوی خوێن

**دوای ١٤ی ڕەمەزان**

١٩٦٣/٢/٢٨

گۆماوی خوێن
ئێجگار مەنگو سامناکە
بۆنی خوێنە
بۆنی مردووی ناو خاکە
گۆماوی خوێن
بەری پانە وەك دەریا
خۆڵی مردوو
دەبارێنرێ بەسەریا
گۆماوی سوور
گۆمی خوێنی لاوانە
بەردی بن گۆم
ئێسکی لاشەی شەهیدانە
وەکوو دڕندەی بەرەڵڵا
یاساوڵی ڕەشاشبەدەس
شەلو کوێرە، ناپارێزێ
قەپاڵ دەگرێ لە هەموو کەس
فەرمانی خوای بیری نەوتە
ژمارەی "١٣"ی نەگبەتو ڕەش
نەخشەی سەر دەزگای وەستایە
بەندیخانەو ئازاری لەش
ئەی گەلی چەوساوەو هەژار
هێشتا ماوتە وەك میللەتان
ڕووباری خوێن، با لرفەی بێ
وەك لافاوی چلەی زستان
هەتا بەری گۆماوی خوێن
فراوان بێ، پانتر بێ
هەتا تەواو مەنگو قووڵ بێ

تا شێوەی سامناکتر بێ
هێشتا کەمە لەلایان
لە بەرچاوی خوێنخواران
هێشتا ماویە پڕبێتەوە
بە خوێناوی ڕۆشنبیرو هەژاران
چاوی سووری مرۆڤی هار
مرۆڤی وەك سەگی هەوشار
چاو بگێڕێ بەسەر گۆما
بەسەر گۆمی مەنگو سوورا
لە پێدەشتی (شارەزوور)ا
لە لێژییەکەی (پیرمەسوور)ا
لەناو چغوردو قامیشی
هۆڕو چیای سەر سنوورا
لە دەوری (بابەگوڕگوڕ)و (باوە نوور)ا
با نەختێك دڵی داسەکنێ
ئارام بگرێ لەشو گیانی
با تۆزێك دامرکێتەوە
کڵپەی گڕی ناو دەروونی بێویژدانی
ئەی نیشتمانی دابێژراو
هەرچەند کەوا دابێژراوی
هەرچەند ئێستە وا دەتبینم
هەروەکوو گۆمی خوێناوی
بەڵام تاوان تاسەر نابێ
ڕۆژ هەر ڕۆژی زۆردار نابێ
دوژمن هەروا بەهێز نابێ
چەکی دەستی بەکار نابێ
ئەی میللەتی تاوان لێکراو
تاوانی وا کەس نەی دیوە
بەڵام تۆڵەی ئەو تاوانەت
زۆرنابا دەی سێنێتەوە

## یادی نیشتمان

١٩٦٤/٧/١٠

وابوو بە سێ ساڵ، دوور لە وڵاتم
گیرۆدەی داوی ڕۆژی نەهاتم

کەوتوومە کونجی دڵگیریو پەستی
لە گێژاودایە سەرچاوەی هەستی

وێڵو دەربەدەر، ئاوارەی شاران
دورم لە خزمو ناو کۆڕی یاران

دوور لە کوردستان، گلێنەی چەمم
کوردستانەکەی ویردی سەر دەمم

وەکو دیوانە عاشقی شەم بوو
بەدوویا وێڵو دڵ پڕلەغەم بوو

کوردستان منیش دێوانەکەی تۆم
لە دووریت شێتو وێڵو سەرەڕۆم

وەك مەجنوون لۆنگم گرتۆتە کۆڵم
ئاوارەی دەشتی لماویو چۆڵم

گەردی غەریبی نیشتوە لە ڕەنگم
تەنها بە یادی تۆوەیە بەنگم

نیشتمانەکەی خۆشەویستی من
تا دوورم لە تۆ خۆزگەم بە مردن

پەیمان بێ هاتو ئەمجارە ڕێم بوو
وەك جاران خاکی پاکی تۆ جێم بوو

هەڵەتاو هەڵەت، ملەو کەژو کۆ
برژانگ هەڵسوومە دارو بەردی تۆ

دەشتو چیاو چەم، دۆڵو نزاران
هەموویان ماچکەم وەك خاڵی یاران

دەس بکەمە ملت وەکوو تاقانە
چنگم بەرنەدا هێزی زەمانە

## ڕێگەی تێکۆشان

١٩٦٤/٧/٢٢

دایکی خۆشەویست، کوردستانی جوان
ڕۆڵەی دڵسۆزی دەوێ تێکۆشان

تێکۆشان بیری خاوێنی دەوێ
بیری نزمو پەست قەت سەرناکەوێ

کوشندەو پیسە، خووی دەمارگیری
ئەوەی بە کەڵك بێ، باوەڕەو ژیری

وڵات بۆ ئەوەی تەواو ڕزگار بێ
دەبێ خاوەنی ڕۆڵەی هوشیار بێ

ڕۆڵەی وای دەوێ خۆفرۆش نەبێ
نادانو سەرچڵ مێشك بۆش نەبێ

کوژراوی مێزی وەزیری نەبێ
ملشۆڕی مووچەی لای میری نەبێ

میللەت نەفرۆشێ بە پارەو دۆلار
گیانی بەخت بکا بۆ گەلی هەژار

نەنوێ، نەسرەوێ، خۆپەرست نەبێ
لە ڕێ لانەدا، هەلپەرست نەبێ

بە بیری بەرزو بە باوەڕی پاك
بە کردەوەی ڕاست، بە فرمانی چاك

بێتە ناو کۆڕی تێکۆشانەوە
وەك شێر دەرپەڕێ لەناو لانەوە

کۆڵ نەدا بەرەو ئامانجی پاکی
ئەوسا دەتوانێ ڕزگار کا خاکی

شەڕو ئاژاوەی بێتامی ناوخۆ
جنێو و پێکدانو کاری سەرەڕۆ

بەمانە دەڵێن شەڕی براکوژی
میللەتێك وابێ چۆن سەربەست دەژی

بنکەی ژین www.zheen.org

## خەو

١٩٦٧/٣/٢٢

ماوەیەکە دەربەدەرو وێڵو پەستم        وشك بووە سەرچاوەی شیعرو هەڵبەستم
تەمومژە ئاسمانی بیرو خەیاڵم        پڕمەینەتە ژیانی ناخۆشو تاڵم
خونچەی شادیم ژاکاوەو سیس هەڵگەڕاوە        پەپوولەی ئارەزووی دڵم، باڵ شکاوە
مەلی ناو گوڵاڵەی چەمەن جووکەی نایە        شنەی شەماڵ گەردەلوولو ڕەشەبایە
هەوری مەینەت ئاسۆی ژینی لێ تەنیوم        تیشکی ڕووناکی ئاواتی لێ بڕیوم
گیرۆدەی گڕەی سەبوونو تۆزو خۆڵم        عاشق بە تاكو تەنهایی شوێنی چۆڵم
ڕێگەم هەمووی بەرهەڵستیو دڕكو داڵە        نائومێدی بەسەر ئاسۆی ژینما زاڵە
گازینۆو باڕ، تەلەفزیۆنو سینەما        کچو ئافرەتی زۆر جوانی شاری بەغدا
لەنجەو لاری گوێ ڕووباری دیجلەی بەناز        دانسی ڤاڵسو چرپەی سەرمێزو وردە ڕاز
هیچیان تۆزێك خورپە بە دڵما ناهێنن        لە جێی خۆشی، دڵم زۆرتر دەتاسێنن
هەمووی تامی، ساتێکی لای خۆمان نادا        داخی بەجەرگ، زەمانە هەمووی بەبادا
ئەو خەیاڵەو ئەو ئاواتانەی جارانم        ئەو ئاهەنگو بەزمو ڕەزمەی ناو یارانم
خەوێك بوو دیم، خەوێکی کورتو تیژڕەو بوو        نای بینمەوە تازە ڕۆیشت، ناوی خەو بوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

## نۆکەری

١٩٦٧/٤/١٦

بەوە ناڵێن نۆکەر کەوا هەوڵ بدا بۆ ژیانی
بە شەوو ڕۆژ بەبێوچان، بە عارەقی ناوچەوانی
پەلامار بداو نەسرەوێ، خۆی ماندووکا لەپێناوی
نانو جلوبەرگو خۆراك بۆ خۆیو خاووخێزانی
بەوە دەڵێن نۆکەر کەوا وەکوو مچەی حەبێ کشمیش
بای پیا بدا سەما بکا بۆ پارەو پوولی گیرفانی
بەوە دەڵێن نۆکەر کەوا مەبدەء و بیروباوەڕی
ئامانجی دواڕۆژی گەلو خاکی پاکی نیشتمانی
ئەنجامی هەوڵو تێکۆشان، بەرهەمی خەباتی وڵات
ئاواتی ژینێکی پڕ شاد، خوێنی گەشی شەهیدانی
ئەمانە وەکوو چەپکە گوڵ بکا بە دیاریی دەستی خۆی
بۆ پوولو پارەو بۆ کورسی بیفرۆشی بە دوژمنانی

لەژێر پەردەی تێکۆشانا ئاگر بەردات لە نیشتمان
بۆ بەجێهێنانی خواستی بێگانەو کۆمپانیاکانی
بەوە دەڵێن نۆکەر کەوا خاکی پاکی نیشتمانی
بکا بە گوڵخەنی دۆزەخ لەسەر ئەمری ئاغایانی

## شەڕی براکوژی

١٧/ ٩/١٩٦٧

ئەی نیشتمانی خۆشەویست، دایکی دڵسۆزم کوردستان
ئەی خاکی غەمگین‌و ڕەشپۆش، هەر لە سۆران تا بادینان
ئەی خاکی خانی‌و مەولەوی، پیرەمێرد، بێکەس‌و گۆران

ئەی دایکی دڵسۆزو ڕاستیم، بەینێکە دوورم لە خاکت
دوورم لە شنەی شەماڵ‌و هەوای لێلاخانی پاکت
تاوانبار دەستی بەرداوم لە چمکی داوێن‌و چاکت

هەمووو جارێ بە کەساسی کە حاڵی تۆم بۆ باس دەکەن
کە بەکزی باست دەکەن، دەماغم وڕو کاس دەکەن
دەك ڕوویان ڕەش بێ ئەوانەی کە هەمزە لە هەباس دەکەن

ئەو گەلی کوردەی تا ئێستە خەریکی هەوڵ‌و خەباتە
ئەی گەلەی کە ساڵەهایە بۆ ئازادی بەئاواتە
ئێستە کەساس‌و گیرۆدەی بەدکارو ڕۆژی نەهاتە

وا لەناو خوێناوی گەشی شەڕی ناوخۆیدا گەوزاوە
دەمی ڕۆژوانەتیی وشکی بە خوێنی لاوان شکاوە
لەناو ڕۆڵەی بەدنمەکی گفتوگۆی لەدەم بڕاوە

ئالای براکوژی هەڵدەکرێ لەجیاتی ئالای ئازادی
میللەت کەساس‌و دیل دەکرێ لەجیاتی سەربەستی‌و شادی
کالا ساز دەکرێ بە بالای جوانەمەرگان بە نامرادی

بە هەزاران بێوەژنی هەتیوبارو بێدەرەتان
شەونخونێتی‌و برسێتی دەچێژن لەناو کوردستان
ئا بەم شەڕی براکوژیەش دەڵێن خەبات‌و تێکۆشان

## ڕێگەی تێکۆشان

١٩٦٧/١٠/١٧

ڕێگەی تێکۆشان سەخت و گرانە    دۆڵ و نشێوو قامیشەلانە
هەڵەت و لوتکەو بەردو تاوێرە    ملەو هەورازو سەربەرەوژێرە
پڕ کەندو کۆسپ و خمخۆرک و چاڵە    بەردەلانییە، پڕ درک و داڵە
مرۆڤی مەردو نەبەردی دەوێ    خاوەن باوەڕی بێگەردی دەوێ
مرۆڤی دەوێ لە سەرماو گەرما    بە برسیی و ڕووتی، لە چۆڵ و چیا
لە تانەو توانج لە سزاو لێدان    لە ئازاردانی بەندیخانەکان
چاوی نەترسێ و ورە بەرنەدا    هەتا دەگاتە ئەنجامی هیوا

## بۆ جیڤارا

١٩٦٧/١/٢٣

ئەی جیڤارا،
ئەی قارەمانی ڕووی جیهان
ئەی نموونەی ئازادیخوا
ئەی پێشڕەوی تێکۆشەران
ئەی چاو نەترساوی نەبەرد
بێباکترین کەس لە جیهان
خۆبەختکەر لەپێناوی
بەرزترین باوەڕی ئینسان
ئەی قارەمان، ئەی کۆڵنەدەر
ئەی بەپیری مەرگەوە چوو
ئەی پێشمەرگە، ئەی جەنگاوەر
ئەی بە بیروباوەڕ زیندوو
ئازایی و چاونەترسانت
لەناو مێژووی میللەتانا
لاپەڕەیەکی زێڕینە
لە باسی ڕێی تێکۆشانا
ناوی بەرزی قارەمانت
لە قامووسی میللەتانا

www.zheen.org

کەوتۆتە پێشڕەوی ناوان
لە ڕیزی قارەمانانا
شۆڕشگێڕ بووی، جەنگاوەر بووی
ڕووخێنەری ئیستیعمار بووی
دڕك‌و تیژی چقڵی ڕێگەی
تاقمی سەرمایەدار بووی
چرای ڕۆشنکەری ڕێگەی
چینی چەوساوەو هەژار بووی
ئیستیعماری بەخوێن تینوو
لەلای وابوو کە تۆ کوژرای
بە لەش نرایتە خاکەوە
لەناو خاك‌و خۆڵا نێژرای
ئیتر بیروباوەڕیشت
لەگەڵ لاشەتا دەنێژرێ
دڵی نەختێ ڕەحەت دەبێ
داخی دڵی خۆی دەڕێژێ
نەیدەزانی تێکۆشەران
لە کۆڕی جەنگ‌و مەیدانا
لەپاڵ لوتکەو تاشەبەردا
لە ناو دۆڵ‌و ئەشکەوتانا
بیروباوەڕی بەرزی تۆ
دەکەن بە ئاڵای تێکۆشان
دەیکەن بە تێشووی هێزو تین
بۆ هەڵمەت‌و پەلاماردان
بۆ ڕووخاندنی قەڵای زۆردار
بۆ ڕیشە کێشی ئیستیعمار
بۆ ڕزگاری هەموو چینی
چەوساوەی کەساس‌و هەژار
ئێمەی کوردیش لە کوردستان
ئەی جیڤارا، ساڵەهایە

ناوی تۆ هەمیشە لامان
هەروەکوو ئەفسانە وایە
نیشانەی قارەمانێتیو
پاڵەوانی ڕووی جیهانە
نیشانەی ئەوپەڕی مەردیو
چاونەترسیو تێکۆشانە
لەناو ئەو کوردەی ئێمەشدا
ئەی تێکۆشەر، ئەی جیڤارا
پاڵەوانان، قارەمانان
لە دێهاتو لەناو شارا
مەشخەڵ هەڵگر تفەنگ بەدەس
هەمووو ڕووبەڕووی زۆرداران
بەرامبەر بە هێزی شەڕخوا
بەرامبەر دەستەی خوێنخواران
بەرامبەر بەو خۆفرۆشانەی
بوون بە کەوی بەر حەشاران
ئەم میللەتی کوردەی ئێمەش
بڕیاری دا وەك میللەتان
ئاڵای شۆڕش بەرزکاتەوە
کۆڵ نەدا لە ڕێی تێکۆشان
پێشمەرگە بێ بە شەوو ڕۆژ
بۆ پاراستنی کوردستان
بۆ ئەو مەبەستەی دەتەویست
کە سەرکەوێ لە ڕووی جیهان
بنوو پێڵوی چاوت لێك نێ
ئەی جیڤارا، ئەی قارەمان
ناوی بەرزت ئەفسانەیە
لەسەر دەمی گشت میللەتان

## مۆری ناپاکی

١٩٦٧/١٠/٢٩

که گەل مۆری ناپاکیی نا بە ڕووی مرۆڤێکی گڵاوا
نیشانەو دامغەی ڕووڕەشیی مۆرکرد بە ڕووی دەم‌و چاوا

تازە هێز نییە ئەو مۆرە، ئەو توانجە، ئەو نیشانە
لابەرێ‌و پاکی کاتەوە، لە ڕووی ئەو جۆرە کەسانە

ئەو مۆرەی بە دەستی میللەت مۆر بکرێ لە ناوچەوانا
تەنها هەر لە پێست کارناکا، دەڕوا بە ناخی ویژدانا

مێژوو ئەوەندە دڵڕەقە، بەزەیی بە کەسدا نایە
دەستی هەر کەسی خستە ڕوو، ئیتر تا دنیا دنیایە

هەزار پاکانەو پاشگەزی، هیچی عانەیەك ناهێنێ
میللەت وای شەرمەزار دەکا، تا تەواو دایدەوەشێنێ

وەك مرۆڤێکی گەڕو گول، هەتاکوو ماوە لە ژیان
ئیتر کەس توخنی ناکەوێ، نە دۆست، نە هاوڕێ، نە خزمان

یا وەك بزنە گەڕی لادێ، کە چۆن بەناو ئاواییدا
بە هەرلایەکدا ڕووبنێ، پلارێك بگرن بە ڕوویدا

بەو جۆرە دەربەدەر دەبێ، بەو شێوە شەرمەزار دەبێ
شەرمەزاری نیشتمان‌و ناسیاوو دۆست‌و یار دەبێ

## بە یادی کۆن

١٩٦٧/١١/١٨

چۆن هەناسە هەڵنەکێشم، بۆ خۆم‌و عومری ڕابردووم
بۆ ئەو ئاواتە زۆرانەی کە لە ڕۆژانی ڕابردووم
لە تافی لاوییا فەوتا وەك جوانەمەرگ بە ناکامی
بەر لەوەی دەستم بگاتە بەرهەمی خواست‌و مەرامی
سەد هەزار داخی بەجەرگم، ئێستە دڵم وەکوو جاران
ناکەوێتە خۆرپەو لێدان، بە دیمەنی گوڵڕوخساران
پەپوولەی دڵ باڵشکاوە، ناگاتە مێرگ‌و گوڵزاران

هەنگەکەی ڕۆحم خول ناخوا بۆ ئاوارەی زوڵفی یاران
بلبلی دڵ چەچەی نایە بە دەوری خونچەی گوڵانا
تا خوێنی جووکەی بڕاوە لەژێر سێبەری چڵانا
کونی شمشاڵی ئاوازی کۆڕی ئاواتم گیراوە
تەلی تەموورەو کەمانەی دڵداریم هەمووی پچڕاوە
ئەو دڵەی کەوا هەمیشە تەڕو پاراوو پڕجۆش بوو
بەبێ کۆڕی مەیو شەراب، هەمیشە مەستو سەرخۆش بوو
ئەو دڵەی کە بە بینینی جوانێك وەك مۆم دەتوایەوە
بە نازو لەنجەو لارێکی نازدارێك دەبوورایەوە
ئەو دڵەی هەمووو ساتێکی هەر خۆرپە بوو، هەر لێدان بوو
ئەو دڵەی کانگای دڵداریو خۆشەویستیی کچی جوان بوو
ئێستە وەکوو گەڵای پایز، زەرد بووە بە کزەی خەزان
هاکا وەیشوومە دایوەران وەکوو گەڵای گەڵاڕێزان
خانەی دڵ وەك چرای بێنەوت، شەوقو تینی لێ بڕاوە
پڵیتەی بۆتە خۆڵەمێش، شووشەی بلووری شکاوە
وێرانە وێنەی خەراباد، پەستو تاریكو خەمناکە
دەڵێی گۆڕستانی ژینمە پڕ لە کێلو گڵو خاکە

## چەرخی زەمانە

١٩٦٨/٤/٢٦

وەك پیرێژنی فەرهادکوژ، چەرخی ڕۆژگاری سەر خست
هەزار داوت ناوەتەوە، بۆ منی کەساسو بەدبەخت
تا لە داوێك ڕزگار دەبم، داوێکی کەت تێم دەئاڵێ
لێم ناگەڕێی وات نیازە، بمخەیتە گۆڕیچەو چاڵێ
ئەی چەرخی چەپگەردی زۆردار، خۆ من باوکەکوشتەی تۆ نیم
منیش یەکێکم وەك خەڵکی، دەمەوێ وەك ئینسان بژیم
داوای ئەوەم لێ نەکردووی خاوەنی کۆشكو تەلار بم
داوای ئەوەم لێ نەکردووی خاوەنی زێڕو دینار بم
وەك خەڵکی منیش دەمەوێ ژیانێکی سادەو پەتی
ببەمە سەر لە دنیادا، بێ قۆرتو گرێو نەگبەتی

ئەوانەی لاپەڕەی ژینیان پڕە لە کاری ناهەموار
بە ئارەزووی دڵی خۆیان دنیایان داوەتە بەرکار
ئێمەی دوور لە کردەوەی بەد، ئێمەی بێوەی بۆ گشت کەسێ
بۆچی دەبێ گیرۆدە بین هەر تاوەی لە دەس تەرەسێ
یا ڕەوشتی چەرخی ڕەشت وایە لەگەڵ بەدکارا بێ
دوژمنی مرۆڤی ڕاستو لەگەڵ پیاوی زۆردارا بێ
خوێنەخۆی هەموو کەسێ بێ کە باوەڕێکی پاکی بێ
بە کەللەی سەری ئەو کەسە تینووی کردەوەی چاکی بێ
ئەم تەختو بەختە ڕەشەی تۆ گەر تەمابی هەتاسەر بێ
بە هەڵە چووی لە ناکاوێك دەبینی ژێرو زەبەر بێ

## گوێم بۆ شل کە

١٩٦٨/٥/٩

گوێم بۆ شل کە، گوێت لە من بێ، ئەی خوشکی ماتو غەمبار
ئەی دۆش داماوو ڕەشپۆش، ئەی مێرد کوژاروی هەژار

ئەی خوشکە کوردە مەردەکەی کە دەستێکی پیسی گڵاو
بەهەشتی خانەی خێزانی لێ کردووی بە لانەی شێواو

دەزانم کە لێقەوماوی، کەس شك نابەی لە ڕووی جیهان
هەتیوباری، بێ باربووی، بێبەشی لە خۆشیی ژیان

حەقتە وا غەمگینو پەست بی، حەقتە وا کزو دڵتەنگ بی
زەردهەڵگەڕاوو غەمبارو سەرسامو وڕو بێدەنگ بی

چونکە لەوساوە چەپۆکی زۆردار ماڵی لێ شێوانووی
لەوساوە گوللەی ناهەموار، دڵی پەژارەی شکاندووی

سەرگەردانی، ماڵوێرانی، وێڵی سەر ڕێگەی ژیانی
مندالْت گڕۆزو برسی، خۆت ڕەشوڕووتو بێنانی

هەرچەند دەکەیو دەکۆشی، کەس شك نابەی لەم جیهانە
دەستی یارمەتی درێژکا، ڕزگارت کا لە تەنگانە

www.zheen.org

چاو دەگێڕی بەملاو لادا، کەس نییە دەستێك درێژکا
منداڵی گرۆزت بێدەنگ، دەرمانی دڵت سارێژکا

بەڵام ئەی خوشکی کەساسم، ئەوەی وا لە تۆ ڕووی داوە
وێنەیەکی زۆر بچووکە لەم جیهانە ئاڵۆزکاوە

وێنەی زۆرداری‌و بەدکاریی دەستەیەکی پیسی گڵاوە
لە زۆر شوێنی وڵاتانا، دەزگای خوێنڕێژیی داناوە

لەلای خۆشمان لە کوردستان لەو هەموو کەژو کێوانە
بۆ هەر شوێنێ کە مل دەنێی، دەڕوانی خوێنی لاوانە

دەبینی مەوجی لێشاوی بێکەس‌و بێدەرتانە
ڕەزو باخی وشك‌و سووتاو خانەی ڕووخاو و وێرانە

دەڕوانی هەتیوی زۆرو دایك‌و باوکی جەرگ سووتاوە
بێوەژنی هەتیوبارو کچی دەزگیران کوژراوە

لە هەموو شوێنێکی جیهان، هەروەکوو ناو کوردەواری
لە هەرلایەك هێزی زۆردار، ماوەی هەبێ بۆ زۆرداری

لە ڤێتنام، لە (لاوس)دا، لەناو جەرگەی ئەمەریکادا
لەناو ڕەش‌وڕووتەکانی هەموو ناوچەی ئەفریقادا

سەیری هەرلایەکیان دەکەی، هەر تاوانەو پیاوکوشتنە
زۆردارییەو ناپیاوییە، مافخواردنەو خوێنڕشتنە

تاقمێکی چاوچنۆکی تێرنەخۆری پیس‌و بێکەڵك
هەمیشە وەك بزنمژە، دەمیان ژەندوتە خوێنی خەڵك

ئیتر ئەوپەڕی زۆرداری‌و ئەوپەڕی زوڵم‌و تاوانە
ئەوپەڕی ویژدان مردوویی‌و خواردنی مافی ئینسانە

بەڵام ئەوەی کە دەیبینی، ئەوەی بەسەرتا هاتووە
ئەو گولە ناقۆڵا پیسەی کە مێردەکەی تۆی کوشتووە

ئەمە ئەوپەڕی تاوانی چینی خوێنمژو خوێنخوارە
ئەوپەڕی هەڕەت‌و گوڕی هەموو هێزێکی زۆردارە

لەمەودوا ئیتر دەبینی قەڵاو بنکەی چینی زۆردار
بە پاچ‌و بە بێڵ‌و بازووی دەستەی مافخوراوو هەژار

هەڵ دەتەکێنرێ لە بنا، تەخت‌و تاراجی تەخت دەبێ
لە ڕووی دادگای گەلانا، حیسابی ئێجگار سەخت دەبێ

## بۆ مامە یارە

١٩٦٨/٥/٢٣

مامە یارەی شۆڕە سواری کوردستان ئەی پڵنگی چنگ بەخوێنی قارەمان
ئەی ئەو کەسەی هەتاکوو دوا هەناسەت چەك هەڵگر بووی لەپێناوی کوردستان
ئەی نموونەی چەکمەڕەقی کۆڵنەدەر بۆ بەربەستی دەستدرێژیی دوژمنان
نە قەنگەو نە خەنجەرو نە تەپڵی جەنگ نە ئەسپ‌و نە شەقەبەندو نە قەڵغان
نە دووربین‌و نە تفەنگی قەرەبینا هیچیان نەمان، ڕۆژگار هەمووی فەوتان
ئێستە بووی بە خاك‌و ئێسك‌و پرووسك بەرامبەر شەهیدانی گردی سەیوان
شوێنی گۆڕت وشك‌و ڕەق‌و بێ‌ئاوە بێ داربەڕوو، بێ گوێژ، بێ ئەرخەوان
ئێستە کوڕگەل وەك جاران یادت ناکەن چۆڵە جێگەی هەوهەوی شۆڕە شواران
وشك بووە کارێزی وەستا شەریف وەکوو دیدەی وشکی سۆفی‌و دەروێشان
نە بەهارو نە گوڵاڵەو نە چەمەن نە وەنەوشە، نە نێرگز، نە ئەرخەوان
نە ڕێحانە کێویلەو نە هەڵەکۆك نە ڕستی پیشۆکی بێڵەکان بە شان
نە جوغزێن‌و کەوشەکی فەقێ‌و مەلا نە هەڵپەرکێ، نە ڕەشبەڵەك، نە سەیران

نە گیزەی سەماوەری سەر سەوزە گیا نە پۆلی زەردو سووری شەدەلاران
نە قریوەی چۆپیکێشی دەس‌بەخەنجەر نە زوڕناو دەهۆڵی ژوور سابوونکەران
نە ئاوازی بە سۆزی شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵا ماوە وەکوو جاران
هیچیان نەمان، ئەو ناوە هەمووی چۆڵە کپ‌و خامۆشە هەروەکوو بیابان
تا ئەودەمەی کە پیرەمێردی نەمر خۆی‌و گاڵۆکەکەی مابوو، بەهاران
تا ئەو دەمەش هیچ نەبێ یادو ناوت هێشتا مابوو لەناو کوڕگەل‌و لاوان
هەمووو ساڵێك کاتی نەورۆزو سەیران وەرزی گوڵ‌و وەنەوشەو نێرگزی جوان
کوڕگەلی کورد بە یادی کاوەی مەزن ئەو مەڵبەندەی دەکرد بە بەزم‌و سەیران
ئێستە لەکوێی، گۆڕ هەڵتەکێنەو سەیرکە سەرانسەری ئەمڕۆی خاکی کوردستان
چۆن غەمبارە لەتاو باری زەمانە لەتاو دەستەی سەفیهی گەلفرۆشان

بنکەی ژین
www.zheen.org

نابڕێتەوە، هەر دەردەکەی جارانە
کە ئینسان دایە لایەنی بێعاری
وەکوو فارس دەڵێ ((تەڕ تەڕ نەباشەد))

هەر جلخوارەو هەڵپەیەتی بۆ گیرفان
باکی نەبوو لە مۆری سەر ناوچەوان
ئیتر بۆچی خۆمان گێژکەین لەگەڵیان

**لەناو پاسێکدا**

١٩٦٨/١٧/١٢

ئەی ڤینۆسی خوای جوانی، پەیکەری دەستی یەزدانی
جوانی، سادەی، بێ ڕتووشی، بێسووراو و بێدەرمانی

چە سیحرێکە وا لە ڕووتا، کردگار بە تۆی بەخشیوە
کاڵای دیاری خوای جوانییە خشت بە باڵاتی بڕیوە

ئەی گەردن بەرز، کوڵم پەمەیی، ئەی شۆخ وشەنگی بێوێنە
زەردەخەنەی سەر لێوانت، کاریگەرە دڵفڕێنە

مەنگ و بێدەنگ و ئاغری، لەسەرخۆی، نەرم و نیانی
سەرچاوەی وەحی و ئیلهامی، دەرمانی دەردەدارانی

گەنجی بەپێوە ڕاوەستاو هەموویان واقیان وڕماوە
دەست و دڵیان هەموو شلەو سەرجەمی ورەی بەرداوە

چاوی هیچیان ترووکەی نایە، هەموویان گێژو بێهۆشن
بەبێ پێکی شەراب و مەی، هەموویان مەست و سەرخۆشن

دەستی شلبووی تاقمێکیان لە شیشی ناو پاس گیر نابێ
کوڵی ناو دڵی جۆشخواردووی وەك دڵی منداڵ ژێر نابێ

منیش لەناو ئەو کۆڕەدا، بە یادی ڕۆژانی جاران
کەوتمەوە خولیای لاوێتی و گیربووم لە داوی نازداران

پەپوولەی ئارەزووی دڵم، بە دەوری ڕووناکیی ڕووتا
بێپەروا کەوتە خولخواردن، تاکوو لە ئەنجامدا سووتا

نازانم ڕێکەوت لەکوێوە تۆی نیشان دام خوای جوانی
وەکوو گەنجێکی بیست ساڵە کەوتمە هەوای نەغمەخوانی

لەو ماوە کورتەی ئیمڕۆدا، لەناو پاسی شەق‌وشڕدا
ناچارت کردم بێ‌پەروا، ڕێگەم بەو خەڵکانە دڕ دا

بۆ ئەوەی تا ئەو وچانەی نسیبمان پێکەوە ماوە
هەڵگۆزم هەوێنی شادی لە دەریای ئەو جووتە چاوە

ئەو چاوە شینە مەنگانەی وەکوو گوڵەکانی سویسرا
منیشی وەکوو "لامارتین" بەکێش دەکرد بۆ لای جۆلیا

بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا، هەنگەکەی ڕوحم بێ‌وچان
تۆزێ لە ئاوارەی زوڵفت هەڵمژێ بۆ ئارامی گیان

ئەو زوڵفەی جوان‌و پەخشانەی قەڵەم ناتوانێ لێی بدوێ
هەروەکوو هێزی کارەبا داوێنی دڵ ڕادەپێچێ

دەیخاتە گەرداوو گێژی خولیای ئارەزووی دڵداری
هەروەکوو منداڵ دەیخاتە گڕوگاڵ‌و گاڵتەو یاری

وا دابەزیت، خوات لەگەڵ بێ، ئەی ڤینۆسی خوای جوانی
ئەی نموونەی ڕەوشت بەرزی،دەسکردی دەستی یەزدانی

سوپاس بۆ ئەم ماوە کورتەی کە وەکوو ڕەشێنەی باران
دڵی پەژموردەی پاراو کرد، خستمیەوە خولیای جاران

## بۆ کاکی بچووك

١٩٦٨ /١١/٢٧

لە بەردەمی دێیەکدا، لەسەر ڕێگای بازیان، منالێکم بینی زۆر کز بوو. خەڵکەکە وتیان لەم ڕۆژنەدا باوکی کوژراوە. ئەم هەڵبەستەم پێشکەشی بێ:

کاکی بچووکی پێ‌خاوس، ئەی چنگ‌و پەل کڕێشاوی
لەبەردەمی ئاواییدا بۆچی وا کز هەڵوێستاوی!

فرمێسکی زل دڵۆپ دڵۆپ هەڵدەقوڵێت لە چاوانت
بە دەم قوڵپی گریانەوە دەڕژێتە خوار تا دەمانت

چاوەڕێی کێی وا جاربەجار، بەملاو بەولادا دەڕوانی
سەرنج ئەدەیتە ڕێگەوبان وەك بەرخی ون بووی ناو ڕانی

چاوەڕێی باوکێتی بێتەوە لە کۆڕی جەنگو خەباتا
لەناو سەنگەری لەشکری هێزی شۆڕشی ولاتا

ئەو باوکەی بەدوایا وێڵی، بە گوللەی دوژمن کوژراوە
وا لە ڕێزی شەهیدانی ڕێی ئازادیدا نێژراوە

باوکت لەگەڵ تاقمێکی وەك خۆیا وێنەی قارەمان
سنگیان نا بە ڕووی گوللەوە بۆ پارێزگاریی نیشتمان

تا نیشتمان بە خوێناوی سەدی وەك باوکت ئاڵ نەبێ
شالاوی لاوی پێشمەرگە بەسەر دوژمنا زاڵ نەبێ

چۆن میللەت ڕزگاری دەبێ، چۆن دەژی بە کامەرانی
یاخود تۆ چۆن لە دوارۆژدا هەست دەکەی کەوا ئینسانی؟

ئەی کاکی بچووکی هەتیو...وەك هەزاران باوك کوژراو
تۆش لە دواڕۆژی نزیکدا دەبی بە لاوێکی تەواو

لاوێکی ئازاو خەباتکەر، کۆڵنەدەرو چاونەترساو
دەبی بە چقڵی ناو چاوی تاقمی خوێنڕێژو گلاو

لەگەڵ چینی چەوساوەدا دەچیتە کۆڕی تێکۆشان
تا گەلی کوردی بەشخوراو بگەیەننە ڕێزی گەلان

## خوێنمژ

١٩٦٩/١٢/٦

خوێنمژ هەمووی یەکە، لە خۆرئاوا، لە خۆرهەلات
هەمووی هەر زەرووی خوێنمژە، مەستە بە خوێنی پیاوی لات

دوور لە پیاوەتی و لە ویژدان، دوژمنی چەوساوەو هەژار
چاپووكو ئازاو هونەرمەند، لە ئیش وکاری ناهەموار

بەری هەوڵو کۆششی خەڵك، هی چەند ساڵەی بێوچانیان
هەمووی لوول ئەدەن بۆ خۆیان، بۆ سوودی ورگو گیرفانیان

تێر نەخۆرن وەك دەریالووش، بێئامانن وەك سفرەمار
خۆیان هەڵدەخەن بۆ نێچیر، بۆ مژینی خوێنی هەژار

بزەو زەردەخەنەی سەر لێو، مێچکە مێچکەو درۆو کەڵەك
بۆ لووسکردنی بەپێیە و بۆ لەخشتەبردنی خەڵك

ئەی خوێنمژی ڕاووڕووتکەر، ستاختەچیی فڕوفێڵاوی
هاکا قۆناغی زۆرداریت، لەپڕ کەوتە تەڵەو داوی

ئەو کەسانەی ساڵەهایە، ئامانیان نادەی بێوچان
لەژێر باری زۆرداریتا، نەیانچێشتووە خۆشیی ژیان

## کۆچی دوایی

### یادێکی زۆر کۆن

ئەی شۆخی نازدار، هیوای ژیانم — کۆچی دواییت کرد ماڵی وێرانم
چرای ژیانت لێ کوژاندمەوە — زامی کۆنەو نوێت لێ کولاندمەوە
تەمی ماتەمی وەك چارشێوی غەم — داپۆشی بەری گلێنەی دیدەم
ئەو ئاواتانەی کەوا بە خەیاڵ — کەڵەکەم کردبوو بە درێژایی ساڵ
لە خانەی هەستو هۆشی دەروونا — وەك بەفری پاڵ کێو هەرەسی هێنا
مەگەر هەروەکوو وەلی دێوانە — دەشتو کێو بگرم هەتا بەیانی
وەکوو ئەو وێلی شەمی شەوان بم — بە نائومێدیو بە سەرگەردانی
منو ژیانی پڕ شادمانی — منو دڵخۆشی، یا کامەرانی
تازە ڕۆیشتین پێك ناگەینەوە — بووم بە خەڵوەتکێش لە جێی پەنهانی
دەسا ئەی خەیاڵ پرشوبڵاو بە — ئەی گوڵی هیوام سیسو ژاکاو بە
ئەی فرمێسك بڕژێ بە لێزمەو بە خوڕ — گەروو تاڵو سوێر، تێکەڵ خوێناو بە
ئەی مووشەدەمەی سینەم بەجۆش بە — ئاگرخۆشکەرەی دڵی سووتاو بە
ئەی ڕەنگ هەروەکوو لیمۆ زەردباو بە — ئەی لەش بێهێزو کۆمو چەماو بە
ئەی ئاسۆی هەستو هۆشو خەیاڵم — پەستو تاریكو ڕەش داگیرساو بە
ئەی مەلی باغچەی ئاواتی ژینم — پەستو غەمگینو نەغمەبڕاو بە
ئەی پەپوولەکەی چەمەنی هیوام — کزو بێباڵو لەش تێکشکاو بە
هەنگەکەی ڕۆحم، لە جێی ئاوارە — سا بێنە توخوا قومێك زوخاو بە
منو ژیانی پڕ شادمانی — منو دڵخۆشی یا کامەرانی
تازە ڕۆیشتین پێك ناگەینەوە — بووم بە هاودەمی چۆڵیو پەنهانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بۆ كچو دایكێك

١٩٦٩/٣/١٢

خوای جوانی... نەمدەزانی، تا ئەو ڕادەیە فەننانی
نەمدەزانی كە سەرچاوەی ئیلهامی هونەرمەندانی
نەمدەزانی بزوێنەری هەستو هۆشو دڵو گیانی،
وێنەگرو پەیكەرتاشو نووسەرانو شاعیرانی
نەمدەزانی كە شاپەڕی دەستو پەنچەی هونەرمەندیت
جوانی وا نەخشە دەكێشێ، مەگەر خۆت نرخیان بزانی
ئەو جووتە شۆخەی دەستكردت، كە ئەمڕۆ سەرلەبەیانی
وەكوو پەریزادەی ئاسمان، لەناكاو سەریان دەرهانی
بەڵگەیە بۆ هونەرمەندیت، بۆ خەیاڵی وردو جوانت
نیشانەیەكی دیارییە، مامۆستای هونەرمەندانی
وا دیارە لە هەر دیمەنێك، لە هەر شێوەیەكی نەخشاو
ئەوەی كە خۆت بە شایانو بە هەڵبژاردەی بزانی
لەوانە دایكو كچێكت بە شاپەڕی دەستو پەنچەت
نەخشە كێشا تاكوو ببنە نموونەی دەستی یەزدانی
كچ لە دایك جوانتر بوو، دایك لە كچ شۆخوشەنگتر
هەرچی شێوەی ئەوانی دی كەوتە هەوای نەغمەخوانی
چ سیحرێكت پێ بەخشیون، سیحری هارووتو مارووتە
وا بە جارێ دڵی خەڵكی دەبەن بە زۆرو تاڵانی؟

## جەژنی نەورۆزی میری

چەژنی نەورۆزە، یا شینو ماتەم بەزمو سەیرانە یا ناخۆشیو غەم؟
ئاهەنگی كۆڕی دەستەی لاوانە یاخود نیشتمان وێرانە سەرجەم
گەلی كورد ئەمڕۆ شاییو بەزمێتی یان لەناو گێژی دەریا وەك بەلەم
بای مەینەت دەیباو ڕاپێچی دەكا بەرەو سنووری ئەشكەنجەو ستەم
خاكی نیشتمان ڕەنگینو جوانە ڕازاوەو نەخشاو وەك فەرشی عەجەم؟
یاخود سەرتاپای بە خوێن گوڵگوونە بەخوێنی گەشی هاوولاتیەكەم
شۆخو نازداران بە ئاڵو والآن وەكوو گولآڵەی ناو باغی ئیرەم
وان لەناو كۆڕی بەزمو سەیرانا یا تەعزێبارن بە چارشێوی غەم

خۆرەی قەڵبەزەی سەر ملەو کاوان     تافەتافیان دێ بۆ ناو دۆڵو چەم
یاخود ئەوانیش وەك فرمێسكی من     بڵاوو نەوین بێدەنگو ماتەم
کارێزی وەستا شەریف وەك جاران     سەیرانکەرانی بۆ دەچن بە جەم
ئەرخەوانەکان سوور هەڵگەڕاون     یاخود زەردباون گیرۆدەی وەرەم
دەنگی کناچەی پۆڕی گوێ چەمان     قاسپەی کەو لەسەر ئاوی وەك زەمزەم
دێتە گوێی مرۆڤ، دەنگیان زولاڵە     یاخود ناخوێنن نە زۆرو نە کەم
هەڵبەستەکانی مەولەوی‌و خانی     پەندی پیرەمێرد وەك ویردی سەردەم
ئەمانە کامیان بە ئاوازی خۆش     پێشکەشیان دەکەن بە میللەتەکەم؟
خاکەکەی دوازدە سوارەی مەریوان     بۆ ئازادیخوا بۆتە جەهەنەم
دەمی دڵسۆزان چۆتە کلیلە،     پێکا لکاوە سەرپەنچەی قەڵەم
ئیتر کام جەژن‌و کام نەورۆزی کورد     خەڵك ناخەڵەتێ هەر بە قاڵەی دەم
جەژنی نەورۆزەو پەست‌و غەمگینم     جەژنی نەورۆزەو وێڵو ئاوارەم
دوور لە کوردستان گلێنەی چەمم     نیشتمانەکەی زین‌و کاکە مەم
جێگای دڵداری وەلی دێوانە     مەنزڵگاو گڵکۆی دڵدارەکەی شەم
دوور لە کوردستان، دوور لە نیشتمان     هامرازی پەستی‌و وێڵو ئاوارەم
دڵم وەك خانەی وێران‌و سووتاو     پڕ لە بۆچەك‌و بۆکڕووزو تەم
شەرتە تا گڕی نەورۆزی ڕاستی     بەرز نەبێتەوە لە وڵاتەکەم
نە شایی‌و ئاهەنگ، نە بەزم‌و سەیران     ساتێ دڵ بە هیچ کامیان خۆش نەکەم

بنكەی ژین www.zheen.org

## شەوێك بە دڵتەنگی

هەتاکو کەی ئاوارەو دووروڵاتم     تاکەی وێڵی دەشتی ڕۆژی نەهاتم
هەتاکو کەی شنەی شەماڵی شاخان     هەتاکو کەی هەوای بادی لێڵاخان
نادەن لە ڕووم، نادەن لە دیدەی تارم     نایڕەوێنن غەم‌و دەردو جەخارم
هەتاکو کەی دەنگی کەوی سەرملان     نایەتە گوێم هەتا بە خەوی شەوان
دەنگی کناچەی پۆڕی گوێ ڕووباران     شریخەی گوللەی ڕاوکەری سەر کۆساران
سۆزی شمشاڵ‌و باڵۆرەی یاڵەو یاڵ     کۆڕەی ئەسپ‌و باڕەی بەرخی بەر ڕەشماڵ
هەوهەوی شۆڕەسوارانی شۆخ‌وشەنگ     تەقەی تەوری دارکەرانی ناو دەربەنگ
پڕمەی کارو بەرخی تێری پڕدەماخ     هۆهۆی لالۆی جووتیاری لاپاڵی شاخ
هەرەوەزی کەماجاڕی کوێستانان     ئاهەنگی مازووچنی ناو نزاران
خەوێك بوو دیم، جارێکی تر نایبینم     هەتا ماوم ئاوارەو کونجنشینم

وەکوو گەمێی سەرلێ تێکچووی ناو دەریا  هەر تاوەی شەپۆلێك ڕاپێچم ئەدا
ئەی خەیاڵی پەستو گێژی دەوری مێژ  ئەی ئەستێرەی کزی ناو ئاسمانی دێز
ئەی گڕەی بای ناڕەوانو دڵتەنگکەر  ئەی خواردنەوەی هۆی نەخۆشیو ژانەسەر
هیچتان تاوێك دادم نادەن، بێسوودە  وادیارە ژین دەبەینە سەر بێهوودە
ئەی ئاوی لێڵی دیجلەی سەربەرەوخوار  دڵی منیش وەك تۆ لێڵەو پڕجەخار
ئەی شەقامی ئەبو نەواسی بێدەنگ  ژینی منیش وەك تۆیە بە شەوەزەنگ
مانگی لێڵیو ئاسمانی تۆزاوی  ڕاناماڵێ لە دڵ دەردو زووخاوی
چرپە و وردە ڕازی دەستەی دڵداران  دڵم داناخورپێنن وەکوو جاران
ئەی مەگسووفی هەڵپروزاوی دەوری گڕ  دڵی منیش کاتێکت زانی لەپڕ
دەسووتێ بێئەوەی بگاتە ئاواتی  گیان دەسپێرێ بە خاکی دووروڵاتی
نەبێتە وشکەڕۆییو دەمارگیری  فەرقی نییە دووروڵاتیو ئەسیری
پیاو لە وڵاتی خۆی، بە سەد نەبوونی  بە دەروێشیو بە هەژاریو زەبوونی
هەست بە ئاوارەییو کەساسی ناکا  تا ئەو ساتەی کە دەنێژرێ لە خاکا
هەر ساتێکی ژیانێکە بەڕاستی  نایبێ مرۆڤ مەیلی ساردی لە عاستی

## بە یادی کۆن

گیانەکەم کە جار بەجارە، بە یەك دەگەین لە ڕێگاوبان
وەکوو لاوێکی بیست ساڵە دەچمەوە دۆخەکەی جاران
بەرامبەر بە باڵای بەرزت، بەرامبەر ڕوخساری جوانت
بەرامبەر ورشەی دوو چاوی وەکوو ئەستێرەی ئاسمانت
هێزی هەنگاونانم دەبڕێ، لەگۆ دەچێ قاچو دەستم
دڵم لە لێدان دەوەستێ، پڕ دەبێ سەرچاوەی هەستم
ڕێی ئاساییم لێ تێك دەدا ڕێشکەو پێشکەی چاوی گێژم
بەبێپەروا وەکوو منداڵ فرمێسکی شادی دەڕێژم
کەچی تۆش هیچ نەگۆڕاوی، هێشتا وەکوو جاری جاران
کەللەڕەقی، نایەیتە خوار بۆ ساتێ لە کەڵی شەیتان

## بۆ مێژوو

١٩٦٨/٥/١٧

ئەی لاپەڕەی مێژووی گەلان، ئاگات لە مێژووی کوردان بێ
لە نووسینی بەسەرهاتا، پێنووسەکەت بەوێژدان بێ

چیت بینیوه به چاوی خۆت، یەك یەك هەموویان تۆمار كە
بەسەرهاتی ئەم چەند ساڵەی بە میللەتان ئاگادار كە
لە شاخیەوە، لە داخیەوە، هەتاكوو پێدەشتی گەرمیان
بە دێیەوە، بە شاریەوە، ئەمسەراوسەری كوردستان
چەند تۆپی زلی دوو دەنگی، چەند بۆمبای ناپاڵمی سەرسەخت
چەند گوللەی ڕەشاش‌و بڕنەو، چەند كلاشنكۆفی بەدبەخت
درا بە خاكی كوردستاندا، بە نیازی وێرانكردنی
بە نیازی بێدەنگكردنی، بە نیازی لەناوبردنی
ئەو دێیانەی دەسووتێنرێن، ئەو ڕەزانەی دادەهێنرێن
ئەو منداڵی سەر بێشكانەی كە بە ڕێڕەو پێشێل دەكرێن
چ ویژدانێك، چە مەبدەئێك ئەم كردەوە پەسەند دەكا
ڕۆژی ڕووناكی میللەتێك بە وێنەی شەوزەنگ دەكا
نەوەی مەغۆل‌و تاتاران سەرلەنوێ زیندوو بوونەوە
وا تەڕو وشك هەرچی هەیە بێجیاوازی دەیدروونەوە
نازانم بۆچ لە ڕاستی كورد، گەلان هەموو زمانیان لاڵە
گوێیان كەڕەو هیچ نابیستن لەماوەی ئەم هەشت نۆ ساڵە
ئەوانەی كەوا دەكوژرێن، ئەوانەی دەربەدەر ئەبن
ئەوانەی كە هەتیوبارو كەساس‌و قوڕبەسەر دەبن
كام نووسەرو ڕۆژنامەچی پێنووسی بۆ خستۆتە كار
كوا شاعیری چ میللەتێك شیعری وت بۆ كوردی هەژار
ئەم خاكەی كە هەشت نۆ ساڵە، لەژێر باردا دەنركێنێ
بە بۆمبا سەرتاپا بێژرا، تاكوو كەسی تیا نەمێنێ
ئایا هی میللەتێك نییە كە ئەویش وەكوو میللەتان
بە ئازادی‌و كامەرانی مافی خۆی هەبێ لە ژیان
ئەی خاوەنی بیروباوەڕ، لەمسەر تا ئەوسەری جیهان
تاقە تۆزێ گوێتان شل كەن بۆ ڕازی گەلی كوردستان
گەر مافی گەلێك بەمجۆرە پێشێل بكرێ بە ئاسانی
كەس نەبێ دەنگی لێوە بێ وەك دەوری پاشاگەردانی
ئیتر بۆ كەی ئازادیخوا دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە
هەتا فاشیست‌و زۆرداران لەبەریا بسڵەمێتەوە؟!

www.zheen.org

## وەڵام بۆ هاوڕێیەك

٣/ ٦/ ١٩٦٦

هێشتا دڵم وەکوو گەنجێك، گۆڕی دڵداری پێ ماوە
پشکۆی ناو کوورەی دەروونم بەجۆشەو سوور هەڵگەڕاوە

جۆگەی ئارەزوو و ئاواتم هاژەی دێ وەکوو لافاوە
بارانی تاسەی دڵداریم بۆ یاران لێزمەو تاوە

بە سپێتی مووی سەرو ڕیش پیر نابم خەیاڵت خاوە
تازە وادەی دەوری گەنجی ڕوومەت عازەبەی دەرداوە

خەریکی دگ دگو پیاڵەم، ورەم بە خەفەت بەرداوە
پێکی بادەی خەستو خۆڵم مەزەی ماچی گۆشەی چاوە

نایەڵم دنیا بۆڕم دا، من پاڵ دەنێم بە دنیاوە
ڕەنگبێ ئەم دێرانەی دەیڵێم لەلات وابێ چاوڕاوە

بەڵام باوەڕت بێ ڕاستەو هەموو دێڕێکی تەواوە
هێشتا وەکوو هەرزەکارێك دڵم هەر تەڕو پاراوە

www.zheen.org

## شەوێك لە گوێ ڕووباری دجلە

ئەمشەو ئێجگار کەللەم مەستە، بەزمەو ڕابواردنی خەستە
ئەوەی کە بۆ دڵ مەبەستە، ئامادەیەو لەبەردەستە

وا هەست دەکەم هەموو جیهان، دارو بەردو زەوی‌و ئاسمان
گەورەو بچووك‌و پیرو جوان، هەرچی هەیە گیاندار، بێگیان

هەموو وەك من دڵیان خۆشە، گەورەو بچووکیان سەرخۆشە
کەللەیان مەستەو بەجۆشە، کۆڕیان گەرمە، چەرەێ‌و نۆشە

درەخت بە گڵۆپی هەمەڕەنگ، لە کەناری ڕووباری مەنگ
وەکوو بووکێکی شۆخ‌وشەنگ، ڕازاوە بۆ شەوی ئاهەنگ

زڕەی پێکی نیوەشەوی، بە یادی بەزمی خوسرەوی
شیعری خەیام‌و گەنجەوی، بە چوارخشتەکی‌و مەسنەوی

پەرداغی مەی، ڕوخساری جوان، چیمەنی وەك مێرگی کوێستان
پەنای بێدەنگی شان بەشان، لەگەڵ شۆخی بادەنۆشان

پیاو دەخاتە گێژی خەیاڵ، وەك مەل ئەدا لە شەقەی باڵ
دەفڕێ بۆ دەوری کوڵم و خاڵ، بۆ دەوری خونچەی لێوی ئاڵ

گۆیندەی بەزەوق و بەجۆش، بە مەقام و بە بەستەی خۆش
دنیای هێناوەتە خرۆش، گەرم بووە کۆڕی مەینۆش

شڵپەی سەوڵی بەلەم جارجار، دەشکێنێت زنجیرەی ڕووبار
بە وێنەی چینی زوڵفی یار کە لێی دا ڕشێنەی بەهار

لەملاو لەولا جووتەی دڵدار، کەتوونەتە پەناو پاسار
ڕاکردوو لە چاوی بەدکار، بۆ ڕازو گلەیی شەوگار

چرپەو ڕازو پێکەنینە، خەیاڵی لیمۆ گوشینە
سەودای گازو لێومژینە، لستنەوەی سنگی زیوینە

شەوێکی پڕ لە خەیاڵە، دڵم لە خەفەت بە تاڵە
لە خۆشیا زمانم لاڵە، شەوێکە درێژەی دە ساڵە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دەمەتەقێیەك
## لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سوجادیدا

١٩٦٩/٨/٣

دەسخەتێکم بە ئەمانەت لەلای مامۆستا عەلائەدین دانا کە لە ماوەی هەفتەیەکدا سەیرێکی بکات. ئەو دەستخەتە بریتی بوو لەوەی کە ئامادەم کردبوو بۆ چاپکردنی کتێبی (پیرەمێردی نەمر). کاك ف. هۆشیاریش [فایەق هۆشیار] ئاگاداری ئەم کەینەوبەینە بوو، بەڵام پتر لە دوو مانگ تێپەڕی بێ ئەوەی دەستخەتەکەم بۆ بنێرێتەوە، منیش ئەم هەڵبەستەم بۆ نارد.

هۆ مامۆستا عەلائەدین، بمبوورە گەیوەتە تینم
چیم پێ دەڵێی لەسەر سەرم، کافرم یا خود بێدینم
ئەوا دێری شیعرم بەتاو، خۆیم لێ ڕادەپسکێنێ
دەڵێ ئیتر توانام نەما، دیاری تۆڵەی خۆی دەستێنێ
وەکوو ژیشك خۆی گیف دەکا، توانج دەهاوێ کەف دەچێنێ

کوێرانه پیره گاڵۆکی پیرەمێرد هەڵدەسووڕێنێ
دەڵێ ئیشی دووسێ ڕۆژ بوو، بۆچی وا دوای خست، ئاش وەستا
دەترسم بیرازی بوێ بەرداشی ئاشی مامۆستا
هێشووی داڵیتی مانگی ئاب، لەلای ترشە وەك بەرسیلە
گوڵی گەنم بێشیلەیە، هێشتا هەر سەوزو قەرسیلە
یا تەماتە ئاغاگەلی "شیوەکەڵ"و قەومو قیلە
تاقم تاقم سوارەو پیادە، وەکوو شایی بناویلە
یاخود دەبێ بانگی شێوی "مام پیرداود"[1] هێند بەسۆز بێ
سەڵاو بانگەوازی خۆشی لاوکی ناو خزمو هۆز بێ
بە سەودای ئەو بانگەوازەو ئەو دەنگە خۆشو دڵگیرە
دەستو دڵت بەبێ پەروا، لەناو داویا یەخسیرە
بۆیە وا مەیلی خوێندنەوەت هەروەکوو جاران نەماوە
ماوەی "مەغریبو عیشا"[2] کەی جارانت چیی لێ قەوماوە؟
ئومێد دەکەم بۆ خوێندنەوە تەنها سستو لەسەرخۆ بی
لە کارو فرمانی خێردا، گورجو گوڵ بە جستوجۆ بی
دەڵێن مەلاژن دڵتەڕە، کە عومری گەیشتە هەشتا
ئەوسا دەچێتە دیلانێو چاوبڕکێیەتی لەگەڵتا
لەبیرمە موفتیی ڕەحمەتی لە مانگێکدا تاقە جارێ
دەی کرد بە گاڵەو بە هەرا، گەڕەك دەخرۆشا بەجارێ
شەوی جومعە حەمام قۆرخ، ئاوڕشێنی دیوەخان بوو
بۆنی تاسکەبابیو سیڕەی سەماوەری ناو داڵان بوو
لوقمەقازیو شیرینیی تر، هەرچی کەوا نەرمەقووت بێ
ئەوەی لەگەڵ کاری خێرا بسازێو لەگەڵیا جووت بێ
ئەمانە هەموو خۆرشتی سەر لە ئێوارەی ئاهەنگ بوو
ئا ئەم هەموو کەینوبەینە هەمووی بۆ نەختێ گۆبەنگ بوو
بە وردە کۆکەی بەربەیان، لەپاش ڕەوتی نیوە شەوی

[1] مام پیرداود کوردێکی دەوری هەولێر بوو مجەوری مزگەوتەکەی عەلائەدین سوجادی بوو لە مەیدان بانگیشی بۆ ئەدا.

[2] مەغریبو عیشا: لەو ماوەیەدا مامۆستا عەلائەدین لە مزگەوت دەبوو، میوان دەچوون بۆ لای.

خەڵکی دەرو دراوسێ ئەوسا لە ئەنجامی خێر دەگەیی
کە پیرەمێردی ڕەحمەتیش کاری نەگەیشتایە ئەنجام
ئەیوت "غەزالە"[1] بۆت نەمام بە وشکی چووی بۆ حەمام
تۆش لەگەڵ شیعری پیرەمێرد، نازانم بۆ مەیلت ساردە
ناحەقمە گەر ئیتر بڵێم، مەلا توخوا ئەمە ئاردە

## بەستەیەك بۆ نیشتمانەکەم

١٩٦٩/١٢/٤

دەمەوێ هەڵبەستێ بڵێم بۆ خاکی نیشتمانەکەم
بۆ شۆڕشی ئازادیخواو پێشمەرگەی کوردستانەکەم
هەڵبەستێکی بە سۆزی وا، لە شمشاڵی دەروونەوە
لە گانگای هەستو سەرچاوەی دڵی خاوێنو ڕوونەوە
هەڵقوڵێ، پەنگاو ببەستێ وەکوو قوڵپەکانی سەراو
دەشتی شارەزووری هیوام تێرو پاراو کا بە لافاو
هەڵبەستێك بێ دیاریی دەستی بیروبڕوای ژیانم بێ
شایانی شۆڕشی کوردو دەستەی تێکۆشەرانم بێ
بۆ ئەوانەی کە سێبەری پیرە داربەڕووی گەلاڵە
لە جێی کۆشكو تەلاریانە، لەماوەی ئەم هەشت نۆ ساڵە
هەڵبەستێك بێ بۆ ئەو گەلەی لەناو گەرووی نەهەنگایە
لەژێر نرکەو ناڵەی بۆمباو گوللەی تۆپو تفەنگایە
هەر پیرە، هەر هەرزەکارە لوولیان ئەدەن وەك مۆڵەمەڕ
ڕەشبگیری ژنو پیاوە، بێ جیاوازیی بیروباوەڕ
فرمێسکی دایکی هەتیوبار، هەنسکی دەزگیران کوژراو
جۆشی کوڵی نەوەستاوی کەسوکاری جگەرسووتاو
لاشەی ئەو لاوانەی لەژێر دانەی گرێدەری سامناکا
بە زیندوویی پان کرانەوە، بەکۆمەڵ نێژران لە خاکا
هێشتا داخیان لە دڵمایەو هەروا لە جەرگم کارییە
بیرچوونەوەی تاوانی وا، تاوانەو شەرمەزارییە

---

[1] غەزالە خان خێزانی شاعیری نەمر حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بوو.

نۆکەری سوورفلی چاوشین وەك نەوەی مەغۆلو تاتار
لەشکری بەر بۆتە ویزەی بیّ تاوانی دیهاتو شار
چنگو پەلی بە خوێناوی شەهیدان ڕەش هەڵگیرساوە
وەك زەروو تا بینە قاقای هێلنجو قولپی خوێناوە
لێزمەی ژەهری بەسەر خاکی نیشتمانا دەبارێنێ
دارو بەردو زیندەوەری، تەڕو وشکی دەسووتێنێ
بە دەستی بیّ تاشە بەردی هەموو لوتکەی سەر چیاکان
دەیاڕێ هەموو تەخت دەکا ئەمسەراوسەری کوردستان
تاکو ناوی کوردستانو ناوی گەلی کورد نەمێنێ
دارو بەردی وەکوو گڕی بابا گوڕگوڕ گڕبسێنێ
ئەوسا ئیتر، بۆریی لە شادەماری کوردستان
بەبێ دەنگی بەکێش بکرێ بۆ بازاڕی خوێنمژەکان
نەیدەزانی ئەو میللەتەی هەزاران ساڵ وەك خۆی مابێ
تەنها لەسەر بستێك خاکی وەك لافاو خوێنی ڕژابێ
لاوی بە یدارەو قامچی ڕاهاتبێ لەشو گیانی
لەلای گاڵتەی منداڵان بێ زنجیرو کۆتو زیندانی
هێز نییە کۆلی پێ بدا لەڕێی ڕاستی تێکۆشانی
گەردنکەچی کا بەرامبەر هێزی دەستەی دوژمنانی
چیای سەختو گەردنکەشی، دارستانو چەمو دۆڵی
تاشەبەردی لوتکەی بەرزی، ئاوو زیخو لمو خۆڵی
هەر تاقە بستێکی مابێ بەپێوە لەسەر ڕووی جیهان
بۆ لەشکری دوژمنانی هەمووی دەبێ بە گۆڕستان
هەتا پێشمەرگەی نەبەردو چاونەترساوی بمێنێ
مەشخەڵی تێکۆشانی کورد، تا بێ بڵێسە دەسێنێ
ئەی لاپەڕەی مێژووی گەلان، ئاگات لە مێژووی کوردان بێ
نووکی پێنووست لە ڕاستی بەسەرهاتیا بەوێژان بێ
چیت بینیوە بە چاوی خۆت، یەك یەك هەموویان تۆمار کە
بەسەرهاتو کارەساتی بە میللەتان ئاگادار کە
ئەو تاوانەی بەرامبەر کورد، کراوە لە بەرچاوی خۆیا
ڕاستی نووسینیان ئەرکێکە وا لە گەردنو ئەستۆتا

ئەوەی کەوا چنگ‌و پەلی خوێناوی بێ، تاوانبار بێ
دەبێ بەرامبەر بە مێژوو گەردنکەچ‌و شەرمەزار بێ
تەنها بە دەنگی بێزاری فاشیست پاشگەز نابێتەوە
هەر هێزە لووتی بشکێنێ‌و لەبەریا بسڵەمێتەوە
بۆیە گەلی کوردی ئێمەش خوێنی خۆی ناوەتە مستی
لاشەی کردووە بە سەنگەری نیشتمانی خۆشەویستی
لەسەر تاقە بستێ خاکی، لەسەر نینۆکی لاوێکی
بۆ تۆڵەی دڵۆپێك خوێنی لاشەی ڕۆڵە کوژاوێکی
تا دوا هەناسەی پێشمەرگەی مابێ لە خاکی کوردستان
تا تیایەتی هاوار دەکا: یا کوردستان، یاخود نەمان
ئەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کۆمەڵێکی ناتەواوی
ناوت یەکێتیی گەلانەو لەڕاستیدا داتاشراوی
هەر تاوانەو دەستدرێژییە چاوی خۆتی لێ دەپۆشی
لە ڕاستی گەلێکی وەکوو کورد بە فەرامۆشی
کەی تاقە ڕۆژێ لە ڕۆژان، بێ پێچ‌و پەناو چاوڕاو
دەیدرکێنێ کە گەلی کورد گەلێکی دیلەو مافخوراو
هەزار هەزار ئەوەندەی تر لە ڕاستی کورد گوێی خۆت کەڕ کەی
چاوت تونگ تونگ بنووقێنی، فەرمان بە ئەمری خوای شەڕ کەی
گەلی کورد لە خەباتی خۆی قەد ناکەوێ‌و ناکا سستی
تا دەس نەکاتە گەردنی بووکی ئازادی‌و سەربەستی
گەلی کورد خەڵاتی ناوێ، لە هیچ کەس ناپاڕێتەوە
مافی کورد قەرزێکە ئەمڕۆ سبەی هەر دەیسێنێتەوە

## بۆرجوازی‌و سەرمایەدار

١٩٦٩/٧/٢٩

بۆرجوزای‌و سەرمایەدار، دوژمنی کرێکارو جووتیار
دوژمنی هەموو کەسێکی مافخوراو و لات‌و هەژار

ناحەقیان مەگرن گەر قینیان لە بیروباوەڕی بەرز بێ
ڕقیان لە هێزی ئازادی‌و چینی چەوساوەی ڕووی ئەرز بێ

چونکه هەر بیروباوەڕێك کە بۆنی ئازادیی لێ بێ
دەبێتە هۆی پتەوبوونی چینێکی تێکۆشەری نوێ

ئەو چینەی کەوا خاوەنی بیروباوەڕێکی پاکە
خاوەنی هێزی پێشڕەوی چاونەترساوو بێ باکە

هەرساتێ گەیشتە ئەوەی توانیی ئالای شۆڕش هەڵکا
توانیی هەرچی ئازادیخواو ڕۆشنبیرە لەناو خەڵکا

هەمووی بێنێتە کۆڕەوە بۆ هەڵمەتو بۆ تێکۆشان
بۆ گۆڕینی دامودەزگای ڕژێمی دەستەی خوێنمژان

ئەوسایە بە هێزی بازووی هەموو زۆردار دەتاسێنێ
مافی چینی بەشخوراوی چەند ساڵەی بەزۆر دەستێنێ

دیارە ئەمەش بۆ تاقمێك کە هەمیشە وەکوو زەروو
بەربوونە خوێنی چینێکی هەژاری چەوساوەی ماندوو

شتێکی پڕمەترسییەو بۆیان دەس نادا سەرکەوێ
تای ترازووی خۆیان بەو سەرکەوتنە دەنەوێ

## ڕێگای تێکۆشانی کورد

١٩٦٩/٩/١٥

ڕێگای تێکۆشانی کورد، هەرچەند سەختو گرانە
پڕ دڕكو داڵو بەردە، پڕ کۆسپو کەندەڵانە

تا دەگاتە ژێر سایەی ئالای بەرزی ڕزگاری
هەزار دەردو ئەندێشەی تووش دەبی بەناچاری

هەتاکوو دەم دەنێتەوە ناو دەمی بووکی هیوای
تا دەس دەکاتە ملی نازداری ئازادیخوای

تا دەگاتە مەنزڵو سنوورو جێی مەبەستی
بست بە بستی سەر ڕێگەی دەبێتە بەرهەڵستی

بەڵام تێکۆشانی گەل قەت ناوەستێ کاروانی
هەتابێ گورجتر دەبێ هەنگاوی تێکۆشانی

تا بێ بەهێزتر دەبێ مەبدەء و بیروبڕوای
بەتینتر دەبێ گڕی مەشخەڵی ئازادیخوای

دەبا ئیتر ئەوانەی کەوا لەسەرەتاوە
تەنها بۆ سوودی خۆیان هەر دەهۆڵیان کوتاوە

با لادەن لەو ڕێگایەو ببنە دڕکی مەم‌و زین
هاکا میللەت بە لووتی بیلێك هەمووی داپاچین

ئەوسا ناوو ڕەفتاریان، کردەوەی ناهەمواریان
پەڕەی چڵکنی پیسی ژیانی شەرمەزارییان

لەناو سەرەنوێڵکی مێژوودا فڕێ ئەدرێ
بەپێلەقەی کاروانی میللەتان پێ شێڵ دەکرێ

## ئاوات

ئەی دەستەی کە ڕەئووفی کوشت، ئەو دەستە بوو ڕەحمانی کوشت
ئەو دەستە تاوانبارە بوو، خوێنی تێکۆشەرانی ڕشت

ئەو دەستە چەپەڵە پیسەی هەزارانی ماڵوێران کرد
هەزارانی هەتیوبارو بێوەژنی سەرگەردان کرد

ئەو دەستە بەکرێگیراوە گەر کورد ڕۆژێکی بمێنێ
بە بڕیاری دادگای گەل، دای دەپاچی‌و دەی قرتێنێ

ئەی میللەتی نەبەزی کورد، گڕی شۆڕشگێڕت خۆشکە
تێکۆشەر لە دوای تێکۆشەر بە شیری ئازادی گۆشکە

ئازادی‌و سەرفرازبوونی هیچ میللەتێك بە ئاسانی
دەسگیر نابێ‌و چنگ ناکەوێ بەبێ خوێنی شەهیدانی

## تەمەنی دوای چل ساڵە

ئای لە جۆشی دڵداریی تەمەنی دوای لاوێتی
وەکوو ژیلەمۆی ئاگر هێشتا تین‌و تاوێتی

لەپاش ئەو کەین‌و بەینەی دەوری هەرزەکارێتی
هێشتا دڵی سەرەڕۆ مەیلی زوڵفی خاوێتی

ژیلەمۆی کوورەی دەروون کەی دادەمرکێتەوە
کەی دەبێ بە خۆڵەمێش، تاوێ دەحەسێتەوە

تاکەی هەنگەکەی ناو دڵ، کۆڵ نادا بەبێ وچان
تێر ناخوا لە مژینی ئاوارەی زوڵفی یاران

تاکەی وەکوو پەپوولە، وێڵی گوڵی باخانە
بێ باك لە ئێش‌و زامی دڕك‌و چقڵی گوڵانە

هەتاکوو کەی شەیدایە بۆ گڕی شەوق‌و چرا
ناترسێ لە سووتان‌و دەخولێتەوە بە دەوریا

ئەی دڵی بەساڵاچوو، بۆچی وا ئاخرشەڕی
بۆچی وا بەم تەمەنە هێشتا هێندە دڵتەڕی

کێ باوەڕت پێ دەکا، بە وێنەی هەرزەکارێ
دەتوانی ڕاگیری کەی دڵی شۆخ‌و نازدارێ

دڵی شۆخ‌و نازداران وەکوو کارەبا وایە
تەنها هەر بە پریشکێ لەسەر پێ‌و لەکارایە

تۆی هەروەکوو ژیلەمۆ، هەرچەند بەتین‌وتاوی
بە توێژاڵی خۆڵەمێش شاراوەو داپۆشراوی

سەری سپی کە دەرکەوت، ئیتر پیاو دەبێ بە پەنگ
چ شۆخێك خۆی دەخاتە ناو گێژاوی گۆمی مەنگ

## کوردایەتی

١٩٦٩/١١/١٤

چەند کەس بە درۆو بە ڕواڵەت، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە
مەبدەء و بیروباوەڕیان بۆ هەڵئاخنینی جەواڵە

چەند کەس بێ‌شەرم‌و شوورەیی، بێ‌تەریقی‌و بێ‌ئابڕووچوون
پاش هاش‌و هووشی چەند ساڵە ناکەس بەچەو ناپاك دەرچوون

چەند کەس لەژێر سایەی تۆدا، دام‌ودەزگایان دامەزران
بوون بە دەڵاڵی مەبدەء و میللەت‌و وڵاتیان دۆڕان

بنکەی ژین www.zheen.org

لاپەڕە لەدوای لاپەڕە، مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوایی
پڕ لە باسی خیانەتەو پڕ لە نۆکەریو مەرایی

بە نووسینو بە قاڵەی دەم تا بڵێی بە دەستوبردن
هەر خۆیان هێزی پێشڕەوی چەوساوەی میللەتی کوردن

ئەی نەتەوەی کوردی دلێر، گەرچی ئەمڕۆ وەك میللەتان
دەنگی شۆڕشت ناگاتە هەموو سنوورێکی جیهان

بەڵام هاکا دەنگوباسی شۆڕشگێڕیت بڵاو بۆوە
وەك باسی شۆڕشی ڤێتنام ڕووی سەرزەمینی گرتەوە

## بۆ پیرەمێردو گۆران

١٩٦٩/١٢/٢٣

خاڵۆی پیرەمێرد، وەستای بوێژان گەنجینەی بەنرخ بۆ نوکتەبێژان
زیندووکەرەوەی ئاهەنگی نەورۆز خاوەنی "ژینو ژیان"ی دڵسۆز
لەگەڵ مامۆستای ڕۆشنبیرانا لەگەڵ مامۆستای کوردو گۆرانا
ئەمیان لە سەیوان، ئەو مامەیارە شوێنی گۆڕیچەی هەردوکیان دیارە
کەی میللەتەکەم وەکوو میللەتان دەسەڵاتی بیٚ ڕۆژێك لە ڕۆژان
فەرمان ببەخشیٚ بە پەیکەرتاشیٚ سەرو پەیکەریان بۆ دابتاشیٚ

www.zheen.org

## ڕۆژی ئاشتی

### بەبۆنەی ١١ی ئادارەوە

### ساڵی ١٩٧٠

نەبیستراوە تا ئێستە، کەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان
گەلی کورد دەس درێژ بکا، بۆ سەر یەکێك لە گەلان
هەر نیشتمانی کوردەو بەزۆر پیٚشێڵ کراوە
ئەمسەراوسەری خاکی بە تووڕە کە بێژراوە
لاپەڕەکانی مێژوو، بەڵگەی ڕاستو تەواوە
گەلی ئەم کوردستانە، کە هەتا ئێستا ماوە
هەر ئەم تاوان لێکراوەو هەر ئەو بەشخوراوە
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر دەمینیٚو هەر ماوە

زەینەفوونی یۆنانی، هەزاران ساڵ لەمەوبەر
بە خۆی‌و بە سوپاوە وڵاتیان گرت سەراوسەر
بەڵام بەچی گەیشت‌و ئەنجامی چیی بەسەرهات؟
سەرشکاوو ڕاونراو، بە پەلەپرووزکێ هەڵات
ئۆردووی مەغۆلی خوێنڕێژ ڕەمزی زوڵم‌و تاڵانی
بست بە بستی کوردستان بووە بە گۆڕستانی
شەپۆلی دەستدرێژیکەر، بەبێ وچان وەك لافاو
خاکی کوردەوارییان ڕەنگین کردوە بە خوێناو
بەڵام کوردی کۆڵنەدەر وەك لوتکەی چیاکانی
بەرامبەر بە زەمانەو جەورو زوڵم‌و تاوانی
خۆی گرت چۆکی مەردانەی چەقاندە خاکی پیرۆز
بۆ سەربەستی‌و ئازادی، بۆ ڕزگاریی گەل‌و هۆز
هەشت نۆ ساڵێك لەمەوبەر تاقمێکی سەرەڕۆ
کەوتنە خولیای فەوتانی گەلی کورد بە قەڵاچۆ
کەڵکی نەگرت هاوارو بانگەوازی ئاشتیخواز
لەشکری شەڕخوا وەکوو لەشکری گورگ‌و بەراز
دایانە بەر، دارو بەرد، ناو ڕەزو باخ‌و بێستان
ئەوی لەتوانایدا بوو، هەمووی داپاچی‌و سووتان
تینی ڕەشی ناو دڵی هەموو داچۆڕانە خوار
هەستی مرۆڤایەتی نەما وەك دڕندەی هار
بانگی دەکرد پڕبەدەم، بکوژن، ببڕن، تاڵان کەن
ژن بێ، پیر بێ، مناڵ بێ، هەموویان سەرگەردان کەن
بەڵام پێشمەرگەی کوردی نیشتمانی خۆشەویست
خۆی کرد بە فیدای خاکی نیشتمانی بست بە بست
ئەوا لەدوای ئەم هەموو شەڕوشۆڕی چەند ساڵە
بانگی تێبینی بەسەر ڕێی گومراهییا زاڵە
دەنگی ئاشتیخوایی گەل ئێستە بەرزو زوڵاڵە
بەرەی خوێنڕێژو شەڕخوا ملکەچەو زمانی لاڵە
پیرۆز بێ ئەم ئاشتییە، نۆرەی لاپەڕەی نوێیە
بزانین ئەمجارە ڕاستە مژدەی ڕزگاریی پێیە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بۆ جەژنی نەورۆزی ساڵی ۱۹۷۰

پیرۆزبایی لە هەموو کورد، سڵاوی گەرمی دووربەدوور
بۆ ئەو لاوە نەبەردانەی لە باوەنوور تا فیشخابوور

لەشیان کردبوو بە قەڵغان، خوێنیان خستبوە بەری دەستیان
تێکۆشابوون بۆ گەیشتن بە ئامانجو مەبەستیان

سڵاو بۆ ئەو دایکو باوکەی ڕۆڵەیان شەهید کراوە
سەربەرزیو ئازادیی وڵات بە خوێنی گەشیان نووسراوە

سڵاو بۆ ئەو ڕۆشنبیرەی لە گێژاوی ئەم چەند ساڵە
ڕێی ڕاستی گرتو لای نەدا لە ترسی ئەو قەلو داڵە

سڵاوی گەرمو بەتینی وەکوو پشکۆی داری بەڕوو
بۆ بست بە بستی کوردستان، بۆ پێشمەرگەی لەخۆبوردوو

مژدە بێ چەژنی نەورۆزی ئەمساڵمان تێکەڵ ئاشتییە
ئومێد وایە ئەم وڵاتە لەمەودوا ڕووی لە هاتییە

باڵی خوای شەڕ پێکێنراوە، شەقەی نایە باڵشکاوە
وا لەناو خوێناوی خۆیدا تەپاوتلێتیو گەوزاوە

کۆتری ئاشتی دەنگی بەرزە، هەموو ئاسمانی تەنیوە
نووزە لە پەپووی نەگبەتو شوومی وێرانە بڕیوە

پێشمەرگەی کورد سروود بڵێ، با دەنگت بەرزو زوڵاڵ بێ
دەستەی شەڕخوا کەڕو کاس کە، با ئیتر زمانیان لاڵ بێ

ئەمساڵ نەورۆز ساڕێژکەری زامی گوللەی زامدارانە
گوڵاڵەی سووری بەهارمان، یادگاری شەهیدانە

ئەمڕۆ وا جەژنی نەورۆزە، جەژنی نیشتمانو هۆزە
جەژنێکی لەلای گەلی کورد تا بڵێی بەرزو پیرۆزە

یادی کاوەی قارەمانە، یادی ڕێگەی تێکۆشانە
یادی تێکشکانی تەختی بەرەی چینی خوێنمژانە

یادی زۆرانبازیی مەردە لەگەڵ تاقمی زۆردارا
یادی چەکوشوەشێنێکە لەناو چینی کرێکارا

ئەو ڕۆژەی چەرمی بەرۆکی کاوەی مەزن کرا بە ئاڵا
لەو ڕۆژەوە ئەم میللەتە قەدی لە ئازادی ئاڵا

هەتا مرۆڤێکی مابێ، لە ڕووی خاکی نیشتمانا
هەتا دوا دڵۆپی خوێنی بمێنێ لە لەش و گیانا

لانادا لە ڕێگەی ڕاستی، بێوچانە لە تێکۆشان
شان بە شانی هەموو گەلی ئازادیخوای سەر ڕووی جیهان

ئەی کاروانی ئازادیی کورد تێپەڕ بە، ڕەت بە مەوەستە
قۆناغ لەدوای قۆناغ ببڕە، تا ئەو هەنگامەی مەبەستە

ویردی دەمی شەوو ڕۆژم، ئەی دایکی نیشتمانەکەم
ئەی ئارامی لەش و گیانی هەموو خۆشی ژیانەکەم

هەروەکوو دایکێکی دڵسۆز، بە پەنجەی پزیشکی نەرمت
بە خۆشەویستی و بە هەستی پڕسۆزی ناو دڵی گەرمت

بسڕە فرمێسکی چاوانی دایکانی ڕۆڵە کوژراوت
پڕ شادی کە دڵی ماتی هەتیوان و لێقەوماوت

تەومژی ڕووی ئاسمانی ڕۆژانی ڕابوردووی ڕەشت
هەوری سووری پڕ سامناکی بە هاڵاوی خوێنی گەشت

هەمووی ڕامالەو لوولی دە، با نۆرەی ژینێکی نوێ بێ
ئەوەی ساڵەها مەبەستتە ئومێد وایە جێبەجێ بێ

## کۆنەپەرستی دەغەزار

١٩٧٠/٤/٢٦

دواچۆڕی ژەهراوی قین، بۆچەکی بوغزی ناو دڵ
خێسەی پڕ ڕق و کینەی تیژی هەروەکوو چقڵ

ڕەنگی زەردی ڕوخساری مۆن و گرژی تێکترشاو
چاوی پێڵوو ئەستووری سپێنە سوور هەڵگەڕاو

دانی ڕیچی وەك شفرەی پیرە یەکانەی نەخۆش
ناوچەوانی ترش و تاڵ، هەروەکوو ڕەنگی حەوجۆش

کەفاوی لالغاوەی بەسەر چەناگەو ملیا
وەکوو کەفی ژێر کۆپان دەچۆڕا بەسەر جلیا

هەمووی دیمەنی ڕق بوو، هەمووی دیمەنی قین بوو
نموونەی ئەهرەمەنی خوای شوومی سەر زەمین بوو

مێشکی پووکاو و پووچی بیروباوەڕی چەوتی
هەنگاونانی کوێرانەی، چەپۆکانی ڕێ ڕەوتی

هەمووی پەلاماردانە، بۆ سەر هەموو ئینسانێ
ئەوەی کەوا لای وابێ لە خۆی زۆرتر دەزانێ

ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان "ئازادی"ی ناو هێنابێ
یاخود وشەی "سەربەستی" لە دەمی ترازابێ

ئەوەی ئەوپەڕی کفرەو هەتا ماوە گلاوە
حەرامە کوردایەتی، لێی قەدەغە کراوە!!

ئەی مێشك پووچی نەخۆش، بە بیروبڕوای پەستت
چەکی کۆنەپەرستی بە ڕیزە بگرە دەستت

تۆش دەورت بەسەر دەچێ، چیت لەباردایە بیکە
ئاوابوونی دواڕۆژت کەمی ماوەو نزیکە

هاکا هێزی ئازادی ئاخوڕی بۆ هەڵبەستی
کردیتیە تەویلەوەو هەموو چوارپەلی بەستی

### لە کۆنەوە تا ئیستە

لە کۆنەوە هەتا ئیستە، ئەوەی لە ئێمەوە دیارە
کێشەو بەرەو زۆران بازی چینی خوێن مژو هەژارە

مێژوی ژیان لە کۆنەوە، لاپەڕە لە دوای لاپەڕە
پڕ لە باسی بەسەرهاتو کوشتنو بڕینو شەڕە

جەنگی داریۆشو ئەسکەندەر، ئیسپارتەو ئەسینەی یۆنان
زۆران بازیو پاڵەوانی ساڵەهای ئێرانو توران

ئەسپی تەڕوادەی داتاشراو، شیعری ئلیادەی هۆمیرۆس
پاڵەوانیەتیی هەرقلو مەردایەتیی سپارتاکۆس

ڕووخانی تەختی کەیخسرەو، تالآنی ناو تاقی کیسراو
دەنگی زەنگو سەڵاو بانگی ناو کەنیسەی ئەیا صوفیا

تاتاری وەك کولله زەردە، لێشاوی لەشکری مەغۆل
کەڵبەی وەچەی گورگی بۆزی درنگەی ناوچەی ئانادۆڵ

لەشکری خاچ هەڵگر وەك خۆڵ، شمشێربەدەس زونار[١] لەپشت
بە پاپۆڕو کەشتیو بەلەم، بەکێش کران درشتو ورد

ئەمانە هەمووی بەناوی غەزاو ئاینو خوداوە
ڕۆژهەلآتو ڕۆژئاوایان سەرتاپا هەمووی بێژاوە

مێژووی ئەم سەردەمەی دواییش، پڕ تاوانەو ناپیاوییە
دێڕ لە دێڕی گلآوترەو پەڕەی سوورو خوێناوییە

شوورای ماجینۆو سگفرید، بە هەزاران دێهاتو شار
بە هێزی تانكو فڕۆکە، هەمووی دابێژرا سەرەوخوار

نەڕەی مۆسۆلینیو هیتلەر لە تەلارو شەقامەکان
بۆمبای ئەتۆمی ناوەختی دورگەی هێرۆشیمای یابان

سەد هەزار لەشی تێکشکاو، خەرمانی لاشەی هەڵقرچاو
هەوای پڕ لە تۆزی ئەتۆم، بۆ خنکاندن، بۆ کوێریی چاو

لوورەی ناسازی مەکارسی، دەنگی پەپووی شوومی دەلاس
نووزەی قولی ڕەشوڕووتی هەڵواسراوی کزو کەساس

ئەمانە هەمووی بەرهەمی نەخشەو پیلانی زۆردارە
هەمووی بۆ خواستو ئاواتی بەرەی پیسو نالەبارە

پوختەی گوشراوی ناو مێشکی ساڵەهای سەرمایەدارە
لەسەر لاکی بێتاوانو چینی چەوساوەو هەژارە

---

[١] زونار، ئەو پیشتێنە پانە بوو کە زۆربەی صەڵیبییەکان دەیانبەستە پشتیان.

ڕاوڕووتی بێوچانی، سەرمایەداری تێرنەخۆر
لەسەر لاشەو خوێنی هەژار بۆ کەڵەکەی سەرمایەی زۆر

دانەی تیژی پارچەی کارگە، مشاری دەستو پێ داهێن
بۆ چەوساوەی کاسو وڕی ماندووی ژینی بێسەروشوێن

منداڵی بێدەرەتانیان، لەناو گێژاوی ژیانا
دەبن بە دزو بە پیاوکوژ، لەپێناوی ورگو نانا

دەسنگەی خاوەنی کارگە، پاداشتی کوێریو پیرییە
پیتاکی ناو لاتو لێوار، بڕیاری دەزگای میرییە

ژنیان کام جێ پڕ لە شەرم بێ، کام کردەوە ناڕەوا بێ
کوێرەوەری وای لێ دەکا ناچار بێ لەگەڵیان ڕابێ

شێوەی ژیانی وڵاتی سەرمایەداری وا گلاوە
هەرچی دەکرێ خوێنمژینەو ساختەو فێڵو چاووڕاوە

هاکا هێزی چەکوش بەدەس، کەوتە وێزەی داموودەزگای
تەختی کرد ڕژێمی کۆنی داوەشاو و هەلاهەلای

چەکوشێك وەك ئەو چەکوشەی کە کاوەی مەزن ڕایوەشان
کەللەی سەری ئەژدەهاکی خوێنمژی هاڕیو دایتەکان

لە کاروانی تێکۆشانی پێشمەرگەی چاونەترساوا
لەناو زۆربەی ڕەشوڕووتی گەلی ژێردەسو چەوساوا

هەر ڕۆژە کاوەیەك خۆیو چەکوشو دەزگاو دووکانی
خۆی دەکا بە فیداکاری گەلو خاکی نیشتمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

## یادی پیرەمێردی نەمر

سلێمانی ١٩٧٠/٦/٢٠

بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی "پیرەمێرد"ا، لە سلێمانی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ئاهەنگێکی زۆر گەورەیان گێڕاو لە زۆر شوێنەوە میوان بانگ کرابوون. منیش لەو موناسەبەتەدا لەژێر تیشکی هەندێ بیرەوەریی خۆم دەربارەی ژیانو لەدایکبوونی منداڵ لە کوردستاندا لە کۆندا و بەپێی ئەو گێڕانەوەی کە لە دەمی پیرەکانی سەردەمی خۆماندا دەمانبیست، ئەم هەڵبەستەم کرد بە یادی لەدایکبوونو کۆچی دوایی پیرەمێرد.

بوغچەی ناو تاقی چنراوی دەستو پەنجەی ڕەنگینو جوان
بۆ قۆناغەی کۆرپەی ساوای لەدایکبووی کۆشی مامان
بێشکەی لە داری قەزوانی تێراوی بەفراوی کوێستان
بەنی دەسرازەی لە خوریی شەکی کاڵی ئێڵی جافان
کوژەکەو نوشتەی چاوەزار، پریاسکەی پڕ سملو مێخەك
خڕخاڵی ناو کوڵی خاڵۆی هەجیجی ڕێی باوە کۆچەك
میرو گزیری ئێشکچی، گوێزەبانەی منالو مەزن
چیرۆکی گوێ ئاگردانو بەیتو بالۆرەی پیرێژن
کە ترسی شەوەو دایکی هاڵ نەماو گەییە حەوتەو چلە
ئیتر وادەی گڕوگاڵو دارە دارەو قسەی زلە
پێ گرتنە، دەرو ژوورە بۆ بەر دەرگاو بۆ ناو کۆڵان
بۆ چاوشارکێو هەیا هەیاو ڕاکردنی ناو منداڵان
یاریو موشێنی ژێر سایەی پیرەدارەکەی بەر ماڵان
بەرامبەر گوژمی کیژۆڵەی چاوداگر لە هەرزەکاران
خوێندنی حوجرەی ناو مزگەوت، بە ئەرێ بابە[1] و هاتوچۆ
کۆڕی مەلاو سوختەو فەقێی ژێر کەپری سەر حەوزو سەکۆ
کولە چوارشەموو، کاشی نووسین[2]، جوغزێن[3] و کەوشەکەی[4] سەیران
چویت بۆ فەقیانەی شۆڕو کل بۆ چاوبڕکێی دەزگیران
ئەمە شێوەی هاتنە دنیای ڕۆڵەیەکی نیشتمان بوو
بلیمەتێکی داناو زرنگی دواڕۆژی ناو کوردستان بوو
ئەو ڕۆڵەیەی دڵسۆزانە، هەتا دوا هەناسەی ژیان
خۆی کرد بە مۆمو توایەوە بۆ خاکی پاکی کوردستان
ئەوەی لە دوای دوور ولاتی، خۆی نەگرتو گەڕایەوە
ئەوەی شۆڕشی زانستی لەناو ولاتا نایەوە

[1] ئەرێ بابە، فەقێی کۆن کە دەرسێکیان لەبەر بکردایە، بەدەم هاتوچۆوە ئەم عیبارەتەیان ناوبەناو بەکار دەهێنا.
[2] جاران لە مزگەوتەکاندا لە کولە چوارشەمەدا کاشییان دەنووسییەوە. هەندێ جار دوعایەك یا شیعر یا نەورۆزنامەیەکیان تیا دەنووسییەوە.
[3] و [4] دوو جۆرە یاری بوو کە لەناو فەقێکاندا بەتایبەتی لە سەیرانی بەهاراندا باو بوو. بێگومان پیرەمێرد فەقێیەتیی کردووە، بۆیەو ئەویش بەو دەورانەدا تێپەڕیوە.

سەرلەنوێ ئاگری نەورۆزی پیرۆزی داگیرسانەوە
یادی کاوەی قارەمان و دوازدە سوارەی بووژانەوە
ئەوەی لای لایەی منداڵی کرد بە هەڵبەست بۆ دایکانمان
ئەوەی جاڕی خوێندنی دا، بە ئاشکرا بۆ کچانمان
ڕۆژنامەی "ژیان و ژین"ی کرد بە مەشخەڵ بۆ وڵاتمان
بۆ گەلی تینووی ئازادی و ڕێی تێکۆشان و خەباتمان
ئەوەی مۆری ناپاکیی نا بە ڕووی وەفدی کوردستانا
ئەوەی سکاڵای بوو لەگەڵ ئەستێرەی بەرزی ئاسمانا
ئەو ئەستێرانە فرمێسکیان هەڵدەڕشت بۆ شەهیدانمان
تا بەیانی دەیاننالاَن، بۆ کەساسیی نیشتمانمان
ئەوەی شوێن پێی کۆچ وباری ئێڵی موڕادی گرتەبەر
ئەوەی لە چیای ئاڕاڕات بە لاوك سەر دەکەوتە سەر
وەك ئاوەکەی سەرچاوەی زەڵم، فرمێسکی دەڕژایە دامان
پەنای دەبردە بەر دەوری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان
ئەوەی لە ئاوی (ئاراس)دا بانگی کرد عەشرەت هاوارە
فریاکەون ئاوی ئاراس، بێ ئامانەو بێ بوارە
شیوو هەرداوهەردی پێوا هەتاوەکوو لوتکەی بارزان
بەدوای سەربەستیدا وێڵ بوو وەك وەلی بۆ شەمی شەوان
وێڵی دوجەیل و بێستوون و زمناکۆو لای کەلی خان بوو
گەلاڕێزانی ژیانی بۆ وێرانیی کوردستان بوو
ئەو کەسەی کەوا زەنگی سوور دروشمی بوو لە ژیانا
چاوەڕوانی مژدەی خۆش بوو لە شەفەقی کوردستانا
ئیکلیلی گۆڕی شەهیدان غونچەی گوڵی هەڵبەستی بوو
چەکی تێکۆشانی بۆ گەل، نووکی پێنووسی دەستی بوو
بە ڕیشی سپیی سەر سنگی و بە گاڵۆکی قەلەندەری
وەکوو لاوێکی هەرزەکار ڕادەوەستا بەرامبەری،
هەر کۆسپ و بەرهەڵستییەك دەهاتە ڕێی نیشتمانی
بەبێ ئەوەی گوێ بداتە خۆشی و ناخۆشیی ژیانی
گوڵی بڕوای چەپك چەپك کرد بە گوڵدەستەی ژیانی
خستیە ناو گوڵدانی مێژووی دیوەخانی نیشتمانی

ئەمانە بەرهەمی بیرو بڕوا و دەستی نووسینی بوو
خەرمانی تەمەنی درێژو بەری ناو باغی ژینی بوو
ئەوەی لەباریا بوو کردی، بیّ ئەوەی هیوای بێتە دی
کەچی هێشتا لای کفر بوو وشکەڕۆیی و نائومێدی
ئەوەی کەوا ناوی مرۆڤ بەناوبانگ و دیار دەکا
خزمەتی گەل و وڵاتە، مێژوو هەمووی تۆمار دەکا
گەلی کورد گەر هیچی نەبیّ، ئەوەی هەیە بەوەفایە
ئەوی دڵسۆزی ڕاستی بیّ، ناوی وا لەناو دڵیایە
هەرچەند ئێستاکە پیرەمێرد لە خاکدایە لەش و گیانی
بووە بە خۆراکی مێژوو، ڕزاوە گۆشت و ئێسقانی
بەڵام کڵپەی ناو تەنووری هەڵبەستە ئاگراویەکانی
هەتا هەتایە دەمێنیّ و ون نابیّ ناوونیشانی
پەندی پێشوونیانی هەروەك ئینجیلی ڕۆشنبیرانە
هەڵبەست و سروودی چەکی لەشکری دەستەی لاوانە
ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە لەگەڵ هەموو نەورۆزێکا
لەمسەراوسەری کوردستان، لەناو گشت تیرەو هۆزێکا
هەمیشە ئاوازی بەرزەو ویردی دەمی درشت و وردە
بۆ پێشمەرگەی ئازادیخوا مارسلیزی گەلی کوردە

## سەرچاوەی زەڵم

١٩٧٠/٨/١١

**بە یادی هەڵبەستەکانی مەولەوی و پیرەمێردو گۆران**

ئەی ئاوەکەی سەرچاوەی زەڵم، بووکی ڕازاوەی هەورامان
یادگاری خانەوادەی خان ئەحمەدخان و ئەردەلان
دانەی ئاوی سەر قەڵبەزەت فرمێسکی پیری شالیارە[1]
دارەبەنت جیّ نزرگەی پیرۆزی " باوە یادگار"ە[2]
ئەشکەوت و قەڵات نیشانەی سەرەتای مێژووی ژیانە

[1] پیری شالیار: یەکێك بووە لە عالمە بەناوبانگەکانی کاکەییەکان.
[2] باوە یادگار: یەکێکە لە پیاوەچاکەکانی کاکەیی.

جێی ئاتەشکەدەو هەواری زەردەشتو پیری موغانە
سیاچەمانەی هەورامان ویردی "گاتەی ئاوێستا"یە[1]
دەنگی "کنالەیل"[2] و هۆرە سۆزی کاردۆخو میدیایە
ڕەنگی سووری دەم شەفەقت، بڵێسەی گڕی نەورۆزە
تەمت دووکەڵی ناو کوورەی کاوەی نەبەردو دڵسۆزە
خوڕەو هاژەو هاڕەی ئاوت، سەدای هاڕەی[3] خاڵ خاسانە
تەرانەی شیعرو هەڵبەستی خاڵۆی سەیدی[4] هەورامانە
تاق تاقکەرە جێنشینی وەلی دێوانەی نامرادە
لەجیاتی ئەو وێڵی بارگەی شەمی[5] شەوانی ناشادە
حاقووی کۆتری بەلەنجەولار، سۆزی خاڵۆی بێسارانە[6]
تەموورەی هەڵبەستی بەرزی مەولەویی شای شاعیرانە
دەنگی لوولکی یاڵەویاڵ سەدای "دەروێش عەبدوڵڵا"[7]یە
ئاوازی خاڵەی ڕێبواری وێڵی هەوارگەی لەیلایە
هێڵەساوەی بن گوێزو توو، شوێنی چڕی پەناو پاسار
جێی ڕازو گلەیی و ژوانن بۆ جووتەی دڵخوازو دڵدار
هاژەی مەشکەی ناو دوولقەی ژێر ساباتی ناو باخو دۆڵ
هاڕەی ملوانکەی کناچەو خرنگەی مووروو و بازنی قۆڵ
تاکەو جووتەی[8] سەر فێستی شین، هەوری و سرکەیی[9] پێچی لار

[1] گاتە: بەشێکە لە ئاوێستا کە بەشێوەی هەڵبەست ماوەتەوە.
[2] کنالەیل: ئاوازێکی گۆرانیی هەورامییە.
[3] هارە: دەستارە بە هەورامی.
[4] سەیدی: سەیدە یەکێکە لە شاعیرە هەورامیەکان کە هەڵبەستی هاڕە یەکێکە لە هەڵبەستە بەرزەکانی.
[5] شەم: خۆشەویستەکەی وەلی دێوانەی شاعیر بووە.
[6] خاڵۆی بێساران: بێسارانیی شاعیری بەرزی هەورامانە.
[7] دەروێش عەبدوڵڵا: لوولکژەنێك بوو، لە بەهاراندا شمشاڵی لێ دەداو حەڵوای دەفرۆشت. ئەوەیە کە گۆران لەکاتی خۆیدا کە لە خورماڵ موعەللیم بووە، لەوێ دیوییەتی و هەڵبەستەکەی دەروێش عەبدوڵڵای بەسەر هەڵداوە.
[8] تاکەو جووتە: دوو جۆرە پارەو دراوی کۆن بوون کە لە ئێراندا بەکاردەهاتو ژنان کونیان دەکردو لە جێی خشڵ دەیان کرد بە سەریاندا.
[9] هەوری و سرکەیی: دوو جۆرە سەربەست بوون کە ژنان بەکاریان دەهێناو لەسەر فێستێکی شین دەیانبەست.

ملوانکەی سملّو مێخەکی سەر گەردنی ناسکو نازدار
پۆیلانەی[1] شەوەو شیلانو دەسماڵو کراسی ئاودامان
لارەی قەتارەی شەدەی لار، چاوبڕکێی پەناو پاساران
ئامان لەرزانەی هەرزەکار، کۆڕی کناچەی گوێ ڕووبار
مرۆڤ دەخاتە سەر سەوادی هەڵپەرکێی شان بەشانی یار
هاژەی بەفراوی ناو چەمت، بە یادی ڕۆژانی جاران
بە یادی ئەو لەشو لارەی کە جاران پۆلی نازداران
لە هەواری کەنار زەڵما، لەژێر تریفەی مانگە شەوا
لەناو ئاوی سافو ڕوونی هێمنی سەر زیخو چەوا
لەشو لاریان ئەدایە بەر شڵپەی مەلە وەکوو پەری
سەرخۆش دەبوون ئەستێرەو مانگ، گیاندارو بێ گیانو زەوی
ئێستەش هەروا بەو ئاواتە، بە ئاواتی ئەو ڕۆژانە
بە سەودای ساتێك دیداری لەشو لاری ئەو شۆخانە
سەرەوخوار دەڕوا لرفەی دێ، سەرەڕۆیە وەك دێوانە[2]
هەروەکوو پۆڕەکەی زەردیان[3] وێڵی هەوارگەی جافانە
چناری بەرزی ناو دۆڵی سەرکەشو قنجو قیت وەستاو
هەمیشە ئامادەیە بۆ پێشوازیی میوانو سڵاو
کام جێگا سەختو تاوێرە، کام جێ ملەو ماهی زەردە[4]
لای لالۆی ساچمەزەنگ بەدەس، نەرمانەو پێدەشتو مەردە
بەردو ئەستێ، کیسەو سەبیل، پووشووی[5] وشکی کلووی دار
بەرماڵی کوڵی دەروێشی نەقشبەندیو پیری هاوار[6]
ڕانكو چۆغەی خورمایی سفت، کوڵە باڵو کڵاشو گۆچان
شێوەی بەرگو پێڵاون بۆ تاتەی عێڵو عەشرەتی سان[1]

---

[1] جاران متو مووروویان دەهۆندوەو بە لاجانگدا ژنان بەریان ئەدایەوە پێیان دەوت پۆیلانە.

[2] دێوانە: نیاز لە چەمی دێوانەیە کە لە قەرەداغی سلێمانیدایە.

[3] زەردیان دێیەکە لەسەر ئاوی زەڵم، کە چڕو زەردی زۆرەو پۆڕی زۆرە.

[4] ماهی زەرد: تاشەبەدری سەختی لیژی سەر لوتکەی چیا.

[5] پوشوو: جۆرە شتێکە لە کلۆرەی دارا وەکوو شتێکی ئیسفەنجی لەگەڵ ئەستێدا بەکار دەهێنرێو ئاگر وەردەگرێ بۆ قەنگەو جگەرە داگیرساندن.

[6] هاوار: دێیەکە لە خورماڵی هەڵەبجە کە ناوچەی کاکەییەکانە.

وەش ئامای سەروچەمانم[2] لوولکژەنی گۆرانیبێژ
سمۆرەی سەردارو بنچك، سوێسکەی سرکی هەورازو لێژ
دەسا دەی بە ئاوازی خۆش، بە یادی ڕۆژانی جاران
ڕامالّە ژەنگو خەفەتی ناو دلّی گرۆی[3] مەیخۆران
ئەی ئاوەکەی سەرچاوەی زەلّم، دەمێك بوو یادی تۆم لابوو
دەمێك بوو بۆ وێنەی جوانت، دلّم پڕ نەشئەو سەودا بوو
وا ئەمجارەش ڕشێنەی تۆ، کەللەی سەرخۆشو مەست کردم
دلّی پەژموردەو غەمباری گەشاوەو پڕ لە هەست کردم
دیمەن هەر هێندە جوان دەبێ، چە شوێنێکی سیحراوییە
تا تەماشای دیمەنت کەم، هێشتا تێر خواردنم نییە
بە شاپەڕی ئاهورەمزەد کە تۆ ڕەنگت دارێژرابێ
بڕواناکەم لە تۆ جوانتر، کردگار نەخشەی کێشابێ[4]

## لێ خورە، تەختو نەرمانە

١٩٧٠/٨/٢٣

چەندە ئاسانە نەرمە غار، لە شوێنی تەختو نەرمانا
چەندە ڕەوانە قسەی زل لە نادیو لە دیوەخانا

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەلای من سوار ئەو سوارەیە، لە شوێنی نشێوو لێژا
ئەسپی لێ تاوداو نەترسێ، لەکاتی جەنگو دەسرێژا

وتن ئەوەیە ڕووبەڕووی دوژمن بێو بێ پەناو سووچ بێ
قسەی حەقو ڕەپو ڕەوان، نەوەك وتەی پڕوپووچ بێ

لە ڕۆژانی ئاسایشدا، چ ئاسانە سنگ دەرپەڕان
هەنگاوی زل، خۆ گیکردن، لەسەر جادەو شەقامەکان

---

[1] سان: سەرۆکی عەشیرەتی هەورامان پێی دەلّێن سان.
[2] ئەمە لە هەوراماندا بۆ پێشوازیو بەخێرهاتنی میوان بەکار دەهێنرێ.
[3] گرۆ: یەعنی تاقمو دەستە.
[4] ئەم هەلّبەستە لەکاتی خۆیدا لە "ڕۆژی کوردستان – شمس کوردستان دا" بلاّو کرایەوە. ئەم هەلّبەستە ژمارەیەکی زۆر فۆلکلۆری کوردیی تێدایە.

زۆربەی ئەوانە لە ڕۆژی ڕەشدا دەبینی پاشگەزن
بەوەش ناوەستن لەناکاو وەکوو نەهێنگر دەتگەزن

## پڕوپووچی جاران

١٠/ ٩/١٩٧٠

جاران ئەو ژنەی نەزرۆك بوو دەچووە سەر بابەگوڕگوڕ
بانگی دەکرد باوە گوڕگوڕ، هاتووم بە نیازی سکی پڕ

باوەگوڕگوڕ بەگوڕ هاتم، باوەگوڕگوڕ بۆ کوڕ هاتم
ڕزگارم کە لە بۆڵەی مێرد، بۆ منداڵێك بە ئاواتم

بە چیلکە بەردەبوە زەوی، کە گری لێ دەردەپەڕی
دەیانوت هیمەتی شێخە، ئۆخەی نیازت دێتە دی

پوور فاتێکی پیرێژن بوو، منداڵ بووم، بیرم دێ بەحاڵ
ژنێکی بێدەرەتان بوو، لفکەی دەگێڕا ماڵەوماڵ

ژنان لێی گرد دەبوونەوە، هەر کەسەی بە نیازێکی دڵ
دەستێکی پێ دەگرتەوە، ئەویش دەکەوتە کەف وکوڵ

قۆڵی دەپێوا بە بستی، لەوسەر کە دەیپێوایەوە
دەتڕوانی هەر بە بستی خۆی یەکدوو قولانجی مایەوە

بڕوای ئەوسا بەو جۆرە بوو، زۆر کەس چەواشەو نەزان بوو
بڕوای بە پەتی لەرزوتاو دەسگرتنەوەی پیرێژنان بوو

پڕو پیرێژن لە ترسی خێوو درنج و جنۆکە
تەوقی سەریان دائەدروو بە نوشتەو بە حەتحەتۆکە[1]

بەردی نیازی داری شەخس، گڵی مووفەڕکی سەر مەزار
مارو دووپشکی زەنگیانە، کوژەکەو نوشتەی چاوەزار
دانەی تەزبیح[2] و شەماڵە[1] و ئاوی کاشی و کوڵە چوارشەموو

---

[1] حەتحەتۆکە: جاران هەندێ شتی بۆن خۆشیان دەکردە پریاسکەو بە سنگ و بەرۆکی منداڵدا دەیاندروو.

[2] تەزبیح: تەزبیح گرتنەوە بۆ ئەوەبوو بزانن ڕێژێکی تەزبیح لەپاش ژماردنی تاکە یا جووتە وەکوو فاڵگرتنەوە.

www.zheen.org

ناڵی ولاغ، شاخی بەران، بۆ سەردەرگای تازە خانوو

ئەمانە هەمووی باوەڕی خەڵکی ساویلکەی جاران بوو
دەردو نەخۆشیی کۆمەڵی زۆربەی خاکی کوردستان بوو

ئەو دەردە بوو کە ساڵەها میللەتیماڵویران دەکرد
دانیشتوانی کوردستانی سەراپا سەرگەردان دەکرد

گەلانی جیهان خەریکی مانگو ئەستێرەو ئاسمان بوون
بە شەوو ڕۆژ تێدەکۆشان، نەدەسرەوتن بێوچان بوون

ئێمەش خەریکی هایو هوو و تەپڵو دەفو مل بادان بووین
کەچی هێشتا لامان وابوو تەنها هەر خۆمان ئینسان بووین

نەماندەزانی ئەمانە هەمووی ساختەو چاوڕاوە
هەمووی بەنگ بوون بۆ گێژبوونی ئەم کوردە کزو داماوە

نەماندەزانی کە گڕی بابا گوڕگوڕ گڕی نەوتە
خوێنی خاکی کوردستانەو سامانێکی بەهەڵکەوتە

ئەو خوێنەیە بێبەزەیی، لە شادەماری کوردستان
ساڵەهایە بەکێش دەکرێ بۆ سوودی دەستەی خوێنمژان

کەچی کەسێك نەبوو بڵێ، کابرا بەسە ئیتر تاکەی
خێروبێری ئەم وڵاتە هەروا بە تالانی دەبەی

## بۆ یادی بێکەس

١٩٧٠/٢/١٨

لە شاری سلێمانی ئاهەنگێك ئامادە کرا بۆ یادکردنەوەی شاعیری تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ "فایەق بێکەس"، منیش لەو ئاهەنگەدا ئەم هەڵبەستەم پێشکەش کرد.

لە کاروانی بێ وچانی گەلانی سەر ڕووی جیهانا
لە کۆڕی جەنگو خەباتی سەختو گەرمی تێکۆشانا
لە گێژاوی گەردەلوولو تۆفو کڕێوەی زستانا

[1] شەماڵە: شەوی شەموان ژنان لەناو دەرگادا خۆیان دەگرت بۆ ئەوەی بزانن ئەوانەی بە بەردەرگادا دڕۆن باسی چی دەکەن لەوە بەختنامەیان وەردەگرت.

له شەوەزەنگی سامناکی ڕۆژانی ڕەشی ژیانا
له زۆرانبازیی بەرامبەر چینی دەستەی خوێنمژانا
دەبێ ڕۆشنبیر پێشڕەو بێ لەپێناوی نیشتمانا

گەلی کوردی ئێمەش زۆربەی ڕوشنبیرو شاعیرانی
ئەوەی کە خۆی نەفرۆشتبێ بۆ کورسیو پارەی گیرفانی
داخوازیی مافی میللەتی، بۆتە بەشێك لە ژیانی
بیروباوەڕی سەربەستی تێکەڵە لەگەڵ ویژدانی
ناوی کوردو کوردستانو ئازادی ویردی دەمێتی
تێکەڵ بە گۆشتو خوێنێتی، گەیوەتە مۆخی ئێسقانی

یەکێك لەوانە بێکەس بوو، کە تا دوا هەناسەی ژینی
نیشتمانی خۆشەویستی بووبوو بە ئیمانو دینی
وشەی ئازادیو سەربەستی بووبوو بە بڕواو ئایینی
بووبوو بە شەوقو ڕووناکیو تروسکەی چاوی بێتینی
کۆڵنەدەر بوو، شۆڕشگێڕ بوو، چاونەترساو و یاخی بوو
بەرامبەر باری نالەبار کڵپەی دەهات گڕی قینی

وەکوو خەو دێتەوە یادم، شەشی ئەیلوولم لەبیرە
کاتێکمان زانی دەسڕێژە، قووچەیە دەنگی شەستتیرە
سروودی ئازادیخوازیی دەستەی لاوو ڕۆشنبیرە
هەر مەپرسە بۆنی خوێنە، دارکارییە ڕەشبگیرە
شەقەی پۆستاڵی جەندرمەو زڕەی کەلەپچەو زنجیرە
گوللەبارانو قەڵاچۆی سەدەها لاوانو پیرە

لەو هەمووو گێژاوە سەختەی شەشی ئەیلوولی سامناکا
لە سزاو داخانی قامچیی ناو زیندانی ئەژدەهاکا
لەو هەموو خوێناوە ئاڵەی بێتاوان دەڕژا لە خاکا
ئەو ڕۆژەی خونچەی گوڵاڵەی چەمەنی لاوان دەژاکا
لەو ڕۆژەدا دەنگێکی نێر، دەینەڕان وەکوو بەچکە شێر
دەنگی سروودی بێکەس بوو بە ڕووی دوژمنی ناپاکا
لەبیرمە ڕۆژی نەورۆزی مەڵبەندەکەی گردی یارە

جمەی دەهات خرۆشابوو، بە زەردەو سووری ئەم شارە
دەتبینی لایەك ئاهەنگە، شمشاڵە هەوهەوی سوارە
لەلایەك كۆڕی هەڵپەركێی تیپی كیژۆڵەی نازدارە
لەوڕۆژەدا بۆمبای شیعری بیست و حەوت ساڵەكەی بێكەس
ئاشكرای كرد كە گەلی كورد لە داگیركەری بێزارە

بێكەس بە شیعرو هەڵبەستی پوختەی بیرو بڕوای پاكی
بەدێری بێ پێچ و پەناو قسەی نەستەق و بێباكی
داخی دەروونی خۆی هەڵڕشت، بە زمانی پاكی زگماكی
بەرامبەر بە ئیستیعمارو بەندیخانەی ئەژدەهاكی
ئازادی چەكی دەستی بوو، مەزەی خواردنەوەی خەستی بوو
بەرامبەر كۆنەپەرست و دوژمنی پیس و ناپاكی

كۆڕی مەینۆشی لە داخی باری ناڕێكی وڵات بوو
كونجی مەیخانەی لەتاو ساردبوونەوەی هێزی خەبات بوو
حەسرەت و ئاه و هەناسەی بۆ گەلی بێدەسەڵات بوو
ئەستێرەی ئاواتی كزبوو، چاوەڕێی هات و نەهات بوو
گەنجی دنیای گەر بە جارێك پێ ببەخشرایە هەمووی
لای پەشم بوو، تەنها پێكی خەست و خۆڵی لا خەڵات بوو

هاودەمی عەبدە و ئوفێكی لا باشتر بوو لە ڕیاكار
لە مام حاجیی سەلەمخۆری دووڕووی ڕووتێنەری هەژار
لە بازرگانی هەلپەرست، وڵاتفرۆشی نالەبار
لە كڕنووشبەر بۆ كاربەدەست، بۆ پێكهێنانی كاروبار
ڕازی بوو بە پێكی عەرق، بە چۆڕێ چێشت و نانی ڕەق[1]
لای پەشم بوو ماڵی دنیا، لای پەشم بوو كورسی و دینار

داری ئازادی كە بێكەس، چاوەڕێی بوو بێتە بەرهەم
دەیزانی بە پێچ و لارەی گوارەو لاگیرەو سەرپەرچەم
گەورە نابێ و بەر ناگرێ بۆ زۆربەی هاووڵاتیەكەم

---

[1] وەكوو بێكەس خۆی لە هەڵبەستێكدا دەڵێ:

كە من ڕازی بم بە پێكێ عەرەق — بە چۆڕێ چێشت و لەتێ نانی ڕەق

هەتا چینی ڕەش‌وڕووت‌و چەوساوەو بەشخوراو سەرجەم
لاشەیان نەکەن بە پردو ڕێبازی سەختی تێکۆشان
داری ئازادی پێ ناگاو بە سووکی ناڕەخسێ لە غەم

ئەو بێکەسەی کەوا لای من، گەلی کورد هەموو کەسی بوو
ڕۆشنبیری ئازادیخوا، هاوبیری ڕێی مەبەسی بوو
زیندانی زۆردارو خوێنمژ باستیلی بوو، قەفەسی بوو
چەکی بیرو ڕوای پاک‌و پێشکەوتوو چەکی دەسی بوو
جارجار بەداخەوە دەیوت: ئەو ئاواتانەی دەیخوازێ
تا ماوە بەشێك لەوانە بهاتایە دی، بەسی بوو

دەسا بێکەس لەژێر خاکا سەرێ دەربێنەو بڕوانە
چاوێ بگێڕە بە باری ئەم سەردەمەی کوردستانا
دەبینی هێزی پێشمەرگەو سروودی دەستەی لاوانە
ئالآی ئازادی شەکەی دێ لەسەر لوتکەی ئەو کێوانە
وەك خۆت هەموو جارێ دەتوت، دەنگی بڕووخێ ئیستیعمار
هەموو شوێنێکی گرتووە، لەم سەراوسەری جیهانە

دەسا وا لە ڕۆژی یادو بیرەوەریی کۆچی دواییت
یادی کۆڵنەدان‌و مەردی‌و چاونەترسان‌و ئازاییت
یادی بڵێسەی مەشخەڵ‌و ڕاپەڕینی بێ‌هاوتاییت
یادی سروودو هەڵبەستی گەرماوگەرمی خۆرئاساییت
وا منیش ئەو چەند دێڕانەم، پێشکەش دەکەم بە یادی تۆ
لە "هاوار"وە بۆ "بێکەس" هاوڕێی بڕوای بێ‌ڕیاییت

## بۆ وەچەی ڕەش‌وڕووتی نوێ

ساڵەهایە منداڵە ڕەش‌وڕووتەکان
کەس‌وکارو باوك‌و دایکتان
چەوساوەی دەستی بەدکاران
بەشخوراون، بەشبڕاون
گیرۆدەی چینی زۆردارن
ساڵەهایە هەتا ئێستە

باوك‌و دایك‌و كەس‌وكارتان
بەشیان ئەسپێیەو كرێشە
ماڵی دنیاو سەرمایەیان
ویردو دوعاو ڕۆژوو و نوێژە
بەشیان لاتی‌و لێوارییە
ژینیان پڕ ناسۆرو ئێشە

باوەڕو پڕوپووچی كۆن
ڕێگەی ڕاستی لێ ون كردوون
ناو مێشكی هەموو تەنیون
بە جاڵجاڵۆكەی چاوڕاو
ڕووی ئاسمانی لێ تەنیون
دەیانەوێ هەتا ماون
هەمیشە لات‌و لێوار بن
سەرلێشێواو و ڕیسوا بن
دوو دەس بەناڵەو هەژار بن
كەساسی دەستی زۆردار بن
نۆكەری چینی خوێخوار‌بن

دەیانەوێ هەتا ماون
هەر نانكەر بن، هەر جلشۆر بن
دەست‌و پەیوەندو بەردەس بن
هەر نۆكەرو چڵكاوخۆر بن
پێ سووتاو و ڕەنجەڕۆ بن
زۆرو بۆر بن!!!

خوا وای فەرمووە، وا دەبێ
بۆرجوازی‌و سەرمایەدار
عافێت‌و نۆشی گیانی بێ
پێكی ویسكیی خەست‌و خۆڵی
بە پاڵانچەی ناو شانی بێ
نانە ڕەقەی كەڕواویی كۆن

پاشماوەی سەر مێزی خانم
بەراتی کەس‌وکارتان بێ
تف‌و شەق‌و شەپازلە
خەڵاتی لەش‌و گیانتان بێ

بڕیاری دەستەی خوێنمژە
هەژار تا ماوە هەژارە
بەپێی بڕیارو فەرمانی
بۆرجوازی‌و سەرمایەدار
ئەمری خوایەو وای فەرمووە
دەبێ دەستەی لات‌و لێوار
هەتا ماون، هەر ملکەچ بن
ویردی دمیان شوکری خوا بێ
دەبێ بە بەشیان ڕازی بن
ئەگینا بەهەشتیان نابێ

ساڵەهایە کەس‌وکارتان
سەر لێ شێواون بەم جۆرە
ساڵەهایە هەتا ئێستە
پشتاوپشت هاتوون بەنۆرە
وا چۆتە ناو مێشکیانەوە
ئەوەتەی دنیا دنیایە
هەروا بووەو هەروا دەبێ
((بە زۆری نییە بە خولایە))
پارە چڵکی دەستەو دەڕوا
بێکەڵکە، ماڵی دنیایە
ئەوەی بە کەڵکی گەدا بێ
نوێژە، ڕۆژووە، دوعایە
پێی قایل بە، بەشی خوایە

ئێوەی بەرهەمی ئەو چینە
هەروا سەرلێ تێکچوو دەبن؟

هەر بەدیمەن زیندوو دەبن
بە گیان نیوە مردوو دەبن؟
تێکەڵ کاروانی گومڕاھ و
سەر لێ تێکچووی پێشوو دەبن؟

یا ڕێگەی ڕاست دەگرنە بەر
ڕچەی بەستەڵەك دەشكێنن
بە هێزی بازووی پۆڵایین
ڕیشەی زۆردار لە بێخ دێنن؟

## بۆ یەكێتیی ئەدیبان

بە بۆنەی ئەو ئاهەنگەی یەكێتی ئەدیبان گێڕایان. لەو ئاهەنگەدا هەندێ کەس داخی دڵی خۆی بە تەواوی هەڵڕشتو بێزاری خۆی دەربڕی منیش بەو بۆنەوە ئەم هەڵبەستەم وتوە.

ئەی مامۆستای بەستەی شیرین
بەستەیەكی وام بۆ بڵێ
دوور بێ لە گریانو لە شین
دوور بێ لە گلەییو بۆڵە
لە بەختی ڕەشی زەمانە
لە هاوارو پاڕانەوە
لە نائومێدیو دڵگوشین
دوور بێ لە وشەی تەماوی
ئاڵۆزكاوی پڕ لە گرێ
لە كەفوكوڵو وڕێنەی
دوورەپەرێزیو كونجنشین
بەستەیەكی وام بۆ بڵێ
ئەوەندە بەرزو زوڵاڵ بێ
وەك لوتكەی چیای كوردستان
سەربڵند بێ، گەردنكەش بێ
زڕەی زایەڵەی هێند بەرز بێ

بگاتە گوێی هەموو کەسێ
لە خۆرهەڵات و خۆرنشین
بەستەیەکی وام بۆ بڵێ
پڕ بێ لە قاقای پێکەنین
لە گڕوگاڵی منداڵی
سەر قۆناغەو لانکەو بێشکە
لەلای لایەی کۆرپەی ساوای
ناو دەسرازەو بێشکەی نەخشین
لە زەردەخەنەی سەر لێوی
کیژۆڵەی نازدارو شیرین
لە تەوژمی خۆشەویستی
هەرزەکاری دەزگیراندار
لە چرپەی جووتەی دڵداری
دڵسۆزی یەك وەك مەم و زین
بەستەیەکی وام بۆ بڵێ
لە ئاوارەی زوڵفی یاران
لە گوڵاڵەی باغی جوانی
لە چیمەن و مێرغوزاران
هەنگەکەی ئاوات و هیوام
لە کلۆرەی پێچی دڵما
بۆم هەڵچنی شانەی هەنگوین
بەستەت هێندە کاریگەر بێ
سۆزی ئاوازی بەسۆز بێ
ببێتە مەرهەم و دەرمان
بۆ سارێژی زام و برین
ئەی مامۆستاو وەستای بەستە
ئەوەی کە لە تۆ مەبەستە
هەڵبەستێکی ئێجگار خەستە
هەڵبەستێکە کەوا دەنگی
خۆشی و زوڵاڵی گەلەکەت

www.zheen.org

بگاتە گوێی هەموو گەلان
لەمپەر تا ئەوپەڕی جیهان
وشەی دێڕی بەستەی گەرمت
وەکوو پشکۆی داری بەڕوو
داچزێنێ ژێر پێی دوژمن
وەك کۆڵەوژی ناو تەنوور
دەستو پەنجەی داپلۆخێنێ
کڵپەی گڕو تەوژمو تین

بەستەیەکی وام بۆ بڵێ
وەك چەخماخەی هەورەتریشقە
لیژنەداری زەنگە قڵیشەی
لەشی میللەت داگیرسێنێ
بڵێسەو کڵپەی هێند بەرز بێ
تاو بسێنێ و جۆش بسێنێ
هەموو ئاسمانو سەرزەمین
بەستەیەکی وام بۆ بڵێ
هەموو دێڕێکی هەڵبەستی
بارخانەی گوللەو بۆمبا بێ
هەڵتەکێنەری کۆتەرەی
ڕزیوی سەرمایەدارو
کۆنەپەرستیی دنیا بێ
دەزگای خوای شوومی ئەهرەمەن
دەزگای خوای شەڕی ناڕەسەن
نەمێنێ و تەفرو توونا بێ

هەموو وشەی دێڕی بەستەت
بۆمبایەکی تەقاوە بێ
نرکەو ناڵەی گوللەی تۆپی
دەستی گەلی چەوساوە بێ
چەکی دەستی قارەمانی

شالاوبەری چاونەترسی
ئەم میللەتە ڕەش‌وڕووت‌و
کەساسە بەشخوراوە بێ
زنجیرەی دێڕی هەڵبەستت
هەوێنی بیروباوەڕی
چەکی دەستی قارەمان بێ
گڕی مەشخەڵی پێشڕەوی
کاروانی ڕێی تێکۆشان بێ
ڕووناککەرەوەی شەقامی
خەبات‌و شۆڕشگێڕان بێ
هەوێنی ڕێزلێگرتنی
باوەڕی پوختی ئینسان بێ
بەستەی ئازادی‌و سەربەستی
دۆستایەتی‌و خۆشەویستیی
مرۆڤی سەر ڕووی جیهان بێ
سەرچاوەی ڕوون‌و بێگەردی
تاڤگەو ڕووباری ژیان بێ
بەستەیەکی وام بۆ بڵێ
هەموو دێرو وشەیەکی
تیژ بێ وەکوو داس‌و تەوراس
وەکوو پاچ‌و بێڵ‌و مشار
بن پاچی کاو ڕای بماڵی
دڕک‌و داڵ‌و بنچک‌و خار
وشەی ڕەش‌وڕووت لە پەڕەی
قامووسا ناوی نەمێنێ
وشەی داماوی‌و کەساسی
وشەی چەوساوەو بەشخوراو
لەناو قامووسا نەمێنێ
ڕەگەزپەرستیی کوێرانە

www.zheen.org

لەناوا باوی نەمێنێ
ببێتە ئەفسانەی کۆن و
ڕابوردەی ڕۆژی ناهەموار
ژینێکی نوێ بێتە کایە
ژینێکی بێ ئێش و ئازار

مرۆڤ هەموو ببنە برا
گۆڕبەگۆڕ بێ دەستەی زۆردار
گۆڕبەگۆڕ بێ سەرمایەدار

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org

# هەڵبژاردە

بنکەی ژین
www.zheen.org

هاوار

زنجیرەی (٢)

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێشەکی

دوای ئەوەی (یادی نیشتمان)م بڵاوکردەوە، هاتمە سەرئەوەی کە (٢) بەشە بڵاونەکراوەکانی تریشم بڵاوبکەمەوە، بەڵام ڕوانیم چاپکردن‌و بڵاوکردنەوەیان کاتێکی زۆری دەوێ، بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات چاپەمەنی کوردی بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك دەست ناکەوێ‌و بە ئاسانی نایەتەدی، لەبەرئەوە وام بە باش زانی کە لەو (٢) بەشە چەند هەڵبەستێك هەڵبژێرم‌و بەناوی (هەڵبژاردە)وە بڵاویان بکەمەوە بە ئومێدی ئەوەی لە دەرفەتێکی لەبارا بتوانم هەر سێ بەشەکە بە جیاجیا بەتەواوی بڵاوبکەمەوە.

بەشی یەکەم لە چاپ نەکراوەکان بەناوی (کاروانی شۆڕش)ەوەیە، بەشی دوهەم بەناوی (لەدوا ئاش بەتاڵەوەیە)، بەشی سێیەهەم بەناوی (بەرەو وڵاتی بت پەرستی)یەوەیە، لە فهرستدا هەڵبەستەکان دەست نیشان ئەکەم کە لەکام بەشن.

(یادی نیشتمان) کاك وریا قەرەداغی لە هۆڵندە زۆر بە سوپاسەوە بە خەتە خۆشەکەی بۆی نوسیمەوەو لە جیاتی چاپکردنی بڵاوم کردەوە بۆ ئەم (هەڵبژاردەیە) نەمویست دووبارە ئەم ئەرکەش بخەمە سەرشانی ئەو چونکە ئەویش خەریکی خوێندن‌و ئیش‌و کاری خۆیەتی. بۆیە بڕیارمدا، هەر چۆنێك بێ بەم خەتە ناڕێکەی خۆم بڵاوی بکەمەوە ئەگەر کەم‌و کوڕی تیا بینرا تکای لێبوردن ئەکەم.

**هـاوار**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دۆستو دوژمن

گلەیی لەوە ناکەم هەر لەکۆنەوە جاشە
گەل‌و خاکی وڵاتی لا هەرزان‌و بەلاشە
سیخوڕو مفتەخۆرو دووڕووو و دەم بە هەراشە
بەدەم بلوێر بەزێنەو بە ئیش دەوەنگ بە ئاشە
گلەییم نییە لە دوژمن، دوژمنەو ڕقی لێمە
پیاوکوژەو زەرووی خوێنمژ، چەتەو جەردەی سەر ڕێمە
لەکۆنەوە دەیناسم، هەمیشە خوێنەخوێمە
گلەیی لەوە دەکەم کە ساتی لێقەومانی
خۆی لە من کردبوو بە دۆست، دۆستی گیانی‌بەگیانی
وای دەردەخست بەبێ من لەلای تاڵە ژیانی
دڵسۆزو خەمخۆرمە، شەوو ڕۆژو بەیانی
بەداخەوە بۆم دەرکەوت، دۆستی گیانی‌بەگیانی
سپڵەیەو بێوەفایەو دۆستی نانی بە نانی
هەتاکوو ئێستەش منی بە ساویلکە دەزانی
یەکەم هەڵی بۆ هەڵکەوت چۆوە دۆخی جارانی

بنکەی ژین
www.binkey.org

## بۆ شێخ جاش

یا شێخ ئەو شیرەی کە جاری جاران
زستان لە گەرمیان، هاوین لە کوێستان
لە کۆڕی سۆزی دەستەی دەروێشان
ئەتوت ڕۆستەمی کە ڕاتئەوەشان
پیرە دەروێشی کەوڵ‌و پۆست بە شان
حاڵی لێ ئەهات، پیاڵەی ئەکرمان
دەروێشی ملهوڕ، بێحاڵ بێ زیان
کورکەی پیرێژن دەگەییە ئاسمان
دێوانەی پرچن وەك ورچ ئەیقیژان
هاواری ئەکرد یا شێخ گیان ئامان
یا شێخ وە شاڵی پشتێنت قەستەم
گڕی عەشقی تۆ بەربوە لە جەستەم
کوانێ چیی لێ هات ئەو دەست‌و شیرە
ئەو شان‌و باهوو و چنگە بە گیرە
ئەو بەزم‌و ڕەزم‌و زڕەی زنجیرە؟

ئێستە لەجیاتی دەست‌و شمشێرت
لە جێی نەعرەتەو دەنگی دلێرت
لەجیاتی سۆزو فرمێسکی سوێرت
لەجیاتی کەوڵی پڕ پارەی زێڕت
لەجیاتی هاوار یا شێخ ئامانت
لەجیاتی جبەی سەر تا دامانت

موبارەکت بێ تفەنگی شانت

گوللەی کوردکوژە، بە خەروارو مشت     لەجیاتی شاڵی سەوز بێ بەستە پشت
شێخی کوردکوژەی لە میللەت بەری     ئابڕووی چەن ساڵەی خۆت برد بە کەری
لە جێی لەشکری ساویلکەی دەروێش     بووی بە پێشەنگی جاشو سەرسەری
ئەو دەفەی جاران وەلوەلەو جۆشی     کۆڕی دەروێشی پێ دەخرۆشێ
ئێستە ئاوازی بۆ کوڕی جاشە     سۆزت بۆ پارەی نەوتی بەلاشە
یا شێخ بڕوات بێ خاست ئەناسم     خۆتم لێ مەکە بە ئیمام قاسم
لای مستەر "ئەدمۆنس" شاگردی کۆنی     ئیتر پێی ناوێ پێت بڵێم چۆنی

## سرووودی پێشمەرگەیەك

پەیمان بێ تا دوا هەناسەم
نووکی پێنووسم مۆرێك بێ
بۆ ڕووی ڕەشی چەرچیو دەڵاڵ
لە بازاڕی کوردایەتیی گەرموگوڕی
مرۆڤی دووڕوو و بێبارا
پەیمان بێ تا دوا هەناسەم
وشەکانم هەمووی وەکوو،
گڕی دار بەڕووی کوردستان
گڵپەی بێ بە ڕووی زۆردارا
دێڕەکانم وەك چەخماخەی
شەپازلەی دەستی دێو بێ
بە ڕووی دوژمنی خوێنخوارا
ڕەگەزپەرستی کوێرانەی نالەبارا
لاپەڕەی هەڵبەستەکانم
چوارچێوەی هەڵوێستی کورد بێ
لە ڕێڕەوی تێکۆشانی
سەختو گرانو دژوارا
هەڵبەستی سروودەکانم
تۆماری مێژووی خوێنینی
گەلی کوردی چەوساوە بێ

که ساڵەهایەناڵەی دێ
لەژێر ئەشکەنجەو ئازارا
پەنجەکانم وەك مشار بێ
بۆ کۆتەرەی گیانی دوژمن
دەمی گاز بێ بۆ کێشانی
ڕەگ‌و ڕیشەی کۆنەپەرست
نینۆکی تیژی گیر ببێ
لە ڕیشەی جەرگی زۆردارا
مەچەك‌و بازووم چەکوش بێ
بۆ هاڕینی کەللەسەری
ئەژدەهاك‌و دام‌ودەزگای
پێمەرە بێ بۆ ڕیشەی خارو بژارو
دڕك‌و داڵ لەناو گوڵزارا
بانگەوازی پڕ لە قینم
هەڕەشەی تۆڵەی تاوان بێ
ڕووبەڕووی سوپاو لەشکری
نەوەی مەغۆل‌و تاتارا
پەیمانە هەروەکوو بۆمبا
بتەقم بە ڕووی دوژمنی
کۆنەپەرستی نەگریسی
ئێسك قورس‌و دەغەزارا
وشەکانم، دێڕەکانم
لاپەڕەو پێنووس‌و مێشك‌و
هەست‌و هۆش‌و دڵ‌و گیانم
هەمووی فیدای کوردستانم
لە خۆشی‌و تاڵی‌و ترشییا
لە پێکەنین‌و ئازارا
کە شۆڕشی نەتەوەی کورد
هەوری چڵکنی ڕامالی
کەوتە خۆشی‌و گەشایەوە،

ئەم میللەتە بەشخوراوە
لەناو گولاڵەی بەهارا
ئەوسا وشەو دێڕی هەڵبەست
تەرخانی جوانیو ئاشتی بێ
سیمفۆنی بێ لە جێژوانی
جووتەی دڵخوازو دڵدارا
بەستەو ئای ئایو حەیران بێ
لە ئاهەنگی مەینۆشانا
لە چیمەنو مێرغوزاری
ئازادکراوی کوردستانا
سۆزی ئاوازی شمشاڵو
بەستەی کۆڕی دڵداران بێ
بە ڕووی باڵای شۆخی یارا

## وەڵامی بێگانەیەك

ناوپردان
١٩٧٤/١٢/١

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئێمە میللەتێکی بچووکی
بێ فێڵو بێ وەیو پاکین
میللەتێکین ساڵەهایە
دیلی دەستی ئەژدەهاکین
نوقوم بووی دەریای زۆرداریو
کەنەفتی ئەرکی بێگاری
دوژمنی پیسو ناپاکین
ڕۆژێك بە بیرمانا نەهات
دەس درێژ بکەین بۆ هیچ لایە
تاوانو زوڵمو زۆرداری
قەت بە بیری کوردا نایە
لاپەڕەی مێژووی بەڵگەیە
هەر ئێمە تاوان لێکراوین

ئەوەتەی دنیا دنیایە
ئەوانەی خۆیان دائەنێن
بە لایەنگیری میللەتان
تەنها هەر بە وشەی دەمەو
بە زمانی لووس، ڕشتەی ڕەوان
لە ڕاستیدا بازرگانن
چەرچی‌و دەلاڵی مەبدەئن
بۆ دەستبڕین، بۆ فریودان
پارەمان نییە بیدەین بە چەك
کەواتە لای ئەوان هیچین
نەوتمان نییە لێمان بکڕن
کەواتە لای ئەوان پووچین
مەبدەو بۆتە بازرگانی
نەك بۆ ڕزگاریی میللەتان
داوای مافی خۆمان ئەکەین
پێمان دەڵێن کۆنەپەرست
خاکی خۆمان ئەپارێزین
پێمان دەڵێن ڕەگەزپەرست
گەلە گورگی بەرەی فاشیست،
کە کوردستان ئەسووتێنی‌و
وێرانی دەکا بست بە بست
ئازادیخواو پێشکەوتووە
لەلای تاقمی هەڵپەرست
کۆتری ئاشتیی پیکاسۆ
پەڕو باڵی تێك شاوە
بە دەست شمقاڕو داڵەوە
چڵی زەیتوون وشك‌و زەردە
بە دەست چەرچی‌و دەلاڵەوە
ئاشتی‌و ئاشتیخوازی جیهان
تەنها وشەی ڕووتی دەمن

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ چاوڕاو خراونە ناو
هەندێ زەرفی بەتاڵەوە
ئەی میللەتی نەبەردی کورد
ئەو ڕێگایەی گرتۆتە بەر
بیبڕەو مەوەستەو بیبە سەر
تۆی خاوەنی کوردستانی
خاوەنی پێشمەرگەی ئازاو قارەمانی
سەرکەوتنو شادمانی
تەنها بۆ تۆو خاکی تۆیە
نەک بۆ فاشیستی خوێنڕێژو
کاسەلێسو کلکەکانی

## دیمەنی گوندێکی نزیکی گەلاڵە

١٩٧٤/١٢/٢٩

لەناو دۆڵو بن دەوەنگو ناو ئەشکەوتو پەناو پاسار
لەژێر گوللەی تانکو تۆپو بۆمبای فڕۆکەی ناهەموار

خێزان هەمووی ئاوارەیە، لە ترسا خانە بێزارە
ڕۆژێکی سەختو دژوارە، لە بەیانی تا ئێوارە

کە وەختێ ئێوارە داهات، ناودێ تاریک بوو ئاسمانی
ئەوسا خێزانی ڕەشو ڕووت، دێتەوە خانەی وێرانی

خانەی وێرانو کشو مات، دەنگی سیسرکی لێ نایە
تا بەیانی نە تیشکی مانگ، نە شەوقی مۆمو چرایە

مانگ گیراوە بە خوێنی سوور، ئەستێرە نوقمی ناو تەمە
لوتکەی چیا داپۆشراوی دووکەڵو هەوری ماتەمە

پەردەی شەوی تاریکو ڕەش، دەکشێ بەسەر چیاو دۆڵا
بەسەر ئاوایی وێرانو ماڵو منداڵی کڵۆڵا

تاریکایی وەکو دەریای قەترانی ڕەشی قووڵو مەنگ
هەوری مەینەت بەسەر سەریا چۆک دائەدا بە بێدەنگ

شەوە زەنگی تاریکو پەست، بەدوای ڕۆژی شوومو ڕەشا

هەروەکوو لێشاوی لەشکر، پێ ئەنێ بە گیانو لەشا

مۆتەکەی سەر سنگ خەریکی گۆڕەوشاری نیوە شەوە
دوژمنی ئارامی گیانەو خوێنەخۆی وەنەوزو خەوە

ناومال خامۆش، ناو دێ وەکوو گۆڕستانی سامناك وایە
کەڵەشێر دەنگی بڕاوەو مزگەوت بێدەنگو سەلایە

هێشتا چاوی ماندوو و ئالۆز، بە تەواوی ناچێتە خەو
هێرشی پێشخانەی شەفەق ڕادەماڵێت تاریکیی شەو

کاتێکت زانی بەیانەو ڕووی ئاسمان تاریكو لێڵە
چاوی ئالۆز بەدوای بۆمبای دیاری بەربەیانا وێڵە

کۆرپەی بێنازی ناو بێشکەی بە دەسرازەی قرچۆك بەسراو
بە پڕیاسکەی کۆنو چڵکن، قۆناغەکراو، شەتەکدراو

هێشتا پرخەی دێ وەك بەرخی بەهار لە شیرین خەوایە
دایکی ماندووی لەش تێکشکاو، بێ هۆشەو جووڵەی لێ نایە

گاوگۆتاڵی تاكولۆکە، لەناو حەساری داڕووخاو
گیسكو کارژۆلەی لە شوانی لە ترسا هەڵاتوو جێماو

کەس نییە لێیان بپرسێ، زیندەوەر دەنگی لێ نایە
کوندەپەپوو لە دوورەوە جارچیی شینو واوەیلایە

ڕۆژ هەڵنایە لە هیچ لایە، کاتێکت زانی بۆمبایە
دیاریی دەستەی حوکمی زاتیو یەکگرتووی ئازادیخوایە

گرم مافی چارەنووسی کورد، گرم ئازادی، گرم سەربەستی
حەرامە چۆن میللەتی کورد بگات بە هیواو مەبەستی!

ئەمەیە دیمەنی شەوو ڕۆژی ئەمڕۆی کوردستانمان
دیمەنی زۆربەی دێهاتی وێرانکراوی ناو وڵاتمان

تابلۆی تاوانی فاشیستە لەناو ئەلبوومی تاوانا
مۆری شەرمو شوورەییە لە پەڕەی مێژووی گەلانا

## بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی لە ساڵی ١٩٧٤دا لە بەغداد دژی شۆڕشی کورد گیرا

لە جێی پەیکەری سەربەستی و ئازادی و ئاشتیخوازیی جیهان
پەیکەری خوای دینارو نەوت لە چوار ڕیانی شەقامەکان
نوقمە لەژێر چەپکەگوڵ و ئیکلیلی هەڵپەرستانا
نەخشاوە لەژێر سێبەری دروشمی فاشیستەکانا
چەرچییەکان وەکوو دەروێش کۆڕی بە دەورا ساز ئەکەن
ناوچەوانیان لە ڕێبازیا، بە پردو بەردەباز ئەکەن
پاڕانەوەو لالانەوەو دەنگی تەهلیلەیان بەرزە
بە هەموویان دامودەزگای هاوکاریی تازە ساز دەکەن
جەردەو پیاوکوژە کۆنەکان لەیەکتر سەرفراز دەکەن
تاقمێکیان لەژێر سایەی پەیکەری خوای بیری نەوتا
بوون بە کەوش ڕیزکەری گورگ و بوون بە مجەورو زێوان
تەقەی دانەی تەزبیحیان دێ وەکوو صۆفی و پیری موغان
فرمێسک بەسەر ڕوومەتیانا ئەتکێتە خوار وەکوو باران
کۆڕیان گەرمەو سروود ئەڵێن، بەسەر باڵای ئازادییا
دەتوێنەوە لەپێناوی سۆشیالیستی و سەربەستییا
های و هووی کۆڕی دەروێشی بێ مەبدەئی باوەڕفرۆش
دڵی ساویلکە نەرم ئەکاو هەستی دەهێنێتە خرۆش
تاکوو گۆڕی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەربەستی
لە یادو دڵی میللەتا نەمێنێ و بکرێ فەرامۆش
مەزاتخانە کۆڕی گەرمە، ڕۆژ ڕۆژی چەرچی و دەڵاڵە
لە خۆشیی گەرمیی بازاڕیان، زمانیان بەسراوەو لاڵە
ئەوەی کراوە هەتا ئێستە، لە چواردەی ڕەمەزانەوە
هەر خوێنڕشتن و تاوانە، بەدوای خوێن و تاوانەوە
خوێنڕێژ هەر خوێنڕێژی کۆنەو تاوان لێکراویش میللەتە
ڕێگەی کوشتن وەکوو جاران ئەشکەنجەو سێدارەو پەتە
ئەوەی لەلای وا بێ مەبدەء، بۆ پارەو ئاڵتوونی ڕەشە
مەبدەء لەلای چەپکە گوڵەو لە گوڵدانی نەوتا گەشە
چ لەملا بێ و چ لەولا بێ، هەمووی هەر دەسکەوت و بەشە

ڕۆژێك ئەبێ خۆی ببینێ، چەن شەرمەزارو ڕووڕەشە
هیوام وایە گەرمەگۆڕی[1] شەهیدانی ڕێی سەربەستی
ببێتە زوخاو بۆ گیانی میراتگری‌و هەلپەرستی

## یادی کۆماری مەهاباد

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دا لە مەهاباد بووم، لە ماڵی برادەرێکی مەهابادی خۆشەویست کۆڕێکی بچووك بە دزیەوە بەسرا، لەو کۆڕەدا هەندێکیان بیرەوەریی خۆی دەربارەی کۆماری مەهاباد بۆ ئەگێڕاینەوە. منیش بە یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزەوە ئەم هەڵبەستەم پێشکەش کرد، کاك (س) دەستی کرد بە گریان‌و کوڵی دانەئەمرکایەوە، دیار بوو خەفەتی ڕووخاندنی ئەو کۆمارە ئێجگار کاری تێکردبوو. هەندێ دێڕی ئەم هەڵبەستە دەڵێی بۆ ئەمڕۆ وتراوە، هەروەها ئەم هەڵبەستە بۆ جاری دووهەم لە لەندەن لەو ئاهەنگەی کە بە یادی کۆماری مەهابادەوە لە ساڵی ١٩٨٢دا گێڕدرا، پێشکەش کرا.

مەهاباد شاری شیرینم، بەهەشتی ڕووی سەر زەمینم
بووکی نازداری موکریان، شادەماری هێزو تینم
جێنزرگەی ئاڵای هیواو سروودی ئیمان‌و دینم
پایتەختی یەکەم کۆماری جوانەمەرگەی خێرنەدیوی
نەتەوەی کوردی چەوساوەو دڵ پرلەژان‌و برینم
کوێراییم دایە نەمزانی، وا بە کەساسی ئەتبینم
بە تەمابووم بە سەربەستی، تێر تێر دەستم لەملانت بێ
دەم لەناو دەمی شیرینی پڕ لە هەنگوینی ناو شانەی
سپی‌و بێگەردی هەروەکوو بەفری چلەی زستانت بێ
لێوم تێراو و پاراوی ئاوی پلووسکی سەر کانیی
ساردو تەزیوی دەربەندو قەڵبەزەی سەر شاخانت بێ
مێشکم تێر بۆنی هەڵاڵەو سوێسنەی مێرگی کوێستانت بێ
خەیاڵم مەست‌و سەرخۆشی کۆڕی بادەنۆشانت بێ
چاوم گەشاوەی ڕوخساری کیژۆڵەی شۆخ‌و جوانت بێ
نەمدەزانی وا سەرلەنوێ ڕەشپۆش ئەبی وەکوو جاران
کۆتەڵ دەبەستی بۆ شینی ڕیزە گۆڕی شۆڕەسواران

[1] گەرمەگۆڕ، ئەو خواردنەیە کە لەدوای داپۆشینی مردوو بەسەر خەڵکەکەدا دابەشی ئەکەن.

دەستی خەفەت لە چەناگەت گیر دەکەی وەك پرسەداران
هەناسەی سارد هەڵدەکێشی، فرمێسك دەڕێژی وەك باران
بۆ ماڵو کۆچی خێزانی وێڵو دەربەدەری شاران
هێشتا تەمو مەینەتی خەم نەڕەویوە لە چاوانت
سێبەری پەتو قەنارەی ڕیزکراو بۆ شەهیدانت
تارمایی‌یان لە بەرچاوەو قەت داخیان لە دڵ دەرناچێ
وا باری مەینەتی ئێمەش هاتە سەر باری ژیانت
ڕۆژێکی ئێجگار سامناكو بارێکی ئێجگار گرانە
هەرچی دەبینی مەترسیی لێ نیشتووە لە کوردستانا
کورد وەك ماڵی بازرگانی لە مەزاتخانەی بێگانە
بازاڕی مەزاتی گەرمە لەبەینی مانو نەمانا
چ ڕۆژێکی شوومو ڕەشە، کام ئەستێرە ئێجگار گەشە
تەمی مەینەت بەری گرتوەو جریوەی نایە لە ئاسمانا
مانگ گیراوە بە هەوری سوور، ڕۆژ هەڵنایە لە بەیانا
بایەقوش باڵی کێشاوە بەسەر هەموو نیشتمانا
بولبول هەمووی لانەوازەو هەمووی جووکەی لێ بڕاوە
چیمەنی ناو باخو مێرگی هەمووی بە داو لێ تەنراوە
گەڵاو گوڵو چرۆی تازە، کە مەڵبەندی ئاوازی بوو
بە تەوراسی قینی دوژمن لەسەر تا خوار داپاچراوە
دڕکی پەرژینی سنووری (٣) ڕژێمی کۆنەپەرست
بە سنگی ناسكو نازداریا هەروەکوو نەشتەر چەقاوە
کەوی سەر لوتکەو سەر یاڵی باڵنەخشینی کزو ماتە
پەڕو باڵی هەڵکڕووزاو و خاڵو میلی هەڵوەراوە
سوێسکەی سرکی دەم لاپاڵی نەرمە گیای وشكو بێ‌ئاوە
ڕێی کانیاوی لێ گیراوە، لەبەر تینوێتی خنکاوە
هەنگی داماو هەنگەڵانی سووتێنراو و ڕووخێنراوە
شانەی هەنگوینی بەرهەمی تێکۆشانی بێوچانی
لەژێر پێلەقەی پۆستاڵی دوژمنا پێشێل کراوە
ڕێی گیراوە بۆ ناو مێرگو بەناو گوڵاڵەی قەدپاڵتا
لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ هەڵفڕی بە ئارەزوو و کامی دڵی

به دەوری سەری گژنیژەی زەردەبەی‌و لیمۆی کاڵتا
پەپوولەی باڵنەخشین‌و جوان، دووکەڵ‌و بۆچەك نایەڵێ
وەکوو پەروانەی سەوداسەر پەراوز بکاو بخولێتەوە
به دەوری بلووری گۆنای چوارچرای ڕوومەتی ئاڵتا
مەهاباد منیش هەروەکوو بولبول‌و سوێسکەی دڵشکاو
وەك هەنگ‌و پەپولەی وێڵ لە مێرگ‌و چیمەن بەشڕاو
وێڵ‌و ئاوارەو دێوانەی کەشکۆڵ بەدەستی سەر ڕێتم
بۆ گەیشتن بە ئامانجت هەمیشە خاکی بەر پێتم
وەك ئەوانەی وێڵن بەدوای مانگی ڕێگەی ئازادیتا
گەردنکەچن وەك وەنەوشە لە سای گەردنی پڕ خاڵتا
منیش تەنها دەسەڵاتم ئەم چەن دێڕی هەڵبەستەیە
پێشکەشی کەم لەگەڵ سۆزی ئاوازی کۆنی شمشاڵتا
وەکوو خونچەی تازەبەهار بە دەست‌و پەنجەی لەرزۆکم
چەپك چەپك بە قەیتانی ڕیشەی دڵم بیانبەستم
بە لاجانگی کیژی شۆخی یەخەی لاوو کوڕو کاڵتا
خوشك‌و برای مەهابادی، هەڵبەستەکەم چەپکە گوڵی
گوڵاڵەی سووری ناو زامی سنگی لاوی تێکۆشەرە
وەك یادگارێك با یادی بمێنێ لەناو خەیاڵتا
لە گوڵدانی بەسەرهات‌و بیرەوەریتا دیاری بێ
لە ڕێڕەوی تێکۆشان‌و ڕووداوی ساڵەهای ساڵتا
بچێتە پاڵ ئەو دێڕانەی لە مەیخانەی (ئەرمەناکا)[١]
لە کونجێکی دوور لە گوێچگەو دوو چاوی زەقی ساواکا
لەناو قووڵایی دەروونی چاوەکانتا هەڵڕژان
بۆ قازی‌و بۆ هاوڕێکانی کەوا ئێستە وان لە خاکا
خوشك‌و برای مەهابادی، بەشی ئەودیوی کوردستان
ئەمجارەش وەك ڕۆژی ڕەش‌و سەختی جارانی لای ئێوە
گەرمەشینی کۆڕی تەعزێی شاری وێران‌و پەشێوە

---

[١] ئەرمەناك: خاوەن چێشتخانەو بارێك بوو لە مەهاباد لە کەسپەری سلێمانی دەچوو، جاروبار لە ماڵی خۆیانەوە لەجیاتی مەزە دۆکوڵیویشی بۆ ئەهێنایین.

خوێن دەڕێژرێ، لەش دەنێژرێ بە زیندوویی و هەر بە پێوە
هەموو پەنابەردو دۆڵێك لە شەهیدان لێواولێوە
گۆڕیان هەمووی بەستەڵەك و هەرەسی بەفری پاڵ کێوە
کفنی گەڵای زەردی وەریو، کێلی گۆڕیان چڵ و چێوە
چ ڕۆژێکی سەخت و ڕەشە، چ بارێکی نالەبارە
چ ژینێکی تاڵ و سوێرو پڕ لە ئەشکەنجەو ئازارە
بۆ هەر لا دەڕۆی تاوانە، سزادانە ڕەشبگیرە
بۆردومانی شارو دێیە، خنکاندنی لاوو پیرە
قەدەغەی بیروباوەڕە، زیندان پڕ لە ڕوشنبیرە
لەجیاتی پێنووس و کاغەز، کەلەپچەو کۆت و زنجیرە
دوژمن ئەمجارە بە تەمای لەناوچوونی کوردستانە
بۆیە وا بە جارێ کەڵبەی لە قوڕگی لاوی کورد گیرە
ئەمڕۆ لەلامن ئاڵۆزاوەو دە ڕۆژی تر نۆرەی تۆیە
نەخشەی دوژمن بە حیسابەو ئێجگار وردو لەسەرخۆیە
پیلانی هەمووی نەهێنیی و چنینی بە تان و پۆیە
هەمووی بۆ نەمانی کوردەو لەناوچوونی کوردستانە
ئەم هەموو ڕاوەڕێویەو ئەم هەموو بیانووی بێجێیە
دوژمن ماکی دواکەتن و هەوێنی پەرەپێدانی
کۆنەپەرستی و دەماری ئاغایەتیی خوێنەخوێیە.
ساڵەهایە وشکەڕۆیی و دەرەبەگی و جبەو بەرماڵ
کۆسپی گەورەی پێشکەوتنەو بەرهەڵستی ڕاستە ڕێیە

ئەی مەهاباد، دەستە خوشکی شاری هەڵمەت و قوربانی
دوژمنی هەموومان یەکە، تۆ لە من باشتر دەزانی
ڕەش و ڕووتی ناو کوردستان، سەرچاوەکەی دوژمنێکە
ڕزگار نابین تا هەموومان یەك نەگرین بۆ مل شکانی
کەی توانیمان ببین بە یەك، دوژمن مل شۆڕو ڕیسوا کەین
ئەوسا دەگەین بە ئاواتی ساڵەهامان بە ئاسانی
کە ئاڵای ئازادی و شادی، لە کوردستاندا هەڵکرا
شەکایەوە بە بای شەماڵ لەسەر لوتکەی چیاکانی

به ئاشکرا تارایان دا بەسەر بووکی سەربەستییا
دەهۆڵی شادی لیٚ درا لە هەموو کووچەی شارانی
ئەوسا لە تۆ ڕەشبەڵەک‌و لە من سیٚ‌پیێی‌و شیٚخانی
قریوەمان دەگاتە ئاسمان، کەڕ دەکا گویٚی دوژمنانی

## گردی خازیٚ

خازیٚی نەگبەت
لەوەتەی من تۆم لە بیرە
هەر نەگبەت بووی
هەر کەساس‌و چارەڕەش‌و داماو بووی
لەوساتەوە هاتوویتە دنیای شوومەوە
سەرگەردان‌و بەشبڕاوو
بیٚکەس‌و لیٚقەماو بووی
تا منداڵ بووی، بەڕەڵلا بووی
هەتیو بووی، بیٚلانە بووی
چاو بەرەوژیٚری چڵکاوی
باوەژنی، بیٚڕەحم‌و جانانە بووی
نە دایکیٚک بوو سەری نازت
تاویٚک بخەیتە سەر ڕانی
نە باوکیٚک بوو بیٚترس‌و لەرز
بۆ عانەیەک دەس بەری بۆ گیرفانی
ساڵەهای ساڵت بردە سەر
بە سەرسەختی‌و سەرگەردانی
تا نەگبەتیٚکی وەکوو خۆت
دڵی نەگبەتی پیاتا چوو
مارەی کردیت‌و تۆی هانی
جووتیٚ بەدبەختی وەکو یەک
دوو ژیانی پڕ لە ئەرک‌و ناخۆش‌و تاڵ
بوون بە هاوسەر لەناو نویٚنیٚکی چڵکن‌و
ژیٚرڕاخەریٚکی وەک سیپاڵ

ناوتان لیّ نرا بووك‌و زاوا
پەردەی بووکێنیتان چیخ بوو
گوڵاوی شەوی بووکێنی
بۆنی تەرس‌و بۆنی ڕیخ بوو
مۆسیقای ئاهەنگ‌و شایی
گیزەی مێش‌و مێشوولە بوو
پیٚخەسوو و بەربووکی شەوتان
مارمێلکە بوو، مێرووله بوو
ئەوەی لە ماڵ هەتانبوو
هەمووی کۆڵی سەربارێك بوو
سەرمایەو پوول‌و پارەتان
هەمووی یەکدوو دینارێك بوو
مانگ تێپەر بوو، ساڵ تێپەڕ بوو
بەکێشتان کرد ئەرکی ژیان
فەتاحتان بوو، وەسمانتان بوو
دڵتان خۆش بوو، بوون بە خێزان
لەلات وا بوو ئیتر تەواو
کوێرەوەری بڕایەوە
ئەستێرەی شووم‌و نەهاتی
لە ئاسمانی پڕ مەینەتا کوژایەوە
بەڵام هیچ زۆری نەخایان
مێردەکەت دەردی خوا کوشتی
باری مەینەت‌و کەساسی‌و
هەتیوباری بۆ هەڵڕشتی
مایتەوە خۆت‌و فەتاح‌و
وەسمانی جووتە نەگبەت
فەتاح شەل‌و ناڕێك‌و گێڕ
وەسمان دەستێکی سەقەت
فەرموو بژی بە گوڵەوەچنی‌و
بە دەسنگەی ئەم‌و ئەو

نابڕێتەوە ئەرکی سەختی
پاروە نانی ڕۆژو شەو
هەتا ڕۆژێك بەر لە مانگی
ئاشبەتاڵی شوومو ڕەش
یەکدوو سیخۆی وەکوو واشە
دیاری مەرگیان ئەکرد بەش
لایان وا بوو ماڵی خازێ
کۆگای بارخانەو فیشەکە
پڕ لە نارنجۆكو بۆمبایە
شوێنی داڵدەی شۆڕشگێڕەو
تاقمی پێشمەرگەی تیایە
زنجی خازێ لای فڕۆکەوانی دلڕەش
بوو بە کۆشكو بوو بە تەلار
هەرچی ژەهری ناو دڵیان بوو
بێبەزەیی هەمووی داچۆڕانە خوار
بۆمبای ناقۆڵای دوو دەنگی
بۆمبای برایەتیو هاوبەشیو خۆشەویستی
قاوغەکانیان لەدواییدا خوێندرانەوە
لێی نووسرابوو: سۆشیالیستیو سەربەستی!
یەك لەدوای یەك گوللەو بۆمبا
بەسەر کەلاوەی خازێدا، هەروەکوو باران ئەڕژا
لاشەو مێشکی بێتاوانی هەرسێکیان بەجارێ پڕژا
خازێی نەگبەت، فەتاحی شەل
وەسمانی گۆجو پەل خوار
بە بۆمبایەك گیانیان سپارد
بە خوای پاوەنو دۆلار
لەسەر گردێك، ڕیزیان کردن
ناشتیانن، دایانپۆشین،
بەبێدەنگ لاشەی هەرسێکیان
ناویان لێ نا گردی خازێ
خازێی شەهیدی کوردستان

## بۆ زوڵە کورد

گوێ نادەمە زۆڵە کوردی دەم هەراش    با چەقەی بێ، هەروەکوو چەقەنەی ئاش
پەنجا ساڵە خەریکی گەزو جاوە    هیچمان نەدی، لە قسەی زل بەولاوە
گۆرانیی کۆن: مەعاریفی قلیاسان    گۆرانیی نوێ: ئۆتۆنۆمیو کوردستان
با حەپەی بێو بوەڕێ بە مانگەشەو    مانگ بێباکەو گوێ ناگرێ لە لوورەی ئەو
کاروان دەڕواو سەر دەکەوێ بۆ هەوراز    قەت نابەزێ تا دەگاتە جێی نیاز

## یەکەم هەڵبەستی دوای ١٩٧٥

دڵیان خۆشە ئاش بەتاڵەو کورد واز لە مافی خۆی دێنێ
هەتا ماوە ورتەی نایەو ئیتر سەر دائەنەوێنێ

خەیاڵی دوژمن زۆر خاوە، خەیاڵی بەنگکێشانەیە
کورد واز لە مافی خۆی بێنێ، شتێکە وەك ئەفسانەیە

هەتا بستێك خاکی مابێ، هەتا لوتکەی چیای مابێ
هەتا ڕۆڵەی چاونەترسو تێکۆشەری ئازای مابێ

داوای مافی گەلی میدیای خاوەن ئاوێستاش دەمێنێ
بە خوێنی گەشی لاوانی مافی ڕەوای خۆی دەسێنێ

میللەتێك کە ساڵەها بێ کۆڵی نەدابێ لە ژیان
بە ئاشبەتاڵێکی ناڕێك واز ناهێنێ لە تێکۆشان

بە مردووییش تابووتەکەی ئەوەندە قورسە کوردستان
بە شانی سەد ملیۆن دوژمن هەڵناگیرێ بۆ گۆڕستان

## جاڕ[١]

١٩٧٥/٩/٢٩

جاڕچی جاڕی دا بەناو شارانا
بەناو سەنگەری تێکۆشەرانا
بەناو ئۆردووگای ئاوارەکانا
ئەیقیژان، ئەیوت: ((ئاش لە ئاش کەوتووە))

---

[١] شەپازلەی دێوی ئەمریکای تاوانبارو کۆنەپەرستی دوژمنی خوێنەخۆیی کورد وای کاس کردین کە خۆشمان تا ماوەیەك لەبیر بچێتەوە، بۆیە ئەم هەڵبەستە وا دواکەوت.

دۆڵیانی وشکەو ئاوی پیا نایە
باراش ناهاڕین، ئیتر ئاش بەتاڵ
هەر کەسەی بۆ خۆی بڕوا بۆ لایە
تۆ بڵێی ڕاست بێ، یان درۆی نیسانە؟
درۆی نیسانی چی، وا قوڕپیێوانە!
لە هەمووولایەك شین و گریانە
شین و شەپۆڕی کۆستی گرانە
کوندەپەپووی شووم، دەنگی ناسازی
بەسەر کەلاوەو خانەی وێرانا
هەر نابڕێتەوەو وچانی نییە
هەڕەشەی تۆڵەو ئەشکەنجەو ئازار
بڵاو دەکاتەوە بە کوردستانا
ئەم بەزمە چی بوو چەرخی بەدکردار
ئەمجارە لەگەڵ کوردا دەیگێڕێ
هیواو ئاواتی گەلی چەوساوە
چۆن وای بەسەر بێ بە تەنها دێڕێ؟!
ئەم هەموو خەڵکە بە سەرگەردانی
پێم ناڵێن بۆ کوێ ملی بشکێنێ
یا لەژێر سایەی چ دەزگایەکا
ڕووی بێ ئەمجارە چاوی هەڵبێنێ
تۆڵەی تاوانی لە کێ بستێنێ
داخی دڵی خۆی بە کێ بڕژێنێ؟
کام بەرگی ماتەم بکا بە بەریا؟
کۆستی ئەمجارە ئێجگار گرانە
تەنها هەر لەلای پیاوی هەلپەرست
لەبیرچوونەوەی سووك و ئاسانە
لەبەر ناڵین و ئاخ و ئۆفی شەو
چاوی گلکردووم چۆن ئەچێتە خەو
ئەم خەڵکە هەمووی بە دڵشکاوی و
بە نائومێدی و بە سەرگەردانی

لوولیان دان وەکوو قۆچی قوربانی
بۆ کوێ؟ بەرەوخوار، بۆ ناو لم‌و خوێ
ئاوارەو کەساس دوور لە شارو دێ
کوا بیروباوەڕ، بۆچی بێ‌دەنگە
بۆ لە ڕاستی کورد وا چەوت‌و لەنگە
دیارە پارەی نەوت بە زەبروزەنگە
شێرە، پیاوخۆرە، دێوە، نەهەنگە
بۆیە لە ڕوویا کزو بێ‌دەنگە
گێژی تلیاک‌و چاوبەستی بەنگە
مەنگ‌و بێ‌دەنگی ناو گۆمی مەنگە
مەبدەء پێشکەشی دزو جەردەیە
مەبدەء شاباشی چەکی ناو جەنگە
بێ‌بار بە چەوتی‌و بێ‌باری بەنگە
کورد پارەی نییە لات‌و لەوارە
پیاوی لات باری هەر خوارو لەنگە
خەتای کەس مەگرن، خەتای خۆمانە
سادەو ساویلکەین زوو دەخەڵەتێین
خێرا فریو دەخۆین لەلای بێگانە
ئەو کەسەی باراش بەرێ بۆ ئاشی
مرۆڤی پووچ‌و بێ‌بڕواو نامەرد
دەبێ بزانێ‌و هیچ دوودڵ نەبێ
لە جێی برنج‌و ئارد، ناو هەمانەکەی
پڕە لە پووش‌و داڕووجان‌و بەرد

## شاری بوخارست

١٩٧٥/١٢/٥

شارە جوانەکەی بوخارست
خۆش‌و دڵگیری بست بە بست
هەروەکوو بووک، لەژێر پەردەی
بەفرو چلوورەی کانوونا

بەناز دەڕوانێتە ئاسمان
لاف لێ ئەدەی بەسەر منی
داماوی وڵات وێرانا
بەسەر منی لێقەوماوو سەرگەردانا
بەسەر منی دڵشکاوی پرسەدارا
بۆ کوردستانی خۆشەویست
کوانێ گۆران، کوانێ خوای شیعری دڵداری؟
هەڵبەستی وات پیادا هەڵدا
هەموو دێڕێکی وەك ڕستی دانەی گەوهەرو مرواری
هەر دێڕێکی، کیژۆڵەی شەقامەکانت
بخاتە دانس و هەڵپەڕکێ و گاڵتەو یاری
منی دڵشکاوو غەمبار، دێڕی هەڵبەستی ئاڵۆزم
توانای نییە وەکوو جاران
بکەوێتە گەردو خولی
ڕوخساری شۆخ و نازداران
لەگەڵ هەناسەی دەروونما، دێڕەکانم هەڵدەکرووزێن
وشەکانی هەمووی وەکوو وشەی ورێنەی دەردەدار
سەرتاپای بێسەرو پێیەو لێك پێچراوە،
لەتاو کەساس و داماوی و ملکەچیی کوردو کوردستان
ئەی بوخارست، ئەی خەڵکی شاری بوخارست
خۆزگەم سەد خۆزگەم پێتان بێ
خۆزگە دڵم بەردەبازی شەوو ڕۆژی سەر ڕێتان بێ
خۆزگە لەشم، پلەی پێپیلکەی هەورازی
ڕێگەی سەرکەوتن و شادی و دەزگای پیرۆزی نوێتان بێ
بەس نییە هەموو ئازادن، خاوەنی خاکی خۆتانن
بەس نییە هەموو سەربەستن وەك یەك هەست ئەکەن ئینسانن
لەلای ئێمە ئەوا تازە، خەڵك ئەتوێننەوە وەکوو مۆم
کۆچ وباریان لێ دابەستووین، هەروەکوو کۆچ وباری دۆم
ئەوا تازە لەلای ئێمە زمانی زەردەشت یاساخ دەکەن
هەروەکوو تاتارو مەغۆل تاڵانی ڕەزو باخ دەکەن

تەنها ئێستە لەلای ئێمە، هەر خوێنڕشتنە ئاسان بێ
تەنها ئێستە لەلای ئێمە، مرۆڤە نرخی هەرزان بێ
خۆشی و سەربەستی و ڕابواردن تەنها بۆ چەن پیاوکوژێکە
ژیانی بێئەرك و ئاسان، تەنها بۆ چەن خوێنمژێکە
ئەی ئافەرین خوای ئازادی، ئەی ئافەرین خوای سەربەستی
بۆمان دەرکەوت لادانت لە باوەڕو بیر
بۆمان دەرکەوت چەن درۆزن بووی
بۆ ئازادبوون و ڕزگاریی گەلی پێ بە کۆت و زنجیر
بە ئاشکرا لەلای ئێمە دارگوێزو مێو دائەپاچن
بۆ خەڵووزی سەر نێرگەلەو ژیلەمۆی جەزوەی قاوەی تاڵ
لەلای ئێمە تازە وا گورگ بەر بۆتە بەرغەلی منال
ڕاپێچیان دەکەن بۆ دەشتی سوێری لماویی چۆڵ و هۆڵ
لایان وایە ئیتر تەواو، کە وتیان ئاش بەتاڵ، بەتاڵ!
نازانن هەر لەکۆنەوە، ئا ئەم خاکی کوردستانە
هەمیشە بۆ داگیرکەران هەر بستێکی گۆڕستانە
ئەوەی تەمای وێرانکاریی خاکی پاکی کوردستان بێ
ئەنجامی وەك زەینەفوون و جەنگیزخان هەر ملشکانە

www.zheen.org

## بۆ ئەوانەی کە نابن بە هیچ

ملت کەچ کە لەژێر بارا، تازە تیا چوویت و پێی ناوێ
ڕەوشتی نۆکەری وایە، بێ ئاغای نانێت هەنگاوێ
ئاغای هەرچۆنێکی فەرموو، نۆکەر دەبێ بڵێ وایە
وشەی هەموو نەخشی بەردەو هەموو دێڕێکی ڕەوایە
بێباری و پاشگەزی لای تۆ، ئەمڕۆ مەبدەء و بڕوایە
مەبدء ئەوەیە بای بدەی وەك (سەری کابرای مەلایە)
مەبدەئی تازە بە بابەتەو لێی خوڕە داو بەرەڵڵایە
پەندی پێشینانە ڕاستە، بە مێردی نییە بە خولایە
بەڵام خاڵۆ ئاغای تازە، پیاوکوژەکەی جارانتە
وەستای سزاو بەندیخانەو ئەژدەهاکی زیندانتە
ئەو نەگۆڕاوەو ناگۆڕێ، هەر هەمان تاس و حەمامە

ئیتر بڕواو مەبدەئی چی، بیانوویەکی زۆر بێتامە
تۆی سەرلێ تێکچووی گومڕاهی، تۆی ڕێی ڕاستت ون کردووە
تۆی بیروباوەڕی پاکت بە خۆڕایی بەو فرۆشتووە
دەزگای تازە کوورەی ئەمڕۆت مۆری ڕەشی ناوچەوانە
لاپەڕەی پیس و چڵکنی لادان لە ڕێی تێکۆشانە
مەزاتخانەیە[1]، سەودایە، چەرچێتی و بازرگانییە
ئەی ئافەرین سەرچۆپیکێش، شەرم و شوورەییت لا نییە
دەی بیژەنە لەسەر نەزمی دەهۆڵ و زوڕنای ئاغای نوێ
ئاخۆ ئەمجا بۆ کام زەلکاو لوولت ئەداو ڕات ئەپێچێ
ئەترسم ئەمجارەش بڵێی بە هەڵەچووبووم، ڕێژگاو بووم
هەروەك هەمان جاری جاران، بفەرمووی سەرلێشێواو بووم
خاڵۆ جارێك، خاڵۆ دووجار، بە ڕاستی لە تامت دەرکرد
بە تەواوی ئابڕوو و حەیای هەموو بیروباوەڕت برد

## بۆ ئاوارەکان

منداڵە وردەکەی لەڕو لاواز
کزو ڕووتەڵ و پێپەتی
بەم زستانە ساردوسۆڵە
پێش خۆیان دان وەك مۆڵە مەڕ
بۆ ناو پیکاپ، بۆ ناو لۆری
لە جێی کەلوپەل و کووتاڵ
لە جێی ماڵی بازرگانی، کران بە بار
تێك ترشێنران بەسەریەکدا
هەروەکوو گیسك، هەروەکوو کار
لۆری و پیکاپیان لێ خوڕی
بەرەو دەشتی چۆڵ و هۆڵی
بێئاسۆی کاکی بە کاکی

[1] وشەی مەزاد بە کوردی لە گفتوگۆدا بە مەزات ئەنووسرێ و ئەخوێندرێتەوە، بۆیە منیش بەو شێوەیەم نووسییەوە.

هەتاکوو بڕ ئەکا چاو!
دایكو باوکیان، بێسەروشوێن
هیچ کەس سۆراخیان نازانێ
ئەگەر مابن لە زیندانا
ئاخۆ ئێستا چەن کەساس بن
لەژێر ئەشکەنجەی کەلەپچەو
شەق تێهەڵدانی وەردیانێ
ئەی خوای چارەنووسی گەلان
کوا میلبازی سەر تەنافت
کوا چیی لێ هات دەم هەراشیی
جارانو لافو گەزافت
میللەتێك گەورەو بچووکی
سەرگەردانو لێقەوماوە
لە سێ لاوە گەلەگورگی
چاوچنۆك دەورەیان داوە
ئەو بەتەمای نەرمە گۆشتەو
ئەم بەتەمای کەوڵو پۆستە
ڕۆژی وا شوومو ڕەشو سەخت
کەس نەیدیوەو کەس نەیبینی
لێقەومانی ئەمجارەمان
تا بڵێی سەختترین کۆستە
دواڕۆژ تاریكو نوتەکەو
ئەستێرەی هیوا ئاوایە
ڕۆژی ڕزگاری یاخییەو
لە کەلی ولات هەڵنایە
لەم ڕۆژە سەختو شوومەدا
دووبەرەکیو سێبەرەکی
هەر تاوانو غەڵەت نییە
بەڵکو کفرو خیانەتەو
پاکبوونەوەی قەت بۆ نییە

## دوای لافاوی نووح

له ساڵی ١٩٧٦دا هاوڕێو دۆستێکم کاک (د) ڕۆژێك پرسیارێکی لیٚ کردم، پرسیارەکەم ئێجگار لا سەیر بوو، وتی بە بیری تۆ جووڵانەوەی کورد چیی بەسەردیٚو کەی سەر هەڵ ئەداتەوە. پرسیارەکەی بۆنی ئەوەی لیٚ ئەهات کە جووڵانەوەی کورد لە عێراقدا هیچ نەبیٚ بە هۆی ئاش بەتاڵەوە ١٠—١٥ ساڵێك دوا ئەکەویٚ. منیش لەوە ڕامام، وتم بە بیرو باوەڕی خۆم بەم کەرێتیەی کاربەدەستانو میری دەستیان داوەتیٚ، کورد پاڵ پێوە ئەنێنو ناچاری ئەکەن کە خۆی نەگریٚو هەمووی یەکدوو ساڵێك نەخایەنیٚ شۆڕش دەست پیٚبکاتەوە. منیش ئەم هەڵبەستەم بۆ وەرامی ئەو پرسیارە وت:

کە هەوری سەر پەڵەی ئەمساڵ بەری ڕووی ئاسمانی تەنی
نائومێدێك لەگەڵ خۆیدا بەم دیمەنە پیٚدەکەنی
دەیوت هەوری ئەم زستانە لەدوای لافاوی نووحی یار
بەسەر کام کێڵگەو بەراوا لێزمە دائەڕژێنێتە خوار؟
هەوری سەرلیٚ تێکچووی ڕێژگاو با هەر بۆ خۆی بگرمێنیٚ
هەروەکوو دێو بنرکێنیٚ، چیاو پیٚدەشت بلەرزێنیٚ
سەد جۆگاو ڕووبار هەڵستێنیٚ، بە لێزمەو بە تاوی باران
دۆڵو نشێو هەمووی پڕ کا بە لافاو هەروەکوو جاران
خۆڕاییەو بیٚهوودەیە، بە کەڵکی هیچ شتیٚ نایە
بۆ کیٚ باران دەبارێنیٚ، زیندەوەر ورتەی لیٚ نایە
نە شوانێکەو نە گاوانێك، نە جووتیارە، نە سەپانە
خێڵیان هەمووی بار کردووە، هەواریان هەمووی وێرانە
هەرچی هەڵمی دەروونێتی بیکا بە باران دایڕێژیٚ
بە تەرزەی زل دارو بەردی بنچكو دەوەنگ دابێژیٚ
خۆڕاییەو ڕەنجی بێوەر، بە کەڵکی هیچ شتێك نایە
چ بارانەو چ تەزرەیەو چ کانیاوو چ جۆگایە
نە تۆویٚ سەوز ئەبیٚ ئەمساڵ، نە درەختیٚ ئەپشکوێنیٚ
نە گوڵزارێك لەناو مێرگا وەکوو جاران ئەنەخشێنیٚ
کەوو گاو گۆتاڵو ئاژەڵ دەمیان تەڕ ناکەن لە ئاوی
کیژۆڵەی جوان ڕیٚی گیراوە بۆ شڵپێك ئاوی کانیاوی

ئەمساڵ چاوبڕکێی سەر کانی قەدەغەی خوای ئەهرەمەنە
سەرچۆپیکێشی هەڵپەرکێ پیاوی دووڕوو و ناڕەسەنە
بە لۆکەی قین ئاخنراوە، چ کونی شمشاڵ چ نایە
بە هەزار گەرووی هونەرمەند تەنها یەك نووزەی لێ نایە
بولبول جووکەی لێ براوە، قەفەز پڕ کراوە لە کەو
چاوی پۆڕی کناچەی چەم ئاڵۆزەو بۆی ناچێتە خەو
دەنگی کناچەی[1] بەسراوە ئاوی ناوچەی لیخنە
قامیشەلان و چخوردی پڕ لە دەعبای ڕموزنە[2]
سیاچەمانە[3] دڵ زیزە وەکوو گەزیزەی بێباران
خنکاوە گەرووی تاساوی لوولکژەنی سەر کۆساران
گوللەی گرتووە دار بەڕوو، دارگوێز بۆتە ساچمەزەنگ
ماری مارخۆر مەلەوانە لەجیاتی ماسیی گۆمی مەنگ
لقی چنارو گوێزو توو، کەڵەمەو تەوقی گەردنە
گەڵای دارەبەن و بەڕوو خامو بلووری کفنە

خوای شەڕ کە گوێی لەم ڕازە بوو، لە خۆشیانا کەوتە سەما
وتی ئەمساڵ ساڵی منە، ئەم ناوە پیاوی تیا نەما
من شۆڕەسواری مەیدانم، چەکمە ڕەقم، چەك هەڵگرم
ئاوی لافاوی ڕەشەباو هەورە تریشقەو ئاگرم
خاوەنی هێزو سامانم، وەستای ئەشکەنجەو ئازارم
مارو دووپشکم، نەهەنگم، زەرووی خوێنمژو خوێنخوارم
من کەڵەپیاوی ئەم ناوەم، من خاوەنی دەسەڵاتم
ساڵەهایە بۆ ئەم ڕۆژەو بۆ ئەم دەورە بەئاواتم

لەولاوە پیرێکی کۆماو، بە خۆی و بە گۆچانیەوە
بە جووتێ کەوشی دڕاوو بە پەستەکی لاشانیەوە
پیرە گۆچانی ڕاوەشان، هەروەکوو شێر، وەك تەورزین
وەکوو دەروێش حاڵی لێ هات، کەوتە هۆرەو هاتە لەرزین

---

[1] پۆڕ کە دەخوێنێ وەکوو بڵێ کناچە کناچە، کە کچ ئەگرێتەوە.
[2] ڕموزنە: دەعبای ڕەزا گران و ترسێنەر.
[3] سیاچەمانە: یەعنی چاوڕەش، بە کچی چاوڕەش ئەوترێ.

ڕووی کردە خوای ئەهرەمەن‌و قیژانی، پیایا هەڵشاخا
وتی ماوم، قەت نامرم ورگت هەڵدڕی لە داخا
من فریشتەی ئەم کێوانەم، پاسەوانی ڕەزو باخم
ئاودێری چیمەن‌و مێرگ‌و وەنەوشەو کەنێرەی شاخم
من دەروێشی دەف بەدەست‌و کەشکۆڵ هەڵگری ئەم چۆڵەم
من صۆفیی پیری موغانی ئاتەشکەدەی[1] ئەم ناو دۆڵەم
من جووتیارم، باخەوانم، من سەپانم، من گاوانم
من گەردەلوولی ئەم دەشتەو شنەی شەماڵی شاخانم
من ئەستێرەو مانگ‌و ڕۆژم، من کانیاوم، من ڕووبارم
من تۆوی گوڵ‌و گوڵزارو بەری درەختی بەردارم
من نێرگزم، من بەڕەزام[2]، من هەڵەکۆکی پڕچنم
من بۆ چاوی دوژمنانم، درەوشم، دەرزیم، سووژنم
من هەتا ئەم خاکە مابێ، گیانی منیش هەر ئەمێنێ
هەزار دڕندەی وەکوو تۆم لەلا پەشمەو نامبەزێنێ
دەسا ئەی هەوری سەر پەڵەی ناو ئاسمانی سەر وڵاتم
بە لێزمە باران داڕێژە بۆ کێڵگەو خاکی ئاواتم

با دەشت‌و دەر وەکوو جاران هەمووی وەك بەهەشت ڕازاو بێ
گوڵ‌و نێرگس‌و وەنەوشە وەکوو بووکی سەربەدراو بێ[3]
وەکوو زەماوەنگ دەس بگرن، منیش سەرچۆپیکێشیان بم
شمشاڵژەن‌و لوولکژەن‌و وەستای گۆرانیبێژیان بم
منی پیری بەساڵاچوو هەزاران دەوری وام دیوە
هەزاران لاپەڕەی مێژوو و بەسەرهاتم پشکنیوە
مۆتەکەی مەرگ یەك لەدوای یەك هەوڵیان داوە بۆ کوشتنم
هەزاران پیلانیان گێڕا بۆ لەناوچوون‌و مردنم

[1] پیری موغان ئەو پیاوە دینیانە بوون کە لە زەمانی زەردەشتیەکانا لە پەرستگاکاندا ئامۆژگاری‌و ئاینی زەردەشتییان بە خەڵك ئەوت. ئەو شوێنانەی کە تیا ئەبوون پێیان ئەوت ئاتەشکەدە، چونکە هەمیشە ئاگری ئەو شوێنە نەدەکوژایەوە.

[2] بەڕەزا: گیایەکی باریك‌و ناسك‌و جوانە بە دەم تاوێرو ئەشکەوتەکانەوە دەڕوێ.

[3] دراو: پارەیە، جاران ژنان پارەیان کون دەکردو دەیاندروو بەسەر کڵاوو فێستەکانیانا لە جێی خشڵ.

بەڵام بەرگەی هەموویم گرت، من نامرم هەر ئەمێنم
مافی ڕەوای هەزار ساڵەم، بەزۆر لە مێژوو ئەسێنم

## شیرینو فەرهاد[1]

تەمایانە، تاقە یارە نازدارەکەم
بە نەخشەو پیلانی گلاویان لێم داگیرکەن
بەخۆڕایی وەك تالانی لێم بستێنن
تەمایانە بێستوونێکی کەم پێ کون کەن
بە پیرێژنی فەرهادکوژ
ئەمجارەش وەك جاری جاران
چەواشەم کەن، چاوبەستم کەن
بە فڕوفێڵ دڵدارەکەم لێ بفڕێنن
دەیانەوێ دڵی شیرینی نازدارم
بە ئەشکەنجەو بە سزادان بڕەنجێنن
پڕ بکەن لە پەژارەو ئێش
ژەهری قینی خەستوخۆڵی چەن ساڵەیان
وەکوو بارانی سەرپەڵە لە هەوری ڕەشو بوغزاویی
ناو دەروونیان، لافاوێکی لێ هەڵسێنن
لافاوێك بێ بنجو بێخی ڕەزو باخی
لاپاڵی دڵی شیرینم، هەمووی لە بندا دەربێنن
دەیانەوێ خەڵووزاوو ژەهری دڵیان
بەناو دڵی یارەکەمدا داچۆڕێنن
لەجیاتی گوڵ، لەجیاتی وەنەوشەو نێرگز
تۆوی دڕكو گوژاڵکی[2] تیا بچێنن
شەتڵو نەمامی ژەهراوی
لەجیاتی مازوو و داربەڕوو تیا بڕوێنن
لە جێی شەماڵ، بە گڕەی سەبوونی هاوین
گوڵاڵەی مێرگو چەمەنی بژاکێنن

[1] نیشانەیە بۆ چیرۆکی شیرینو فەرهاد، تەنها لێرەدا شیرینم لەجیاتی (شەم) بەکار هێناوە.
[2] گوژاڵك: گیایەکی تاڵە، شیلەیەکی تاڵ دەرئەداو بە کەڵکی هیچ نایە.

تەمایانە، شانەی هەنگوینی کلۆرەی
پێچی دڵی دڵدارەکەم،
بە لێشاوی کوللە زەردە داڕزێنن
بە لەپی دەستی پیاوخۆریان
پوورەو شانەی بپروێنن
دڵی کەوی خنجیلانەی سەر تاشەبەردی دەم یاڵی
دڵدارەکەم بتاسێنن
بە کلیل و قفڵی سەرمۆر، گەرووی داخەن
دەنووکی تونگ بنووقێنن
سوێسکەی جوانی نەشمیلانە
نازی بڕن بیترسێنن
شەونمی سەر پەڕەی گوڵان
کە گەرووی پێ پاراو ئەکرد
نوقمی ناو لم و زیخی کەن
هەوری بارانی ڕامالن
لە تینوانا بیخنکێنن
دەیانەوێ، مێرگی دڵی دڵدارەکەم
مێرگی دڵی تاقە یارە نازدارەکەم
بە پێلەقە، هەموو بستێکی بشێلن
دەیانەوێ ناوونیشانی نەهێڵن
بە شوقڵ و بە بلدۆزەر ئەم سەراوسەری بکێڵن
بە تەوراسی قینی دڵیان، هەموو درەختی دابێنن
هەمووی بکەن بە کۆتەرە
نە چرۆیەك، نە خونچەیەك، نە گەڵایەك
نە نەمامێك، نە تووێکی تیا بهێڵن
تەمایانە، دڵی تاقە دڵدارەکەم
بلووری چرای ڕووناکیی هەزار ساڵەی
بە بەردو پلار بشکێنن
بڵێسەی بە گڕی دزو پیاوکوژەکان هەڵکڕووزێنن
بیسووتێنن، هەتا ئەبێ بە خۆڵەمێش

به بای زریان‌و ڕەشەبا وەکوو سوتوو بیوەرێنن
بۆ ئەوەی لە تاریکایی شەوی دەیجووری سامناکا
بە مۆتەکەو بە شەوەو بە دایکی هاڵیان
منداڵە سەربەقۆچکەکان
بێبەزەیی بتاسێنن‌و بخنکێنن
دەیانەوێ، دڵی شیرینی نازدارم
ئەم سەراوسەری وێران کەن
بە وەیشوومەو بە بای خەزان
گەڵای داری هەڵوەرێنن
وەکوو گەڵای گەڵاڕێزان
مەلێك نەبێ تیا بخوێنێ
نە لاوکێك، نە قەتارێك
نە ئای ئایەك، نە حەیران،
دەیانەوێ تەنها پەپوو
بەسەر کەلاوەی ڕووخاوا
دەنگی ناسازی تەرخان بێ
ئاواز ڕێك خا بۆ گەرمەشین‌و بۆ گریان
تەنها ئالآی شوومی ڕەشیان
شەکەی بێ لە لوتکەی چیا
پەنجە هەمووی قرتێنرابێ، قەڵەم نەگرێ
بۆ نووسینی دروشمێکی ڕاست‌و ڕەوان
دەم‌و زمان لە گۆ چووبێ
گیان وەکوو لاشەی مردوو بێ
نە ورتەیەك، نە ئاهەنگێك، نە خەندەیەك
نە گۆرانی‌و نە سروودو نە نەورۆزو نە سەیران
هەر گرمە بێ‌و هەر زرمە بێ‌و باوکەڕۆ
هەر کۆتەڵ[١] و هەر کۆیلیل[٢] و قژڕنین بێ

---

[١] و [٢] لەناو کوردەواریی کۆندا، کە مردوو ئەمردو جلوبەرگ‌و چەك‌و زینی ولآخەکەیان ڕیز ئەکرد لە پرسەدا، بەسەریانا ئەیانلاواندەوە.

باوکەڕۆیی و براڵەڕۆیی و لاوانەوەی سەرقەبران
هەر سەنگەر بێ، هەر قورقوشم و پۆڵا بێ
لە جێی باسووق و سجووق و مێوژە خۆڵاو
لەناو باخ و لە جێمشتاخی ناوڕەزان
ئەو زنجەی کە ساڵەهایە لانکەو بێشکەی ساوایەتی
جێگای پەرستگای ئاین و بانگ و سەڵاو
ڕۆژوو و نوێژی بۆ خوایەتی
ئەژدەهاك نیازی وایە ناوونیشانی نەهێڵێ
فەرمان و پیلان و نەخشەی ئاغای پیرە وەستایەتی
تەمایانە، شیرینی ناسك و نازدارم
هەتا ماوە لەناو تاریکی شەوا بێ
هەمیشە هەروەکوو بەنگکێش
لە دەریای مەنگی خەوا بێ
پەپوولەی لە چەمەن بڕێ
هەمیشە هەر باڵشکاو بێ
هەنگی بێ پوورەو شانە بێ
نوقمی ناو ژەهرو زووخاو بێ
دەیانەوێ وەکوو فەرهاد، لە شیرین بێبەشکراو بێ
دەیانەوێ سەرگەردان و ئاوارەو لەیار بڕاو بم
دەیانەوێ بە پارەی قۆڵ، بە هەڕەشە
لە کاروانی خۆشەویستیی نیشتمانم بەجێماو بم
دەیانەوێ بێئاسمان و بێئەستێرەو بێزەوی بم
بێنیشتمان و بێلانەو بێڕووبارو بێکانیاو بم
چاو بەرەوژێری لەوێچێك ئاوی قوڕاو و سوێراو بم
ئاوارە بم، دەربەدەرو دڵشکاو بم

بەڵام شیرین، نازدارەکەم، هەردوو گلێنەی چاوم
پەیمانە داوێنی پاکت بەرنەدەم هەتاکوو ماوم
تۆ هەناسەو تۆ ژینمی، تۆ گۆشتمی، تۆ خوێنمی
دەماری لەش بزوێنمی، تۆ ڕۆژوومی، تۆ نوێژمی
پەیمانە هەتاکوو ماوم لەبەر ناحەزتا نەلەرزم

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەڵدەبەزم، دائەبەزم، دەڵێم ماوم ئەوە ئەزم
ئەفسانەیەو خەیاڵی خاو هەتا ماوم قەت نابەزم

## دیمەنی ئۆردووگای ئاوارەکانی نزیك شاری سەماوە

گێژو وێژو حەپەساوم، بە چواردەورا چاو ئەگێڕم
نازانم چۆن دەس پێبکەم، چی بکەم بە سەرمەشقی دێڕم
چۆن پەنچەی سستو لەرزۆکم نووکی پێنووس بجووڵێنێ
چۆن مێشکی ماندووی وڕو کاس هەستو هۆشم ببزوێنێ
کام کارەساتی جەرگبڕ بێتە سەرەتای هەڵبەستم
کوا ئەو هێزو تینەی دڵم بمخاتە سەر ڕێی مەبەستم
تاوانی تاوانبار زۆرەو بێسنوورو بەرەڵلایە
رۆژ لەدوای ڕۆژ دژوارترو زنجیرەی کۆتایی نایە
تاوانی وا کام مێژووناس بە ئاسانی دەنووسرێ بۆی
لاپەڕەی تەرخانی مێژوو بە چ ڕوویەك بیگرێتە خۆی
تاوانە لەژێر دروشمی سۆشیالیستیو سەربەستیدا
کوا ڕۆژئاوا؟ کۆ ڕۆژهەڵاتی نوقومبوو لەناو دەریای ئازادیدا!
دەسا ئەی نووکی پێنووسی پەنچەی بەحاڵ پیکالکاو
هیممەتێك، وشەت داڕێژە وەك تەرزەو بارانی بەتاو
هەڵبەستێك باسی ئەو هەموو بەسەرهاتو تاوانە بێ
وەك داستانی لافاوی نووح لەسەرخۆو دڵسۆزانە بێ
کوردستانی ماتو خەمبار، وێنەی بگرە لەسەر تا خوار
تابلۆی هونەرت دیاری بێ بۆ ناو ئەلبوومی ڕۆژگار
تابلۆیەك بێ بۆ لاپەڕەی زنجیرەی مێژووی کوردستان
وەچەی دواڕۆژ وەك فیلمێك سەیری بکا بە دڵو گیان
دێهاتو ناوچەی وێرانی بەزۆر چۆڵکراوی سەر سنوور
بڵێسەی گزرەی گەڵاو گیا وەکوو بڵێسەی (باوە نوور)
شانەو پوورەهەنگی سووتاو، کۆز[1] و چەپەری[1] داڕووخاو

---

[1] ئەو شوێنەی کارو بەرخی ئەخەنە ناو پێی ئەڵێن کۆز.

ڕانی بەتاڵان براوو کارو بەرخی لە هۆز جێماو
باخ و ڕەزی داهێنراو و چناری لق وپۆپ شکاو
کوێرەکانیی ناو ئاوایی بە چیمەنتۆ سەر داپۆشراو
دیمەنی زنجیرە گۆڕی هەڵنەبەستراوی چەقی ڕێ
پڕ لە لاشەی پیرو ساوای کوژراوی بۆردومانی دێ
کۆت و زنجیری زیندان و دارکاریی بەندیخانەکان
ڕیزە سێدارەی هەڵخراو بۆ گەنج و لاوی بێتاوان
دیمەنی دایکی کەساسی بەر بەندیخانەی هەڵتووتاو
هەنسیکی بووکی ناکامی قوڕپێواو بۆ زاوای خنکاو
ڕەشبگیری و بگرەو بەردە، لەپڕ قەدەغەی هاتوچۆ
دەسڕێژی ڕۆژی نیوەڕۆ، گوللەی سەربازی سەرەڕۆ
لافاوی جاشی ڕیشداری بۆ کوردستان بەکێشکراو
دیمەنی لۆریی سیخناخی خێزانی بەرەو خوار نێراو
لانکەو بێشکەی کۆرپەی ساوای بە قرچەی گڕەی نیوەڕۆ
لێفەو دۆشەکی چڵکن و نۆردوە نانی کەڕواویی جۆ
ئۆردووگای ئاوارەکانی دەشتی لماویی سوێرو چۆڵ
لەجیاتی سەوزە گیانی کوێستان نقومبووی دڕک و لم و خۆڵ
خانووی زنجی پووشە خورمای ژێر سەبوونی گڕەی هاوین
ئاسمانی لێڵ و تۆزاوی لە جێی ئاسۆی بێگەردو شین
منداڵی وردی بەسزمان، کاس بووەو واقی وڕماوە
لە کەنار ئاوی زەلکاوا، حەپەساوەو دۆش داماوە
کیژۆڵەی فێری کوێستان و شنەی شەماڵ لێی قەوماوە
بۆ شڵپێك ئاوی فێنکی کانیاو ئۆقرەی لێ بڕاوە
بێتووتنە قەنگەی لالۆی گاڵۆك بە دەستی ئاوارە
هەناسەهەڵکێشی یادی باخ و بەراوو نزارە
دەوری پاشاگەردانییەو دەوری نەوەی جەنگیزخانە
دوژمنی ئەمجارە کوڕگەل، نیازی گەلی کورد فەوتانە
یاساوڵی بە خوێن تینوو، وردە شاتریی سمێڵ شۆڕ

---

[1] چەپەر: دەرگای دارە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕەگەزپەرستی پەروەردەو پاشماوەی نازیی گۆڕبەگۆڕ
لەوناوەدا (کاکە)[1]ی درۆ کڵاشە ئەکاتو هەرزانە
وشەی کاکەشی بۆ تەوسەو تەنها بۆ خۆپیشاندانە
ئەمانە ئەمڕۆ خاوەنی دەزگاو دووکانی وڵاتن
کاربەدەستو فەرمانبەری ڕۆژی تاریكو نەهاتن
بە ئاشکرا وا خەریکن زمانی زەردەشت یاساخ دەکەن
لەژێر ئاڵای سۆشیالیستا زمانی خاوەنبیر داخ ئەکەن
دەمی دەستەی کۆترپەرست، زمانی چەرچیی بیروباوەڕ
چۆتە کلیلەو بێدەنگە لە ڕاستی تاوانی خوای شەڕ
ئەم لادانو بێدەنگییە، ئێجگار شەرمو شوورەییە
هەزار پەڵپو بیانووی درۆ بە هیچ ناچێو کەڵکی نییە
ئومێدم هێند زۆرە بە کورد، هەزار کارەساتی گران
کۆڵی پێ نەداو نەسرەوێو لانەدا لە ڕێی تێکۆشان
هاکا لەپڕ بای ڕزگاری ئەم هەورە ڕەشەی ڕاماڵێ
تەختو بەختی خوای شوومی شەڕ هەڵدێرێ بەرەو ناو چاڵێ
چاڵێك لەناو سەرەنوێڵکی مێژوودا گۆڕستانی بێ
نەعلەتی هەزار داماوو جگەرسووتاو لە گیانی بێ

www.zheen.org

## بۆ شاری ئەسینا

یۆنان، ١٩٧٧/٦/٣

ئەی پایتەختی خوای جوانی، بەهەشتی کامەرانی
بووکی کەناری دەریای هەزارەها ساڵانی
بۆ هەرلا چاو ئەگێڕم، باخە، چیاو نزارە
دیمەنی دەریای شینو شەپۆلی گوێ کەنارە
بۆ هەرلایەك، مل ئەنێم، جێی خوایەکی یۆنانە
جێی نزرگەی ئەرستۆو ئەفلاتوونو لوقمانە
لانکەو بێشکەی بلیمەتو دایەنی[2] زانایان بووی

[1] لە عیراقدا کە کوردێك بانگ ئەکەن پێی ئەڵێن کاکە، بەڵام زۆرجار بەو شێوە بانگکردنە نیاز تەوسە.

[2] دایەن: بە خێوکەر، چاودێریکەر، سەرپەرشتیکەر، بەتایبەتی بەو ژنە ئەڵێن کە منداڵی یەکێکی تر بەخێو بکا.

سەرچاوەی وێژەو هونەر، دەزگای یاسای ئینسان بووی
ئەکرۆپۆلیس، ئۆڵۆمپیا، ئەپۆلۆ، سوقرات، ڤینۆس
نیشتمانی ئەلیادەی هەڵبەستەکەی هۆمیرۆس
هەمووی شێوەو دیمەنی مێژووی ئەغریقی کۆنە
یادگارو جێماوی فیساغۆرس و سۆلۆنە
بە ناوتا ئەخولێمەوە، حۆل و گێژو شێت و وێت
تەماشای هەرلات ئەکەم، قەت دڵم تێر ناخوا لێت
جارجار نازی کچی جوان، وردە ڕازی ڕێگەوبان
دەنگی نەوەی ڤینۆسە وا دەپێکی دڵ و گیان
دەنگ نییە مۆسیقایە، نەشئەو ئیلهامی خوایە
سۆزی کەمانچەو نایە، سیمفۆنی ئۆرکسترایە
دڵی پەژموردەو تینوو بە ڕشێنەی بارانێك
بە قاقای پێکەنین و لەنجەی نازدارو جوانێك
کاتێك بە خۆی دەزانێ بێ پەروا وەکوو لاوێك
بە ناچاری مل دەنێ، تا دەگاتە گێژاوێك
گێژاوی هەرزەکاری و یادی ڕۆژانی جاران
یادی کۆڕی ئاهەنگ و بەزمی شەوانی یاران
زەینەفۆنی[1] یۆنانی! کچی یۆنانی جوانە
ڕاستە بووکی بەهەشتەو چەپکە گوڵی گوڵدانە
بەڵام ڕۆژێك لەڕۆژان؟، تۆش خاکی ئێمەت دیبوو
دەشت و چیاو ڕووباریت بەوردی پشکنیبوو
کیژۆڵەی کوردستانیش، وەك یۆنانی، پێم وابێ
وەکوو ئەو شۆخ وشەنگ بوو ئەگەر لەیادت مابێ
بەڵام جیاوازیی کچی ئەمڕۆی لای ئێمەو ئێوە
وەك ئاسمان و ڕێسمانە[2] بە هەڵکردو بە شێوە

---

[1] زینەفۆن: ئەو سەرکردە یۆنانییە کە بە خۆی و لەشکرە دە هەزار کەسیەکەیەوە لەناو چیاو دۆڵەکانی کوردستانا شکاو ژمارەیەکی زۆری سەبازەکانی کوژران و خۆی باسی ئەو شکانەی خۆی ئەکات ( Xenophon دەوری ٤٢٧–٣٥٥ بەر لە زاین ژیاوە).

[2] ڕێسمان: گوریسە ئەگەر یەکێك بیەوێ بەراوردی دوو شتی لێك دوور بکا ئەوە بەکار دەهێنێ، چونکە دووریی ئاسمان لە زەوییەوە ئەوەندە زۆرە بەراورد ناکرێ لەگەڵ کورتیی گوریسدا.

لای ئێوە ژن سەر بەستەو خاوەن مافی خۆیەتی
ژیانی پڕ ئارامەو مەستی ڕەنگو بۆیەتی
بەڵام هێشتا لای ئێمە ڕەش پۆشەو گریانە
وەردیان لەناو زیندانا بۆ زەیستان[1] مامانە
لای ئێمە تازە بووكو كیژۆڵەی دەزگیراندار
دەخرێتە ژێر ئازارو ئەشكەنجەو پۆستاڵو دار
لای ئێمە هێشتا میری، هەروەك پاشەگەردانی
هەزاران بێتاوانی ئاخنیوەتە زیندانی
بەڵام كیژی كوردستان، دەستە خوشكی ئەسینە
لات وایە زۆردار تاسەر هەروا بەهێزو تینە
كاتێكت زانی ڕووخا ڕژێمی بتپەرستی
ئەوسا لە یۆنان "زۆربا"و لە توش گوڵی سەربەستی

### لە دێیەكی نزیكی خانەقین[2]

خاڵۆی[3] كزی هەڵتوتاوی پەنا دیواری مزگەوت
دەزانم بۆچی وا كزی، دەزانم بۆچی وا ماتی
دەزانم گیرۆدەی داوی چەرخی سەر سەختو نەهاتی
خوای شەڕو قین بەزمێكی وای گێڕاوە لەم ناو وڵاتە
بە داستان ناگێڕڕێتەوە ئەم تاوانو كارەساتە
مرۆڤ هەر تۆزێك هەستی بێ، مردنی لەلا ئاواتە
هەزارانی هەروەكوو تۆ لێقەوماو و سەرگەردانن
هەزارانی هەروەكوو تۆ ئاوارەوماڵوێرانن
بەڵام خاڵۆ بێهوودەیە، هەڵتووتانو كزیو ماتی
دوژمن بە كزیو بێدەنگیت دەگا بە هیواو ئاواتی

---

[1] زەیستان، ئەو ژنەی منداڵی ئەبێ.

[2] ئەو دێیانەی كە كوردیان لێ دەركردبوو وە هەندێ عەشائیری عەرەبیان بۆ هێنابوون، ئەو عەشائیرانە هیچیان لە كشتوكاڵ نەدەزانی، بەڵكوو پیشەیان هەر مەڕو ئاژەڵ بەخێوكردن بووە، لەبەرئەوەی ئەمانەش بەزۆر هێنرابوونە كوردستانو بە نابەدڵی كشتوكاڵیان دەكرد، بۆیە هەمیشە باخەكانیان بێئاو بوو وە زۆری وشك بووبوو.

[3] ئەو دێیە یەكێك بوو لەو دێهاتە كوردانەی كە بەزۆر لە خاوەنەكانی چۆڵ كرابوو، هەندێ شوانو بێگانەیان لە شوێنەكانی تریان لە خوارووی عێراقەوە بۆ هێنابوونو زەوییەكانیان دابوونێ.

خاڵۆی بێدەنگ هاتە وەرام، هەناسەی ساردی هەڵکێشا
وتی براکەم لێم گەڕێ، دەردم فرە کاریگەرە
سەرلەنوێ زامی کۆنەو نوێت تازە کردمەوە لە ئێشا
من پەست نەبم ئەی کێ پەست بێ، من مات نەبم ئەی کێ مات بێ
کێ هەیە ئەمڕۆ وەکوو من بە خۆڕاییی و بەبێ تاوان،
سەرگەردان و ئاوارەی دووروڵات بێ
ئا سەیرکە.، بڕوانە ئەو باخەی ئەوبەر
ئەوە باخی هەزار ساڵەو یادگاری باپیران بوو
بەری چنگ و پەلی ماندووی شەوو ڕۆژی بێوچان بوو
بە زۆرەملێ لێیان سەندووم، داگیریان کرد بۆ خۆیان
بە ناڕەوا، ئەو باخەیان داوەتە دەستی شوانێ
نە لە باخ و نە لە دارو نە لە جۆگا دەزانێ
ئێستە هەموو ئەو دارانە، لەبەر بێئاوی وشکە
لق و پۆپی داڕزاوە، پڕ لە سمۆرەو مشکە
دەڵێم توخوا با وشك نەبێ، هیچ نەبێ هەفتەی جارێ
بێم ئاوی بەم با نەفەوتێ، دەك خوا غەزەبتان لێ بارێ
دەڵێن بڕۆ کابرا تازە، مافی تۆی پێوە نەماوە
نەخەڵەتێی جارێکی تر هەنگاوێك بنێی بەم لاوە
تازە ئەم باخە ناونرا باخی یەکێتی و سەربەستی و سۆشیالیستی
دەی خوا ئەگەر هەی، کەی ڕۆژێ دادو فریادم دەبیستی
باخ لە باخەوان حەرامەو بۆ داگیرکەر بۆتە حەڵاڵ
ئەوی مافی پێوە نییە ئێستە ئەو بۆتە خاوەنماڵ
بێبەزەیی هەر بە تەڕی لق و پۆپی دائەپاچن
بۆ خەڵووزی سەر نێرگەلەو ژیلەمۆی جەزوەی قاوەی تاڵ
وەك لێشاوی کوللە زەردە، بە سەوزی و بە کاڵی وکرچی
هەرچی بەری پێوە هەبێ بێبەزەیی دایئەپاچن
نازانم چۆنیان بۆ ئەخورێ، دەڵێی هەر لە ئینسان ناچن
ئیتر کاکە، تۆ پێم ناڵێی، بە کام دنیا دڵم خۆش کەم؟
یا چۆن ئەم هەموو تاوان و دەسدرێژیە فەرامۆش کەم!؟
وتم خاڵۆ، بەڵێ ڕاستە، تاوانەو زوڵمە کراوە

دوژمن چاوبرسی و دڵڕەقەو ملۆزمێکی تەواوە
بەڵام نابێ لێی بێدەنگ بی، دەستەپاچەو کز هەڵتووتێی
بێدەنگ بی هەتاکوو ماوی هەمیشە بەشت خوراوە
مافی خوراو گەر خاوەن ماف خوێنی خۆی خستە سەر دەستی
هێز نییە لەم دنیایەدا بتوانێ بێتە بەربەستی

## دیمەنی مەزاتخانەی بیروباوەڕ دوای ١٩٧٥

١٩٧٨/١٢/٢٣

هەروەکوو گیسك، هەروەکوو مەڕ
لە ڕۆژێکی شوومو ڕەشا
هێشتا خوێنم فیچقەی ئەهات
لەناو خوێنی خەستو گەشا
لەناو مەیدانی جامبازو قەسابو دەڵاڵەکانا
هەروەکوو قۆچی قوربانی
دەستاودەستیان پێ ئەکردم
وەك دەسکەوتی تالانی
جامبازەکان لەسەر لاکم
تەقەی پارەو سەودایان بوو
قەسابەکان، لەسەر پێستو ڕیخۆڵەم
گرمەگرمو هەرایان بوو
دەڵاڵی بیروباوەڕفرۆش
بە دەوری هەتیوەکانما
چەقەنەو سووڕو ئاهەنگو سەمایان بوو
پێش خۆیان دام بۆ دوور لە خاکی وڵاتم
پێشێلیان کرد نەمامی هیواو ئاواتم
من ئاوارەم، ئاوارەی بیروباوەڕم
من دۆڕاوم، دۆڕاوی گزیی ناو شەڕم
نەخشەیە، نەخشەی نەوتکڕو
نەوتفرۆش پیرە وەستایە
نەخشەی بۆرجوازیی بۆگەنو سەرمایەداریی دنیایە

دەبێ کورد هەتاکوو ماوە نەگات بە هیواو ئاواتی
دەبێ نەگا بە مافی خۆی، بژی بە کزیو بەلاتی
ئەم ئاهەنگە گەرموگوڕە، ئاهەنگی کارتێلی نەوتە
بەرهەمی بەرەی یەکێتیی نیشتمانییەو دەسکەوتە
دوای ئاشبەتاڵ پێك لێ درا، چەرویێو نۆش بوو
ئاوازی گۆرانیی شادی، تا بڵێی گەرمو بەجۆش بوو
بەرەی یەکگرتوو بە پێکی خەستوخۆڵ تەواو سەرخۆش بوو
لەژێر دروشمی یەکێتیو سەربەستیو سۆشیالیستیدا
کۆڕی ئاهەنگی سەرکەوتن، هەتا بڵێی گەرموگوڕ بوو
ڕەشبەڵەك بوو دەتوت شایی ناو باڵەکیو ناو مەنگوڕ بوو
مێزی ناو هۆڵی کۆشکەکان، هەمووی جوانو ڕازاوە بوو
کرمەی ئالیکی ڕژاوی ناو تەویلەو سەر ئاخوڕ بوو
سەرچۆپیکێشی هەلپەرست گەرم ببوو، قریوەی ئەهات،
لۆتیچەقۆ بای پیا ئەداو سەمای ئەکرد
شاباشی هەڤاڵی تازەو پیرۆزبایی گەرموگوڕی
لە دامودەزگای خوێناویی ئاغای ئەکرد
داسی تیژی سوورەوەکراو
لەناو لەپی هەلەپریستا بریسکەی ئەهات
ڕەگەزپەرستیی فاشیستی بەم دیمەنە
سمێڵی شۆڕی لە خۆشیانا بسکەی ئەهات
لاك بەش کرا، بەڵام هەمووی بۆ لایەك بوو
ئەوەی هەلپەرست پێی برا
تەنها جڕتێك بوو، بایەك بوو
نەرمە گۆشت سمێڵ شۆڕ بردی
هەلپەرست ڕووی ڕەشی بەرکەوت
زۆری نەخایان بەجارێ ڕووی پیلانی ڕەگەزپەرست،
هەروەکوو تیشکی ڕۆژ دەرکەوت
بێشەرمو شورەییو حەیا کەوتە وێزەی هەڤالانی
ئەوەی هەڤاڵی مرۆڤی ڕەگەزپەرستو فاشیست بێ
وەك پەندی پێشینان دەڵێ:

بۆ ڕیش ئەچێ و سمێڵی دائەنێ لە بانی
دوێنێ هەڤاڵێکم بینی، هەتا بڵێی کزو مات بوو
لێم پرسی چۆنی مامۆستا؟ چیت پێ بڕا بە نەمانم
تاوانم چی بوو بۆ قەساب، وا بەر بوویتە لەش و گیانم
من وەك تۆ نیم، من پێم ناخۆشە تۆ وابی
پێم ناخۆشە وەك ئێستە سەرگەردان و لێقەوماو بی
خەتای خۆت بوو، خۆت خۆتت وا بەم دەردە برد
لەبیرتە لە ڕۆژی شینما، لە ڕقی من
ئاهەنگ و هەلپەڕکێ و شاییت
لەگەڵ خێلی گورگا ئەکرد؟!

## لە بووزاوە بۆ زەردەشت

تایلەند– بانکۆك، ١٩٧٩/٥/٣

ئەم هەڵبەستەم لە ڕۆژێکا وتووە کە لە بانکۆك ڕێکەوتی ڕۆژێکی ئاینیی بووزیەکان بوو، لە پەرستگایەکی زۆر گەورەدا بە هەزاران گرد بووبوونەوە، دەرو ژووری بەر نەئەکەوت، لەناو پەرستگاکەدا پەیکەرێکی گەورەی بووزای لێ بوو. منیش تێکەڵی ئەو خەڵکە بووم، بەڕاستی خۆم پێ نەگیراو کوڵی دڵم هەستاو پەنام بردە بە بووزا کە ئەم هاوارەم بگەیەنێتە زەردەشت.

مامە بووزا پڕ دەروژووری پەرستگات نوێژکەرن
مووغەکانت بەچۆکا دێن، بە ڕیز دەستەو نەزەرن
صۆفیەکانت پێڵووی چاویان ناترووکێنن لە ڕووتا
جووڵە ناکەن لە جێی خۆیان، دەڵێی بەردی پەیکەرن
ویردی سەر لێوی موریدو سۆزی دەروێشی بەجۆش
ئاوازیان چەن سامناکە وەك دوعای جادووگەرن
دەستەی پیری بەساڵاچووی لەرزۆك ملکەچ وەستاون
دەڵێی هەموو چاوەڕوانی کاتی ڕۆژی مەحشەرن
نزاری دەوری پەرستگات جمەی دێ لە ژن و پیاو
بە هەزاران چاوەڕوانن کڕنۆشێکت بۆ بەرن
منیش لەگەڵ ئەو هەموانەی لەناو پەرستگاکەتا
لەپێناوی سەرکەوتنی باوەڕتا سەوداسەرن
ئەوا بەوپەڕی ڕێزەوە لەبەردەمتا وەستاوم

خەڵکی وڵاتێکم هەمووی ئاوارەو دەربەدەرن
ئەو وڵاتەی ساڵەهایە بەشخوراوو لەت لەتە
کەس ناپرسێ تاکەی وابن، ئەوانیش هەر بەشەرن
منی ڕەنگ زەردی لێقەوماو هەروەکوو دڵشکاوێك
وەك ئەوانەی هەتا ماون هەر سەربەستیپەروەرن
وەك ئەوانەی قەت کۆڵ نادەن لەپێناوی ڕاستییا
پەروانەی دەوری ڕووناکیی مۆمو چراو فەنەرن
وەك ئەوانەی وێڵن بەدوای مافی ڕەوای خۆیانا
کەشکۆڵ بە دەستو چاوەڕێی مەردێکی پەیامبەرن
ئەوا هانام بۆ هێناوی، وێڵی باوە زەردەشتم
بفەرموون بە تەتەرێکدا نامەیەکی بۆ بەرن
نامەیەکی کاریگەر بێ تا دڵی پێی بێتە ژان
با بزانێ ڕۆڵەکانی چەند کزو قوڕبەسەرن
نامەیەك بێ دێڕەکانی وەکوو کڵپەی تەنوور بێ
پریسکی پشکۆی دەروونی گەلی کوردی بۆ بەرن
بڵێ ڕۆڵەکانی میدیا کەساسی ئەژدەهاکن
چاوەڕوانی کاوەیەکی نەبەردی ڕزگارکەرن
بڵێ باوە زەردەشتی کورد، ڕۆڵەکانت داماون
پێ بە کۆتو لەش بەباری ئێشو ئازارو خەمن
سەرلێشێواوو ئاوارەوماڵوێرانو سەرگەردان
وەك هەجیجی کۆڵ بەکۆڵی ڕێ لێ ونبووی ناو تەمن
بە داستان ناگێڕرێتەوە کارەساتی ئەمجارە
هەموو پەڕەی ناو شانامەی بۆ تەرخان کرێ هێشتا کەمن
هەرچەن ئەکەم ئەو پەژارەو خەفەتو ژانەی
وەك ئەوەی وا لە دڵمایەو هەمووی ئەڵێی نەشتەرن
بۆم ناخرێتە ناو زنجیرەی هەڵبەستەکەم بە ڕێکی
وشەو ڕستەو دێڕی هەڵبەست کورتو بێسەروبەرن
مامە بووزا دەستم داوێن، بفەرموو مووغەکانت
ئەم هەواڵە جەرگبڕانە بۆ باوە زەردەشت بەرن
بڵێن ئەو وڵاتەی جاران هەموو بستێکی بەهەشتێ بوو

www.zheen.org

ئێستە ڕەزو باخو داری هەمووی وشكو بێبەرن
دێهاتی هەمووی وێرانەو شارەكانی زیندانە
دانیشتوانی ژنو پیاوو منداڵی دەسبەسەرن
جێ نزرگەی پیرەكانت ناوونیشانیان نەما
دارو شەخسیان لیژنەداری ئاگری جەهەنەمن
ئاتەشكەدەی سەر لوتكەو پاڵترووسكەی لێ بڕاوە
وێرانەی دەستی زۆرداری نەوەی خوای ئەهرەمەنن[1]
ئەو هەنگانەی شانەكانیان وەك بەفری سپی وابوو
پوورەكانیان وەك خۆڵەمێش بە بایەك هەڵدەوەرن
جاران تەنها كرمو مەگەز دوشمنی دارستان بوو
ئێستە مرۆڤی بێویژدان داربڕو سووتێنەرن
ئەو دارگوێزانەی سێبەریان وەك سێبەری بەهەشت وابوو
وەكوو گزرە هەڵچنراون، سووتەمەنیی ناو سەنگەرن
كوا سالمێك[2] هەزار نالی[3] بخاتە گریەو زاری
كوا ئەوانەی بەدەمو ڕواڵەت ئاشتیپەروەرن
خوای نەوت هەمووی بێدەنگ كردوون، ورتە لە هیچ لا نایە
گێژی پارەی مفتی دەستەی بەكری مەرگەوەڕن
مامە بووزا ئەگەر زەردەشت هەتاسەر لێمان لاری[4] بێ
ڕەشو ڕووتی وڵاتەكەی تاماون خاك بەسەرن
ئاهورەمزەد هەر بەجارێ گوێی كەڕ كردووە لە ڕاستیان
ڕوو بكەنە كێ، بۆ چ لایە كڕنووشو سوجدە بەرن؟!
كفر ئەحمەد[5] بە ڕەحمەت بێ، هەر ئەو لە دنیا گەیشت
ئەوانەی ڕێی ئەویان نەگرت لە دنیادا نۆكەرن

---

[1] ئەهرەمەن خوای شەڕو شوومە، لە كۆندا بەرامبەر بەو ئاهورەمزەد خوای فەڕو پیت بووە.

[2] و [3] نیشانەیە بۆ هەڵبەستە دووورودرێژەكەی نالی و سالم وە وەرامی سالم بۆی كە باسی كەساسیی كوردستان ئەكا بەدەست توركەكانەوە.

[4] لارێ: پشت گوێ خستنو ئیهمالو بە هیچ نەزانین.

[5] كفر ئەحمەد: كابرایەكی زۆر بەناوبانگە لە كۆنا، بەتایبەتی لەناو كۆچەریەكان كە زۆر كفری كردووە، بەڵام هەمیشە كفرەكانی لە شوێنی خۆیا بووە.

## خەیاڵ پلاو

لایان وابو ئەگەر بێت و کەڵەشێری ناو ئاوایی
هەمووی بگرن، هەمووی سەر ببڕن بە چەقۆ
ئیتر وڵات هەتا ماوە شەوی لێ ڕۆژ نابێتەوە
ئاسمانی وڵات تا ماوە خۆر لە دەم کەلی هەڵنایە
خەڵك لەناو پێخەفی شەوا هەر ئەگەوزێ و ئەتلێتەوە
کرێکارو ڕەنجبەرو سەپان، لەناو دەریای مەنگی خەوا
هەتا ماوە وڕ و کاسەو لە گێژاوا ئەخولێتەوە
ڕۆشنبیرو تێکۆشەری چاوی خەواڵوو ئاڵۆزی
لەگەڵ تەپاوتلی شەوا تێر دەگڵۆفێ و ئەنوێتەوە
ئەوی ناوی پێشمەرگە بێ، ئەوی ناوی کوردستان بێ
وەکوو سەهۆڵی بەر هەتاو وردە وردە ئەتوێتەوە
بەڵام ڕاستییەك هەیە نایزانێ، پێی ئەڵێن پەندی پێشینان
دەڵێ کەڵەشێریش نەبێ ئەنجام ڕۆژ هەر ئەبێتەوە
لایان وابوو مەلای مزگەوت، گەر لە بیمارستان بمرێ
ئیتر کەس نییە بانگ بداو هیچ کەسێ ورتەی لێ نایە
نەیاندەزانی لەجیاتی مەلایەك دووسەد مەلای تر
لەسەر لوتکەی چیاکانا خەریکی بانگ و سەڵایە
نەیاندەزانی ئەمجارە بانگی سەر لوتکەی چیاکان
وەکوو بانگی ناو مزگەوت و سەر منارەی جاران نییە
ئەمجارە هەمووی تەقینی باروت و گوللەو بۆمبایە
دڵیان خۆش بوو کە ڕەهێڵەی بارانی هەوری ڕەشی قین
گڵی ناو دۆڵ و شاخەکان وردە وردە ڕادەماڵی
لەگەڵ خۆیا ڕای‌دەپێچی، هەرچی زیخ و لم و بەردە
پاش ماوەیەك شاخ نامێنێ، لوتکەو تاشەبەرد نامێنێ،
وڵات تەخت و نەرمان ئەبێ بۆ دزو پیاوکوژو جەردە
خەیاڵی دوژمن زۆر خاوە، دەڵێی وڕێنەی دەروێشە
خەیاڵی چەسپێکی قووڵی تلیاك و پیاوی بەنگکێشە
شاخ و داخی ئەم وڵاتە هەتاکوو دنیا دنیایە
بە سەد نەخشەو پیلان و فێڵ لەناو نابرێ و لەبن نایە

ئەگەر هەمووی ببێ بە هەور ئاوی دەریاو ڕووبارەکان
بیکا بە تۆف و ڕەهێڵەو بە کرێوەی دەم بای زریان
لافاوی جۆگا هەڵسێنێ تەرزەی دەنك زل و باران
پێچە کلووی بەفری پرچنگ داپۆشێ سەر لوتکەی چیاو
هەرەس بێنێ بۆ ناو دۆڵی کپ و لاپاڵی دارستان
بێهودەیەو خۆڕاییە ئەم وڵاتە هەر ئەمێنێ و لەبن نایە
با دوژمن هەر بەوداخەوە، گینگڵ بخواو بتلێتەوە
تا ئەوکاتەی هەردوو چاوی بەجارێ لێڵایی دایە
لەلای وابوو ئەگەر ڕۆژی چەن کەسێك بەن لە سێدارە
خەڵك دەبێ بە ماستی مەییو، هیچ کەسێ ورتەی لێ نایە
نەیزانی لە جێی شەهیدی ڕێگەی تێکۆشان و خەبات
پۆل پۆل لاوی لەخۆبوردووی چاونەترساوو ئازایە
دەبێ بە پێشمەرگەو گیانی بەخت ئەکا بۆ خاکی وڵات
ئەو ژیانەی لەلا نەنگە بە ملکەچی ببرێتە سەر
خوێنی ئەخاتە سەردەستی، هەتاکوو دنیا دنیایە
میللەتێك ڕۆڵەی وای هەبێ بە هیچ هێزێك لەبن نایە
لایان وایە کانیاوەکان گەر بە چیمەنتۆ داپۆشن
زۆر کەس ئیتر بۆ جامێك ئاو خۆی دەفرۆشێ بە هەرزانی
جارێکی تر هەڵپەناکاو لە بیری خۆی دەباتەوە
هاژەی بەفراوی بەهارو خوڕەی پلووسکی سەرکانی
نازانن ئەو کوردەی فێری ئاوی کانیاوو بەفراوە
هەزار جۆگاو هەزار کانی هەڵدەقوڵێنێ لە چاوانی
ئەگەر هات و یەکی کەوت و چاوی گەیشتە وشکانی
تکەو دڵۆپی لێ بڕا وەکوو ئاوی کوێرەکانی
نازانن کورد گەر هیچ شتێ فێر نەبوبێ لەم دنیایە
تەنها فێری شتێك بووە، تیایا قاڵ بووەو ئازایە
دەتوانێ دەم بنووقێنێ و بەڕوژوو بێ هەتا مردن
ڕۆژوو نەشکێنێ بە ئاوی دەسنگەی ناحەزو دوژمن
ئەی دوژمنی ڕەگەزپەرست، گۆشکراوی کۆنەپەرست
تازە فەریکی نەمامی ناو سەرەنوێلکی فاشیست



بنکەی ژین
www.zheen.org

جومگەو دەمارم پێواوی، هەمووی ئەناسم بست بە بست
مێژوو بارەها ڕووی هەزار نۆکەری وەکوو تۆی دەرخست
ئەو کوردەی کە لەلات وابوو بە پارەی زۆرو مفتو مۆڵ
بە فڕوفێڵو چاووڕاو ناوونیشانت لەناو برد
هاکا زانیت هەر ئەو کوردە، لەگەڵ هێزی دۆستەکانیا
چنگی تیژی پۆڵاینی لە گیپەڕەی ملت تونگ کرد

## ناوچەی سیوەیل لە شارباژێڕ

سوورکێو[١] بووە بە ئاگردان، هەمووی پشکۆو ژیلەمۆیە
شنەی شەماڵی لێ نایە، هەر دووکەڵەو هەر بۆسۆیە
مانگ تەرە بووە لە ئاسمانا، زەردباوە لە داخی یاران
وێڵی هەوارگەی ئازیزە، خەرمانە نادا وەك جاران
ئەستێرەی سیوەیل بێ جریوەو ماتو ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاوە
جووڵە ناکا لە ئاسمانا، لە ئەستێرەکان تۆراوە
چەمی چۆمان[٢] هاژەی نایەو سوورە چناری خەمبارە
بەڵەمی مێوی قەراغی، بێ هێشووەو دەردەدارە
ڕەزو باخی پڕ کونجرە[٣] و پەیکوڵەو وشكو بێئاوە
هەمووی بووە بە کۆتەرەو لقو پۆپی هەڵپاچراوە
دارەبەن[٤] و بەڕوو و مازوو و گوێزی هەمووی داهێنراوە
بنچكو پووشو پاوەنی سەراپا هەمووی سووتاوە
وەکوو جاران کارو بەرخو ئاژەڵو مەڕو گاو گۆتاڵ
پڕمەیان نایە لە دەوری کانیاوو گۆلاوی لاپاڵ
نە فیکەی شوانێك دەبیستی، نە گوێت لە وەحەی گاوانە
نە بالۆرەی یاڵەویاڵی کیژی بێڵەکان[١] بە شانە

---

[١] سوورکێو ئەو زنجیرە شاخو کێوەیە لە سنوری شارباژێڕو ئێران، ئەو دێهاتانەی بەو کێوەوەو بە لاپاڵیەوە پێی ئەڵێن سوور کێو. ئەو دێهاتانە ئێستە بە زۆر چۆڵکراوەو دانیشتوانی هەموو ئاوارەو دەربەدەرن.

[٢] چەمی چۆمان ئو ئاوەیە کە لە ناوچەی سیوەیلدا پێی ئەڵێن چەمی سیوەیلو لە دەوری ئالانا هەندێ ئاوی لە ئێرانەوە بۆ دێو هەمووی ئەبێ بە چەمی چۆمان کە لە دواییدا بە قەشانا ئەڕوا ڕوو ئەکاتە پشدەرو لەوێدا دەبێ بە زێی کۆیە.

[٣] کونجرە جۆرە دڕکێکی بچوکی درێژکۆڵەی لا پانە لەناو ڕەزا زۆرە هەروەها پەیکۆڵیش هەر جۆرە دڕکێکە.

[٤] دارەبەن: داری قەزوانە.

بەراو[٢] بەبێ تووتنەوانەو ڕەزو باخ بێباخەوانە
وەردی[٣] لاپاڵ بێ جووتیارو بێ وەرزێرو بێ سەپانە
گۆڕستانەکان سیخناخن لە گۆڕیچەی هەڵنەبەستراو
لە ئەنجامی بوردومانا پەلە پەل بە کۆمەڵ نێژراو
بەجارێ چۆڵە ئەو ناوە، زیندەوەر دەنگی لێ نایە
تەنها دەنگی پەپووی شووم‌و گڤەو لوورەی ڕەشەبایە
ئەمڕۆ سەراپای کوردستان لەژێر بومباو بەنزینایە
بۆ هەرلایەکی مل دەنێی لە پرسەو گەرمەشینایە
ئەو تەلبەنگەی کوردستانیان پێ کردووە بە بەندیخانە
نەخشەی پیرە وەستای نەوتەو بۆ وێرانیی کوردستانە
هەرچی لاوی تێکۆشەرە، هەرچی لاوی ڕۆشنبیرە
یا دەگیرێ، یا دەکوژرێ، بە هەر چوارلا ڕەشبگیرە
باو باوی جاشی خۆفرۆش‌و ڕۆژ ڕۆژی پیاوی بێبارە
شۆڕە سوار سەڵت‌و پیادەیە ڕێی غارغارێن بۆ کەرسوارە
تاوانێکە لەم ڕۆژەدا پێی دەڵێن سەدەی گەلانە
بێدەنگ بوون لە تاوانی وا، هەر خۆی لەخۆیا تاوانە
بەڵام ئەوەندە ساویلکەو بێلێکدانەوەو دڵپاکین
لە لێبوردن‌و چاوپۆشین تا بڵێی بێوێنەو تاکین
دەترسم کاتێك ڕۆژ هەڵبێ‌و مانگ بچێتەوە دۆخی جاران
ئەستێرەی سیوەیل جریوەی بێ‌و تیشکی ورشەی بێ لە ئاسمان
بە زوڕناو دەهۆڵی دوژمن، وەك جاران هەڵپەرینەوە
ئەم هەموو جەورو تاوانە لەبیر خۆمان بەرینەوە

## ڕاکردنی شای ئێران

لە زۆر وڵاتی کلۆڵی
دواکەوتووی وەك ئێمەمانان

---

[١] بێلەکان: بە بێڵی بچووك دەڵێن کە بە زۆری بۆ گژو گیا هەڵکەندن‌و کنگرو هەڵەکۆك‌و پێشۆك بەکار دەهێنرێ.

[٢] بەراو: ئەو پارچە زەوییە کە تەرخان ئەکرێ بۆ سەوزەو تووتن.

[٣] وەرد: زەوی کێڵراو کە ئامادە ئەکرێ بۆ گەنم‌و جۆ.

**به زۆر نۆكەری داتاشراو**
**وەك مزراحی تەشۆی تاشی**
**بێ تەمتەمە[1]ی وەستای ناشی[2]**
**بە زۆرەملێ دائەتاشرێن**
**دەبنە جاشی وەستاباشی**
**خەڵكی ساویلكەو خەڵەتاو**
**بە دوو بەڵێن‌و چاوڕاو**
**بای پیا ئەدەن، سەما ئەكەن**
**وەكو دامە[3] دەبنە داشی**
**پیاوی بێبارو هەلپەرست**
**ڕۆژێتی، بازاڕی گەرمەو**
**فوو لە دۆ ناكاو دەبێتە**
**دوعاگۆو نۆكەرو جاشی**
**كە نۆكەری وەستا باشی**
**دەزگای ڕژێمی قایم بوو**
**كاتێكت زانی سمێڵی هەموو سمێڵ بابڕێكی**
**بە گوێزانێك پاك پاك تاشی**
**تا ئەوكاتەی مل ئەشكێنێ،**
**بە هەزاران پیاوی دڵسۆز**
**دەهاوێتە بەندیخانەو**
**ژێر ئەشكەنجەی ناو دوو لنگەی**
**دەستاڕو پیرە بەرداشی**
**تازە دوای چی! هەرچێكیان بوو**
**كردیە هەمانەو هۆڕەوە**
**هەمووی فڕان‌و لوولی داو**
**چۆڕبڕی كردو دایماشی**

---

[1] جاران ئەو مزراحەی بە چەرخ دروست نەكرایەو تەنها بە تەشۆی بكرایە خوارو گیژ دروست ئەبوو وە بەپێی ئارەزوی خاوەنەكەی نەئەخولایەوە، تەقەمەش ئەو بزمارە بوو لە مزراحدا كە لەسەری ئەخولایەوە.

[2] وەستای ناشی ئەوەیە كە شارەزای ئیشەكەی ئەبێ، وەستا باشیش ئیستیعمارە.

[3] دامە جۆرە یاریەكە وەكو شەترەنج.

باری کرد بە چەمو دۆڵا
دەربازی کردو بۆی دەرچوو
بەرەو ئاشی وەستاباشی
ئاخۆ چەن شای وەك شای ئێران
بەرەو دوا ملی ئەشکێنێ و
فریا ناکەوێ باراشی دەربازکا بە کەرو جاشی

## جلخواری جاران‌و جاشی ئێستە

جاران ئەوانەی کە تورکخوا بوون — لەلای زۆربەی خەڵك سووك‌و ڕیسوا بوون
پێیان ئەوترا (تورکچی)و (جلخوار)[1] — ناویان ئەزڕا هەتاکوو مابوون
بەڵام کورتانی جاشی ئەم ڕۆژە — لە تام دەرچووەو گەیشتۆتە جۆرێ
جلی جلخواری جاران لە چاویا — پاکەو پێی ناوێ بە ئاو بشۆرێ
سەیرە پیاو جاش بێ و دەنگی دلێر بێ — پشت پشتی ماکەر، سنگ سنگی شێر بێ
نەرمە کورتانی لا مەدالیای — سنگ‌و بەرۆکی پیاوی دلێر بێ
دەڵێن کەر بە جۆ بمرێ شەهیدە — عافێتی جاش بێ و لە ئالیك تێر بێ
پێشینان دەڵێن گەر خوا نەخواستە — (.....) هات‌و بە حیزی فێر بێ
حیسابی تەواو، ئیتر تا ماوە — دەبێ هەر دابێ‌و چاو بەرەوژێر بێ
بیرم دێ (لالە ڕوستەم)[2]یش دەیوت — (دەس لە گەوادی قەت هەڵناگرم)
(چونکە من نانم فرە لێ ٚ خواردگە) — (قەت بێ وەفایی ناکەم تا ئەمرم)
جاشیش وەکو حیزی‌و گەوادی — پیاو کە فێری بوو قەت تەرکی ناکا
ئابڕوو هەر وەکو دڵۆپێك ئاوە — کە تکا ئەتکێ و دەڕوا بە خاکا

بنکەی ژین www.zheen.org

---

[1] لە ئاخرو ئۆخری عوسمانیدا، کە ئینگلیزەکان دەستیان خستە کاروباری ناوچەکەوە، دوبەرەکی پەیدابوو، هەندێك ئومێدیان بە ئینگیز پەیدا کردبوو کە ڕزگاریان بکاو هەندێکیش تورکچێتییان دەکرد. ئەوانەی کە هەر کوردپەروەر بوونایە بەو تورکچییانەیان ئەوت جلخوار.

[2] لالە ڕۆستەم کابرایەکی سمێڵ زڵی تەنگە ئەستوور بوو، ڕۆستەمە زلەشیان پێ ٚ ئەوت. بیرم دێ منداڵ بووین لە سلێمانی لە دەشتی ئەحمەدی عیسای فتبۆڵیان دەکرد، ماڵەکەی لالە ڕۆستەم لەسەر جادە بوو بەرامبەر بە ساحەی یاریەکە، لەبەر دەرگا لە قوڕ سەکۆیەکی دروست کراو لەسەری دا ئەنیشت‌و چای لێ ٚ ئەنا، ئێمەش هەندێ جار فتبۆڵەکەمان بەر قۆری‌و پیاڵەکانی ئەکەوت‌و ڕاوی ئەناین. ڕۆژێك ئەورەحمان ئاغا کە ئەویش ماڵیان لەنزیکی ساحەکەوە بوو، لە لالە ڕۆستەمی پرسی، وتی ڕۆستەم بیستوومە گەوادی ئەکەی. ئەویش وەرامی وەك ئەو چەند دێڕەی سەرەوە دایەوە کە لە کەوانەدایە.

## شەڕی براكوژی

(منالّی گەڕەك، سەرپەرە خەڕەك[١] وەرنە دەرێ، بۆ شەڕە گەڕەك)
شەڕی دەوری ئێمە وابوو بە قۆچەقانی و تێلاّ بوو
هەر ڕاكردن و ڕاونان بوو ئەوپەڕەكەی سەر شكان بوو
بەلاّم ئێستە پیاوكوشتنە دەمانچەویەو خوێنڕشتنە
وەكوو دوژمن بەرامبەر یەك بۆ یەك كوشتن ئەچنە سەر شەك[٢]
هەتا ملی یەك نەشكێنن نابڕێتەوەو واز ناهێنن
ئای هەوای سەرۆكایەتی ئای نەخۆشیی ئاغایەتی
ملی چەن لاوانت شكان چەن جار هیوای كوردت دۆڕان
تۆوی ئەم دەردەدارییە، ئەم سەرۆكی و سەركارییە
بەڕاستی شەرمەزارییە هەتاكەی لە كورد كارییە؟!

## هەرچی ڕیشی سوورە هەمزاغا نییە[٣]

كە كابرایان كرد بە كافر، وتمان بەشكوو ئەوان ڕاست بن
ئەگەر ئەو ڕەش بێ وەك خەڵووز، دیارە ئەبێ خۆیان ماست بن
بزانین ئەمجارە گۆی هونەر، بە چ مەردێك ئەبرێتەوە
(قنگی ڕەش و سپی لە بوارا، تەواو تاقی ئەكرێتەوە)[٤]
دەترسم هەر قالّەی دەم بێ و هەمووی قسەو چاوڕاو بێ
هەمووی هەر دەزگاو دووكانی بازرگانیی گەزو جاو بێ
ئەترسم وامان بەسەر بێ، كالّەك بە ئەژنۆ بشكێنین
((لەپاش ترێ، خەمشەی بڕێ))[٥] ئایەی (_تەبارەك بخوێنین))[٦]
بلّێین ڕەحمەت لە كفندز، بكێشین بە ئەژنۆمانا
وەك پێشینان وتەنی (بۆ ڕیش چووین سمێلّمان دانا)[١]

---

[١] جاران كە شەڕە گەڕەك دەستی پێ ئەكرد منداڵێك ئەو بانگەی ئەكرد.

[٢] میچ لە یاری جگ و پشتا كە لەسەر سەر ڕاوەستی پێی ئەڵێن شەك.

[٣] پەندێكی پێشینانە/ دیارە هەمزاغا ناوێك ڕیشی سوور بووەو ئازاو ژیر بووە ئیتر وتویانە مەرج نییە هەرچی ڕیشی سوور بێ وەكو ئەو ئازاو ژیر بێ.

[٤] ئەمەش پەندێكی پێشونیانی ترە، لێرەدا نیازی ئەوە كە لە كاتی لە بوار پەڕینەوەدا گورج و گۆڵی و فشەڵی دەردەكەوێ، ڕەش و سپی نیازی ترس و ئازاییە.

[٥] جاران لە سلێمانیدا ئەوەیان بۆ ئەوە بەكار ئەهێنا كە ئیشێك نارێك بوایەو چارنەكرایە وایان پێ ئەوت.

[٦] ئایەتێكی قورئانە سوڕەی (الملك)ی پێ دەست پێ ئەكا كە مردوو نێژرا زۆرجار ئەو سوورەتەی بەسەردا ئەخوێنن.

ئەوەی لێی ترساین هاتە دی، ((ئەی هەزار کەشکەك صەڵەوات))
هەتا با لەم کونەوە بێ، گەلی کورد ناگا بە ئاوات

### ئەتپەرستم[2]

ئەتپەرستم، ئەتپەرستم
ئەی خۆڵی نیشتمانەکەم
ئەی هەوێنی بیرو بڕواو
بەروبوومی ژیانەکەم
ئەتپەرستم خۆشەویستم
ئەی تاشەبەردی سەر لوتکەی
بەر سەنگەری پاراستنی
وڵاتو هاوزوبانەکەم
خۆشەویستم ئەتپەرستم
ئەی ئاوی چەمو ڕووباری
داخی سەر دڵی چەن ساڵەی
دوژمنی کوردستانەکەم
ئەی خاکو تاشە بەردو ئاو
ئەتانپەرستم تا ماوم
خۆشم ئەوێن هەتا ماوم
بە قەد دینو ئیمانەکەم
بەڵام کە من خۆڵو بەردو
ئاوی خاکی خۆشەویستم
هەمیشە ویردی دەمم بێو
وەکوو بت بیانپەرستم

---

[1] لە زۆربەی هەڵبەستەکانما پەنام بردۆتە بەر قسەی نەستەقو پەندی پێشینان، لەبەر گەلێ هۆ:
١- ئەو قسەی نەستەقو پەندی پێشینانە کۆن نابنو بۆ هەموو سەردەمێك ئەشێن.
٢- هەمووی لەناو جەرگەی ژیانی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاوە کە باری ئەو هەڵوێستانەی کە ئەوانەی تیاوتراون هەروەکو ئێستەوان.
٣- هەوڵ ئەدەم کە ئەو پەندی پێشینانە کۆن نەبنو لە نوسینو هەڵبەستدا هەر لە برەودابن.

[2] ئەم هەڵبەستە وەرامە بۆ ئەوانەی ڕەخنە لەو شاعیرو نووسەرانە ئەگرن کە زۆر باسی کوردو کوردستان ئەکەن، ئەڵێن ئایا شتی تر بڕاوە کە هەر باس باسی کوردستان بێو بکرێتە بنێشتە خۆشەی دەم.

نامەوێ ڕقم لە کەس بێو
هەموو کەسێکم خۆش ئەوێ
وەکوو مرۆڤێك سەیرم کاو
نەشێوێنێ گۆمی هەستم
بەڵام زۆر سەیرە کە باسی
خۆشەویستیی وڵاتم کەم
هەندێ کەرو گومڕاو ڕێژگاو
بە دەستیان بێ ئەمخنکێنن
دەشکێنن پێنووسی دەستم
ئەی بڵێم چی کاکی برا؟
بڵێم وڵاتی خەڵکی کەم
لە هی خۆم زۆرتر خۆش ئەوێ
گەر وا بڵێم، تۆش پێم نەڵێی
ئەزانم چەن مرۆڤێکی
درۆزنو هەلپەرستم

## نوێژێك بۆ پێشمەرگە

جار جار لە دەریای خەیاڵا
هەست ئەکەم دەورم بێدەنگە
ورتە نایە لە هیچ لایە
دنیا کشو ماتو مەنگە
ئاسمان ساماڵە بریسکەی دێ
هەر دەڵێی ئاوێنەبەنگە
هەتا چاو بڕ ئەکا دنیا
هەمووی ڕازاوەو گوڵڕەنگە
گیاندار، بێگیان، هەمووی جوانەو
دەڵێی پەریی شۆخ وشەنگە
لە خۆشیا هەروەکوو صۆفی
خەڵوەتکێش زمانم لەنگە
زنجیرەی ئەندێشەو خەیاڵ

وەك ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگی
ئاسمانی شینی بەربەیان
بەرەو ئاسۆی دەم کەل دەکشێن
هەروەکوو پەلکەزێڕینەی
بەر خۆرەتاوی دوای باران
پەپوولەی دڵم باڵ ئەگرێ
بۆ دەوری بلووری چرای
سەر گۆنای پەری ڕوخساران
تا هەڵنەکڕووزێ کۆڵ ناداو
دڵی تامەزرۆی تێر ناخوا
لە شەوقی کوڵمی نازداران
هەنگەکەی ڕۆحم بێوچان
لەناو مێرگوڵەی خەیاڵا
دەس ئەکا بە هەڵمژینی
ئاوارە[1] لە زوڵفی یاران
لە کلۆرەی[2] پێچی دڵما
شانەی هەنگوین هەڵدەبەستێ
بۆ جووتەی دڵدار لە جێژوان[3]
کە گیانی حەپەساوو وڕ
سەیر ئەکا وا ڕۆح و دڵی
کەللەیان گەرمەو بەجۆشە
بەبێ پێکی شەراب و مەی
هەروەکوو سەرخۆش سەرخۆشە
خۆی پێ نەگیرا بە وێنەی
صۆفیلکەی کەوڵ و پۆست لەشان
یا وەکوو (مووغی) زەردەشتی و

[1] ئاوارە: ئەو شیرینییەیە کە هەنگ لە گوڵی هەڵدەمژێ.
[2] کلۆرە: شانەی هەنگوین.
[3] ژوان: ئەو شوێنەیە کە دوو دڵدار پەیمان ئەدەن لەوێ یەکتر ببینن.

بووزای دەوری هیندستان
لای دایە ناو پەرستگایەك
دەستی برد بۆ کەوڵی سەرشان
کەوڵی ڕاخست، بەچۆکا هات
لەبەر خۆیەوە دەستی کرد
بە ویرد خوێندنو لێوجووڵان
بە گوێچکەی دڵ، کە گوێم لێ گرت
گوێم لێ بوو هەرچی ویردی بوو
هەرچی دوعای تەهلیلەی بوو
لەکاتی نوێژو چاونووقان
هەمووی هەڵبەست بوو بۆ سروود
بۆ ئەو پێشمەرگە مەردانەی
لەناو سەنگەری شەرەفا
گیان بەخت ئەکەن بۆ کوردستان

### بەرەو وڵاتی بتپەرستی[1]

هەر ڕۆژەی کارەساتێکە
هەر ڕۆژەی دەنگوباسێکە
هەر ڕۆژەی هەواڵی شەڕو
پیاوگرتنو خەڵك کوشتنو
تاوانی خوانەناسێکە
ڕۆژێك سمێڵ دەستی ئەڕوا
ڕۆژێك ڕیش لە برەودایە
فڕوفێڵی ڕیشو سمێڵ نەبڕایەوە
هەتاکەی کۆتایی نایە؟
لە سایەی سمێڵی شۆڕا
لە سایەی جبەو مێزەرو
ڕیشی ساختەی پانو درێژا

[1] بت: سەرمایەیەو سەرمایەداریش بتپەرستە.

گەلی چەوساوە داماوە
لە هەورازی سەخت و لێژا
چارەڕەشی خشت بە باڵای
نەتەوەی کلۆڵ بڕاوە
هەر زار دەهاوێ گێلەیە
ڕێی دووشەشی لێ گیراوە
ڕۆژ بە ڕۆژ قوڕ خەستتر ئەبێ
بۆ تەوقی سەری و بۆ شانی
تا بێ کووڕو سەختتر ئەبێ
ڕێگای کاروانی ژیانی
تەنگتر دەبێ، قووڵتر دەبێ
ناو بەندیخانەو زیندانی
ئەوەندەی لاوو ڕۆشنبیر
خۆی بەخت کرد لەپێناوی
بیروباوەڕی وڵاتی
بە داستان ناگێڕرێتەوە
قەڵەم کۆڵی دا، ماندوو بوو
لە نووسینی بەسەرهاتی
پێم ناڵێن کورد ڕوو بکاتە کوێ
کام دەشت و کێو بگرێتە بەر
ملی نا بەرەو هەر شوێنێ
پڕ بوو لە دەردو ژانەسەر
بە هەزاران بەرهەڵستی و
هەزاران کۆسپی هاتە بەر
وا ئەوانەی تا دوێنێ بوو
لەژێر ڕکێف و سایەتا
نوشتەو دوعای چاوەزاریت
لە ڕقی من، وەك بازن ئەکردە دەستی
ئێستە هەرچی ڕۆشنبیرە
دەبێ ملکەچ کا بۆ زیندان

یا چاری ناچارە دەبێ
بۆ وڵاتی بتپەرستی
ئەو وڵاتەی کە ناچارە
سەری ناچاری تیا کز کا
بتوانێ بە کامی دڵی
باسی پیاوکوژو دڕندەو
بە کرێگیراوی خۆفرۆش‌و
چڵکاوخۆرو جاشی دز کا
هەر خەڕەکە کۆنەکەیە
قەوانی پیتی بۆرجوازی!
یا دەفەرمووی: شادەمارت
بۆ ئەسپی نەتەوەی سەرکێش
بۆتە مەیدانی ڕمبازی
منیش لە وەڵاما ئەڵێم
بەقەد ئەوەی تۆمان پەرست
ئەگەر بتپەرست بووینایە
بەردی بت ئەهاتە جووڵەو
لە تاوانبار ڕائەپەڕی
ئەیوت بەسە، تاوان بەسە
تاکەی ئەم گەلە چەوساوە
لە ماف بێبەش‌و ژێردەسە
بەرد دێتە جووڵەو دێتە جواب
تۆ لە ڕاستی من بێدەنگی
پێم دەڵێی تۆ تاوانباری
خەریکی بەزم‌و گۆبەنگی
خێڵی وردە شاتریەکانت
لالووتن لە تێکۆشانم
پێم دەڵێن ڕەگەزپەرستی
هەوڵدان بۆ ڕزگاریی کورد
دائەنێن بە ڕێگایەکی

هەڵەو پێڕەوی فاشیستی
دەڵێن بێدەنگ بە، وازبێنە
دوامان کەوە وەکوو سێبەر
با دنیا ڕزگاری بێ
ئەوسایە تۆش بەبێدەنگ
بەتەواوی ڕزگار ئەبی
لە دەردی نەتەوایەتی
پڕ لە گێچەڵو گۆبەنگ!
ئایا بە شەرعی مامۆستا،
ئەم فتوایە تەواوە؟
یا چەوتی‌و لە ڕێ لادانە!
ئەمە مانای مافی ڕەوای
نەتەوایەتی‌و ئینسانە؟!
یا چەواشەی بڕوای پاكو
ڕێگەی ڕاستی تێكۆشانە
ڕاستە، گەلی كورد ڕووتەڵو
دوودەس بە ناڵەو هەژارە
لاتە، بۆسۆی لێ هەڵناسێ
تاساوی باری زۆر قورسی
بێگاری ناڕێكو خوارە
هەرچی هەیە لەم سەراوسەری وڵاتا
بیفرۆشێ لە هەراجخانە
بەشی پارەی دوو تانك ناكا
سەرمایەی تەنها دڵسۆزی‌و
خۆشەویستیی نیشتمانە
لەلای زۆر كەس پوولێك ناكا!
سەرمایەی نییە، بێسامانە،
نە نەوتفرۆشە، نە نەوتكڕە
لاتە، بۆسۆی لێ هەڵناسێ
بێبەرە وەك داری زڕە

کلکەلەقێ بە کورد ناکرێ
قەت واز لە ڕاستی ناهێنێ
بۆیە لای خەڵك سوودی نییەو
پیاوێکی هەرزەو دەمشڕە
کوردی پاکی وڵاتپەرست
ناتوانێ ڕیش بێڵێتەوە،
ناتوانێ سمێڵی شۆڕ کا
پشتی وەکوو هەندێ خۆفرۆش
ناتوانێ فێری کورتانو
نەرمە زینی پانو پۆڕ کا
بۆیە لای تۆ ساویلکەیەو
دواکەوتووەو بێشایانە
لەلای وردە شاتریەکانت
دەبێ هەر دەسنگەی تۆ بێ
مافی چارەنووسی کوردو
ڕزگاریی ئەم نیشتمانە
بەڵام گەر بێتو تۆ تەنها
دەس بۆ پارەدار درێژ کەی
تەنها دەس بۆ خاوەن نەوتو
کڕیارو فرۆشیار درێژ کەی
پێم ناڵێی ئیتر جیاوازیی
تۆو سەرمایەدار کامەیە
یا پێم ناڵێی جیاوازیی تۆو
کردەوەو بیروباوەڕی
پیاوی پارەدار کامەیە
پرسیارێکە، زۆر دەمێکە
چاوەڕوانی وەڵامێکم
ساڵەهایە چاوەڕوانی
وەڵامێكو ئەنجامێکم

www.pertwkeyjean.org

## منو مامه یاره

وارشۆ، ١٩٨٠/٥/٢٨

شەوێك ئێجگار پەستو مات بووم
بە خەمگینی خەوم لێ کەوت
مامە یارە[١] زۆر بە کزی هاتە خەوم
وتی تۆ کێی ناتناسمەوە؟
وتم نەوەی جوامێر ئاغای دوازدە سوارەم
وتی بەڕاست نەوەی ئەوی؟
وتم بەڵێ قوربان، نەوەی ئەوم
وتی گەر نەوەی جوامێری، چۆن ئەوساڵە بە ئاسانی
دوژمن چەکی تێکۆشانی بە فڕوفێڵ لێ فڕانی؟
چۆن ئەو چەکەی بە خوێن کڕیت
وا بە سووکیو بە خۆڕایی
هەروەکوو گۆچانی گاوان فڕێت دایە ناو ئاوایی؟
دیارە هێشتا هەر ساویلکەی وا ناحەز هەڵی فریوانی؟
وتم مامە! ئەو دەستانەی چەك فڕێ ئەدەن، لەرزۆکن
هەر لە خۆیانا دوودڵو بێباوەڕو ترسنۆکن
چەك هەر ماوەو چەکهەڵگری ڕاستیش تا گیانی تیا مابێ
هەتا دوا دڵۆپی خوێنی لە شادەماری لەشیا بێ
دڵنیابە، سوێندەو پەیمانە تا مردن
لە تێکۆشان واز ناهێنێ، تا دەمی گۆڕەوشارکردن
دوێنێ بەلای پیرە داربەڕوویەکی چەماوەی
ڕەگ دەرکەوتوودا تێپەڕیم
دەنگێکی لێ بەرز بۆوە
وتی چۆنی، هێشتا ماوی؟
وتم دڵنیابە ماوم، قەت کۆڵ نادەمو هەر ئەژیم

---

[١] مامەیارە لەسەر گردێکی نزیکی سلێمانی نێژراوە پێی ئەڵێن گردی مامە یارە، نزیکی کارێزی وەستا شەریف پیاوێکی ئازاو نەبەز بووە.

من بۆ ژیان دروست کراوم، من بەرهەمی ئەم ولآتەم
بۆ سەربەرزیی نیشتمان تێدەکۆشم،
هەر بەتەمای ئەو ئاواتەم
لە خۆشایانا، پیرەدار سەری لەقان و
یەکدوو بەڕووی لێ کەوتە خوار
وتی کوڕم، ئەم بەڕوانەم یادگار بێ
بیانکە بە ساچمەو گوللە
بۆ سەر دڵی دوژمنی زۆردارو خوێنخوار
وا مەزانە من هەر تەنها پیرە داربەڕووی چەماوم
من لاپەڕەی مێژوی گەلم
بەسەرهاتی ئەم ولآتە تۆمار ئەکەم هەتا ماوم
ساڵەهای ساڵ، یەك لەدوای یەك
لێشاوی لەشکری دوژمن
نەیانتوانیوە ئەم خاکە، ڕیشەی دەربهێنن لەبن
مامە یارە، تۆش هەروەك ئەو پیرەدارە
دڵنیابە، تێکۆشان کۆتایی نایە بە کۆت و پەت و سێدارە
شێخ مەحموودی مەزن بێ چەك بوو
لەبەر دادگای دوژمنا
ئەیزانی ڕزگاری نابێ لەژێر بڕیاری مردنا
هیچی شك نەبرد چەفتەکەی گرمۆڵە کرد هەروەکو تۆپ[1]
بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە، گرتیە سەرۆکی دادگا
وتی تەنها ئەوە چەکمە، ئەوە شك ئەبەم بە تەنها
میللەت هەزار ڕۆڵەی مەردی نەبەرد ئەهێنێتە کایە
نە ئەبەزێ و نە کۆڵ ئەداو بە هەرچی هێزی دنیایە
کوردایەتی لەناو ناچێ و کوردایەتی لەبن نایە

---

[1] دوای کە شێخ مەحموودی قارەمان لە دەربەندی بازیاندا بە دیل گیرا بەهۆی یارمەتیی هەندێ جاشی ئەو سەردەمەوە، بە برینداری برا بۆ بەغدادو بردیانە بەردەمی دادگا، کە سەرۆکەکەی ئینگلیز بوو. دوای ئەوەی دادگا بڕیاری خنکاندنی شێخی مەزنی دەرکرد، شێخ بەبێ ئەوەی بشڵەژێ، چەفتەکەی سەری گرمۆڵە کردو کێشای بەسەرو چاوی سەرۆکی دادگادا.

## منو "شەم"[1]

١٩٨٠/٩/٢

پێم دەڵێن دێڕی شیعرو هەڵبەستت        لەسەر ئاوازی  هۆرەی دەروێشە
پڕ لە وڕێنەو وشەی ئاڵۆزە        بێسەروپێیە، بێوەزن و کێشە
لەسەرەتاوە، هەتا کۆتایی        هەمووی هەر باسی پەژارەو ئێشە
نە باسی شۆخێك، نە باسی جوانێك        نە باسی یارێك، نە دەزگیرانێك
بەزمێك، ئاهەنگێك، کۆڕێك، سەمایەك        چاوداگرتن و نیوە نیگایەك
ئەمانە هەمووی لێیان بێبەشی        نوقمی ناو تەمو لاپەڕەی ڕەشی
هەر خەمەو ئەیدەی وەبانی خەمدا        شین و زارییە لە توێی ماتەمدا
چاوی هەڵبەستت لێلایی دایە        شین نابڕێتەوەو کۆتایی نایە!
بەڵێ ڕاستە من صۆفی و دەروێشم        قەلەندەرێکم بۆ خەم بەکێشم
شیعرە، وتارە، نوسین و دێڕە        وشەی هەڵبەستی ناڕێك و گێڕە
ئەمانە هەمووی بەرهەمی ژینمە        پوختەی باوەڕوبیرو ئاینمە
سوێندەو بەڵێنە، وادەو پەیمانە        تا ماوم هەمووی بۆ شەم تەرخانە
تازە هەروەکوو وەلی دێوانە        ئەو لە کۆساران، من لە مەیخانە
بە جووت بە داری خەما ئالاوین        جوێ نابینەوە لە خەم تا ماوین
هەردوکمان هاوڕێ و هاودەمی خەمین        تا ماوین وێڵی هەوارگەی شەمین
ئەو بۆ شەمی خۆی، من بۆ شەمی خۆم        کەشکۆڵ بەدەستم، دێوانەم ئەڕۆم
هەڵەتاوهەڵەت، دەشت و کۆو نزار        هەتا ڕەت ئەبم لە چۆڵی زۆردار
ئەوسا گەر هاتو گەیشتم بە شەم        دەس لە گەردن و دەم لە ناوی دەم
شەمی نازدارم لە کۆت ڕزگار بێ        دوور لە کەساسی و ئێش و ئازار بێ
ئەوسا گوێ بگرن لە بەستەی شادیم        لە بەزمو ڕەزمو نەغمەی ئازادیم
ئەوسا گوێ بگرن بە هەزار هەزار        شیعری دڵداری هەڵبڕژێنمە خوار
هەموو بستێکی ئەم نیشتمانە        هەموو کونجێکی باڕو مەیخانە
وێنەیان هێندە ڕازاوەو جوان بێ        هاوتای بەرهەمی هونەرمەندان بێ
بەڵام ئەترسم ئاواتی دڵم        هەر بە ناکامی بەرمە ناو گڵم

www.zheen.org

[1] شەم کورتکراوەی شەمسەیە کە خۆشەویستی وەلی دێوانەی شاعیری ناسراو بووە، هەموو هەڵبەستەکانی بەسەر شەمو قەدو باڵای شەما بووە. شەمی منیش کوردستانەو لە شەمی وەلی دێوانەم خۆشتر ئەوێ، بۆیە لە زۆربەی هەڵبەستەکانما هەردەچمەوە سەر قەدو باڵای کوردستان.

لەدوای خۆم هەموو بەرهەمی ژینم — دێڕی چەن ساڵەی شیعری خوێنینم
بگاتە دەستێك دوژمنی شەم بێ — وەستای تاوانو جەورو ستەم بێ
بە دەستی پیسو چەپەڵو گڵاو — هەمووی هەڵکێشێت لە قوڕو لیتاو

## دیاریی پێشکەش

وەك منداڵێكی هەتیوی بەرمەمکانە، ئەی دایکی خۆشەویستم
ساڵێك بەرۆكت بەرنادەم، وەكوو بت ئەتپەرستم
ئەتپەرستم هەتا ماوم، هەروەكوو بتپەرستێ
وەكوو یارێ، وەك دڵدارێ، هەروەكوو كۆرپەو نازدارێ
وەكوو بیلبیلەی چاوانم، وەك تاقانەو خۆشەویستێ
بە دەستم بێ پەنجەكانم، وەكوو مۆم دائەگیرسێنم
یەك لەدوای یەك وەكوو مەشخەڵ هەموویت بۆ ئەسووتێنم
بۆ ڕوونكردنەوەی ڕێی سەختو شەوی تاریكی دەیجوورت
بۆ گەیشتن بە ئامانجو ڕێگای تێكۆشانی دوورت
دڵو جەرگم ئەگەر بەشی برسیەكانتی بكردایە
لەسەر ساجێك ئەمبرژانن، هەتاكوو هەموویان تێر كەم
مێشكم زانینی تیا بوایە تێرو تەسەل، دامئەتەكان
هەتا گێلو كوێرو كەڕی نەخوێندەوارانت فێر كەم
ئەگەر خوێنم بسووتایە لە جێی نەوتی داگیركراو
هەموو خوێنم بۆ ئەكردیتە شووشەوە هەروەكوو ئاو
بۆ ئەوەی ئەو ئاوارانەی لەناو زنجی پووشە خورمای گوێ زەلكاوا
لەناو لمو تۆزو خۆڵی دەشتی چۆڵی بێكانیاوا
ماوەیەكە چاوەڕوانی یەك ترووسكەی مانگەشەوی دەم كەلی پاكو بێگەردن
هەناسەهەڵكێشی ساتێك دیمەنی دۆڵو ئاو وەردن
بە تیشكی نەوتی خوێنی من، تۆزێك لە تاریكایی شەو
بە ڕووناكیو بە ڕۆشنایی، بە یادی جاران بەرنە سەر
بەر لەوەی چاوی ئاڵۆزیان، لەناو پێخەفی چڵكنا بەداخەوە بچێتە خەو
ئەگەر لوولاقو ئێسقانم، ئێسكی پەراسوو و مووڕەغەم
سوودی ببوایە وەك دەستەك بۆ بەستنی كەپرو سابات

کەڵکی ببوایە وەك تەختە بۆ لانکەو بۆ بێشکەی ساوا
هەموویانم پێشکەش ئەکرد بە دایك‌و باوکی ئاوارەی دوور لە وڵات
ئەگەر لە توانام ئەبوو هەردوو چاوم وەکوو کانی
سەد پلووسکی ئاوی ساردم لە گلێنەی هەردوو چاوم
وەکوو ئاوی قۆپی‌و ئەزمەڕ، وەك (هەزار کانیان)ی (گمۆ) بۆ ئەڕژانی
بۆ ئەوەی ئەو نازدارانەی ئاوارەی دەشتی لماویی خۆڵ‌و تۆزن
لەجیاتی ئاوی لێڵ‌و سوێر، لە کانیاوی هەردوو چاوم
بە ئارەزووی دڵی خۆیان، گۆزەو دێزەی لێ هەڵگوزن
ئەگەر لە توانام ئەبوو ئەو گڕەی وا لە دڵمایە
ئەم ناردە کوێستان‌و ئەمکرد بە سروەو نەرمە بای شەماڵ
دوور لە کانیاوو بەفراوی داوێن‌و پاڵ چیای خاڵ خاڵ
ئەگەر پێستی داڕزاوو بێ‌کەڵکم کەڵکی ببوایە
دەمگروو بە پەنجەو دانم، ئەگەر بەرگەی بگرتایە
بۆ ئەوەی بیکەم بە تەپڵی دوازدە سوارەی مەریوانم
گوێی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا، دۆست‌و دوژمن
هەمووی کەڕ کەم، بۆ داوای مافی ژیانم
ئەگەر وەك خوای یونانیەکان هێزو دەسەڵاتم ئەبوو
ئەو خوای شەڕانەی کە تۆیان پارچە پارچەو لەت کردووە
هەموویانم سەرگەردان‌و سەرشۆڕ ئەکرد
بە دەستی خۆم هەموویانم لەت لەت‌و گۆڕبەگۆڕ ئەکرد
بەڵام من چیم؟! من کۆمەڵێك ئێسك‌و پرووسك‌و دەماری
تێکشکاوو لەش بەباری دڵ پڕ لە زام‌و پڕ برین
کێ میللەتی ڕەش‌وڕووتم بە ئارەزووی دڵ تێر ئەکا!؟
کێ ئەم هەموو نەشارەزاو نەخوێندەوارە فێر ئەکا!؟
ئەترسم هەر بەو داخەوە، کۆڵ‌و باری نائومێدی
بە کەساسی لەگەڵ خۆما بەرمە ناو گۆڕی تەنگمەوە
بانگێکی پڕ هیواو ئاوات هەتا ماوم نەیەتە گوێم
بانگی ڕزگاری‌و ئازادی نەیەت بەپیری دەنگمەوە[1]

---

[1] بەپیر دەنگەوە چوون، ئەوەیە یەکێك هاوار بکا بۆ شتێك‌و یەکێك بە یارمەتیدانیەوە بەرەو پیر بچێت.

## له بارێکدا

لەندەن، ١٩٨٠/١٢/٢٥

تاقمێکی سەرەڕۆی هەروەکوو خۆم
خستمیانە ناو کۆڕێکەوە
بەڕێکەوت دوێنێ لە شوێنێ
پرسیار بوو بەدوای پرسیاردا
هەڵیان ئەڕشت بە خەروار
لەپێشدا هەروەکوو کەو چووم
بەرامبەر بلوێربەزێنێ
یەکێك دەیوت کێ شاتانە،
کێ سەرۆکی کۆمارتانە؟
چەن ملیۆن کەس خەڵکی دێهاتو شارتانە؟
ئاڵاکەتان ڕەنگی چۆنە،
چ پیاوێکتان بەناوبانگەو ڕابەری ئیش‌وکارتانە؟
کام ڕۆژنامەو کام گۆڤاری ئینگلیزی دەرئەهێنن
چ تاقمێك دوژمنتانەو چ دەستەیە خوێنخوارتانە؟
بەجارێك، وەك تەڵەی تەقیو
دەمم ورتەی لێ بڕابوو
دەتوت لێوم بە دەرزیو دورمان دوورا بوو
لەپڕ فرمێسکێکی گەرمو سوێری ناوچاوم هاتە خوار
بەسەر چرچی سەر ڕوومەتا، داخزی تا گەیشتە لێو
دەستی کرد بە سەرزەنشتی دەمو زمان
لێیان کەوتە پلارو جنێو
وتی بۆچی وا بێدەنگیی
ئەم خەڵکەیان لێ بووە بە خێو؟
پێیان بڵێ کوردزوبانم
نەوەی مادو لۆلۆو گۆتیو
خەڵکی خاکی کوردستانم
ئەو کوردستانەی باپیرتان،
دابەشیان کرد، بە خۆڕاییو زۆرداری

نیگەی ژین
www.zheen.org

هەر بەشێکیان دا بە لایەك
بۆ سوودی سەرمایەداری
لاپەڕەی مێژووی باپیرتان بەرامبەر بەم بەشکردنە
بەرامبەر بەم تاوانباریو ڕەفتارو پیسو چڵکنە
لەکەدارو شەرمەزارەو لە ڕیزی دەستەی دوژمنە
ئێستە ناوی وڵاتەکەم، لەسەر نەخشەی ڕووی جیهانا
نانووسرێ، لەچاو ونە
دانیشتوانی ساڵەهایە بەپێی ئەو نەخشەو پیلانە
ژێر چەپۆکی سێچوار دەستەی چاوچنۆکی ڕمووزنە
هەندێك دەڵێن کورد کێوییە، لە شارستانێتی دوورە
لەلای هەندێك دڕندەیەو ڕەگەزپەرستە
هەندێکیش پێی دەڵێن سوورە
داوای مافی ڕەوای ئەکا، لایان کفرەو بەدکارییە
سەر پێچییەو جیابونەوەو چەتەگەرییەو هارییە
لای سوور زەردو لای زەرد سوورە
ڕزگار نەبێ لەم سەگوڕە
هەتا ماوە ناگاتە جێو تا بڵێی قۆناخی دوورە
هەموو جیهان، سوورو زەردی
ڕەشو سپی، ترسنۆكو ئازاو مەردی
هەمووی مافی خۆیان هەیە
دیارە بانێکەو دوو هەوا
هەر بۆ کوردە، ڕێ گیراوەو قەدەغەیە
مافی چارەنووسی گەلان، پێم ناڵێن ئیتر کامەیە!؟
بە کورتی من لەو نەوەیەم
ریچاردی گرت بە یەخسیری
لەناو گەرمەی شەڕی خاچا
شانی شکان، بە هەڵمەتو بە تەوژمی نووکی شیری
کێ ڕیچاردی شکان من بووم
هەر لە تۆڵەی ئەوەشدایە
وا ئێستە لای ئێوە ون بووم!

www.zheen.org

## هەلوور بلووری منداڵ بۆ گەورە

(هەلوور بلوور تەکامە)[1]
ئەم کوردە دوو هەزار ساڵە تێنەگەیشتوە، خامە
(زەردو سوورو شەمامە)
نەگۆڕاوە، ناگۆڕێ، عەینی تاس و حەمامە
(ئاوەبەرە، دەنکەزەرە، پێ لابەرە)
دوژمنی کورد، دەزانێ کورد وەکوو داری بێبەرە
نە بەر دەگرێ، نە یەك دەگرێ، بێکەس و بێڕەهبەرە
(مێخی کوتا، مێخ هەڵبەزی)
لەلای شەرمە لە دوژمن با
ئەمسەر ئەکاو ئەوسەر ئەکا
هێندەت زانی (تیکەی ڕاستی هەر خۆی گەزی)

## شاری هەڵمەت و قوربانی

ڕەگەزپەرستە فاشیستەکان بەرامبەر شاری سلێمانی زۆر داخ لەدڵن، بەدەستیان بێ تەختی ئەکەن، هەر ڕۆژەی بەزمێکی پێ ئەگێڕن بۆ ئەوەی کوڵ بە دانیشتوانی بدەن. بەڵام خەیاڵی دوژمن زۆر خاوە، لاوانی تێکۆشەری هەمیشە چقڵی چاوی دوژمنن. لەم ڕۆژانەدا بڕیار دەرچووە بۆ ڕووخاندنی چەند گەڕەکێك لە شاری هەڵمەت و قوربانی و ئاوارەکردنی زۆربەی خەڵکی شارەکەو بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژئاوای عیراقدا شوێنێکیان تەرخان کردو ناوی لێ نرا (سلێمانی نوێ). بەڵام لەم هەوڵدانەشیانا وەك بزن چۆن قوچ لەتاشەبەرد بدا شاخی خۆی ئەشکێ، ئەویش وای بەسەر هات:

فیدای ئەو دەست و پەنجە بم
ڕەنگی یەکەم خانووی ڕشتی
فیدای ئەو شان و باڵە بم
بنچینەی یەکەم خانووی هەڵکەندی

---

[1] (هەلوور بلوور) یارییەکی منداڵانەیە بە دانیشتنەوە بەڕیز قاچ درێژ ئەکەن، یەکێکیان بە قاچی هەموویاندا ئەماڵێ و ئەڵێ:" هەلوور بلوور تەکامە، زەردو سوورو شەمامە، ئاوەبەرە، دەنکەزەرە، پێ لابەرە، مێخم کوتا، مێخ هەڵبەزی، تیکەی ڕاستم ئەوەی گەزی". ئینجا لەسەر قاچی کامیان بڕایەوە، ئەو قاچە هەڵئەکێشرێ تا دوایی– فەرهەنگی خاڵ.

لەکوێدا بوو؟ تەختایی بوو، یا لا پاڵ بوو
هێشتا ئەوسا هیچ گەڕەکێك ناوی نەبوو
نە (گوێژە) بوو، نە (سەرشەقام)، نە (کانێسکان)
تەنها یەکدوو خانووی قوڕ بوو
پێیان دەوت (مەڵکەندی)
یەکەم وەستا، کە وەختێ باڵی ڕاوەشان
یەکەم پاچی لە خاکت دا، لێیان پرسی چیت نیازە
وتی بناغەی لانەی شێر هەڵدەکەنم لەم ڕێبازە
وتیان کام شێر؟ شێر لەناومانا کامەیە
وتی ئەو بەچکە شێرانەی
لە دواڕۆژا ئێرە ئەکا بە لانەی خۆی
ملکەچ ناکا بۆ دوژمنو بۆ بێگانە
هەمیشە مردنی لەلا هەروەکوو یاریو گاڵتەیە
هەرچیی فەرموو، هەمووی هەروەکوو نەقشی بەرد
بێکەموکووڕی هاتە دی
شار تەواو بوو، بوو بە لانەی بەچکەی شێران
ڕاستی فەرموو وەستاباشی
لەوڕۆژەوە لانەی شێرە
مەڵبەندی ڕۆڵەی نەبەردو
چاونەترساوو دلێرە
بووە بە ڕەمزی تێکۆشان
بۆ گەلی کوردو کوردستان
جێی شانازیەو سەربەرزییە
هەڵمەتو پەلاماردانی
جێی شانازییە کاروانی
بێوچانی شەهیدانی
خۆڕایی نییە پێی دەڵێن
شاری هەڵمەتو قوربانی

www.zheen.org

## جاش‌و سیخوڕ

زۆرم لا سەیرە مرۆڤێك
کە خۆی بە زانا بزانێ،
زۆرم لا سەیرە مرۆڤێك
خۆی بە ڕۆشنبیر بزانێ
دوای یەکێکی بێ بارکەوێ‌و
ئەو بێ بارە نالەبارە
بە بلیمەت‌و دانادانێ
زۆرم لا سەیرە مرۆڤێك
لەلای وابێ پیاوی سیخوڕ
ڕۆژێك دێ با ئەداتەوە
دەس هەڵدەگرێ لە ناپیاوی
بە کردەوەو ڕەفتاری باش
لاپەڕەی ڕەشی ڕابوردووی ئەشواتەوە!
زۆرم لا سەیرە کۆمەڵێك
ڕێز لە مرۆڤی جاش بگرێ
لەلای وابێ هەرچەن جاشە
مادام خزمەتی خەڵك ئەکا بە دزیەوە،
جاشە بەڵام پیاوی باشە
لە تەرازووی ئێستە ناگەم
نازانم چۆن بەکار دێنرێ؟
پیاوی ناپیاوو نالەبار
بە کام بەردو سەنگ ئەکێشرێ؟
باشی‌و خراپی لەم ڕۆژەدا
بە کام پێوانە دەپێورێ
لەلام وایە، جاش هەر جاشەو
دوژمنی نیشتمانە
تاوانبارن ئەو کەسانەی
خۆ ئەفرۆشن بە بێگانە
مرۆڤ کە هات بوو بە سیخوڕ

بنکەی ژین
www.zheen.org

کام پیاوەتی تیا ئەمینێ
دەبێ گەل ئافەرووزی کاو
شەرمەزاری کاو بیشکێنی
ئەو گەلەی لەباریا نەبێ
بێبارو جاش‌و سیخوڕ
شەرمەزار کا لە کۆمەڵدا
هەتا ماوە کاروانی
لەناو قوڕدا چەقاوەو
سەر ناکەوێتە سەر کەل

## بۆبی ساند

بۆ ئەو پاڵەوانە ئیرلەندییەی کە گرانترین ڕێی مردنی گرتە بەر لە ژیانیا بۆ دەربڕینی بێزاری بەرامبەر بە داگیرکەری وڵاتی، بوو بە پێشڕەوی تێکۆشانێکی سەخت کە ڕەمزی کۆڵنەدان‌و نەبەزین‌و بەربەرکانییە. منیش بۆ گیانی ئەو تێکۆشەرەی لە زیندانا مرد، ئەم هەڵبەستەم پێشکەشە.

شەست‌وشەش ڕۆژ، شەست‌وشەش شەو
لەسەریەك، بەبێ وچان
نە نانخواردن، نە ئاوخواردن، نە دەرمان
مانگرتن‌و خۆگرتن‌و کۆڵنەدان
مل نەدان‌و زۆرانبازی، دژی باری
چەوت‌و خواری قورسی سەر کۆڵی ژیان
بۆ گەیشتن بە مردنێك
جێی شانازی‌و سەربەرزی بێ
بۆ لاپەڕەی تێکۆشانی گەلانی سەر ڕووی جیهان
نەك هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە مردن
بۆ ژینێکی دووروودرێژی پڕ مەینەتی ناو زیندان
هی وا هەیە، هەرچیی هەیە
بە پارەو ماڵ‌و سامان
هەمووی ئەدا بە لەش‌ساغی‌و
تەنها ساتێکی ژیان

تا ئەودەمەی دواهەناسەی تیا مابێ
تا ئەوکاتەی دڵی تەواو ڕادەوەستێ لە لێدان
تا ئەوکاتە هەر دکتۆرەو هەر شرینقەیەو هەر دەرمان
پەلەقاژێ دژی مردن بۆ ژیان
تەنها ژیان، هەر چۆنێك بێ، تەنها ناوی ژیان بێ
گەرچی هەمووی هەر سەرشۆڕی
پەژارەو ئێش و ژان بێ
بەڵام لای تۆ ڕێگەی ژیان
ڕێگەیەکی جیاواز بوو
ژیان و مان، بۆ ئازادی
وەکوو پردی ڕێباز بوو
ئەو شێوەیەی تۆی پێ مردی
تەنها هەر بەناو مردن بوو
لە ڕاستیدا هەتا بڵێی
ژینێکی بەرزو مەزن بوو
مۆری ڕووڕەشی و تاوانی
سەر ناوچەوانی دوژمن بوو
ئەو گیانە پاك و خاوێنەی
کە لە لەش جیا ئەبێتەوە
بەو گیانە ناوترێ مردوو
لە لاپەڕەی تێکۆشانا
لەگەڵ لەشا قەت نانێژرێ
لەناو خۆڵی گۆڕستانا
تۆ لەشی ناو بەندیخانەت
لەناو چوار دیواری زیندان
هەروەکوو مۆمێك داگیرسان
دەروژوورت ڕوون کردەوە
وەکوو ڕۆشنایی بەربەیان
گیانت پێشکەش کرد بەو خاکەی
هەزارانی هەروەکوو تۆ

شەوو ڕۆژ بۆی تێدەکۆشن
تا ئەوساتەی ئازاد ئەبن
یا لەپێناوی باوەڕا
شەربەتی گیان بەختکردن
مەردیو سەربەرزی دەنۆشن
بۆبی ساند تۆ بە لەش مردووی
بە بیروباوەڕ هەر ماوی
وای لە دڵی ئیرلەندەدا
هەروەکوو پەیکەر چەسپاوی
وای لەناو دڵی هەزاران
پێشمەرگەی چاونەترساوا
وەك ئاگری ئاتەشکەدەی زەردەشتەکان
ناکوژێیتەوە، بڵێسەت هەر بەرزەو ماوی
لە کوورەی دڵی هەزاران لاوی ئیرلەندی ئازادا
هەروەکوو مۆم، وەکو چرا، وەکوو گڵۆپ داگیرساوی
کۆڵنەدان جێی نابێتەوە لەناو دەماری ئەوانەی
ملکەچ ناکەن بۆ زۆردار
سرەوتن لە قامووسیانا، لە بەرنامەی ژیانیانا
وازهێنانو چاوپۆشینە لە تاوانی تاوانبار
هەزاران پێشمەرگەی هاوڕێی
ڕێگەی سەختو تێکۆشانت
لەناو (٣٠) هەزار سەربازا
بێترس لە گرتنو زیندان
بۆ دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەر
بە سەدان گوللەیان تەقان
لەکاتی خۆپیشاندانو
بەڕێکردنی جەنازەی سەر قەبرانت
ئێستە شەقامی (هومایون)
پێی دەڵێن جادەی بۆبی ساند
لە نیویۆرکو شارەکانی کەی جیهانا

سەدان بارو سەدان کۆگا ناویان گۆڕرا،
ناویان لێ نان بۆبی ساند
لەناو دڵی هەزارانی وەك ئێمەی دڵشکاوا
خۆشەویستی گەشەی کردو تۆوی چاند
لەو شوێنانەی کە تاوانی لێ ئەکرێ
کارێکت کرد، ئاوێکی وات لێ ڕژان
تاوانبار هەتاکوو مابێ، ئۆقرە ناگرێ لە ترسا
ئەمڕۆ سبەی لای ئەوانیش
هاکا هێزی کۆڵنەدان و تێکۆشان
وەکوو کووبا، وەك ڤێتنام
وەك زیمبابۆی، وەك ئەنگۆلا
کەوتە جووڵەو دەستەی زۆرداری بەزان
بۆبی ساند تۆ پاڵەوانی، قارەمانی
ڕەمزی ڕێگەی تێکۆشانی ناو زیندانی
گیانی پیرۆزت بەخت کرد
بۆ ژینێکی پڕ ئازادی و کامەرانی
ژین بە دیلی ببرێتە سەر
لەلای تۆ بەنیدخانە بوو
ژینێك مافی تیا خوراو بێ
لەلای تۆ چەسپی تلیاك و
ڕشانەوەی سەرخۆشی ناو مەیخانە بوو
ئەو چاوبەست و ڕواڵەتەی کە پێی دەڵێن دیموکراتی
لای تۆ هەمووی فریودان و هەمووی بۆیەی ساختەچێتی و
ڕەنگی کووپەی خومخانە بوو
بۆبی ساند زۆر دڵنیا بە
پێشمەرگەی هاوڕێی نەبەردت
واز لە تێکۆشان ناهێنن
وەکوو هەموو گەلێکی تر،
مافی ڕەوای نیشتمان و گەلی ئیرلەندە دەسێنن
هەروەکوو چۆن لە زیمبابۆی ملیان کەچ کرد، هاتنە ژێر بار

لە ئیرلەندەش، لە نامیبیا، لە کوردستان
لە زۆر شوێنی داگیرکراوو ژێر چەپۆکی سەر ڕووی جیهان
کۆڵ ئەدەن‌و ملکەچ ئەکەن بۆ مافی گەل بەناچار
ئەو ئاڵایەی سەردەمێك بوو ڕۆژی لێ ئاوا نەئەبوو
ڕۆژێك دێ لای ئێوە دەستێك لوولی بداو ڕای بماڵێ
هەرچی نیشانەی زۆرداری‌و داگیرکردنی وڵات بێ
لەناو توورەکەی سەرمۆرا، هەمووی بخرێتە ناو چاڵێ
بەڵام با بەینی خۆمان بێ، با نەختێکیش بۆ دز بڵێین
ئەوی ڕاستی بێ پێویستە ئاشکرای کەین‌و لێی بدوێین
قسەی خۆمان بێ بۆبی ساند، کە مانت گرت لە زیندانا
ئەم هەواڵە بە ئاشکراو بە خێرایی بڵاو بوەوە لە جیهانا
سەدان گۆڤارو ڕۆژنامەو ئێستگە باسیان دەکردی
هەرچیت دەکرد، هەرچیت دەوت بێ‌قەدەغە
بڵاو بوەوە هەتا ئەوساتەی مردی
بەڵام لای ئێمەو زۆر شوێن بەر لەوەی لە زیندانا
تێکۆشەرێك مان بگرێ، لە نان‌و ئاوو خواردن
وەردیانەکان لە برسا، لە زیندانا دەیکوژن
وەك ئەوەی هیچ کەسێك، هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێك
تەنها سووسە هەواڵێك بنووسێ تاقە جارێك
ڕێگەی هیچ کەسێك نادەن لەم دەسدرێژی‌و تاوانە
ئاگادار بێ‌و بزانێ، چەن بێ‌تاوان کوژراوە
چۆن کوژراوەو لەسەر چی، یا لەکوێدا نێژراوە؟
لە وڵاتی ئێمەدا ئەو شتەی زۆر هەرزانە
وەکوو تۆڵەکە وایە، تەنها نرخی ئینسانە
لای دامودەزگای میری‌و کاربەدەستانی ئێمە
پیاوگرتن‌و پیاوکوشتن، بێ‌تاوان‌و بێ‌گوناه
لای ئێمە پیاوی وەك تۆ، گەر مان گرێ لە زیندان
لە نانخواردن، لە ئاوخواردن، لە دەرمان
هەر نایەڵن کەس هەواڵی بزانێ
لەژێر دارو قامچیا ئەیڕزێنن

بەبێ ئەوەی ڕێگەی هەبێ دەمی بگاتە ئینسانێ
پاش ماوەیەك لەملاو لەولا ئەبیسترێ
لاشەکەی وا لە گۆڕێکی نەزانراوا نێژراوە
کەس نابێ ورتەی لێوە بێ‌و دەنگ بکا
کەس‌وکاری ڕێی گریان‌و تەعزێیان لێ گیراوە
ڕەشپۆشییان قەدەغەیەو تاوانە
لەلای ئێمە، ئەوە مافی ئینسانە
لەلای ئێمە، نەك هەر نابێ، ئەوەی لەناو زیندانا بێ
بوێرێ خۆی بپاڵێوێ‌ۆ لە پارلەمان ببێتە نوێنەر
ئەوەی تەنها ناوی بەرێ زمانی ئەبڕن
قورقوشم ئەکەن بە گەروویا
لەناو قوڕی خەست‌وخۆڵا ئەیگەوزێنن تا تەوقی سەر
بۆبی ساند، تۆو هاوڕێکانت
تەنها بۆ نێو ئیرلەندە تێ‌دەکۆشن
بە هەزاران لەملاو لاوە شەوو ڕۆژ لەگەڵ ئێوەدان
وەکوو ئێوە بۆ ئیرلەندە بەپەرۆشن
هەواڵی شۆرشگێڕیتان، مانگرتنی ناو زیندانتان
بە هەرچی ئیستگەو گۆڤارو ڕۆژنامەیە
بڵاو بۆتەوە بەم سەراوسەری جیهانا
گەلی چەوساوەی کوردستان، لەناو سێ چوار ئیرلەندەدا
ساڵەهایە، وا لەناو کۆت‌و زیندانا
بەبێ ئەوەی بانگەوازێ بەرز بێتەوەو بڵێ بەسە
ئەم تاوان‌و دەسدرێژیە لەناو خاکی کوردستانا

## مەتەڵی ئاشکرا

بە یادی مەتەڵەکانی نەجمەدین مەلا
دوولا یەك لە یەکتری کەڵەکچی ترن
لەگەڵ یەکتردا لەسەر کەرێتی‌و زۆڵێتی شەڕیانە
ئەملایان سمێڵی شۆڕەو ئەولایان ڕیشی پانە وەك هامانە[1]

[1] بە منالی کابرایەك بە صندووقێکەوە ئەگەڕاو لەناویا چەن ڕەسمێکی پیشانی منداڵان ئەدا بە پارەو بانگی ئەکرد ئەمە هامانە، سمێڵ قوت ڕیشی پانە دوژمنی جوولەکەکانە.

هەردوکیان وەکوو جاش ئێستری تۆپ، لەناو زەلکاوی نەوتا زەپەزەپیانە
ئەملا لەسەر ناوچەوانی نووسیوە ناوی خواو پێغەمبەرو ئاینپەرستی
ئەولا لێی نووسیوە یەکێتی و سەربەستی و سۆشیالیستی
بە جووتە بەردراونە یەکتری، جووت ئەوەشێنن، غارغارێنە
پشت شکاندنی یەکترییە، لەقەو گازگرتن و تەراتێنە
نەگبەتێکیش دووبەشی، هەر بەشەی لەلایەکیانە
لە هەردوولا بەشخوراوو ماڵوێران و سەرگەردانە
هەر بەشەیان لە سایەی کلکی لایەکیانا لەسەر ئاوازێ ئەخوێنێ
بەشی ئەملا لەگەڵ ئەملا، بۆ سوودی ئەولا لە شەڕایە
بەشی ئەولا لەگەڵ ئەولا بۆ سوودی ئەملا لە شەڕایە
بە ڕاستی مەتەڵێکی ئاشکرای پڕ لە پێکەنین و گریانە
ئەم دوولایە کێیەو ئەو دووبەشە نەگبەتە کێیە بیزانە؟

## سەربەرزی

بە هەورازی کووڕو سەختی ناخۆشی ڕێگەی ژیانا
لەژێر ئەرکی کۆڵ و باری کوێرەوەریی بێوچانا
پەراسووم هەمووی تێك بشکێ، موورەغەی پشتم دوولەت بێ
چنگ و پەلم دابڕزێ، جومگەو دەماری هەڵوەرێ
بە دڕك و داڵ لە ڕێڕەوی چنگەکڕێ و پەلکوتانا
بەجارێ هۆشم لێ بڕێ، بنی نینۆك و سەرپەنجەم
لەتاو ئازارو لێدان و چەخماخەی ئێش و ژانا
هەزاران تاشەبەردی زل، هەروەکوو دێوی ئەفسانە
بدەم بە کۆڵما لە لاپاڵی ژینی ناخۆش و گرانا
مل بنێم بەرەو هەڵدێری ملشکان و قیروسیایی
لام خۆشترە، لام باشترە، مل داژەنم بە نامەردی
بەرەو فەرمان و پێدەشتی ملکەچکردن و ڕیایی
مرۆڤ تەنها جارێك ئەتوانێ بژی؟ بە نامەردی یا بە مەردی
لە ژیانیا تەنها جارێك ئەتوانێ خۆی با لەو بوارە
ئەو ژیانەی بە سەرشۆڕی و بە ملکەچی ببرێتە سەر
هەر ڕۆژێکی مردنێکەو هەر ساتێکی زووخاوێکە

خەوی لەلا خەوی مەرگەو خۆراکی ژەهری مارێکە
مرۆڤ کە هات بە مەردی مرد، هەزاران شانی پیاوی مەرد
لەژێر دەسڕێژی دوژمنا دەبێتە هەڵگری تەرمی
نە ترس لە گرتن‌و زیندان، نە هەڕەشەو نە دارکاری
ناتوانێ قەت ڕێگا بگرێ لە پرسەو شیوەنی گەرمی
بەڵام کە خۆی فرۆشت، شەرمەزاری ناو کۆمەڵە
کە مرد هەروەکوو خوێڕییەك، ئەیبەن بەرەو گۆڕستانی
سەد تف دەکرێ لە کردارو لاپەڕەی ڕەشی چڵکنی
هەر دەمێکەو هەزار نەعلەت دەنێرێ بۆ لەش‌و گیانی

## گۆرانیی پێشمەرگەیەکی جووتیار

ئەگەڕێمەوە، بۆ ناو دێیەکەی خۆم، ئەگەڕێمەوە
زۆری پێ ناچێ، ئەمڕۆ یا سبەی ئەگەڕێمەوە
دوژمن پێی خۆش بێ، یا پێی ناخۆش بێ
تەواو دڵنیام، ئەگەڕێمەوە
بە تێکۆشانی سەختی بێوچان
بە کەشتی بیروباوەڕی پتەو
لە گێژی دەریای دوژمنی خوێنخوار
دەرباز ئەبم‌و ئەپەڕێمەوە

دەگەڕێمەوە بۆخانەی چۆڵ‌و وێران‌و ڕووخاو
لە شوێنی خانەی وێران‌و چۆڵا،
بە هەرەوەزی دۆست‌و برادەر
چاوگە خانوویەك بۆ خێزانەکەم
دروست ئەکەم‌و گەچکاریی ئەکەم
زۆر پێناچێ، لە جاران باشتر ئەبووژێمەوە
لە جێی ئەو دارەی فاشیست بڕیەوە
لەناو سەنگەردا بە شەو سووتانی
لە جێی ئەو ڕەزو باخەی وشکی کرد
لە جێی ئەو گوڵەی جەندرمەکانی
پانیان کردەوە بە بنی پۆستاڵ

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەد دارو باخ و گوڵ ئەڕوێنمەوە
ئەو کانی و ئاوەی فاشیستی خوێنخوار
بە بلدۆزەرو بەردو چیمەنتۆ
وێرانی کردو سەری داپۆشی
لەجیاتی بیست گەز چل گەز لێ ئەدەم
ئاشگێڕە ئاوێك لە زەویەکانما هەڵدەقوڵێنمەوە
نیشتمانەکەم ئەبێ بە بەهەشت
وەچەی دواڕۆژم، لەژێر سێبەری
شادی و ئاشتییا ئەلاوێنمەوە
لە سایەی ئالأی بەرزی وڵاتا
ماڵ و خێزانم ئەحەسێنمەوە
ڕەگەزپەرستی و کۆنەپەرستی
هەتا هەتایە، لەناو وڵاتا
تۆوی ناهێڵم و دەیبڕێنمەوە
ئەوسایە لەبن دارەبەنەکەی
ملەی پشت ماڵان لێی دائەنیشم
بە ئارەزووی خۆم بە کامی دڵم
بە جووتە لنگی لێ ڕائەکێشم
دەیکەم بە هۆرەو بە بەزم و ئاهەنگ
دەڵێم سەد ئۆخەی ئا ئەوە منم
هیواو ئاواتی ساڵەهای ساڵم
نابێتە خەم و گرێی سەر دڵم

## دووبارە بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی

چاوبرسییە خوێنمژەکان
بەپێی نەخشەی فاشیستەکان
یەك لەدوای یەك هێرشیان برد
عەرش[1] هەموو بۆ سەر کوردستان
بۆ تالأنی و ڕاووڕووتی

[1] وشەیەکە بۆ بانگکردن و بۆ هێرشبردن بەکار ئەهێنرێ.

دانیشتوانی بێتاوان‌و بێدەرەتان
بەپێی بڕیار، بەپێی فەرمان
مەڕومالاَتیان تالاَن کرد
هەزاران خانوویان سووتان
هەرچی میوەو بەری دار بوو
هەمووی بە کاڵی‌و بە کرچی
دایان ڕنی‌و دایان تەکان
میوە زۆر بوو، ئێجگار زۆر بوو، بۆیان نەخورا
لە داخانا پێشێلیان کرد، گێرەیان کرد
وەکوو گاجووتی سەر خەرمان
بانگیان ئەکرد، ئەیانشیڕان
با خاوەنی ئەم باخانە مل بشکێنن
بەجێی بێڵن کوردستان
کوردستان، کوردستان، نەبڕایەوە کوردستان
بەپێی بڕیار، بەپێی فەرمان
دەبێ کوردستان وێران بێ
هەموو کورد بتوێنرێتەوە
هەروەکوو هیندیە سوورەکان
ڕەگەزپەرستی داخ لەدڵ فەرمانی دا
(زانکۆ) داخەن، بیگوێزنەوە
قوتابی پەڕەوازە کەن
زانکۆ میکرۆبی هاندانە
بۆ بزێوی‌و پەلاماردان
ژوورەکانی بزمارڕێژ کەن
هەمووی بکەن بە زیندان
سیخناخیان کەن لە کەس‌وکاری پێشمەرگە
تەنها کورد بێ، تاوانبار بێ یا بێتاوان
چلەی زستان بەپێی نەخشەی فاشیستەکان
بە هەزاران خانەی لات‌و هەژاران
لە شاری فرمێسک‌و خوێنا

بڕووخێنن، تەختی بکەن بۆ مەبەستی پیاوکوژێکی
(سادی)ی ڕەگەزپەرستی بێبەزەیی و بێویژدان
بیڕووخێنە، خاك بەسەرت بیڕووخێنە
تێنوێتیی قینت بشکێنە
هەرچی ژەهری ناو دەروونتە دایچۆڕێنە
هەزار شارە زەردەواڵە
لەناو کەلاوەی ڕووخاوا ئەورووژێنێ
چزووی زەردەواڵەی شاری
وێران بە لەشتا ئەچزێنێ
ڕۆژێك دێ تف لە خۆت ئەکەی
کاڵەك بە ئەژنۆ ئەشکێنێ
لەلات وایە هەروا بە سووکی و ئاسانی
بۆت چۆڵ ئەبێ و بۆت تەخت ئەبێ
شاری هەڵمەت و قوربانی
نازانی لە تۆڵەی خشتێك
لە تۆڵەی بەردی دیوارێك
هەموو ڕۆژێ پیاوکوژێکت ئەتۆپێنرێ
بە دەستی ڕۆڵەی نەبەردی
ڕێی ئازادی و تێکۆشانی
باخ داپاچە، زانکۆ داخە
قوتابی پەڕەوازە کە، شار وێران کە
دڵی دایك و باوکی کەساس
پڕ لە داخ و ئێش و ژان کە
زۆر ڕووخێنەری وەکوو تۆ
تاوانی کرد، دەستی وەشان
بەڵام لە ئەنجامی کارا
هەر ڕووڕەشیی بۆ مایەوە
کاتێکی زانی لەشکری
شالاوبەری تاوانباری
وەك بەفری بەهار توایەوە



www.zheen.org

پەندی پێشینانە، ڕاستە
کۆن نابێ، هەتا هەتایە
دوای کڵاوی بابردوو کەوتن
هەر ملشکانی لەدوایە
کورد بە هۆلاکۆو جەنگیزخان
لەناو نەچوو، نەبڕایەوە
تازە بەم گەڕو خوێریانە
کوردستان و گەلی ئازای
لەناو ناچێ و ناتوێتەوە
وەکوو چیا سەختەکانی
هەر دەمێنێ و لەبن نایە

## بۆ یادی (٩٢) ساڵەی زانای بەرزی کورد "مامۆستا تۆفیق وەهبی"

نەتەوەی سەرگەردان و دوو دەس بەناڵەو ژێردەس
بێماف، بێهاوڕێ، بێدۆست، بێمۆر، بێناوونیشان
هەمیشە ڕۆڵەکانی ئاوارەو کوڵ بەکوڵە
وەك هەتیوی ژێر چەپۆکی بێوەژنی جانانە
هەتا ماوە چاوەڕوانی دەسنگەی ئەم و ئەوە
سەرمایەی یەکدوو مامۆستای هەروەکوو تۆی کلۆڵە
لە وڵاتی خواپێداو، پیاوی بلیمەتی وەکو تۆ
هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەیەك، یا گۆڤارێك باسی ئەکا
وێنەو پۆسکاردو دەسنووس و مۆری ئەنێرڕێ بە دیاری
پەیکەری بۆ دائەتاشن لە چوارڕیانی شەقەمەکان
بۆ ڕۆژی لەدایکبوون و بۆی دەبێ بە یادگاری
لای ئێمەش "گۆران" وتەنی، پیاوی داناو زرنگ و بلیمەت
شێوەی وەك مانگی شێواوە لە ئاوی حەوزی لیخندا
تا ماوە هێڵنجی زووخاو قوڵپ ئەدا لەناو دەروونیا
وەك خەڵووزاو دائەچۆڕێ لە جەرگی ڕەش و کون کونیا
تۆیەك کە زۆربەی تەمەنی نەوەدودوو ساڵەییت

بۆ گەلی بەشخواروو سەرگەردانت تەرخان کرد
ئێستە ئەوا ئەتبینین، دووری لە نیشتمانت
دووری لە کوردستانی وەك گلێنەی چاوانت
مەگەر یەکدوو ئاوارەی هەروەکوو خۆت جاربەجار
تۆزێك سەبووری بدەن بە مێشكو دڵو گیانت

مامۆستا وەهبی زۆر سەیرە، دنیا ئەڵێی سینەمایە
مەبدەء وەکوو میچی منداڵ، بۆ مووشێن ئەکرێ بە کایە
دنیا سەیرە، تا سەیر بکەی، پڕە لە چەوتیو لە خواری
لە دڵشکانو خەفەتو لە ناڕێکیو نالەباری
لەم ڕۆژەدا کام نەتەوە، کە هەر ناوی نەبیستراوە
تەنها لەسەر بستێك خاکی هەموو دنیا بۆی شڵەژاوە
کەچی کوردستانی داماو، لەسەر تا خواری وێرانە
بە هەزاران هاووڵاتیی دەربەدەرو سەرگەردانە
بەبێ ئەوەی دەنگێکی ڕاست، لە شوێنێکدا دڵسۆزانە
بەرز بێتەوەو بەربەستی کا ئەم هەموو جەورو تاوانە
"پیرەمێرد" کوای سەر دەربێنەو بە چاوی خەفەت بڕوانە
ئێستە بایەقوشی ڕاستی لەوناوە کردوویە لانە
مەزاتخانەی بیروباوەڕ، کۆڕی گەرمە لە کوردستان
هەمووی بۆ گۆشتو بۆ کەوڵی گەلی کوردی بێتاوانە
کوا سالمێك[1] دەردی دڵی، هەموو کوردمان بۆ هەڵڕێژێ
کوا دەسڕەنگینێك ئەگریجەی خەفەت هەمووی بکا بە پرچ
بیهۆنێتەوە بۆ دایکی کەساسی ئەم نیشتمانە
لەوەش سەیرتر، ئەوەی ئێجگار پڕ پێکەنینو گریانە
ئێمەمانان کە کەوتووینە ژێر چەپۆکی ئەم زەمانە
بە چاوی خۆمان ئەیبینین، لەوەی هەتاکوو دوێنێ بوو
بە ئاشکراو بە نهێنی، خوێنی کردینە کاسەوە
نەخشەی ژێردەستیو ملکەچیی کوردی کێشا بۆ سوودی خۆی

---

[1] سالم: نیاز لە شاعیری بەناوبانگە کە بە هەڵبەستە بەرزەکەی وەڵامی "نالی"ی شاعیری دایەوە کە لەدوورەوە هەواڵی کوردستانی لێ پرسیبوو.

خستینە ناو گێژی دەریای ژینی سەختی پڕتاسەوە
ئێستە لە خاك‌و ولاتی ئەو کەسەدا بە ناچاری
ملی ناچاری کز ئەکەین، بێ‌دەنگ کەوتووینە ژێر باری
دەڵێی هەر نە بامان دیوەو نە بارانێ تەڕی کردووین
نە نەخشەو پیلان‌و فێڵی بەم دەردە لەناوی بردووین
وای لێ کردووین لەگەڵ گورگ‌و بەرازو ڕێوی هامڕاز بین
ئاوێکی وای بۆ نەڕشتووین، لە داوو فێڵی دەرباز بین
لە کەساسی ڕزگارمان بێ‌و دوو ڕۆژ لەگەڵ یەکتر ساز بین
ئەی مامۆستای کوردی دڵسۆز، دڵسۆزی ڕاستی مێژووی کورد
ئەم بەسەرهاتەی ئەمڕۆمان، پەڕەیەکی سەیری نوێیە
پەنجەی لەرزۆکت ناتوانێ قەڵەم بگرێ‌و تۆماری کا
ئاشکرای کاو بیخاتە ڕوو گوناه و تاوانی کێیە
مەگەر پەنجەی ڕۆشنبیری دواڕۆژ بەبێ پێچ‌و پەنا
هەرچی تاوانە بینووسێ‌و دەستی تاوانبار دەربخا
با دایگیرسێنین مۆمێکی تریساڵی تازەی ژینت
ئەم کۆڕەمان یادگار بێ بۆ خزمەت‌و نەبەزینت
با ڕەت بین لە نائومێدی، دنیا هەروا بێ‌بار نابێ
لەلام وایە کورد هەتا سەر باری ناڕێك‌و خوار نابێ
ڕۆژی ڕزگاری نزیکە، ڕۆژ هەر ڕۆژی زۆردار نابێ
کورد ئەوەندە بەوەفایە، قەت چاکەی بیر ناچێتەوە
مامۆستایەکی وەکوو تۆی دڵسۆزی بلیمەت‌و دانا
ئەو ڕۆژەی ئاڵای ئازادی، لەسەر لوتکەی چیاکانا
هەڵدەکرێ‌و بە بای نەرمە بای سەربەستی ئەشەکێتەوە
لەو ڕۆژەدا بێ‌گومانم، بەرهەم‌و ناوونیشانت
لە ئاسمانی شانازیدا وەکوو مانگ ئەدرەوشێتەوە
هەموو خواست‌و داوایەکت، گۆڕێکە لە پیرەمەگروون[1]
دڵنیا بە، دۆستی دڵسۆزی وات هەیە، تەرمت بنێتە سەرشانی
هەر لێرەوە تا دەگەیتە شاری هەڵمەت‌و قوربانی

[1] یەکێك لە داخوازیەکانی مامۆستا وەهبی وەکو وەصیەتێك ئەوەیە کە تەرمەکەی لە شاخی پیرەمەگروون بنێژرێ.

ژینەی ژین www.zheen.org

**بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢ لە ئینگلتەرە**

ساڵەهایە پەل دەکوتین، بەناو ژیانی ئاڵۆزا[١]
وەك دیّوانەی کەشکۆڵ بەدەس ئەگەڕێین بەدوای نەورۆزا
ئەو نەورۆزەی سەری ساڵی ڕاستەقینەی ژیانمان بێ
یەکەم دێڕی پەڕەی مێژووی ڕزگاری کوردستانمان بێ
وەك هەتیوێك چۆن وێڵ دەبێ بەدوای دایکی لێ ونبوویا
سەر بە هەرلایەکدا بکا، هەموو دەس بنێن بە ڕوویا
یا وەك مەلی لانە شێواو، وێڵ بێ بە ئاسمانی لێڵا
ساڵەها بێ بخولێتەوە بەدوای کۆچ‌وباری خێڵا
ئێمەش وێڵ‌و دەربەدەرو ئاوارەو ماڵوێرانین
لانە شێواوو سەرگەردان لە خێڵی گەلان جێ‌ماوین
کاتێك دنیا ئەیکا بە تۆف، ئەوسا ڕوو ئەکەینە کوێستان
کە گەرمای چلەی هاوین هات کۆچ بار ئەکەین بەرەو گەرمیان
خێڵەو خوارروو خێڵەو ژوورمان لە کۆچی میللەتان ناچێ
بۆیە دوژمن بە ئارەزووی دڵی خۆی دامان ئەپاچێ
لا ئەدەین لە ڕاستەڕێگەی سەرکەوتن‌و ڕزگاریمان
دوژمنی خۆمان ناناسین، لەبەر کورتبینی‌و خواریمان
کوێرانە داومانەتە بەر هیچ جارێك ناگەینە ئەنجام
بە دوو قسەی لووس‌و باریك، بەڵێنێکی ساردو بێ‌تام،
باوەڕ دەکەین، فریو دەخوین هەروەکوو ئینسانێکی خام
کاتی سەیر ئەکەین، ئەڕوانین عەینی تاسەو عەینی حەمام
جارێکی تر لە نووکەوە، ڕێیەکی تر ئەگرینە بەر
ئەمجارەش وەك جاران بەشمان دۆڕاندنەو ڕەنجی بێوەر
نازانین چۆن لەم گێژاوە سەختەی ئەمڕۆمان دەرباز بین
شان بەشانی میللەتانی پێشکەوتووی ئازادیخواز بین
ئەو دەردەی تووشی کورد بووە هەروەکوو شێرپەنجە وایە
کۆن وتوویانە شێرپەنجە داخ نەکرێ، مەرگی لەدوایە

---

[١] هەندێ دەڵێن ئم هەڵبەستە هەندێ ڕەشبینی تیایە، بەڵام ئەو ڕەشبینیانە ڕاستن بۆیە نەمویست لە ڕاستی لابدەم.

داخکردنی شێرپەنجەی کورد دەبێ بە پشکۆو سکڵ بێ
بە پشکۆی ناو ئاگردانی هەموو کوردی داخ لەدڵ بێ
ئەو میللەتەی تووشی دەردی براکوژی بێ، هەتا ماوە
قەت ناگا بە ئاواتی خۆی، هەتا ماوە بەشخوراوە
خۆپەرستی وای گەوزاندووین لەناو قوڕو لمو خاکا
قەت بای زریانو ڕەشەبا بە دەواری شڕی ناکا
وا دیارە لە ناوچەوانی ئەم گەلی کوردە نووسراوە
دەبێ هەر ڕەنجی بێوەر بێو مایەپووچ بێ هەتا ماوە
شەهید بێ بەدوای شەهیدا، کوژراو بێ بەدوای کوژراوا
کۆچو باری ئاوارە بێ لە دەشتی چۆڵو بێئاوا
زیندانەکان، کتێبخانەی تێکۆشەرو ڕۆشنبیر بێ
شەقامەکان جێگای ڕیزی سێدارەی لاوانو پیر بێ
لە جێی گۆرانیو ئاهەنگمان زڕەی کەلەپچەو زنجیر بێ
قەدەغەی بیرو باوەڕ بێ، لە هەموو لا ڕەشبگیر بێ
نابڕێتەوە ڕێی کاروانی شەهیدی خاکی کوردستان
کەس ویژدانی بۆی ناجوولێ، لەمپەڕ تا ئەوپەڕی جیهان
کەی دێتە دی ئاواتەکەی "ئەحمەدی خانی"ی دڵسۆزمان
کەی هەڵدەکری ئاڵای بەرزی نەتەوەی کوردی پیرۆزمان
ئەترسم هەر بەوداخەوە سەر بنێیتە ناو خاکەوە
بنێژرێین بن بە نائومێدیو دڵی پڕ حەسرەتناکەوە
دەست نەکەیتە ملی بووکی سەربەخۆییو ئازادیمان
بە چاوی خۆمان نەبینین ئەو ڕۆژی پڕ لە شادیمان
تاکەی هەروا خۆشباوەڕ بین، ساویلکە بین، زوو فریو بخۆین
تاکەی بۆ زوڕناو دەهۆڵێك سێ ڕۆژ ڕێگا بێ بۆی بڕۆین
نەشزانین کام دەهۆڵ ڕاستەو کام زوڕنا بۆ چاوڕاوە
ئەو میللەتەی لێی لادابێ نەگەیوە بە مافی تەواو
بە دەنگی زوڕناو دەهۆڵی دوژمن هەڵپەڕین تاوانە
لاناچێو پاك نابێتەوە، مۆری شەرمی ناوچەوانە
بۆ سەرشۆڕی ڕیسواییە دەهۆڵو زوڕنای بێگانە
هەڵپەرکێ لەسەر ئاوازی، ڕەوشتی پیاوی نادانە

ئەو کەسەی لە شایی گورگا دەس بگرێو سەرچۆپیکێش بێ
خۆی بە گورگانخواردوو ئەدا، با لای مام گورگیش لەپێش بێ

ساڵەهایە دەم بەدوعاین، کاوەیەك بێ ڕزگارمان کا
لە گێژاوی دووبەرەکیو لە خۆخۆریی دەربازمان کا
تا بە تەمای کاوەیەك بین ئەژدەهاك بکوژێ بە خەیاڵ
نە کاوەمان دەسگیر دەبێو نە ئەژدەهاك ئەنێینە چاڵ
ئەبێ میللەت خۆی کاوە بێ، هەر خۆشی چەکوشوەشێن بێ
هەر خۆی پاڵەوانی مەردو نەبەردی دوژمنبەزێن بێ
زەلامپەرستی تاوانە، وەکوو بتپەرستی وایە
ئەو میللەتەی بتپەرست بێ هەتاکوو ماوە ڕیسوایە
ڕاستییەك هەیە با دانی پیا بنێین کە ساڵەهایە
چاوی خەواڵوو و ئاڵۆزمان هێشتا لە ڕاستی هەڵنایە
هەڵسەنگاندنی ئەمو ئەو لە تای تەرازووی تێکۆشان
نابێ بکێشرێ بە سەنگی درۆی زلو خۆهەڵکێشان
تێکۆشان هەر تەنها ئەبێ بە سەنگی کوردەواری بێ
نەوەك بە سەنگو دەسنگەی بێگانەی شەرمەزاری بێ
پاروویەك بە دەستی دوژمن بکرێ بە گەرووی ئینسانا
بۆ سەرشۆڕیو ڕیسواییەو ملکەچییە لە ژیانا
پاشماوەو چڵکاوی دوژمن هیچ کەسی پێ ڕزگار نابێ
لە برسا بمرێ باشترە لەوەی ملکەچو ڕیسوا بێ

هەموو ساڵێك وەکوو ساڵان بەزمو ئاهەنگو سەیرانە
شاییو زەماوەندیان گەرمە، هەڵپەرکێ هەمووی بە شانە
بەڵام ئەوەی لامان وایە نەورۆزو شایی لۆغانە
لە ڕاستیدا شایی نییە، شینو شەپۆڕو گریانە
لاواندنەوەو قوڕ پێوانە، هەناسەی سارد هەڵکێشانە
بۆ کوردستانی ژێردەستو پارچە پارچەی ماڵوێرانە
نەورۆزی ڕاستی ڕۆژێکە، نەتەوەی کوردی سەرگەردان
ڕزگاری بێ لە داماویو لە سزادانی ناو زیندان
لەژێر ئالای سەرکەوتنو سەربەخۆیی کوردا شاد بێ

له کۆت و زنجیری دوژمن ڕزگار بێ، هەمووی ئازاد بێ
ئەوسا ناوی ئەنێین نەورۆز، سەری ساڵی تازەی ژیان
ئەوسا هەست ئەکەین ئینسانین سەربەرزین وەکوو میللەتان
تا ئەوکاتە، ئەی نەتەوەی کوردی لە ماف بێبەشکراو
ئەی پێشمەرگەی ناو سەنگەرو ڕەش ورووتی گەلی چەوساو
ئەوانەی کە ساڵەهایە کۆسپی ڕێگەی سەرکەوتنن
چڵکاوخۆرو کاسەلێس و بەکرێگیراوی دوژمنن
ڕیسوایان کەن، با تا ماون شەرمەزاری نیشتمان بن
ڕووڕەشی لاپەڕەی مێژووی گەلی کوردو کوردستان بن

## بڵێسەی گڕی نەورۆز

من گڕم گڕ، گڕی مەشخەڵی نەورۆزم
بڵێسەی شۆڕشی کوردو تین و تەوژمی ڕووناکی
سەنگەری لاوی پێشمەرگەی ئازاو نەبەردو دڵسۆزم
هیچ ڕەشەبایەك ناتوانێ تینم دامرکێنێتەوە
هەرچی ئاوی ناو دەریایە
ناتوانێ بڵێسەی گڕم کز کا یا بیکوژێنێتەوە
من گڕم گڕ، بەچکە شێری مەهابادیم
گۆشکراوو پەروەردەی شیری ئازادیم
لاوی پێشمەرگەی سەقزو بانەو سەردەشت و بۆکانم
بەچکە شێری مەریوان و لوتکەی شاهۆو هەورامانم
چەکۆشی دەستی فەرهادی سەر بێستوون و کرماشانم
دەبێ بە چەکوش بیهاڕم کەللەی سەری دوژمنانم
من گڕم گڕ، سووتێنەری گیانی زۆردارو خوێنمژم
لێی ناگەڕێم هەتا داخی هەزار ساڵەی پێ ئەڕێژم
من کوردم، کوردی دەرسیمم، نەوەی شێخ سەعیی پیرانم
بەچکە شێری ئاگری داغم،
نەڕەشیری ناو بتلیس و دیاربەکرو مووش و وانم
دەبێ تۆڵەی شەهیدانم، بسێنم لە دوژمنانم
من گڕم گڕ، ئاوی کانیاوو چەماوو ڕووبارەکان ئەهێنمە کوڵ

هەموو جۆشیان پێ ئەستێنم، ژێر پێی هەموو خائینانو دوژمنان
دائەپلۆخێنم
من گڕم گڕ، لاوی حەسەکەو قامیشلیو
چەکبەدەستی بادینانم، چقڵی چاوی دوژمنانم
پەیمانە گیانم بەخت بکەم، لەپێناوی نیشتمانم
بۆ ئازادیو سەربەخۆیی کوردستانم
من گڕم گڕ، من گڕی بابا گوڕگوڕم، من گڕی سەری زەنبوورم
من گڕەی شالاوی گەرمی پێشمەرگەی ناو شارەزوورم
هەرچی دارو بەردو زیخە دەیانکەم بە گڕو پشکۆ
لەو خۆڵی ئەهێنمە جۆش، هەمووی ئەکەم بە ژیلەمۆ
ئەوەی خوێنی کوردی خواردوەو ساڵەهایە داگیرکەرە
بە گڕو پشکۆو ژیلەمۆ گیانی ئەکەم بە کۆتەرە
(ئینجا کۆرسێك هەریەکەی بە بەرگی ئەو ناوچانەوە دەنگ بەرز دەکەنەوەو دەڵێن)
ئەی دوژمنی ڕەگەزپەرست
لە هەر کوێ هەی
کۆنەپەرستی یا فاشیست
هاکا هێزی ڕۆڵەی کاوە
خاکی پاکی کوردستانی
هەموو ڕزگار کرد بست بە بست

## دەردو دەرمان

عەینەمەل[1] لەکوێ بێنم
بە هەزاران باڵ بگرێ،
لێشاوی کوللە زەردەی
ئەمڕۆمان قەلاچۆ کا
لەکوێ بێنم هەزاران
دەرمانڕێژی وریاو ژیر،
بە شەوو ڕۆژ نەسرەوێو

[1] عەینەمەل باڵندەیەکە مێملی کوللەیە، کە بینیی وازی لێ ناهێنێ، ئەیکوژیو ئەیخوا.

بێوچان هاتوچۆ کا
وەکوو بارانی بەهار
بەسەر کێڵگەی ناو باخی
وڵاتی وێرانەما
بۆ قەڵاچۆی کوللەی زەرد
دەرمانو ژەهر ڕۆ کا
لەکوێ بێنم پزیشکێك
بە پەنجەی دڵسۆزانەی
دڵی کرمێو نەخۆشی
هەمووڵایەك سارێژ کا
لەکوێ بێنم تلیاکێك
مێشکی پڕ لە ناکۆکی
تا دوای ڕۆژی سەرکەوتن
هەموویان وڕو گێژ کا
کەمانێك لە کوێ بینم
تەنها لەسەر یەك ئاواز
ئەم هەموو ئاوازانەی
ئەمڕۆمان هەمووی یەك خا
بەستەیەك لەکوێ بینم
ئەم دەنگە ناسازانەی
خەریکی گەڕەلاوژێن
هەمووی بە جارێك پەك خا
خەڵکی تەواو بێزارە
دڵشکستەو خەمبارە
کەی دێتە دی، نازانم
ئەم هەموو ئاواتانە
لەوە زیاتر بێدەنگبوون
تاوانێکی تا بڵێی
ئێجگار سەختو گرانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژێك دێ وەچەی دواڕۆژ
پەڕەی ڕەش و چڵكنی
ئەم ڕۆژەمان ئەبینێ و
هەروا تاس ئەیباتەووە
هەناسە هەڵدەكێشێ و
لەناو دڵ و دەروونیا
زووخاوی خەستی خەم و
خەفەت پەنگ ئەخواتەوە
نازانێت بە چ جۆرێ
ئەم لەكەیە لا بەرێ و
ئەم لاپەڕە ڕەشانەی
مێژوومان بشواتەوە

## هەزارمێرد[١]، پیرەمەگروون[٢]، گڵەزەردە[٣]

لەندەن، ١٩٨٢/١٠/٢٠

هەزارمێرد لەبیرت ماوە، بەر لە هەزارو سێسەد ساڵ
بۆ ڕاووڕووت و بۆ دزی، لەشكری پیاوكوژو جەردە
لەژێر دروشمی ئایندا، بە هەزار ئاین و ئۆین
چۆن شاڵاوی بۆ ئەهێنای وەك لێشاوی كوللە زەردە
ئاتەشكەدەی داڕووخانی، مزگەوتەكانی سووتانی
هەرچی مەڕومالاتت بوو هەموویان برد بە تالانی
منداڵی سەربەقۆچكەیان لە بێشكەدا لێ فڕانی
بە نووكی شیر سەریان بڕی هەروەكوو قۆچی قوربانی
سەرەڕای ئەو هەموو تاوانە، باوباپیری ساویلكەمان
هەموو بوون بە كەواسووری بەر لەشكرو دوعاخوانی

[١] هەزارمێرد ئەشكەوتێكە بە شاخی بەرانانەوە بەرامبەر بە سلێمانی. مامۆستا تۆفیق وەهبی دەڵێ لەكاتی ساسانیەكان (١٠٠٠ پیاو = مێرد)ی ئازا لەوێدا خۆیان حەشاردا بوو بۆ بۆ پەلاماردانی ساسانیەكان.

[٢] پیرەمەگروون شاخێكی بەرزو سەختە لە ڕۆژئاوای سلێمانیدا.

[٣] گلە زەردە، وەكوو تۆفیق وەهبی دەڵێ (كەلە زەردە)یە، زەرد مانای شوێنی بەرزو (وەكو دەڵێن ماهی زەرد یەعتی لوتكەو تاشەبەردی بەرز). ئاوێكی تێدایە لە شوێنێكی لێژدا، لە زستاندا ئەو ئاوە دەبێ بە سەهۆڵ و دەیبەستێ، لە سەرەتای بەهاردا ئەتوێتەوە، ئەوە نیشانەی هاتنی بەهارە.

ئەو دارو شەخسەی ئەیبینی بەسەر گردو لاپاڵەوە
هەمووی گۆڕی داگیرکەرەو لێیان کردووین بە شەخس‌و پیر
ئەو کەسەی گیانی بەخت کرد لەپێناوی بستێك خاكی
لەجیاتی گوڵ‌و وەنەوشە بەرن بۆ سەر گۆڕی پاكی
هەروەکوو گۆڕە جوولەکە، ڕەجمیان ئەکرد بە بەردو تیر

پیرەمەگروون ئاگاداری، وا بزانم لەبیرت ماوە
ساویلکانە باوەڕمان کرد، چووینە خانەی کەرو گاوە
هێشتا ئێمەش تاوانبارین، هەر ئێمەش ناومان بەدناوە
وەچەی چڵێسی داگیرکەر، خۆی بە میراتگر دەزانێ
منەتمان بەسەردا دەکا، لەناو وڵاتی خۆمانا
بوێرین دەم بکەینەوەو دەس بەرین بۆ پارووە نانێ
خەیاڵی بەنگ وای لێ کردووین، بە جارێ لە خشتەی بردووین
سەرکوێری کردووین، کاروانمان لە خێڵی گەلان جێماوە
ئەو کفرەی باپیرمان کردی دووسەد جار باجی سەنراوە
کفر ئەحمەد بە ڕەحمەت بێ، دەیزانی ئەم گەزو جاوە
هەمووی کەڵەك‌و ساختەیەو هەمووی درۆو چاوڕاوە
ڕێگەی ڕاست‌و ڕەوان نەگرین، دوژمن ئەمجارە بۆی بلوێ
ڕاپێچمان دەکا بەرەو ڕووی هەڵدێری سەختی دنیاوە
ماڵ لە خاوەنماڵ حەرامەو بۆ دزو جەردە حەڵاڵە
مێژوو خۆی لێ کەڕ کردووە، هەر ئەڵێی زەرفی بەتاڵە
وشەی میدیا لە گیرفانا هەروەکوو تلیاك قاچاخە
ڕێی ڕاستی ژینمان تەلبەنگەو بۆ هەرلا بڕۆین یاساخە
ئەملا وەچەی گورگی بۆزی لەخۆبایی‌بووی کەللەڕەق
وەك گا لە پێستی خۆیدایە، دڕندەو ڕیخۆڵە بەکیش
ئەولاوی ترمان دامودەزگای کاربەدەستی پەدەرسوختی
خۆهەڵکێشی، درۆزنی، دوو هەزار ساڵەی تلیاککێش
ڕوو بکەینە کێ؟ ڕوو بکەینە کوێ؟ دەس بۆ چ ناپیاوێ بەرین
دووهەزار پرسیار بە پوولێك، تەوق لە ملمان دانەماڵین
خاك بەسەرمان هەتا ماوین، هەروا دواکەوتوو و نۆکەرین

گڵە زەردە، توانەوەی شەختەی سەهۆڵتساڵەهایە
نیشانەی وەرزی بەهارو گۆڕینی ئاووهەوایە
خوای گلە زەردە هاوارە، تیشکی خۆری بەتینت
نۆرەی توانەوەی سەهۆڵو بەستەڵەکی هەزار ساڵەی
سەهۆڵبەندانی ناو خاکی نەوەی کلۆڵی میدیایە
بەهاری هەموو میللەتێك، بە سەوزە گیاو بە گوڵیەوە
بە ئاوازو نەغمەی مەلی سەر لقو پۆپی چڵیەوە
هەموو ساڵێ سەر هەڵئەداو دارو بەرد ئەبووژێتەوە
کەی خونچەی بەهاری ئێمەش وەك هی خەڵك ئەگەشێتەوە

## بۆ "شەم"ی خۆشەویستم

جارجارە خەیاڵێکی خاو ئەمخاتە سەر ئەو سەودایەی
کونجێکی دڵم تەرخان کەم بۆ خۆشەویستیی جوانێ
بیکەم بە شوێنی خەڵوەتێك، نوێژی دڵداریی تیا بکەم
دوور لە چاوی بەدکاران هەروەکوو جێگەژوانێ
بەڵام خۆشەویستیی "شەم" دڵی وا داگیر کردووم
گەرچی خوای ڤینۆسیش بێ، ڕێگەی نییەو ناتوانێ
بە دەرگای داخراوی دڵما بێتە ژوورەوە
هەروەکوو میوانێکی خۆشەویست بۆ سەردانێ
هۆ "شەم"ی خۆشەویستم، توانجو ڕەخنەم لێ مەگرە
بمبوورەو لێو زیز مەبە، لەو تارمایی خەیاڵەم
جاربەجار وەك وڕێنەی دەم خەوی شەوی ماندوو
گیرۆدەو فریوخواردووی ئەو خەیاڵە بەتاڵەم
بەڵام ئومێدم زۆرە، وڕێنەو خەیاڵی وا
نەبێتە لەکەی پەڕەی پاکی خۆشەویستەکەم
لەسەر ئاسۆی بەڵێنو پەیمانی ڕاستیمانا
نەبێتە هۆی گومانو گەردەلوولو هەورو تەم
ئەی قیبلەی شەوو ڕۆژم، هێزی دڵو هەناوم
پەیمانی خۆشەویستیت، پەیمان بێ هەتا ماوم
نەیەڵم لەکەدار بێو قەت گەردی لێ نەنیشێ
لە دڵما بیپارێزم وەکوو گلێنەی چاوم

## ئاوارەی دوور لە وڵات[1]

١٩٨٢/١١/٢٨

هەروەکوو دۆم‌و قەرەج، هەر ڕۆژەی لە هەوارێك
دەربەدەرو ئاوارەین لە پەناو کووچەی شارێك
بێناونیشان بێ(پێناس)، بێپەساپۆرت، بێڤیزە
هەرجارەی بۆ سنوورێك ڕاومان ئەنێن بە ڕیزە
لە سمێڵ شۆڕ ڕائەکەین، ئەگەینە خاکی ڕیش پان
دڵمان خۆشە دەرباز بووین لە کوشتن‌و لە زیندان
کەچی لە گورك ڕائەکەین، وەکوو مەڕی بەسەزمان
کاتێك ئەزانین خۆمان خستە باوەشی شەیتان
برای کورد ڕیش‌و سمێڵ، پیلانی ئیستیعمارە
هەمووی بۆ هەڵچنینی سەفتەی مۆڵی دۆلارە
هەتا هەموو یەك نەگرین، ڕێگامان خوارو چەوت بێ
کردەوەمان لەگەڵ یەك وەکوو ئاگرو نەوت بێ
ئیستیعماری پیلانگێڕ پیلانی وا ساز ئەکا
هەر ڕۆژەی کورد بەجۆرێك گیرۆدەی بەراز ئەکا
تا ڕێی نەبێ بە پەنجەی ڕۆژێك سەری بخورێنێ
تەلیسم‌و جادووی دوژمن بە پلارێك بشکێنێ

## بۆ ئەو بەیانەی کە لەلایەن هێزە نیشتمانیەکانەوە دەرچوو

لە خەوا بووم، مەلی هەڵبەست
لەناو هێلانەی خەیاڵا
هەروەکوو منداڵ تۆرابوو
خرابووە ناو هێلانەوە
پەست‌و مات‌و دڵشکاو بوو
نەمئەزانی چۆن دەماری
هەست‌و هۆشی ببزوێنم،
بیخەمەوە دۆخی جاران

[1] ئەم هەڵبەستە بۆ ئەو لاوە ئاوارانە وتراوە کە لە ئەوروپادا هەر ڕۆژەی بۆ سنوورێك ڕاویان ئەنێن.

بەستەیەکی وام بۆ بڵێ
شایان بێ بە باڵای بەرزی
"شەم"ی شای شیرین ڕوخساران
سوودی نەبوو، وا تۆراو بوو
زیزو ماتو دڵشکاو بوو
لەناو هێلانەی شێواوا
ئاڵۆزکاو و لێکپچراو بوو
دووهەزار داوێن گرتنو
هەموو هەوڵو کۆششێکم
لەگەڵیا خەیاڵی خاو بوو
منیش لە داخا بە ماتی
سەری نائومێدیم نایە
سەر سەرینی نائومێدی
بەبێ ئەوەی ترووسکایی
ئومێدێك لە دڵما مابێ
کە ڕۆژێك هیوام دێتە دی
باش بوو، لەپڕ ڕاچڵەکیمو
چاوم گڵۆفت لە خەو هەستام
ڕزگارم بوو لە وڕێنەو
لە خەوی ناخۆشو بێتام
هێشتا لەناو پێخەفا بووم
ڕوانیم وا مەلی هەڵبەستم
مژدەی خۆشیو شادمانی
بە دیاری ئەداتە دەستم
کەوتە خوێندن، ئەچریکێنێ
چیی بیستووە ئەم ئاوازە
دڵگیرو خۆشەی وەك دانەی
ڕستی مرواری لە گەرووی
بە چوار دەورا هەڵئەڕژێنێ
ئای بەختی نوستوو وا دیارە

بنکەی ژین
www.zheen.org

گرێی بەختت کرایەوە
وا سەرلەنوێ مێرگی ژاکاو
گەشەی کردو بووژایەوە

ئاخۆ کام خونچەی ناو باخی
تازە بەهاری لای خۆمان
بۆنی داوە لە دەماخی
بۆیە وا سەرخۆش‌و مەستەو
بە هەر چوارپەل سەما ئەکا
لە خۆشی بۆی گوڵی باخی

یا نیگای کام خاتوو زینی
وڵاتی خۆمانی دیوە
بە نووکی برژانگی تیژی
دەزووی دەنووکی دووراوی
هەروەکوو مقەست بڕیوە
بۆیە وا گەرووی لێك نانێ‌و
ئەوی ئەیڵێ نایڵێتەوە
لە داخا (پەپوو) بێدەنگەو
وەرەی بەر داوەو بەزیوە
یا کام ئاوازی شمشاڵی
هونەرمەندێکی لاپاڵی
وڵاتی مەم‌و خاتوو زین
ژەنگی گوێچکەی ڕاماڵیوە
بۆیە وا سەرچاوەی هەستی
وەکوو کوێرەکانیی بەهار
ژیاوەتەوەو تەقیوە

ئەی گوڵ خونچەی تازە بەهار
هۆ پەری شێوەی گوڵ ڕوخسار
ئاوازی کونی شمشاڵی
لێوی هونەرمەندی ڕێبوار

دەخیلە دەستم داوێنتان
بەسیە ئیتر مەتۆرێنن
مەلی دڵشکستی هەژار
با بەس خەفەتی دووریتان
لەسەر دڵیا ببێ بە بار
با ئیتر کۆتایی خەم بێ و
شاد بێ بە دیداری بالآی
شەمی خۆشەویست و نازدار

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کاروانی شۆڕش

هاوار

بنکەی ژین
www.zheen.org

زنجیرەی (٣)

١٩٨٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێشەكی

دوای ئەوەی زنجیرەی یەكەم (یادی نیشتمان)و زنجیرەی دووهەم (هەڵبژاردە)م پێشكەش كرد، وا زنجیرەی سێهەمیش بەناوی (كاروانی شۆڕش)ەوە پێشكەش دەكەم بە ئاواتی ئەوەی زنجیرەی چوارهەمیش لە ماوەیەكی نزیكدا بڵاوبكەمەوە.

ئەم هۆنراوانەش وەك ئەوانی پێشوو، پێشكەشن بەوانەی وێڵی وشەی كوردین، پێشكەشن بەوانەی ئامانجیان سەركەوتنی نەتەوەی كوردە لە ڕێگایەكی پاكو خاوێنەوە، پێشكەشن بەو تێكۆشەرو پێشمەرگانەی گیانیان كردووە بە سوپەری پارێزگاری كوردستانو خۆیان بەخت كردووە لە پێناوی سەركەوتنی ئازادیو سەربەستیدا، پێشكەشن بەو پێشمەرگانەی هەمیشە لوولەی تفەنگیان ئاراستەی فاسشتو نۆكەرانی ئیمپریالیزمە نەك ڕوو لە سنگی ئازادیخوازیو برای كوردی خۆیان، پێشكەشن بە گیانی شەهیدانی هەموو بەشەكانی كوردستان. ئەم جارەش لێبوردن هەر داوای دەكەم بەرامبەر بە كەمو كوڕی، من خۆم بە شوانێك دائەنێم لەو چیایانەی كوردستان، بێگومان دیاری شوانیش یا شنگە یا هەڵەكۆك.

www.zheen.org

**هـــاوار**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## نەورۆزی ئەمساڵمان

**بابەکراوا، ١٩٧٤/٣/٢١**

**براکان، ئەمساڵ نەورۆزمان**
**لە ناوچەی ئازادنەکراوا**
**گوڵاڵەی سووری پێشێلە**
**لەژێر پۆستاڵی جەندرمەی**
**ڕەگەزپەرستی سەرچڵا**
**کۆرپەی برایەتیی چەن ساڵەی**
**ڕێی دووری سەختی تێکۆشان**
**کە گۆش و پەروەردەی مێشکی**
**هەزارەها شەهیدانە**
**ڕەگەزپەرست تەمایانە**
**پێشێلی کەن لەناو گڵا**
**دەیانەوێ بەرهەمی هەوڵ و برایەتی**
**ڕۆژانی سەخت و دژوارمان**
**بە گەرای کرمی فاشیستی**
**کرمێ بکرێ لەناو دڵا**
**بە تەوراسی قینی دڵیان**
**چرۆی نەمامی ئازادی**
**داپاچرێ لە پۆپەی چڵا**
**ئەو گوڵەی پەروەردەی خوێن بوو**
**لەناو چیمەنی بەهاری**
**ئازادی و بیری پیرۆزا**
**دەیانەوێ بژاکێنرێ**
**هەڵوەرێ لەژێر زریان و**
**گەردەلوول و تەپ و تۆزا**
**ئەمساڵ نەورۆزمان بێنازە**
**لە ناوچەی ئازادنەکراوا،**
**بووکی بەهاری ڕەشپۆشە**

هاوولاتی خۆڵی مردووی
بەسەر سەردا دەبارێنرێ،
هەمووی دڵگیرو خامۆشە
ئەمساڵ سەربەستی شەهیدە
بووکی سەربەستی غەمگینە
بە تکا چووەو بێهۆشە
براکان ئەمساڵ نەرۆزمان
لە ناوچەی ئازادنەکراوادا
لەژێر چاودێریی گورگایە
جەژنی نەوەی کاوەی ئەمساڵ
وا لەناو کۆڕی مەرگایە
کڵپە بڵێسەی ئاگری
نەورۆزی نەوەی زەردەشتمان
ئەمساڵ لە کۆڕی جەنگایە
لە لوولەی ڕەشاش و تۆپ و تفەنگایە
سروودی نەورۆزی ئەمساڵ
لە گەرووی پێشمەرگەکانی
لوتکەی چیاو ناو دەربەندو سەنگەرایە
سروودێکی تا سەرکەوتن
نابڕێتەوە، دەمێنێ و کۆتایی نایە
ئەمساڵ شانۆی ئاهەنگگێڕان
سەهۆڵبەندانی زۆزانە
کۆڕی ڕەشبەڵەک و چۆپی
لەژێر دەواری ئۆردووگای
پەنابەری ماڵوێرانە
کارتی جەژنە پیرۆزەمان
بەیاننامەی پڕ لە درۆی
فڕۆکەی فاشیستەکانە
چیرۆکی سەر شانۆی ئەمساڵ
چیرۆکی ئێش و ئازارو

دیمەنی تەختی سێدارەی
هەڤاڵە شەهیدەکانە

براکان دیاریی ئەمساڵمان
بۆ خزمو بۆ کەس‌وکارمان
پارچەی ئاسنی بۆمبایە
ئەلبوومی نەورۆزی ئەمساڵ
پۆستکاردو وێنەی لەیلایە
دیمەنی کۆتری پیکاسۆی
سەربڕاوو خوێناوییە
دیمەنی شەهیدەکانی
ناو بەندیخانەی بەغدایە
دیاریی ئەمساڵ، لە ناوچەی ئازادنەکراوا
نامەیەکی پێشمەرگەیە لە سەنگەردا
بۆ خۆشەویست‌و دەزگیران
دیاریی ئەمساڵ بۆ پێشمەرگە شەهیدەکان
ئیکلیلی شۆڕشی کوردە، بەناوی گەلی کوردەوە
دەخرێتە سەر گڵکۆی تازەی
شەهیدانی ڕێی کوردستان
نەورۆزی ئەمساڵ براکان
هەرچەن پڕ شین‌و شەپۆڕە
بە هەزاران پێشمەرگەو لاو
لەپێناوی ئازادیدا
شەهیدەو میوانی گۆڕە
بەڵام سەربەستی‌و ئازادی
هەروەکوو گوڵاڵە وایە
پێویستی بە تیشکی خۆرو
هەواو شنەی نەرمە بایە
ئاو، خوێنی گەشی شەهیدە
خاک، ئێسک‌و دەماری گیان

www.zheen.org

خۆر، تیشکی باوەڕی پاک‌و
شنەی با، هەوڵ‌و تێکۆشان
بۆیە ئەمجارە پێشمەرگە
خوێنی خۆی لەلا هەرزانەو
خستویێتیە سەر بەری دەستی
بە خوێن‌و بە لەش‌و گیانی
ئەمسەراوسەری کوردستان
دەپارێزێ بست بە بستی
هەتا گوڵاڵەی ئازادی‌و
سەربەستی بێنێتە بەرهەم
بیکات بە دیاری بۆ بووکی
گلێنەی هەردوو دیدەکەم

## لەدوای بەیانی ۱۱ی پڕ ئێش‌و ئازار

چۆمان، ۱۹۷٤/٤/۱۹

لە دوای بەیانی بێ‌بەری یازدەی ئازار
هەر ڕۆژێکی بە ساڵێک بوو، خۆزگە بە پار
هەر ڕۆژەی دەسڕینێک بوو
هەر ڕۆژەی بەندوباوێک بوو
هەر ڕۆژەی فڕوفێڵێک بوو
هەر ڕۆژەی چاوڕاوێک بوو
ڕۆژێک برا فەیلیەکانیان
لەم خاکە دەربەدەر دەکرد
ڕۆژێک کوردی ناو کەرکووک‌و
خانەقین‌و لای شەنگاریان
ئاوارەو قوڕبەسەر دەکرد
تاوێک "گوزار"ی پیاوکوژیان
نەخشەی ڕیشدارو قونبولەی
مێزەربەسەری بە دیاری
دەنارد بۆ لەناوبردنی

سەرکردەی شۆڕشی مەزن
ڕۆژێك لاوانی تێکۆشەر
لە ناوجەرگەی شاری بەغدا
لەلایەن دەستەی جاشەوە
ئەدرانە بەر گوللەو بۆمبا
ئیتر فێڵ بوو بەدوای فێڵا
گزی بوو بەدوای گزیدا
ڕاونانو شەڕفرۆشتن بوو
دزی بوو بەدوای دزیدا
زۆری پێنەچوو بەرهەمی
برایەتیی بەیانی ئازار
دوای چوار ساڵی پڕ لە ئەشکەنجە
مەلۆتکەیەکی ئیفلیج بوو
نیوە مردوو، نیوە زیندوو
ناشیرینو دەعەجانە
ئێسك قورس، چاو نەپشکووتوو
ئاواتی ئەم گەلی کوردە
هەروەکوو تەم ڕەوایەوە
وەك بەفری بەهار توایەوە
ئەستێرەی سەرکەلو ئاسۆی
ئاشتیی ولات کوژایەوە
دەلالو ئاگرخۆشکەری
شەڕی برایەتی کەوتەخۆ
جاشو خۆفرۆش گورج بوونەوە
کەوتنە چوار ناڵەو هاتوچۆ
ڕەگەزپەرستی فاشیستی
هەوای بایی‌بوونیان
کەوتە کەللەوە وەك جاران
ڕەشمەیان پچڕاند، تاویان دا
دەستیان کردەوە بە تاوان

www.zheen.org

هەروەکو چواردەی ڕەمەزان
جارێکی تر شەڕهەڵگیرسا
سەربازی زۆری وەك لێشاو
وەك مۆڵە مەڕ بەکێش کرا،
نەخشەکێشی کورد لەناوبەر
چڵکاوخۆرو کاسەلێسی
وەك کەواسووری بەرلەشکر
هەمووی چڤە دەی لیّ کرا
بوارێکە ئەمجارەش فاشیست
دەبێ خۆی تاقی کاتەوە
هەتا لووتی نەدا لە بەرد
دڵی تێر ئاو ناخواتەوە

## وەرامی نامەیەك[1]

چۆمان، ١٩٧٤/٤/٢٥

خۆشەویستەکەم پرسیوتە
چۆن دڵم هێنا جێت بێڵم
چۆن دڵم هێنای ناو دڵت
بە بێڵی مەینەت بکێڵم
دەپرسی چۆن منت جێهێشت
لەناو ئەو هەموو پیاوخۆرو دڕندانە
لەناو تاریك‌و نۆتەکی ئەم زیندانە
نووسیوتە دەمی دراوسێکان
وەك چیکەنە کەوتوونە کار
کە بە خێسە تێت دەڕوانن
چاوێکەو ئەبێ بە هەزار
دەپرسیت ئاخۆ ئێستاکە
لەکام بن بەردو ئەشکەوتام

[1] ئەو نامەیە بۆ برادەرێك هاتبوو لە خێزانەکەیەوە کە لە چۆمان بوو.

لەکوێ شەوو ڕۆژ ئەکەمەوە
وەکوو هەجیج کۆڵ بەکۆڵم
ئەم دێو ئەو دێ، ئەم شارەوشار
خۆشەویستەکەم ڕاست دەکەی
بەجێم هێشتی لەناو خێڵی
دڕندەو هارو پیاوخۆرا
بەجێم هێشتی بە تەنهایی
لەناو گەلەگورگی زۆرا
چونکە گیانە کە کوردم دی،
کە خاکی کوردستانم دی
پیلانو نەخشەی دەکێشن
دەزگای کەڵەكو فیشاڵی
بە ساختە بۆ دائەتاشن
لەژێر سایەی تاقمێکی
سووکی خۆفرۆشی گەلۆرا
چۆن ئەتوانم سەرم کز کەم
چۆن ڕا نەکەم؟
چۆن هەتا دوا دڵۆپی خوێن
لەناو لەشو گیانما مابێ
هەمووی بۆ کورد فیدا نەکەم
ئەو ڕۆژەی کە دوژمنی کورد
تەوقی سەری ئەدا لە بەرد
ئەو ڕۆژەی کە خۆفرۆشانی
میللەتەکەم سەرشۆڕ ئەکەن
ئەو ڕۆژەی کە پێشمەرگەکان
پیلانو نەخشەی فاشیستیو
چڵکاوخۆر گۆڕبەگۆڕ ئەکەن
ئەوسا لە تۆ یادی کۆنو
لە منیش ویردی هەڵبەستم
تا دواهەناسەم تیا مابێ

تیشکەی ژین
www.zheen.org

لەپێناوی نیشتمانا

پەیمانە ساتێك نەوەستم

## بۆ خوشکە لەیلاو هەڤاڵەکانی

چۆمان

باوك‌و دایکی خوشکە لەیلا
خوشك‌و برای خوشکە لەیلا
کەس‌وکاری هەڤاڵانی خوشکە لەیلا
فرمێسکی سوێری ناو چاوی
لێڵی قەتیسماوتان بسڕن
بە دەست‌و پەنجەی شانازی
نمی فرمێسکی گریان‌و خوێنی ناو خەتی ڕوومەتی
بە نینۆك ڕووشاوتان بسڕن
ئەم کوردستانەی ئەمڕۆمان
هەموو کچێکی لەیلایە، هەموو ژنێکی لەیلایە
هەموو لاوێکی کوردستان هەڤاڵی خوشکە لەیلایە
ناوی لەیلاو هەڤاڵانی نەخشی سەر دڵی هەموانە
لەگەڵ ناوی شۆڕشگێڕا دەمێنێ هەتا دنیایە
خوشکە لەیلا، هەڤاڵانی خوشکە لەیلا
ئەم میللەتی کوردەی ئێمە ساتێك ئێوەی لەبیر ناچێ
یادی ئێوەی هەر لەبیرەو بەوەفایە
خوشکە لەیلا، ئەو سێدارانەی هەڵیان خست
بۆ گیانی تۆو هاوڕێکانت
لەلای هەموو تێکۆشەرێك
وەکوو صەڵیبی مەسیحی بووە بە ڕەمزی تێکۆشان
بووە بە ڕەمزی باوەڕو لەخۆبوردن‌و کۆڵنەدان
بووە بە ئالاو دروشمی هەموو پێشمەرگەی کوردستان
ئەو صەڵیبە لە دواڕۆژدا
لە کوورەی کاوەی نەبەردا
سوور دەکرێتەوە بۆ داخی

ڕووی تاقمی هەلپەرستان

خوشکە لەیلا، هەڤالآنی خوشکە لەیلا
بە هەزاران تێکۆشەری کۆڵنەدەر
دەبێ ببن بە هەڵگری مەشخەڵی شۆڕشگێڕیمان
دەبێ ببن بە هەوێنی کاسەی خوێنی
ڕێگەی سەختی تێکۆشان و ڕزگاریمان
هەتا کایەی خوێن بیبەستێ
وەك یادگارێکی شۆڕش
بە شانازی هەڵی بگرین، پێشکەشی کەین
بە ڕۆژانی سەربەستیمان

خوشکە لەیلا، ئەی بووکی ناکامی قەشەنگ
ئەی دەزگیرانی هەڤاڵی ئەندامی پارتیی شۆخ وشەنگ
دەستی تاوانی فاسیشتی بە هەزاران بووك و زاوای
وەکوو ئێوەیان سزا داو هەڵیان واسین بە ناکامی
لەناو زیندانی تاریك و نووتەکی وەکوو شەوەزەنگ
وەستای سزادانی خەڵکن، پیاوکوژی زیندانەکانن
"أبو طبرة"ی شاری بەغدان، پیاوخۆرن بەناو ئینسانن

خوشکە لەیلا، ئەو پەتەی جەڕایە ملتان
هاکا بوو بە مارو ئالا لە گەردنی دوژمنانت
هاکا ئەو دارو قامچییەی لەشی ئێوەی سزا ئەدا
هەروەکوو مار بەربووە وێزەی
جەللادو دارکاریکەری ناو زیندانت
هاکا لە تۆڵەی ئەو هەموو
ئەشکەنجەو سزاو ئازارەت
نەوەی کاوە کەوتە وێزەی
گیانی دەستەی دوژمنانت

خوشکە لەیلا، هەڤالآنی خوشکە لەیلا
کوا دوژمنانی کۆنی کورد

گۆڕیان ون بوو یەك لەدوای یەكو بەنۆرە
ئەمانەش هەی خاكیان بەسەر
ئەوی بەگژ كوردا بچێت
گەرو گول دەبێ و دەتۆپێ
سەگی هار چل شەوی عومرە

## بانێكەو دوو هەوایە

چۆمان، ١٩٧٤/٦/١٦

هەرچەند دەكەم تێناگەم لەم بەندوباوە سەیرە
وەكوو پێشینان دەڵێن: بانێكەو دوو هەوایە
بۆچی ئەبێ ئازادی لە گەلی كورد حەرام بێ و
بۆ هەموو گەلانی تر داو بەرەڵلاو ڕەوایە
داوای سەربەستی دەكەین لایان كفرو حەرامە
سەرپێچییەو پیلانە، ئاژاوەیەو هەرایە،
نەخشەی كۆنەپەرستی دژی ئازادیخوایە!
بۆچی تەنها هەر لە كورد قەدەغە بێ سەربەستی
كوانی دەلالی مەبدەء، بۆچی ورتەی لێ ایە؟
ئەی سا چار چییە بۆ كورد، چ ڕێگەو شوێنێ بگرێ؟
دەبێ سەرشۆڕ بوەستێ بەرامبەر بە فاشیستی
ئەوسا دەگات بە مافی وەرگرتنی سەربەستی!
ئەگەر پێشكەوتنخوازی وەك ئەوە بێ دەیبینین
دوای ئەم هەموو خوێناوە سەرشۆڕیو ڕیسوایی بێ
لە چواردەی تەمووزەوە ئەم هەموو با بڕووخێ و
ئەم هەموو كوشتوبڕە، بۆچی بووەو بۆچی بێ؟
ئەوەی هەتا دوێنێ بوو وەستای سزاو تاوان بوو
دوژمنی هەموو دەستەی ئازادیخوای جیهان بوو
خوێنڕێژ بوو بێویژدان بوو، ئەژدەهاكی زیندان بوو
ئەو هەموو خوێنەی ڕێژرا لە چواردەی ڕەمەزانا
وەكوو هیچ ڕووی نەدابێ، هەمووی لەبیر چۆتەوە
مەبدەء بۆتە كاسبی، بۆتە سەوداو چەرچێتی

لەژێر پەردەی سەربەستیو ئازادیو تێکۆشانا
ئەوەی هەتا دوێنێ بوو چنگو پەلی بە خوێنی
گەشی لاوی نەبەردی ڕێگەی ئازادی سوور بوو
ئەوەی هەتا دوێنێ بوو، لە هەموو بیروبڕوای
مرۆڤایەتیی پاکو ڕێگەی سەربەستی دوور بوو
ئەمڕۆ لەلای تاقمێك بووە بە ئازادیخوا
بووە بە سۆشیالیستو خاوەنی بیروبڕوا
تواوەتەوە سووتاوە، پەرێشانە هەر بەدەم
دەمە سا چیت لێ کەمە، بیکە بە گاڵەو هەرا
ئەی بەیانی (١٣)ی ڕەشی (١٤)ی ڕەمەزان شایەت بە
ئەی شەمەندەفەری مردن، بڕۆ ڕامەوەستەو ڕەت بە
ئەی جەرگی ڕۆڵەی هەتیوی باوك کوژراوان لەت لەت بە
ئەی ڕۆژنامەی "ڕێی گەل" نەکەی توخنی ئەم ناوە بکەوی
لوولکراوی ناو دیوارو جێی شاراوەو دیلی پەت بە
وا تاقمێك هەرچێکیان بوو، هەموویان فرۆشت سەربەسەر
ئەم ڕەنگەیان موبارەك بێ، (ڕەنگی دیگەر باری دیگەر)
ئەی گەلی کوردی کۆڵنەدەر، گوێ مەدرە حەپەو لوورە
ئەی ڕۆشنبیری تێکۆشەر، گوێ مەگرە لەو دەنگە دوورە
لوورەی سەگوەڕ با تێکەڵ بێ لەگەڵ زەڕەی کەرو جاشا
کوردستان تەنها بۆ کوردی پاكو بێگەردو ڕووسوورە
کە وەختێ بلوێری شادی لێ درا لەناو کوردستانا
کە بانگی ئازادی هەستا لەسەر لوتکەی چیاکانا
ڕێژگاوەکان بە سەرشۆڕی کاڵەك بە ئەژنۆ ئەشکێنن
لێوی پەشیمانیو ئەنگوست دەکرۆژنو دەقرتێنن

## دەرسی مامۆستای کۆن

تەوێڵە، ١٩٧٤/٦/٢٩

کە نەزان بووین، مامۆستامان لە سەرەتای ئەلفو بێوە
دەرسی دادایـن، بۆی هەڵڕشتین وەك دارو بەردی ئەم کێوە
وشەی زۆرو شیرینو خۆش هەمووی ئەتوت شەکرە سێوە

ئێمەش کە ژەمبوردەو تینووی وشەی لەبارو قەڵەو بووین
بەینێکی زۆر بوو گیرۆدەی داوی چەسپی خەستی بەنگی
پەریو حۆریی ناو بەهەشتو نوێژو ڕۆژوو و شیرین خەو بووین
دواکەتووی کاروانی ژین بووین، هەڵتروشکاوی ڕێڕەو بووین
بەتەما بووین وشەی خۆشی گەرموگوڕی دەماربزوێن
تینو تەوژمو تاوێك بدا بە شادەماری لەشو خوێن
ڕزگارمان کا، دەربازمان کا، دەرمان بێنێ
لە زەلکاوو لە لیتاوو لە قوڕی خەستی ملشکێن
جارجار لەگەڵ خۆمدا ئەموت:
ئۆخەی باش بوو، لە قەڵەمڕەوی ژیانا
خۆم ون نەکرد، ڕێیەکم بۆ خۆم گرتە بەر
لەپێناوی خاکی پاکی نیشتمانا
لەپێناوی گەلی کوردو کوردستانا
ڕۆژێکیش دێ، ئەم هەموو دەرسە خۆشانە
کە هەموو وشەو دێڕێکی دەڵێی ئەکسیری ژیانە
ببیتە مەشخەڵی ڕاستیو میللەتەکەم ڕزگار بکا
ببیتە مەرهەمو دەرمان ئێشو ئازاری چار بکا
ڕۆژ تێپەر بوو، مانگ تێپەڕ بوو، ساڵ تێپەڕ بوو
کە وەختێ کورد بەناچاری تووشی بەندوباوی شەڕ بوو
وشەی سەربەستیو ئازادی دەرسی یەکەمو دووهەم بوو
دروشمو ویردی سەر دەمی هەمیشەی مامۆستاکەم بوو
کە ساتێك دەمم کردەوە، وتم دەمەوێ ئازاد بم
زنجیری مامۆستای کۆنم وەکوو داو دنیای لێ تەنیم
لە خەوا، لە شیرین خەوا، لە دانیشتنو ڕێڕەوا
لەتاو زرەی کۆتو زنجیر وەك مارانگاز ڕادەچڵەکیم
زنجیرم لێ ببوو بە مار، زنجیر گەردنمی ئەجەڕان
دوام کەوتبوو لە هندستانو لە بوڵغار
جێگا نەما، مامۆستای کۆن هانی نەدا
بەرامبەر بە منی هەژار
کە ساتێك دەمم کردەوە

ڕووی دەمم کردە سەربەستی
ووتم کوانێی، لە کوێی، بۆچی
وا لە بەختی مندا نوستی؟
لە دوورەوە مامۆستای کۆن لێم ڕاپەڕی
هەتا تیایا بوو قیژانیو تونگ بە هەردوو کۆڵەمستی
کێشای بەسەر تەپڵی سەرما، کەوتە وێزەم
هەموو لەشی تێك شکاندم بست بە بستی
هەرچی بەرد بوو، هەرچی دار بوو
هەرچی تێزابو فوسفۆڕو ژەهری مار بوو
هەرچی بۆمباو گوللەی تۆپو
فرۆکەو تانكو زرێلی ناهەموار بوو
هەمووی دایە دەستی دوژمن
بۆ قەلاچۆی میللەتی کورد
پیرو منداڵو پیاوو ژن
دەك خەجاڵەتو ڕووڕەشی
چینی چەوساوەو دروشمی
کۆڵنەدانو نەبەزین بن
شەرمەزاری بانگەوازی
پیرۆزی خاڵۆ لینین بن

بنکەی ژین
www.zheen.org

## لە خەستەخانەی کەوەرتێ[١]

ناوپردان

پێشمەرگەیەك لە سەنگەردا
هەموو لەشی دابێژرا بوو
هەموو لەشی لەناو خوێنا شڵپەی دەهات
بەحاڵ هەناسەی تیا مابوو
هێنایانە خەستەخانەکەی کەوەرتێ
کە وەختێك کەوتنە تیماری، هاواری کردە پزیشکێ
وتی توخوا کاکی دوکتۆر

---

[١] کەوەرتێ، خەستەخانەیەکی بچووکی شۆڕش بوو لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لەخوار ناوپردان.

سوێندت ئەدەم هێشتا جوانی
تو کوردستان، تو بارزانی
ئەگەر هاتو چاك بوومەوە
پەلەپیتکەم تۆ بڵێی لە ئێش نەوەستێ؟
کە پێی وترا، ترست نەبێ
پەلەپیتکەت بەهێزە هەروەکوو پۆڵا
لە خۆشیانا گەش بووەوەو
لەش‌و دەست‌و پەنجەی جووڵا
وەکوو لە کۆڕی جەنگا بێ
وەکوو لەناو سەنگەرا بێ
هەروەکوو بەراستی پەنجەی
لە پەلەپیتکەی تفەنگا
ئامادە بێ‌و لەکارا بێ
خێرا خێرا لە خۆشیانا
سەر پەنجەکانی ئەجووڵان
بە هێواشی بانگی دەکرد:
هۆ عەولای برام، هۆ عەولا گیان
ئۆخەی ئەمجارەش نەمردم
دەچمەوە ناو سەنگەرەکەم
بۆ پارێزگاریی کوردستان

## سڵاو بۆ پێشمەرگەکان

١٩٧٤/٨/١٤

پێشمەرگەکان، سەرکەوتنی ئەم جارەتان
مایەی شانازیی هەموانە
ساڕێژکەری زامی گوللەی زامدارانە
فۆلکلۆری لای لایەی دایکی
هەتیوی گرۆزو برسیی دەم بەیانە
ئاوات‌و هیوای ڕزگاری‌و گەڕانەوەی
ماڵ‌و خێزانی ئاوارەی ناو چادرو ئەشکەوتانە

پێشمەرگەکان، سەرکەوتنی ئەم جارەتان
هەوێنی دێڕو هۆنراوەی
ڕۆشنبیرو شاعیرانە
گۆرانیو بەستەو سروودی
سەردەمی گەنجو لاوانە
دێڕی ستران و مەلحەمەی
لاوکی ناو بادینانە
ئاوازی دەشتی هەولێرو
دیبەگەو سۆزی حەیرانە
جۆشی (ئای ئای)ی پێشمەرگەی
لاپاڵی هەیبەت سوڵتانە
سیاچەمانەو بلوێری
لوتکەی شاهۆو هەورامانە
مەقامی قەتارو خاوکەر
ئەڵڵا وەیسیی ناو گەرمیانە
بەو بەوی ناو خانەقینو
هۆرەی لوڕو باجەڵانە
سۆزی بەجۆشی دەروێشی
زەردەشتو پیری موغانە

پێشمەرگەکان، سەرکەوتنی ئەم جارەتان
دەسەسڕی فرمێسکی چاوی ئاڵۆزی
دایکی ڕۆڵەی کوژراوانە
غەمڕەوێنی دڵی ماتی
ئاوارەی خانەوێرانە
ئیلهامی خۆشیو دڵشادیو
زەردەخەنەی سەر لێوانە
سەرکەوتنی ئەم جارەتان
باربوو و یارمەتیی هەژارو
لێقەوماوو سەرگەردانە

www.zheen.org

سەرچاوەی ورەی ئازایی و
چاونەترسی و کۆڵنەدانە
پێشمەرگەکان، گڵی دیواری سەنگەرتان
کلی برژانگی کیژۆڵەی چاوەمەستانە
هەناسەی دوای نیشان پێکان
شنەی شەماڵی فێنکی
عارەقی سەر گۆنا سڕی
کوڵمی ناسك و نازدارانە
قاوغی فیشەکەکانتان
ملوانکەی نیشانەو جیازی
تازە بووك و دەزگیرانە
زامی ڕەشی سنگ و قۆڵتان
بەردە ڕەشی قیبلەگاهی نیشتمانە
لوولەی کلاشینکۆفی شانتان
چقڵی چاوی دوژمنانە
سەنگەری شەونخونیتان
قەڵای سەختی ملشکێنی
دەستەی جاش و نۆکەرانە
ڕیسواکەری بێ مبدەء و
بێباوەڕو بێئیمانە
پێشمەرگەکان، هەڵمەت و دلاوەریتان
مایەی هێزی شان و قۆڵی
کرێکاران و جووتیارانە
مایەی وزەو دەسەلات و
پتەوکردنی باوەڕی لاوان و تێکۆشەرانە
مایەی شانازی و سەربەرزیی
هەموو کوردو کوردستانە
پێشمەرگەکانی سەنگەری
کۆڕەك و دەوری سەرچیا
پێشمەرگەکانی گەرمیان و

www.zheen.org

دەوری سەفین و کێوە ڕەش
هەمیشە هەر سەرکەوتوو بن
لەپێناوی ئازادییا،
لەپێناوی سەربەستییا
پێشمەرگەکان لە ئاسۆس و
لە دهۆك و ئامێدییا
پێشمەرگەکانی ئەزمەڕو
گوێژەو سوورکێوو زمناکۆ
دلاوەرانی حەمرین و دەشتی هەولێر
لە سەختییا، لە تەختییا
دوژمنشکێن بن هەمیشە
با دوژمنتان خۆی ببینێ
لە شکان و نوشوستییا
ڕۆژێك دێ کەوا ببیستن
دەزگای ڕژێمی فاشیستی
وەك حەمامۆکی منداڵان
لەناو ببرێ و داتەپێنرێ
بە پێشێلی ئازادیخوا
لە تۆڵەی ناهەموارییا

## شۆڕشی کورد

١٩٧٤/١٠/١٢

جارێکی تر شۆڕشی کورد لە هەموو دنیای گەیان
شۆڕشی ئازادیخوازە لەپێناوی کوردستان
تا بە مافی خۆی نەگات و کۆت و زنجیر لەت نەکا
لاوی پێشمەرگەی هەمیشە تێدەکۆشێ بێوچان

تاقە بۆمبایەك لە سووچێکی جیهانا بێتە گوێ
هەرچی دنیایە بە جارێ دێتە جووڵە دەسبەجێ
چواردە ساڵە کورد بە تەنها وا لە شەڕداو ناسرەوێ
کەس نییە جارێك بپرسێ میللەتی کورد چیت دەوێ؟

تاکوو کەی خاکی بە بۆمبا دابیێژرێ تاکوو کەی
تاکوو کەی مافی ڕەوای پێشێل کرێ هەتاکوو کەی؟
نەتەوە یەکگرتوەکان کوانێ لەکوێی، کوانێ لەکوێی
بۆ لە ڕاستی مافی کوردی بەشخوراو خۆت کەڕ ئەکەی؟

لاوی کورد ڕوون بێ لەلات، تەنها بە خوێنە سەرکەوی
هەر بە بازوو و هێزی خۆتە لەم جیهانە دەرکەوی
ڕۆژی ئازادیت نزیکە، ڕۆژی سەربەستیت نزیك
هیواو ئاواتی چەند ساڵەت بەم زوانە دێتەدی

## **بۆ**: ... ع . ش

بابەکراوا، ١٩٧٤/١٠/١٩

کابرا لەلای خۆت دۆستی گەلانی    هاوڕێی هەژارو لێقەوماوانی
پاڵپشتی چینی بەشخوراوانی    هەڵگری ئالای ئاشتیی جیهانی
تومەز کەڵەك بوو، کاتێکم زانی    کۆمەکی دەستەی فاشیستەکانی

بیرتە وەك صۆفیی کەوڵ و پۆست بەشان    لێزمەی فرمێسکت بۆ من هەڵدەڕژان
بە قسەی لووس و باریك و ڕەوان    بە شیعاراتی قەبەو زل و پان
بەناو بۆ بەرزیی کوردو کوردستان    منی ساویلکەت چۆن ئەخەڵەتان؟

کورد ئەو کوردەیەو هیچ نەگۆڕاوە    ساڵەهای ساڵە بەشی خوراوە
زۆربەی هەژارو لات و چەوساوە    لە داوای مافی ڕەوای بەو لاوە
تاوانی چییە لە هەموو لاوە    دەستەی سەگ و گورگ گەمارۆی داوە
هەتا دوێنێ بوو خاوەن بەیانی    (١٣)ی ڕەش و شووم جەردەو پیاوکوژ بوو
دڕندەو هار بوو، زەرووی خوێنمژ بوو    بۆ هەموو مرۆڤ نەیارو دژ بوو
هەوێنی قین و بوو هۆی تەمومژ بوو    چۆن وا زوو گۆڕا، دیارە باوبژ بوو؟

موبارەکت بێ هەڵوێستی تازە    ئەم ڕێگە چەوتەو دەنگە ناسازە
ئەم دۆستایەتی و ڕازو نیازە    کەوا بەینێکە لەگەڵ گورگ سازە
خەیاڵ پلاوی زۆر بێئەندازە    خستوونییە هەوای لۆقەو جامبازە

خاڵۆ، لینینی و مارکسی لەکوێ    بیروباوەڕی فاشیستی لەکوێ
دیالەکیتك و ئومەمی لەکوێ    بالۆرەی ڕەگەزپەرستی لەکوێ؟

بنکەی ژین www.zheen.org

پێشکەوتنخوازی ئەگەر وەهابێ
لەناو قوڕاوی خەستو زەلکاوی
دەستەی فاشیستو جاشا چەقا بێ
دەمی ڕۆشنبیر کلیل درا بێ
زیندان بۆ دەستەی ئازادیخوا بێ
بە ڕیز سێدارەو پەت هەڵخرا بێ
دەك کۆنەپەرست ماڵی ئاوابێ؟

ئەی شەرمەزاری مێژوی بەرین بن
گاڵتەپێکراوی ڕووی سەر زەمین بن
پەنگی زەمانەو ملکەچی ژین بن
دەك خەجاڵەتی خاڵۆ لینین بن

## ئاوارەکانی سەر سنوور[1]

حاجی هۆمەران، ١٩٧٤/١١/٦

ئاوارەکان لەژێر بۆمبای فاشیستی بێئیمانو دین
لەبەر زریانو وەیشوومەو سەرمای بەربەیانی تشرین
دەستو دەمیان لەگۆ چووە، چۆقەی دانو ئەژنۆیان دێ
جێ بەخۆیان ناگرن لەبەر، تەوژمی مووچڕکەو لەرزین
مەلۆتکە سەربەقۆچکەکان دەمو لێویان شین بۆتەوە
مۆتەکەی مەرگو دایکی هاڵ وەکوو شەوە ئەیانگوشین
تێریان ناکات چۆڕە شیری بەرمەمکانی دایکی برسی
هەنسك دانەو بەتکاچوون لەجیاتی خەندەو پێکەنین
داپیرەی ئەگریجەی بژی سەرو پۆیلانە ئاڵۆزکاو
پەل دەهاوێو چنگ دەکوتێ بەناو خورجو بوخچەی شڕا
بەناو صندووقی شکاوی دەرباز بوو لە چنگی دوژمن
بەدوای پریاسکەو دەرزیدا کەوتۆتە دەریای پشکنین
کیژۆڵەی دەزگیرانداری بەزۆر لە خۆشەویست پچڕاو
لەناو گۆمی قووڵو مەنگی خەیاڵا کەوتۆتە مەلە
دەستی خستۆتە ژێر چەنەی بەرەو کۆڕی شەڕ ئەڕوانێ
چاوەڕوانی هەواڵێکە، لەمەمەوە بۆ خاتوو زین
سیپاڵی ڕزیوی کون کون، لەژێر دۆشەکی چڵکنا
شڵپەی دێ لە صابووناو و چڵکاوی ناو تەشتو سوێنە[2]

---

[1] ئەم هۆنراوەیە لەژێر دەوارێکی سەر سنووردا وتراوە لە ژوور حاجی هۆمەرانەوە.
[2] سوێنە، شتێك بوو وەکوو تەشت لەگڵ دروست ئەکراو سوور دەکرایەوە، جلیان تیادا دەشت.

ئەمەیە ڕێزلێگرتنی مرۆڤی سەدەی بیستەمین؟!
خۆڵەپەتانێی منداڵی بەڕەڵاو تۆزی بای زریان
گەردەلوول و گێژی دەم بای جێب و تراکتۆرو لۆری
تۆزی وەك كل دەم پڕ دەكا لە جێی نوقڵی ترش و شیرین
دووكەڵی دەم قەنگەی پیری پاڵكەوتووی سەر حەسیر
تەمی هەناسەی دەروونی نەتەوەی كوردی هەژارە
هەڕەشەی تۆڵە دەنێرێ بۆ دەستەی فاشیستی بێدین
دەسا دوژمن چیت پێ دەكرێ و چیت لەبارایە دەی بابێ
تۆپۆلیف و میگ و سۆخۆی، چیت لە كارایە دەی با بێ
تازە ئەم كوردە حیسابی دواڕۆژی خۆی باش دەزانێ
ناخەڵەتێ بە پەیمان و بە دروشم و گفتی شیرین
ڕۆژێكیش دێ ئەم تاوانەت، حیسابێكی سەختی بۆ بكرێ
كەڵكی نەبێ پاڕانەوەو لالانەوەو گریان و شین

## پرسیار؟

١٩٧٥/٢/١

تاكەی بانگی ئازادیی كورد
لەناو كوولەكەی تەڕا بێ[١]
لەناو شمشاڵی شكاوا
كونی ئاوازی گیرابێ
لە گەرووی وشك و تینوا،
پەنگی خواردبێ و خنكابێ
تاكەی داوای مافی ڕەوای
هەروەك ئاوازی مەلی وێڵ
لە تاریكایی شەوا بێ
ئەم میللەتە ڕەش و ڕووتە
وەك هەتیوی باوەژندار
تاكەی لەژێر چەپۆكا بێ
چاو بەرەوژێر، لەژێر باری

---

[١] لە سەرەتادا موسوڵمانەكان لە ترسی قوڕیشیەكان بە دزییەوە لە كوولەكەدا بانگیان ئەدا تا دەنگەكە زۆر نەڕوا.

دەسنگەی چاوچنۆکا بێ
لە سایەی ڕژێمی دراوسێی
ڕەگەزپەرستی ناپیاوا
هەمیشە هەر بەچۆکا بێ
وا بزانم تامی تیا نەما
دەبێ ئەمجارە گەلی کورد
قۆڵو بازووی لێ هەڵماڵی
بێپێچوپەناو چاوڕاو
وەك ڕەشەبا، پووشو پەلاش
پەردەی چیا ڕامالێ
لە سنگی ڕزیوو داوەشاو
لە ڕووی چەن ساڵەی داماڵێ
ڕۆژی تازەو ساڵی تازەو
ڕێگەی تازە دەس نیشان کا
سەرلەنوێ لاپەڕەی تازە
بۆ مێژووی تازەی تەرخان کا
شوێنی گۆرستان بۆ لاشەی
کۆنەپەرست تەختو پان کا
لەگەڵ یاری ئازادیدا
لەگەڵ بووکی سەربەستیدا
دڵداری بکا، دەس لەملان کا
کەپرو ساباتی ڕزگاری
پێشکەش خاکی کوردستان کا
دەبا دەنگی ئازادیمان
هەمیشە بەرزو زوڵاڵ بێ
دەستەی خۆفرۆشو کاسەلێس
لە داخا زوبانیان لاڵ بێ
نەخشەی دەستەی ڕەگەزپەرست
وەکوو خەیاڵی تلیاککێش
پووچ بکرێتەوەو بەتاڵ بێ

بانگی ئازادیی گەلی کورد
بانگەوازێکی ڕەوایە
دەبێ بەبێ ترس و لەرزین
ئاشکرا یکەین، دەری ببڕین
ئێمەش گەلێکین وەك گەلان
دەمانەوێ سەربەست بژین

نامانەوێ هەتا مردن
دەست و پێوەندو نۆکەر بین
نامانەوێ لەوە زیاتر
پارچە پارچەو دەسبەسەر بین
دەمانەوێ وەك میللەتان
بە کردەوە نەك بە زبان
خاوەنی خاکی خۆمان بین
لەژێر ئاڵای ئازادیدا
دەمانەوێ وەك بەشەر بین

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بۆ شاعیری هۆنراوەفرۆش

١٩٧٥/٢/١٠

لە چۆمان کۆڕێکی ئەدەبیی بچووك گیرا، ئەوانەی کە ئەندامی یەکێتیی ئەدیبانی کورد بوون و لەو ناوچەیەدا بوون، ڕێکخراوێکی نوێ پێك هێنرا. لەو کۆڕەدا ئەم هۆنراوەیەم پێشکەش کرد:

وشەی هۆنراوەت باڵای خۆت
تەڕو پاراوو پڕجۆش بێ
ڕستەی هۆنراوەت بۆ مەزەی
کۆڕی تاقمی مەینۆش بێ
دێڕی هۆنراوەت بۆ بەزم و
گۆرانی و ئاهەنگی خۆش بێ
هۆنراوەت هەمووی سەرتاسەر
بە وشەو ڕستەو دێڕیەوە

ئاوازی تیپی مۆسیقای پڕخرۆش بێ

دیوانی شیعرت باڵای خۆت
دانەی مرواریو گەوهەر بێ
هەر دێڕێکی لای خۆت لەگەڵ
مشتێك زێڕدا سەربەسەر بێ
مادام هەستت لەگەڵ هەستی
زۆربەی گەل دوورەپەرێزە
هەمووی لەلای ئەم میللەتە
وشكو بێتامو بێپێزە
مادام هۆنراوو بەرهەمت
بۆ خاکی نیشتمان نەبێ
بۆ وڵاتی سووتێنراوو
پەشێواو و وێران نەبێ
بۆ پێشمەرگەی ناو سەنگەری
ڕێی سەختو تێکۆشان نەبێ
بۆ خێزانی دەربەدەرو
ئاوارەی ناو شاران نەبێ
بۆ ڕیسواکردنی دەستەی
نۆکەرو خۆفرۆشان نەبێ
هەمووی لەلای ئەم میللەتە
پەشمو ساختەو وڕێنەیە
هەڵپەرستیو ڕێژگاوییە
ئاوی چڵکاوی سوێنەیە

من دەربەس نیم
حەز دەکەی خۆتو هەڵبەستت
خۆتو پێنووسو دیوانی پڕ لە شیعری
هەروەکوو ماستاوی خەستت
لەناو فرۆشگای بازاڕی
مەزادکردنی ویژدانا

www.zheen.org

لە ئێستگەی فاشیستەکانا
لە کۆڕی بەکرێگیراوی
هۆڵو باڕی کۆشکەکانا
لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو
ڕۆژنامەی کوردکوژەکانا
مەزاد بکرێن لەپێناوی
سوودو قازانجی گیرفانا
وشەی هەموو دێڕەکانت
وەکوو سۆنە پێمەلە بکەن
لە زەلکاوی هەلپەرستو خۆفرۆشانا
من دەربەس نیمو دڵنیام
لەلای زۆربەی ئەم میللەتە
ناوەڕۆکی شیعرەکانت
بەرهەمو ناوونیشانت
فیزو پۆزو قسەی زلو
زنجیرەی وشەی ڕەوانت
هەمووی وەکوو بڵقی سەرئاو
بە بای هەناسەی بێزاری
ڕەشوڕووتی ئەم میللەتە
نامێنێو ون ئەبێ لە چاو
ئەوەی لەلای ئەم میللەتە
ون نابێ، هەمیشە ماوە
ئەوەیە پیاوی هەلپەرست
ئەوی لەڕێی ڕاست لای دابێ
شیعرەکانی مرواریش بێ
لە گەوڕدا، لەناو سەرەنوێلکەکانا
وەك تەپاڵە هەڵچنراوە
پەڕەی دیوانی چڵکنی
لە بازاڕی کۆنەفرۆشیو
لەناو دووکانی عەتارا

لەجیاتی کا، لەجیاتی پووش
دەپەستێورێ لە کارتۆنی کۆڵو بارا
هونەر، ئەدەب، شیعر، چیرۆك،
ئەوەی بۆ گەل تەرخان بکرێ
لە باخچەی دڵی میللەتا
وەك گوڵاڵە لە بەهارا
گەشاوەیەو ڕازاوەیە
لەناو چیمەنو ناو مێرگی
پەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارا
ئەوانی تر وەکوو پووشو
پەلاشی پایزی دەم با
ڕاپێچ دەکرێن لەناو دەشتی
لماویی چۆڵو بەیارا

## ئاواتێكو فرمێسکێك

کاکە ئەگەر منو تۆ هەردوکمان پیاوی چاك بین
دڵسۆزی نیشتمان بین، بەرامبەر بەیەك پاك بین

تا ئەوکاتەی زاڵ ئەبین بەسەر هێزی دوژمنا،
ڕیشەی هەموو زۆردارێك دەردەهێنین لە بنا

وازبینین لە سەرسەختیو دووبەرەکیی ناوخۆمان
هەموو بێینە خوارەوە لە کەڵی سەختی شەیتان

قەت بڕوا ناکەم حاڵمان وەکوو حاڵی ئێستا بێ
هەتا ئەژنۆمان لەناو قوڕی خەستا چەقا بێ

## وەسیەتی باوە زەردەشت

وەسیەتی باوە زەردەشتە، هەتا ماوم لە ژیانا
پەیمانە دڵم هەر تەنها بۆ خۆشەویستی تەرخان بێ
دڵم تەنها، کێڵگەی تۆو و نەونەمامی
گوڵی مژدەو هیواو ئاواتی ژیان بێ

پەیمانە دڵم تەرخانی خۆشەویستیی مرۆڤی سەر ڕووی جیهان بێ
پەروانەو پەپوولەی دەوری
چرای سەر گۆنای ڕوومەتی مرۆڤی ڕاستو ڕەوان بێ
وەسیەتی باوە زەردەشتەو پەیمانە تا ماوە دڵم
دوور بێ لە قین، دوور بێ لە کینەی ژەهراوی
دوور بێ لە وشەی ناخۆشو دڵشکێنو
پڕ لە تانووتو بوغزاوی
وەسیەتی باوە زەردەشتەو پەیمانە هەتاکوو مابم
دڵم تەنها بۆ خۆشەویستی تەرخان بێ
هەموو ئاواتو هەوڵێکی بۆ دڵدانەوەی مرۆڤی
دڵشکاوو بەش خوراوو سەرگەردان بێ
کانگای عەشقو خۆشەویستی
هەموو مرۆڤی جیهان بێ
تابلۆی دیمەنی نەخشاوی کۆڕی ئاهەنگی ژیان بێ
نایو شمشاڵی ئاوازی بەسۆزی هونەرمەندان بێ
تەلی کەمانو دەنووکو گەرووی بولبولی خۆشخوان بێ
وەسیەتی باوە زەردەشتە قەت ڕێ نەدەم بە هیچ جۆرێ
دڵم گەردی ڕقو دوژمنایەتیی بگاتێ
قەت ڕێ نەدەم کوندە پەپووی شوومی تیا بخوێنێ ساتێ
زەویو کێڵگەی ناو دڵی ڕەش
قەت نەمامی خۆشەویستیی تیا گۆش نەبێ
پەرداخی پیسو ژەهراوی
شەرابی لەعلی گوڵڕەنگی خۆشەویستیی تیا نۆش نابێ
بە هیچ جۆرێك هیچ مرۆڤێکی دڵ خاوێن
بە خڵتەی بادەی ناحەزی سەرخۆش نابێ
مەلی خۆشخوان لەناو کەلاوەی وێرانو
قەراغ زەڵکاوی بۆگەنا
ئاوازی بەستەو گۆرانیی بەجۆش نابێ
دڵو دەروونی دەغەزار
خەندەو قاقاو پێکەنینی قەت لێ نایە

چاوی مرۆڤی قیناوی بەخوێن سوور بوو
قەت بە ڕوخسار و دیمەنی جوانو دڵگیرا هەڵنایە
دەشتی لماویو سوێرو چۆڵ، بە قرچەی نیوەڕۆی هاوین
شنەی شەماڵی لیٚ نایە
هەر سەبوونو گەردەلوولەو هەر زریانو ڕەشەبایە
نەمامی قین نە بەر دەگریٚ، نە گوڵی بۆنخۆشو جوانی
نە سایەو سێبەری دەبیٚ بۆ لەشی ماندووی ئینسان
نە مەل لەسەر پۆپەی چڵی دەخوێنیٚ بە دڵو گیان
بەری ژەهرە، ڕەگی مارە، چرۆ و گەڵای دڕكو خارە
لقو پۆپی، کەڵەمەو تەوقی گەردنی
مرۆڤی دڵ پڕ مۆرانەو مۆنو گرژو دەغەزارە
خۆشەویستی بەهرەیەکە
کردگار بە کێی ببەخشێت شادمانە
سەرمایەیە، دەستکەوتی ڕاستی ژیانە
ڕقو کینە دیاریی دەستی چەپەڵی خوای ئەهرەمەنە
خاوەنی دڵی قیناوی هەتا ماوە
نوقمی زەڵکاوی بۆگەنە

پێگەی ژین
www.zheen.org

## فیلمی ژیانو یادی نیشتمان

هەموو ڕۆژیٚ کە شێوەی تۆ وەکو خەو دێتە بەر چاوم
هەموو تۆماری ڕابردووی ژیانی پڕ لە زووخاوم

وەکوو زنجیرە چیرۆکی بەسەرهات یەك بەدوای یەکدا
هەزار یاداشتی چەن ساڵەو خەیاڵی پرشو بڵاوم

فیلمێکن لەسەر شانۆی خەمو خورپەی جگەربڕما
لەناو فرمێسکی ناوچاوی بە وێنەی گۆمی خوێناوم

دڵو مێشکم بە ناسۆرو بە ئەشکەنجە دەتاسێنن
دەپروێنن پەڕەی زەردی گوڵی ئاواتی ژاکاوم
موچڕکەی مەرگ هەموو گیانم لەسەر تا خوار دەلەرزێنیٚ

وەکوو پیرێکی پەککەوتە دەوەستێ هێزی هەنگاوم

قەڵەم وەك لاشەیی مردوو لەناو پەنجەی لەگۆچووما

بەلادا دێ بەرەو کۆشی پەڕەی پەرپووت و شێواوم

هەموو ساتێکی ناخۆشیت شەرابی مەرگە دەینۆشم

چ ژینێکە خوا سا داد، لە گێژی ژینا داماوم

پەرەی ژینێکی پڕ ئازار، لە چارەی ڕەشما نووسراوە

لە لام وایە هەتا مردن بە بەختی ڕەشدا ئالاوم

دەسا ئەی بەختی بێچارەو خەیاڵی مێشکی تاساوم

دەبێ بەرگەی هەزار دەردی وەها بگرن هەتا ماوم

لەدوای مردن مەگەر دۆستێك لەسەر گۆڕم بە دڵسۆزی

بە دووسێ دێڕ بکا باسی ژیانی پڕ لە زووخاوم

### دەرسی مامۆستای فاشیستی

پیرە شەیتان، کە وەختێك دەرسی شەیتانی

دەڵێتەوە بە شاگردی

ڕێگەی ژین
www.zheen.org

پێی دەڵێ: نەکەی دڵ نەرم بی

نەکەی ڕێگەی لێبوردن بەی لەناو دڵتا جێی بێتەوە

نەکەی قەت گیرۆدەی داوی

بێوەیی و بەزەیی و شەرم بی

هەتا دڵت وەك بەرد وابێ

ڕەق و سەخت بێ، وەکوو ئاسن و پۆڵا بێ

زبر بێ هەروەکوو بڕبەنگ

جگەربڕ بێ هەروەکوو نەشتەرو چەقۆ

کاریگەر بێ وەکوو تفەنگ

دەماربڕ بێ وەکوو مقەست

لەش‌دابێژ بێ وەك ساچمەزەنگ

ئەوە نیشانەی دانایی و وریایی و وەستایەتیتە

مانای بلیمەتی و لەباری سەرکەوتن و پیاوەتیتە

ئەم دەرسانەت گەر لەبەربێ هەمووی ڕەوانکەی وەکوو من
گوێ نەدەیتە پلارو توانج و سەرزەنشتی بێسەروبن
هەتا ماوی هەر سەرۆك و هەر سەرکردەو قارەمانی
هەر پێشڕەوو بەناوبانگ و شۆڕەسواری ناو مەیدانی
ئەمە دەرست بێ تا ماوی، قەت لەبیرت نەچێتەوە
نەکەی هیچ بیروباوەڕێك ئەم پەندەت بیر بەرێتەوە

ئاهورەمزەد لە دوورەوە لە پیرە شەیتان ڕاپەڕی
خۆی پێ نەگیرا تێی خوڕی، بەرگی بێدەنگیی دادڕی
وتی: دەك هەر خۆت بەخۆت بی
ئەی ماکی پیسی و دووڕوویی و دڵڕەقی و قین و بەدکاری
ئەوە بەشت بێ تا ماوی، خشت بە باڵاتا بڕابێ
کاڵای خوێنڕێژی و ناپیاوی و نالەباری و دەغەزاری
ئەو دڵەی پەروەردەی ژەهرو گۆشگراوی ڕق و کینە
تینووی خوێنی بێتاوان و هەموو مرۆڤێکی پاك و
خاوەن باوەڕو ئایینە
کاتێکت زانی ئەو دڵە، پشکۆی باوەڕی پتەوو
پاك و خاوێنی پیا چزا
لەناو لاشەی کرمەڕێزتا
وردە وردە بۆگەنی کردو داڕزا
ئەوسا لە گوێ زەلکاوێکا، کام سەرەنوێلك زۆر پیسە
کام جێگا کە گۆڕستانی لاکی مرۆڤی نەگریسە
ئەوێ شوێن و سەرەنوێلکی لاکی کرمەڕێزی تۆیە
خۆراکی مارو مێروولەو داڵی کەرخۆرو هەڵۆیە
لەو شوێنەدا پەیکەرێکی شایەن بە خوو و ڕەفتارت بێ
پڕبەپیستی بیروبڕواو ڕەوشتی نالەبارت بێ
وێنەی شەیتانێکی پیسی هەروەکوو خۆت بۆ بتاشن
تا وەچەی ئێستەو دواڕۆژیش لاپەڕەی مێژووت بناسن

www.zheen.org

## هەناران‌و مەناران

(هەناران‌و مەناران، یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیرو هەژاران)[1]

قوڕ بەسەر پیاوی هەژار، ئەگەر بە تەمای خوا بێ
دەبێ هەتاکوو ماوە سەرگەردان‌و ڕیسوا بێ
بێشێو سەر بنێتەوەو گوێ نەداتێ گەدا بێ
فێری سك هەڵگوشین بێ‌و بە وشکەمزی ڕابێ
گەدایی دەروێشییە، دەروێشیش هەر بۆ خوایە
توێشوو بۆ ڕێگەی بەهەشت پاڕانەوەو دوعایە
هەمووی پەشم‌و بێکەڵکە دەوڵەتی ئەم دنیایە
پارە بە کەڵکی چی دێ، چڵکی دەستەو بەڵایە!
ئەمانە هەمووی دەرس‌و پەندی پیرە وەستایە
ژەهرو تلیاك‌و بەنگە، خەوی مەرگی لەدوایە

هەناران‌و مەناران، یاخوا داکاتە باران، بۆ فەقیرو هەژاران
سەرمایەداری خوێنمژ، بباری یا نەباری
چەوسانەوەی هەژاری بۆ مابێ بەسییە جارێ
ئەگەر لە خشتەی نەبەن دەم هەراش‌و چەنەباز
کەرەو ماست‌و پەنیرو دۆی لێ نابڕێ مانگاباز
نوێژو ڕۆژوو و قیامەت، بەهەشت‌و خوا بۆ هەژار
ڕابواردن‌و پارەی مفت بۆ چینی سەرمایەدار
نوشتەو دوعای چاوەزار، خەڵاتی لات‌و لووتە
خشت لەگەڵ ساویلکەیی بیروباوەڕیا جووتە
نەخشەی پیرە وەستایە، بۆ زۆڵی‌و ڕاووڕووتە
ئەو بیکات‌و ئەم بیخوا، بابۆڵەی نەرمە قووتە
ئای لەو ساختەچێتییەو دووڕوویی‌و فڕوفێڵە
کە پیاوی لات‌و چەوساو لەناو کەڵەکیا وێڵە

هەناران‌و مەناران، یاخوا داکاتە باران، بۆ فەقیرو هەژاران
وایان لە هەژار گەیاند، هەژاری بەشی خوایە
ئەوی پێی ڕازی نەبێت فەرمەسۆن‌و گومڕایە

---

[1] فۆلکلۆرێکی کۆنی کوردییە، لەکاتی باران نەبارینیدا منداڵان کۆدەبوونەوەو بە کۆڵانانا دەیانوت.

کفرەو نائومێدییەو ئاژاوەیەو هەرایە
ئای لەو تلیاكو بەنگەی ئەم خەڵكەیان پێ گێژ کرد
ساڵەهایە بە چەسپێ جێیان بە هەژار لێژ کرد
بە بەردە هەسانی لووس ژێر پێیان بەردەڕێژ کرد
هەژاری چەوسێنراوە سەد ساڵ دەم بە دوعا بێ
دوژمنی خۆی نەناسێت وەکوو لە گوێی گادا بی
دەبێ لە قوڕی خەستا تا تەوقی سەر چەقابێ
تا ماوە قەت خاوەنی لەتێك نانی خۆی نابێ

(هەناران‌و مەناران، یاخو داکاتە باران، بۆ فەقیرو هەژاران)
هەژار هەتا لای وابێ، هەژاری بەشی خوایە
ڕێگەی نان پەیداکردن پاڕانەوەو دوعایە
سەرمایەداری خوێنمژ بێتاوان‌و خەتایە
هەتا ماوە هەر لاتەو هەر برسییەو گەدایە
بەشخوراوو دۆڕاوو دۆشداماوی ڕێگایە
ئەوی کە چەوسێنەری هەژاری چەوسێنراوە
خوا نییە، ئەوەی کەوا لەلای وابێ ڕێژگاوە
ساویلکەیەو نەزانەو هەڵەیەو خەڵەتاوە
www.zheen.org
دوژمنی ڕاستی هەژار چینی سەرمایەدارە
دوژمنی پێشکەوتن‌و ڕزگاربوونی هەژارە
کۆسپە، بەرهەڵستییە، خوێنمژو تاوانبارە
ماکی کۆنەپەرستی‌و هەوێنی برسێتییە
دووپشکە، زەردە مارە، قەت ئامانی بۆ نییە

(هەناران‌و مەناران، یاخوا داکاتە باران، بۆ فەقیرو هەژاران)
ئێمەی کوردی بەشخوراو هەموومان هەر هەژارین
دیلی سەرمایەدارو چەوسێنراوی زۆردارین
هەزار ساڵ دوعاگۆ بین، دەست پان کەینەوە لە خوا
ئەگەر خۆمان هیچ نەبین گورگ‌و بەراز دەمانخوا
خوا قەت ناڵێت دەبێ کورد نۆکەری سێ ئاغا بێ
بە نۆکەریش ڕازای بێ‌و دایم دەم بەدوعا بێ

نەچیتە سەر ئەو ڕێیەی میللەتان گرتیانە بەر
هەتا ماوە ژێردەستەو نۆکەرە خاکی بەسەر
هەتا ماوە باراشی هەمووی ببات بۆ ئاشی
بارێکی ڕێکوپێکی لێ ناماڵێت بە باشی
(جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ، تەدبیر بکەن بە بێدەنگ)
(ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن، تۆپ و تفەنگ و هاوان)
(پاڕانەوەو تەوەکول لەم عەسرە پارە ناکا)
(تیرە دوعایی جەوشەن، پەیکانە حیرسی مەیدان)[1]

## مافی چارەنووسی کورد

من کوردم و خەڵکی وڵاتی کوردستانم
من وەك هەموو گەلێکی تر خاوەن مێژوو و زبانم
بۆ مافی چارەنووس هەمیشە بێوچانم
بە ڕۆژو شەو خەریکی خەبات و تێکۆشانم
بەرەنگاری چەوسێنەری ئینسانم
بەرەنگاری داگیرکەری وڵات و نیشتمانم
ئیتر بۆچی پێت ناخۆشە بڵێم من کورد زبانم
هەرچەن ئەکەم تێناگەم و نازانم؟
منیش هەروەك ئەوانەی لە جیهانا
خاوەن ئاڵاو سنووری تایبەتی خۆیانن
چاوەڕوانم، سنوورێکی خۆم هەبێ
سەربەست بژیم لەناو کۆڕی ژیانا
من بۆ دیل بم، تۆ ئازاد بی؟
من بۆ کەساس بم، تۆ شاد بی
منیش وەکوو تۆ ئینسانم
ئیتر بۆچی پێت ناخۆشە
داوای مافی خوراوم کەم
بە پێنووس و زبانم

[1] ئەو چوار نیوە دێڕەی ناو کەوانەکان هی شاعیری نیشتمانپەروەری بەرز "حاجی قادری کۆیی"یە.

هەرچەن ئەکەم تێناگەمو نازانم؟
من قەت ڕقم لە کەس نییە، بۆیە ئیجگار پێم ناخۆشە
بەخۆڕایی خەڵکیش ڕقی لە من بێ
من دوژمنی هیچ کەسێك نیم، بۆیە تەواو پێم ناخۆشە
هیچ کەسێکیش لەگەڵ مندا دوژمن بێ
هەموو کەسێکم خۆش دەوێ خۆشی بوێم بە ڕاستی
کە ناوی کوردیان لا هێنا، ڕووگرژ نەکا لە عاستی
ئیتر بۆچی پێت ناخۆشە، بڵێم من کورد زبانم
هەرچەن ئەکەم تێناگەمو نازانم؟!
تۆ مێژووی خۆت بە دڵی خۆت دەنووسی
دوو هەزار قسەو درۆی زل دائەتاشی
چۆنت بوێ بە شێنەیی و لەسەرخۆ
خواستی دڵت دادەڕێژی بە باشی
کە من ویستم ئەو تاوانەی لێم کراوە
یەك لەدوای یەك ڕاستو دروست تۆمار کەم
هەرچی هەیە لە گەردنو لە ئەستۆی
تاوانبارو دەستەی فاشیستی بار کەم
دەقیژێنی و بە ڕووما هەڵدەشاخێی
لەپێشدا بە پارەو کورسی هەوڵ ئەدەی بمخەڵەتێنی
کە خۆم نەفرۆشت، دەمترسێنی و دەمتۆقێنی
سەری پەنجەم دەقرتێنی، نووکی قەڵەمم دەشکێنی
چنگت لە قوڕگم گیر دەکەی، دەمتاسێنی
لێم ناگەڕێی تا بتوانی دەمرەتینی
چۆن بێدەنگ بم لەم تاوانە، منیش وەکوو تۆ ئینسانم
هەرچەن ئەکەم تێناگەمو نازانم؟!
ئێجگار هەڵەی گەر لات وابێ وەکوو سەهۆڵ ئەتوێمەوە
ئێجگار هەڵەی گەر لات وابێ
هەروەکوو مۆم ئەتوێمەوەو ئەکوژێمەوە
ناتوێمەوەو ناکوژێمەوەو نابڕێمەوە
هەتا ماوم وەك منداڵی بەرمەمکانە

چنگ بەرنادەم لە دایکی نیشتمانم
ئیتر تاکەی لەم ڕاستییە تێناگەی
هەرچەن ئەکەم تێناگەمو نازانم

من نیشتمانی خۆم هەیە، زمانی زگماکی خۆم هەیە
مێژووی گەلێکی چەوساوو بێبەش و ڕەنجەڕۆم هەیە
یەك ئامانج و یەك باوەڕو یەك زبانین
بۆ چارەنووسی دواڕۆژمان
بە جەماوەر خەریکی تێکۆشانین
ئیتر بۆچی ڕوو گرژ ئەکەی، پەست ئەبی
بڵێم کوردم، کوردستانە وڵات و نیشتمانم
هەرچەن ئەکەم تێناگەمو نازانم؟

پەڕەی مێژووم دەری خستووە من گەلێکی بێتاوانم
بپرسن لە دەشت و چیاو چەمو دۆڵی کوردستانم
مافی کەسم نەخواردووە، چاوم نەبڕیوەتە هیچ کەس
بپرسن لە مانگ و هەورو لە ئەستێرەو لە ئاسمانم
من دڕندە نیم، ئینسانم، ئینسانێکی بێتاوانم
چاوچنۆك نیم، من بێوەی و بەسەزمانم
ئیتر بۆچی، ساڵەهایە لێم تێناگەی
هەرچەن ئەکەم تێناگەمو نازانم؟!

پێت خۆش بێ، یا پێت ناخۆش بێ
بمترسێنی، دەتترسێنم
بمشکێنی، دەتشکێنم
کۆڵنادەم تا دەتبەزێنم
هەتا دوا دڵۆپی خوێنم
بۆ کوردستانم دەڕژێنم

تاکەی بەرۆکم بەرنادەی
منیش وەکو تۆ ئینسانم
من وەکوو تۆ دڕندە نیم
من بێوەی و بێتاوانم

هەتاكوو كەی لە من ناگەی
هەرچەن ئەكەم تێناگەمو نازانم؟!

## گێژاو

ئەگەر وڵاتێك مابێ نەگبەتو سەرگەردان بێ
بەشخوراوو پارچە پارچەو سەرو خواری وێران بێ

ئەگەر لە ڕووی زەمیندا گەلێكی داماو مابێ
لە مافی چارەنووسی، تەواو بێبەش كرابێ

تەنها هەر كوردستانەو گەلی كوردی كەساسە
ساڵەهایە چەوساوەی دوژمنی خوانەناسە

بۆ نەگبەتیو داماویو كەساسی گۆش كراوە
بەرگی نەهاتیو شوومی خشت بە باڵای بڕاوە

ئەگەر بەڕێكەوت بەردێك لە ئاسمان كەوتە خوارێ
بۆ نەگبەتی بە تەپڵی سەری كوردا دەبارێ

ئەملا دەكا ئاگرە، ئەولا دەكا لافاوە
بۆ هەلایەك مل دەنێن چەقی ڕێی لێ گیراوە

دوژمنی دەوری هەمووی ڕێویو گورگو بەرازن
هەموو دووڕوو و ساختەچیو بێئامانو فێڵبازن

هەمووی خوێنەخوێی یەكن، لەگەڵ یەكتر دوژمنن
ڕاستیان لەبارا نییە، كەڵەكچینو درۆزنن

بەڵام هەر ناوی كوردو كوردستانیان لا هێنرا
هەموو لەگەڵ یەكتردا دەبن بە باوكو برا

بۆ قەڵاچۆی گەلی كورد لەگەڵ یەكتردا سازن
بۆ لەناوبردنی كورد یەكدەنگو یەك ئاوازن

دەسا ئەی كوردی كەساس كە تۆ ئەمە حاڵت بێ
گورگو بەرازو ڕێوی دراوسێو هاوماڵت بێ

تێناگەم چۆن متمانە بە قسەو پەیمانیان ئەكەی
هەتا وا ساویلكە بی، تا ماوی بە هیچ ناگەی

## هەڵبەستی قاچاخ

دێڕەکانم لەناو ماڵا ئەشارمەوە
لەژێر خشتا، لە سەکۆو کەل‌و قوژبنا
لەناو تاقی سواغدراو و ناو دیوارا
لە هەر شوێنێکدا لام وابێ چنگی دوژمنی ناگاتێ
لە درزو پەناو پاسارا
ئەگەر بیبەم لەگەڵ خۆما بۆ هەرلایەك
هەروەکوو بەنگ وەك هێرویین وەکوو تلیاك
لە پیشتێنا دەیشارمەوە
هەتا یاساوڵی دەستەی دڕندەو پیاوکوژو ناپیاو
لێم نەسێنن، نەیدڕنین
لەسەر دێڕێك لەو دێڕانە
خۆم‌و هەموو خێزانەکەم
بە بیانووی تاوانی دژی (بیری شۆڕش!) نەخنکێنن
چونکە ئەمڕۆ هەموو دێڕێك
پەخشان بێ یاخود هەڵبەست بێ
دەبێ هەر بۆ پیاهەڵدانی
پیاوکوژو جەردە مەبەست بێ
دەبێ هەمووی لەسەر تا خوار
هەروەکوو ماستاوی خەست بێ
هۆنراوەکانم قاچاخن
ڕێی بڵاوکردنەوەیان نییە
لەگەڵ ئامانجی فاشیستا یەك ناکەوێ
سەرەڕۆیە، دەستەمۆ نابێ یاخییە

دێڕەکانم، زۆربەی قاچاخە وەك تلیاك
هەروەکوو بەنگ، وەك هیرۆیین
ئەوی لای بێ قاچاخچییە تاوانبارە وەکوو دزین
دێڕەکانی هەمووی قاچاخ‌و یاساغن
هەروەکوو تلیاك، وەکوو بەنگ

وەك ئەو گوللەو نارنجۆكەی
دەنێرریّ بۆ ناو سەنگەرو
بۆ پێشمەرگەی ناو كۆڕی جەنگ
دەسا ئەی دێڕی خاوێنی دوور لە گەردو لەكەو تانووت
تۆ كە سەرمایەی ژیانو پوختەی بەرهەمی بڕوامی
تیشكی ڕووناكیو ئەستێرەی ئاسمانی بەرزی هیوامی
خۆت بگرە ئارامت ببیّ، دنیا هەروا تاریك نابیّ
ڕێگەی ڕزگاربوون هەتا سەر كووڕو سەختو باریك نابیّ
هاكا كاروانی ئازادیو ڕزگاربوون گەیشتە دەم كەل
چریكەی سەربەستی لە گەرووی هەموو لاوێكی تێكۆشەر
بەناو هەموو نیشتمانا بەرز بوەوە
وەكوو چریكەو ئاوازی مەل
ئەوسایە تۆش دەستێكی پاك
بەبیّ ترسو بەرهەڵستی
چاپت دەكاو دەگەیتە دەس
هەموو كەسێك بە سەربەستی

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ڕازی دەروون

**پێشكەش بە ڕەسول حەمزە تۆف بیّ**

كاك ڕەسولی حەمزە تۆفی
شاعیری گوندی (تسادا)ی
زمان (ئاڤاری)ی داغستان
هەرچەن بەدیمەن لێم دووری
بەڵام بە گیان لێت نزیكم
وەك برسییەك چاو بڕێتە
نانەوایەك بۆ لەتیّ نان
بمبوورە وا ڕەپو ڕەوان
وەكوو شوانێك بانگت دەكەم
هەروەكوو شوانێكی ناو ڕان
بەداخەوە دەنگی هۆرەم

ناگاتە گوێت لەبەر دووری
تا بەتەواوی تێبگەی
لە ڕازی دەروونی منی
ئاورەو دوور لە نیشتمان
منیش وەکوو تۆ شاخاویم
لە گوندێکی ناوچەی سیوەیل
لە شارباژێڕ، لە کوردستان
چیا هەرچەن پڕ لە پێچی
لوتکەی لە ئاسمان چەقاوە
بەڵام ژیان و هەڵکردی
ڕاست و ڕەوان و بێ پێچ و
بێ فێڵ و بێ چاوڕاوە
بۆیە وا نووکی پێنووسی
چیایی ڕاست و بێ فێڵە
وەك دێوانەی کەشکۆڵ بەدەس
مێملی وشەی خاوێنەو
بەدوایا دەگەڕێ و وێڵە
کتێبی داغستانەکەت
هەموو وشەو ڕستەیەکی
خونچە گوڵی ناو چەمەنە
نەك گوڵی ساختەی کاغەزی
بەدیمەن جوان و بێ بۆنی
دروستکراوو ناڕەسەنە
گوڵی بۆنخۆشی ناو باغی
داغستانە دڵگیرەکەت
کارێکی وای کرد لە گیانم
وا سەرخۆش و مەستی کردم
بەجارێك هەستی هەژاندم
وەك منداڵ کەوتمە گاگۆڵکێ
پەلم کوتا بۆ چەن دێڕێ

www.zheen.org

تا نەختێك دایمرکێنمەوە
کوڵی جۆشخواردووی گریانم
دێڕی مەبەست لێم یاخی بوو
نەگەییە فریای هاوارو
ناڵەی دڵی پڕ لە ژانم
تای خەیاڵ وا ئاڵۆزکاو بوو
هەرچەندم کرد نەکرایەوە
نە بە پەنجەو نە بە دانم
پڕبەدڵ ئاواتەخواز بووم
چەپکێك گوڵی بۆنخۆشی جوان
لە باخچەی بەرهەمت بچنم
بیخەمە ناو گوڵدانەوە
هەرچەندم کرد دڵم نەهات
زۆر ترسام لەوەی بڕاکێ
بەدەس چنگ‌و پەلی ناشیی
وەکوو منی نەزانەوە
هەموو وشەو ڕستەیەکی
داغستانە ئازیزەکەت
زامی کۆنی کولانمەوە
یادی ڕۆژانی جارانی
منداڵیی بیر هێنامەوە
یادی ئەو ڕۆژانەی وەك مەل
بێترس ئەم دا لە شەقەی باڵ
دۆڵ‌و نشێوو دەربەندم
دارو بەردی دەپشکنی
تا دارستانی قەد لاپاڵ
بەڵام ئێستە ئەو وڵاتە
هێندە شێواوو وێرانە
ئەو شتەی کە زۆر هەرزانە
تەنها هەر نرخی ئینسانە

www.zheen.org

ئەگەرچی تۆش لە لاویتا
وەك زۆربەی ڕۆڵەی داغستان
تامی ئەشکەنجەت چێشتبوو
نالاندبووت لەژێر باری
بێگارو ئەرك‌و زوڵمی خان
بەلأم ئێستە بە کامی دڵ
وەکوو مەل لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
خۆت تێر دەکەی لە شیلەی گوڵ
بەبێ‌ترسی دڕك‌و چقڵ
هەموو بەرهەم‌و نووسینت
شێوەو شەقڵی داغستانی
پێوەیە وەم مارکەی کارگە
باسی هەر ڕووداوێك بکەی
دەگەڕێتەوە بۆ (تسادا)
بە خۆت‌و بە کۆڵی دیاریی
ناو هەمانەو خورج‌و بارگە
وەفاداری بۆ نیشتمان
سەربڵندی‌و ڕووسووریيە
کەمتەرخەمی‌و لەیادچوونی
شەرمەزاری‌و شوورەییە
خۆزگە وەك تۆ خواپێداوو
بەختەوەرو سەربەست ئەبووم
لەژێر ئالأی نیشتمانا
بێ ترسی زۆردار پشتێنێ
دڵنیاییم ئەکردەوە
لە کۆڕی دۆست‌و خزمانا
بەلأم هێشتا لەلای ئێمە
نووسینی وەك نوسینی تۆ
لە گەلێ شوێنی کوردستان
تەنها باسی کوردی تیا بێ

قاچاخە وەك تلياكو بەنگ
پەنجای پێ دەخرێتە زیندان
ئێمەی کوردی لە ماف بێبەش
لەو وڵاتی کوردستانە
گیرۆدەی داگیرکەری واین
هەم خانی ناخانەدانە
هەم ئەڵقەلەگوێو ملکەچە
بۆ ئیستیعمارو بێگانە

## بووکی ناکام

زۆر دەمێك بوو بەپەرۆش بووم
هەستو خەیاڵو پێنووسم
جۆش بسێنێ بە ئارەزوو و کامی دڵ
بۆ هەڵبەستێك کە شایان بێ
بۆ بووکی هیواو ئاواتی دڵی تامەزرۆی پڕ لەکوڵ
بەر لەوەی مۆتەکەی مەرگ چنگی شوومیم لێ گیر کاو
هیواو ئاواتی چەند ساڵەم لەگەڵ خۆم بەرمە ناو گڵ
جارجار بە خەیاڵی خۆم
ئەکەوتمە خولیای پێمەلەی
دەریای هەستو خەیاڵم
بۆ ڕستێك دانەی مرواری،
بۆ گەردنی بووکی هیواو
ئاواتی ساڵەهای ساڵم
هەتا گەردانەی مرواری لەسەر سنگی نەرمو شلی
بە زەردەخەنەی سەر لێوو
بە پرشنگی دڵئەنگێوی
چاوی ڕەشی پڕ لە کلی
دڵی خەفەتبارو تینووم نەختێك تێنوێتی بشکێنێ
بە ڕشێنەی وردە ئاونگ دڵی پەژموردەو وشك بووم

پاراو کا، لە چنگی مردن ڕزگاری کاو دەری بێنێ
بەڵام ئەفسووس، هەزار ئەفسووس
پێنووسی کولو ماندووی لە هەستو هۆش جێماوم
بە هیچ جۆرێك ڕام نەئەبوو بۆ نووسینی
زنجیرەی هەستو هۆشی ئاڵۆزکاوو پچراوم
پێنووسی سستو ماندووم وەکوو ئارەزووم ئەکرد
بۆ نەئەهاتە جووڵە، لە زنجیرەی هەڵبەستا
شل نەئەبوو بۆ نووسین لە سنووری مەبەستا
ناچار بووم وەکوو منداڵ کەوتمە گاگۆڵکێی ناوماڵ
لە هەر پەناو پاسارێك چنگم کوتا بۆ دێڕێ
تا هۆنراوەیەك ساز کەم بۆ وڵاتی داماوم
هۆنراوەیەکی وابێ کە بە دیاری بژمێررێ
ڕوانیم بەری پەلکوتان هەمووی وردە پریاسکەو
هەمووی سەرە بڕشتی کۆنی ناو بوخچەو تاقە،
بە خەیاڵ لەپڕ بووکێك لە خەیاڵما جێگیر بوو
بووکێکم ڕازاندەوەو کوڵی دڵی جوشخواردووم
بەو بووکە وەکوو منداڵ تاوێك بێدەنگ بوو، ژیر بوو
ویستم بووکی خەیاڵم، لە جۆلانەی خەیاڵا
نەختێك هەروەکوو منداڵ ڕاژەنم بە پەنجەی دڵ
کۆڕی ئاهەنگێك سازکەم بۆ شاییو بۆ هەڵپەرکێی
بووکی ئاواتی دڵی گەرمو بەجۆشو کۆڵ
سەیرم کرد بووکی خەیاڵ بە بەرگو بە پۆشتەنی
سەرتاپای ڕازاوە بوو بە جلوبەرگی نەرما
بەڵام بە شێوەو دیمەن ڕەنگ زەردو خەفەتبار بوو
سەر سنگی شڵپەی ئەهات لەژێر فرمێسکی گەرما
لە داخی بووکی ماتو لەتاو کزیو بێدەنگی
لە خەفەتو مەراقو لێوبەباریو بێدەنگی
هۆشو گۆشم نەمابوو، ئارامم لێ بڕابوو،
هەناسەم نۆرەی ئەکرد لەناو دەروونی گەرما
لە داخانا ئەمکێشا بە هەردوو دەس بەسەرما

چۆن ئەبێ بووك ڕازاوە بێو بە بەرگ بە تانوپۆ بێ
شەوی بووکێنی ماتو کزو بێڕەنگوبۆ بێ؟!
پیا چوومەوە بە بووکا، بە بەرگو بە پێڵاوا
بە ڕوخسارو بە شێوەی کزی زەرد هەڵگەڕاوا
سەیرم کرد شێوەی بووکم، بەرگو پۆشتەنیی بەری
هەر یەکەم لە دیمەنو بەسەرهاتێك بیستووە
لە هەر شێوەو دیمەنێك شتێکم لێ خواستووە
کەوای قەنەوزی شین، سوخمەو دوگمەو قەیتانی
مێخەكو سملو بۆنی حەتحەتۆکەی ناوشانی
ئاوێنەو کلو کلتوور، زەنگیانەو بەرو بەرموور
پێچراوەی ناو پریاسکەی ناو باخەڵو گیرفانی
ئەمانە یادگاری خانەوادەی زۆر کۆنن
بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی تازە بووکی ئازادی
لەبەریان کا بۆ شاییو زەماوەندو هەڵپەڕکێی
ڕۆژی ئازادیی گەلو ڕزگاریی نیشتمانی
سەیرم کرد تارای بووکم
تارای بووکی ناکامی کەساسو دڵشکاوە
تارای قەد نەشکاوی
بووکی دەزگیرانداری زاوای تازە خنکاوە
ڕەنگی سووری تارای بووك خوێنی گەشی زاوایە
بە گوللەی دەستی زۆردار، بە شەوی زاوایەتی
بەسەر تارای ڕووپۆشی تازە بووکا ڕژاوە
دەسماڵی ڕەنگینی کۆڵ بە پەنجەی هەرەوەزی
کیژۆڵەی هەرزەکاری شەوی کۆڕی ماڵی بووك
بەر لە شەوی ڕەشبگیر پوولەکە ڕیز کراوە
سەرپێچ، سەرپێچی دایکی
کوڕی تاقانەو جوانی لە زیندانا کوژراوە
گوڵی پۆیلانەی سەری بە چەپۆکی گەرمەشین
وەکوو بەرەزای ژاکاو سیسو چرچو ژاکاوە
متو مووروو، ملوانکە، گوارەو بازنو پشتێن

هی کیژۆڵەی ئاوارەی لە وڵات دوورخراوە
لەناو بوخچەی ناو تاقی خانەی وێرانو چۆڵا
لە بیرچووەو جێماوە
کراسی شینی ئاودامان
هی خزمو کەسوکاری تێکۆشەری خنکاوە
پیلاوی پێی پانیەبەرز
راسپاردەی، تایبەتی وەستای پانیبەرزدروو
لە یەغدانی ناو ماڵا
بە هێرشی تالانکەر بە تالانی براوە
سەر ڕوومەتی خوێناوی،
ڕوومەتی ناسکی کیژی لە ئازیز دوورخراوە
لە حەسرەتا بە نینۆك
پێستی کوڵمی ناسکی بریندارو ڕووشاوە
سنگو گەردنو لامل
سنگو گەردنی کیژی ئاوارەی دەشتی چۆڵی
وشكو سوێرو بێئاوە
بە گڕەی گەرمای هاوین ڕەش بووەو هەڵقرچاوە
دیمەنی دەستو پەنجەی ژێر چەناگەی خەفەتبار
لە یارێکی دڵشکاو دیمەنی وەرگیراوە
تومەز ئەمانەن بەرگو شێوەی بووکی ڕازاوە
بەرگو شێوەی بووکێکی ناکامو دڵشکاوە
بەرگی بووکی ناکامی خەفەتبارو دڵتەنگی
کوردستانی لەت لەتو گەلی کوردی چەوساوە
ئیتر دەبێ کام بزەو کام زەردەخەنەی سەرلێو
لە ڕوخساریا ببینرێ ئەو کڵۆڵو داماوە
زەردەخەنەو بزەی لێو، پێکەنینو ڕووخۆشی
هەڵدەگرێ بۆ ئەو ڕۆژەی
ئالای بەرزی ئازادی،
لەسەر هەموو بستێکی کوردستان هەڵکراوە

## سروشتی مرۆڤی ناپیاو

هی وا هەیە، وا پەروەردەو گۆش بووە
قەت حەز لە چاکە ناکاو بەدکاریی لا ئاسانە
سەیرە، بە دەس خۆی نییە، لەناو قوولآیی دڵیا
هەمیشە هەر خەریکی چاندنی تۆوی قینو
نەمامی بەدکرداریو ئازارو دڵشکانە
ئەگەر تۆو و نەمامی ناپیاوەتی سەوز نەبوو
وەکوو دڕکی مەمو زین، خەریکی هەڵبەستنی فڕوفێڵو پیلانە
بە شەوو ڕۆژ ناسرەوێو ساتێك ئارامی نییە
هەروەکوو پیرێژنی فەرهادکوژی جانانە
سەرو بنی زمانی دووڕوویی و تەفرەدانە
ئەگەر کەسی دەس نەکەوت نوقورچێکی لێ بگرێ
هەروەکوو ئێستری تۆڕ لەگەڵ سێبەری خۆیا
شەڕ دەکا، سمکۆڵ ئەکا، لەسەر پاشوو دەوەستێ
خەریکی گازگرتنو لەقەو جووتەوەشانە
ئەو کەسانە نەخۆشن، مێشكو دڵیان نەخۆشە
ناو دڵیان کرمەڕێژەو پڕە لە ژەهرو لە قین
مێشکیان پڕ لە میکرۆبی دڵی خەڵك ئازاردانە
گەر ڕۆژێك تاوان نەکەی، مێشکیان ئیسراحەت ناکا
دڵیان سەبووریی نایەو هەمیشە پڕ لە ژانە
بە ڕۆژ بەدکاری نەکا، بە شەو قەت خەوی نایە
وەك بەنگکێشو تلیاککێش بە خەیاڵی چەسپی قووڵ
تاوانێك لە خەیاڵیا ڕێك نەخاو سازی نەکا
دڵی ئیسراحەت ناکاو ناسرەوێو پەرێشانە
ڕقو قینو دڵشکان، ناپیاویو بەدکارییە
ئەو کەسەی دڵی پاك بێو نرخی مرۆڤ بزانێ
دڵشکان کەی ڕەوشتی پیاوی خاوێنو پاکە؟
دڵشکاندن کردەوەی مرۆڤی بێویژدانە
مرۆڤ بۆ خۆشەویستیو دڵپاکی گۆش کراوە
خۆشەویستی گوڵێکی جوانی باغی ژیانە

www.zheen.org

ئەو کەسانەی بێبەش بن لە بەهرەی خۆشەویستی
ژیانیان هەمووی وەکوو دەشتێکی چۆڵو بێئاو
پڕە لە دڕكو داڵو چۆڵو هۆڵو وێرانە

## عەبەشەکەنەو مەلا فایەقو ئەحەی سەرایلی[1]

وا عەبە هات ئەخولێتەوە وەك مزراحو خولخولۆکە
(منداڵی گەڕەك، سەرپەڕە خەڕەك)
کۆبوونەوەو دەورەیان دا وەك جنۆکە
سێچوار منداڵی تووشی دڕ، خەریك بوون ڕقیان هەڵدەسان
خوا لەولاوە، بە خۆیو بە مێزەریەوە
هەروەکوو خێو مەلا فایەقی بۆ ڕەخسان
مەلا، تیتەیەکی کێشا وەکوو تیتەی شەمەندەفەر
منداڵی لێ دوور خستەوە بە هەڕەشەو گورزی مێزەر
وتی عەبە، هەر شەکەنەو هەر شەکەنە
بازدی خۆت بەو بخولێرەوەو پێبکەنە
منداڵ بۆ دواوە دوورکەون، با عەبە بازدا لێی گەڕێن
لە هەموومان عاقڵترەو باش دەزانێ
ئەم دنیایە هیچوپووچەو ناڕەسەنە
عەبە وەستا بۆ گوڕبەستن، دێتو ئەچێ وەك جۆلانە
باز ئەداو نایداو ئەوەستێ، لێی ناگەڕێن ئەو زۆڵانە
لەپڕ ئەحەی سەرایلی هات، بە خۆیو بە گۆچانەوە
بە خۆیو بە ڕیشی بۆزی دووکەڵاویو
دارجگەرەی ناو پشتێنی کونی چڵکنو پانیەوە
مەلا مامە ئەحەی بینی، وتی چۆنی مامە چاکی؟
چۆنی لەگەڵ ئەم دنیایە
وەکوو جاران چویتە ژێری یا وەکوو عەبە بێباکی؟
وتی مەلا من زۆر قووڵ بووم، شتی دوورم لێك دایەوە

---

[1] عەبە شەکەنە، شێتتێکی خۆش بوو لە سلێمانی، مەلا فایەق لە بەهارانا سەری لێ ئەداو ئەحەی سەرایلی بەنگکێشێکی قسە خۆش بوو، بەڵام زۆربەی قسەکانی بێسەروپێ بوو، هەندێکیش بەتوێکڵ بوو.

به خەیاڵی چەسپی قووڵم، خۆمم لێ بوو بە مانگو ڕۆژ
هەرچی گەورەو پیاوماقووڵ بوو
بە دەوری ئەم گۆچانەما وەك ئەستێرە ئەخولایەوە
تومەز کاری چەسپی خەست بوو
زۆری نەخایان سەیرم کرد، گەورەو مانگو ئەستێرەو ڕۆژ
هەمووی وەکوو بڵقی سەر ئاو
ون بوو بە جارێك توایەوە
سەیرم کرد ئەحەی جارانم، گۆچانیش ئەم گۆچانەیە
تڕحێوم کرد لە عەقڵی خۆم، وتم ئەحەی گێژو نەفام
هەتاکوو ئێستا نازانیت دنیا زۆڵو جانانەیە
نە بە چەسپی خەستو خۆڵت، نە بە مۆخی مێشکی سەرت
ناگەی بە هیواو ئاواتو مەبەستو نیازی زۆری
عەقڵی بێعەقڵو فەریکی ناتەواوو گێلو کەرت
کە وەختێ مەلا ئەمەی بیست لە مامە ئەحەی سەرایلی
هاواری کرد: عەبە باز دە، هەر شەکەنەو هەر شەکەنە
گوێ مەدەرە مناڵە وردکە، بازدی خۆت بەو پێبکەنە
ئەو کەسەی ئەپێوێ بە گۆچانی هەر خەریکی گەزو جاوە
هەر شەکەنەو هەر شەکەنە، خۆت بخەیتە گێژو داوی
ئەم دنیایە هیچوپووچو لارو خوارو ناڕەسەنە
عەبە بەبێ گوڕ دەستنەوە ڕاپەڕیو قەڵەمبازی دا
هەتا تیایا بوو قیژانی: هەر شەکەنەو هەر شەکەنە[1]
قسەی مەلا فایەق ڕاستە، عەبە پێڵاو دامەکەنە
لەپڕ عەبە بازدێکی داو هەموو کەوتنە چەپڵەلێدان
مەلا وتی: ئەی ئافەرین دەستی کرد بە تیتەکێشان

## خۆت ماندوو مەکە، ناتوانی بمکڕی

گەر خوێنخواری یا زۆرداری
دڕندەی یا شێتو هاری

[1] بۆیە پێیان ئەوت عەبە شەکەنە چونکە لە ڕۆیشتندا جاروبار بازدی ئەداو ئەیوت: هەر شەنەکە.

درۆزنی، چەوت و خواری
هەرچییەك هەی، ئەژدەهای
نەهەنگی، زەردەماری
ڕەنگبێ دەسەلاتت بێ
بمکوژیت و بمبڕی
بەلام هیچ وا تێنەگەی
قەت ئەتوانی بمکڕی

ئەتوانی پەڕەی شیعرم
هەمووی ونجڕ ونجڕ کەی
یاساغی کەی، بیدڕی
هەرچی لەناو مەکتەبەو
ڕەفەی ناومالا هەیە
کۆی کەیتەوەو لوولی دەی
بە مقەست هەمووی ببڕی
بەلام هیچ وا تێنەگەی
ئەو دێڕەی لە سنگمایە
ئەتوانی لێم داگیر کەی
یا ئەتوانی لێم بکڕی

لە زیندانی تاریکتا
ئەگەر بکەومە دەستت
دەتوانی دارکایم کەی
هەردوو دەست و هەردوو پێم
بە ڕۆژو شەو جەڕاوی
ناو کەلەپچەو زنجیر کەی
چنگ و کەلبەی ژەهراویت
وەك گورك لە قوڕگم گیر کەی
بەلام قەت واتێنەگەی
بە هەرچی سەرمایەتە
شەق بەری و ورگت بدڕی

www.zheen.org

ئەوەك بیروباوەڕم
تەنها نینۆكی پەنجەم
قەت ناتوانی لێم بكڕی

ئەتوانی شووشەی چرای
ماڵم بە بەرد بشكێنی
بیلبیلەی چاوەكانم
هەڵكۆڵی و دەری بینی
تروسكایی لێ ببڕی
ئاوی ڕەش و سپی بەجووت
بەسەر پەردەیا بێنی
بەڵام ڕووناكیی بیرو
باوەڕی مێشك و دڵم
شەق بەری و ورگت بدڕی
تەنها بە مردن نەبێ
ناتوانی خامۆشی كەی
ناتوانی شەوقی ببڕی
بە هەرچی سەرمایەیە
ڕووناكیی بیرو بڕوام
قەت ناتوانی لێم بكڕی

ئەتوانی هەرچیم هەیە
بیبەیت و تاڵانی كەی
بە زۆرەملێ لێم بسێنی
یا بە دەنكە شقارتەیەك
لەگەڵ لەوێچێك نەوتا
هەرچیم هەیە لە دنیا
وەكوو پووش بیسووتێنی
بەڵام بە هەموو گڕی
باباگوڕگوڕ ناتوانی
تان و پۆی بیرو بڕوام

www.zheen.org

تاڵێکی هەڵکڕووزێنی
شەق بەریو ورگت بدڕی
ناتوانی چرای بیرم
تەنها هەریەكترووسکەی
بە هەرچی سەرمایەتە
قەت ناتوانی لێم بکڕی

ئەتوانی چڵو چرۆو
گوڵو خونچەی ناو باخم
هەموویان هەڵوەرێنی
پەڕەی جوانو بۆنخۆشیان
لەژێر لەقەی پۆستاڵتا
پێشێل کەی، بیڕاکێنی
لقو پۆپی دار ببڕی
چیت هاتە بەر داپپاچی
ژەهری قینی ناو دڵتی
بەسەردا داچۆڕێنی
بەڵام ئەوەی لە دڵما
وەکوو نەمام سەوز بووە
بە سەد تەوراسی قینت
قەت ناتوانی چڵێکی
لێ هەڵپاچیو بیشکێنی
تەنها یەك گەڵای زەردو
وشکی وەریوی بنی
بە هەرچی سەرمایەتە
شەق بەریو ورگت بدڕی
ناتوانی لێم داگیر کەی
یاخود بەزۆر لێم بکڕی

من هی خۆم نیم، خۆم بفرۆشم
لە ژیانما هەرچیم هەیە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرهەمی ساڵەهایساڵی
ئەم نەتەوە کلۆڵەیە
هەرچیم هەیە ئەمانەتەو
پەروەردەی ئاوی کانیاوو
زادەی ئەو هەموو سەرچیاو
بەندەنو خاکو خۆڵەیە
بە هەرچی پارەو سامانو
دەسەڵاتو فرتوفێڵتە
شەق بەریو ورگت بدڕی
ناتوانی ملم پێ کەچ کەی
ئەم ئەمانەتەم لێ بکڕی

## بۆ بووکو زاوایەکی تێکۆشەر

١٩٨٢/٩/٢

کاتێك بووکی یەکشەوەیان
لەودیو پەردەی بووکێنیدا
بەکێش کرد وەکوو تاوانبار
بەجووت لەگەڵ زاوای تازە
خستیانە ژێر باری سزاو
کەلەپچەو ئەشکەنجەو ئازار
کەوتنە ویژەیان بە بۆکسو
بە شووڵكو بە قامچیو دار
لایان وابوو بڕایەوە،
ئیتر هەرچی نەهێنییە
دانی پیا دەنێنو دەیڵێن،
هەڵی دەڕێژن بە خەروار
دارو بەرد نقەی لێوە هات
بەڵام بەجووت، بووكو زاوا
هەتاسەر هەر دەم نووقاو بوون
یەك وشەیان لێ نەبیسترا

هەروەك بە جووت دەمو لێویان
بە دەرزیو درووومان درووا بوو
هەڵیان واسین، خۆڕایی بوو
سزایان دان، خۆڕایی بوو
دوژمن زۆر لە خۆی بایی بوو
وای زانی بە زەبری پارەو
بە کەلەپچەو کۆتو زنجیر
هەرچێکی ویست بۆی دێتە دی
پێشێڵ ئەکا باوەڕو بیر

زۆر هەڵە بوو، ئێجگار کەر بوو
گیژی پێکی نەوتاوی بوو
مەزەی زەلاتەی دیناری
زۆرو مفتو خۆڕایی بوو

نەیدەزانی نە بە زەبری
شەقو پۆستاڵو قامچیو دار
نە بە نەشئەی پێکی خەستی
نەوت مەزەی سەفتەی دینار
ناتوانێت نە بووك نە زاوای
لە ڕەگەزپەرستی پیسی
فاشیستی داگیرکەر بێزار
بە سەد کەلەپچەو زنجیرو
ئەشکەنجەو دارکاریو ئازار
ناتوانێت ملیان پێ کەچ کا
یا بیانهێنێتە ژێربار

شەرمەزاریی بۆ مایەوە
لەناو یەکدوو پەڕەی ڕەشا
لەگەڵ دوو دەستی خوێناویی
هەڵکێشراو لە خوێنی گەشا
ئەمەیە تاکە دەسکەوتی

مرۆڤی بە خوێناو گۆشکراو
ئەبێ یادگاری وا شووم
پێشکەش بێ بە پیاوی ناپیاو

کەلەپچەی دەستو مەچەکی
خەباتکەری کۆڵنەدەر
مەدالیای سنگو بەرۆکە
ئازاری لەشی تێکۆشەر،
هاندەری پەلاماردانی
دەزگای ڕژێمی فاشیستی
چاوچنۆکی ترسنۆکە

لە هەڵمەتو ڕاپەڕینێك
چەن دامودەزگای ڕژێمی
چەن کۆشكو تەلاری زۆردار
بە پێمەڕەو پاچو بێڵی
کرێکارو جووتیار داڕووخا
ون بوون نەمان، لە چاو ون بوون
هەروەکوو بڵقی سەر ئاو
نە تەختیان ما، نە کۆشکیان ما
نە پارەو سامانو ناو

## وەرامی دکتۆر (م)[*]

ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە گیانی پاکی مێژووناسی بەناوبانگ (مینۆرسکی)و وەرامەکەی تۆفیق وەهبی بۆ دکتۆر (م) Original of The Kurds

فەرمووتە (میدیا) نەزۆك بوو، وەکوو مەڕی قسر وا بوو
کوردیش هەتیوو بێکەس بوو، بێ دایكو بابو برا بوو

تڕحێو لە جەنابی دوکتۆر لە خۆتو لە شارەزاییت
لەلای خۆت دکتۆرات هەیەو بە شارەزایی خۆت بابیت

---

[*] دەبێ مەبەستی دکتۆر مەکەنزی بێ. (سدیق ساڵح)

ئەمەیە بەرهەمی هەوڵو لێکدانەوەی خوارو چەوتت
ئەمەیە باوەڕی مێشکی گێژی ناو زەلکاوی نەوتت

میللەتێکو نیشتمانێك چۆن لووسو باریکو ئاسان
بە دوو دێڕی بێسەروپێی ناڕێکو بێبەڵگەی نەزان

دەکرێن بە هەتیوو زۆڵو بێ باوکو دایکو نیشتمان
پێم ناڵێی میدیا چیی لێ هات، بۆ کوێ ڕۆیشت بێناونیشان؟

دیارە لە خشتەیان بردووی، نرخی فتواکەت ئەزانم
لات وا نەبێ گێژو وێژو نەشارەزاو بەسزمانم

ڕەنگە لای خۆمان بوویتایە هەروەکوو کۆلکە مەلاکان
هێندە هەرزانبەها ئەبووی بە هەموو شتێك ئەتقووچان

هەزاران تەڵاقی کەوتووت بە دوو دێڕ چاك ئەکردەوە
گرەوت لە مەلا درۆزنەکان بە ئاسانی دەبردەوە

ئەم بەزمە هی ئەمڕۆ نییە، جارەها بووژاوەتەوە
وەك خەڕەك ئەم قەوانەیان بارەها لێ داوەتەوە

هەرچەن هیچو بێبایەخە پڕوپووچی بێسەروپێ
نەبیستراوە قەت بە بێژنگ بەری تیشکی ڕۆژ بگیرێ

بەڵام زۆر شەرمە زانیاری لەناو کۆڕی مەزاتخانە
وەك ماڵی دزیو تاڵانی بفرۆشرێ بە چنگێ عانە!

**مەتەڵی کفر ئەحمەد**

کردگار ڕەوشتی وایە
ژینو مردن بەرو دوایە
کاشکی ژین تاسەر بوایە
کەس مردنی نەبیستایە
دەڵێن گوایە ئەمری خولایە
دنیا لەسەر پشتی گایە
کە گا شانێك هەڵتەکێنێ
لەناو دەچێت ئەم دنیایە

مردووی ناو گۆڕ ساڵەهایە
هەمووی چاوەڕێی زوڕنایە
کەی زۆڕنا فیقەی لیٚ هەستا
ژینێکی تازەی لەدوایە
کاتێك هەستای ڕاست بوویتەوە
پردێکت لەبەر دەمدایە
ژێری هەزار بە هەزارە
باریکە وەکوو هەودایە
ئەوی لێی بپەڕێتەوە
تەنافبازێکی ئازایە
ڕێچکە دەبەستریٚ بەجاریٚ
چ نۆکەرو چ ئاغایە
مەحشەرە، بەزمو هەرایە
ڕۆژی حیسابی دنیایە
هەموو ڕووی لە بارەگایە
لایەك دۆزەخ، لایەك بەهەشت
بەر هەرلا کەوتیت ڕەوایە
پێی قایل بە، ئەمری خولایە
لەم ئەفسانەیە تیٚناگەم
هەرچی تێی بگا دانایە

## شەڕی فۆلکلاند

لەندەن

ڕۆژێك لە شەمەندەفەرا
بەرەو شارێك ملم ئەنا،
نم نمەی باران ئەباری
پیاوێکی پیر بەرامبەرم
بووکێکی زۆر زلی پیٚ بوو
وا دیار بوو ئەیبرد بە دیاری
وتم خاڵۆ:

ئەم بووکە جوانە بۆ کێیە
وتی: بۆ کوڕەزاکەمە
باوکی وا لەناو جەنگایە
چەن ڕۆژێکە لە مەراقدام
هەر ئەو کوڕەم بۆ بمێنێ
هیچم ناوێ لەم دنیایە
وتم دڵنیا بەو ماوە
گەر شتێکی لێ بهاتایە
زۆر دەمێك بوو پێت ئەزانی
هیچ نەبێ برووسکەت بۆ ئەهات
لە سەربازە هاوڕێکانی
وتی: دەم خۆش، نۆرەی تۆیە
پێم بڵێ خەڵکی کام شوێنی
لەوە ناچێ سەیرانکەر بی
گەنجیش نیت بڵێین دەخوێنی
وتم: نەخێر لە هیچیان نیم
نە سەیرانکەر، نەڕێبوارم
نە قوتابیم، نە مامۆستا
نە بازرگانو کاسبی پارەدارم
خەڵکی خاکی کوردستانم
بەش بەشکراو و وێرانم
من پەنابەرم، ئاوارەم
زۆر دوورم لە نیشتمانم
لەلای ئێمە ڕۆژێ سەد کەس
بکوژرێ بە گوللەو بۆمبا
کەس حەددی نییەو ناتوانێ
بە هیچ جۆرێك ناوی ببا
شەڕی ناو وڵاتی ئێمە
هەر لەماوەی چەند ڕۆژێکا
بەقەد هەموو فۆلکلاندی

لای ئێوەی تیا دەکوژرێ
خوێنی هەزار بێتاوانی
بەخۆڕایی تیا ئەڕێژرێ
کەچی بەدڵ نە ئێستگەیەك
نە ڕۆژنامەو گۆڤارێك
باسی گەلی کورد ناکا
وەکوو میللەتان جارێك
نە ویژدان ماوەو نە ئیمان
هەزار مافی ڕەوای ئینسان
خراوەتە ژێر پێ بۆ گیرفان
بۆ سوودی سەرمایەداری
تێر ئەخورێ بێویژدانی
کابرای بەرامبەرم مت بوو
ئەو هەموو باسەی بۆم هەڵڕشت
نقەی نەکرد، تەنها برۆی هەڵتەکاند
هەردوو لێوی هەڵقرچان!

بنکەی ژین
www.zheen.org

**کاروانی وشکەڕۆیی‌و کۆنەپەرستی**

سەدان ساڵە باوباپیرمان
پشتاوپشت خەریکی جووت‌و
کۆچ‌وبارو مازوو و جەوتە
پیشەیان هەر نان‌و بانگ‌و
وسڵخانەی ناو مزگەوتە
کۆشك‌و تەلارو خانوویان
زنجی قوڕو گەڵاو زەلە
ژنی کەیبانووی پەروەردەی
ناو گەڕو سەرە نوێلك‌و
پشقڵ‌و تەرس‌و شیاکەی
ئاژاڵ‌و کەرو گاگەلە
گۆرانیبێژی دەنگخۆشیان

به لۆتی و شایەر داناوە
مۆسیقارو هونەرمەندیان
وەك سەگی خوێری ڕاو ناوە
لە هەموو بەرهەمی مێشك و
شارستانێتی بێبەش بوون
گیرۆدەی داوی نەزانی و
نوقمی ناو گێژاوی دەریای
ژیانی تاریك و ڕەش بوون
وەچەی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد
باری گرانی ڕابووردوو
ئەوەندە لە ئەستۆی بارە
لە کەڵەمە ڕزگار نابێ
هەتا خۆی ڕانەپسکێنێ
لەو تەوقەی وا لە گەردنیا
جەڕاوە، دەڵێی ڕەشمارە

**سەرمایەداری**

سەرمایەداریی پیلانگێڕ
هەموو لەشی فڕوفێڵ و
کەڵەك و زوڵم و تاوانە
ساختەی وای لەژێر سەرایە
نانووسرێ و ناگێڕێتەوە
بە داستان و بە ئەفسانە
هەر ڕۆژەی دووسەد کەڵەك و
سەد جادوو ئەهۆنێتەوە
لە پریاسکەی زەردو سوورا
وەك ڕستی مووروو و زەنگیانە
هەریەکەی بۆ کاتی خۆی و
پێویستیی ڕۆژی تەنگانە
دەیشارێتەوە لە شوێنی

نەهێنی و بنی هەمانە
کەی ویستی دەیخاتە کارو
وەك جادووگەر موویەکی خۆی
بە دەوریا هەڵدەکڕووزێنێ و
چەرخ و فەلەکی با ئەدا
وەك پیرێژنی جانانە
بە دەستێك بە بیانووی باربووی
خەڵکی ڕەش وڕووت و بێنان
دەست ئەکا بە دابەشینی
پاشماوەی چڵکاوی چێشتی
کۆنی سەرمێزو سینی و خوان
بەو دەستەی تر هەرچی ماڵی
خەڵکە دەیبا بە تاڵانی
سەفتەی ئەکاو دەیئاخنێتە
تەنکەی باخەڵ و گیرفانی
جارێك بۆ چاوڕاو بۆ خوا
بیست جار پڕبەدڵ بۆ شەیتان
جارێك بە درۆ بۆ مافە ڕەش
سی چل جار بۆ سوودی سپیی
دڕندەو زۆڵی بێویژدان
یەکدوو جار بە نابەدڵی
بۆ شەڕوشۆڕ کوژاندنەوە
بیست جار بۆ فیت و پیلانی
ئاگری فیتنە هەڵگیرسان
بەمانەش بە هەمووی دەڵێن
پاراستنی دیموکراتی و
بەرگری لە مافی ئینسان !
لەسەر ئاوازی مۆسیقای
دیموکراتیی ساختەو درۆ
زۆر کەسی پێ هەڵدەپەڕێ

لە کایەن‌و سەر ئاخوڕی
سەرمایەداریی فێڵبازا
بە هیوای ئالیکی مشە
زۆر ڕێژگاوی پێ ئەزەڕێ
هیچ تێناگا زەڕینی وا
پژمەو تڕینی لەدوایە
کاتێکیش زانیی دوای زەڕین
سەد گەماڵی پێ دەوەڕێ

**وا دیارە پیاچوونەوەیە؟!**

بەگێکی دەوری بابان
ڕقی هەستا لە کاکی
سێبەسێ تەڵاقی خوارد
بە خواو بە پێغەمبەرو
دین‌و ئاینی پاکی
وتی سوێندو پەیمان بێ
ئەبێ خۆم بکەم بە میر
ببم بە پاشای بابان
ببم بە خاوەن مۆرو
تەپڵ‌و نۆکەرو گزیر

چی بکا؟ چۆن ببێ بە میر
هەستا ڕووی کردە تاران
وتی پاشای قاجاری
دەمەوێ پاڵپشتم بی
بۆ شەڕی سوپای بابان
پاشا فرمانی دەرکرد
لەشکرێکی بۆ ساز کەن
هەرچی میر پێویستێتی
پوول‌و چەکی بۆ بار کەن

لەشکری شای قاجاری
بە سەرکردەی بابانی
ڕووی کردە سوپای بابان
لە ناوچەی سلێمانی
خانێکی ئەردەڵانیش
تۆرابوو لە خزمانی
کاڵەو پیتاوی بەستو
ڕووی کردە سلێمانی
وتی هۆ پاشای بابان
(تەویٚ) بمگەیەنیتە
کۆشکی جەنابی سوڵتان
خان گەیشتە ئەستەمبووڵ
ئەمری سوڵتانی دەرچوو
هەرچی خان پێویستێتی
ئامادەی کەن زووبەزوو
لەشکرو سوپای سوڵتان
بە سەرکردایەتیی خان
کەوتە ڕێ بۆ پایتەختی
خاکی بابا ئەردەڵان
بەو جۆرە هەردوو سوپا
هەریەکەیان بە جیاجیا
بابان‌و ئەردەڵانیان
سەروخواری دابێژا
ئێستەش هەر ئەو دەردەیە
ئەڵێی ڕەگی گولییە
کێشەی بەگ‌و میرئاخوڕی
دارەشمانەی بابان‌و
سوپاسالارو سەرتیپی
میرزاخانی قولییە
بەڵام لاوی ڕۆشنبیرو

www.zheen.org

پێشمەرگەی وریای ئەمڕۆمان
بڕوا ناکەم هەتاکوو سەر
هەروا دەستەوسان بوەستن،
چارێکی وا نەدۆزنەوە
بۆ کوردستانی بەش بەش و
بۆ گەلی کوردی خاك بەسەر

## ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە

ئەگەر لەبارتا نییە
ببیت بە هونەرمەندێك
خۆشی و شادی ببەخشیت
بە مرۆڤی ڕووی جیهان،
لە ڕێڕەوی ژیانا
ئەگەر لەبارتا نییە
ببیت بە گۆرانیبێژ
چریکەی ئاوازت بەرز بێ
لەناو کۆڕی ئاهەنگ و
بەزم و ڕەزم و سەیرانا
ئەگەر لەبارتا نییە
ببیت بە چیرۆکنووسێك
بە شاعیرێك، نووسەرێك
یا بە ئەکتەرێك[١] لەسەر
شانۆی هونەرمەندانا
بێدەنگ بەو قرەت نەیە
کە تۆ نەتوانی ببیت
بە گوڵی بۆنخۆش و جوان
خۆت مەکە بە دڕك وداڵ
لەناو باخچەی گوڵانا

---

[١] ئەکتەر: فنان، ممثل.

## دەمی گورك بەستن درۆیە

١٩٨٣/٤/١٥

لە هەڵپەرکێی (سەدری قەنات)
بە زوڕناو دەهۆڵی ئازار
گۆت بووین ئەوەندە هەڵپەڕین
گورگێکی زۆڵی گیرفانبڕ خۆی مات دابوو
زوڵانە گیرفانی بڕین
هەرچێکمان بوو لووس‌و باریك
هەمووی پیا کێشاو لێی دزین
دەمی دڵی بانگی ئەکرد:
بۆ هەڵپەرکێ تێ‌دەکۆشای؟
(کاکە) فەرموو هێند هەڵپەڕە
تا تێر دەبیت لە دەسگوشین
کە شوان گێل بوو، ڕۆژی گورگە
ڕێکەوتەو لە دەستی نادا
ڕەوشتی دڕندە وایە
پەیمان بەستن لەگەڵ گورگا
کەرێتییەو ڕێژگاوییەو
هەر پەشیمانی لەدوایە
دەمی گورگ بەستن درۆیە
نەچاری چەقۆی دەم بەستە[١]و
نە نوشتەو دوعای مەلایە
گورگ هەر گورگەو دڕندەیەو
مێملی فڕان فڕانە
تۆپین نەبێ چاری ناکا
پەندی کۆنی پێشینانە
ئەترسم ڕۆژێك لەڕۆژان

www.zheen.org

[١] جاران ئەوی مەڕومالاتی هەبوایە لە دەشت، بەتایبەتی لە ڕۆژی هەورو هەلاو تەمدا لە ترسی گورگ، بڕوای وابوو ئەگەر چەقۆیەك دەم بەست بکا، ئیتر گورگیش دەمی دەبەسترێ‌و ناچێت بەلای ئاژاڵەکەیدا.

ئەم هەموو کارەساتانە
ئەم هەموو کەڵەکو ساختەو
دەسبڕینو چاوبەستانە
بە دوو قسەی لووسو باریك
بە دوو دەنگ خورمای بابی[1]
ئەمجارەش وەك جاری پێشوو
دەستەیەك لاوی تازەمان
گورگ بۆ خۆی بیکا بە تێشوو

## بۆ گیانی پاکی حاجی قادری کۆیی

زۆر دڵنیام حاجی قادر
کە وەختێك سەری خۆی هەڵگرت
ڕووی کردە خاکی بێگانە
دەیزانی دوورەوڵاتی
شتێکی زۆر ئاسان نییەو
ئێجگار ستەمو گرانە
بەڵام داخی ڕۆژگاری
نالەباری ئەو ڕۆژانە
ئەوەندەی دڵ شکاندبوو
خۆی نەگرت، سەری خۆی هەڵگرت
ڕێی گرتەبەر وەك دێوانە
بە پێخاوسی بەبێ کاڵەوو پیتاو[2]
تا گەیشتە ناو خاکی ڕۆمی بەدناو
کۆڵو باری لەوێچێك داخو زووخاو
مێزەرێکی چڵکنی کۆنی دڕاو

---

[1] جاران ئەیانوت فلأنە کەس خورمای بابی دەرخوارد دراوە. نیازیان لەوە بوو کە شتێکی وایان داوەتێ ڕەوشتی پێ خراپ کراوە.

[2] حاجی قادر خۆی لە شیعرێکدا دەڵێ:
لەبیرت دێ زەمانێ چووینە باڵەك
بە پێخاوسی، نە کەوشمان بوو، نە کاڵەك

بوخچەیەکی چوارگۆشەیی لە خام جاو
پڕ کتێبی پەرپووتی پواوی زەردباو
بەرەو ژینێکی ئاڵۆزی ڕانەهاتووی سەختو گران
پڕ لە ئەرکو کوێرەوەریی بێوچان
دڵێکی ماتو خەمباری هەڵگوشراوی پڕتاسە
بۆ نەرمە بای بن دەوەنگی لاپاڵی هەیبەت سوڵتان
تەنها ئومێدێك کە لەناو مێشكو دڵیا هەر مابوو
بریتی بوو لە ترووسکایی بنەماڵەی بەدرخان
بەداخەوە، بەو داخەوە سەری نایە ناو خاکەوە
بەبێ ئەوەی ئاواتێکی بۆ بێتە دی لە ژیان
لێوە لەرەی پێش گیانکێشان
یادی شیعرێك بوو بە حەیران
ئەیوت: دەك فیدای خاکت بم
ئەی خاکی پاکی کوردستان
هەرچەن حاجی زۆر لەمێژە
ئێسكو پرووسکی نەماوەو
لەناو خاکدا بۆتە خۆراك
بۆ مارو مێرووی گۆڕستان
بەڵام هێشتا گیانی پاکی
هاوار ئەکا: هەزار نەعلەت
لە خۆفرۆشو هەلپەرستان
پڕبەدەم هەتا تیایەتی
بانگ ئەکا هەزار موخابن
هەتا لەگەڵ یەکتر وەکوو
ئاگری بن پووشو کا بن[1]
لەشکرتان گەر لافاویش بێ

[1] حاجی قادر لە شیعرێکدا ئەڵێ:
هەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵ یەك
ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەك

خاك بەسەرتان بە هیچ نابێ
کوڕگەل وەرن پیاوی چابن
ئەوی کوردکوژو خۆفرۆشە
هەمووتان لێی تەبەڕا بن

## لاوکی سوور

١٩٨٣/٤/٢٣

لە دوورەوە وادێتە گوێم
لە لاپاڵی چڕو سەوزی
چیای سیرومایسترا
دارکەرەکان لە سێبەری
درەختە بەرزەکانا
بە دەنگێکی بەرزو زوڵاڵ
سترانێك دەڵێن هەروەکوو
لاوکی لای خۆمان وایە
لەکاتی مازووچنینو
هەرەوەرزی دارشکانا
لاوکێکی سووری گەرمی
پڕ لە گلەیی و سەرزەنش
دیاری پێشمەرگەی کووبایە
بۆ پێشمەرگەی ناو سەنگەری
چیاکان لە کوردستانا
لە لوتکەی قەندیل و سەفین
لە هەڵگوردو لە هەندرێنو لە بارزانا
دەڵێن: هۆهۆ کوڕۆ لاۆو
کەی ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان
تەورمان لەیەکتر خستە کار
بۆ داپاچینی یەکتری
لە سەنگەری تێکۆشانا؟!
تەوری ئێمە هەر بۆ ملی

دوژمنی خوێنەخوێمان بوو
بۆ هاڕینی کەللەسەری
ئەژدەهاکی خوێنمژمان بوو
لە ڕاپەڕینو هەڵمەتو
هێرشی بێوچانا
لەکۆنەوە بیستوومانە
پێشینانتان وتوویانە
گەر دار پوازی لە خۆی نەبێ
قەت ناقڵیشێو دوولەت نابێ
بە دەمی تەوری بێگانە
کەچی ئەمڕۆ بەداخەوە
تەورو پوازیش لە خۆتانە
کوڕۆ لاۆو، ئەوە شەرمەو
پیلانی پیرە شەیتانە !
کەی ئەمە ڕێگەی ئازادیو ڕزگاربوونی نیشتمانە
دەبێ دەمی تەور هەمیشە
ڕووبەڕووی خوای ئەهریمەن بێ
بۆ هاڕینی دامودەزگای دەستەی فاشیستو بۆگەن بێ
گەر یەك نەگرن بەم زووانە
سوود وەرنەگرن لە کزبوونی
ئەو دوژمنەی وەك ڕەشمارە
لە سڕبوون ڕزگاری ببێو
ببووژێتەوە ئەمجارە
ئەوسا خۆتان ئەبیننەوە
ژیانتان چەندە دژوارە
ئەوی سوودی نیشتمانی
پێشێل کاو بیخاتە ژێر پێ
لەپێناوی سوودی خۆیا
ئەیبیننەوە لە دوارۆژدا
چەن ڕووڕەشو شەرمەزارە

## ورێنەی خەو

١٩٨٣/٥/١

ئەی چەرخی چەپگەرد، بەردت لێ بارێ    بەرۆکمان بەردە بۆ تەنها جارێ
نەختێك بۆ خۆمان با ئاسوودە بین    هەوارێك هەڵدەین لە لالەزارێ
کۆڕێك ببەستین وەکوو خواپێداو    لەناو مێرگێکدا لە گوێ ڕووبارێ
تێر تێر بنۆشین بادەی ئازادی    بە کامی دڵمان وەرزی بەهارێ
بادەیەك جامی پەڕەی گوڵێك بێ    مەست بێ وەك نێرگز وەك چاوی یارێ
نێرگزێك پەنجەی پەری ڕوخسارێ    هۆنیبێتەوە لەناو گوڵزارێ
گوڵزارێکی وا دوژمن ڕێی نەبێ    پێشێلی بکا لە ڕاگوزارێ

## تلیاك

وەختێك تێکۆشان باری ئاسان بوو    وەك ئێستە نەبوو تەختو نەرمان بوو
میللەتان هەر کەس بۆ دواڕۆژی خۆی    خەریکی هەڵپەی ڕێی تێکۆشان بوو
لەو ڕۆژانەدا کوردی بێچارە    تووشی دەردێکی سەختو گران بوو
ئاسۆی دواڕۆژی پڕ تەمومژ بوو    ئاسمانی شینی تاریکستان بوو
ڕێیەکی چەوتی وای گرتبوە بەر    پڕ لە دڕکەزیو پڕ بەردەلاّن بوو

هیوای بەهەشتو ڕووباری هەنگوین    پەریی بالاّ بەرز، قژ زەردی چاوشین
جوانی ناوباخی وەکوو پەپوولەی    لەم چڵ بۆ ئەو چڵ جوانو باڵ نەخشین
ئەمانە خولیای شەوو ڕۆژی بوو    کەی بیانگاتێ وەکوو مەمو زین
ئیتر چش لە سەد کوردو کوردستان    هەمووی بە پوولێك خوێندنو زانین
پردی سیڕاتی باریکی وەك موو    توونی دۆزەخی پڕ لە گڕی شین
ترازووی خاوەنی ئاسمانی حەوت قات    کورتانی جەجاڵ، شەیتانی لەعین
وای ترساندبوو، ورەی بەردابوو    چش لە سەد دنیاو هەزار چش لە ژین

خۆی هەڵتەکێنێت ڕەنگینە کۆڵی    وەکو بازی بەنگ بیکاتە قۆڵی
هەزار قەواڵەو پڕوپووچی وا    بە پوولێك نایکڕێ دوژمنی زۆڵی

دەسبەردار نەبێت لەم ڕێژگاوییە    هەر دۆش داماوی چەقی سەرڕێیە
ڕزگاری نابێت تا ڕێی ڕاست نەگرێو    نەزانێت ڕێگەی ڕزگاربوون کوێیە!

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پشت بەستن بە بێگانە نەخۆشییە

تا پشتت بەستبوو بە خۆت، پشتو بازووت بەهێز بوو
لای بێگانە بە سام بووی، ناوت بەرزو پیرۆز بوو
لوتکەی سەر شاخت قەڵای سەختی دوژمنبەزێن بوو
سەنگەرت پڕ لە ڕۆڵەی مەردی دوژمنشکێن بوو
هێزی جەماوەری گەل هاوبیری مەبەستت بوو
پێنووسو چەك بە جووتە چەکی هەردوو دەستت بوو
هەتا خۆراکت نانو دۆی پیرێژنی کورد بوو
(برا لەپشت برا بێ) دروشمی درشتو ورد بوو
جامبازو چەرچیو دەڵاڵ بازاڕیان ساردوسڕ بوو
پیاوی سیخوڕو جلخوار تا بڵێی حاڵی شڕ بوو
بەڵام کە کەوتیە داوو تەڵەو فێڵی بێگانە
بۆی بە دەسنگەخۆری زۆڵی هەرزەو جانانە
هەرچیت هەبوو دۆڕاندت وەك قومارچی مایەپووچ
هەر ڕۆژەی لە هەوارێك سەرسم ئەدەی لنگەوقووچ
هەروا بووەو وا ئەبێ، ڕەوشتی مێژوو وایە
پشت بەستن بە بێگانە ملشکانی لەدوایە
ئەگەر هەزار جار بگری ڕێی بێگانەپەرستی
ساویلکانە دوای کەویو ڕیشت بدەیتە دەستی
بە هیوای ئەوەی زنجێك لە سایەیا هەڵبەستی
ئەنجام خۆت ئەبینییەوە چەن دۆڕاوو شکستی
ئەوی بە تەمای باربوو و دەسنگەی ئەمو ئەو بێ
وەکوو ئەو کەسە وایە بڕوای بە خەوی شەو بێ
گەر بە تەمای بێگانە دەسبەری بۆ فرمانێ
سەریش کەوی بە پیاوو بەندەی خۆیت ئەزانێ
خەڵاتی ئاغای نامەرد بۆ نۆکەری سەرشۆڕی
هەمیشە شەقی مزرە بۆ قنگی پانو پۆڕی

www.zheen.org

## گاریباڵدی

ڕۆما، ١٢/٥/١٩٨٣

له وڵاتی ڕەفائێلو
مایکل ئەنجیلۆی هونەرمەند
که ڕوو ئەکەیتە هەر شوێنی
یا وێنەیەك یا پەیکەرێ
بلیمەتێك خۆی دەنوێنێ
ڕۆژێك له پێشانگایەکا
پەیکەرێکی مەڕمەڕم دی
به دیمەن وەك دەروێش وابوو
تێر تێر سەیرم کرد به وردی
که پرسم کرد، پێیان وتم
ئەم پەیکەرە پاڵەوانو
یەکخەری ئەم وڵاتەیه
که پێی دەڵێن گاریباڵدی
دەرسی مامۆستای منداڵیی
مامۆستا "صالح قەفتان"م
هاتەوه بیر هەروەکوو خەو
پێی دەوتین گاریباڵدی
هەموو ئیتاڵیای ڕزگار کرد
له ناخۆشیی تاریکیی شەو
له جێی خۆما سامێك گرتمی
لەبەردەمیا وەك بتپەرست
تاوێك بەچۆکا هاتم
وامزانی هەرچی دنیایه
له خۆشیانا هەمووی کراوه
به پێشکەشو خەڵاتم
به گۆشەی چاوێکی بەڕێز
سەیرێکی گاریباڵدیم کرد
دەستێکی بۆ هەڵتەکانم

www.zheen.org

وتی تۆ کێی، خەڵکی کوێی؟
وتم: خاڵۆ گاریباڵدی
خەڵکی خاکی کوردستانم
ئەو وڵاتەی کەوا جاران
پێی ئەوترا خاکی میدیا
جێگەی زەردەشتو ئاڤێستا
وڵاتی کاوەی قارەمان
وڵاتی ئەو نەبەردانەی
لەشکری ئاشووریان بەزان
بەڵام بەداخەوە کاتێ
لێشاوی لەشکری ساسان
ئاڵای میدیای هێنایە خوار
تەختی هەمەدانی ڕووخان
لەوڕۆژەوە هەتا ئێستە
وەکوو بوخچە بەگەردانێ
دەستاودەست ئەکرێ بە کوردو
بە نیشتمانی کوردستان
جاربەجارە کۆلکە میرێك
لە سووچێکا بەدڵو گیان
دەزگایەك بۆخوی ساز ئەکا
بەڵام زۆر نابات گەلەگورگ
دەوری ئەدەن ئەیڕووخێنن
وەك حەمامۆکی منداڵان
کە سەیرم کرد گاریباڵدی
بەزەیی پیاما دێتەوە
لە خەفەتا کزو ماتو
ڕەنگی زەردو هەڵبزڕکاو بوو
وتی: کاکی ڕێبواری کورد
ئەم وڵاتەی ئێستەی ئێمەش
وەکوو لای ئێوە شێواو بوو

www.zheen.org

هەروەکوو ئێستەی لای ئێوە
داگیرکراوو پارچە پارچەو
خەڵکەکەی هەموو کەساس‌و
چەوسێنراوو بەشخوراو بوو
هەر میرێك بە خۆی‌و سوپاو
بە تەپڵ‌و ئاڵاو تاجیەوە
بە مووچەخۆری چاوبرسی‌و
بە سوارەی هەڵەپاچیەوە
پاپاش بە خۆی‌و بە قەڵاو
بە ئینجیل‌و بە خاچیەوە
هەر ڕۆژەی دەزگای لایەکیان
بە هێرشێك ئەڕووخێنرا
شارو دێهات ئەسووتێنرا
تا میللەت تەواو بێزار بوو
چاری نەما دەست لەناو دەست
لەژێر ئاڵای نیشتمانی
یەکگرتوودا ڕیزیان لێ بەست
ئێمەیان کرد بە دەمڕاست‌و
بە پێشڕەوی شۆڕشی گەل
بۆ ڕزگاری‌و یەکخستنی
ئەم میللەت‌و نیشتمانە
بۆ ڕووخانی کۆشك‌و قەڵای
ئەو میرە تاوانبارانە
شێرانە قۆڵمان لێ هەڵکرد
نە میرمان هێشت، نە سوپای خاچ
دام‌ودەزگای هەموویانمان
داپاچی بە پێ‌مەڕەو پاچ
ڕەگی دووبەرەکیی ناوخۆ،
ڕیشەیمان دەرکێشا لەبن

وڵاتمان هەمووی کرد بەیەك
بە کوێرایی چاوی دوژمن
لەبیرم دێ کە سەرکەوتین
هەگبەکەی پشتم پشکنی
وتم بزانم چیی تیا ماوە
ڕوانیم قنچکێك باستوورمەیە
دوو هەرمێ لەتکەی وشکەڵو
دووسێ لەت نانی جۆی ڕەقی
کۆنی کەڕواوی‌و سووتاوە

ئێمە وا شۆڕشمان سەرخست
ڕێی شۆڕشی ڕاستی وایە
ئەرکی شۆڕش سەخت‌و گرانە
کوێرەوەریی زۆر لەدوایە
شۆڕش بەبێ جەماوەری
یەکگرتووی پشت بەخۆبەستوو
وەکوو پووش‌و کای دەم بایە
خاك بەسەر ئەو میللەتە بێ
تووشی پاشاگەردانی بێ‌و
هەر کەسەی بۆ خۆی ئاغایە
دووبەرەکی شێرپەنچەیە
شەڕی براکوژیی لەدوایە

هەر وەختێ گەیشتنە ئەو ڕۆژەی
پشت نەبەستن بە بێگانە
پێشڕەوتان ڕێی خەبات بگرێ
وەکوو ئێمە دەرویشانە
شەڕی براکوژی‌و ناڕێکی‌و
دووبەرەکی لەناوتانا،
نەبێت بە پیشەی ڕۆژانە
ئەوسا تەواو دڵنیابن

www.zheen.org

سەرکەوتن و یەکگرتنتان
وەکوو لای ئێمە ئاسانە

**دنیای سەربەست (العالم الحر)**

دوو هەزار بابلۆ نیرۆدا
لەناو زیندانی فاشیستی
ولاتی (شیلی)دا بمرێ
لە هەر شوێنێك ناوی چینی
کرێکارو ڕەش و ڕووت ببرێ
بە هەزاران ئازادیخواو
ڕۆشنبیر دارکاری بکرێ
لە دیاربەکرو ئەنادۆڵ،
هەزاران لاوی بێتاوان
بەڕیز لە سێدارە بدرێ
پەنجای وەکو نازم حیکمەت
دەربەدەرو ئاوارە بێ
لە خاکی دوورولات بمرێ
هەموو هۆنراوەو نووسینی
بسووتێنرێ و لەناو ببرێ
ئەمانە لای دنیای سەربەست
کارێکی ئێجگار ڕەوایە
کاوبۆی بسکەی سمێڵی دێ و
لە ڕاستی هەمووی بێدەنگەو
ورتە لە دەمی دەرنایە

گەر هەزاران ئازایخوا
لە شارەکانی سلڤادۆر
لە خاکی خوارووی ئەفریقا،
هەروەکوو گاگەل ڕەش و بۆر
زیندانەکانیان لێ پڕکەن
بە بیانووی ساختەی جۆربەجۆر

کوردستان هەمووی وێران بێ
تا ماوە پارچە پارچە بێ
ملیونێك لەناو زیندان و
ئۆردووگای فاشیستەکانا
ئاوارە بێ و دەربەدەر بێ
هەمووی قوربانی "ڕێگان"و
پەنتاگۆنی بەخوێن تینوو
قوربانی دوو چاوی کاڵی
باجی خانمی درێژدادڕی
نۆکەری سەرمایەداریی
چاوچنۆکی وێژدان مردوو

ئۆردووگای سەبرەو شاتیلای
پڕ هەزاران بێتاوانی
ساواو پیرێژنی هەژار
گەر بکرێن بە مەزەی پێکی
ویسکی سەر مێزی ڕازاوەی
شامیرو شارۆنی خوێنخوار
بۆ بەجێهێنانی نەخشەی
"بیگن"ی کلکی ئیستیعمار
ئەمانە هەمووی ڕەوایەو
شتێکی زۆر ئاساییە
دنیای سەربەست لێی بێدەنگەو
شەرمو شوورەیی لانییە

بەڵام ئەگەر لێخ ڤالیسە
ڕۆژێك پژمی لە حەماما
یا بایەکی لێ بەربوەوە
لە کراکۆف و گدانسکا،
لەناو کۆڵان و شەقاما
ئیتر هەموو دنیای سەربەست

به خۆی‌و ئێستگەو گۆڤاری
پاپا به خۆی‌و لەشکری
کەشیشی[1] وەکوو ڕەشماری
ڕۆژنامەنووس وەك پرسەدار
فرمێسك له چاویا دێته خوار
هەروەکوو دانەی مرواری
سەد چەپکه گوڵی ڕازاوەی
به قەیتانی دۆلار بەسراو
هەمووی دەکرێ به پێشکەشی
فس فس پاڵەوان به دیاری
لێخ ڤالیسه، هۆ گیانەکەم لێخ ڤالیسه
پیاوی وەك تۆمان بێ بەسه
با ڕەش‌وڕووت حەپەیان بێ
چیمان پێ دەڵێن با بیڵێن
چی دەکەن، چییان بەدەسه
خۆت دەزانی لێخ ڤالیسه
دنیای سەربەست له ڕاستیدا
پیاوی وەکوو تۆی مەبەسه
بڕۆ کوڵ مەدەو مەوەسه
له ئێمه سەفتەی دۆلارو
له تۆ ساختەو درۆو دەلەسه
پیاو که ئەمانه دەبینێت
خۆی پێ ناگیرێ‌و بانگ دەکا
هۆ دنیای سەربەستیی ساخته
گوێمان پڕ بوو له ساختەیان
بیبڕەرەوە، ئیتر بەسه
مافی مرۆڤ لەلای ئێوه
تەنها بۆ پیاوی تەرەسه!

---

[1] به فارسی به قەشه دەڵێن کەشیش، بەڵام لای خۆمان نیوه جنێوێکه.

## بێ فەڕ

هەیە وەکوو داری زڕ، هەتا ماوە بێ بەرە
هەمیشە گەڵای تاڵەو وەریوەو بێسێبەرە
بزن بەو بزێوییەی قەت تامی چرۆی ناکا
سمۆرە کە دەیبینێ ناچار ئەبێ لێی ڕاکا
بۆ سووتاندن بە ئەرکەو پڕ گێچەڵەو کێشمەکێش
هەر بۆچەك‌و دووکەڵە تا دەبێ بە خۆڵەمێش
بەکورتی، زۆر بێفەڕەو بە کەڵکی فلسێك نایە
لق‌و چڵی گەندەڵەو پڕ لە کرم‌و گەرایە
کەچی لای وایە نییە وەکوو خۆی ڕێك‌و جوان بێ
وەکوو خۆی پڕ لە کەڵك‌و چاکەو سوودی ژیان بێ
دە وەرە خوارو گێڕ بەو خۆت لەلا قنج‌و قیت بێ
زڕو گەڕو بێفەڕو خۆت لا پڕ سوودو پیت بێ
خۆنەناسین دەردێکی کاریگەری تەواوە
تووشی هەرکەسێك ببێ سەرلێ تێکچوو و ڕێژگاوە
مرۆڤ گەر خۆی بناسێ و کێشانی خۆی لا دیار بێ
دەتوانێ لە زۆر تانەو کەموکوڕی ڕزگار بێ
بۆیە دەڵێن خۆناسین وەکوو خواناسین وایە
ئەوی کە خۆی نەناسێت لە ڕیزی کەرو گایە

## بۆ ئەوانەی وڵاتی خۆیان بیر دەچێتەوە

ئەڵێن ڕێوی لە کونی خۆی
هەڵگەڕێتەوە، گول ئەبێ
تووشی هەزار دەردیسەری‌و
کارەساتی زل زل ئەبێ
وای لێ دێ فێڵی بڕ ناکاو
لەبەردەمی تانجیی ڕاوا
فس ئەداتەوە، شل ئەبێ
ئەو کەسەی تووشی ئەو دەردەی
ڕێوی بێ‌و پێی گرفتار بێ

خۆی لێ بگۆڕێو ڕێژگاو بێ
وەکوو ئەو خانە بێزار بێ
ڕۆژێك دێ کاڵەك بە ئەژنۆ
بشکێنێو لووتی خۆی ڕەش کا
بە هەزاران تفو نەعلەت
بە دوو دەستی پەشیمانی
بەسەر پەڕەی شەرمەزاریی
ڕابووردوی خۆیدا دابەش کا

## زمانلووسی

زمانی پاراوو تەڕو لووس زۆرجار وەك صابوونی بەرپێ
قاچی هەزاران ساویلکەو نەشارەزا ئەخلیسکێنێ
هەر ئاگاشی لە خۆی نییەو نازانێ لە کام هەنگاوا
چۆن بە پاشقولو لاپێیەك لنگەوقووچ ملی ئەشکێنێ
بەڵام گەر توانیو بۆی ڕێ کەوت، جارێکی تر هەڵسایەوە
دەبێ ئیتر وریای خۆی بێو پەند لە بەسەرهات وەربگرێ،
نابێ ڕێ با جارێکی تر هیچ کەسێ هەڵیفریوێنێ
بەڵام ئەوەی خۆی لە خۆیا ساویلکەیەو خۆشبڕوایە
بە دووسێ قسەی لووسو باریك دێتەوە ژێر بارو کایە
وەك نە بای دیبێو نە باران، دەچێتەوە دۆخی جاران
گوێ شل ئەکا بۆ قسەی درۆ، قسەی حەقی لەلا ڕەقە
گۆڕێتی هەرچیی بەسەر بێ ئەو مێشك پووچە گوێلەقە
خلیسکانە، ملشکانە، شەپازلەو لەقەو شەقە
پەندی ڕاستی پێشینانە، باوباپیرمان وتوویانە
جارێك خەڵەتاندمت خوا بتگرێ، دووجار خەڵەتاندمت خوا بتگرێ
سێ جار خەڵەتاندمت، ئەمجارە دەبێ بیڵێم خوا خۆم بگرێ
ئەو کەسەی بە جارو دووجار پەند لە بەسەرهات وەرنەگرێ
گۆڕێتی گەر لە ئەنجاما بە دەردی کەرێتی بمرێ

# پاش نسکۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێشەکی

خۆم بە بەختیار دەزانم کە لەگەڵ نەبوونی کەرەسەی چاپەمەنی کوردی لە دەرەوەی وڵات، توانیم بە دەستخەتی خۆش و ناخۆش لەم ماوەیەدا ئەم چوار زنجیرە هۆنراوانەم بڵاو بکەمەوە. بەڕاستی پیاو ئێجگار بەزەیی بەخۆیدا دێتەوە کە بە چاوی خۆی دەبینێ بەرهەمی نووسەران و شاعرانی بێگانە بەوپەڕی تێرو تەسەلیی و دەست بڵاوییەوە چاپ دەکرێت کەچی کوردێکی نەگبەتیش، بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات دەسەڵات و توانای ئەوەی نییە دیوانی شعرێك یا گۆڤارێك بەرێکوپێکی چاپ بکات، جگە لەو سەریەشەو ئەرك و خەفەتەی کە دێتە ڕێی بۆ گەیاندنی بڵاوکراوەکانی، سەرەڕای ئەوەش توانج و ڕەخنەی بێسەروپێی هەندێ کەس، بەتایبەتی لە لایەن ئەوانەوە کە هەر لەپاڵەوە ڕەخنە دەگرن و خۆشیان لە قسەی زل بەولاوە.. لە جنێودان بە یەکتری بەولاوە، هیچیان لەبارا نییە.

ئەمرۆ کورد پێویستیی بە هەموو وشەو دێڕێکی خاوێن هەیە کە لە دەرەوەی وڵات بڵاو بکرێتەوە سا ئیتر لەو بابەتە بێ کە ئاوارەی داخ لەدڵ بەکامیی دڵی خۆی بتوانێت داخی دڵی خۆی تیا بڕێژێت، یاخود بریتی بێ لەو لێکۆڵینەوەو باسانەی کە لەناوچەکانی کوردستاندا ماوەی بڵاوکردنەوەیان نییە، کە بێگومان ئەمانە هەمووی لە دواڕۆژدا دەبنە سامانێکی نەتەوایەتی و کەرەسەیەکی بەسوودو بەکەڵك.

دەوترێت: هەموو ڕێگایەك بۆ (بانە) دەچێت، کەواتە با بانەی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەو شوێنە بێ کە ڕێی ڕزگاری و ئازادی ڕووی تێ دەکاو ڕێگا بدرێت بە هەموو کەسێك بە پاکی و خاوێنی، بە کاڵەو پیتاوی خۆیەوە ڕێگەیەك بۆخۆی بگرێتە بەر بە ئومێدی ئەوەی هەموو لە (بانە) یەك بگرنەوەو ئەوانەش لە جووکەی دەنووکی کوردی و چاپەمەنی کوردی و سامانی نەتەوایەتی و ئەدەبی کوردی تەنگەتاو دەبن و بە بێبایەخی دەزانن، با هەر لە ورگی خۆیان بدەن و لە سەرەنوێلکی قینیانا خۆیان بگەوزێنن و بتلێنەوە.

هۆنراوەکانی ئەم چوار زنجیرەیە، داخی پەنگ خواردووی ناودڵیساڵەهایە کە وەکوو داخی دڵی هەموو کوردێکی تر، بە تایبەتی داخ و خەفەت و کوێرەوەری و بەسەرهاتەکانی ئەم چەند ساڵانەی دوایی.

منیش وەکوو هەموو کوردێکی تر، بەر لە هەموو شتێك کوردم و کوردستانم پڕ بەدڵ خۆش دەوێ و نیشتمانەکەم بەرلە هەموو شتێکە، وەکوو رەسول حەمزە توفی نووسەرو شاعری داغستانی وتەنی منیش (لە پەنجەرەی ژووری ماڵی ناو گوندەکەی خۆمەوە سەیری هەموو جیهان دەکەم هەموو جیهان لە گوندەکەی منەوە و لە وڵاتەکەی منەوە دەست پێدەکات)... هەمیشە هۆرەی جووتیارێکی کوردم لەلا خۆشترە لە سیمفونی بێگانە بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کەسم خۆش ناوێت یا وڵاتی کەسی دیکەم خۆش ناوێ... ڕاستییەك هەیە واباشە لێرەدا لێی بدوێین ئەویش ئەوەیە: ئەوی وڵاتی خۆی و نەتەوەی خۆی بەرلەهی خەڵکی تر خۆش نەوێت، وابزانم ڕاست ناکاو ڕواڵەتە یا دیارە هیچ کەسێك و هیچ وڵاتێکی تریشی خۆش ناوێ.

**هاوار**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## شایی و شیربایی

باوەژن هەنەزای هەیەو لە ڕقانا ئەیدا بە شوو
تەنها هەر شوو بێ قیروسیا لە ڕابوردوو و لە داهاتوو
عاصمە خانی وشکە وەرد[1]مان کەوتە جامبازی و مامەڵە
خوازبێنیی سازکرد بۆ زاوای بەچکەزۆڵی گوڕنەتەڵە
بووك بە زۆرەملێ سوار ئەکرێ، تازەبووك ڕەشپۆش و ماتە
بووك خەفەتبارو دڵتەنگە مردنی خۆی لا ئاواتە
سووراوی لێوی زووخاوی ناوجەرگی ڕەش و کون کونە
کلی چاوی تۆزی ئێسکی سووتاوی بۆمبای دوژمنە
شیربایی دوو تفەنگی شڕە، مارەیی دوو پرتەقاڵە
بەرگ و تاراو جیازیی بووکێی هەڵکێشراوی خوێنی ئاڵە
قورقوشمی گوللەی زاوامان هێشتا هەروا گەرموگوڕە
خوێناوی زامی سەر سنگی برای بووکێمان تەڕوبڕە
ئیتر نازانم چۆن شایی ئەکرێ لەناو شاری شینا
چۆن دڵخۆش کەین بە زاوایەك گۆش کرابێ لەناو قینا
کێیە ئاوێنە هەڵگرە، کێ سەماکەری گۆبەنگە
با خێرا کاو پێ هەڵگرێ، زاوا چاوەڕێیە، درەنگە
گورج کەن با بووکێمان بڕوا بەرەو کۆشکی تازەزاوا
کێ بەربووکی بەر پەردەیە، بابێت خۆی دەرخا لەناوا
با ئەمجارەش تێر هەڵپەڕین، زۆر ڕەنگینە کوڵ و بارمان
زاوامان جێی شانازییە بۆ خزم و بۆ کەس وکارمان
کوا گەڕگەڕی گۆرانیبێژ بۆ شایی و لۆغانی تازە
کوانێ مچەی حەبێ کشمیش[1] سوور با لەسەر ئەم ئاوازە

---

[1] عاصمەی وشکە وەرد، ژنێك بوو خەریکی دەلاڵی بوو لە ژنهێنان و خوازبێنیی ژندا.

شایی و شوورەپیمان گەرمە، هەرایە زوڕناو دەهۆڵە
دەس خستنە پەناگوێی شایەر بۆ شاباشی پارەی مۆڵە
دەی خڕ بیژەنن ژەنیاگە وەکووو کاڵەی کۆن کنیاگە
زمانی پیاوی خاس بڕیاگە، توانای قسەی پێ نەماگە
با پاشتێلانە تەواوبێ و بووك بێتەوە بۆ باوەخوون
ئەوسا تێئەگەین کە زاواو برا زاوامان چەن زۆڵ دەرچوون

## بلبلێك

بولبولێك لە هێلانەدا
چاوی خەواڵووی کردەوە
دای لە شەقەی باڵ لە شاخا
ملی نا بەرەو گوڵزارو
کەوتە گەشت لە مێرگ و باخا
بە سەودای دیداری خونچەی
تازە گەشاوەی نازداری
بە سەودای دەم لەناو دەمو
هەڵمژینی لێوی یاری
بە هەزاران بەستەی شادی
لە گەرووی بچووکی دەباری
بە ئاوازی پڕ لە سۆزو دڵگیرو خۆش
باخ و مێرگ و شاخ و داخی
سەراپا گشت هێنایە جۆش
ڕۆژێك هەروەك ڕۆژانی تر
فڕی و گەییە شوێنی مەبەست

بنکەی ژین
www.zheen.org

[1] مچەی حەبێ کشمیش، کابرایەکی سمێڵ بابڕبوو بەڵام نێرەمووك بوو، لەناو ژناندا هەڵدەپەڕی و دەستی دەلاڵیشی هەبوو لە ژنهێنان و مارەکردندا.

ڕوانیی گوڵی قرتێنراوە
چڵی ئاواتی بێگوڵەو
گەڵاكانی ژاكێنراوە
گوڵ نەماوە لەناو باخا!
ئیتر دنیای لا تاریك بوو
ورتەی لێ بڕا لە داخا
كام تاوێر زۆر سەخت و بەرز بوو
كام ناوبەرد ڕەق و بێ ئاو بوو
كام جێگا شوێنی كەساسی و
كونجی مەلی دڵشكاو بوو
كام جێگا پەست و غەمگین بوو
كام پەنا دۆڵ كش و مات بوو
كام جێ شەماڵی ناگاتێ و
كپ و خامۆش و بێدەنگ و
دوور لە شمشاڵی ئاوات بوو
ئەوێی كرد بە خەڵوەتخانەو
وازی لە هەموو شت هانی
لەجیاتی بەستەی دڵشادی و
ئاوازی خۆش و گۆرانی
بڕیاری دا جووكەی نەیە
نە لە گوڵزار، نە لە باخا
نە لە مێرگا، نە لە شاخا
بڕیاری دا دەنووكی وەك قفڵ داخا
بڕیاری دا تا ئەوكاتەی
یەكەم خونچەی ساڵی تازە
شنەی شەماڵ دەیشەكێنێ
تا ئەوكاتەی یەكەم خونچە

پەپوولەی نەخشین ئەیدوێنێ
هەتا ئەوکاتەی یەکەم گوڵ
بۆ دەماخی وڕو کاسی
بۆنی گوڵاو دەپرژێنێ
تا ئەوکاتەی تازە خونچە
وەکوو تازە بووك دەنوێنێ
تا ئەوکاتە بڕیاری دا
دەنووکی وەك قفڵ داخا
جووکەی نەیە نە لە گوڵزار
نە لە شاخا، نە لە باخا
لەولاوە هەنگ لێی پەیدابوو
پرسیی بولبول چی قەوماوە؟
بۆچی وەها گۆشەگیری و
بە جارێك ورەت بەرداوە
گەر لە داخی گوڵی باخت
وا ڕەنگ و بۆت لێ بڕاوە
ساڵەهایە من بێوچان
ناسرەوم بەدڵ و بەگیان
شانەم پڕ دەکەم لە هەنگوین
زۆردارێك لێم داگیر دەکا
دەیبات وەکووماڵی تاڵان
من وەك تۆ نیم ورە بەردەم
من کۆڵ نادەم هەتا ماوم
پوورەی خۆم واز لێ ناهێنم
شانەی خۆم هەر هەڵدەبەستم
هەر دەبێ ڕۆژێکم هەبێ و
هەر بۆ خۆم بێ و کەس نەتوانێ

www.zheen.org

وەکوو ئێستە مافم بخوا
ئەوکاتەیە بە خۆم دەڵێم
ئۆخەی ئازادو سەربەستم
دە تۆش ئەی بولبولی غەمبار
پیاوی چاك بە وەکوو من بە
دڕکی چاوی دوژمن بە
بە کۆڵدان و گۆشەگیری و دڵپەستی
قەت ناگەیتە هیوای دڵ و مەبەستی

کە بولبول ئەم پەندەی هەنگی
بیست، لە جێگەی خۆی ڕاپەڕی
بەرگی دیوانەو دڵپەستی و
کونجنشینی و غەمی دڕی
باڵی لێك دا وەکوو جاران
فڕی و دای لە شەقەی باڵ
بە بێدەنگ لەبەرخۆیەوە
ئەیوت من لە هەنگ کەمترم؟
ئەم خاکەی من پڕ لە گوڵ بێ
بۆ تەنها بۆ گوڵێك بمرم؟!

## بیرەوەرییەکی تاڵ

کە ساتێك چاوم کردەوە
وردە وردە لەناو بێشکەو
جۆلانەی ژوورو هەیوانا
بە لایلایە فێریان کردم
بە شیری مەمکی چ دایکێ
نیشتمانێك گۆش کراوم
تێیان گەیاندم خەڵکی کوێم

له کام گەڕەك لەدایك بووم
سەری پەنجەی چ مامانێك
بنی مەلاشووی هەڵداوم
کە ساتێك هۆشم کردەوەو
چوومە ناو کۆڕی ژینەوە
سەیری ئەملاو ئەولای خۆم کرد
چاوم گێڕا، بەناو وڵاتی وێرانا
بەناو خانووی خشتی قوڕو
گەلاو زەلو چیلکە و گورگەو
قامیشی سەر گوێسەبانا
هاونیشتمانی هەژارو
کەساس و سەرگەردانم دی
چەندە دواکەوتوو و نەزانە،
چەند داماوە لە ژیانا
ئەوسا زانیم ئێشو ژانی
بۆچی قەت کۆتایی نایە!

کە ساتێك هۆشم کردەوەو
لە خۆم گەیشتم بەتەواوی
هەستم کرد دڵم لەت لەتە
هەر لەتێکی لەژێر باری
ئەشکەنجە و ئێشو ئازارا
سستو لەرزۆك و سەقەتە
دەستو پێم وا لە کۆتایەو
گەردنم جەڕاوی پەتە
ئەوسا تەواو تێگەیشتم
لەشی بێهێزو بێتینم

www.zheen.org

ڕێگەی کاروانی چەند سەختەو
چەند قورس‌و گران و خوارە
باری نالەباری ژینم

کە سەیری دیواری بەرزی
بەندیخانەی ولاّتم کرد
چۆن هەمووی تەلبەنگ کراوە
چۆن ڕێ لە هەموو مرۆڤی
داناو ڕۆشنبیر گیراوە
چۆن مەلی ئازادی لەناو
داوی زۆردارا خنکاوە!
ئەوسا تێگەیشتم بۆچی
گوڵی ئازادی و سەربەستی
هەمیشە سیس‌و ژاکاوە
ئەوسایە بۆم ڕوون بووەوە
بە پێلەقەی چ ناپیاوێك
ولاّتم پێشێل کراوە
کە ئەم هەموو تاوانەم دی
بێپەروا دەنگم هەڵبڕی
هەتا تیاما بوو قیژاندم
وتم هەتاکوو کەی وابم
چییە گوناه و تاوانم؟
هەتاکەی هەر پارچە پارچەو
بەشخوراو و سەرگەردانم
لەمە زیاتر بێدەنگ نابم
واز ناهێنم، من ئینسانم

www.zheen.org

لەپێناوی ئازادیدا
پێشکەش دەکەم ڕۆح و گیانم
کۆڵ نادەم و واز ناهێنم
ئەگەرچی ببڕن زبانم

یاساوڵێك لە دوورەوە لێم ڕاپەڕی
وتی دیارە زۆر دەمشڕی
بە دەمی خۆت نانی خۆت و
ماڵ و منداڵت ئەبڕی
کەی تۆ لە مافت بێبەشی
لەبەرچی تۆ لەلات وایە
سەرگەردان و چارەڕەشی
تۆ چیت لەوە زیاتر دەوێ
نانت هەیەو ئاوت هەیە
دەست و قاچ و چاوت هەیە
خانوویەکی دوو نهۆم و
ناومالی ڕازاوت هەیە
ناتەواوی و کەموکوڕیت
پێم نالێی ئیتر کامەیە؟

وتم ئەوەی لێی بێبەشم
لەو شتانە بەنرخترە
ئەوەی من بۆی بەپەرۆشم
لەو شتانە گرانترە
شتێکی ئێجگار بەنرخە
لەژیانا وێنەی نییە
ناوەکەی وا لەدڵمایە
وەکوو نەقشی بەرد نوسراوە

www.zheen.org

ئازادییە... سەربەستییە
ژیان تەنها هەر نان نییە
هەر خەو و خۆراك و ئاو و
نوستن و ڕاکشان نییە
گاوگۆتاڵیش هەر دەخۆن و
کایان هەیەو ئاویان هەیە
قاچیان هەیە و چاویان هەیە
بە ئارەزوی دڵی خۆیان
دەلەوەڕن، کاوێژ دەکەن
لەناو سەوزە گیای بەهارا
لە گەوڕدا چۆنیان بوێ
بە ئارەزوو لنگ درێژ دەکەن
مانای ژیان ئەگەر تەنها
هەر خۆراك و ئاو و نان بێ
دەبێ ژیانی مرۆڤیش
وەکوو ژیانی حەیوان بێ
گەر سەربەست و ئازاد نەبێ،
مێشکت بە قفڵ داخرابێ
دەست بە دەرزی و دروومانی
دەستی زۆردار تونگ دوورابێ
ئیتر پێم ناڵێی کام ژیان!
کەی ئەوە ناوی ژیانە؟
ڕازی بوون بە ژیانی وا
ترسنۆکییە و تاوانە
قاچ و دەستو چاو و مێشك و
دڵ و جەرگ و لەش و گیانم
بێ ئازادی نرخیان نییە،

www.zneen.com

هەزار ساڵ بڕکا ژیانم
کە بێبەش بم لە ئازادی
چۆن بە خۆم بڵێم ئینسانم؟

## یادی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ئای کە بێپێچوپەنا بوو
مام شێخ ڕەزای تاڵەبانی
هەمیشە (کابرا)کەی بێشەرم
لە مەیدانا بەئاشکرا
وەکوو گورزی بەناوبانگی
ڕۆستەمی مازندەرانی
خستبوە سەر نەڕەی شانی
گورزی خۆی بە ڕاست و چەپا
بەبێ جیاوازی ئەوەشان
چ لە خزم و کەس‌وکاری
چ لە دۆست و دوژمنانی
خۆزگە زمانم وەك شێخ ڕەزا
بەبڕشت و پاراو ئەبوو
دێڕەکانم وەك دێڕی ئەو
هەمووی ئەچوە ناو دڵەوە
تێر تێر داخی ناو دڵی خۆم
ئەڕشت بە مرۆڤی نامەرد
ئەو داخانەم لەگەڵ خۆمدا
نەئەبردە ناو گڵەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سەنگەری بەجێماو

پێشکەشە بەو پێشمەرگەی چنگی گڵی سەنگەرەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە:

بە ناچاری بەجێت دێڵم
دە ماڵ ئاوا سەنگەرەکەم
هیوای چەند ساڵەی لەبارچووی
گەلی کوردە کلۆڵەکەم
لەگەڵ خۆمدا دەبەمەوە
بۆ ناو وڵاتو شارەکەم
هەواڵێکی تاسێنەری
ئێجگار ناخۆش لەگەڵ خۆمدا
دەبەمەوە بۆ یارەکەم
ئەڕۆم و هەر یادت ئەکەم
بەناچاری بەجێت دێڵم
دە ماڵ ئاوا سەنگەرەکەم
پەیمان بێ تاکوو ئەو ڕۆژەی
بەیەکتر شاد ئەبینەوە
بەرگی ڕەشپۆشی و ماتەمی و
خەم و خەفەت لەبەر ئەکەم
بۆ شۆڕشە دۆڕاوەکەی
گەلی کوردە هەژارەکەم
بەناچاری بەجێت دێڵم
دە ماڵ ئاوا سەنگەرەکەم
چنگێك گڵی دیوارەکەت
لەناو دڵما هەڵدەگرم
بۆ نیشانەی ڕۆژی شوومو
گەڵاڕێزانی پاییزی

نیگەی ژین
www.zheen.org

ناوەختی نەوبەهارەکەم
هەتاکوو پێك دەگەینەوە
دە ماڵ ئاوا سەنگەرەکەم
هەر وەختێك داوام کەیتەوە
هەر ئەو پێشمەرگەی جارانم
خۆم بەخت ئەکەم لەپێناوی
نیشتمانە نازدارەکەم

## بۆ گوڵی ژاکاو

١٩٧٧/٦/٦

ئەی گوڵی دەستی زۆردار
تۆ یەکەم گوڵ نیت ژاکاو بی
تۆ یەکەم گوڵ نیت بە دەستی
چەپەڵو پیسی تاوانبار
لە لقو پۆپت پچڕاو بی
تۆ یەکەم گوڵ نیت لە گوڵزار دوورخراو بی
تۆ یەکەم گوڵ نیت کە ماتو دڵشکاو بی
زۆر گوڵی تر... وەك تۆ جوانو بەڕەنگ‌وبۆ
بە پەنجەی قین قرتێنراوە
پەڕەکانی ژاکێنراوو وەرێنراوە
بە پێڵاوی ڕقو کینە بێدەربەس پێشێل کراوە
زۆر گوڵی تر، وەك تۆ لە جۆشی بەهارا
لەبەر شنەی بای بەیانا، لە چیمەن و مێرغوزارا
لەکاتی سۆزی ئاهەنگ و کۆڕی بولبول لە گوڵزارا
بۆ مەبەستیی ساتێکی خۆی
دەستی زۆردار پچڕیویەتی

لەناو لەپی دەستی گلاویا
بێبەزەیی گڵوفتوویەتی
زۆردار، زۆردارە و بەدکارە
خوێنڕشتن‌و تاوانکاری،
یاسای ڕەوشت و خوویەتی
هەرچی دەکا بۆ مەبەست و
ساتێکی ئارەزوویەتی
ئەی گوڵی سوور، ئەی گوڵەباخ
ئەی بووکی ناکامیی مێرگی
ناو دۆڵ و لاپاڵ و قەدشاخ
ئەی گوڵی سیسی ژاکاوی
ناو لەپی دەستی زۆردار
هەمیشە هەر ژاکاو نابی
هەمیشە وا سیس و کزو
کەساس و دڵشکاو نابی
ڕێگای تێکۆشان هەمیشە
پڕ لە چقڵ و دڕك و داڵە
باری ژیان ئاسان نییە
ڕێگەی تەخت و نەرمان نییە
بەشی زۆری کوێرەوەری و
سەرگەردانی و ناخۆشییە
ئەی گوڵەکەم، ئەی دڵەکەم
ئەی هیوای ئێستەو دواڕۆژم
ئەی مایەی ژیان‌و ژینم
بزوێنەری هەست و هۆشم
بەرگەی گەرمای هاوین بگرە
گەرمای هاوین تاسەر نابێ

www.zheen.org

دەستی تاوانی تاوانبار
هەمیشە هەر بەکار نابێ
هەزارەها زۆرداری تر،
هەزارەها بەدکاری تر
هەزارەها تاوانبارو
خوێنڕێژو دەغەزاری تر
هەردوو دەستی تاوانباری و
خوێناوییان شکێنراوە
پەنجەکانیان قرتێنراوە
تۆڵەی هەزار بێتاوانی
وەکوو تۆیان لێ سێنراوە
سەیری کەلاوەی مێژوو بکە
سەرەنوێلکێکی تەواوە
لاپەڕەی ڕەوشتی زۆردار
وەك تەپاڵە هەڵچنراوە
گەڵای تاوانی تاوانبار
وەك پلو پووش ڕاپێچراوە
بە ڕەشەبای زۆرلێکراوان
نوقومبووی قوڕو لیتاوە

ئەی گوڵی هیواو ئاواتم
ئەی ڕووناکیی ڕێگای ژینم
ڕەهبەری ڕێگەی نەجاتم
هیوام هێندە بە تۆ زۆرە
سەری زۆردار دانەوێنی
یەك لەدوای یەك و بەنۆرە
کە ساتێك تەم ڕەوییەوەو

بەسەر چوو تاریکایی شەو
بووکی ئارام ڕازایەوە
بۆ زاوای ڕاپەڕیو لە خەو
ئەوسایە تۆش ئەی گوڵەکەم
بە ئارەزوو و بە دڵی خۆت
وەکوو جاران شنەی شەماڵ
دەتباتەوە سەر چڵی خۆت
وەك جارانی لێ دێتەوە
شێوەو دیمەن و ڕەنگو بۆت

## لە بارێکدا

لێوهەڵقرچان و ڕووگرژکردنت
ئاخۆ هەر تەنها لەبەر پیریمە؟
یا بێزاربوونو ڕوو وەرگێڕانت
لەبەر مووی سپی و ناشیرینیمە؟
بۆڵەی ژێر لێوت هەمووی جنێوە
یا دوعای مەرگەو بۆ کۆتاییمە؟
ئەگەر جنێو بێ و ئەگەر دوعا بێ
خوایە گەردنت خۆش و ئازا بێ
سەد بۆڵە و دوعاو دووسەد جنێوت
دەڵێی شاباشی ڕۆژی شاییمە
لێم مەگرە جارجار وەك پیرەلاوێ
دڵی سەرەڕۆم ئەمخاتە داوێ
هەر ناڵێی پیرم یاخود باپیرم
هەر دەڵێی دەوری هەرزەکاریمە

فۆلکلۆری کوردی لە شاییدا:

## شایی هەسەنە گورگە

ساڵێکیان لەدێی بەردەسوور
ئاهەنگ و شایی لۆغان بوو
زەماوەند بوو، غارغارێن بوو
سووڕدان و چەپڵەڕێزان بوو
زەماوەندی هەسەنە گورگەی

خوشکەزای میمکە ڕیحان بوو
هەسەنە گورگە دەسڕۆییو بوو
بەڵام تا بڵێی دەسبڕ بوو
وەکوو ماری بێئیجازە
نەهێنگر بوو، ئیجگار دڕ بوو
کەڵەکچی بوو، بلۆفچی بوو
کۆنە خوێڕییەکی دەمشڕ بوو
بووکیان هێنا، بووک غەمبار بوو
هەتا بڵێی کزو مات بوو
بووک خەفەتبارو دڵتەنگ بوو
مردنی خۆی لا ئاوات بوو
پێشەنگ گەییە ماڵی زاوا
بەربووک هەتا بڵێی زۆڵ بوو
گیرفان و تەنکەی باخەڵی
پڕ لە پارەی مفت و مۆڵ بوو
بووک دابەزی، نوقوڵ ڕێژرا
هەسەنە گورگە قامیشێکی
بەسەر سەری بووکا کێشا
بەربووک تارای بووکی لادا
ئەیوت: (حل حلی.. بل بلی)[1]
(بووک چاوی ڕشتوە بە کلی)
(بووکمان هێنا بە تەنتەنە)
(قاڵبێك صابوون جامێك خەنە)
پیرێژنێکی ئاوایی
هەسەنە گورگەی باش دەناسی و

[1] ئەوانەی لە کەوانەکەن، هەمووی فولکلۆری کوردییە.

هەموو ڕابوردووی دەزانی
خۆی پێنەگیراو قیژانی:
(ئای بیسمیللاهی ناوی خوا)
(هەسەنە گورگەمان پیاو ئەخوا)
بانگی کرد هۆ هۆ ئاوایی
من دنیادیدە و شارەزام،
قسەم دێتە دی زووبەزوو
ئەوەی لەم شایی لۆغانە
هەڵپەڕێ و پێی دا بە ئەرزا
ئەمڕۆو سبەی هەسەنە گورگە
لەناکاو دەیکا بە توێشوو
بڕۆ لاچۆ... پیرێژنە
(پیرێژنەی سەر قژنە)
(سەرت لە گوێی قەبر ئەلەرزێ)
چیت داوە لەم بەزمو شایی‌و
هەڵپەڕکێ و شاباشکردنە
پیرێژن وتی با وابێ
قسەی ئێوەیە... بەڵێ وایە
قسەی منتان لا وەك كایە
(كەوش لەپێكردن حیسابە)
بە تاقە گوڵێك بەهار نایە)

## دیموکراتی

چەند بەدەم خۆش‌و لەباری، چەند پیرۆزی دیموکراتی
بنێشتە خۆشەی خۆرئاواو ویردی دەمی خۆرهەڵاتی
چی هەیە لە دیموکراتی وشەی گەرم‌وگوڕو خۆشتر

چی هەیە لە دیموکراتی پڕ لە ئامانجی پیرۆزتر
چەند خۆشە کەس بێبەش نەبێ و کەس کەسی تر نەڕەنجێنێ
کەس بەشی کەس داگیر نەکاو کەس کەسی تر نەچەوسێنێ
هەتا دڵ حەز ئەکا بەرزەو لای هەموو کەسێ پیرۆزە
هەموو کەسێ پێی لێ دەنێو بەدەم ئێجگار بۆی دڵسۆزە
بەڵام کە هاتە سەر ڕاستی و کات هاتە سەر ئیش‌و ڕەفتار
زۆر کەس لە ڕاستی خۆیەوە لێی دەبێ بە دڕندەو هار
وەك نە گفتی دابێ بە خۆی، یا نە بای دیبێ و نە باران
لە هەمووی پاشگەز بۆتەوە خۆی لێ گێل ئەکا وەك جاران
کام دیموکراتی و کام ڕاستی، کام چونیەکی و کام یەکسانی؟
هەمووی وەکوو بڵقی سەر ئاو نامێنێت ناوونیشانی
ئەمیان لەویان دەبێ بە گورگ تا دایئەپاچی و نەیکوژێ
یا هەروەکوو زەروو هەموو خوێنی لەشی هەڵئەمژێ
بە خەو بەرۆکی بەر نادا و لێی ناگەڕێ و واز ناهێنێ
کە باس هاتە سەر سوودی خۆی مافی کەسی لا نامێنێ
تەنها هەر خۆی، هەر بە تەنها خاوەنی هەموو مافێکە
تەنها خۆی خاوەنی هەموو بەش‌و لاف و گەزافێکە
ئەوی وترا ڕۆی بەسەر چوو، وتن جیایەو ڕەفتار جیایە
قسەی شەو بە ڕۆژ کار ناکاو ئەمڕۆ ئەو کەسە ئازایە
هەرچی هەوڵ و دەسکەوتیەتی هەمووی بۆ خۆی بەکاربێنێ
کێ بەکێیە و کێ بۆ کێی تر هەوڵ ئەداو خۆی ئەڕەنجێنێ!
ئەی وشەی خۆشی دیموکرات، چەن قوربانیت پێشکەش کرا
چەن لاشەی منداڵ و لاوو پیرت لەپێناو نێژرا
چەن پەیکەرت بۆ تاشراوە لە چوارڕیانی شەقامەکان
چەن شاعیر هەڵبەستی بەرزی پیا هەڵداوی بە دڵ و گیان
وەك چۆن ویردی دەمی خەڵکی، تۆ بڵێی ڕۆژێ لەڕۆژان
هەرواش بە ڕەفتار بێیتە دی بۆ دوارۆژی هەموو ئینسان

بێگومان ڕەفتاری باش‌و باوەڕی پاك سەر دەکەوێ
بەڵام بۆ کەی؟ کەی دێتە دی، دیارە وچانێکی دەوێ

### کۆنەپەرست

کۆنەپەرست، ئیتر کاتی سەرەمەرگ و کۆتاییتە
کاتی ڕووخانی ڕژێم و دامودەزگای ڕێژگاویتە
نۆرەی ڕاماڵینی درك و پل‌و پووشی ناپیاویتە
ئیتر نۆرەی ملشکان و شاربەدەری و ڕیسواییتە
کاتی قرتانی مەچەك و دەست و پەنجەی خوێناویتە
گەشتی خۆت کرد، تێر بە ئارەزووی دڵی خۆت،
پۆزت لێ دا بە سەرمانا، بەسیە ئیتر لێمان گەڕێ
با بەس لە سایەو سێبەری ڕەشی تۆدا بەبێ وچان
سەگوەڕی هەموو دنیامان بە شەوو ڕۆژ پێ بوەڕێ
کۆنەپەرست بەسیە ئیتر نۆرەی وەچەی ڕۆژی نوێیە
لەسەر لوتکەی چیاکانا، ڕۆشنبیر و ئازادیخوا
مەشخەڵی پێشکەوتنخوازی و مژدەی ڕزگاربوونی پێیە
کۆنەپەرست، بەسیە باوی کۆنەپەرستیت نەماوە
وازبێنە؛ با وەك میللەتان ئەم گەلە سەر لێ شێواوە
دەربازبێ لە درك‌و داڵی ئەم دەشتە چۆڵ‌و بێ‌ئاوە
لاوی ڕۆشنبیری تازە هەڵناپەڕێ بە دەهۆڵت
تازە قەت کاری تێ‌ناکا زڕەی پارەی مفت‌و مۆڵت
کەم کەسی پێ ملکەچ دەبێ پێکێ ویسکیی خەست‌و خۆڵت
تازە هیچ کەس ناخەڵەتێ بە زمانی لووسی تاقمێ
بەکرێگیراوو نۆکەری خۆفرۆش‌و ناپیاو و زۆڵت

ئەی ئازادیخوازی کۆڵنەدەر، ئەی ڕۆشنبیری وڵاتم
دەمێکە بۆ ڕاپەڕین و هەڵمەتی تۆ بەئاواتم

سڵ مەکە لە کۆنەپەرست، دامودەزگای داڕزاوە
هاش‌و هووشی پێنەماوە، دەف‌و دەهۆڵی دڕاوە
بناغەی کەڵەك و فێڵی داتەپاو و داڕووخاوە
بەرداشی دەمی هەراشی کرە ناکا، لووس‌و سواوە
کەفی چەندوە لالغاوەی وەکوو بارگیری کەرتە لەڕ
نۆرە دەکا لە هەنگاوا، سمی تەنك بووە و شکاوە
چوارپەلی سست‌و سەقەتی هێزو توانای لێ بڕاوە
تا دەستی بوو ئەم وڵاتەی تا تەوقی سەر بەقوڕا برد
بە بیروباوەڕی پەستی میللەتێکی سەرگەردان کرد
هەر بیروباوەڕی نوێ بوو لەناو مێشکا ئەتاسێنرا
هەر وشەی ڕاست و ڕەوان بوو لەناو قوڕگا ئەخنکێنرا
هەر بەرهەمی ڕۆشنبیر بوو لە تەنوور ئەسووتێنرا
داری ئازادی و نەمامی ڕۆشنبیری و زانیاری بوو
بە تەوراسی دەستی پیسی کۆنەپەرست دائەهێنرا
ئەی کاکەلێی ئازادیخوا، ئەی تێکۆشەری ڕۆشنبیر
ئەی بێباك و چاونەترساو لە سێدارە و کۆت‌و زنجیر
ڕاپەڕین و تێکۆشانت بۆ ئەم وڵاتە داماوە
بۆ ئەم گەلە ڕەش‌وڕووت و سەرگەردان و لێقەوماوە
بارێکەو لە ئەستۆتایە، گوێ مەدەرە حەپەو لوورە
سڵ نەکەی لەوەی کە ڕێگەت دڕکاوییەو سەخت‌و دوورە
بە تێکۆشانی بێوچان هاکا گەیشتیە ئاواتت
دەستت کردە ملی بووکی ئازادی گەل‌و وڵاتت

**لۆرکا... ناظم حیکمەت... پابلۆ نیرۆدا**

لۆرکای شاعیری شۆڕشگێڕ
کە وەختێ سۆزی دەروونی
هەروەکوو بڵێسەی ئاگر

لەسەر لوتکەی چیاکانا
ئەبوو بە چراو مەشخەڵی
شۆڕشگێڕ لەناو سەنگەرو
ڕێی خەبات و تێکۆشانا
هۆنراوە ئاگراویەکانی
هەمووی ئەبوو بە گۆرانی
لەناو گەرووی ئازادیخواو
تێکۆشەرو ڕۆشنبیرا
لە سەنگەرو لە زیندانا
لەناو شەقام و کۆڵانا
هەرچەن لۆرکا دڵی شکاو
نەگەی بە ئاواتەکانی
بەڵام خۆی و شیعرەکانی
لەناو دڵی ئیسپانیادا
ون نەبوو ناوو نیشانی
دوژمنانی نەیانزانی
لە دوارۆژدا دێڕەکانی
هەروەکوو دانەی مرواری
دەهۆنرێتەوە و دەکرێتە
گەردنی بووکی ئازادی
لەڕێڕەوی دووروودرێژی
خەباتی ناو میللەتانا

کە ناظم حیکمەت ڕاونراو
بوو بە ئاوارەی وڵاتان
دەربەدەر بوو، بێبەشیان کرد
لەئاوو هەوای نیشتمان

www.zheen.org

فاشیستەکان دڵیان خۆش بوو
ڕزگاریان بوو لە ملۆزمێك
بەبێ قرەو بە ئاسانی
بەڵام کەر بوون، نەیانزانی
تا دوا هەناسەی ژیانی
خۆی و هەموو شیعرەکانی
لە جاران زیاتر کڵپەی سەند
بۆ ڕیسوابوونی ڕژێمی
فاشیستی ڕەگەزپەرستو
ئیمپریالیزمی خوێنخوارو
کاسەلێس و کلکەکانی
با بلوێ نیرودای شاعیری
ئازادیخوای کۆڵنەدەریش
تا دوا هەناسەی ژیانی
دەستەی فاشیستی تاوانبار
نۆکەری (یانکی)ی خوێنمژو
چڵکاوخۆری سەرمایەدار
بە هەموو هێزی نەیتوانی
لای دا لەڕێی تێکۆشانی
تا ئەو ساتەی گیانی دەرچوو
هەمیشە هەر ورەی بەرز بوو
تێدەکۆشا لەپێناوی
وڵات و گەلی شیلیدا
بۆ گەیشتن بە ئامانج و
ئاواتە پیرۆزەکانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

فرانکۆی فاشیستی گۆڕبەگۆڕ
ئاتاتورك، عیصمەت ئینۆنۆ
یەك لەدوای یەك ملیان شکان
"پێنوشێ"ش ملی دەشکێنێ[١]
ئەوان‌و هی کەی وەك ئەوان
مێژووی تێکۆشانی گەلان
ناویان ئەخاتە ناو لیستەو
پەڕەی ڕەشی وەچەی شەیتان

**تاوان‌و تاوانبار**

ئەمڕۆ بەپێی ئەو نەخشەیەی
پیلانگێڕ بۆ تۆی کێشاوە
دەتوانیت چەند کەست بوێ
پەنجا کەس، سەد کەس، هەزار
بیانخەیتە ژێر ئەشکەنجە و
ئازاری کەلەپچەو دار
لە چوخمی زیندانەکانتا
هەزار بێ‌تاوان هەڵواسی
پیاوکوژەکان بورووژێنیی
وەك دڕندەو زەردەواڵە
شاڵاو بەرنە سەر گوندو شار
ئەمڕۆ بەپێی ئەو نەخشەیەی
مامۆستات بۆ تۆی کێشاوە
لەسەرتە تا توانات هەیە

[١] پێنوشێ- دیکتاتۆری ئیستای شیلییە کە ئینقلابی کرد دژی شۆڕشی ئازادیخوای شیلی‌و ئەللیندیی لابرد و پابلۆ نیرۆدای شاعیری مەزنی شیلی کەوتە ژێر ئەشکەنجەوە هەتا مرد.

دەمی ڕۆشنبیر ببەستی
قەڵەمی پەنجەی بشکێنی
پەڕەی بیروبڕواو هەستی
بە شاڵاوێك لێ بستێنی
کتێبەکانی، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی
لەناو کوورەی ناپیاویتا بسووتێنی
ئەمڕۆ بەپێی ئەو نەخشەیەی
پیلانگێڕ بۆ تۆی کێشاوە
دەتوانیت هەرچی خەرمانە
سێ ودوو نەکەی بیسووتێنی
دارو دەوەنگ، بنچك و باخ
بە تەورو تەوراس داپاچیت
کۆتەرەی لەبن دەربێنی
گڕ بەر دەیتە پووش و پاوەن
ڕەزو باخ هەموی وێران کەی
ژەهری خەستی ناو دەروونتی
بەسەر گەڵاو لق و چڵیا داچۆڕێنی
باش دەتوانیت بە پێ لەقە
باخ و چیمەن و مێرگەکان
ئەم سەراوسەری پێشێل کەی
گوڵەکانی بژاکێنیی
پەڕەکانی هەڵوەرێنی
خونچەی جوان و نەپشکووتووی
بە نینۆکت بقرتێنێ
دەتوانیت تا دەستت دەڕوا
تاوان بکەی بەدوای تاوانا
لە بەدکاری واز نەهێنێ

له قه‌ڵه‌مڕه‌وی ژیانا
یه‌ك له‌دوای یه‌ك
مۆری ڕه‌شی ناهه‌مواریت
دیاری که‌ی له ناوچه‌وانا
به‌ڵام قه‌ت له‌لات وا نه‌بێ
دنیا تاسه‌ر ئه‌به‌یته سه‌ر
هه‌رچیت بوێ به ئاره‌زوو،
بۆت سه‌ر ده‌گرێ به ئاسانی
له هه‌ر شوێنێكدا پێت داناو
هه‌نگاوت نا بۆ هه‌ر شوێنێ
هه‌مووی له‌به‌ر پێتا ده‌بێ
به ته‌ختایی و به نه‌رمانی
قه‌ت لات وا نه‌بێ مامۆستات
هه‌تاكوو سه‌ر ده‌ستی ده‌ڕواو
ئه‌م وڵاته ده‌شێوێنێ
وه‌ك ده‌وری پاشاگه‌ردانی
ڕاستییه‌ك هه‌یه لام وایه
لێی نه‌شاره‌زاو نایزانی
تۆ كه گۆشكراوی شیری
ناپیاوه‌تی و به‌دكاری بی
مانای دوژمنی مرۆڤ و
دژی سروشتی ژیانی
بۆیه ده‌بێ له ئه‌نجاما
لووت‌و ناوچه‌وانت بدا
له به‌ردی پاشگه‌زبوونه‌وه‌و
سه‌رگه‌ردانی و په‌شیمانی

www.zheen.org

## بۆ ئەو جاشەی (ڕۆلێت)ی ئەکرد

ئەوی کە شەرمی لا نەبێ
هەروەکوو کەری ناو جۆگا
لە هەردوولا ئەلەوەڕێ
هەر خەریکی ملوموووشە
لووشکەی هەر بۆ پلو پووشە
چ لەملابێ و چ لەولا بێ
نێر بێ و مێ بێ، بۆ دۆیەتی
کاوێژکەرێکی چەمووشە
لەلای وایە دووشەشیەتی
باران بێ ئاشی دەگەڕێ
نەبارێ جووتی دەگەڕێ
بەڵام نرخی ئەم کاوێژەی
ئاسان و خۆڕایی نییە
دەبێ وەکوو توولەی ڕاوچی
بەدوای نێچیری ئاغایا
بە داروبەردا هەڵگەڕێ
پەلامار بداو بوەڕێ
جاشە گەڕەی ئاخر شەڕە
ملوموووش کەو تێر هەڵپەڕە
لەناو سەوزە گیای دنیادا
تێر تێر کاوێژ کەو بزەڕە
تاسەر نابێ ئەم لەوەڕە
هێندەت زانی ئاش وەرگەڕا
ئەوسا بە چ ڕوویەکەوە
بۆم دێیتەوە سەربای بەڕە!

www.zheen.org

## یادی حاجی مصطەفا پاشای یامولکی

کاکە مافی میللەتی کورد
بە زۆری کوتەك خوراوە
ساڵەهایە گیرۆدەیەو
لەژێر باری زۆرداریدا
کەنەفتەو پشتی شکاوە
لە کاروانی میللەتانا
هێند دواکەوتووە، (قڕە)[١]یەو
لە قۆڕی خەستا چەقاوە
لە لاپەڕەی تێکۆشانی
میللەتانا وا نووسراوە:
بە کاکەو بە پیاوی چاك بە
مافی ڕەوای هیچ میللەتێك
هەتا ئێستە نەستێنراوە
تەنها هەر شەقە دەزانێ
قۆناغ کامەیە و لە کوێیە
هەر بە (کوتەك حەقیچن)[٢]ـە
پیاوی زۆردار ملی شکاوە

ژین
www.zheen.org

---

[١] قڕە: یەعنی لەدوای هەموو کەسێکەوەیە.

[٢] عیبارەتێکی تورکییە، یەعنی بە زۆری کوتەك.

حاجی مصطفی پاشا کە تورکە کەمالیەکان ناویان لێ نابوو "مصطەفا نەمرود" کە لە ئەستەموولەوە هاتەوە کوردستان، کوردایەتییەکی زۆر سەیری دەکرد، هەوڵی ئەدا ناوبازاڕی و لادێیی فێری کوردایەتی بکات. ڕۆژێك بە خۆیو دوو زەلامەوە بە گوریسێك سەری کۆڵانەکەی صابوونکەرانی دەبەستێ کە ئەوسا تەنگەبەر بوو وە نەکرابوو بە جادە. کەرو باری شاربازێڕی کە لە گۆیژەوە دێنە خوارەوە، تەماشا ئەکەن وا سەری کۆڵانیان لێ بەستراوە. لەپێشدا بە خۆشی لە حاجی مصطەفا پاشا دەپاڕێنەوە: کاکە گوریسەکە لابە، با بارەکانمان تێپەڕ بکات. پیاوی چاك بە بابڕۆین دوانەکەوین. هەمووی بێسوود ئەبێ. ناچار یەکێکیان دەستی ئەدایە دارێك و بۆی ئەهاتە پێشەوە ((سەگباب گوریسەکەت لابە)). ئەوسا حاجی مصطەفا پاشا ئەڵێ ئەی بە قوربانی دەمت بم ئادەی بیلێرەوە هەتا کەی بە پاڕانەوە داوای حەقی خۆتان ئەکەن. بە شەق نەبێ حەقی خۆتان دەسگیر نابێ.

## یادی خاکی میدیا

هۆرەی جووتیارێکی کوردم
زۆر زۆر لەلا بەنرخترە
لە سیمفۆنی بیتهۆڤن و
گرمو هووڕی مێشك تاسێنی
باندی مۆسیقاو ئۆرکێسترا
ئاوازی شمشاڵی شوانی
ڕانەمەڕێکی سیوەیلیم
ئێجگار زۆر لەلا خۆشترە
لە دیسکۆی تەگەوبەرانی[1]
یەنکیی پێکا چووی بەرەڵلا

ڕاستە جوانە... ڕازاوەیە
هەتا بڵێی پێشکەوتووە
هەموو شارێکی ئەوروپا
بەڵام لای من دڵ حیسابە
پێوانەی خۆشی و ناخۆشی
لە ژیاندا یادی کۆنەو
ئەو زنجیرە بیرەوەریەی
جارجار دێتەوە بە بیردا

هەرچیم پێ‌دەڵێن پێم بڵێن
ڕێژگاوم، یاخود (لاولاو)م[2]
لای من ئەم هەموو دیمەنی
پێشکەوتنە ڕواڵەتەی

---

[1] بۆ زاوزێی مەڕو ماڵات کە نێرو مێ بەرەڵلا دەکەن پێی دەڵێن تەگەوبەران.
[2] لە شارەکانا بە لادێیی دەڵێن (لاولاو).

لای زۆرکەس دەچێت بەدڵا
هەمووی نادەم بە لەوێچێك
وردە بەردی (گردە گڕوێ)[1] و
دیمەنێکی ئێوارانی
لوتکەیەکی گەردن کەشی
خاکە دڵگیرەکەی میدیا

## بۆ خۆشەویستەکەم

لەندەن

خۆشەویستەکەم، ئەی نازەنینم        سەرچاوەی بڕواو ئاین و دینم
هیواو ئاواتی ڕووی سەرزەمینم        بە تۆوە بەندە ژیان‌و ژینم
هێزو تینمی، هۆش و گیانمی        هەمیشە ویردی سەر زوبانمی
ڕۆژو ئەستێرە و ئاسمانمی        ڕۆشنکەرەوەی ڕێ ژیانمی
لە خەمناکیمدا خەمڕەوێنمیی        شنەی شەماڵی گوڵاوپرژێنمی
زەوی و ئاسمان و بەرگ‌و نوێنمی        لە بێکەسیدا پەناو شوێنمی
تەوژم و تینی لەش‌و خوێنمی        زام سارێژکەرو دڵ لاوێنمی
کە تۆم نەمێنی من بۆچی چاکم        لێلایی دابێ دیدەی نمناکم
خۆشەویستەکەم، ئیمان و دینم        بە تۆوە بەندە ژیان و ژینم
زستان بە بەفرو کرێوە و باران        بە سەرماو تۆف و وەیشوومەو خەزان
موچڕکەو لەرزو چۆقەی دەم‌و دان        دەستی لەگۆچووی ناو سەهۆڵبەندان
دەردو نەخۆشی و لەرزوتای گران        پیری و کەنەفتی و کۆکە و ئێش و ژان
تەنها کە ناوت دێتەوە یادم        بەرگەی هەموویان دەگرم، فەرهادم
فەرهادی لوتکەی چیای بێستوونم        تاوێرشکێنی چەرخی گەردوونم
خۆشەویستەکەم، ئەی نازەنینم        بە تۆوە بەندە ژیان و ژینم
بەهار بە خۆی و بەرگی ڕازاوی        خوڕەی کانیاوو هاژەی بەفراوی

[1] گردە گڕوێ، گردێکە لە دامێنی چیای گۆیژەی ژوور سلێمانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دانەی مرواریی ژێر خۆرەتاوی ناومێرگی سەوز و تێرو پاراوی
چەچەی بولبولی مەستی سەرچڵان سەرخۆشی بادەی ناو پەڕەی گوڵان
گول و وەنەوشەو کەنێرەی کوێستان کە نەشئەبەخشن بە دڵو بە گیان
ئەمانە هەموی دیاریی دەستی تۆن پەروەردەی ئاوو هەوای خاکی تۆن
کە تۆم نەمێنێ، کام گوڵ، کام بەهار کام مێرگی جوان و گەشی گوێ ڕووبار
چ بولبولێکی سەرسەختی هەژار بەستە لە گەرووی هەڵدەڕژێتە خوار
کە تۆم نەمێنێ کام پەری ڕوخسار کام شۆخ وشەنگی ناسك و نازدار
کام دەزگیراندار، کام جووتەی دڵدار دڵیان خۆش دەکەن بە وەرزی بەهار
یا منی پەست و ماتو دڵشکاو وەك دەزگیراندار لە ئازیز بڕاو
بێ تۆ کام مەیو کام شەراب نۆش کەم دڵ بە کام گوڵ و کام بەهار خۆش کەم
خۆشەویستەکەم، ئەی نازەنینم بە تۆوە بەندە ژیان و ژینم
هاوین بەو هەموو گەرماو هەتاوە بە تەپو تۆزو بای ڕەشەباوە
کە گیان بێزارەو لەش تێك شکاوە هەمیشە گەروو تینوو و خنکاوە
هاوین کە گڕەی سەبوون ئەهێنێ تۆو و نەمامی مردن دەچێنێ
پەڕەی نازداری گوڵ دەژاکێنێ بولبول شین دەکاو بەکوڵ دەخوێنێ
نەرمەبایەکی تۆ بدا لە گیانم دەبووژێتەوە خوێن و ئێسقانم
تەنها ناوی تۆ بێتەوە یادم بەرگەی هەموویان دەگرم فەرهادم
فەرهادی لوتکەی چیای بێستوونم تاوێرشکێنی چەرخی گەردوونم
خۆشەویستەکەم، ئەی نازەنینم بە تۆوە بەندە ژیان و ژینم
پاییزی خەزان بە سەد دەردەوە بە ماتەمینی و ڕەنگی زەردەوە
بە پووشی وشکی چیاو هەردەوە بە ئاسۆی پەستی پڕ لە گەردەوە
مێرگی وشکبووی کانیاو لێ بڕاو مەلی کزۆڵەی بێدەنگ هەڵتووتاو
گەڵاڕێزان و گوڵی هەڵوەراو نم نمەی باران وەك تکەی زووخاو
لە دیدەی ئاسمان تك تك دێتە خوار وەکوو فرمێسکی دڵداری خەمبار
ئەمانە شیوەی وەرزی پاییزە دڵ بەدیمەنیان ماتەم و زیزە

بنکەی ژین www.zheen.org

[1] ئەو دێڕەی ناو کەوانەکە هی شاعیری مەزن "مەولەوی"یە.

بەڵام تەنها تۆ دڵشکاو نەبی پەست و خەمبار و ئومێدبڕاو نەبی
ئەو هەموو شیوە و ئەو دیمەنانە ئەو ماتەمینی و گەڵاڕێزانە
تەنها ناوی تۆ بێتەوە یادم بەرگەی هەموویان دەگرم، فەرهادم
فەرهادی لوتکەی چیای بێستوونم تاوێرشکێنی چەرخی گەردوونم
تۆی هاوینمی، تۆی پایزمی زستان و بەهار تۆی ئازیزمی
کە تۆم نەمێنێ بۆ مردن چاکم ژیانم ناوێ لە مەرگ بێباکم
کوردستانی جوان، ئەی خۆشەویستم تا ماوم وەکوو بت دەتپەرستم
مەولەوی ئاسا، ئەی نازەنینم سەرچاوەی بڕواو ئاین و دینم
(دیدەم گەر شێوەی غەیری تۆی تیا بێ توخوا کوێری کەن، با نابینا بێ)[١]

## پێشکەشە بە پێشمەرگە دلێرەکان

تارمایی مردن ڕووبەڕووم
زەقەی چاوی دێ وەستاوە
لێی ناترسم، لێی بێباکم
بەڵام دەرەقەتی نایەم
هەروەکوو مۆتەکەی مەرگ
باڵی بەسەرما کێشاوە

بۆیە وا بەپەرۆشەوە
هەرچی وا لەناو دڵمایە
وەك پیرێژنی تەشیڕێس
هەرچی پەتكو هەودایە
ئەیڕێسمو ئەیهۆنمەوە
نامەوێ هیچی جێبێڵم
لەم کاولە وێرانبووەی
لای ئێمە ناوی دنیایە
شیعرەکانم، یەك لەدوای یەك

وەك زنجیرەی فلیم وایە
هەرچی باسی بەسەرهاتی
دەوری ڕابوردوو و ئێستایە
وەك (شفتەژێ)[1] یەك لەدوای یەك
نۆرە ناكاو لێك ناپچڕێ
لێشاوی بەر بەرەڵڵایە
تا ئەوساتەی چاو لێك دەنێم
هەرچی وشەی ناو قامووسە
دەیكەم بە تان‌و پۆی شیعری
ئەو بیروبڕواو مەبدەئەی
وا لەناو مێشك و دڵمایە
دەسا ئەی پەنجەی لەرزۆكم
پیاو بە هەتا دوا هەناسەم
وزەی نووسینت بمێنێ
زینهار نەكەی سستیی لەشم
هێزی دەمارت بمرێنێ
یا ناحەز بە ڕاوەڕێوی
نووكی پێنووست بشكێنێ
كە من لەڕێڕەوی ژینا
لە سەنگەری خەبات دووربم
وەك پێشمەرگەیەك نەتوانم
لەبەر پیری لە سەنگەرا
پێویستیی خۆم بەجێبێنم
با هیچ نەبێ ئەم دێڕانەم

[1] شفتەژێ، ئەوەیە كە ژن یەك لەدوای یەك لەكاتی خۆیدا منداڵی ببێ‌و نۆرە نەكات.

وەك یادگارێك پێشكەش بێ
به پێشمەرگەی كوردستانم

## پێنووس (قەڵەم)

پێنووس هەتا تەنها بێ و دەستو پەنجەی نەگاتێ
هەروەكوو لاشەی مردوو جووڵەی لێ نایه ساتێ
كەڕو لاڵێكه بۆ خۆی، بێدەنگ و بەسەزمانه
وەك عەرەقی ناو شووشەی سەرمۆری ناو مەیخانه
بێوەیو بێئاشووبەو بێ بەزمو بێهەرایه
بێگێچەڵ و هەژاره و كزەو ورتەی لێ نایه
بەڵام كه نووكی پەنجه هێنایه جۆش و جووڵه
ئەو پێنووسه بێدەنگەی وەك گۆمی مەنگ و قووڵه
هەزار ئاگرو كڵپه له گەرووی دەڕژێته خوار
كام هێمنی و بێدەنگی، كام بێوەیی و كام هەژار؟
دۆو دۆشاو تێكەڵ دەكاو سەد كارەسات دەگێڕێ
هەزار گۆبەنگ ڕێك دەخا، تەنها به تاقه دێڕێ
تاوێك دەبێ به بۆمباو وڵاتێك دەڕووخێنێ
دەبێ به شیرو چەقۆ لافاوی خوێن دەڕژێنێ
ڕێگەی درۆ دەكا به ڕاست، ڕێگەی ڕاست دەكا به درۆ
ژەهراو دەكا به هەنگوین، شایی بەشین و ڕۆ ڕۆ
جارجاریش لای شاعیرێك، هونەرمەندێ نووسەرێ
ئەوی كه بەدوای وشەی ڕاستو خێرا بگەڕێ
ئەو پێنووسه بەڵایه، ئەو پێنووسه دەم شڕه
ئەو پێنووسه دەتبینی زۆربڵێ و درێژدادڕه
هەروەكوو ماستی مەییو لەناو پەنجەی نووسەرا
ملی كەچه بۆ وشه له لاپەڕەی هونەرا
وەك شاپەڕی هونەرمەند، لاپەڕەی ژینو ژیان

سەراپای دەنەخشێنێت بە دیمەنی بەرزو جوان
دەسا ئەی پێنووسی پاك، دوور بە لە پەنجەی بەدكار
تەرخان بە بۆ مرۆڤی پاك و بێوەی و هەژار
ببە بە چەقۆو تەوراس، پەنجەی قین بقرتێنە
وەك هەوری ڕەشی سامناك بەسەریا بگرمێنە
بیترسێنە و بەسامت لێی بگرە ڕیی بەدكاری
شەرمی لێ مەكەو بڵێ: بەدكاری و تاوانباری
تەنها هەر دۆستی پەنجەی پیاوی خاوێن و پاك بە
وەرە دوور بە لە پەنجەی دووڕوو پێنووسی چاك بە

## نیشتمانە خۆشەویستەکەم

١٩٨٠/٩/١٨

ئەی گلێنەی هەردوو چاوم، نیشتمانی خۆشەویستم
پەیمانە تا دوا هەناسـەم، بست بەبستت بپەرسـتم
هەر كە هۆشم كردۆتەوە، قوربانی شاخەكانت بووم
قوربانی وەحەی گاوان و باڵۆرەو فیكەی شوانت بووم
قوربانی گەردی دەم شەنی سەپانی سەرخەرمانت بووم
فیدای كۆڕی هەرەوەزی كەماجاڕی كوێستانت بووم
فیدای لاوی كاكۆڵقیتی شۆخی پەستەك لە شانت بووم
فیدای هەڵمەتی پێشمەرگەی سەنگەری تێكۆشانت بووم
فیدای ڕۆڵەی چاونەترسی پێ بەكۆتی زیندانت بووم
فیدای هەموو ڕەش‌وڕووت‌و دەربەدەری شارانت بووم
ئەی قیبلەی هیواو ئاوات و ئومێدی دواڕۆژی ژینم
هەرچەن بە كزیو كەساسی و دڵشكاوی تۆ دەبینم
ئاوات بە مەرگم دەخوازم، نەك جارێ ڕۆژی هەزارجار
تف لە ژیانی واپەست و پڕ لە ئەشكەنجەو لە ئازار
تۆی وەك بەهەشت وابوی، پڕ ئاهەنگ بوی ڕۆژو شێوت

هەمووی وەکوو گەوهەر وابوو دارو بەردو چڵو چێوت
ئێستە مێرگ و ڕەزو باخ و دارگوێز و بەڵەمی مێوت
خەڵفی ناسك و سەرپۆپەی هەنارو هەڵووژە و سێوت
گۆیژی دارە قیتەڵەو بەلاڵووکی گوڵ بەلێوت
هەنگوینی سپیی شەمەتلێنکەی[1] کلۆرەی داری پاڵ کێوت
ئێستە ئەمانە هەموویان کەساسی دەستی دوژمنن
گیرۆدەی دەستی خوای شەڕو قینو هەڕەشەی مردنن
خۆراکی باروت و بۆمبای قورقوشم و پۆلاو ئاسنن
ژێر چەپۆکی چاوچنۆکی تێر نەخۆری ڕموزنن
نە باخ ماوەو نە ڕەز ماوەو نە سەپانی سەرخەرمان
نە بالۆرەو نە شمشاڵ و نە فیکەی شوانی ناو ڕان
هەرمێ ناسکەو سێوی ڕۆست و کاکڵە گوێزو ترێی ڕەز
شانەی هەنگوین، پێستەی پەنیر، خوری شەكو مووی مەرەز
گاو گۆتاڵی ناوچەپەرو مێگەل و ئاژاڵو پەز
گزرەی کەماجاڕی کوێستان بۆ کایەن بە هەرەوەز
هیچیان نەمان، هەموویان برد بە خۆڕایی و تالانی
ناویان لێ نا سۆشیالیستی و ناویان لێ نا برایی

## بە یادی شیعرێکی کۆن

١٩٨٠/١١/٩

من ئەو پیرەم لە لاوێکی بەجۆش زۆرتر دڵم گەرمە
سنووری من لەگەڵ لاوا، بە تەنها پەردەیی شەرمە
دڵی وشكو دەمی نووقاو، دووچاوی وێڵم قەت ناوێ
ئەڤینی ڕاستی تاماوە وەکوو تاجەو لەسەر سەرمە
بەرامبەر پەیکەری جوانێك، هەتا ماوم بەبێ شەرمی

[1] شەمەتلێنکە جۆرە هەنگێکی بچووکە، هەنگوینەکەی لە هەنگوینی تر سپیترە.

دڵم تەرخانە بۆ سنگی بە وێنەی پێخەفی نەرمە
خەیاڵی ڕۆژ بەڕۆژی سەیر لە مێشکی تێر نەخواردووما
لە نووسینی بەسەرهاتا وەکوو پێنووس و دەفتەرمە
لە شێوەو دیمەنم تانووت ئەگرێ نادان بەنادانی
چ نادانە لەلای وایە کە سەیری جوان بکەی شەرمە
دەزانم ساڵ بە ساڵ پیری بەرەو تاریکی ناوگۆڕی
بە بست ساتێك بەرم نادا ئەڵێی پێشەنگ و ڕابەرمە
سپێتیی مووی سەرو ڕیشم، هەزار چرچی دەمو چاوم
لەناو ئاوێنەدا دیارەو هەمیشە وا بەرامبەرمە
بەڵام بۆچی کەسێك جارێك لە چەرخی پیر توانج ناگرێ
هەزاران ساڵە هەر پیرەو هەمیشەش کۆڕی هەر گەرمە
دە ئەی دڵ لێ دە تاماوی، تەموورەی عەشقت با بەرز بێ
منو دڵداری تا ماوین، هەمیشە وێردی سەردەممە

## نەورۆزی دەرەوەی وڵات

www.zheen.org

بەم دەربەدەری و ماڵوێرانییە
بووین بە بیست بەشی جیاجیاو جۆربەجۆر
هەرلایە بەجیا ئاهەنگی گەرمە
ئەملا یان ئەولا ئەداتە بەرکار
تانووتو قسەی پیسو نالەبار
هەمووی بە پوولێك، هەرزان و تالان
شەڕە گەڕەك و یاریی مندالان
ئەو بڵێ سیرە، ئەم دەڵێ پیازە
سیر بێ یا پیاز بێ، مراوی یا قاز بێ
ئیتر چش لە سەد کوردو کوردستان
ئای لەو خەباتەو لەو تێکۆشانە

بەم ئاوارەیی و سەرگەردانییە
خوێنەخۆی یەکین وەك هۆزی خۆخۆر
جنێو بەیەکدان بێپەردەی شەرمە
بۆی هەڵدەڕێژێ بە تەشت و خەروار
هەزار جنێوو دووهەزار پلار
کوردایەتیمان کردووە بە گاڵتە و

ئەم بڵێ مراوی، ئەو دەڵێ قازە
هەر تەنها شیری مانگاباز ساز بێ
با بەقوڕا بچێت گەل و نیشتمان
کە بۆ ڕیسوایی یەکتر تەرخانە

هەژ بەسەر کورد و دواڕۆژی ڕەشی
ئا ئەمە پیشەی هەزار ساڵمانە
نەورۆزێك کەوا هی هەموو کورد بێ
دەبێ هاندەری ڕزگاریمان بێ
هەر لایە بۆ خۆی لەسەر هەورازێ
دەهۆڵژەن دوان بێ و زوڕناژەن سیان بێ
چەپی و سێ‌پێیی هەمووی بەشان بێ
بە ناویش هەمووی بۆ کوردستان بێ!
ئەوەی کە دوژمن بۆی تێ‌دەکۆشێ
سووك و ئاسانی بۆی بووین بەپاروو
نازانم ئێمە کە حاڵمان وابێ
بۆ دووسێ سەعات پشتی یەك نەگرین
ڕەخنەو گلەیی لە دۆست و دوژمن
چیمان بەسەر بێ خەتای خۆمانە

خاك بە دامانی ڕۆڵەی بێ‌بەشی
بۆیە تا ماوین ئەوە حاڵمانە
جەژنی پیرۆزی دروشت و ورد بێ
نەك هۆی ناڕێکی و لاساریمان بێ
بەجیا هەڵپەڕێ لەسەر ئاوازێ
قڕیوەی چۆپیکێش هەتا ئاسمان بێ
پەلاماردان و خۆهەڵکێشان بێ

وا لەبەردەستیا بێ‌ئەرك ئەیدۆشێ
دامان دەپاچێ کاتی ئارەزوو
هەرکەس بۆ خۆی بێ و داو بەرەڵا بێ
چۆن سەر ئەکەوین هەتاکوو ئەمرین؟!
نارەوایی‌یەو قسەی بێ‌سەروبن
نابێ بیخەینە ئەستۆی بێگانە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## جار بەدوای جارا

هەموو جارێك لەدوای دۆڕان
خۆمان هەڵدەگرین بۆ بەزم و
بۆ ڕێکەوتێکی تازەی تر
لە ناوچەوانمان نووسراوە
ئەبێ بەختی کوردی نەگبەت
هەمیشە هات و نەهات بێ
لەناو ئەم هەموو سەگوەڕو
بەسەرهات و بەندوباوە
هەندێکمان زۆر ساویلکە بووین
چاوەڕوان بووین دوژمنی کورد

وەك سەگەكانی ڕەزا بەگ
بەرامبەر یەكتر وەكوو هار
چنگ لە قوڕگی یەكتر گیر كەن
گۆشت و ئێسكی یەكتر بخۆن
هەر كلكیان بمێنێتەوە
لەملاو لەولاو پەناو پاسار
وڕێنە بوو خەیاڵ پلاّو بوو
وەكوو خەیاڵی دوای چەسپی
خەستو خۆڵی دوورودرێژی
بەنگ و تلیاك و حەشیشە
ئەوی بكەوێتە دوای كلكی
چۆلەكەی شوان خەڵەتێنە
مایەپووچەو لنگەوقووچە
هەمیشە هەر گووی بەڕیشە

كوڕگەل وەرن پیاوی چاك بن
لە كەلی شەیتان وەرنە خوارێ
نەختێك لەگەڵ یەكتر پاك بن
سەد جارمان تاقی كردەوە،
بە پارسەنگی كەس قورس نابین
پێوانە و یاسای پەیوەندیی
ناو میللەتان ئاشكرایە
هەتا كوێرانە بۆی بچین
بە هیچ نابین هەتا مابین

ژینی
www.zheen.org

## مەلای خەتێ[١]

که وەختێ مەلای خەتێ
ناماقووڵیی خۆی کردو
کەوتە شەکرشکاندن
ڕەش‌وڕووتی ساویکەی
لە نوێژا لەخشتە برد
بۆ سوودی دەستەی دوژمن
خەنجەرێکی ژەهراویی
چەقاندە پشتی پاشای
سۆرانی مەردو مەزن
لای وابوو ئیتر ناوی
دەچێتە ناو لاپەڕەی
مێژووی پیاوچاکانەوە
بە دوو قسەی بێ‌سەروبن
نەیدەزانی تا ماوە
هەزار تف و جنێوو
نەعلەتی بۆ دەنێرن
ئەوەندە کەرو گا بوو
ڕێژگاو بوو، لەلای وابوو
بە نیشتمانفرۆشی
دووسەد پەریی ناو بەهەشت
وەك باڵکراوی دەستەمۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١] مەلای خەتێ، مەلایەکی ناسراوبوو لە زەمانی "پاشا کۆرەی ڕەواندز" کە لەو سەردەمەدا عوسمانلیەکان دەیانویست ئەمارەتەکەی لەناوبەرن، تورکەکان ئەو مەلایەیان لەخشتە بردو فتوایەکیان پێ دەرکرد کە هەرکەسێك لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامدا شەڕبکات کافرە و ژنەکەی بەتەڵاقدراو دەژمێررێ. بەو پێیە خەڵکەکە دەستبەرداری میری سۆران بوون و تورکە عوسمانلیەکان ڕەواندزیان بەبێ شەڕ داگیر کرد.

دەچنە باوەش و كۆشی

نەیزانی ئەیدۆڕێنێ
چ مێژەرو چ ئابڕوو
كورد وتەنی بەجارێك
لە هەردوو جەژنەكەی بوو
ئێستەش تارمایی پاشای
ڕەواندز جار بەجارە
لەسەر لوتكەی هەندرێنا
لەپاڵ (وەستا ڕەجەبا)[1]
وەك خدری زیندە دیارە

بانگ دەكا، دەڵێ زینهار
نەكەن ڕۆژێك لەڕۆژان
ڕێ بەن پیاوی وەك خەتێ
دەست بوەشێنێت لێتان
هەركەس نیازی پیس بوو
هەروەكوو مەلای خەتێ
لەگەڵ وڵات و خاكیا
هەر كە دەمی كردەوە
بدەن بە سەرو گوێلاكیا
بەو مێژەرەی لای وابوو
بەهەشتی پێ ساز دەكا
بیخنكێنن با ببێت
بە پەندی ڕۆژگارو
بترێ بە ڕیشی باوكیا

[1] وەستا ڕەجەب چەخماخسازێكی لێهاتوو بوو، چەند تۆپێكی بۆ پاشای سۆران "میر محەمەد" دروست كردووە.

## بەری داری بێگانە

١٩٨٣/٧/٢٧

لەگەڵ پێچی توولە ڕێگەی گوێ ئاوا    دەڕۆیشتم هەنگاو بەدوای هەنگاوا
خەیاڵ وێڵ بوو، ئاڵۆزکاو و پرش و بڵاو    وەکوو دانەی تەزبیحی صۆفیی پچڕاو
یادی کۆن و تازە پێکا ئاڵابوو    وەك ڕایەڵی جۆڵا لە پێ‌چاڵا بوو
جارێك ئومێد، جارێك ڕەشبین و تاڵ بوو    زۆرانیان بوو، هەرجارەی یەکێك زاڵ بوو
وەك دەماوەند، سەر هەردوو چاوم تەم بوو    ئێش و ئازار پڕ گلێنەی دیدەم بوو
پەرداغی دڵ سەرلێوان بوو لە غەما    گیان کەنەفت بوو لەژێر باری ستەما
مەلی هەڵبەست هەردوو باڵی شکابوو    مێشك وڕبوو، لەش تاساوی سزابوو
جاربەجارەش تیشکی ئومێد دەردەکەوت    کۆگای شادیم لە خۆشیانا نەدەسرەوت
ئەموت شەوی تاریك تاسەر نامێنێ    هاکا ڕۆژی شادی سەری دەربێنێ
لەناو ئەم گێژاوەی بیرو خەیاڵا    هەنگاو دەڕۆی بە دەربەندو لاپالا
لە ناکاوێك هاژەیەك هات، هاژەی چەم    هاتەوە یاد وڵاتەکەی کاکە مەم
وتم ئۆخەی هاژەی (چەمی چۆمانە)    یاخود زەڵم و تانجەرۆی دەس لەملانە
یا تۆ بڵێی، خابوور بێ وا لرفەی دێ    یا (سپنایە)[1]ی سەرەڕۆیە هاژەی دێ
خەریك بووم شامەرگ دەبووم لەخۆشیانا،    بە تکا چووم وەك منداڵ لە گریانا
چنگم برد بۆ لەوێچێك ئاوی ناو چەم    وەکوو دەرمان، کردمە هەردوو دیدەکەم
شڵپم ئەدا بە ڕوومەت‌و دەم‌وچاو    دەمخواردەوە، بۆنم دەکرد وەك گوڵاو
چاوم گێڕا، بە چەما بۆ یادگار    ویستم شتێك ماچ کەم لە جێی خاڵی یار
بەردێکی لووس، بە یادی لیمۆی دۆستان    سووم بە لووتما وەك شەمامەی ناو بێستان
ئەموت: بڵێی ئەوە ڕاست بێ یا خەوە    یا خەیاڵی خواردنەوەی نیوە شەوە
زۆری نەبرد، ئەو خەوەی کە پێی شاد بووم    ئەو خەوەی کە تیا بە خەیاڵ ئازاد بووم

---

[1] سپنایە: چەمێکە لای شاخی گارەوە سەرووی سەر سەنگی لای عەمادییە، هاوینان نیوە وشکێك دەبێ‌و بە زستانان لرفەی دێ. جارێکیان کوڕێکی جوولەکە لەو ئاوەدا دەخنکێت، دایکەکەی ئەمەی بۆ دەڵێ:

سپنایە... سپنایە... هاوینێ میزی کەری پێدا نایە
زڤستانا ژ ئەز دەبێتە وەزیری بەغدایە

بنکەی ژین www.zheen.org

وەك منداڵ چۆن ڕادەچڵەكێ لە شەوا — وا ڕاچڵەكیم، لە خەوی شیرین خەوا
تێگەیشتم ئەوەی كە بینیم خەو بوو — خەوێكی كورت و كەم ماوەو تیژڕەو بوو
بەداخەوە، نە ئەو ئاوە دەرمان بوو — نە ئەو بەردەش شەمامەی ناو بێستان بوو
ئاوو بەردی ناوچەمی بێگانە بوو — ئەوی دڵ بۆی بەتاسەبوو وانەبوو
سروشتو ڕەفتارو یاسای ژیانە — بەری داری بێگانە بۆ بێگانە

## هەوری بێباران

١٩٨٣/٨/٢٩

لەبیرم دێ پوورە وەنەوش
كلاشی ئەدروو بە دەرزی و درەوش
بەدەم كشتەك بادانەوە
بەدەم تەقەڵ لێدانەوە
دەیوت ژین هات و نەهاتە
یەكێك تێرەو یەكێك لاتە
هەر كەسەو خۆی و ژیانی
خۆی و بەختو ناوچەوانی
لە هەوری سوور بارانی دوور
لە هەوری ڕەش بارانی گەش
كوانێ لەكوێی پوورە وەنەوش؟
ئاسمانی پڕ لە هەوری ڕەش
بەینێكە لەم كوردستانە
وەك مەڕی قسری ناو ڕانە
وشكو برنگو بێبارانە
ئەی هەوری ڕەشی دەسبڕ
كەی بارانێك دەبارێنیت
بەسەر كێڵگە و دەشتو چۆڵا
كەی بارانێك دائەڕێژیت

www.zheen.org

بەسەر چیاو چەمو دۆڵا؟
گرمەی خۆڕاییمان ناوێ
پێویستمان بە بارانە
دەشتو دەر وشکو تینوە
ڕەزو باخ هەمووی وێرانە
گەڵا زەردە، گوڵ وەریوە
هەتاکەی وەرزی خەزانە؟
بێزار بووین لە گرمەگرمو
تێر بووین لە چەخماخەی درۆ
کوا بارانێکی سەرپەڵەت
بۆ کشتوکاڵ و گەنم و جۆ؟
ئەی چەرخی چەپگەردی بێفەڕ
کەی بۆمان دەکەوێتە گەڕ
هەوری ساختەی وشک ڕاماڵیت
نۆرەی هەوری پڕ بارانە
چاوەڕێین فریامان کەوی
دەربازمان کەی لە تەنگانە
(لەپاش قەوری ئەلی چی بکەین
لە گێزو گوڵنگ و لەرزانە)[1]؟
ئەی هەوری ڕەش گەر نابارێی
لێرە ڕەت بەو ڕامەوەستە
با ئاسمانی شین دەرکەوێ
ڕۆژی شاراوەی ئەودیو کەل
بە ئاسۆی کەلا سەرکەوێ

[1] پەندی پێشینانە دەڵێ لەپاش قەبرەکەی ئەڵێ "عەلی" گیزو گولنگ؟ گوایا دایك پاش مردنی کوڕەکەی، یان ژن پاش مردنی مێردەکەی، چۆن دڵی دێ گێزو گوڵنگ بکا بەخۆیدا.

تیشکی زێڕینی خۆرەتاو
هەڵڕژێنێ بەسەر چیاو
پێدەشت و لاپاڵ و دۆڵا
بەتین و تاو هەورێکی کەی
پڕ لە باران بڕەخسێنێت
بەلێزمە باران داڕێژێ
بەسەر خاکی نیشتمانی
نەتەوەی کوردی کڵۆڵا

## ئاش

١٩٨٣/٩/١

باوەشێك ڕۆژنامە و گۆڤار
لەبەردەمیا هەڵچنرابوو
وەکوو خەرمان سپی و زەرد
یەکەیەکە ئەیخوێندەوەو ئەیدڕاندن
لەبەر خۆیەوە بۆڵەی بوو، جارجار ئەیوت:
ئەی درۆزن... ئەی قوزەڵقۆرت،
ئەی سنگان و دڵەدەرد
بە هێواشی چوومە بەردەمی ڕاوەستام
وتم چییە؟ بۆڵەی چیتە، چی قەوماوە؟
وتی درۆو دەلەسەی کۆنە
ئەیخوێنمەوەو ئەیدڕێنم
دەرکەوت هەمووی هەر فیشاڵ بوو
ئەم هەموو دەزگا و دووکانو
ئەم تەرازوو و گەزو جاوە
هەر خەڕەکە کۆنەکەیە
بازاڕ گەرمی و چاوڕاوە

لێ ئەدرێتەوە وەك قەوان
کول بووەو دەرزیەکەی سواوە
دەیانوت ڕەوڕەوەی مێژوو
هەر بەرەو پێشەوە دەڕوا
ناگەڕێتەوە بۆ دواوە
درۆیان فەرموو، درۆزن بوون
وا ڕەوڕەوەی کەژاوەیان
وەکوو میزی حوشتر وایە
بەرەو دواوە ئەخولێتەوە
وا لەناو قوڕدا چەقاوە
بەڵام ئەمەش باوبژێکە
دێت و ئەڕواو بەسەر دەچێ
ئەمجارەش هەر خەیاڵ پڵاوە
کاتێکت زانی لەناکاو
دۆڵیانی ئاش وشکی کردو
ئاشەوانی کەوتە جاڕدان و
هاواری کرد: هۆ ئاوایی
چەقەنەی ئاشمان شکاوە
باراش ناهاڕین ئاش بەتاڵ
ئاش لەئاش کەوتووەو وەستاوە
هەرکەس باراشی خۆی هەڵگرێ و
بیدات بە کۆڵیا بۆ دواوە

## دانوولەو سەمەنی... کۆن[١]

١٩٨٣/٩/٦

هەیا هەیا... لەخۆتان هەیا[٢]
کێ ئەیەوێ قیر، کێ ئەیەوێ بیر
کێ ئەیەوێ شیر، کێ ئەیەوێ تیر
وا قیرو بیرو شیرو تیر
هەروەکوو دانوولەی بەرکوڵ
دابەشیان کردن بە کەوگیر
ڕیش چەرموویەك هاواری کرد
پڕ یەغنیکێشێك[٣] دانوولە،
لەسەر سینییەکی ڕەنگاوڕەنگ
بەرن بۆ ماڵی مامۆستا،
بەڵکو دوعای چاوەزارمان
بۆ بکات لەجیاتی گوللەبەنگ
کوا ماڵی مەلا لەکوێیە[٤]؟
مەنجەڵێك دانوولەم پێیە
مناڵێك قیژانی و بانگی کرد
من باش دەزانم لەکوێیە،

---

[١] فۆلکلۆری کوردی پێشکەوتووترین بەشی ئەدەبی کوردەوارییە و سامانێکی ئێجگار بەنرخە. خۆزگە شاعیرو هونەرمەندو نووسەرەکانمان بایەخێکی تەواویان ئەدا بە فۆلکلۆر. من لە هۆنراوەکانما، ئەوەی کە لەم ڕووەوە بەبیرما هاتبێت، دەست نیشانم کردووە.

[٢] جاران منداڵان کە یارییان دەکرد دەبوون بە دوو تاقم، دووکەس دەبوون بە وەستا ئەوانی تر دوورو بەدزیەوە (بەڵام هەردوکیان دەیانزانی) ناوێکیان لە خۆیان دەناو دوو وەستاکە کامەیان هەڵبژاردایە خاوەنی ئەو ناوە ئەچوە لای تاقمی ئەو وەستایە.

[٣] یەغنیکێش قاپێکی مسی قووڵ بوو، چێشتی شلەیان تێدەکرد.

[٤] منداڵان جاران دارێکیان دەگرت بەدەستەوە لەجیاتی گۆچان. بە حیسابی ئەوەی کوێرن و بانگیان دەکرد:

ماڵی مەلا لەکوێیە        دوو قڕان‌و نیوم پێیە

ماڵیان وا لەوپەڕی دێیە
دانوولە خورا تێر تێر بەچنگ
چی مایەوە بوو بەساوەر
ئەی ساوەر عەمری نەمێنێ
بادارە[1] ورگ دەئاوسێنێ
بەهارەو وەختی گوڵزارە
با کوێخاژن داوێن هەڵکاو
سەمەنییەکمان بۆ لێنێ[2]
چووزەرەی گیای سەرسەبەتە
لەناو مەنجەڵا جۆشی خوارد
کردیان بە بەزمو گۆرانی
کوڕوکاڵی تازە لاو
بە چوار دەوریا هەڵدەپەڕین
هەتاکوو نزیك بەیانی
هەڵدەپەڕین... بانگیان دەکرد
ئاخ سەمەنی... داخ سەمەنێ[3]
سوێندت ئەدەم تو خاتری
نازدارەکەی (قازی بەنێ)[4]

---

[1] بادار، یەعنی غازاتی هەیە.

[2] جاران لە گەڕەکەکان، بەتایبەتی گەنجەکانیان، کچان ڕێك دەکەوتن لەناوخۆیانا، گەنمو جۆیان دەڕواند. هەر کە سەری دەردەکرد، لەبەر ئەوەی نەیاندەهێشت هەتاوی بەر کەوێ سەوز نەدەبوو، بەڵکوو زەردباو دەبوو ئەو چووزەرە ناسکەیان دەکردە مەنجەڵەوەو هەر ماڵە بەشی خۆی ئاردی ئەهێناو گیاو ئارد ئەکوڵاو شتێکی شیرینی لێ پەیدا دەبوو ئەخورا، پێیان ئەوت (سەمەنی).

[3] سەمەنێ... سەمەن ناوی کچە، جاران ئەو ناوە هەبوو.

[4] قازێ بەنی... شەخسێکە ئەو ژنانەی کە کوڕیان نەدەبوو ئەچوونە سەر ئەو شەخسەو لێی ئەپاڕانەوە کە دوعایان بۆ بکات خوا کوڕێکیان بداتێ، ئەمەشمان هەروەکوو باباگوڕ گوڕ وابوو:

باباگوڕ گوڕ بەگوڕ هاتم      بابا گوڕگوڕ بۆ کوڕ هاتم

تێر هەڵپەڕەو تێر داپەڕە
بەڵام توخوا پێم لێ مەنێ
دەهۆڵ ژەنێ، خڕ بیژەنێ
گۆرانیبێژێك بە تەنێ
سێجووتەکی هەڵ بپەڕێو
شاباشی شایی سەمەنی
لە ڕاستو لە چەپ بسەنێ
بەزمو هەڵپەڕکێ و ئاهەنگی
سەمەنی و دانوولەی جاران
هەتا بڵێی خەستوخۆڵ بوو
شایی لۆغان و گۆبەنگ بوو
هەرابوو، زوڕناو دەهۆڵ بوو
سەرچۆپیکێش قریوەی دەهات
کەمەربەندی توندوتۆڵ بوو
دەست لەناو دەستی کیژۆڵەی
نەشمیلانەو خڕوخۆڵ بوو
لارە لارەی مەمکۆڵان بوو
پڕ بەدڵی بەچکە زۆڵ بوو
ئەوی بێبەش بوو لەم بەزمە
لە دانوولەو لە سەمەنی
تەنها هۆزی ڕەشوڕووتی
داماوو لاتو کلۆڵ بوو

دە مەگری مەگری کاکە گیان
مەگری مەگری چاوت دێشێ
دایکی خۆت نییە وەك خەڵکی
نازو جیازت بکێشێ

بیستوومه باوکت دووباره
خەریکی مارە بەجاشە
گەنم بێ جۆ بێ، چەڵتووك بێ
هەمووی لەلای ئەو باراشە
دەیهاڕێت و گوێ ناداتێ
هەمووی هەر بۆ مزەی ئاشە
نێر بێ و مێ بێ بۆ دۆیەتی
نابەزێ و دەم بە هەراشە
هەزار فاکمان بە فیکێکی
بێسوودە، دەوەنگ بە ئاشە!

## لاپەڕەیەکی ڕەش

بڕیار دەرچوو... دەبێ گوندێك
بۆ چاوترساندن وێران کرێ
کوێ هەڵبژێرن دەنگ باتەوە؟
گوندی شارستێنەی پژدەر
چاویان گێڕا، کێ هەڵبژێرن
بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە؟
ئەفسەرێکی بەخوێن تینووی
بێویژدانی ڕق لە بەشەر

ئەفسەر سەربازی پێش خۆی دا
وتی: گوێتان لێ بێ هەموو
وا دەچین بۆ ناو ئەم دێیە،
هەرچێکی تیایە دوژمنە
بێچەندوچوون، بێبەزەیی
دەبێ هەموو قڕیان تێخەین
ئەگەر پیرە ئەگەر لاوە

www.zheen.org

کوڕە، کچە، پیاوە، ژنە

بڕیاری حیزبی پێشڕەوە
ئەم دێیە هەرچێکی تیایە
نابێ کەسی تیا بمێنێ
مرۆڤ بێ یا گاوگۆتاڵ بێ
بێبەزەیی، بێ دڵنەرمی
دەبێ کەسی لێ دەرنەچێ
پیرێژن بێ، پیرەمێرد بێ
کۆرپەی ساوا بێ منداڵ بێ

هێرش گەییە (شارستێنە)
ماڵ لەدوای ماڵ تاڵان کرا
هەرچیی تیابوو، گەورەو بچووك
هەموو ڕیز کران بە کۆمەڵ
درانە بەر دەسرێژی ڕەشاش
ئاگریان بەردا لە خانوو
لە کۆزو چەپەری ئاژەڵ
ناودێ بوو بە گڕو دووکەڵ

لەناو بێشکەی بن دارێکا
منداڵێکیان لەبیر چووبوو
ئەویشیان خستە ئاگرەوە
بابڕوات، ئەویش نەمێنێ
سبەینێ بۆمان گەورە دەبێ و
لێمان دەبێ بە پێشمەرگە
بەرامبەرمان ڕادەوەستێ و
وڵاتمان لێ دەشێوێنێ

ئەی ئافەرین بیروباوەڕ

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەی ئافەرین سۆشیالیستی
ئافەرین بۆ خۆت‌و بڕواو
ڕەوشتی بەرزو پیرۆزت
یاسای گورگی دڕندەیە
مۆری ڕەشی ناوچەوانە
بۆ خۆت‌و سەرۆکی هۆزت

## نرخی بووکی ئازادی

ڕەش‌وڕووتی وڵاتەکەم
هێندەی تۆ بە نانەسکی
ڕێگەی سەخت‌و دوورت بڕی
ئەوەندەی بە شەونوخوونی
لەناو دارو بەردی سەختا
کاڵەو پێتاوو گۆرەوی‌و
فەرەنجی و پەستەکت دڕی
ئەوەندی تۆ هەڵپەت کردو
چووی بۆ جۆماڵی بێگانە،
چووی بۆ گوڵەوەچنێ‌و بن‌خەرمان
ئەوەندەی بووی بە نۆکەرو
وەزیرو جووتیارو سەپان
هێند بووی بە شوانی گاگەل‌و
بە چاپەزی ناو دیوەخان
گەر وەرزێری خۆت بوویتایە
ئێستە خاوەنی خەرمان‌و
خاوەنی جووت‌و گای خۆت بووی
ئەگەر شوانی خۆت بوویتایە
چاو بەرەوژێری دەسنگەی

هیچ نامەردێك نەبوویتایە
خاوەنی نان‌و دۆی خۆت بووی
خاوەنی مەڕو گای خۆت بووی

بەڵام ئەفسووس... دوای ئەم هەموو
کوێرەوەری و ژانەسەرە،
دوای ئەم هەموو بگرەو بەردە
منالّی ڕەش‌وڕووت‌و برسی
چاو بەرەوژێری دەسنگەی
بێگانەو پیاوی نامەردە

بە نرخی بووکی ئازادی
ساڵەهای خەو پێوە دیوی
نەشمیلانەی هەژدە ساڵە
بێوەژنی سەد شووکەرەی
کەس‌نەویستەی دز نەبەرەت
لێ مارەکراوو حەڵاڵە
هەروەکوو کوردی دۆنەدیو
بە نان‌و دۆی ترش دەیژەنین
با ئەم جارەشمان هەروابێ
ئاخۆ قۆناغێکی ترمان
بۆ کام هەوارو مەڵبەند بێ
کێ سەرقافڵەچی‌و ئاغا بێ

بە زستانان پینەو پەڕۆ
بە هاوینان ورد ورد بڕۆ
تووشی گون ڕەشیی خۆمان بووین
کەللەڕەق و تووڕە و تڕۆ
هەر کاروانێ بەرەو شوێنێ

www.zheen.org

هەر جارەی بەرەو هەڵدێرێ
ئاخۆ ئەم جارە قافڵەچی
بە کام خانچیمان دەسپێرێ

## کۆتایی پەپووی شووم

١٩٨٣/٩/١٢

ئەو ڕۆژەی کە ئاهورەمزەد
باڵی ئەهریمەن دەشکێنێ
خەنجەرێکی کوشندەی تیژ
بەناو دڵیا دەچەقێنێ
چنگی لە قوڕگی گیر دەکا
هەتا تەواو ئەیتاسێنێ
تۆڵەی تاوانی چەن ساڵە
لە خۆیو لە دامودەزگای
شوومی خوێنڕێژی ئەسێنێ
ئاڵای ڕەشی دێنێتە خوار
ڕەگی لە ڕیشە دەردێنێ
لەو ڕۆژەدا نەخشەیەکی
پڕ کامەرانی بۆ مرۆڤ
لەناو لاپەڕەی مێژوودا
وەك هونەرمەند ئەنەخشێنێ
سروەی شەماڵی بەربەیان
لە هەموو ڕاستی جیهانا
مژدەی ژینێکی بەختەوەر
وەکوو گوڵاو دەپرژێنێ
نەرمەبای ئاشتیو ئاسایش
ئاڵای شادی وەکوو پرچی

www.zheen.org

پەریزادە ئەشەکێنێ
کەوی خاڵو میل نەخشاوی
سەر تاشەبەردی لوتکەی یاڵ
بەستەی ئازادی ئەخوێنێ
کۆتری سپیی نەخشین و جوان
لە ئاسۆی پاکو بێگەردا
بە لەنجەولار خۆی ئەنوێنێ
چڵی زەیتوونی نیشانەی
ڕێکیو ئاسایشی ژیان
بە دیاری بۆ خەڵك ئەهێنێ
دایکی ڕەشپۆش خۆی ئەگۆڕێ
فرمێسکی چاوی ئەسڕێ
لەشکری غەم ئەبەزێنێ
کیژۆڵەی دەزگیران کوژراو
دوو چڵ نێرگزو وەنەوشە
لە باخچەی دڵیا ئەڕوێنێ
پەپووی شووم کە ئەم دیمەنی
بەسەرهاتانە دەبینێ
لەداخانا ڕووی ڕەش ئەکاو
سەری ئەدا بە تاوێرا
هەتا مێشکی خۆی ئەپژێنێ

## ئومێدی سەرکەوتن

نزارێکم لە لاپاڵی
چیای وڵاتی کاردۆخا
هەر لایەکم داستانێکی
ڕووداوی ساڵەهای ساڵە

گەڵای وەریوی بن داری
بەڕوو و مازوو و دارەبەنم
هەریەکەیان پەڕەی مێژووی
ژیانێکی سەختو تاڵە
کتێبخانەی گەڵای زەردم
گەر بکرێ بە مۆزەخانە
ئەو ڕۆژەی ئاڵای ئازادی
هەڵدەکرێ لە نیشتمانا
بە سەدان لاوی ڕۆشنبیر
لە بەرهەمی ئەو سامانە
هەمووی دەبێ بە مامۆستاو
شارەزاو پسپۆڕو زانا
هەتا دەگەم بەو ئاواتە
من و زۆرانبازیی سەختو
کۆڵنەدانی بێوچانو
نەبەزینێ ڕووبەڕووی مردن
هەتا دوا ڕەگی کۆتەرەم
تەڕیو شینایی تیا مابێ
ناسرەوم ورە بەرنادەم
بەرامبەر بە هێزی دوژمن
من بۆ ژیان دروست کراوم
گۆش و پەروەردەی ئومێدم
نائومێدی لە دەمارو
دڵما جێگەی نابێتەوە
کۆڵ نادەم هەتا ئەوکاتەی
تەمی مەینەت لە ئاسمانا

به تیشکی ڕۆژی ئازادی
به جارێك دەڕەوێتەوە
من دارستانێکی سەوزی
چڕوپڕی بێسنوورم
من سەنگەری قەڵای سەختم
لەشکری دوژمن بەزێنم
بە مشارو بە تەوراس‌و
تەوری دوژمن لەبن نایەم
هەرچی شاڵاوم بۆ بێنێ
تیا دەچێ و لووتی ئەشکێنم

داربەڕووم لەجیاتی بەڕوو
به چنگ ساچمەو گولله ئەگرن
دارمازووم لەجیاتی مازوو
به هێشوو نارنجۆك ئەگرن
بنێشته تاڵی دارەبەن
دەرمانی سنگی ئەولاوە
تێکۆشەرو پێشمەرگەیە
لەڕێی ئازادیدا ئەمرن

هەنگوینی شانەی وەك بەفری
ناو کلۆرەی دارەکانم
هەڵگرتووە بۆ ڕۆژی تازەو
بۆ ساڵی تازەی ئازادی
هەمووی دەکەم بە شەکراوی
مژدە و مزگێنی سەرکەوتن
هەروەکوو شیرینی بخورێت
ڕۆژی دەس لەملان‌و شادی

هۆشنەی شەماڵی شاخان
بیرت نەچێ لەو ڕۆژەدا
بۆنی کەنێرەو وەنەوشە،
بۆ ڕۆژی وا بەرزو پیرۆز
نەرم نەرم بدە لە دەماخمان
خوا کەریمە بۆ نەیژەنێك
کۆڕی ئاهەنگمان بۆ ساز کا
لەگەڵ دەنگخۆشێکی دڵسۆز

## شەڕو بومبای ئەتۆم

لەندەن، ١٩٨٣/١٠/٣٠

تف لە مێشکی ئەو زانایەی
لەجیاتی ئەوەی کەرەسەی
کامەرانی ژیان ساز کا
لەجیاتی ئەوەی پەیکەرو
نۆتەی مۆسیقاو گۆرانی و
شعرو وێنە بنەخشێنێ
خەریکی بۆمبای ئەتۆمەو
بەرهەمی ساڵەهای ساڵی
شارستانێتی پشتاوپشت
تەنها بەچاو تrووکاندنێك
لەناو ئەباو ئەیرووخێنێ

تف لەو مەچەك و بازووەی
لەجێی ئەوەی بە تراکتۆر
زەوی بکێڵێ بۆ ڕەزو
باخ و دانەوێڵەو سەوزەو
درەختی بەردار بڕوێنێ

چەکی پیاوکوژی هەڵدەگرێ
بۆ مەبەستی چەن زۆردارێك
خوێنی هەزاران مرۆڤی
بێتاوانی پێ دەڕژێنێ

هەزار تف لەو دەستو پەنجەی
لەجێی ئەوەی چەپکە گوڵی
بۆنخۆش برازێنێتەوەو
مژدەی شادمانی بێنێ
هەروەکوو توولەی چەشی ڕاو
دوای مرۆڤ کەوێ بۆ نێچیر
منداڵ لەناو کۆشی دایکیا
بە دەمانچەی لەپی دەستو
دوو چاوی زەق بتۆقێنێ

تف لەو وەستایەی لەجیاتی
بێڵو گاسن دروست بکا
لەجیاتی ئەوەی کەرەسەی
خۆشیی ژیان بەرهەم بێنێ
ئاسن دەکا بە زنجیرو
کۆتی دەستو پێی ڕۆشنبیر
تا بە زڕەی کۆتو زنجیر
مرۆڤی مەردو خاوەن بیر
بە زۆر لە بڕوای چەسپاوی
دەسبەردار بێ و واز بهێنێ
ئەو ڕۆژەی ئاشتی و ئاسایش
سەر دەکەوێ لە جیهانا
خوای شەڕ باڵی دەپێکێنرێو

توانای تاوانی نامێنێ
ئەم چەکی وێرانکاریەی
نموونەی شەرمەزاریە
ڕۆژێك دێ لە مۆزەخانەی
میللەتانا لە کونجێکا
بەوپەڕی سەرشۆڕییەوە
ملی کەچی دانەوێنێ
ئەوسا منداڵان بە کۆمەڵ
دەچنە سەیری وەك سینەما
دەڵێن بە خوا باوباپیران
بێعەقڵ بوون بەم چەکانە
هەر کەسەی دەیویست نیازی
کەرێتیی خۆی بەجێبێنێ

## کوردی ئاوارە لە ڕۆژئاوادا

لەندەن، ٤/١١/١٩٨٣

هۆ وڵاتی تەمومژ
هەورو هەڵاو بەفرو باران
چاو شینە قژ زەردەکانت
تێگەیێنە ئێمە مانان
نە ساختەچی و گیرفانبڕین
نە مفتەخۆرو سواڵکەرین
خەڵکی ئەو وڵاتەین خۆتان
لە (لۆزان)دا دابەشتان کرد
لەوڕۆژەوە ژێر چەپۆکی
ڕەگەزپەرست و فاشیستی
بە خوێن تینووی داگیرکەرین

هۆ وڵاتی خاوەن کۆشك و
سینەماو باڕو جێی سەما
هۆ مەڵبەندی (یەنکی) و (هیپی)ی
کوڕو کچی برژانگ وەك کا
بە ڕۆڵە تڕزلەکانت
بڵێ بۆچی بەرامبەرمان
وا لووتبەرزو گرژو مۆنن
خۆیانمان لێ ناکەن بە خوا
جاران لای ئێوەش کە دەوری
پاشاگەردانی و تاوان بوو
هەروەکوو ئێستەی لای ئێمە
پیاوکوشتن و سزادان بوو
باوباپیرتان بە هەزاران
دەربەدەرو ماڵوێران بوو
هۆ داپیرە جادووگەری
هەزار پیلان لەژوور سەرا
کەڵبەکانت هەمووی پڕن
لە ژەنگ وژاری کوشندە و
یۆرانیۆم بۆ بۆمبای ئەتۆم
ئاگری بن کای پیلانگێڕ
دەردێکی وات نەداومەتێ
قەت لەبیرم بچێتەوە
ساڵەهایە بەو دەردەوە
ئەتلێمەوەو گلینگل ئەخۆم
ڕۆڵەکانت نەشارەزان،
نازانن کە ساڵەهایە
گیرۆدەی داوی لۆزان و

سەعدئابادو سەنتۆ و ناتۆو
هەزار فیتو پیلانی تۆم
تێیان گەیێنە رەفتەنین
ڕێمان لێ مەگرن جارجارە
کۆچمان بگاتە ئەم ناوە
هەروەکوو کۆچ و باری دۆم
چونکە یەنکی قژسوورو شین
ئاگاداری مێژوو نییە
بۆیە لە ئێمە تێناگا،
هەرچەن ڕوونو لەبەرچاوە
ئەوکەسەی ئێمەی ڕاوناوە
پەروەردەی دایەنی خۆتە
گۆشکراوی قوتابخانەو
بیروبڕوای میتروپۆلو
فێری لووشکەی سەرئاخوڕی
تەویلەو کایەنی خۆتە
تۆ خستووتە سەر ئەم بەزمەو
کردووتە بە توولەی ڕاوچی،
خۆت ڕێو شوێنت بۆ داناوە
شاگردی خۆتەو ئەیناسیت
دەسنێژی خۆتەو بە شیری
بەرمەمکانت گۆش کراوە
نەتەوەی ئێمە بە دەستی
شاگردی ڕەگەزپەرستت
ئاوارەیەو پرشو بڵاوە
کەی بیستت ڕۆژێك لەڕۆژان
هەوری ڕەشی ڕووی ئاسمانی

سەر وڵاتمان ڕەوایەوە
ڕزگارمان بوو لە پیاوکوژو
دەستەی فاشیست ملی کەچ کرد،
داموودەزگای پێچایەوە
ئەوسا هەزارجار ماڵ ئاوا
دەمانبینی کە دواکەسمان
باری کردو گەڕایەوە
نەتەوەی ئێمە بێوەیەو
دزو جەردەو پیاوکوژ نییە
لاپەڕەی مێژووی شایەتە
تاوانبارو خوێنمژ نییە
بەرامبەر بێگانەو میوان
ڕووترش و مۆن و گرژ نییە
بەڵام بەرامبەر داگیرکەر
هەتا ئەو ساتەی دڵۆپێك
خوێنی لەناو لەشا مابێ
هەتا تەنها دەمارێکی
بجووڵێ و هێزی تیا مابێ
مل کەچ ناکات بۆ هیچ کەسێك
با ئەو کەسە کوڕی خوابێ

## کۆمەڵێك پرسیار

١٩٨٣|١١|٧

لە کانی و ئاوێکم پرسی
هۆ کانی و ئاوی سازگار
پێم ناڵێی ڕوو ئەکەیتە کوێ
وا خوڕەت دێ سەربەرەوخوار؟

وتی نام بینیت بۆ داوێن
دائەشکێم وەکوو تووڵەمار
تێکەڵ دەبم لەگەڵ ئاوی
جۆگەلەو چەمی ئەم ناوە
هەتا هەموومان پێکەوە
یەك بگرین ببین بە ڕووبار
لە دارێکی پیرم پرسی
هۆ پیرە داری قەف ئەستوور
گوێم لێ بگرە، ساڵەهایە
پرسیارێکی ئێجگار سەیرم
لە کۆنەوە لە دڵدایە
ڕەگ‌و ریشەت لەگەڵ ڕەگی
دەرو دراوسێکانتا ڕێکن،
ڕەگی یەکتر ناقرتێنن؟
لقەکانی لەرانەوەو
پێم پێکەنی‌و لێی پرسیم بۆ؟
وتم مەراقمە بزانم
لەگەڵ یەکا ڕێك‌و سازن
یا ناڕێك‌و لووتەلارەن
هەروەکوو ئێمەی سەرەڕۆ
وتی من‌و دراوسێکانم
هەرچەن بە لەش لێك جیاوازین
بەڵام دڵمان هەمووی یەکە
ریشەمان واچوە بەیەکا
چنراوە وەکوو تان‌وپۆ
لە مەلێکی دەنووك زەردی
خنجیلەی دەنگخۆشم پرسی

هۆ مەلی خاڵو مل نەخشاو
کە ساتێك لەو گەروە بچووکەت
ئاوازی بەکوڵ دەخوێنی
بەسەر دیمەنی دڵگیری
دەوروپشتا هەزار بەستەی
شادیو دڵداری دەڕژێنی
ئەو بەستەو ئاوازە خۆشەت
هەر بۆ خۆت و یارەکەتە
یاخود بۆ هەموو باڵندەی
وڵاتە نازدارەکەتە

وەرامیی دامەوە، وتی
ئێمە هەموو دەستەی مەلین
وەك یەك نیشتەجێی لاپاڵو
سەر تاشەبەردی دەم کەلین
بەبێ یەك گوزەران ناکەین
کاممان کە وەختێ ئەخوێنێ
بێجیاوازی بەستەی خۆشی
بۆ هەموو مەلی ئەم ناوە
وەکوو گەوهەر هەڵدەرژێنێ
وەك ئێوە نین هەرکەس بەجیا
بۆ خۆی وەکوو گەڕەلاوژە
بەستەو ئاوازێك بخوێنێ

لە هەورم پرسی، هەورەکە
بۆ کوێ مل دەنێی وا خێراو
تیژڕەو دەڕۆی بە ئاسمانا؟
وتی پەلەمە لێم گەڕێ

دەمەوێ خێرا بگەمە
ئەو هەورانەی یەکیان گرتووەو
خەریکن بارانێك داکەن
بەسەر مێرگو ڕەزو باخ‌و
وەردو کێڵگە و دارستانا

لە جێگای خۆم تاس بردمیەوە
وتم هاوار بەخوا شەرمە
کانی‌و ئاو هەمووی یەك بگرێ
ڕەگ‌وڕیشەی دار یەك بگرێ
مەلی ناو نزار یەك بگرێ
هەوری ڕووی ئاسمان یەك بگرێ
وا بزانم دنیا یەك بگرێ
ئێمە تەڵاقمان خواردووە
کەسمان نابێ لەگەڵ یەکتر
یەك بگرێ هەتاکوو دەمرێ!

www.zheen.org

## بیرەوەری و یادێك

لەبیرم دێ کە منداڵ بووم
هەموو جارێك دایکم دەیوت
شەش مانگان بووی لەناو زگما
کە فڕۆکەی مامە جۆنبوڵ بۆمباکانی
بێبەزەیی فڕێ ئەدایە
شاری هەڵمەت و قوربانی
کە گەورە بووم، خوێندن فێر بووم
بیرەوەریەکانی "نەهرۆ"م
هەمووی ورد ورد ئەخوێندەوە

هەردوو چاوم لەوێچ لەوێچ
فرمێسکی سوێری لێ دەڕژا
هەروەکوو پلووسکی کانی
یەکەم بومبای دروستکراوی
ئەوسەردەمەی مامە جۆنپۆل
لەناوشارە بێچەکەکەی
مندا تاقی کراوەتەوە

وەکوو خۆی دانی پیا ناوە
یاداشتی فڕۆکەوانی
بەڵام سەیرەو ئێجگار سەیرە
بە هیچ جۆرێك نەمدەزانی
ڕۆژێك دێ ئەندیرا خانم
کچی نەهرۆی خاوەن یادداشت
خۆیو ڕاجندرای کۆترباز
پیرۆزبایییەکی گەرموگوڕ[1]
دەنێریت بۆ سەرکەوتنی
نۆکەری ئەمڕۆی جۆنپۆڵو
داموودەزگای بێ ویژدانی

## دیموکراتی

کابرای ملهوڕی تەنگەزل
بۆی هەیە وەکوو دەریالووش
پارووی زل زل بگلێنێ
کام خواردنی لەلا خۆش بێ
بە ئارەزوو و بە کامی دڵ

[1] ئەو برووسکەیەی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا ناردی.

لوولی بداو تێی ترشێنیّ
چەندی بۆ خورا، دای ئەماشیّ
دوو ئەوەندەی لیّ زیاد ئەبیّ
بیّ دەربەست بوونی ئەیرژێنی
ئەگەر برسی و ڕەش وڕووتێك
ڕاپەڕی و وتی کوا بەشم؟
یاساوڵێکی چڵکاوخۆر
بە تاوانی دژی یاسا
پەتێکی بۆ هەڵدەواسیّ و
بەپێی بڕیاری دادگا
بە ئاشکرا ئەیخنکێنیّ
"ڤیکتۆر هێگۆ"ش دەڵێت وایە
هەموو کەسێك، گەورەو بچووك
لەم وڵاتی ڕۆژئاوایە
سەربەست و ئازادە بۆ خۆی
ڕیّ بۆ هەموان بەرەڵایە
دیموکراتی و سەربەستییە
بۆ هەموو کەسێك ڕەوایە
ئەتوانی کام ئوتێل گرانە
ببیت بە میوانی بە شەو
بنوێت، بخۆیت، بخۆیتەوە
تێر تێر ڕابوێری بە هەوەس
هەروەها لەژێر کام پردی
پاریسدا دەتوانی بنویت
بیّ ئەوەی فرانکێك بدەی بە کەس
بەڵام دیارەو ئاشکرایە
کیّ دەتوانیّ لەو ئوتێلە نازدارەدا

پارە خەرج کا هەروەکوو ئاو
کێش ناچارە لەژێر پردا
هەڵتووتێت وەك بۆقی پیشاو!
ئەی ئافەرین دیموکراتی
تۆش بەشێکی لە یاسای خوا
یەکێك تێرەو یەکێك برسی
نەمان بیست ڕۆژێك لەڕۆژان
هەواڵی لاتێك بپرسی!

## شەنگەبێرە

لەبیرت دێ شەنگەبێرە
ئەوساڵەی کە تەموومژ بوو
چۆن گەلە گورگی چاوبرسی
هەموو ئاژاڵی ئاوایی
ڕاپێچ کرد لە مەڕە بێرە؟!
بێبەزەیی هەمووی لوول داو
بەکێشی کرد بۆ ئەو دەشتە
چۆڵ وهۆڵ و گەرم و سوێرە!
کە چاوەکانی تۆم بینی
بەخوڕ فرمێسکیان لێ ئەڕژێ،
پێم نەوتی شەنگە بێرە
ترست نەبێ و دڵنیابە
ئەو گورگەو لە تەموومژا
خۆی لەلا ئازاو دلێرە
بەرگەی ڕۆژی ڕووناك ناگرێ
چونکە وەك شەمشەمە کوێرە

تەنها بە تاریکی فێرە
لەبیرت دێ شەنگەبێرە
ئەوساڵەی کە نەوەی کاوە
لە مێرگی چیای هەندرێنا
هەمووی ئەتوت بەچکەی شێرە
چونکە پشتیان بەستبوو بە یەك
چۆن هۆزی گورگیان هەڵفڕاند
سەرەوخوار لووتیان پێداژەند
لەترسانا کونە مشکیان
هەموو لێ بوو بە قەیسەری
وەکوو خێڵی مشکە کوێرە
دەخیلت بم شەنگەبێرە
زۆر پەرۆشی هەواڵێکم
کاکەی شوانی شمشاڵژەنم
بۆ بدۆزەرەوەو ڕایسپێرە
پێی بڵێ وەلی دێوانەی
وێڵی شەمی خۆشەویستی
لە وڵاتی غەریبیدا
وا خەریکە سوێی بێتەوە
بۆ ئاوازێکی بەسۆزی
بن داربەڕووی ئەو لاپاڵو
ناو دەربەندو سەر تاوێرە
پێی بڵێ زوو فریای کەوە
ئاوازێکی پڕ لە مژدەی
یەکگرتنی نەوەی کاوەی
بە بای شەماڵا بۆ بنێرە

## بۆ کۆچی دوایی مامۆستا توفیق وەهبی

لەندەن، ١٩٨٤|١|١٢

مامۆستا توفیق وەهبی تاکە وەسیەتێك کە لای هەموان کردی، ئەوەبوو کە دوای مردنی بیبەنەوە بۆ کوردستان و لەسەر چیای پیرەمەگروون بینێژن. جارێکیان پێم‌وت مامۆستا تۆ خۆت چوارتاییت‌و هەمیشە باسی سەردەمی منداڵی خۆتمان بۆ دەکەی، ئەی بۆچی نەتبەنە سەر کێوی (سەرسیر)ی پشت چوارتا کە هاوینەهەوارێکی زۆرخۆشەو هەمیشە خەڵك ڕێی تێدەکەوێ، پیرەمەگروونێکی چۆڵ‌وهۆڵ مەگەر جاروبار شوانە مەڕی دێی زێوێ، یاخود کچێکی بێڵەکان بەشان بەلاتا تێپەڕێت، بپرسێ ئەمە کێیە. وتی نەء، من لەگەڵ پیرەمەگرووندا زۆرشتم هەیە. هەمیشە نیشانەی سەربەرزی‌و گەردنکەشیی گەلی کورد بووە.

سەعات ١,٥ی پاشنیوەڕۆی پێنجشەمە ڕێکەوتی ١٩٨٤|١|٥ لە خەستەخانەی (میدل سیکس) مامۆستای زمانەوان‌و مێژووی کورد کۆچی دوایی کرد. دۆستەکانی بڕیاریان دا داخوازیەکەی بهێننە دی، بەتایبەتی کاك عەلی کمال کە هاوڕێ و دۆستی بوو، بایەخێکی زۆری پێدا‌و ڕۆژی جومعە ڕێکەوتی ١٩٨٤|١|١٣ تەرمەکەی نێردرایەوە بۆ کوردستان. منیش ئەم هۆنراوەیەم پێشکەش کردو لە کۆبوونەوەیەك بەبۆنەی (٤٠) ڕۆژ تێپەڕبوون بەسەر کۆچکردنیا ئەم هەڵبەستەم خوێندەوە، هەروەها وێنەیەکیم نارد بۆ گۆڤاری هیوای ئەستەنبووڵی کوردی لە پاریس کە ئەوانیش بڵاویان کردەوە.

پیرەمەگروونی گەردنکەش، دۆستی دێرینی (کەردەکە)[1] و نیشانەی سەربەرزی وڵات
وا مامۆستای زمان و مێژوو بە کۆڵ‌و باری غەمەوە بۆ ئێجگاری هاتەوە لات
ئەوا تۆفیقی "پیر وەهبی"[2] کۆچ‌و باری پێچایەوە بەرەو نیشتمان کەوتەڕێ
دەسا تۆفیقی "پیرەمێرد" ڕێگای خێڵی پێ نیشان دەو بیگەیێنە هەواری نوێ
کۆڕێك بەستن بە یادی کۆن لەگەڵ ئەمین زەکی بەگی خاوەنی مێژووی کوردستان[3]
چقڵی چاوی دوژمنانە، شاخەکەی پیرەمەگروون و مامەیارە و گردی سەیوان

---

[1] لە زۆر دەستخەتەکانی تۆفیق وەهبیدا دەبینرێ، کورد کە کۆنترین ناوێ کە هاتبێ بەناوی (کەردەکە)وە بووە.
[2] بە تۆفیق وەهبیم دەوت: دەزانی لە پیرەمەگروون لەپاش ماوەیەك بە پیر وەهبی ناوت دەبەن.
[3] پیرەمێرد لە مامەیارە نێژراوە ئەمین زەکی لە گردی سەیوان.

با وەچەی ئەم سەردەمەی کورد گوێی لە دەنگی هەرسێکیان بێ داخی سەر دڵی دوژمنە
دەستووری زمان و شیعرو مێژوو، سێ چەپکە گوڵی گەشاوەی بەرهەمی ئێوەی مەزنە
هۆ وڵاتی نەوەی کاوە، ئەوا ڕۆڵەی جگەرگۆشە دوورەوڵات و ئاوارە
گەڕایەوە بیگرە باوەش، بەینێکە ئێجگار بێنازو دڵشکاو و خەفەتبارە
زۆر پەرۆشی ئاتەشکەدەی هەزار ساڵەی ناو دەربەندو ئەشکەوت و لاقەد پاڵت بوو
شەوو ڕۆژ ویردی دەمی بووی، شەیدای دیمەنی دڵگیری لوتکەی بەرزی خاڵ خاڵت بوو
تینووی ئاوی ساردی کانی و بەفراوی تاڤگەو قەڵبەزی چیاو دۆڵی کوێستانت بوو
ئاواتەخوازی چلوورە و زەردەی هەتاوی سەر بەفرو شووشەی سەهۆڵبەندانت بوو
جارجار کە دڵی پڕ دەبوو، باسی بەسەرهاتی کوردو مێژووی کۆنی یەك یەك دەژمارد
بەقەد گەڵای دارەبەن و بەڕوو و مازووی دارستانت غەم لە دڵیا جۆشی دەخوارد
بانگی دەکرد: هۆ هەزارمێرد، کوا هەزار مەردی جارانت، کوا شۆڕە سواری بابانت؟
کوا تەپڵ و ئاڵای دەبدەبەی ڕۆژانی خان ئەحمەد خانت، کوانێ بابا ئەردەڵانت؟
ئەمانە گرێی سەردڵی بوو، خەفەتی شەوو ڕۆژی بوو هەتا مابوو لە ژیانا
بەڵام کە باسی خەباتی لاوو ڕۆشنبیریان دەکرد، شامەرگ دەبوو لەخۆشیانا
هۆ پیرە موغانی دەوری ئاتەشکەدەی خێڵی زەردەشت، بەسۆزی گاتەی ئاوێستا
خۆت ئاسایی وەك دڵسۆزێك، کوڕێکی گەرموگوڕ ساز کە بۆ شین و پرسەی مامۆستا
کاکەی شوانی شمشاڵژەنی ڕانەمەڕی گوندی زێوێی مۆڵخواردووی نزیك گۆڕستان
قوربانی پەنجە و لێوت بم، دەی سا ئاوازێکی بەسۆز لەجیاتی تەڵقین و قورئان
دەخیلتم میمکەی ناو ڕەشماڵ بە کاسەی دۆی خەستوخۆڵت جۆشی دڵی دامرێنەوە
بە بای فەقیانە و چارۆکەت، تەموومژی هەردوو چاوی ڕامالە و بیرەوێنەوە
کیژۆڵەی بێڵەکان بەشان، بەدەست و پەنجەی شمشاڵیت چەپکێك گوڵی ڕازاوەی جوان
لەسەرخۆ گوڵبژێری کە، لە مێرگی سوێسنە و هەڵاڵەی بۆنخۆشی دیوی مێرگەپان[1]
بیکە بە ئیکلیلی گۆڕی، لە گیانەڵاشدا هەمیشە ناوی تۆی لەسەر زوبان بوو
بەدەم وڕێنەی مەرگەوە، یادی بۆنی هەڵاڵان و سەداو چریکەی چاوکاڵان بوو

[1] مێرگەپان- دۆڵێگە لەودیو پیرەمەگروونەوە بەدیوی شەدەڵەو قزلەردا. کوێستانێکی زۆر دڵگیرو خۆشە لە هاویناندا.

هۆ کەوی خاڵو مل نەخشین، دەك فیدای پەڕو باڵت بم، بفڕە بۆ تاشی سەر لوتکە قاسپەت بێ، بانگ کە مامۆستای زمان و مێژوو گەڕایەوە بۆ کوردستان جارێکی کە بڵێ ئەو ڕۆژەی ڕووناکی تاریکیی شەو ڕادەماڵێ و وڵات ڕۆشن دەبێتەوە ئەوسا چرۆی پیرەداری نەوەدوسێ ساڵەی وەهبی سەوز دەبێ و دەگەشێتەوە هۆ لاوو ڕۆشنبیری کورد، هەرچەن دوورم لە کوردستان، بەڵام بەدڵ لەگەڵتانم زۆر خەفەتبارم نەمتوانی، شانێك بێنمە ژێر تەرمی مامۆستای مێژوو و زبانم بەرهەمی ساڵەهای ساڵی، دەستو پەنجەو بیرو هۆشی ڕیزیان کەن لە مۆزەخانە هەموو دێڕو نووسینێکی، گەنج و سامانی وڵاتەو جێی شانازی کوردستانە

## شیرینی من و شیرینی فەرهاد[1]

فەرهاد بە گیانی هەموو دڵدارێك، بە چاوی هەموو شوخ و نازدارێك
بڕوات بێ منیش وەك تۆ دڵدارم
منیش وەکوو تۆ لەتاو شیرینم، گلاراوەمە شەو تا بەیانی
کەنەفتی دەردو ئێش و جەخارم
بەڵام جیاوازی منو تۆ دیارە، تۆ دوای ئاواتی دڵی خۆت کەوتووی
بێستوونت کون کرد بە قوڵنگو تەشوێ
من گری عەشقم بۆ هێنانە دیی ئاواتەکانی دڵی شیرینە
ئەوەی تۆ لەکوێ و ئەوەی من لەکوێ؟
چۆن دڵم دێنێ ڕۆژێك لەڕۆژان وەك تۆ خۆم شێت کەم بە تەشوێو قوڵنگ
بەردێك لە بەردی بێستوون بشکێنم
بێستوونێك کەوا نیشانەی ژینمە، هەر خۆی لەخۆیا دڵی شیرینمە

---

[1] ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە دوو شاعیری مەزنی کورد:

أ‌- مەولەوی کە لە سەفەرێکدا سەرزەنشتی فەرهاد دەکا:

| | |
|---|---|
| هیچ کەس نەواچۆ وەفەرهاد ڕەندەن | نەقشی شیرینش جە ڕووی سەنگ کەندەن |
| دەك ڕیزان دەس بۆ وەر جەگیان سەندەن | کێ ئەڵماس نە ڕووی دیدەی وێش شەندەن |

ب‌- زێوەری شاعیر: کە لە شیعرێکدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| بێتو گەر من کۆهکەن بم وەصڵی شیرینم ببێ | تیشەیەك نادەم لە بەردی تۆ کە شیرینی منی |

ئەو دڵشکاو بێ من چۆن بمێنم؟

فەرهاد لەبیرتە چەندم پێ وتی: ئاگات لە جادوو و فێڵو پیلانی

پیرێژنەکەی سەرئاسنین بێ[١]

هەر بە مەچەك و بازووت مەنازە، دەبێ وریا بێو ژیرو دانا بێ

ئەوی بەتەمای باڵای شیرین بێ

چاکی بێباکیت کردبوو بەلادا، ئەوەندە بەردی بێستوونت شکان

وەك سەنگ تەراشی شێخی سەنعانی[٢]

کاتێکت زانی کەوتیتە داوی پیرێژنێکی سەرئاسنین و

لەخشتەی بردیو ملی شکانی

کەللەی خۆت هاڕیو شیرینیش خۆی کوشت، ڕەنجی چەن ساڵەی خۆت دا بەبادا

هەروای بەسەر دێ کاری سەرەڕۆی

هۆ شیرینەکەی[٣] ژیانو ژینم، قیبلەی ئاواتو ئیمانو دینم

تەنها هەر باڵای تۆم بۆ بمێنێ

سوێندو بەڵێن بێ هەتاکوو ماوم سەد فەرهادکوژی زۆڵی جانانە

لەخشتەم ناباو نامخەڵەتێنێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

**قەتارو ئەڵلاوەیسیو خاوکەر**[٤]

---

[١] ئەو پیرەژنەی کە ڕایان سپارد بە فەرهاد بڵێ بوکێ خۆت ماندوو دەکەی ئەگەر بۆ شیرینە وا شیرین تۆ خۆش فەرهادیش لەداخا بەو قوڵنگەی کە بێستونی پێ کوندەکرد دەیکێشێ بەسەری خۆیداو لەداخا خۆی دەکوژێت.

[٢] شێخی سەنعان لە شیعرو چیرۆك و ئەدەبی فارسیدا جێیەکی دیاری هەیە. سەنگ تەراشی چیرۆکێکی هۆنراوەی شێخی سەنعانە، کە باسی کابرایەکی شێت دەکا کە خوای زۆر خۆش دەوێ و دەعوەتی ئەکاو لەبەرد قاپو قاچاخی بۆ دروست دەکات کە سەرەتاکەی:

سەنگ تراشی بود اندر کوهی طور　　　　سەنگ تراشی کردو گفتا یا غفور

تۆ غفور اندرونی اسمان　　　　چند باشی پیشی چشمی ما نهان

[٣] وەکوو لە هەندێ شوێنی تریشدا باسم کردووە، شیرین لای من نیشتمانە.

[٤] یادێکی زۆر کۆنە، بەهۆی کۆچکردنی تۆفیق وەهبیەوە هاتەوە یادم. لە ساڵی ١٩٤٦دا بەسواری چووم بۆ ناوچەی مێرگەپان بۆ تەحمین و لەوێ خێڵێکی جافە ڕەشکە لەو دۆڵە دڵگیرەدا هەڵیان دابوو بەرامبەر بە سەهۆڵە هەمیشەییەکەی پیرەمەگروون. شەوێك لەوێ مامەوە کە بەڕاستی زۆر کاری کردە سەر هەستو هۆشم، ئەمین زەکی بەگ هەتا مابوو بەئاواتەوە بوو مێرگەپان بکرێت بە هاوینەهەوار.

لەندەن، ١٩٨٤/١/٢٥

ئەمشەو کەوتمە ناو گێژی خەیاڵێك
هاتەوە یادم شێوەی ڕەشماڵێك
ڕەشماڵی خێڵێك وەرزی بەهارێك
لە مێرغوزاری تازە هەوارێك
بۆنی کەنێرەی مێرگی لاپاڵێك
ئەیدا لە دەماخ نەرمە شەماڵێك
جارجار بە لەنجە، شۆخێك چاوکاڵێك
پەری ڕوخسارێك، سەر گۆنا ئاڵێك
وەك ئاسکی سرکی سەر ملەو یاڵێك
ئەیدا بەلاما بە تویێی دەسماڵێك
بۆی گوڵی ڕوومەت، بۆی مەمی کاڵی
سێوە لاسوورەی چەناگەی چاڵی
بۆنی وەنەوشەی زوڵفی سەرخاڵی
سملی پریاسکەی سەر سنگ و باڵی
چریکەی بەسۆزی وەکوو شمشاڵی
ژەنگی ناو دڵو مێشکیان ڕامالی
دڵی سەرەڕۆ بۆچ وا دەناڵی
بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بۆی عەودالی
خەوێك بوو یادی گەنجیو منداڵی
نابینیتەوە قەت بە شەست ساڵی

## سۆزێکی دەروون و یادی نیشتمان

١٩٨٤/١/٢٨

لەم هەموو سەیرو جۆشو خرۆشەو
لەم هەموو بەزمو هەراو زەنایە
لەم هەموو کۆڕی دانسو مۆسیقای
ناو وڵاتانی ئەم ڕۆژئاوایە
گەر ساتێك جۆشی زوڕناو دەهۆڵی
شایی و هەڵپەڕکێی تۆم لەبیر چووبێ
دەك خوای مۆسیقاو شیعرو گۆرانی
هەر کەڕو لاڵ بم، کوێراییم دایە

لەم هەموو شۆخ و باڵا بەرزانەی
قژیان ئاوریشمی خاوی زێڕینە
لەم هەموو جوانو لەش نەرمو نۆڵەی
چاویان وەك گۆمی مەنگی قووڵ شینە

گەر ساتێك شێوەی سیاچەمانەی
برۆ پەیوەستی سەربەلەرزانەی
ناو نیشتمانم لەبیر چێتەوە
دەسا خوای جوانی هەتاکوو ماوم
تەمی سەر چاوم نەڕەوێتەوە
لەم هەموو کۆگای جوان و ڕازاوەی
پڕ لە خۆراك و گوڵاڵەی باخن
پڕ ژن و پیاوی پۆشتەو پەرداخن
مەستن، سەرخۆشن، تێروتەسەلن
بێباك لە دنیاو زۆر بەدەماخن
گەر ساتێك ڕەش و ڕووت و هەژاری
خاکەکەی میدیام لەبیر چێتەوە
دەك خوای نیشتمان هەر ئاوارە بم
قەت ڕۆژێك دڵم نەحەسێتەوە
بە ڕۆژی ڕووناك، لە نیوە شەوا
لە گفتوگۆما، لە شیرین خەوا
لە ئاوخواردنەوە و لە نانخواردنا
لە دانیشتنا، یا لە ڕێڕەوا
گەر ساتێك خەمی تۆم لە دڵ دەرچێ
دەی سا خوای وەفاو بەڵێن و پەیمان
دەك شەرمەزاری هەموو دنیا بم
هەتاکو مابم سووك و ڕیسوا بم

## سەرمایەداری

چاوی دەربێت شوان و گاوان          تا ماوە پیس و چەپەڵ بێ
جووتیار و وەرزێر و سەپان          ماندوو و برسی بێ، ڕووتەڵ بێ

مناڵیان هەمووی پێخاوس بێ     دەس کرێشاوی و کەچەڵ بێ
پاڵە و ڕەش‌وڕووتی دنیا     چینی چەوساوەی کۆمەڵ بێ
هەمیشە لات و لێوار بێ     ڕەش هەڵگەڕاوی دووکەڵ بێ
بۆز بە لەڕی، لات بە گەڕی     لوورەی برسی وەك چەقەڵ بێ
تەنها دانای وەکوو ئێمە     تێرو نێر بێ وەکوو کەڵ بێ
خاوەن کۆمپانیا و کارتێل بێ     کچی جوانی لە باخەڵ بێ
هەژار کێیە، پاڵە کێیە؟     دەبێ هەمووی وەك ئاژەڵ بێ!

ئەمەیە بڕواو هەڵوێستی     هەموو چینی سەرمایەدار
وەکوو دەریالووش تێر ناخوا     لە خوێن و فرمێسکی هەژار
هێشتا نایەوێ هیچ کەسێك     ناوی بەرێ بە تاوانبار

ئیمپریالیزمیی جیهانی     پۆپەی هێزی سەرمایەدار
دوژمنی ئاشتی و ئاسایش     چەوسێنەری پاڵە و جووتیار
هەر خەریکی ڕاووڕووتە     وەك سەگی هەڵەپاچی هار[١]
بەڵام نازانێت ڕۆژێك دێ     چەوسێنراوی دێهات و شار
بەر دەبێتە گیان‌و وێزەی     بە گازو چەکوش و مشار
دام‌ودەزگای دەڕووخێنێ و     دەیکات بە پەندی ڕۆژگار

بنکەی ژین
www.zheen.org

### گشتی لە تۆوێك کاڵەك[٢]

که بێزارین لە فاشیستی و
ڕەگەزپەرستیی کوێرانە
کۆنەپەرستیی بێگانە
مەعنای وانییە ملکەچ کەین
بۆ بیروبڕوای فاشیستی و
ڕەگەزپەرستی کوێرانە و

---

[١] سەگی هەڵەپاچ بەو سەگە دەڵێن کە بە هەموو کەسێك بوەڕێ و پەلاماری هەموو کەسێك بدات.

[٢] پەندی پێشینان.

کۆنەپەرستیی خۆمانە
هی هەردوولا وەك یەك وایە
مۆرانەی مێشك و بڕوایە
شێرپەنجەیە، کوشندەیە
سووکی و ڕیسوایی لەدوایە
دەبێ هەموو ڕیشەکێش کرێ
چ لەم لایە، چ لەولایە

## بۆ وشکە صۆفیی بیروباوەڕ

هۆ کاکەلێی قسە وشكو ڕەق
پیاوی چاك بە، لێمان مەبە بە تووتی،
بە دوو دێڕی کاوێژکراوی لەبەرکراو
لات وانەبێ، بە دوو هاشەوهووشی دەم
دەبێت بە دەمڕاستو زاناو شارەزاو
لای خەڵك دەبیت بە پسپۆڕێکی تەواو
لات وانەبێ تەنها هەر تۆ
شارەزای بیروباوەڕی و
دڵسۆزی لێقەوماوی
هەر خۆت خاوێن و پاکی و
نموونەی تێکۆشان و
مشوورخۆری هەژارو
بێبەش و چەوسێنراوی
هەروەکوو وشکە صۆفیی
نەقشبەندیی لای خۆمان
بە ڕیشێك و تەزبیحێك،
بە سیواكو بەرماڵێك

www.zheen.org

به دوو کورکەی پیرێژنانەو
چنگێك فرمێسکی درۆو
هەناسەهەڵکێشان و
فیشاڵی قنگ بەتاڵێك
خەڵکی لەخشتە نابرێ و
زۆر کەس لە تۆ زۆر زیاتر
دەزانێ و شارەزایە
بە ڕیش نییەو بە ئیشە
لات وانەبێ هەمیشە
ئەوی کە ڕیشی سوور بوو
ئەو کەسە هەمزاغایە
ئەم خەڵکە هەمووی هیچەو
هەمووی هەر کەرو گایە
برام قسەی ڕووت جیایە و
بەجێهێنانی جیایە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## خەلیفەی بەنەخوێنفرۆش

خەلیفەی بەنەخوێنفرۆش
بە فیکە تووڕە ئەبوو
لە بازاڕا منداڵان
فیکەیان بۆ ئەکێشاو
سەریان ئەکردە سەری
خەڵکەکە پێیان ئەوت
دەك خەلیفە داوەشێی
بەخوا پیاوێکی کەری
بە فیکە تووڕەبوونت
نیشانەی کەرێتییە

گوێچکەی خۆتیان لێ کەڕ کە
با هەر فیکە بکێشن
تووڕەبوون مەعنای نییە
خەلیفە خێڵو خوار بوو
بە ورگو تەنگەی زلیا
وەکوو مانگای مالوان بوو
ڕەشتاڵەو زمانپیس بوو
مۆن و تووڕەو تڕۆ بوو
سەرو بنی زمانی
هەمیشە جنێودان بوو
ئەیوت هەتیو (ذوڵینە)[١]
(من فیکەی خۆم ئەناسم)
دایکی وابێ و باوکی وا
گەر وازم لێ نەهێنن
یا یەکێکتان ئەکوژم
یاخود خۆم هەڵدەواسم
یەکێك لەولاوە ئەیوت:
بەنەخوێنەکەت بە چەند؟
ئەویش ئەیوت کامەیان[٢]؟
ئەیانوت هینەکەی خۆت
وەك نیسکێنە هەڵدەچوو
دووسەد جنێوی ئەدا
هەتا ڕەت ئەبوو لێیان

[١] خەلیفە زمانی پیس بوو (ز)ی کوردی ئەکرد بە (ذ).
[٢] تەنها بەنەخوێنی دەرپێ و شەرواڵ و دەمەرقۆپانی ئەفرۆشت و بەسەر شانیا بڵاوی ئەکردەوەو بەناو بازاڕا ئەگەڕا. بەو ناشیرینیەی لە خۆی ئەترسا، کە دەچوو بۆ حەمام کێردێکی زلیشی لەگەڵ خۆی ئەبرد.

زۆر کەسی وەك خەلیفە
ئەگەر سەر بکەنە سەری
یا ئەبێ گوێ نەداتێ،
یا دەبێ وەك شێت ڕاکا[1]
لە کۆنەوە تا ئێستە
جێی گۆبەنگە سلێمانی
بێبەزمی وا هەڵناکا

## برایەتیی ڕاستی

لەندەن، ٦|٣|١٩٨٤

کاکی عەرەبی بەشخوراو
پێست هەڵقرچاوی بەرهەتاو
چەوسێنراوی لەڕو لاواز
پێقیلشاوی ناو زەلکاوو
قامیشەڵان و چغوردی
پڕ گورگو چەقەڵ و بەراز
ساڵەهایە سەرگەردانیت،
خۆراکی ئاسایی ڕۆژت
نانە ڕەقەی کەڕواوییەو
ئاوی قوڕاوی ناو هۆڕو
پێخۆرت یەکدوو سەلکەپیاز
کاکی فارس، کاکی عەجەم
برای ڕێ لێ تێکچووی ژیان

بنکەی ژین
www.zheen.org

[1] لە بەهارانا لە سلێمانی مەلا فایەق شێتی سەری ئەکردە سەریو بانگی ئەکرد: باینجان و تەماتە شێتیەکەی من هەلاتە... کە چاك ئەبوەوە لێیان ئەپرسی مەلا فایەق شێتی چۆنە؟ ئەویش ئەیوت لە دنیادا لە شێتی خۆشتر نییە، بە مەرجێك منداڵی سلێمانی وازت لێ بێنن.

دوو دەس بەناڵەو گیرۆدەی
تاوانی دەستی تاوانبار
بەهەشتی دنیا لێ تێکچوو
بە دووسێ درۆی بێسەروپێی
قەلە ڕەشکەی دەم هەراشی
ساختەچی و دووڕوو و نالەبار

کاکەلێی تورکی (قارداشم)
ئەزانم تۆش چەن داماوی؟
ئەزانم چەن خەڵەتاوی
ئەزانم چەند برسی و ڕووتیو
ماڵوێرانی و بەشخوراوی
لە زیندانی ئەژدەهاکی
ڕەگەزپەرستی فاشیستا
بەبێ تاوان دەم دووراوی

ئێمەی کوردیش وەکوو ئێوە
چەوسێنراوو چارەڕەشین
لە مافی ژیانی ڕاستی
لە ئێوە خراپتر بێبەشین
ساڵەهایە مافخوراوو
نوقمی ناو خوێناوی گەشین

چارەی دەردی هەمووڵامان
تەنها هەر بە دەرمانێکە
یەك ڕێ هەیە بۆ ڕزگاربوون
لەدەس زوڵم و زۆری دوژمن
تەنها هەر بە تێکۆشانی
بێوچانی یەکگرتوومان

دوژمنی هەموولایەکمان
ڕیسوا دەبێ و لەناو دەچێ و
ڕیشەی دەردەهێنرێ لەبن

کەی توانیمان بە هەموومان
دوژمن وەکوو مێخی دەوار
سەرشکێن کەین بەتەواوی
بە میکوت و بە بەردو دار
هەروەکوو ئەستوونی ڕەشماڵ
بیچەقێنینە ناو خۆڵ و
دارو بەردی کۆنە هەوار
گەردن و گێپەڕەی ملی
بە گوریسی کرژی دوولانە
شەتەك دەبن هەروەك سەگی هار[1]

ئەوسا ئیتر بەستەڵەکی
فاشیستی و ڕەگەزپەرستی
بە تیشکی ڕۆژی ئازادی
بە یەکجاری دەتوێتەوە
هەر لایەمان بە سەربەستی
بەجیا لەناو لانەی خۆیدا
بێ چاوبڕینە یەکتری
بێگێچەڵ دەحەوێتەوە
هەر کەسە بۆ خۆی بەگوێرەی
باری ژیان و هەڵکردی

[1] فیردەوسیی شاعیری فارسیی خاوەنی شانامە لە دێڕێکدا کە بۆ سوڵطان مەحموود غەزنەویی وتووە، دەڵێ:
دوشمنانت همچو میخی خیمه میخواهم مدام          تن بخاك و سر به سنگ و کردنش باریسمان

گوزەرانێك و دەزگایەك
ساز دەکاو ئەبووژێتەوە

هەرچەن براییمان برایی بێو
کیسەی باخەڵمان جیایی بێ
بەڵام دەبێ بە کوێرایی
دوژمنانی ڕێی ئازادی
ژین و هەڵکردمان لەگەڵ یەك
هاوکاری بێو برایی بێ
پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر
پڕ لە ئاشتی و ئاشنایی بێ
بۆ ئەوەی هەتا هەتایە
هێزی زۆردار کۆتایی بێ
دوژمنمان مەرگی دوایی بێ

بنكەی ژین
www.zheen.org

## کۆڕنەر سپیکینگ

لەندەن

کۆڕنەر سپیکینگ، قوژبنێکی هاید پارکە — سەرەنوێلکی پاوەن و دۆلار و مارکە
کۆڕی بەستراو بازاڕی پیرە وەستایە — قسەی بێباج خەرەکەو کۆتایی نایە
شێتو هیپیو یەکدوو هەزار مناڵو مەزن — بابەتی کۆڕ، زۆربەی چەنەی بێسەروبن
هەریەکەی وەستای کۆڕێکەو خۆی ئەنوێنێ — هەریەکەی لە ئاشێك دەکاو ئەشێڕێنێ
ئەو باراشە بەم بەرداشە ناکرێ بە ئارد — کەڵکی چییە، چەکوشکاری و ئاسنی سارد
گێرەو کێشەی باری ئابووری و بێکاری — هێندە قووڵە بە قسەی ڕووت ناکرێ چاری
دیوار خوارەو گوێسەبانەی داڕووخاوە — ڕژێم کۆنە و لاپاڵ هەرەسی هێناوە
بە کۆڵەکە و وشکە بەردی دیواری پان — بەربەست ناکرێ هەرەسهێنان و داڕووخان

## دوودڵی‌و ڕاڕایی

برام قەت نەکەی، ڕۆژێك لەڕۆژان
دوای کلکی (کاشکی) و (خوزگە) بکەوێ
چونکە هەردوکیان بەرهەمی ترس‌و
بێدەسەڵاتی و بێبڕواییی‌یە
ئەمڕۆ یا دەبێ بڵێی: ئا یا نا
ڕۆژی بڕیاری بێسڵەمینەوەی
دوور لە گومان و لە ڕاڕاییی‌یە
زۆرجار مرۆڤێك، فرمان بەدەستێك
لەبەر ڕاڕاییی‌و ترس‌و دوودڵی
هەل‌و ڕێکەوتی وا ئەدۆڕێنێ
هەتاکوو ماوە هەلی وا لەبار
قەت لە ڕێڕەوی ژیانی خۆیدا
بە خەوی شەویش ئیتر نایبینێ
سەد کاشکی و خۆزگە و دەستی شکاوم
هەمووی بێسوودەو پوولێك ناهێنێ

## ولاتی گۆڕستان

لەو ولاتی گۆڕستانە
هەموو شوێنێکی زیندانە
ڕوو دەکەیتە هەر مەڵبەندێك
ماتەمینی و ڕەشپۆشییە
شین‌و شەپۆڕو گریانە
مۆسیقاو گۆرانی و ئاهەنگ
ڕێی لێ گیراوە، یاساغە

شەربەتی ترێ و سێو حەرامە[1]
تەنها هەر شەربەتی خوێنە
تا بڵێی نرخی هەرزانە
لەو وڵاتی گۆڕستانە
فلیمێکی ئێجگار سەیرو
پڕ پێکەنین و گریانە
"ڕاسپوتین"ی بەخوێن تینوو
قۆزیی پێ نەماوە بۆیە
وا لەداخا ڕق و قینی
لە ئاهەنگ و لە گۆرانی و
لە مۆسیقا و کچی جوانە
لەو وڵاتی گۆڕستانە
هەموو شوێنێکی زیندانە
بیروباوەڕ هەمووی کفرە،
تاوانە و لەڕێ لادانە
تەنها ئەوەی یاساغ نەبێ
کفنی ڕەشی ئاودامانە،
سەرپۆشی سەری ژنانە
لەو وڵاتی گۆڕستانە
ئەوەی نیشانەی دڵسۆزی و
ئیمان ولەخواترسانە
یا کورکەو لووشکەی گریانە
یا بە زنجیر لەخۆدانە

[1] لێرەدا سەیرێکی ئەم چوارخشتەکیەی خەیام بکەین دەڵێی بۆ موفتیی ئێستای وڵاتی کوردستانی وتووە:
ای مفتی شهر، زتو پرکارتریم — با این همه مستی، زتو هوشیارتریم
ما خون رزان خوریم و تو خون کسان — انصاف بده کدام خونخوار تریم

ئیمانی چی و ترسانی چی
دەرسی مام پیرە شەیتانە
هەمووی کەڵەکو ساختەیەو
بۆ چاوبەست و فریودانە
نە بۆ خوایە و نە پێغەمبەر
نە بۆ دینەو نە ئیمانە
تەنها هەر بۆ دەسبڕینی
خەڵکی ساویلکە و نەزانە
بە درۆ بەناوی دینەوەو
بە هەزار ئاین و ئۆین
خەیاڵ پلاوی گەڕانەوەی
ڕۆژانی دەوری (ساسان)ە
هەرچیم پێ دەڵێن، پێم بڵێن
تاسەر نابێ ئەم قەوانە
هاکا ئەم هەورە چڵکنەش
بای ئازادی ڕای بماڵێت
چونکە مێژوو وای فێر کردین،
یاسای ڕەوشتی ژیانە
بەربەرەکانی بەرامبەر
گۆڕانی قۆناغی ژیان
کەرێتییە و ڕێژگاوییەو
کردەوەی پیاوی نادانە
کۆنەپەرستی و فاشیستی
بەجووتە دوو ڕووی یەک پارەن
میللەتان بۆ ڕزگاربوونیان
پێویستیان بە خەباتێکی
ئێجگار سەختی بێوچانە

# ووریٚنه

# و

# تاسەی نیشتمان

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هاوار

زنجیرەی پینجەم
١٩٨٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێشەكی

وا لــەم زنجیرەیەشــدا، وەكــوو چــوار زنجیرەكــەی پێــشوو، مەلۆیـەك لـەو هۆنراوانـەی كـە زۆربـەیان بـریتین لـە دەربڕینـی ڕازی دڵو دەروونو بەشێكی زۆریان ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو بێزاریو گلـەییو پەسـتیو خـەمو خەفـەتو دڵـشكاویانەیە كـە لـە دڵو مێـشكی میللـەتی كـوردا پـەنگیان خواردۆتـەوەو هەركەسـە بـە جۆرێك دەریان ئەبڕێت. منیش بە پێنووسە خوارو گێڕەكەمو بە چـەند دێڕێكـی وەك تەقـەڵی شـاشو خـوارو گێـڕ پێـشكەشی خوێندەوارانی ئەكەمو ئومێدەوارم ئەوانەی كە لە ناوەڕۆكی ئەو هۆنراوانــەی كــە ڕەپو ڕەوانو بێپێچوپــەنا دەرم بڕیــونو لــەو بۆچــوونانەمدا لەگــەڵما نــین، بــە ســنگێكی فراوانــەوە بــەو هەڵسەنگاندنو كێشانەی خۆیاندا بچنەوەو بە چاوی كوردێكی دڵــشكاوی ئــاوارەی وڵات وێرانكــراوی میللــەت بەشــخوراوەوە سەیری ناوەڕۆكی هۆنراوەكان بكەنو بە چاویلكەیەكی خوازراوی دوور لــە وایعــی گــەلو نیــشتمانی كــورد بڕیــارێكی هەڕەمــەیی سەرپێیی بەسەرا نەسەپێننو داوای لێبوردنیش لەوانە ئەكەم كە ڕەخنەیان لە خەتە ناخۆشەكەم هەبێت.

**هاوار**

لەندەن، ١٩٨٧/١٠/١٥

## وڕێنە

ماوەیە، شەو لە خەوما
خەو ئەبینم، ئەبزڕکێنم
خۆم وا ئەبینم وەك مەلێك
باڵم گرتبێ، بخولێمەوە
بە ئاسمانی کوردستانا
کە ڕۆژ هەڵدێو خەیاڵی خەو
بە جارێك ئەڕەوێتەوە،
وەك منداڵێکی هەتیوی
بەرمەمکانە، چۆن لە سنگ و
باوەشی دایکی بڕابێ،
لەکاتی مەمکمژینی
ناو باوەش و دەس‌لەملانا
بەو جۆرە دڵم دێتە کوڵ
هەرچەندە ئەکەم و ئەکۆشم
بۆم ژێر نابێ و بێ‌دەنگ نابێ
لە جۆش‌و کوڵی گریانا

وادیارە مردن خەریکی
سەرەتاتکێیە لەگەڵما
بۆیە وا لەم ڕۆژانەدا
بەر لە مردنم بە یادی
ڕۆژانی دەوری ڕابوردوو
وەك ڕۆڵەی جووتیارێکی کورد،
هەمیشە تاسەی سۆزێکی
شمشاڵی لێوی شوان ئەکەم
وەك پەروەردەی ناو چیاو دۆڵ

ئارەزووی شنەی نەرمەبای
لاپاڵ و لوتکە و سەر یاڵی
شاخێکی کوردستان ئەکەم
لێم مەگرن گەر جاربەجارە
زۆر پەرۆشی بۆنی خۆشی
پونگەی ناو چڕو چغوردی
کەناری چەمی سیوەل بم،
یا گەر بڵێم وەك بێزووکەر
تاسەی هەڵمژینی بۆنی
گەلاَی بەڕووی (دارمازەڵە) و
(بەرانان) و (قەیوان) ئەکەم

لێم مەگرن گەر زۆر پەرۆش بم
بۆ قوڵپی ئاوی (سەرچنار)
یا بڵێم ئارەزووی هاژەی
دوواوان و سیروان ئەکەم

www.zheen.org

جارجار بەدەم وڕێنەوە
گوێم لە ئاوازی بەسۆزی
(کناچە)ی پۆڕ زەردیانە
گوێم لە گاوانی ناو ڕانی
لای (شارەزوور) و (بازیان)ەوە
گوێم لە هاڕەی بازنی قۆڵ و
هاژەی مەشکەی شۆڕەژنی
چاومەستی ناو کوردستانە
گوێم لە جریوەی پۆلە مەلو
قاسپەی کەوی باڵنەخشین و
پرمەی ئاژاڵی مۆڵخواردووی

بەڵام هیچ زۆری پێ ناچێ
هەروەکوو کەروێشکە خەوێك
لە جێی خۆمدا ڕائەچەنم
ئەڵێم... ئای لەو خەیاڵ پڵاوەو
ئای لەو ئارەزوو و تاسەیەی
ئەڵێی وڕێنە و خەیاڵی
دوای چەسپێکی خەستوخۆڵە
خۆم بە خۆم ئەڵێم: هەی داماو
لە کوێ نوستووی؟ کام ئاوازو
کام بۆنو تاسەو ئارەزوو
بۆ ئەو وڵاتە کلۆڵە؟
ئێستە ئیمڕۆ لە سێ‌لاوە
لەو نیشتمانە وێرانە
کۆتەڵ بەسراوە بە ڕیزە
وەکوو "پیرەمێرد" وتەنی
خەنەی خەنەبەندانی کورد
خوێن و فرمێسکی ئازیزە
لەشی هەزاران بێ‌تاوان
وەکوو گەڵای گەڵاڕێزان
لوولخواردووی ناو گەردەلوول و
ڕەشەبای وەرزی پایزە
ئێستە لە جێی بۆنی پونگەو
بۆنی گەڵای بەڕوو و مازوو
بۆنی با‌رووت و قوڕقوشم و
بەنزین و غازی خنکێنە

لە جێی قاسپەی کەوی چیاو
کناچەی پۆڕی (زەردیان)
لوورەی سەگوەڕو شاڵاوی
گورگی کارو بەرخ فڕێنە
برسێتییە، تینوێتییە
دەربەدەری و ئاوارەیی و
بە هەزاران ماڵ وێران‌و
هەزاران بێسەروشوێنە

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە
ئەوەی هیوامان پێیەتی و
دامان ناوە بە براگەورە و
دوژمنی دەستەی فاشیستی و
بەکرێگیراوی ئیستیعمار
ورتە لە دەمی دەرنایە،
بەرامبەر بە نۆکەرێکی
زۆر ئاشکرای سەرمایەدار
نە لە کۆمەڵگای گەلانا
نە بە ئیستگە و نە بە گۆڤار

خۆ ئەگەر بڵێی بێدەنگ بوون
خوارییە و لەڕێ لادانە،
بەیت‌و بالۆرەی وا سەیری
ڕازاوەو پڕ بەهاراتت
بۆ هەڵئەڕێژن بە خەروار
پیاو نازانێ چۆن شەق نەباو
ورگی خۆی نەدڕێ لە داخی
هەڵوێستی وا ناڕێك و خوار

پێگەی ژین
www.pirtukxane.org

## ئاواره

وەکوو مەلیکی لانەواز
چۆن ناو هێلانە و جێی چینەی
بە تەڵە و داو لێ تەنرابێ
لە گەرمەی جۆشی بەهارا
لەناو مێرگ و لالەزارا
بە پەرژین و بە دڕکەزی
ڕێگەی ماچ و دەس‌لەملانی
خونچەی گوڵی لێ بەسرابێ

یا پوورەی هەنگی بەپەرۆش
بۆ هەڵمژینی شیلەی گوڵ
چۆن بە کۆمەڵ زەردەواڵە و
زەردەزیرەی تێوروژا بێ

وەك دڵدارێکی تێکۆشەر
چۆن بە سیخوڕو یاساوڵ
هەموو سەری کۆڵانێکی
بەر ماڵی خۆشەویستەکەی
بە لوولەی تفەنگ لێ گیرابێ
وەك برسییەك چۆن بەرامبەر
سینی و خوانێکی ڕازاوە
بە کەلەپچە و زنجیر و پەت
هەردوو دەستی شەتەك درابێ
وەك تینوویەکی دەم وشکی
بەپەرۆش بۆ دڵۆپێك ئاو
چۆن لە کەناری ڕووبارێك
هەردوو لێوی بە تەقەڵی

دەرزی و دەزوو تونگ دروورابێ

منیش وەکوو ئاوارەیەك
وەك شاعیرێکی دڵشکاو
وەك شاعیری میللەتێکی
تاوان لێکراوو چەوسێنراو
هەروەکوو ئەو مەل و هەنگ و
دڵدارو برسی و تینوانە
منیش دوورم لە ئازیزم
لە خۆشەویستترین کەسم
کە تا ماوم ئەیپەرستم
ئەویش تەنها کوردستانە

## ژیان و مەرگ

وەختێك بەفرو بەستەڵەکی وەرزی زستان ئەتوێتەوە
سەرماوسۆڵە مل ئەشکێنێ و ماوەیەك سەر ئەنێتەوە
وەرزی بەهارێکی تازە وەکوو بووك ئەگەشێتەوە؟
ئاو لە کوێرەکانیی وشکا سەرلەنوێ هەڵدەقوڵێتەوە
بە تەوژمی بای دارئاوس دارو درەخت ئەژێتەوە
چرۆ و گۆپکەی پۆپەی چڵی سەوز ئەبێ و ئەگەشێتەوە
گوڵی ناو باغ و مێرغوزار بە نەرمە با ئەشنێتەوە
بلبل ئاوازی دڵداریی وەك جاران بۆ ئەڵێتەوە
بەهار ئەڕوا، هاوین دایە پەڕەی گولاڵە ئەژاکێ و
وردە وردە پێ ئەنێتە وەرزی دواڕۆژی تەمەنی
مل کەچ ئەکا بۆ مۆتەکەی مەرگ و گیانەڵا و مردنی

زەرد ئەبێ و وشك هەڵئەگەڕێ بە بای خەزان هەڵئەوەرێ
گەردەلوول ڕاپێچی ئەکا بۆ ناو خاك و خۆڵی ژێرپێ

ژینەکەی ژین
www.zheen.org

لەژێر لەقەی ئەمو ئەوا ... تەخت ئەبێو پێشێل ئەكرێ

ژیان سەیرە، لێی تێناگەم ... لەبەرچی وا بێ ئەنجام بێ؟
پرسیارێكە، بۆچی وابێ؟ ... تۆ بڵێی ڕۆژێك لە ڕۆژان
هەروەكوو گرێكوێرەی زۆر شت ... بكرێتەوە و ئاشكرا بێ؟

## لە (بار)ێكدا

ئای پیرێژنی سەرلەرزۆك ... ئاخۆ لە تافی لاویتا
چەند بەزمو ڕەمزت گێڕاوە ... ئاخۆ لە هەرزەكاریتا
بە دوو زەردەخەنەی لێوو ... نیوە چاوداگرتنێكت
چەند گەنجی ساویلكە و نەزان ... هەڵنووتوەو خلیسكاوە؟
چەند لاوی قۆزو شۆخ‌وشەنگ ... بە دوو قسەی لووس‌و باریك
دوات كەوتوەو خەڵەتاوە؟ ... بە دوو بەڵێن و پەیمانت
چەند لاوی دەزگیراندارو ... دڵخواز لەخشتە براوە؟

چەند شەرابی تفتی شووشە و ... پێكی باڕو ناو مەیخانەت
لەگەڵ مەزەی ماچی لێودا ... بە شووشە و پەرداخ نۆشیوە
دووكەڵی مژی جگەرەی ... نەكوژاوەی یەك لەدوای یەكت
لەگەڵ چەند پاینت بیرەو ستاوتی ... تفت و تاڵا هەڵمژیوە؟

چەند شەو هەتاكوو بەیانی ... لەگەڵ ئاوازی مۆسیقای
ترامپێت و جازو جیتاری ... ناو كۆڕی هەڵپەڕكێ و دانسا
شۆخیت نواندووە لەكاتی ... دانسیی پڕجۆش و خرۆشا
یا لەگەڵ ئاوازی نەرم و ... دەس‌لەملانی تانگۆو ڤاڵسا؟

پرسیار دێت بەدوای پرسیارا ... تا بڵێی كۆتایی نایە
ژیان هەمووی تراجیدییە ... وەك شریتی سینەمایە
دوای ئەم هەموو ڕابواردن و ... بەزم و ئاهەنگ و سەمایە
ئەم هەموو پیری و كەنەفتی و ... دەست‌و پێ لەرزەی لەدوایە!

بنكەی ژین
www.zheen.org

که له هۆنراوەی پێشوو بومەوە، ئەفسانەیەکی کوردەواریی زۆر کۆنم هاتەوە بیر که پێی ئەوترێ بەفرو هەڵەکۆك، که "پیرەمێرد"ی شاعیریش له هۆنراوەیەکیدا باسی کردووەو ئەڵێ:

بەم پیرییەوە کۆکە کۆکمە خوازبێنیی بەفرو هەڵەکۆکمە

ئەفسانەکە ئەڵێ: بەفر داوا له هەڵەکۆك (گیایەکی بنچکدارە له بەهاردا گەڵاکانی بەسەر زەویدا وەکوو پرچ پەخشان ئەبێت. جاران باوبوو به بێڵەکان دەرئەهێنرا وەکوو پیشۆك و بنه گۆزروان ئەخورا) ئەکا که شووی پێبکات، ئەو کاتی داخوازییە هێشتا هەڵەکوك ساوا ئەبێ و پرچی پەخشان نەکردووە بەسەر زەویدا، بەڵکوو وەکوو چووزەرەیەك سەری دەرهێناوە، هەڵەکۆك وەرامی بەفر ئەداتەوەو پێی ئەڵێ: هێشتا ساوام و کاتی شووکردنم نەهاتووە.

که هەڵەکوك پرچ ئەکاو بەسەر زەویدا پەخشان ئەبێت، ئینجا ئەو داوا له بەفر ئەکا که خوازبێنیی بکا هەتا شووی پێ بکات. بەڵام بەفر وا خەریکە ئەتوێتەوە. وەرامی هەڵەکوك ئەداتەوەو پێی ئەڵێ: هەڵەکۆکە پرچنە من چیم داوە له ژنە... چۆڕە چۆڕەم لەبنە.

## بۆ کۆچی دوایی (جگەرخوێن)

له ساڵی هەزارو نۆسەدو شەستا، بۆ یەکەم جار له ڕێگەی سلێمانی و بەغداد له چاخانەکەی (عوظـیم) لەگەڵ مامۆستا "گۆران"دا پێکەوە ئەچووین بۆ بەغداد، یەکەم جار جگەر خوێنی شاعیرم ناسی، ئیتر بەداخەوە هەر ئەو جارە بوو. لەم دواییەدا له سوید له ساڵی ١٩٨٥دا کۆچی دوایی کرد. منیش ئەم چەند دێڕەم وەکوو پرسەیەك نارد بۆ خێزانەکەی:

هەتا مابووی دڵو جەرگت هەمیشە هەر پڕ له خوێن بوو
شیعرەکانت بۆ خەباتی گەلی کوردستان هەوێن بوو
وشەی ئازادی و سەربەستی و ئاشتی ویردی سەر دەمت بوو
مەشخەڵی بیروباوەڕی تێکۆشانێکی خاوێن بوو

هەرچەند جگەر پڕ له خوێن بووی، دوور بووی له خاکی کوردستان
هەمیشە دڵ پڕ له ژان بووی لەتاو نالەباریی ژیان
بەڵام بنوو، ئاسوودە بە، هاکا ئاڵای ڕزگاریمان
شەکایەوە لەسەر لوتکەی چیاو پێدەشتی کوردستان

## ورِینەو یادێکی کۆن

سوێندم خواردبوو هەتاکوو ماوم
نەکەومە داوای خەیاڵی خاوم
ئیتر قەت جڵەو شل نەکەم بۆ دڵ
بمخاتە گێژی دەریای نازی گوڵ
بەرگەی نازی گوڵ گرتن گرانە
پڕ لە ناسۆرو پڕ ئێش و ژانە
بەسیەتی تاکەی تەوقی ملم بێ،
مایەی کەڵکەڵە و گەردو خولم بێ
سوێندم خواردبوو گەر لە ڕێگەوبان
بە یەك گەیشتین ڕۆژێك لە ڕۆژان
هەروەکوو کوێرێك چۆ نابینا بێ
دەست بە گۆچانی سەرە ڕێگا بێ
وێنەی ئەو کوێرە خۆمت لێ گێل کەم
خولیاو ئارەزووی دڵم پێشێل کەم
سەد لەنجە و لارو بزەی سەرلێوت
تیلایی چاوی دڵدار ئەنگێوت
بناغەی هەستم ڕانەچڵەکێنن
بەرگەیان بگرم، دڵ نەبەزێنن
کەچی نەمزانی وا بێبەڵێنم
بێدەسەلاّت و پەیمانشکێنم
هەر لە دوورەوە کاتێ دەرکەوتی
بە ئاسۆی کەلی دڵما سەرکەوتی
ئیتر بێپەروا دەستو دڵ شل بوو
تیغی بەڵێن و پەیمانم کول بوو
خۆم پێ نەگیرا وەك جاری جاران
فرمێسك لە دیدەم ئەتکا وەك باران
سوێندی شەو بە ڕۆژ بایەخی نەما
چمکێ داوێنتم سوو بە دیدەما

بنکەی ژین
www.zheen.org

## شەڕی چینایەتی

لە هەر شوێنێکی جیهانا
چەوسێنەرو چەوساو هەبێ
بەرهەمی بازووی کرێکار
بۆ ژینێکی مەمرەو مەژی
هەمووی ئەدزرێ و ئەفرۆشرێ
بە چینی زەرووی خوێنمژی
دەریالووشی سەرمایەدار
لە هەر شوێنێکی جیهانا
ئیمپریالیزم دەستی بڕوا،

کۆمەڵێك یاسای ناڕەوا
دائەتاشرێ و وەکوو چەکوش
ئەدرێتە دەس پیاوی زۆردار
بۆ هاڕینی کەللەسەری
چینی ڕەش‌وڕووت‌و هەژار
لە هەر شوێنێکی جیهانا
دەرەبەگ دەسەڵاتی بێ
داس و تەوراس بە هەسانی
یاسای تاوانبار تیژ ئەکرێ و
گیر ئەبێ لە ملی پاڵەو
وەرزێر و سەپان و جووتیار
لە هەرلایەك ڕەگەزپەرست
کۆنەپەرست، دەستەی فاشیست
توانایان بێ و دەستیان بڕوا
وڵات هەمووی تەلبەند ئەکرێ،
بۆ زیندان و بەندیخانەی
ڕۆشنبیرو ئازادیخوای
دژی فاشیستی دەغەزار
پێنووس لە نووسەر ئەسێنرێ و
ئەدرێتە دەس نەخوێندەوار
زاناو خاوەن بیروبڕوا
هەمووی ڕاو ئەنرێ شارەوشار
بەڵام خەیاڵیان زۆر خاوە
لە هەر کۆمەڵگا و مەڵبەندێك
چەوسێنەرو چەوساو هەبێ
تێکۆشانی بێ‌وچانی
ڕەش‌وڕووت کۆتایی نایەو

ڕۆشنبیر سڵ ناکاتەوە
لە زیندان و کەلەپچەو دار
تا کۆتایی سەرە مەرگی
چینی چاوچنۆك و خوێنخوار

## شەهید

زۆری وەك حسێن شەهید بووەو کوژراوە لەژێر ئازارا
زۆر کەسی تر وەکوو مەسیح بزمارڕێژ کراوە بە دارا

هەزارانی وەکوو مووسا هێزی فیرعەون ڕاوی ناوە
لە گوێ ڕووبارو دەریادا یا کوژراوە یا خنکاوە

کەچی نوێژ هەر بۆ مووسایە و بۆ مەسیحی کوڕی خوایە
قوڕپێوان و شین و شەپۆر بۆ شەهیدی کەربەلایە

ئای کە مێژوو لە عاستی حەق کەڕو کوێرو بێزمانە
بەرامبەر بە ڕووداوی ڕاست هەتا بڵێی بێویژدانە

www.zheen.org

## چوارخشتەکی

قسەی قەبەو زلی بێباج لە شوێنی تەخت و نەرمانا
هەزاری پوولێك ناهێنێت لە تەنگانەو لێقەومانا
هاش وهووشێك کە عارەقی ڕەش و شینی تیا نەڕێژرێ
وەکوو ئاوکوتاندن وایە لەناو دۆڵ و دەسکەوانا

خۆهەڵکێشانی خۆڕایی کردەوەی لەگەڵا نەبێ
هەرزەگۆیی و خۆڕاییی‌یە، پەشمە لەلای پیاوی دانا
کەش وفشێکی حاتەمی ورگی برسییەك تێر نەکا
وەکوو زڕەی پارەی قەڵبە لەناو باخەڵ و گیرفانا

زمانی لووسی مفتەخۆرو مڵوموشی پیاوی چڵێس
وەکوو مڵچەی پشیلە وایە لە لێستنەوەی سینی و خوانا
مفتەخۆری تاسەر نابێ، ڕۆژێك دێ وەکوو مام ڕێوی
تەڵە کلکی بقرتێنێت لە ڕاوکردن و بازدانا

خوێندەواری بیری پاك و عەقڵ و ژیریی لەگەڵ نەبێ
سەربەسەر تەڕە پیاز ناکا لەناو بابۆڵەیەك نانا
چ سوودی هەیە سەد کتێب لە توورەکە و هەمانەو
ئاخنراوو شاراوە بێ لە کۆڵ و باری کاروانا

نووکی پێنووسێك کە کوێرو کەڕو لاڵ بێ و ورتەی نەیە
لە عاستی هەڵە و چەوتیبیا، لە ڕێڕەوی تێکۆشانا
وەکوو نەقیزەی شکاوی کاروانچی و قەتارچی وایە
گۆڕە بیخەیتە ژێر پێوەو پێشێلی کەی لە ڕێوبانا

پیاوی درۆزن و ساختەچی هەتا سەر بۆی ناچێتە سەر
زوو دەستی ئەکەوێتە ڕوو لە دانیشتن و هەڵسانا
پەت و دەزووی درۆو دەلەسەی بۆ تان و پۆو ڕایەڵ ناشێ
قرچۆکەو زۆر زوو ئەپچڕێت بەرگە ناگرێ لە گرێدانا

## سەر مێزەکەم

سەر مێزەکەم وەك چێشتخانەو
ژووری نوستنی زگورتی
ناڕێك و پرش و بڵاوە
کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارو
بەیانی زۆری زەردو سوور
بەسەریەکدا تێك ترشاوە
لایەك مسوەدەی تێکەڵە و

مەرەکەبی پیا ڕژاوە
لەلایەك کاغەزی شڕو
کلینێکس و قوتووی دەرزییە،
هەمووی بە کەتیرەی ڕژاو
پێکالکاو و نووساوە
شپرزەیی وام لیٚ ئەکا
بەدوای شتێکدا ئەگەڕێم
بە نیو سەعات نایدۆزمەوە،
مێشکم نایەتەوە سەر خۆی
ئەڵێی گۆمی شڵەقاوە
بیرەوەری و یاداشتی کۆن
هەمووی تێکەڵ و پێکەڵە و
بە هەوێنی بیری پیری
هەرچەند ئەکەم بۆن نامەیێ
ئەڵێی شیری بزڕکاوە
ئاخی گرانم بۆ بیری
دەوری هەرزەکاری و لاوی
مێشکی ئەمڕۆی ئاڵۆزکاوم
وەکوو گرامەفۆنێکی کۆن
قەوانی لاکەل‌و سوواوە
نووکی دەرزیی خوارو گێڕەو
زەنبەلەك و جەڕو برغووی
هەمووی لەیەك ترازاوە
یاسای هەنگامی پیرییە
ئەبیٚ هەموو کەس بیبینێت
کەس ناتوانیٚ خۆی لیٚ لادا
دەربازبوون خەیاڵی خاوە

## بۆ کۆچی دوایی هێمن

بەبۆنەی تێپەڕبوونی چلەی "هێمن" لە ١٩٨٦/٦/٢٧دا ئەم هۆنراوەیەم لەو کۆڕەی کە بۆ ئەو مەبەستە ساز کرابوو، پێشکەش کرد:

لەناو چوار دیواری ماڵی
خێزانێکی پشتاوپشتی
مەلازادەی (شیلاناوێ)،
کە گوندێکی موکریانە
لە دوورەوە چاوم لێیە
پرسە و ڕەشپۆشیو کۆتەڵە
شین و شەپۆرو گریانە
لەجیاتی ئەسپ و شەقەبەند
کۆتەڵی دەفتەری شیعری
شاعیرێکی دڵشکاوی
خەفەتبار و سەرگەردانە
گوێم لێیانە، پەڕە پەڕە
دەفتەری هۆنراوەی کۆن و
تازەی ئاشکراو نەهێنی
دەخوێننەوە، سەرتاسەری
باسی پەژارەو کەساسیی
گەلی کوردی ماڵوێرانە
دێڕەکانی پڕ لە قینی
پیرۆزی چینی چەوساوەی
بێبەش لە مافی ئینسانە
هەوێنی هۆنراوەکانی
تەوژمی هەستی خاوێنی

کوردایەتیی گەرموگوڕی
مەهابادی قارەمانە
مەرەکەبی دێڕەکانی
خوێنی پێشمەرگەی شەهیدی
بانە و سەقز و بۆکانە
زنجیرەی هۆنراوەکانی
باسی تاوان و دەسدرێژیی
شاری (سنە)ی یادگاری
خاکی بابا ئەردەڵانە
کشتەکی شیرازەی پەڕەی
دەفتەری هۆنراوەکانی
ئەگریجە و پرچی کیژۆڵەی
شەهیدی ناوچەی سەردەشت و
دیواندەرەو مەریوانە

هێمنی عاشقی کوردستان
هێمنی دۆستی چەوساوەو
ڕەش و ڕووتی وڵاتەکەی
شاعیرێك بوو وەکوو زۆر کەس
عاشقی چاوی کەژاڵ و
لێوو گەردن و خاڵ نەبوو
عاشقی کێوو تەلان و
بەندەن و سەر لوتکەو پاڵ بوو،
شیعری ڕواڵەتی نەبوو
وەك هەندێ کەسی زوڕناژەن
هۆنراوەی بۆ پڕکردنی
ناو گیرفان و جەواڵ نەبوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

شیعری بۆ ڕەش‌وڕووت ئەوت
دەربەستی زنجیر و دار و
ڕەش‌وڕووتی و دەربەدەری و
دووریی ماڵ و منداڵ نەبوو
شاعیرێك بوو شیعرەکانی
ڕووبەڕووی داگیرکەرانی
کوردستانی داگیرکراوا
نووکی نەشتەر بوو، خەنجەر بوو
زنجیرەی یەك لەدوای یەکی
نووسین و هۆنراوەکانی
بیرەوەری و کوێرەوەریی
ڕەش‌وڕووتی جەماوەر بوو
دوا هۆنراوەی سەرەمەرگی
پڕ لە بۆچەك و بۆکڕووزی
کوردستانی پارچە پارچە و
پێشێلی دەستەی فاشیستی و
تاوانی مێژەربەسەر بوو
گڕەی هەناسەی دەروونی
گەلی کوردی مافخوراوی
بێ ئالاو دروشم و سنوور،
بێ‌دەوڵەت و بێ‌ڕەهبەر بوو

مێژووی هێمن وەکوو مێژووی
زۆربەی شاعیرانی وڵات
پڕ لە گرێ‌کوێرە و ئاڵۆزی و
دڕك و داڵی سەر ڕێگایە
دوورودرێژە باسی هێمن

www.zheen.org

به منی کۆڵی سوار باسی
هەموی ناکرێ بە ئاسانی
وەك چیرۆك و داستان وایە
هۆنراوە ئاگراویەکانی
ڕووبەڕووی دەزگای فاشیست و
کۆنەپەرست و ئیستیعمار،
هەورە گرمەو تریشقەیە،
گەردەلوولە و ڕەشەبایە
بۆیە لەلای کاسەلێس و
کۆنەپەرست و فاشیستی
هەموو شیعرەکانی کفرە و
وەکوو خەرمانی گەنم و جۆ
پێشێلی ئێسترو گایە
هێمن کە چاوی کردەوەو
چاوی گێڕا بە چواردەوریا
سەیری کرد داو بەرەڵایە
وڵات پێشێلی پۆستاڵی
سەربازی ڕاوڕووتکەرو
ژاندرمەی ڕەزا شایە
میللەت برسی و ڕەشوڕووتە
پیاوی شاو دەزگاو دووکانی
دزو جەردەی سەر ڕێگایە
جووتیار و پاڵەی ڕەشوڕووت
کۆیلەی بەگزادە و ئاغایە
وڕو گێژی چەسپی بەنگی
شێخ و دەروێش و مەلایە

مێشکی ژەنگگرتووی ئەفسانە و
پڕوپوچی دەوری کۆن و
چاوبەستی نوشتەو دوعایە
ئەمانە هەمووی زاخاوی
ساڵەها بوو وەك تیراوێ،
وەکوو دەردێکی کوشندە
لە دڵ و جەرگی کاری بوو
ئەیزانی دواکەوتنی کورد
لەبەر ترسنۆکی نەبوو،
لە ئەنجامی زڵم و زۆری
دەرەبەگی تاوانبار و
کۆنەپەرستی ساڵەها و
نەبوونی خوێندەواری بوو
لەبەر خۆخۆیی و سەرچڵی و
کەللەڕەقیی خێڵایەتی و
شەڕی براکوژیی پڕ شەرم و
شوورەیی و شەرمەزاری بوو
بۆیە هەمیشە هاواری
بۆ زانستی و چاوکردنەوەو
ڕووخانی قەڵای زۆردار و
ڕێککەوتن و هاوکاری بوو

کە پێگەیشت و بوو بە لاو
بوو بە شاعیری ناو لاوان
نوخشەی شیعری لە بەهاری
تێکۆشانی گەلی کوردا
بوو بە چەپکەگوڵی بۆنخۆش،

بوو بە ئیکلیلی ڕازاوە
بۆ کێلی گۆڕی شەهیدان
بوو بە سروودی سەردەمی
ڕۆشنبیری و چەك هەڵگری
ناو سەنگەر و ڕێی تێکۆشان
کە یەکەم ئاڵای کۆماری
کورد هەڵکرا لە مەهاباد
هێمن لە هێمنی دەرچوو
بوو بە ئاگر، بوو بە پشکۆ
لە ئاگردانی خەباتا
بوو بە یەك پارچە ژیلەمۆ
ئەچزا بە ڕووی ئەوانەی
لایان دابوو لە ڕاستە ڕێی
خەباتی نەتەوەی کوردو
لە پارێزگاریی نیشتمان
کە ساتێك مەهاباد ڕووخا
چوارچرا بوو بە جێی پەتو
سێدارەی ملی شەهیدان
هێمن گریا، فرمێسکی ڕشت
لە داخا سەری خۆی هەڵگرت
بوو بە ئاوارەی وڵاتان
هێمنی تێروتەسەل و
پەروەردەی نازو نیعمەتی
کۆشو باوەشی دایكو باوك
هێمنی فێرو ڕاهاتووی
مەزەو بادەی خەستوخۆڵی

کوڕی مەیخانەی (ئەرمەناك)
لە داخا سەری خۆی هەڵگرت
هەر ڕۆژەی لە شارو دێیەك
موحتاج بوو بە پاروویەك نان
بە داخەوە دوا ترووسکەی
هیواو ئاواتی چەند ساڵەی
لەژێر سایەی دامودەزگای
"ڕاسپوتین"دا کوژایەوە
ئەو دڵە پڕ لە ئاواتە و
ئەو مێشکە پڕ لە بڕوایەی
وەك نەمامێکی بێئاوی
سیسی لە تینوا خنکاوی
ناو باغێکی هەڵکرووزاو
وشك بوو، سەری نایەوە
وەکوو هەموو شاعیرێکی
ناو میللەتانی مافخوراو
لە سووچی گۆڕستانێکی
پڕ لە گۆڕی شەهیدانا
بە دوو پێلەقەو خاکەناز
گۆڕەکەیان کوتایەوە

هێمنی شاعیری کوردی
سەرلێشێواوی دڵشکاو
بە سێچوار دڵۆپ فرمێسك و
بە دووسێ دێڕو چەند شیعرێك
یادی چلەی کرایەوە
هێمن بنوو، چاوت لێك نێ

دڵنیا بە خەباتی کورد
بڕیاری هەموو میللەتە
بڕیاری چینی چەوساوەو
پێشمەرگە و تێکۆشەرانی
ملیۆنەهای گەلی کوردی
هەموو خاکی کوردستانی
داگیرکراوو لەت لەتە
دڵنیا بە میللەتی کورد
تا دەست نەکاتە گەردن و
ملی بووکی سەربەخۆیی
کۆڵ ناداو ساتێك ناسرەوێ
کەی کورد ترساوی دارکاری و
زیندان و قەنارە و پەتە؟

## شێرپەنجەی سەرمایەداری

www.zhagan.org
کۆکاین... هیرۆین...
حەشیشە... مەریوانە..
ئای لەو هەموو دەرود بەڵاو
ئای لەو هەموو میکرۆبانە
هەمووی دەردی کوشندەیە
بە هیچ جۆرێك بەربەست نابێ
بێهوودەیە ئامۆژگاری و
گرتنی ناو بەندیخانە
با بیخۆن، هەمووی بەرهەمی
ڕەوشتی سەرمایەداری و
کێم و لینجاوی ناو دڵو

ژەنگی ناو مێشکی ژەنگگرتووی
چینی چاوچنۆکی دژی
هەموو نرخێکی ئینسانە
ساڵەهایە ئیمپریالیزم،
بەچکە زۆڵی سەرمایەدار،
دەزگای ئاشکراو نەهێنیی
خەریکی نەخشە و پیلانە
بناغەی کۆشك و تەلاری
هەمووی لەسەر لاشەو ئێسکی
ڕەش‌وڕووتی بەشخوراو
چەوسێنراوی میللەتانە
بە دەردیان بێ، زووخاوی کەن
هەمووی ڕەشاوی دووکەڵی
گڕەو بۆچەك‌و بۆكڕووزی
خوێن و ئێسقان و دەماری
لەشی ملیۆنەها خەڵکی
مافخوراوی بەسەزمانی
هەمووی یەقدانەوەی خوێنی
میلونەها دەروبەدەر و
سەرگەردان و ماڵوێرانە
بە دەردیان بێ، زڵفنجی کەن
هەمووی پارەی گوللەو بومباو
کارخانەی غازی خنکێنی
هەزاران کۆمپانیا و بانکی
دەریالووشی تێرنەخۆری
سەرمایەداریی جیهانە
ئاڵۆزکاوە باری ژینی

ولاتی سەرمایەداری
زنجیرەی باری ئابووری و
ڕەوشتی کۆمەڵگاکانی
لێك پچڕاوو پەرێشانە
سروشتی دوا قۆناغێتی
پەرداخی مەرگی پڕ بووە
سەرئەکا، لێوان لێوانە
خاك بەسەریان لەکوێیانە
یاسای گۆڕینی ژیانە
سەرمایەداریش دەورێکە
هەروەکوو دەوری دەرەبەگ
لنگەفرتێی سەرەمەرگ و
پەلەقاژەی دواڕۆژێتی،
گوێسەوانەی داڕووخاوە و
هەموو دیوار و کۆڵەکەی
خەریکی هەرەسهێنانە

www.zheen.org

## یادی شێخ مەحمودی قارەمان

بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٣٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شێخ مەحموودی مەزندا، لە ١٩٨٦/١٠/١١دا لە لەندەن کۆڕێك بەسترا، هەندێ گومڕا، کە خۆشیان نازانن مەبەستیان چییە، یەکێك ئەیوت، شێخ مەحموود دەرەبەگ بووەو یەکێك ئەیوت پیاوکوژ بووە و یەکێك ئەیوت ئەوە ناهێنێت کۆڕی بۆ ببەسرێت! منیش بۆ وەڵامی ئەو ڕێژگاوو گێرەشێوێنانە ئەم هۆنراوەم پێشکەش کرد لەم زنجیرەی هۆنراوەمدا.

هۆ کاکەلێی بیبی مەتۆ
وشکە صۆفیی کاوێژکەری
خەڵوەتگای تەکیە و خانەقا
بڕوات بێ کوردیش هەروەکوو

ڤێتنامی و کەمبۆدی جاران،
وەك پێست ڕەشەکانی ئێستای
نامیبیا و خوارووی ئەفریقا
ساڵەهایە بە ئاشکرا
ڕەتێنراوو چەوسێنراوە
لە مافی مرۆڤ بێبەشە
لەناو کۆمەڵگای گەلانا
بەشخوراو و چارەڕەشە
ساڵەهایە لەپێناوی
ڕزگاربوونی ڕەش‌وڕووتی
گەلی کوردی چەوسێنراوا
خلێتانی ناو خوێنی گەشە
کاکی برا... پیاوی چاك بە
بە کاوێژی ئەو وشانەی
کە من ڕەنگە لە تۆ باشتر
بڕوام پێیەتی و ئەیزانم و
بۆتە ویردو دوعاو نوێژم
تێکەڵ بە خوێن و ئێسکمە و
بۆتە هەوێنی ئیمان و
بیروبڕوای شەوو ڕۆژم
ناوو ناتۆرەم لێ مەنێ
منیش هەروەکوو میللەتان
تینووم، تینووی سەربەخۆییم
تینووی ئازادی و ڕزگاریم
تامەزرۆی تامی سەربەستی و
ژیانێکی ئاسوودەیی و
نانێکی سەر ساجی خۆم و

شۆربایەکی بێمنەتی
ناو وڵاتی کوردەواریم
برینی کۆنمان مەکولێننەوە
سەردەمێکیش هەندێ گومڕا
بانگیان ئەدا بە گوێمانا
ئەیانوت: مەرجی سەرەکیی
(أمّة) لەناو کوردا نییە
کورد ئەبێ سێبەری خەڵك بێ
چونکە کورد کەمایەتییە
لەدوای هەزار کەین و بەین و
بێنەوبەرەی ساڵەهای ساڵ
باش بوو ڕەحمیان تلێسایەوە و
کورد بوو بە (امّة)و خاوەن ماف
لامەرکەزی... ئۆتۆنۆمی
ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە
بەرەو خوارتر، بەرەو ژوورتر
بەگوێرەی ڕەوتی ڕۆژانە و
بەزم و ئاوازی سەر تەناف
خوا لە ئێمەیان نەسێنێ،
ئەی خوا لە لوتفیان بەزیاد بێ
موریدو صۆفی و دەروێش و
هەموو وردە شاتریەکانیان
لەو فرمایشتە کۆنانە
گەردنیان خۆش و ئازاد بێ
بەڵام سەیرە... ئێجگار سەیرە
ئەوا لەدوای ساڵەهای ساڵ

تاقمێکی گێرەشێوێن
لەوانەی هێشتا لە قاسپەی
کەوی سەر چیای کوردستان
بێزارەو پیش ئەخواتەوە
زۆر گەمژانە قەوانێکی
دەوری کۆنی مێجەر سۆن و
پێرسی کۆکس و میستەر ئەدمۆنس
بە گرامەفۆنێکی خوازراو
بۆ خەڵکی لێ ئەداتەوە
ئەفەرموێ شێخ مەحموودی نەمر
چەتەو پیاوکوژو ڕێگر بوو
بۆیە هێزو دەسەڵات و
دام‌ودەزگایان داڕووخان
کەواتە بەو پێوانەیە
شا فەیصەل ئازادیخواز بوو،
خەباتی چینایەتیی کرد
بۆیە سەرکەوت و بوو بە شای
میسۆپۆتامیا و کوردستان
هەی تڕحێو لەو گەزو جاوەو
تڕحێو لەو کێش و پێوانە
کاکی برا، ڕەچەتەی وا
فەرمایشت و بۆچوونی وا
کاسێتی ئەو بەستانەیە،
کە دوژمن ساڵەهای ساڵە
خەباتی نەتەوەی کوردی
پێ سووک ئەکاو ئەیزڕێنێ
لەپێناوی سەرگرتنی

پرۆگرامی ئیمپریالیزما
ساڵەهایە بەتەمایە
گەلی کورد لە کوردستانا
لەناو بەرێ‌و بیفەوتێنێ

## دوو هەستی جیاواز

هاوین بە قرچەی نیوەڕۆ
لەبەر سوورە سووری هەتاو
کە بە ڕێڕەو بەلای گێرەی
خەرمانێکا تێ‌ئەپەڕی و
سەپانی ماندوو ئەتبینێ
بە ڕوویەکی زۆر خۆشەوە
دەست لە گای گێرە بەرئەداو
بەپیرتەوە دێ و ئەتدوێنێ
لە سێبەری بنچکێکدا
جامۆڵکەیەك ئاوی گۆزە،
یا کاسەیەك دۆت بۆ دێنێ
هەر کە ئەیبینێ بە دەمتەوە
هەست ئەکەی لە هەزار پێکی
شەمپێنی دەستی لووتبەرزێك
باشتر هیلاکیی ڕێ‌وبان‌و
تاسەی تینوێتیت ئەشکێنێ
کە بە ڕێڕەو تێ‌ئەپەڕێ
بەلای ڕەز و بێستانێکدا
هێشوویەك ترێ و زرکەکاڵی
بۆرەپیاوێکی بێ‌منەت
کە پێت ئەڵێ: ماندوو نەبی

دوو هەزار خۆراکی خۆشی
ناو دیوەخانی ڕازاوە و
بەخێرهاتنی ڕووکەشی
سەد پیاوی تڕزل ئەهێنێ
هەڵسەنگاندن و پێوانەی
دوو سروشتی لە یەك جیاواز
هەریەکەی سەنگ و ترازوو و
گەزی پێوانەی خۆی هەیە
ئەمیان لەکوێ و ئەویان لەکوێ،
هەریەکەی لەناو ئاوێنەی
بالآنمای هەستی خۆیا
خۆی دەرئەخاو خۆی ئەنوێنێ

**داشە هارە**

کاکەلێی دەوەنگ بە ئاش
ئەزانی وشەی قەبەو
زلی پف هەڵدراوت
نرخی چییە و چەند ئەکا
لە بازاڕی وڵاتا؟
ئەزانی زۆربەی زۆری
ئەو کاوێژانەی ئەیکەی
لاسایی ئەمو ئەوەو
هەروەکوو بڵقی سەر ئاو
بەرگەی فوویەك ناگرێ

**لە ڕێڕەوی خەباتا**

بەسیە مێشکی سەرمان چوو
ئەڵێی قەوچەی بنێشتە،

بنکەی ژین
www.zheen.org

خەڵکی لە جرت‌وفرت
دەمهەراشیت بێزارە
هەروەکوو کۆلکە مەلا و
وشکە صۆفیی خەڵوەتکێش،
بە دوو دێڕی کاوێژکراو
خۆت بە زانا ئەزانی و
خەڵکت لەلا گەمژەیە و
کەر و نەخوێندەوارە
برام ڕەنگە نەیزانی
با، بە کورتی پێت بڵێم
نە کوردەی دوو جەژنە بووی
نە لەملا جێت بۆتەوەو
نە لەولا داشت سوارە
ئیتر بۆ بە خۆڕایی
وا بووی بە داشە هارە؟!

www.zheen.org

## بۆ وەچەی نوێ

لە سەگ ڕزگارمان نابێ، گورگی بۆز شاڵاو دێنێ
ژەهری کوشندە دڵی بە سەرمان ئەڕژێنێ
ئەو دوژمنەی کە خوێنی هەزار بێتاوانی ڕشت
دەسبەرداری کورد نابێ و لێی ناگەڕێ پشتاوپشت
کورد مارەیی دایکێتی و میراتی باوانێتی
(یانکی)ی ئاغای هاندەرو پاڵپشتی تاوانێتی
کورد بێکەس و بێدەرە، بێپاڵپشت، بێڕەهبەرە
کوردستانی داگیرکراو پارچە پارچەی خەنجەرە
بەداخەوە گوێ‌و زمانی هەندێ کەس کەڕو لاڵە

نقەی لێ نایە بۆ کورد، ئەڵێی زەرفی بەتاڵە
قورقوڕاگەی کێ بگرین؟ خەتای گێلێتیی شوانە
یا گەمژەیی و کورتبینی و دواکەوتوویی خۆمانە
هەر ئەیلێم و هەر ئەیلێم، گەرچی ئەم بانگەوازە
لای هەندێك هەرزەگۆیی و ئاوازێکی ناسازە
وەچەی (یاخی) یەك بگرن، تێکڕا بانگ کەن: بێزارین
بێزاری نەخشەی کۆن و بۆچوونی هەڵە و خوارین
تا ڕێگەی سەربەخۆیی نەگرین وەکوو میللەتان
پشت بە یەکتر نەبەستین بۆ بەربەستیی دوژمنان
چۆن شاد ئەبین بە ئالای سەربەستی و ئازادیمان
چۆن دەست ئەکەینە ملی بووکی سەربەخۆییمان؟

## هاتیتەوە سەربای بەرە

زۆر دەمێك بوو بۆم دانابووی
هەر ڕۆژێك دێ با بەیتەوە
وا هاتیەوە سەر بای بەرە؟
ئای مەرحەبا کلك ئارداوی
سەڵلانە سەڵلانە ئەڕۆی
وا دیارە وەك من بۆی چووبووم
کشیان لێ کردی و فشت کرد
بۆیە لە کاروان جێماوی

لەبیرت دێ فیزو پۆز و
لووتبەرزی و لەخۆگۆڕانت
ئای چیت پێکردین بە گرمە و
بە هەوهەوی غارغارێن و
ڕمبازیی کۆڕی مەیدانت

www.zheen.org

کوا چیی لێ هات هاش‌وهووش‌و
هەڵمەتە کاسەی بێتام‌و
پەلاماری بێوچانت؟
نەتئەزانی هەروا نابێ
دنیا ئەسپێکی سەرکێشە،
جارجارە پشت لەسەر زینەو
هەندێ جار زین لەسەر پشتە
پیاوی دانا ئەو کەسەیە
تا ماوە خۆی لێ ناگۆڕرێ و
تاسەر لەسەر یەك ڕەوشتە

نە لووتبەرزی کەڵکی گرتی
نە باییبوون بە کەڵکت هات
هاتیتەوە سەر بای بەڕە
ئەم بارەیان باری خۆتە
لەسەر ئاوازی خۆماڵی
شەرم مەکەو تێر هەڵپەڕە

## بۆ خوای جوانی

فیدای ئەو هونەرمەندە بم، بە دڵ و گیان و لەسەرخۆ
وێنەی تۆی وا نەخشاندووە
هەرچی تواناو دەسەڵات و بەهرەی هونەریی خۆیەتی
هەمووی لە تۆدا نواندووە
هەموو جوان و شۆخ‌وشەنگی دنیا خۆیان بەراورد کەن
لەگەڵ جوانی و نازداریتا
وەك ئەستێرەی بەرامبەر ڕۆژ، هەموو بەجارێ ون ئەبن
لەناو چوارچێوەی جوانیتا

حەپەساو و سەرسوڕماوم، نازانم چۆن دەست پێبکەم
چی بکەم بە سەرمەشقی دێڕم
نازانم چۆنت باس بکەم، بە کام بەشی لەشی ڕێك و
شل و ملتا چاو بگێڕم
باسی شۆخ و شەنگیی بەژن و لەنجەولاری ڕێ و بانت کەم
ئەڵێی فریشتەی ئاسمانە
یا باسی سنگ و گەردنی بەرزی مەرمەڕیت کەم ئەڵێی
ئاسکی پێدەشتی گەرمیانە
لێوت باس کەم ئەڵێی جووتێك یاقووتی ئاڵی سەرلێوی
فریشتەی رووی سەر زەمینە
یا باسی چاوی جوانت کەم، ئەڵێی فریشتەی ئاسمانی
پرشنگداری گەش و شینە
پێنووسم لە داڕشتنی هۆنراوەیەك کە شایانی
جوانیی تۆ بێ، کۆڵەوارە
لە وزەو توانایدا نییە، بەرگەی ئەرکی وا ناگرێ
گەردنکەچ و شەرمەزارە
بە وڕێنەی دووسێ دێڕی شیعری ئاڵۆزو ناڕێکم
چۆن بێمە دیوەخانتەوە
وەك پیرێژنی "یووسف"[١]کڕ، بە گلۆڵەی بەنی قرچۆك
چۆن بێمە ناو مەیدانتەوە

## مام خەڕەك

ئۆخەی مام خەڕەك نوستووە دیارە مڕی پارووی چەورە

---

[١] نیشانەیە بۆ ئەو چیرۆکەی گوایا کە ساتێك "یووسف" ئەبەنە ناو مەیدانی مەزاتخانەوە کە بیفرۆشن، جوانیی یووسف ئەو سەردەمە زۆر بەناوبانگ بووە، زۆر کەس بە پارەو زێڕ، ئامادە ئەبن کە بیکڕن، پیرێژنێك کە هیچی شك نەبردووە، لە گلۆڵەیەك بەن زیاتر، بەو گلۆڵە بەنەوە ئەچێتە مەیدان بۆ کڕینی یووسف.

www.zheen.org

پرخەی ڕۆژە ڕێیەك ئەڕوا ئەگرمێنێ، ئەڵێی هەورە
ئاخۆ لە خەویا مێشکی کێ ئەخولێنێتەوە وەکوو ئاش
کێی هێناوەتە گیروگاز بێزاری ئەکا وەك بەرداش

ئای خوایە چیمان پێ ئەکاو چۆن هەمیشە مێشکی بردووین
چۆن هەروەکوو قیرو بنێشت یەخەو بەرۆکی تونگ گرتووین

نایبڕێتەوە... ماندوو نابێ کۆڵ نادا، بلوێربەزێنە
درێژدادڕو هەڵەوەڕە زمانی پیسو پڕ لە جوێنە

وشەی بێتام، وەکوو برێشکەی سەر ساج قرچەی بە ڕیزە
بە هەموو کاروبارێکدا خۆی ئەکا بە ئەسکوێی دیزە

لێی گەڕێن با بنوێ بۆ خۆی با تۆزێك کشو بێدەنگ بین
دوور لە چەقەو قسەی زلی پڕ لە گێچەڵ و گۆبەنگ بین

## مێژووی کۆن

زۆربەی کتێبی کۆنی مێژوو
جێی متمانە و بڕوا نییە
زۆریان بە پێنووسی دەستی
پیاوی هەلپەرست نووسراوە
بەپێی ئارەزووی دەسڕۆییو
هەریەکەی لەکاتی خۆیدا
بە ڕایەڵی درۆو دەلەسەو
بە ڕووکەش و بە تان‌وپۆی
پیاوی هەزار ڕوو چنراوە
پەڕە پەڕە، دێڕ بە دێڕ
باسی ئازایی و زاڵبوونی
کاردنیاڵ و کۆنت و میرو
پاشا و خەلیفەی زۆردارو

تالآنی و ویرانکردنی
ولآتانی داگیرکراوه
کەچی، سەربازی قورپبەسەر
کە بە زۆرەملێ و بێگاری
وەك مۆڵەمەڕ بەکێش کراوه
لە پەراوێزی لاپەڕەی
هیچ باسێکی مێژووییدا
بە سووسەش ناوی نەبراوه
هەرچی کۆشك و تەلارخانە و
باڵەخانەی ناو دنیایە،
هەمووی بەهێزی ڕەش‌وڕووت
بناغەیان هەڵکەنراوه
هەرچی کێڵگە و باخی جوانە،
بە عارەقی ناوچەوان و
بە ئەرکی بێگاریی جووتیار
دارو درەختی نێژراوه
کەچی ئەو هەموو تەلارو
ئەو باڵەخانە و کۆشکانە
هەریەکەیان بۆ ڕواڵەت
بە ناوی شازادەیەك و
خانمێکەوە ناو نراوه
پێنووسی فرۆشراو
تف لە ویژدانی ئەو کەسەی
لە بازاڕی سیاسەت و
تۆمارکردنی مێژوودا
بێشەرمانە ئامادەبێ
خۆیو پێنووس و زمانی

بخاته ناو مەزاتەوە
بۆ ناو، بۆ پارە، بۆ کورسی
ئامادە بێو خۆی بفرۆشێ
بە هەر خوێنرێژو زۆرداریێك
کە خوێنی هەزار بێتاوان
وەك ئاوو دۆ بخواتەوە
نووکی پێنووسی خاوێن و
وشەی بێگەرد و ڕاستو پاك
مەدالیای سەرشان و سنگی
نووسەری مەردو ئازایە
مەدالیای وا هەر ئەمێنێت
لەناو دڵدا یادگارەو
مردنیش لەناوی نابا
ئەمێنێ هەتا دنیایە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## شەڕی فیتی پیرە شەیتان

کەی بێ ئەم ئاگرە پیا کرێ ڕۆژێك لە ڕۆژان؟
کەی خەڵك ئەگەڕێتەوە بۆ باوەشی نیشتمان؟
هەتاکوو کەی سەگو گورگ ئەو ناوچەیە وێران کەن؟
بە سەد هەزاران خێزان ئاوارە و سەرگەردان کەن؟
ئاخۆ کەی ئاهوڕەمزەد خوای ئەهریمەن ڕامالێ
تەخت و بەختی تێك شکێنێ و هەڵیدێری بۆ چالێ؟
ئای کوڕی ئازا کوژرا، ئای ماڵو دێ وێران بوو!
ئای هەزاران بێتاوان بەخۆڕایی لەناو چوو!

نابڕێتەوە ئەم بەزمە، ئاگرخۆشکەری زۆرە
هەرلایە بەشە نەوتی خۆی پیا ئەکا بە نۆرە
نەخشەی ئیمپریالیزمە و دەمێکە ساز کراوە
زۆر لەمێژە نۆکەری پیاوکوژی بۆ گیراوە
فیتی پیرە شەیتانی دڕندەی چاوبرسییە
هەتا ملی نەشکێنرێ تێرخواردنی بۆ نییە

## مامۆستا

لەم وڵاتی بێگانەدا
قەت پاکانە بۆ خۆم ناکەم
سوور ئەزانم کە پێنووسم
دوور لە کۆڕی ڕاستەقینەی
تێکۆشانی جەماوەرە
هەتا بڵێی شەرمەزاری
دەستو مەچەکی تەزیوو
پەنجە و پەلەپیتکەی ماندووی
تێکۆشەری ناو سەنگەرە
لەشی ناو پێخەفی گەرمم
لەسەر سەرینی نەرمو نۆڵ
ملکەچی لەشی پێشمەرگەی
کفتو ماندوو و هەڵلەرزیوی
پەنا بەردو دەشتو دەرە
مەزەو پێکی خەستوخۆڵم
لەسەر مێزی چوارگۆشەیی
بە چەرچەفی جوان داپۆشراو،
چاو بەرەوژێرو تەریقی

www.zheen.org

وشکەنانی هەگبەی پشتی
شۆڕشگێڕی کۆڵنەدەرە
وشەی قەبەو زلی دێڕم
لەم ولاتی بێگانەدا
کە جادەی تەختو نەرمانە،
شەرمەزارو گەردنکەچی
ڕۆشنبیری هاوولاتیی ناو زیندان و دەسبەسەرە
زۆری وەك من لە دوورەوە
بەخۆڕایی خۆی گیڤ ئەکاو
لە پاڵەوە بە دووسێ دێڕ،
لەلای وایە تەنها هەر خۆی
مامۆستایە و تێکۆشەرە
من ئەڵێم زۆر کەسی تری
وەك من ڕوویان نایە بیڵێن
کوڕینە زۆر شەرمەزاری
خوێناوی ئەو شەهیدانەم
بازدم بەسەریانا داوەو
تارمایی‌یان لەبەر چاومەو
ڕووبەڕووم دەس بەخەنجەرە

## سەرمایەداری

سروشتێکی یاسایی‌یە
سەرمایە، خواو پێغەمبەر و
بتی خۆشەویستی چینی
سەرمایەداری دنیایە
شتێکی زۆر ئاشکرایە

لەو شوێنانەی دەستی ئەڕوا
بەهێزە و فرمانڕەوایە
هەرچی کێش و پێوانەیە و
هەڵسەنگاندنی یاسایە
هەرچی پارلەمان و سوپا و
پۆلیس و دامودەزگایە
هەمووی بۆ سوودی (جەنابی)
خاوەنی کیسەی دۆلارو
پاوەن و مارك و فڕانك و
ئەڵماس و زیوو تەلایە
بۆیە بەخۆڕایی نەبوە
مامۆستای گەورەی ئابووری
کە هەرچی فەرموودەیەتی
هەمووی ڕاستە و جێی بڕوایە
ساڵەهایە فەرموویەتی:
پارە لەلای سەرمایەدار
دینە، ئایینە، بڕوایە
پارە (بت)ێکی پیرۆزە
مووسایە، عیسایە، خوایە

**ڕەخنە**

پێم ئەڵێن
زۆر کەسی تر ڕەخنەی گرتو
خۆی ماندوو کرد بەخۆڕایی و
پوولێکی قەڵبی نەهێنا
دانیشە، بۆ خۆت بێدەنگ بەو

کێ نرخی ڕەخنە ئەزانێ
هەزارانی هەروەکوو تۆ
کۆڵیان داو وازیان لێ هێنا
ڕۆژی ستایشی درۆیە
بێدەنگ نەبیت ئیشت گەنگە
ئەگەر نەگەوزێی لە خوێنا
هەر هیچ نەبێت ڕزگار نابیت
لەژێر باری پلارو جوێنا
چیت پێ ئەکرێ و چۆن خۆت ئەگری
لە ڕاستی پێنووس و زمانی
مرۆڤی بلوێربەزێنا!
منیش لە وەرامدا ئەڵێم:
وەك هەندێ کەسی کەمتەرخەم
گەر ساتێك لە دەربڕینی
ڕەخنەی ڕەوا کەمتەرخەم بم
ئەی خوای پەخشان و هۆنراوە
هەمیشە هەر شەرمەزارو
ڕووڕەشی نووکی قەڵەم بم

پێنووسێك وەکوو خەنجەری
ترسنۆکێك لە پشتێنا
شاراوە بێ لە کالانا
گۆچانی شوانێك باشترە
کە جاربەجار گیری ئەکا
لە گیپەڕەی گاجووتێکی
سرك و سەرکێش لەناو ڕانا
یاخود نەقیزەی سەپانێك

بەسوودترە کە جارجارە
ئەیژەنێتە گاجووتێکی
گێرەشێوێن لە خەرمانا

من دەروێشی ڕاستەقینەی
ناو وڵاتی کوردەواریم
شێخ و تەریقەت و ڕێگا و
دینم کورد و کوردستانە
چۆن بێدەنگ بم لەو هەڵوێستەی
زیانبەخشە بۆ گەلی کورد،
چەك هەڵگری ناو سەنگەر نیم
چەکم پێنووس و زمانە
سەد سەگوەڕم پێ بوەڕێ
کۆڵ نادەم، ساتێك نابەزم
کۆڵدان پیشەی ترسنۆك و
ڕەوشت و خووی نامەردانە

www.zheen.org

**لە (ووتەرگەیت)ـەوە بۆ (ئێران گەیت)**

لە هەموو (دنیای سەربەست)دا
لەلای چینی سەرمایەدار
خوا، پێغەمبەر، ئاین، بڕوا
تەنها بانك و پارەو چەکە
ئابڕوو، ویژدان، مافی ئینسان،
بانگەوازی شەوو ڕۆژیان
بۆ ئازادی و بۆ سەربەستی،
هەمووی ڕووکەش و ڕواڵەت و
ساختە و دووڕوویی و کەڵەکە

نەخشەو پلان، یەك لەدوای یەك
بۆ بازرگانی و خوێنمژین
شەڕهەڵگیرسان بۆ چەكفرۆشتن،
بۆ جامبازی و بۆ دەسبڕین
ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن
هەریەکە بەپێی ڕاسپاردە
دەنگ و باوێشك دائەتاشێ،
بۆ ئاژاوەو شەڕنانەوە و
بڵاوكردنەوەی ناكۆكی و قین

كام خانم كە باڵا بەرزو
نەرم و نۆڵو شۆخ‌وشەنگە
كام خاتوونی قژ زەردی جوان
چاوی شینی پرشنگداری
ئەڵێی دەریاو گۆمی مەنگە

بۆ سەرگرتنی مەبەستێك
بۆ گەیشتن بە ئامانجێك
بەكرێی ئەگرن، فێری ئەكەن
چۆن ببێت بە دۆستی كەسێ
كە قەت نەیدیوەو نایناسێ
ڕایئەسپێرن خۆی بۆ شل كاو
دەستەمۆ بێ‌و بە ئاسانی و
بە شەو لەگەڵیا ڕابوێرێ
بۆ دزینی دەنگ‌وباسێ

پەڕەی مێژووی (دنیای سەربەست)
بە ئاشكراو بە نهێنی
هەمووی پیلان و نەخشەیە،

ژین
www.zheen.org

یەك لەدوای یەکتر ڕێك ئەخرێت
هەر دەستەو ئەکەوێتە ڕوو
ئێران گەیت... لەدوای ووتەرگەیت
سەیرە، ئاخۆ چەند (گەیت)ی تر
یەك لەدوای یەك بڕوات و بێت

ئاخۆ چەند (گەیت)ی داهاتوو
لەبارئەچێ و بە نەهێنی
لە پەنایەکا ئەنێژرێ،
وەکوو مەلۆتکەی بەچکەزۆڵ
یاخود چەند (گەیت) لەبەرچاوی
مامانا لەدایك ئەبێ و
دیزەبەدەرخۆنە ناکرێ و
ناتوانن پینەو پەڕۆی کەن
بە سەد بەزمو زوڕناو دەهۆڵ
چاوچنۆکیی چینی خوێنمژ
یاسایەکی سروشتییە و
بێسنوور و بەرەڵایە
بەرگی پیاوکوژی و تاڵانی
خشت بەقەد باڵای بڕاوەو
کاڵایە، لەقەد پاڵایە

بەکورتی: هەتاکوو بڵێی
چاوبرسین وەکوو گورگی هار
تێر نەخۆن وەك دەریالووش،
هەروەکوو زەروو خوێنمژن
بۆ گەیشتن بە مەبەستێك
هیچ بە تاوانی نازانن

هەزار بێتاوان بکوژن

خشتو چیمەنتۆی دیواری
خانووی دووسەد قات کە لووتی
لە لووتی ئاسمان چەقاوە
هەمووی بە خوێن و فرمێسک و
بە عارەقی لەشی ماندوی
چینی ڕەشوڕووت شێلراوە
بەردو کونکرێتی بناغەی
بە ئیسقانی بڕبڕاگە و
سنگو لاقو کەللەی سەریان
چین لەسەر چین داڕێژراوە
بەرگو پۆشتەنیی ئاوریشمی
جوانو ڕەنگین و گرانبەها
تانوپۆی بە ڕیشەی جەرگ و
جومگە و دەماری ناو دڵی
خەڵکی چەوسێنراو چنراوە
ویسکی و خوێنی شەمپانیای سەر مێزیان
هەمووی خوێنی میللەتانە و
بە فڕوفێڵ دادۆشراوە

درۆیە، نە خاوەن ویژدانن
نە خواپەرست و بەدینو
دەربەستی مافی ئینسانن
تۆزقاڵێك تۆوی بەزەیی
قەت لە دڵیانا سەوز نابێ
دڵڕەقن، وەستای (تیرۆر) و
مامۆستای مافیای جیهانن

هەموو گزی و دەسبڕینە
باربوو و یارمەتیی میللەتان
چاوبەستە، ساختەیە، فێڵە،
خێرکردنیان بە کەنیسە
ڕووکەشە، ڕتوووشە، درۆیە
نوێژی شەممە و یەکشەممەیان
بۆ مووسا و صەڵیب و عیسا

لەگەڵ تۆمە ئەی پەیکەری
داتاشراوی دەستو پەنجەی
هونەرمەند و پەیکەرتاشی
پایتەختی (دنیای سەربەست)ی
ڕووی خۆت داپۆشە لە شەرما
لە ڕاستییدا، تۆ نموونەی
گزی و فزی و دەسبڕین و
ساختە و دڕوویی و چاوبەستی
تۆ کەی پەیکەری سەربەستیت
تۆ نموونەی ڕاستەقینەی
بتی ناو بتخانەی چینی
پیاوکوژی پارەپەرستی
لەژێر سایەی دروشمی تۆدا
ئاگاداریت، ساڵەهایە
سەربەستیی گەلان پێشێلە،
کەچی قەت ڕۆژێك لەڕۆژان
فزەت لێ نایەو ناپرسی!
ئەڵێی کوێرو کەڕو لاڵی
هیچ نابینی و هیچ نابیستی

وەك مرۆڤێكی ئاوارەی
میللەتی كوردی چەوساوەی
كە ساڵەهایە بێبەشم
لە ئازادی و لە سەربەستی
ناحەقمە گەر تا تیامایە
بڵێم: تف لە ئیمپریالیزم،
لە خۆی و لە نۆكەرانی
كۆنەپەرست و فاشیستی
كە ساڵەهایە خوێنەخۆی
میللەتی كوردی چەوساوەن
نایەڵن قەت ئاسوودە بێ
كوردستانی خۆشەویستی

**شەراب**

ئیمشەو ڕێم كەوتە شوێنی كۆڕی ناسكو نازداران
شەوێكی گۆشەگیری، خستمیەوە یادی جاران

هەر خۆم لەگەڵ خۆمدا بووم، لەسەر مێزی پەنایەك
لەولاوە تێك ڕژابوون پۆل پۆل پەری ڕوخساران

هەناسەم هەڵدەكێشا بۆ خۆمو كونجنشینیم
وەكوو صۆفیی خەڵوەتكێش لە كۆڕی هەرزەكاران

ورد ورد چرپەی سیحری ناز، وشەی خۆشی پڕ لە ڕاز
لەگەڵ چەپڵەی گەرمی كۆڕ، تێكەڵ مۆسیقاو ئاواز

ژەنگی ناو گوێچكەی كپو كاسو وڕیان ڕاماڵیم
بەرگی ماتیو پەستییان بەزۆر لەبەر داماڵیم

زۆری نەخایان نەشئەی شەراب وا مەستی كردم

غەمو پەژارەی ڕۆژی تۆزێك لە دڵ دەركردم

سۆزی ویردو تەهلیلەم، تەموورەی دڵمی جووڵان
سیحری چاوی شین و مەنگ پەردەی خەڵوەتی دڕان

صۆفی خەڵوەتی شكاند، وەك منداڵ كەوتە یاری
فرمێسكی یادی لاویی لە چاوانی ئەباری

ئەی شەرابی ڕووحانی، بە ڕاستی نەمئەزانی
دەرمانی دەردەدارو نەشئەبەخشی دڵانی

دەبێ ئیتر بە یادت مووچەم شەرابی ئاڵ بێ
هاوڕێی شەوو ڕۆژم بێ ئەگەرچی تفتوتاڵ بێ

## چلەی كاك ئیدریس بارزانی

بە بۆنەی چل ڕۆژ تێپەڕبوون بەسەر كۆچی دوایی تێكۆشەر كاك ئیدریس بارزانی، لە ١٩٨٧/٣/١٥دا، لە لەندەن كۆبوونەوەیەك كرا، منیش بەم هۆنراوەی خوارەوە بەشداریی ئەو كۆبونەوەیەم كرد:

بنكەی ژین
www.zheen.org

زۆر دەمێكە، خوای ئەهریمەن
گەڕی لە كورد ئاڵاندووە
بە نیازی لەناوبردنی
ساڵەهای ساڵە نۆكەرو
بەكرێگیراوی هان ئەدا،
بێبەزەیی شاڵاو بەرن
بۆ تواندنەوەو نەهێشتنی

هەر هەمان نەخشەی جارانە
هێشتا پەیمانی سەعداباد
گەرموگوڕەو وەك خۆی ماوە،
بە خۆیو ئیمپریالیزم و

نۆکەرانی بە خوێن تینووی
پیاوکوژو دز و درۆزنی
پەنجاساڵی خشت لەمەوبەر
ئەو پەیمانە چۆن مۆر کرابوو
ئێستەش خاڵێك لەو پەیمانە
کاڵ نەبۆتەوەو هەر ماوە
وەکوو کاتی مۆرکردنی
هەتا ڕژێمی فاشیستی و
کۆنەپەرست دەستیان بڕوا
ئەو پەیمانە بەرامبەر کورد،
هەر ئەمێنێ و لەناو ناچێ و
بڕوا مەکە بە مردنی
ئاهورەمزەد خۆی کەڕ کردووە
لۆکەی ئاخنیوەتە گوێچکەی
گوێ ناگرێ لە ناڵەی دەردی
میللەتی کوردی چەوساوەو
بێدەنگە بەرامبەر جەورو
نەخشە و پیلانی دوژمنی
هەردوو چاوی نوقاندووە
لەو هەموو تاوانەی ئەکرێ
بەرامبەر شارو دێهات و
مناڵی ساواو پیرێژنی
کوردی بێکەس گیری خواردووە
نە ئەهریمەن لێی ئەگەڕێ
وەك میللەتان ئارام بگرێ و
تەوقی دیلێتی بشکێنێ و

ڕای بماڵێت لە گەردنی

نە ئاهوڕەمزەد مەردانە
دێتە فریای بۆ سەربەستیی
پەلاماری گەلەگورگ و
بۆردومانی ڕەش‌وڕووت‌و
ماڵ‌و دێ وێرانکردنی

بەداخەوە بیروباوەڕ
هەروەکوو پێشووی نەماوە
ماوەیەکە خلیسکاوەو
لە ڕاستە ڕێگا لای داوە

وای لێ هاتووە لە بازاڕا
وەك کوتاڵ و وردەواڵە و
کەلوپەلی بازرگانی
لە مەزاتخانەی سیاسەتا
بە هەموو کەسێك ئەفرۆشرێ
نەوت و دۆلاری مۆڵی بێ و
زرەی بێت پارەی گیرفانی!

کوردی بێ‌کەس لەم ناوەدا
پارەی نییە و سەرگەردانە
کەس گوێ ناگرێ لە هاواری و
ناپرسێ لە ئێش و ژانی
بە سووسەش ناوی ناهێنرێ و
کەسێك دەنگ بەرز ناکاتەوە
بۆ ماڵ‌و خانەی وێرانی

ئەمڕۆ سەراپای کوردستان

تەلبەنگ کراوە وەکوو زیندان
ڕوو ئەکەیتە هەر مەڵبەندێك
کۆتەڵ بەسراوە بە ڕیزە
قوڕپێوانە و گەرمە شینە
باوکە ڕۆیەو براله ڕۆیە و
سنگ کوتانە و قژڕنینە
دوعاو نزای شەوو ڕۆژ و
هەناسەی گەرمی دەروونی
دایكو باوکی جگەرسووتاو،
وەکوو کڵپەی مووشەدەمەو
کوورەی ئاسنگەر بەتینە
پرشنگی گڕی چەخماخەی
ناو چاوی کەس‌وکار کوژراو
وەك هەوری سووری بەهمەنی
پڕ هەڕەشەی تۆڵە و قینە
قینێکی ئێجگار پیرۆزە،
داخ لەدڵە، لێی ناگیرێت
زۆر دەمێکە ناو دەروونی
پڕ لە ناسۆرو برینە

نابڕێتەوە کاروانی غەم
هەر دەردەو بەدوای دەردا دێ
سەرەڕای ئەو هەموو سەگوەڕەی
شەوو ڕۆژ پێمان ئەوەڕێ
چەرخی چەپگەردیش بەینێکە
بەربۆتە وێزەی گەلی کورد
وەك دوژمنی باوككوشتە

www.zheen.org

بواری ناداو لێی ناگەڕێ
هەر ڕۆژەی چەپۆکێك و چنگی
مۆتەکەی مەرگی لە گیانی
تێکۆشەرێکمان گیر ئەبێ

خۆ ئێجگار کۆچی ناوەختی
کاك ئیدریس هێندە جەرگبڕ بوو
وا سەرلەنوێ زامی کۆنمان
بۆ کۆچی سەرەك بارزانیش
تازە بوەوەو هاتەوە سوێ
لە ناوچەی کوێستانی هەلەج
جێگا نزرگەی بارزانی،
کە ساتی خۆی لەبیرمان دێ
لەدوای ڕووخانی مەهاباد
شەقامی کۆچی مەردان بوو
کۆچ بەوێدا ئەکەوتە ڕێ
لە دوورەوە، لەو چیایە
لاوکێکی بادینانیی
ئێجگار بەسۆزم دێتە گوێ
لاوکبێژ بەدەم هەنسك و
گریانەوە هاوار ئەکا:
کوڕۆ لاوۆ... هۆ ئەزبەنی
کەی ئێستە وەختی کۆچت بوو؟
وەك فەلەك لەجیاتی کۆستێك
هەر ڕۆژەی سەد کۆستت کەوێ

پێشمەرگە لەناو سەنگەرا
غەمگین و مات و غەمبارە

www.pirtukxane.org

بۆ کۆچی ئێجگار ناوەختی
تێکۆشەرێکی دڵشکا و
ڕۆڵەیەکی خێرنەدیوی
ماندووی ڕێگای تێکۆشانی
دوورودرێژی لێك نەپچڕاو
لەپێناوی مافی ڕەوای
میللەتێکی پارچە پارچەی
بە زۆرەملێ لێکدابڕاو
لەپێناوی ڕزگاربوون و
سەربەخۆیی خاکی میدیا و
نەتەوەی کوردی چەوسێنراو

کۆچی ناوەختی ئەمجارە
ژانێك بوو بۆ دڵی هەموو
ئەو کەسانەی بەپەرۆشن
بۆ یەکێتی و تەباییمان
کۆچی هەڤاڵی شۆڕشگێڕ
لەم قۆناغە ناسکەدا
زیانێکی زۆر گەورە بوو
بۆ ڕێگرتن لە تەقەلای
ئەو دوژمن و دووڕووانەی
پیلان و نەخشە ساز ئەکەن
بۆ تێکدانی یەکێتیمان
لە دوورەوە چاوم لێیە
ئەو پێنووسە بەیاننامەی
هاوکاری و برایەتیی مۆر کرد
وەکوو دارێکی ئەرخەوان

www.zheen.org

سەوز بووەو گۆپکەی کردووە،
کراوە بە ڕەمزی برایەتی و
نەهێشتنی ناڕێکیمان
بۆ شایەتی و بیرەوەری
چمکێك لە جامانەی سووری
سەرەك بارزانیی پیا کراوە
شەکەی دێ و ئەلەرێتەوە
تا ئەو ڕۆژەی میللەتی کورد
ئەگات بە هیواو ئاواتی و
دەست ئەکاتە ملی بووکی
سەربەخۆیی و ڕزگاریمان
ئای خۆزگە، کەسێکی دڵسۆز
ڕێی ئەکەوتە ئەو مەڵبەندەو
لەجیاتی نوێژ و فاتیحا،
ئەم دووسێ دێڕە بە دیاری
بۆ گۆڕی کۆچکردوو بەرێ
لەسەر گۆڕەکەی بنوسرێ
ئێرە گۆڕی ئەو مەردەیە
بەیانی یەکێتیی مۆر کرد
نەفرینی خوا لەو کەسە بێ
سەرپێچی بکاو ئەو پەیمانە
بشکێنێ و لەناوی بەرێ
ئەو کەسەی کەوا گوڵشەنی
برایەتیمان بژاکێنێ و
بە دەردی گوڵخەنی بەرێ
وەك حەمدیی شاعیر وتەنی

دەك خوایە زمانی مووی لێ بێ و
هەر دە پەنجەکەی هەڵوەرێ

هۆ کاکی کۆچکردووی ناوەخت
سڵاوی گەرم و بێ ڕیایی
ئاوارەیەکی دووربەدوور
ئاوارەیەك غەمی دووری و
تاسەی هەموو ئاوارەی کورد
لەناو دڵیا کۆکاتەوەو
باڵ بگرێ بەرەو کوردستان
هەتاکوو پێدەشتی خوارووی
باباگوڕگوڕو باوە نوور
بە چاوێکی نمناکەوە
هەر لە قۆپی و سەگرمەوە
برژانگ هەڵسوێت لە تاوێرو
بنچك و دارو دەوەنگ و
گلی سەنگەری پێشمەرگەی
هەموو کوردستان خوارو ژوور

چەپکێك نێرگزی بازیان و
نێرگزەجاڕی شارەزوور
مەڵۆیەك وەنەوشەی ملکەچ
لە مێرغوزاری غەمباری
کەناری ڕووباری خابوور
چنوری زوڵف لوولی ماتەم
لە لاپاڵ و ملەی چیای
ناوچەی بارزان و مێرگەسوور
بە کشتەکی ڕیشەی دڵی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بیان بەستێت وەکوو ئیکلیل
بیکا بە دیاریی ئاوارە
بۆ کاکەلێی جامانە سوور
لەو کوێستانەی چیای هەلەج
لەو شوێنەی کە داگیرکەران
کردوویانە بە مەرزو بووم
بۆ سێ ڕژێم و سێ سنوور

هۆ کاکی ماندووی دڵتاساو
بنوو، پێڵووی چاوت لێك نێ
ئاسوودە بەو دڵنیا بە
پێشمەرگەی کورد لە سەنگەرا
ڕێی یەکێتیی گرتۆتە بەر
لێی لانادا هەتا ماوە
تازە هێز نییە لێکیان کا
نەمامی باغی یەکێتی
بە جۆرێك ڕیشەی داکوتاوە
تازە بە هەزار تەقەلای
هەلپەرست و دوژمنی کورد
تێك ناچێت، خەیاڵیان خاوە
هەرچەند ئیمڕۆ خاکی میدیا
لەژێر ناڵەی تۆپ و بۆمبای
دوژمندا پێشێل کراوە
بەڵام هاکا لە بەهاری
ئازادیدا بووژایەوە
هاکا نەمامی سەربەستی
گەڵاو گوڵی گەشایەوە

بەری گرت بۆ نەوەی تازەو
ڕۆژی تازەو ساڵی تازەی
میللەتی کورد نووسرایەوە

لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەی کورد
چەپك چەپك گوڵاڵەی سوور
ئەبەن بە دیاری بۆ گۆڕی
شەهیدانی ڕێی سەربەستی
کوڕو کچی شەهیدانمان
هەموو بە جلی کوردیەوە
لەژێر ئاڵای کوردستان
کۆمەڵ کۆمەڵ سروود ئەڵێن
بۆ گەلی کوردی یەکگرتوو
نیشتمانی خۆشەویستی

**ڕێژگاوی**[1]

هەندێك وا چۆتە مێشکیەوە
ئەبێ کورد هەتاکوو ماوە
لە شوێنی خۆیدا چەقابێ،
وەك گا لە پێستی خۆیدا بێ
هیچ کەس نابێ بەتەما بێ
میللەتی کورد سەربەخۆ بێ،
ئەبێ بە ژێردەستی ڕابێ،
قبووڵ نابێ بە هیچ بابێ
نیشتمانی یەکگرتوو بێ،

[1] پێشکەشە بە مەلای "خاکی"ی شاعیر و هۆنراوەکەی کە بەناوی (کەوشەك)ەوە وتوویەتی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەبێ تا ماوە لەت لەت بێ
یەك نەگرێ و لێك ترازا بێ
ئەبێ هەرداشی دامە بێ
هەتا ماوە ژێرماڵە بێو
دەسکەلای دەستی وەستا بێ
کۆڵەوژی نانەوا بێ
سووتەمەنیی ناو تەنووری
باوەژنو زڕبرا بێ
کورد پێویستیی بەو دەمڕاستو
هەزرە وەکیلانە نییە
پیاوی چاك بن لە کورد گەڕێن
لەوە زیاتر بەرگە ناگرێت،
با براییمان برایی بێ
بەڵام با کیسەمان جیا بێ
ئەوی گەڕی ئالاندووە
لە کوردو سەرکوێری ئەکاو
لێی بووە بە دڕکی مەمو زین،
وەکوو دوعای پیرێژنانە
هەر ئەوەم لەدەست دەبێ بڵێم:
ڕەبی حەواڵە بە خوا بێ

## نەورۆز و گلەیی

گەلی کوردی بیست ملیۆنی و
نیشتمانی پارچە پارچەی،
ئەمڕۆ لەم سەر ڕووی جیهانە
زۆرترین میللەت و خاکە،

هەتاکوو ئێستە ژێردەستە و
بێبەش لە مافی ئینسانە
لاپەڕەیەکی بێشەرمی و
ئابڕووچوون و بێویژدانی و
مۆری ڕەشی ناوچەوانی
(گەلە یەکنەگرتووەکانە)

کوردستانی پارچە پارچەی
داگیرکراوو لێکبڕاو
کوردستانی بریندار
لە فرمێسك و خوێنا گەوزاو
کراوە بە دەشتی غارغارێن
بۆ سوارەو پیادەو فرۆکەی
داگیرکەری بەکرێگیراو
کەچی سەیرە، لە هیچ لایە
ورتە لە هیچ کەسێ نایە
نە لە کۆمەڵگای گەلانا
نە بە کورتە ڕاپۆرتێکی
دەزگای لایەکی لێپرسراو

جێی وا هەیە پێوانەی ڕووی
لەسەر نەخشەی ڕووی جیهانا
بە قەد نووکی دەرزییەکە
ژمارەی هەموو دانیشتوانی
ناگاتە ژمارەی دانیشتووی
شارۆچکەیەکی کوردستان
بە ڕۆژنامە و بە گۆڤارو
کۆنفرانسی ناو وڵاتان

کراون بە ڕەمزی تێکۆشان
کەچی خەباتی بیست ملیۆن
بۆ خۆیی چێشتیش ناوی نابرێ و
باس ناکرێ ڕۆژێك لە ڕۆژان

بە چاوی خۆمان بینیمان
زۆر وڵاتی داگیرکراوو
پارچە پارچەی وەك کوردستان
ڕزگاریان بوو، یەکیان گرتو
هەموو بوون بە یەك نیشتمان
پیرۆزبایی‌یان لێ کراو
خرانە ناو لیستەی پێشەوەی
وڵاتی ئازادیخوازان
کەچی گەر بڵێی کوردستان
پارچە پارچەو داگیرکراوەو
ئەبێ کورد هەمووی یەك بگرێ و
ببێت بە یەك وەك میللەتان
پێت ئەڵێن: ڕەگەزپەرستیت،
هەموو دێڕو نووسینێکت
دائەنێن بە کفرو تاوان

هەڵوێستێکی ئێجگار سەیرە
هیچ قاموسێك نایگرێتەوە
دیارە بانێکە و دوو هەواو
ناوی کوردستان (بڤە)یەو
زیانی هەیە بۆ پەزەکان!

لێمان ڕوونە ئیمپریالیزم

دوژمنی خوێنەخۆمانەو
ساڵەهایە میللەتی کورد
لەژێر باری سیاسەتیا
ئەناڵێنێ و ئەتلێتەوە
خوێنڕێژە و هیچ دەرەبەس نایە
بە زەبری ئاگرو ئاسن
بێبەزەیی بۆ سوودی خۆی
وەك قەلاّیی و قوڕقوشم و مۆم
هەموو کورد بتوێنێتەوە
بۆیە ڕەخنە لێگرتنی
ڕێژگاوییەو خۆڕایی‌یە و
هەزار سەرزەنش‌و جنێو
بە پوولێك ناخوێنێتەوە

گلەیی کورد لەو دۆستەیە
لایەنگری میللەتانەو
کورد هیوای گەورەی پێیەتی،
کەچی هەندێ وشکە سۆفیی
لە وشەی کورد و کوردستان
بێزراوەو ئەسڵەمێتەوە
هەر کە ناوی سەربەخۆیی و
هێزە کوردستانیەکانی
لا ئەهێنیت، لەرزی لێ دێو
گرژ ئەبێ و مۆن ئەبێتەوە
جێی پێکەنین و گریانە
ئەو سنوورەی کە ساتی خۆی
داگیرکەری باباگوڕگوڕ

www.zheen.org

له دارتاشخانەی (لۆزان)دا
بۆ سوودی خۆی دایتاشیبوو و
بەسەر کوردیا سەپاندو
ئەمڕۆ لەلای هەندێ دەروێش
وەك بتی بتخانە وایەو
پەیمانی دەستخەتی خوایەو
کفرە گەر هەڵوەشێتەوە
لەوەش سەیرتر، هی وا هەیە
ڕقی لەو شۆڕە سوارەیە
لە بازیان و لە ئاوباریك
ڕووبەڕووی ئینگلیز وەستابوو
سنگی نابوو بە گوللەوە
بۆ ئەوەی ئاڵای کوردستان
هەمیشە هەر بلەرێتەوە
بە کورتی وەك کۆلکە مەلاو
وشکە صۆفیی ناو خانەقا
تەنها بە کێشو پێوانەی
سەرمۆری خەڵوەتخانەی خۆی
هەستی گەلی کورد ئەپێوێ و
بە دووسێ دێڕی کاوێژکراو
ئەیلێتەوەو ئەیجوێتەوە
بەسیەتی تامی تیا نەما
نەبێت بە دڕکی مەمو زین
با لێرەدا بڕێتەوە

نەورۆزەو گەردن ئازادی
ئەمڕۆ ڕۆژی یەکگرتنی

هێزی ئازادیخوازانه،
ئەو ڕۆژەیە هەموو لایەك
دڵیان لەیەك پاك ئەبێتەوە
بێ جیاوازیی بیروباوەڕ
یا نەورۆز بکەین بە مەشخەڵی
بەرەیەکی پێشکەوتووخواز،
ڕق و کینی کۆن و تازە
با هەمووی دامرکێتەوە
با گلەییەکانمان هەڵبگرین
بۆ دوای ئەو ڕۆژەی ئەم فیتەی
ئاگری بن کا ناویەتەوە،
بە هەوڵ و تەقەلای خێرخوا
ئاوی پیا کرێ و بکوژێتەوە
هیوادارین تا ئەوکاتە
لە جێی ئەو زرکەکاڵانەی
لە دێمەکارا تۆو کراون
کاڵەك و شەمامەی بۆنخۆش
لە جێیان بروێنرێتەوە
لە جێی پەیکوڵ و دڕکەزی
با هەزار گوڵ بگەشێتەوە
تا، برین و ناسۆری دڵی
هەموولا ساڕێژ بێتەوە

## کەی نەورۆزی ڕاستییە

١٩٨٧/٣/٢١

کە ساتێك کورد وەك گەلانی
ئازادیخوازی ڕووی جیهان،

ڕزگاری بوو لە ژێردەستی و
تەمی مەینەت ڕەوایەوە
کۆتری ئاشتی بە دەنووکی
چڵی زەیتوونی هەڵگرت و
بەبێ ترسی کوندەپەپوو،
بە ئاسمانی نیشتمانا
باڵەکانی لەرایەوە
لە جێی نالەی تۆپ و بۆمبا
تەقەی تەور لە دارستانی
لاپالا دەنگی دایەوە
کارو بەرخ لەژێر سێبەری
دارەبەن و بەڕووی سەریاڵ،
بێ ترسی گورگی فاشیستی
مۆڵی خواردو حەسایەوە
ئەوسا نەورۆزی ڕاستییە و
ئەوکاتە جەژنی نەورۆزی
بێ جیاوازیی بیروباوەڕ
ئەکرێ بە جەژنە پیرۆزە

کە ساتێك سەهۆڵبەندانی
کۆنەپەرستی بە تیشکی
کوردایەتیی پێشکەوتووخواز
چین بەچین هەمووی توایەوە
داری گەندەڵ و ڕزیوی
ڕەگەزپەرستیی کوێرانە
لق و پۆپی شکایەوە
ڕەگی لەڕیشە دەرهێنراو

لەژێر پێدا پلیشایەوە
جووتیار لەناو کێڵگەی خۆیا
بێدەسرۆینی دەرەبەگ
زەوی‌وزاری کێڵایەوە
کرێکاری کارگەی خۆماڵی
مەچەك و بازووی هەڵماڵی،
ترسی نەبوو لە فاشیستی و
سیخوڕ نەهات بەلایەوە
ئەوسا نەورۆزی ڕاستییە و
ئەوکاتە جەژنی پیرۆزە
بێ جیاوازیی بیروباوەڕ
ئەکرێ بە جەژنە پیرۆزە

تا ئەو ڕۆژەو تا ئەوکاتە
هەتا ئەگەین بەو ئاواتە
ئەی پێشمەرگەی ڕێی ئازادی
کە ساڵەهایە هەزاران
شەهید و قوربانیت داوە
لەم هەڵوێستە گرنگەدا
کە دوژمن لە هەموو لاوە
گەمارۆی خاکی تۆی داوە
خۆگراتنتان بەرامبەریان
وەکوو هێزێکی یەکگرتووی
شۆڕشگێڕی پێشکەوتووخواز
تاقە هیوای سەرکەوتنی
گەلی کوردی مافخوراوە
یەککگرتنتان لەم ڕۆژەدا

داخی سەر دڵی دوژمنی
خوێنەخۆیە، چقڵی چاوە

لێدانی دەمارو دڵتان
شان بەشان لە یەك سەنگەرا
لێدانی دەمارو دڵی
هەموو کوردی دڵشکاوە
کوردستانی خاکی میدیا
ئەمانەتێکی دێرینەو
ئەمڕۆ بە ئێوە سپێرراوە
نەکەن ڕێبەن گێرەشێوێن
لە یەکتان کا بۆ سوودی خۆی
وریا بن پیاوی هەلپەرست
پیشەیەتی وەك گیاکەڵە
کاتێك بە خۆتان ئەزانن
لە ناوتانا خۆی داکوتاوە

ئەی پارت و ڕێکخراوانی کورد
وریابن، (گەڵاڵی) لەناوە
زۆر دەمێکە ئیمپریالیزم
هەزاران نەخشەو پیلان و
کەڵەکی بۆ کورد کێشاوە
وریابن، وەك ڕێویی فێڵباز
چۆلەکەی شوان خەڵەتێنەی
لەسەر ڕێتانا داناوە

بە ئەستێرەی کاروانکوژەی
نەخەڵەتێن بارتان بارکەن
بۆ ئەو هەڵدێرەی تا ئێستە

زۆر کەس ملی تیا شکاوە
نەکەن پشتی پێ ببەستن،
پەیمانی هەمووی ساختەیە
بەڵێنی بۆ خلیسکاندنە
هەمووی کەفی صابووناوە
لەم ڕۆژەدا دنیای سیاسەت
پڕ لە ساختەو چاوڕاوە
زینهار، ڕۆژەکەی ناسکە
نەکەن دەستتان بەزاخا بچێت
هێشتا تەمی دەسبڕینی
جاری پێشوو لەبەر چاوە
زۆر جاری تر ساویلکانە
دەستمان بە پشکۆی ئاگری
پیاوی دەسبڕا چزاوە
لە دوورەوە گوێم لە دەنگی
نیشتمانە هاوار ئەکا:
وریابن کورد جارێکی تر
بەرگەی هەرەسهێنان ناگرێ
ماندوو و دەستو پێ سووتاوە
ئەوی بە کاری سەرەڕۆ
کورد بە گورگان خواردوو بدا
بڕیاری ئەم جارەی میللەت
سەختەو لە هیچ کەس خۆش نابێ
ئیتر تامی نەماوە

ئەی جڵەوبەدەستی پارتو
پێشمەرگەی ئازاو نەبەردی

www.zheen.org

ناو سەنگەری وڵاتەکەم
میللەتی کورد ساڵەهایە
مژی بەنگو چەسپی تلیاك
بەجۆرێك لە خشتەی بردووە،
ئێستەش زۆرکەس گێژو وڕەو
مێشکی سڕەو بەنج کراوە
جارێکی تر کورد نایەوێ
خۆی بخاتە ئەو گێژاوە
ئەو کەسەی کە بەتەمایە
دانەڕۆکەمان بۆ ڕۆکا
ئەو خورمایەی ئەو خواردوێتی
دەنکەکەی وا لە گیرفانی
کوڕدایە، خەیاڵی خاوە
لەدوای ئەم هەموو شەهید و
ماڵ کاولبوونی و خوێناوە
هیچ کەس بە زوڕناو دەهۆڵی
کۆنەپەرست هەڵناپەڕێت
دەمێکە لای ڕۆشنبیرو
ئازادیخوای یاخیبوو
ئاوازی دەنگی ناسازی
کۆن بووەو باوی نەماوە
هەروەکوو گرامەفۆنی کۆن
قەوانی لاکەل و سواوی
دەرزی و جەڕو زەنبەلەکی
هەمووی ژەنگی هەڵهێناوە
ئەمڕۆ لەلای نەوەی تازە
کوردایەتی بانگە، نوێژە

بەردە ڕەشەیە، ڕۆژووە،
هەتا دوا دڵۆپی خوێنی
لەو ڕێگە ڕاستە لانادا
ئەوی لای دابێ ڕێژگاوە
لەلای نەوەی کوردی ئیمڕۆ
سەربەخۆیی دروشمێکی
هەمیشەیی و مێژوویی‌یە
بڕیارێکی پۆڵاییینەو
بە هیچ کەس نانوشتێتەوە
سەربەخۆیی میللەتی کورد
خێرو دەسنگەی کەس نییە
قەرزێکی ئێجگار زۆر کۆنە و
وەکوو پێشینان وتەنی:
قەرز کۆن ئەبێت و نافەوتێ
ئەمڕۆ سبەی ڕۆژێك هەر دێ
لە مێژووی بسێنێتەوە

دڵی کوردستان چوار بەشە
هەر چوار بەشی هی یەك لەشە
ڕۆژێك دێ یەك بگرێتەوە
ئێجگار دڵنیام ئەو کەسەی
ئەم ڕاستیانەی بۆ دەس نادا
ڕۆژێك دێ پاشگەز بێتەوەو
بە هەڵوێستیا بچێتەوە
لەتام دەرچووەو بەسیەتی
تاکەی لە کوولەکەی تەڕا
بانگی سەربەخۆیی بدەین

ئەو چاوبەستە و ئەو تەلیسمەی
ساڵەهایە لە کورد کراوە
با هەموو گرێکوێرەکانی
بە پەنجەو دان بکرێتەوە
با جاڕی سەربەخۆییمان
ئاشکرا کەین بە دنیادا
بۆ ئەوەی دۆستو دوژمنمان
باشتر بۆ ڕوون بێتەوە

هۆ دایك و باوك و خوشك و برای
شەهیدانی ڕێی ئازادی
هۆ ئەوانەی کەسوکارتان
لە زیندانی فاشیستییا
گیراوەو بە پەت خنکاوە
ڕاستە ئیمڕۆ هەتا بڵێی
ڕۆژەکەی سەخت و دژوارەو
چواردەورمان هەمووی گیراوە
ڕاستە ڕۆژی وا شووم و ڕەش
لە لاپەڕەی مێژووی کوردا
هەتا ئێستە نەبینراوە
بەڵام دنیا هەروا نابێ
ڕۆژ هەر ڕۆژی زۆردار نابێ
ڕۆژی ئازادی نزیکە
ڕێگای سەخت و شەوی تاریك
زۆری ڕۆییوەو کەمی ماوە

کە ساتێك ڕۆژت لێ هەڵهات
ئەوسا ئەو ڕۆژەو ئەو ساتە

ڕۆژی تازەو ساڵی تازەی
نەتەوەی کوردەو نەورۆزە
ئەوسا نەورۆزی ڕاستییە و
ئەکرێ بە جەژنە پیرۆزە

## وەرامی کوردێکی یاخی

ئاوازێکی تازە بابەت
ئەڵێی ئاوازی ئۆرکێسترای
گەرموگوڕو پڕ لە جۆشی
زەماوەندو هەڵپەڕینە

ئاوازێکی ئێجگار سەیرەو
گوێزەبانەی منداڵبوونی
باوەژنی چل شووکەرەی
دەستو پەنجە بە خەناوی
خوێنی گەلی کورد ڕەنگینە

ئاهەنگێکی ئێجگار سەیرە
ژنی نەزۆك منداڵی نابێ و
منداڵی ناوێ و بەدەستی بێ
هەرچی منداڵە لە ڕقانا
وەکوو (شەوە) ئەیخنکێنێت،
کەچی سەیرە، لە ئێستاوە
لەبەر بوورە ناوی نراوە
ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە

هیچ کەس بە قەد کورد باوەڕی
بە برایەتی و خۆشەویستی و

ئاشتیی نێوان گەلان نییە،
بەڵام بەداخەوە مێژوو
دەری خستووە هەتا ئێستە،
هەرچی لەگەڵ کوردا کراوە
گزی و فزی و دەسبڕینە

دڵخۆشکردن بەو زایینە
وەکوو باوەڕی ساویلکە
وایە بە نوشتەو بە پەڕۆی
گۆڕی شێخ و مەشایەخ و
چەسپێکی خەستی تلیاکە و
دووکەڵی بەنگ هەڵمژینە

کەی بیستتان ڕۆژێک لە ڕۆژان
ژنی نەزۆک منداڵی بوو
یا پیرەداری گەندەڵو
زڕ گوڵی گرتو هاتە بەر
ئەوسا مامان با جاڕ بداو
بفەرمووێ ڕۆژی شاییەو
گوێزەبانە دابەشینە

کاکی برا... وەك زڕبرا
لەبەر چاوتە چیم پێ کرا
زۆر دەمێکە ئاگاداریت
سووتەمەنیی ناو تەنوورم
مووشەدەمەم، کۆڵەوژم

وەك هەتیوێکی لێقەوماو
ساڵەهایە بێبەزەیی

بنکەی ژین www.zheen.org

ژێرچەپۆکی باوەژنی
زۆر بێویژدان و پیاوکوژم

لەوە زیاتر بەرگە ناگرم
نوشتە و دوعا چارم ناکا
بەنج نابم بە بەنگ‌و تلیاك
تاکەی بۆکرووزو بۆچەکی
ناو دڵو جەرگم هەڵمژم[1]

## گوڵاڵە سوورە

گوڵاڵە سوورە، تۆ گۆشکراوی    خوێناوی گەشی چینی چەوساوی
بە بای هەناسەو فرمێسکی چاوی    تێراو کراوی‌و ژیاوی‌و ماوی
هەر پەڕەیەکی گوڵی نازدارت    پەڕەی ناو دڵی تێکۆشەرێکە
هەر خونچەو گەڵاو ڕیشەی ڕەگێکت    ڕیشەی جگەری خەباتکەرێکە
تۆ ڕیشەکێشی ڕەگەزپەرستیی    دژی جیاوازیی پێستی ئینسانی
دڕکی ناو چاوی ئیمپریالیزمی    کۆت‌و کەلەبچەشکێنی زیندانی
هەوێنی بیروبڕواو سەربەستیت    ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ژیانی
کۆتری ئاشتیت، دوژمنی شەڕخوای    دژی ئەشکەنجەو جەورو تاوانی
گوڵاڵە سوورە، هەر لەو ڕۆژەوە    هەستت تێکەڵی مۆخ‌و خوێنمە
بیرو باوەڕت وزەو توانامەو    گوڕو تەوژمی لەش بزوێنمە
لە تەنگانەدا خەمڕەوێنمە    لە بێبەرگییا بەرگ‌و نوێنمە
ڕووبەڕووی گڕەی چەرخی زەمانە    نەرمە بای دەشتەو باوەشێنمە

تکەی ژین
www.zheen.org

[1] ئەم هۆنراوەیە وەرامە بۆ ئەو بۆچوونە هەڵەی کە وترا: هەندێ جار ئەگەر پشی پشی لەگەڵ دامودەزگایەکی ساختەچی و بە ڕواڵەت دروشمی سوشیالیستی هەڵگر بکرێ، دوور نییە ئەو ڕژێمە بەرەو دیموکراتییەت ئەڕواو لە شوێنێکی وەکوو عیراقدا لەژێر سایەی ئەو دیموکراتییەدا کورد ئەگا بە مافی خۆی کە مێژوو بۆی دەرخستنی بۆچوون و هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بوو، وە ئەوانەی بڕوایان بەو بۆچوونە بوو لە هەموو کەس زیاتر دەستیان چزا بە ساجی فاشستیدا. س

بۆیە تاماوم هەرگیزاو هەرگیز          وەکوو وەنەوشە، گەردنکەچ، مل شۆڕ
بەرامبەر بە تۆ ملکەچ وەستاوم          هەتا ئەو ساتەی ئەمنێنە ناو گۆڕ
بەڵام بەینێکە ئەوی ڕاستی بێ          نایشارمەوە لێت گوڵی ئازیزم
لە پاسەوان و لە باخەوانت          تا بڵێی پەستم، تا بڵێی زیزم
هەر لەو ڕۆژەوە تۆم دی بە یەخەی          دەستەی پیاوکوژو تاوانبارەوە
کرا بە زەنگۆڵەو گەردانەی زێڕی          مل و گەردنی زەردە مارەوە
ئیتر لەوساوە دەمم وەك بەڕوو          وەك دەمارقاچان ئەتەقێتەوە
بەسەد پاکانە بۆم بێدەنگ نابێ و          ئۆقرە ناگرێ و خاو نابێتەوە

## دەنگی کوردێك

من بابایەکم بێکینە
دەروون بێگەرد، بێڕق، بێقین
هەموو کەسێکم خۆش ئەوێ،
کوردی خۆش بوێت بە ڕاستی
ڕەگەزپەرستیی کوێرانەم
www.zheen.org
لەلا نەنگ و شوورەیی‌یە
باوکەکوشتەو خوێنەخۆمە
قەد بێدەنگ نابم لە ئاستی

بەڵام بەر لە هەموو کەسێك
من گەلی کوردم خۆش ئەوێ و
حەز ئەکەم زۆر شادومان بێ و
بەختەوەر بێ وەك میللەتان
بەپەرۆشم بۆ ئازادیی
بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی
لەناو چوارچێوەی کوردستان

من هەموو دنیام خۆش ئەوێت
خاکی هەموو میللەتێکم
خۆش ئەوێت وەك پەڕەی دڵم
بەڵام خاکی کوردستانم
لە هەموان زۆرتر خۆش ئەوێ
هەروەکوو بت ئەیپەرستم،
تا دوا هەناسەم تیا مابێو
هەتا ئەمنێنە ژێر گڵم

ئەوی گەل و نیشتمانی
خۆی لە گەلو نیشتمانی
خەڵکی تر زۆرتر خۆش نەوێ
ساختەچییە، درۆزنە
هیچ گەلو نیشتمانێکی
تری خۆش ناوێ درۆ ئەکا
هەرچی ئەڵێ ڕواڵەتەو
هەموو دێڕو نووسینێکی
تەنها وشە ڕیزکردنە

## جاش

ئەوی نرخی میللەت و وڵاتی خۆی نەزانێ
هەتا بڵێی بێنرخە و ناهێنێ لەتە نانێ
لەکۆنەوە تا ئیمڕۆ یاسای مێژووی ژیانە
ئەوی کە خۆی فرۆشتبێ بە دوژمنو بێگانە
هەتا ماوە ملکەچو ڕووڕەشو شەرمەزارە
ئافەرۆزی ناو گەلو ناو خزمو کەسوکارە
هەستی میللەتپەروەریو دڵسۆزی بۆ نیشتمان

لەناو دڵیا نامێنیٚ‌و ئەبیٚ بە گورگی ناو ڕان
یا وەکوو تووڵەو تانجی بۆ ڕاوی هاووڵاتی
ڕست لەملەو چڵکاوخۆر، پاشماوەیە خەڵاتی
دەستەمۆو ئەڵقەلەگویٚ‌و سەری شۆڕە بۆ بێگار
ئەیکەن بە کەوی بنکەی ڕاوەکەوی ناو حەشار
تەنها هەر زڕەی پارە ئامانج‌و هیوایەتی
پارە ئاین‌و بڕوا، پارە دین و خوایەتی
نۆکەرێتی خۆفرۆشتن ئابڕووچوونی لەدوایە
پیاوی خۆفرۆش تا ماوە سەرگەردان‌و ڕیسوایە
سەرشۆڕو کورتان‌لەپشت، هەروەکوو کەری باراش
هەزار ڕەحمەت لەو کەسەی ئەوانەی ناو ناوە جاش

## وەرامێك بە هۆنراوە

کاکی برا... بڕوام پیٚ بکە
نە ڕێژگاوم، نە خلیسکاوم
نە هەڵەشەم، نە پەلەسەم
نە شێت و گێرەشێوێنم
نە وەکوو هەندێك درێژدادڕ
کاوێژکەرو خەرەکڕێس و
زۆربڵیٚ‌و بلوێربەزێنم
بابایەکم کوردی پەتی
دژی ڕقم، دژی قینم
دژی ناڕێکی و ناکۆکی و
دووبەرەکی و شەڕەجوێنم
منیش وەکوو هەموو کەسیٚ
خاوەن هۆش‌و گۆش‌و هەستم

دڵم پۆڵاو ئاسن نییە
گۆشتم، مۆخم، ئێسکم، خوێنم
دۆستی ئاشتی و ئاسایشم
لایەنگری خۆشەویستی و
برایەتیی نێوان گەلانم
دژی چینی چەوسێنەرو
کۆنەپەرست و فاشیست و
ئیمپریالزمی جیهانم
بەڵام لەبەر هەموو شتێك
خاوەن مێشك و دڵو گیانم
هەستو نەستم بەدەس خۆمەو
لەو ڕێگە ڕاستە لانادەم
ئەگەرچی ببڕن زوبانم
من کوردێکی دڵشکاوی
ناو وڵاتی کوردستانم
پیاوی چاك بە، لێم تێبگە
ڕامەچڵەکێ و ڕووت گرژ مەکە
لە ناوهێنانی نەتەوەو
لە خۆمو ناوونیشانم

**بۆ (شەم)ی خۆشەویست**

هەروەکوو صۆفیی خەڵوەتکێش
چۆن هەمیشە لە خەڵوەتا
مێشکی ماندووی لێکدانەوەی
ڕۆژی قیامەت و بەهەشت و
دین و پێغەمبەر و خوایە

www.zheen.org

وەك دڵدارێك چۆن هەمیشە
ناخی دڵی پڕ لە جۆش و
تاسەی بینین و ئارەزووی
دەسلەملانی خۆشەویستە و
دڵی بۆی پڕ لە سەودایە

وەك پەروانەی عاشقی شەوق
چۆن بە دەوری چراو مۆما
گەردوخولی بێوچانی
هەڵكڕووزانی، باڵ سووتانی
لەپێناوی گڕو شەوقا
هەروەكوو سەرچاوەی خۆشی و
شادی وایە، لەبن نایە
منیش ئەی خۆشەویستەكەم
ئەی خەیاڵی شەوو ڕۆژم
هەتا دواهەناسەم مابێ،
دڵ و مێشكم وەك هەنگەڵان
هەمیشە پوورەی پڕ شانەی
تاسەو ئارەزووی تۆی تیایە

هۆ شەمی خۆشەویستەكەی
وەڵی دێوانە دووروڵات
ئەگەر ساتێك لەیادم چی و
خۆشەویستیت فەرامۆش كەم،
دەك خوای وەفاو خۆشەویستی
شەرمەزارو ڕووڕەشم كەی
لەبەرچاوی ئەم دنیایە

ئەی بتی بتخانەی دڵم
گەر هاتو ڕۆژێك لەڕۆژان
چنگێك بەردی (گردە گڕوێ)ت
بگۆڕمەوە بە مرواری،
دەك سا خوای بەڵێن و پەیمان
شەل و گۆج و کەنەفتم کەی
دوو دیدەم لێڵایی دایە

## کفر نابێ

جاران صۆفیی ناو خانەقا
شێخ هەرچییەکی بفەرموایە
لای وەك فەرموودەی خوا وابوو
هەموو ئایەت و حەدیسی
پێغەمبەرو کەراماتی
مەشایەخ و ئەولیا بوو
ئەوی سەرپێچیی بکردایە و
لە فەرموودەی شێخ لای دایە
بە جارێك ناوی زڕابوو
ڕووڕەشی ناو خانەقا بوو
کەچی هەندێ شێخی ئەمڕۆش
لەسەر پێڕەوی شێخی کۆن
لەناو تەکیە و خانەقایا
وەکوو چەقۆی دەمبەستی گورگ
دەمی صۆفی وا ئەبەستێ
هەزار هەڵەی شێخ ببینێت
ئەبێ دەمی بنووقێنێت

بنکەی ژین
www.zheen.org

کفرە ڕووبەڕووی بوەستێ
ئەگەر وا نەکا بەهەشتی
بیروبڕوای لێ حەرامەو
ئافەرۆز ئەکرێ و ئەخرێتە
جەهەنەم وەك بتپەرستێ

ئای خۆزگە ڕۆژێك لە ڕۆژان
نەمردمایە و بە گوێچکەی خۆم
گوێم لە دێوانەیەك ئەبوو
شمشێرەکەی ڕاوەشێنێ و
بێپێچ‌وپەنا هاوار کا
جەنابی شێخم، وا نابێ
کفر نابێ، تەنها جارێك
خواستی دڵی بخاتە ڕوو
بە یەکجار کەعبە کەچ نابێ
کفریش نابێ جەنابی شێخ
تۆزێك سنگی فراوان بێ و
نەختێك بە ڕەخنەی ئاشکرای
دەست‌و پێوەندی خۆی ڕابێ
ژینی مرۆڤ بێ سەربەستی و
دەربڕینی ڕازی دەروون
وەك ژیانی کرم و مێرووی
ناو گڵی ژێرزەمین وایە
وەکوو گوڵی گوڵەبەڕۆژە
سەرەخولێیەتی بە دەوریاو
بێدەنگەو ورتەی لێ نایە

مرۆڤ کە مێشکیان جەڕاندو

کەوتە داوی جاڵجاڵۆکە و
بە گرێکوێرە بەستیانەوە
بە کلکی تەنافبازەوە
ئەبێ باش لە خۆی تێبگا
هەتا ماوە وەکوو برغوو
بە جەڕبادەر ئەخولێتەوە
لوولی ئەدەن بە دەم گیرەو
نووکی مقاش و گازەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پاشکۆی (١)**

# لە هیرۆشیمای هەڵەبجەوە بۆ ئەنفالی گەرمیان

## لە کۆچڕەوی ناچاریانەوە بۆ باکووری کوردستان

بنکەی ژین
www.zheen.org

محەمەد ڕەسوڵ هاوار

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێشەکی

لە ساڵی ١٩٥٩دا لە بڵاوکراوەکانی (کتێبخانەی ئازادی) لە سلێمانی یەکەم کۆمەڵە شیعرم چاپ کرد بەناوی (یادی بادینان)و هۆی ئەم ناولێنانە ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٦دا لەدوای کۆچی دوایی شێخ مەحموودی مەزنو هێنانەوەی تەرمەکەی لە خەستەخانەیەکی بەغدادەوە بۆ سلێمانی, شاری هەڵمەت و قوربانی, هەموو شاری سلێمانی خرۆشاو ژمارەیەکی زۆر چوون بەپیریەوەو لەناو شاردا خۆپێشاندانێکی گەورە کرا بە جەنازەکەوە بەرەو حەپسخانە، کە لەوڕۆژەدا شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لەو زیندانەدا بوو، کە یەکێك بوو لە ئاشتیخوازە چالاکەکانی ئەو ڕۆژانەو ڕۆژی دوایی حکوومەت دەستی کرد بە گرتن و دوورخستنەوەی گەلێك کەس، کە یەکێك لەوانە من بووم: لەپێشدا بۆ مووسڵ و لەوێوە بۆ شاری دهۆك و لەوماوەیەدا زۆر شوێنی ناوچەی بادینان گەڕامو لە هەندێ شیعردا باسی دیمەنەکانی ئەو ناوچانەم کردووە، بۆیە بە یادی ئەو ڕۆژانەوە یەکەم بەشی شیعرەکانم ناونا (یادی بادینان).

دوای شیعرەکانی ئەو بەشە، ئیتر ئەو شیعرانەی لە وڵات و لە دەرەوەی وڵات کە لە لەندەندا لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ئیجگاری نیشتەجێ بووم، بە زنجیرە لە پێنج زنجیرەدا بڵاوم کردنەوە، بێجگە لەو شیعرانەی لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانی (هۆرەی دەروێشی یاخی) بڵاوم کردنەوە، کە دوا زنجیرەیان بەناوی (وڕێنەو تاسەی نیشتمان) بوو کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە سوید لەلایەن برای بەڕێزەوە کاك فەرهاد عەبدولقادر بڵاوی کردووەتەوە .

لەدوای ئەو زنجیرەیە, شیعرەکانی دوای ئەوەم هەروا بە پەرەوازەیی مانەوە و هۆی بڵاونەکردنەوەشیان ئەوە بوو, کەمێك کەوتبوومە سەر خولیای پشکنینی دیکۆمێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لەوانەی حکوومەت ڕێگەی بڵاوکردنەوەیانی دابوو, لەگەڵ گەڕان بەدوای ئەو سەرچاوانەدا کە بە پێویستم زانین بۆ نووسینی چەند باسێك کە ماوەیەکی زۆر بوو بەئاواتەوە بووم بەپێی توانا و بۆچوونی خۆم و ئەو سەرچاوانە تەواوی کەم، وەکوو هەردوو بەرگەکەی شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارروی کوردستان و کتێبی سمکۆ- ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو ئامادەکردنی باسێکی دوورودرێژ دەربارەی باکووری کوردستان لە سێ بەرگدا کە هەتا ئێستا تەنها بەرگی یەکەمی- تا شەری یەکەمی جیهانی- لەلایەن دەزگای چاپەمەنیی (خاك)ەوە بەسوپاسەوە چاپ کرا و هەردوو بەرگەکەی تریشی کە هەتا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهان بە هەموو شۆڕشەکانی باکوورەوە ئامادەن بۆ چاپ کردن و هیوادارم هەردوو بەرگەکەش چاپ بکرێتو بڵاو بکرێتەوە .

بەتەما بووم دوای ئەو سێ بەشە شتێك دەربارەی حیزبی (هیوا) كە خۆم یەكێك بووم لە ئەندامانی لقی سلێمانییی كە مامۆستای بەڕێزم ڕەفیق حیلمی سەرۆكی بوو, بەڵام بەداخەوە هەندێ لەو سەرچاوانەی ئەو باسە بەیەكەوە ئەلكێنەوە- بەتایبەتی گۆڤاری هیوا- كە لە سلێمانی بە دەسخەت دەنووسرایەوە كە من هاوكاریم لە بڵاوكردنەوەی باسەكانیا كردووە, لەگەڵ بیرەوەریی چەند كەسێك كە بەداخەوە كۆچی دوایی‌یان كردووەو شوێنەواری یادشتەكانیان نازانم. هەرچەند گەلێك سەرچاوەی بەنرخم دەسگیر بوو بەڵام تا ئەوانەی بە پێویستیان دەزانم دەسگیرم نەبن، بە باشی نازانم باسەكە بە تێروتەسەلی بنووسمەوە, بۆیە جارێ وازم لە نووسینی ئەو باسە هێناوە و شیعرە پەڕەوازە چاپنەكراوەكانم كۆكردەوە بۆ چاپكردنیان بەناوی:

لە هێرۆشیمای هەڵەبجەوە بۆ ئەنفالی گەرمیان

لە كۆچڕەوی بادینانەوە بۆ باكووری كوردستان

ئەوەی شایانی باسە لەم زنجیرەیەدا هەموو شیعرەكانی دوای (ورێنە و تاسەی نیشتمان)م بڵاو نەكردووتەوە، بەڵكوو هەندێكی ماوە لە دامەنی هەریەكەیان پێویستی بە ڕوونكردنەوەیەكی دووردرێژە دەربارەی هەڵوێستی خۆم و زۆر كەسی تریش كە ڕەنگە لە منیش باشتر شارەزای ئەو هەڵوێستو ڕووداوانە بن, بەڵام بەداخەوە جارێ نەخۆشی سەرباری پیری زەبری لێ سەندووم، نازانم كەی توانای بڵاوكردنەوەی ئەوانەشم دەبێت.

www.zheen.org

لەندەن- هاوار

## پەساپۆرتی بەزەیی

١٩٨٧- لە باڕی گەڕەکی خۆمانا/ لەندەن

لێیان پرسیم: تۆخەڵکی کوێی؟
وتم: خەڵکی کوردستانم
خەڵکی خاکی وڵاتێکی
داگیرکراو و پێشلکراوی
چەند ڕژێمێکی فاشیستی
بێئیمان و بێویژدانم

کوردم، خەڵکی کوردستانم
پشتاوپشت لە بڕبڕاگەی
نەتەوەی (ماد)ی خاوەنی
(ئاوێستا)ی تا بڵێی کۆنتر
لە ئینجیل و لە قورئانم

من لە نەتەوەی گەلی کوردی
ئاشتیپەروەری بێوەی و
بێتاوان و بێزیانم
تاوانم تەنها ئەوەیە
زمانم بڕن هەتا ماوم
دەڵێم کوردم و کوردزبانم

لێیان پرسیم: ئەی لەبەرچی
هەمیشە وا کزو ماتی؟
وتم: گەر بۆتان هەڵڕێژم
کارەساتی نیشتمانم
بڕوا ناکەن, لاتان وایە
درێژدادڕ و خەرەکڕێس و
هەرزەگۆی خەیاڵڕەوێنی
ناو کۆڕی نیوە شەوتانم

کەی تێر ئاگای لە برسییە؟
ئێوە مەستی بادەی شەون

منیش تینووم بۆ وشەیەك
لەناو ڕۆژنامە و گۆڤار و
ئێزگەیەکدا بلاو بێتەوە
بۆ میللەتی ماڵوێرانم

ماوەیەکە دەربەدەرم
دوور لە خزم و کەس‌وکارم
بە (پەساپۆرتی بەزەیی)
ڕیم هەیە هاتوچۆ بکەم و
بیکەم بە بەڵگە و پێناسێك
بۆ خۆم و بۆ ناونیشانم

ئەو ڕژێمی فاشیستییەی
کوردستانی کاول کردووە
بە پارەی نەوتی کوردستان
چەکفرۆشەکانی کڕیوە
هیچیان ورتەیان لێ نایە
ئەی کوا هاش‌وهووشی درۆی
جامبازەکانی ڕۆژئاوا؟
کوا دۆستی چینی چەوساوە و
کوانێ مافی ڕەوای گەلان؟
ئەی تۆ بۆ بێدەنگیت خوایە؟

## بۆ وشکە سۆفیەکان

١٩٨٧

وشکە صۆفی بێبەلا بێ هێشتا لای وایە کە شێخ خوایە
هێند بەچەترسێنی کردووە، لە ئاستیا فزەی لێ نایە
بە چاوی خۆی شێخ دەبینێ دەستی لە ملی گورگایە
دەتوێنەوە بە مل یەکدا، تەنها هەر حەلاڵیان جیایە
کەچی ناوێرێ پێی بلێت: قوربان بۆ داو بەرەڵلایە
یا بلێت: یا شێخ کەی ئەمە ڕەفتاری خاوەن بڕوایە؟
کەی ئەمە ئەم ڕێبازەیە ئێمەی صۆفی ساڵەهایە

ڕێی دوورمان بۆ گرتۆته بەر، دەڕۆین و کۆتایی نایە؟!
دەترسم شێخ بڵێت صۆفی بۆ من هەموو شتێك ڕەوایە
ڕەخنەگرتن لە کاری من سووکی و ڕیسوایی لەدوایە
هەر صۆفییەك لە من لادات ڕوتبەی (مورشید)ی لێ نایە
هەتا ماوە پلەی نزمەو قاپییەوانی بەردەرگایە
دەی صۆفی خۆت و خەڵوەت و ئەو شێخەی کە لەلات وایە
بێ ئەو هەناسەت پێ نادرێ و بێ ئەو حاڵت حەلوەلایە
بزانین کلیلی ئەو بەهەشتەی کە چەوساوەی کورد بەتەمایە
وەکوو میللەتان پێی شاد بێت لە گیرفانی کامتانایە؟
کاکی صۆفی هەرچەند لای تۆ شێخەکەت نوێنەری خوایە
هەر کەس لەڕێی ئەو لابدات ئافەرۆز کراوەو ڕیسوایە
بەڵام ئەمڕۆ لای زۆربەی خەڵك هەڵەی زەق و ئاشکرایە
دوو هەزار پینەو پەڕۆی تۆ بە کەڵکی یەك فلس نایە
کاکی برا: پیاوی خاس بە، ڕۆژ ڕۆژی قسەی ڕەوایە
وابزانم پیاچوونەوەیەك شەرم نییەو (عەیبە عەبایە)

## بۆ مام دەرویشی تەشی ڕێس

ڕووپۆشی کاکی دەرویش هی خۆی نییە خوازراوە
بە سریش و بە کەتیرە بە ڕوخساریا لکاوە
زمانی لووسی بە هەسانی مامۆستای لووس کراوە

پەنجەو دەمی وەك چیکنە، بۆ نووسین و قسەی زل
خەرەکڕێس و درێژدادڕە هەروەکو بلوێربەزێن
ساڵەهایە زۆر ساویلکەو و نەزانی فریو داوە

کلکە تەشیی باریكڕێسی وەك تەشیی پلکە شیرین
بەڕۆژو شەو بای پیا ئەداو دەخولێتەوە بێوچان
سەد گلۆڵەو کلافە بەنی پێ ڕێسراوە

کەچی سەیرە تائێستا هەر کلکە تەشی بادانەو
ڕەنگکردنی ناو خومخانەو گرم و هووڕی خەڕەکە
نە پەڕەیەك، نە جاجمێك نە لفکەیکی پێ چنراوە!!

## پشت بەستن بە بێگانە

تا پشتت بەستبوو بە خۆت، پشت و بازووت بەهێز بوو
لای بێگانە بەسام بووی، ناوت بەرزو پیرۆز بوو
لوتکەی سەر شاخت قەڵای سەختی دوژمنشکێن بوو
سەنگەرت پڕ لە ڕۆڵەی مەردی دوژمنشکێن بوو
هێزی جەماوەری گەل هاوبیری مەبەستت بوو
پێنووس و چەك بەجووتە چەکی هەردوو دەستت بوو
هەتا خۆراکت نان و دۆی پیرێژنی کورد بوو
(برا لەپشت برابێ) دروشمی درشت و ورد بوو
جامبازو چەرچی و دەڵاڵ بازاڕیان ساردوسڕ بوو
پیاوی سیخوڕو خۆفرۆش ڕووڕەش بوو، حاڵی شڕ بوو
بەڵام کە کەوتیتە داو و تەڵەی بێگانە
بووی بە دەسنگەخۆری زۆڵی هەرزەو جانانە
هەرچیت هەبوو دۆڕاندت وەك قومارچیی مایەپووچ
هەر ڕۆژە لە هەوارێك سەرسم ئەدەی لنگەوقووچ
هەر وابووە و وائەبێ، ڕەوشی مێژوو وەهایە
پشت بەستن بە بێگانە پەشیمانبی لەدوایە
ئەگەر هەزار جار بکرێت ڕێی بێگانەپەرستی
ساویلکانە دوای کەوی و ڕیشت بدەیتە دەستی
بە هیوای ئەوەی زنجێك لە سایەیدا هەڵبەستی
ئەنجام خۆت دەبینیەوە چەند دۆڕاو و شکستی
گەر بەتەمای بێگانە دەس بەریت بۆ فرمانێ
سەریش کەوی بە پیاوو بەندەی خۆیت دەزانێ
خەڵاتی ئاغای نامەرد بۆ نۆکەری سەرشۆڕی
هەمیشە شەقی مزرە بۆ قنگی پان و پۆڕی

## دەردی نەخۆشی من منە و خۆخۆیی

کوردە خۆت هەڵتەکێنە ڕەنگینە کۆڵ و بارت
لەم ڕۆژە تەنگانەدا کە دوژمنی خوێنخوارت
چنگی لە قوڕگت گیرەو دەیەوێ بیخنکێنێ

تۆوی کوردێك له خاکی کوردستانا نەمێنێ
له جێی ئەوەی یەك بگرین، برینی یەکتر سارێژ کەین
نووکی پێنووس ئاڕاستەی داگیرکەری خوێنڕێژ کەین
جیاوازیی بیروباوەڕ لەیەکمان نەترازێنێ
نەبێتە کۆستە کۆستەو هەر کەس بەجیا بخوێنێ
کەچی داخی گرانم[1] هەندێ له ڕۆشنبیران
وەکوو شەڕە گەڕەکی زەمانی جاری جاران
بەردی (قۆچەقانی)یان ئاڕاستەی سنگی یەکە
زمانی شەڕە جنێویان کرژه وەك زەنبەلەکە
ئای نەخۆشیی من منه, ئای شێرپەنجەی کوردەکوژە
چۆن ساڵەهایه لێمان بووی به زەرووی خوێنمژە
هەزار ڕەحمەت لەو کەسەی دەیفەرموو کورد یەعنی کورت
دەبێ ناوی کەی لێ نرێ ئەگەر هاتو یەکی گرت

## کارەساتی هەڵەبجە
## (هیرۆشیمای کوردستان)

١٩٨٨

شاری هەڵەبجەی جوانەمەرگ
بووکی ناکامی شارەزوور
شاری مێژوویی دێرینی
کۆمەڵگای شیعر و ئەدەب و
جێنزرگەی پیاوچاك و پیر

شاری خۆشی و ئاسایش و زەماوەند و ڕەشبەڵەکی
سەیرانگای (زەڵم) و (گولاّن) و
یادی بەستەی (چەلەبان) و
کۆڕی گەرمی ناو باخی میر

[1] مەبەست تۆفیق وەهبی بەگە کە هەمیشە هەناسەی بۆ ئەوە هەڵدەکێشا کورد بە درێژایی مێژوو بەلای یەکگرتن و یەکێتیدا نەچووە و ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسی گەورەی کورد لە پاشکۆی کتێبەکەیدا بۆ مێژووی کورد و کوردستان هەر هەمان داخی خۆی هەڵڕشتووە و گەلێك نموونەی بۆ ئەوە هێناوەتەوە چۆن کورد یەکی نەگرتووە بۆیە نەگەیشتووە بە ئامانجەکانی خۆی.

بەهەشتی جوان و ڕازاوەی
داوێنی چیای (بالاًمبۆ) و
لاپاڵی (گوڵپ) و (عەنەب) و
(عەبابەیلیٚ)ی خنجیلانە و
دیمەنی (شنرویٚ)ی دڵگیر

شاری هەڵەبجەی مەڵبەندی
عێلی جاف و شۆڕەسواران،
کاروانسەرای سەدان ساڵ و
مەنزڵگەی (عێلی مورادی)ی
(خوسرەو بەگ) و (بارام بەگ) و
ڕێبازی گەرمیان و کوێستان

جێی جۆلانە و لانکە و بێشکەی
داری بۆنخۆشی قەزوان و
بەلاڵوك و گوێزی هەورامان
بەنی دەسترازەی لە خوریی
شەکی کاڵی ئێڵی جافان

ڕازاوە بە مت و مووروو‌ی
شەوە و شیلانی ڕەنگاوڕەنگ،
بە خڕخاڵی گوڵ و باری
(هەجیج)ی ڕێی (باوە کۆچەك)
لە هەورامانی تەختەوە
بەرەو شارەزوور و گەرمیان

کە چەندانی وەك "مەولەوی" و
"ئەحمەد موختار" و "تایەر بەگ"،
شاعیری وەکوو گۆران و
دەیانی تر بە لایلایە و
بەدڵ و بە گیان پیٚگەیان

ئەو شارە جوان و ڕەنگینە

دەستەخوشکی هاوئاواتی
شاری هەڵمەت و قوربانی و
هاوبیری ڕێی تێکۆشان و
خەباتی سەختی بێوچان

ئیمڕۆ سەراپای وێرانە
خەمگین و مات و ڕەشپۆشە،
هەمووی شین و واوەیلایە و
بوەتە گۆڕستانی گۆڕی
هەڵنەبەستراوی هەزاران
منداڵ و پیری بێتاوان

جۆشی لوولکی بارانی
گوێ چەم و سەر گرد و لاپاڵ
سۆزی ئاوازی خەمڕەوێن
بە لەرەی کونی شمشاڵ و
چریکەی گەرمی کنالەیلی
هەرزەکاری دەزگیراندار
بۆ سیاچەمانەی هەورامان

بە بەرچاوی هەموانەوە
ئیمڕۆ هەڵەبجەی جوانەمەرگ
لە دەنگی ناسازی (پەپوو) و
شین و چەمەرە بەولاوە
دەنگێکی تری لێ نایە
نە کناچەی پۆڕی گوێ (زەڵم) و
نە قاسپەی کەوی شنرویێ و
نە لوولکە و نە شمشاڵە و
نە جۆشی لاوی سەرگەرمە و
نە مەرحەبای سەر ڕێگایە

پەرداخی تاوانی فاشیست
بەخوێنی ئاڵی شەهیدان،

بە فرمێسکی تازە بووکی
ناکام و دایکی جەرگ سووتاو
سەرڕێژە و لێوان لێوانە

تاوان گەیشتوەتە ئەوپەڕی
بە هیچ پێوانە و ترازوویەك
ناپێورێ و هەڵناسەنگێنرێ
باری تاوانبار تا بڵێی
بارێکی قورس و گرانە

مەگەر تەنها لای ئەوانەی
بایەخی گیانی شەهیدی
شاری هەڵەبجەی جوانەمەرگ
لە بازاڕی سیاسەتیانا
وەکوو تۆڵەکە هەرزان بێ

مەگەر لەلای هەلپەرست و
پیاوی دووڕووی میللەتفرۆش
ڕووداوێکی ئاسایی بێ و
لەبیرچوونەوەی ئاسان بێ

مەگەر پیاوی ترسنۆکی
بیروباوەڕ داڕووخاوی
لاداو لە ڕێگەی ئازادی
لە تاوانی وا بێدەنگ بێ و
گۆشەگیری کونجی تەسك و
وابەستەی ڕێبازی تەکیەی
شێخە درۆزنەی ورچەوان بێ

ئەو کوردەی کە تاوانی وا
لە بیری خۆی دەباتەوە
یا هەوڵئەدا ئەم تاوانە
بۆ سوودی تەکیەی شێخەکەی

لەناو مێشکی جەماوەردا
بە زمانی لووس بشواتەوە

وەك پیاوکوژەکانی ڕژێم
تاوانبارو بێویژدانە
دەبێ تا ماوە ڕووڕەش بێ و
شەرمەزاری ناو میللەت بێ
نەفرینی خوا لەو کەسە بێ
ئەم هەڵوێستە نامەردانەی
لە بیری خۆی دەباتەوە

پیرەمەگروونی گەردنکەش
هۆ (باڵانبۆ)، هۆ (شەمێران)
هۆ لوتکەی (شاهۆ) و (هەورامان)
شوێنەواری قەڵای سەختی
"خان ئەحمەد خان"ی (ئەردەڵان)
هەوارگەی کۆڕی تەهلیلەی
هەزاران پیر و مورید و
تەرانەی (گاتا)ی (ئاوێستا) و
مەڵبەندی باوە زەردەشت و
ئاتەشکەدەی پیری موغان

لەدوورەوە چاوم لێیە
قوڵپی زووخاوی دەروونتان
وەك کوورە جۆشی سەندووە
بەرامبەر بە کارەساتی
هەڵەبجەی شاری شەهیدان

زۆر دڵنیام یەك بە یەکتان
وەك مێژوونووسێکی دڵسۆز
لق و پۆپی دارستانتان
دەکەن بە پێنووس بۆ تابلۆی
ئەم ڕۆژە ڕەش و سەختەمان

وەك هونەرمەندێكی دڵسۆز
كامیرای سەر لوتكەكانتان
دەخەنە كار بۆ گرتنی
فلیمێكی دڵتەزێنی
ئەم ڕۆژە پڕ مەینەتەمان

وەك بەڵگەیەكی مێژوویی
دەفتەر و فلیم و ئەلبوومی
بەسەرهاتی میللەتێكی
بەشخوراوی بێدەرەتان
دەخەنە بەردەستی هەموو
میللەتانی سەر ڕووی جیهان

دەیخەنە بەر دەستی نەوەی
ئیمڕۆ و دواڕۆژی گەلی كورد
هەتا ڕق و كینەی پیرۆز
لە دڵیانا بێتە جۆش و
كڵپە بسێنێ وەك بوركان
خۆش نەبێ لە كارەساتی
جینۆسایدی بێوچانی
ئەم میللەتە بەدبەختەمان

تا ئەو ڕۆژەی ئاڵای بەرزی
سەركەوتنی میللەتی كورد
بە نەرمەبای سەربەخۆیی و
سەربەستی دەشكێتەوە

تا ئەو ڕۆژەی تۆڵەی خوێنی
گەلی كوردی چەوسێنراو و
شەهیدانی ڕێی ئازادی
لە فاشیستی تاوانبار و
ڕەگەزپەرستی خوێنخواری
بێویژدان دەسێنرێتەوە

هەتا دەگات بەو ئاواتە،
بەڵێنی هەموو کوردێکی
خاوەن بڕوای خۆنەفرۆشە
وەکوو لوتکە بەرزەکانی
هەڵگورد و شاهۆ و هەورامان
گەردنیان هەمیشە بەرز بێ
بەرانبەر هێزی فاشیستی و
تا ماوە نەچەمێتەوە

## ڕژێمی ڕەگەزپەرست

١٩٨٨

با ڕژێمی ڕەگەزپەرست
وا تێنەگات گەمژە و گێلین
دەزانین کێ وەستای ئەوە و
کێ بە جووت و گاسنی خۆی
کێڵگە و زەوی بۆ کێڵاوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەیناسین دەسنێژی کێیە و
تۆوی تاوانی ساڵەهای
بە دەستی کێ تۆو کراوە
ئاشکرایە لە دێراو و
دێبەری کێدا سەوز بووە
چ ئاودێرێك ئاوی داوە

دەمێکە ڕژێمی فاشیست
بە دەرزی و دەزووی دروومانی
ئیمپریالیزم و زایۆنیزم
نەخشە و پیلانی ڕێبازی
ڕۆژبەڕۆژی بۆ چنراوە

مامۆستای وای ڕاهێناوە
هەر ڕۆژە لەسەر تەنافێك

به جۆرێك میلبازی بکا
دەوری پیاوکوژی و خوێنڕێژی و
هەزار ڕوویی پێ سپێرراوە

کورد کوێر نییە و ئاگادارە
دەزانێت بە تۆپ و بۆمبای
کارخانەی چ بازرگانێك
سەروخواری وڵاتەکەی
شێوێنراو و کاول کراوە

دەزانێت خەلە و خەرمان و
ڕەز و باخی هەزاران گوند
بە دەستی کێ سووتێنراوە
خەرمانی لەشی هەزاران
پیر و لاو و منالّی ساوا
بە کام داس دروێنە کراوە
کێرد و چەقۆی قەسابخانەی
زیندانەکان بە دەستی کێ
تیژ کراوە و لە هەسان دراوە

لاپەڕەی مێژوو شایەتە
نرخی خوێنی میللەتی کورد
بە سەفتە لەناو دووکان و
قاسەی چ بازرگانێکدا
بە بارخانە هەڵچنراوە

کورد بێکەسە و پارەی نییە
ناتوانێت تۆپ و فڕۆکە و
دەبابە و زرێلی بکڕێت
بۆیە لەناو مەزادخانەی
دەوڵەتە زلهێزەکان و
سەرمایەداریی چەکفرۆش
مافی ڕەوای پشت گوێ خراوە

ئەوەی ئێجگار جێگەی داخە
لەپاش ئەو هەموو تاوانەی
لە میللەتی کورد کراوە
ئەوەی خۆی بە خوای ئازادی و
پاڵپشتی گەلان داناوە
بەوپەڕی بێشەرمییەوە
هەردووچاوی توند نووقاوە

بە لۆکەی دۆلاری مۆڵی
پارەی نەوتی ڕژێمێکی
ڕەگەزپەرستی فاشیستی
هەردووو گوێچکەی ئاخنراوە
بە دەرزی و کشتەکی دەزووی
ڕژێمێکی سادیی خوێنڕێژ
دەم و لێوی توند دورێنراوە

هەرچەندە ئەکەم و ئەکۆشم
تێناگەم! سەرم سووڕماوە
بۆچی ویژدانی حەزرەتی
بە درۆ شێخی بیر و باوەڕ
جەڕێنراو و خەسێنراوە؟!

یا شێخ ئەمڕۆ میللەتی کورد
سەرگەردان و لێقەوماوە
دوای وەستانی لێزمەی باران
هەزار (کەپەنك) بە پوولێك
دوای قەلاچۆ و وێرانکاری
عانەیەکی قەڵب ناهێنێت
ئەو شرینقەیەی ساڵەهایە
مێشکی خەڵکی پێ بەنج کراوە

هیچ درۆ نییە شێخی دەسبڕ
وەك چیرۆکی مێژوە ڕەشکە و

قالۆنجه, پاداری گرتبێ و
کوردی وەکوو مێوژه ڕەشکەی
بێ پا و دەستەمۆی بەردەست و
مسۆگەری خۆی داناوه
بۆیه حیسابێك بۆ کورد ناکا و
له دەفتەری سیاسەتیا
له خانەی دەست و پێوەند و
دوعاگۆی خۆیا داینراوه

## بۆ ڕۆژنامەی ( پراڤدا) ی ڕووسی

لەندەن، ١٩٨٨

لەدوای کارەساتی هەڵەبجه و ئاشکرابوونی تاوانکاریەکەی ڕژێمی فاشیستی بەغداد، ڕۆژنامه و گۆڤار و ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی زۆربەی وڵاتانی دەستیان کرد به بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانکارییەی ڕژێمی بەغداد، جگه له هەڵوێستی هەندێ له دەوڵەته عەرەبەکان وەکوو سعوودیەو کوێتو یەمەنو یەمەنو سوودانو یەمەنی باکوور و مەغریب که چووبوونه سەر وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ دەربڕینی بێزاری بەرانبەر به ڕۆژنامەکانی بەریتانیا که زۆربەیان تاوانەکەی هەڵەبجەیان خستبوه ئەستۆی ڕژێمی بەغدادو ڕۆژنامەی "گاردیان" له لەندەن ئەو چوونەی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانەی خسته ڕوو. بەڵام لەمەیش سەیر و سەمەرەتر ئەو هەڵوێسته ناپیاوانەی ڕۆژنامەی "پراڤدا"ی زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی ئەو ڕۆژانه بوو، له نوێنەرەکانی ئەو وڵاته عەرەبانه ناپیاوەتیتر مەقالێکی بڵاو کردەوە، هەمووی پاکانه بوو بۆ ئەم ڕژێمەو له عەرەبەکان زۆرتر بۆ تاوانبارەکانی بەغداد پاڕایەوە و دەروێشەکانی لای خۆشمان هی وایان هەبوو دەیفەرموون پراڤدا ئەمەی هەر له خۆیەوه نووسیوه!!

ئەی ئافەرین ( پراڤدا)ی بێ ویژدان
ناماقووڵیت کرد ... شەکرت شکان!!
دوای ساڵەهای ساڵ وەك (لۆتی چەقۆ)
به جارێك سووك بووی، ناوی خۆت زڕان

بۆ چنگێك پارەی ڕژێمی فاشیست
شەرەفی وشه و پێنووست دۆڕان
لای خۆت ئینجیل و ئاڵای مەیدان بووی
ناوی خۆت نابوو پاڵپشتی گەلان

دەرکەوت ساخته بوو، خەڵەتاندن بوو
پاڵپشتی نەبوو، پشت شکاندن بوو
تلیاکی هەست و مێشك مراندن بوو!!
بۆ دەسبڕین و خۆسەپاندن بوو

دەك خەجاڵەتی بیروبڕوا بی		هەتاكوو ماوی سووك ڕیسوا بی
چاو بەرەوژێری مێژووی دواڕۆژ بی		نوقمی زەلكاوی ساختە و ڕیا بی

## تاوانێكی مێژوویی

### بە یادی هەردوو شیعرەكەی نالی و سالم

لەندەن، ١٩٨٨

كە ساتی خۆی توركی عوسمانی ئەمارەتی بابانی تێك دا و شاری سلێمانیی داگیر كرد، ئیتر دەستیان كرد بە كاولكردنی ناوچەكە و تالانكردنو دوای ئەمە "نالی" شاعیر لە دوورەولاتەوە بە شیعرێك هەواڵی سلێمانی و ناوچەكە لە "سالم"ی شاعیر دەپرسێت، سالمیش بە شیعرێك وەلامی دەداتەوە، باسی دڕندەیی كاربەدەستانی توركی داگیركەری بۆ دەكات.

لە كۆتایی سالانی هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا ڕژێمی فاشیستی بە غداد لە توركەكان دڕندانەتر دەستیان كرد بە ئەنفالكردنی ژمارەیەكی زۆری كورد، بەتایبەتی لە ناوچەكانی گەرمیان، كە سەرچاوە شارەزاكان ژمارەی ئەو ئەنفالكراوانەیان بە پتر لە (١٨٠ هەزار) كەس داناوە كە هەموویان بێسەروشوێن لەناو براون.

بە یادی ئەو دوو شیعرەی نالیو سالمەوە لەم دوورەولاتەوە كە هەواڵی ئەو تاوانە گەورەیە دەبیسرا، خۆم پێ نەگیرا و ئەو هەوالانەی دەگەیشتنە دەرەوەی ولات شتێك نەبوو كە هیچ كوردێك بتوانێت بەرانبەریان بێدەنگ بێتو منیش بەم چەند دێڕە هەستی خۆمم وەك باسێكی مێژوویی بەم شیعرە تۆمار كردووە بۆ بەراوردكردنی باری ئەو ناوچانەی نالی لێی دواوە لەگەڵ ڕووداوەكانی ئەم سەردەمەدا.

لالە نالی گەرچی ئێستا ئێسك و پۆستت داڕزاوە
مار و مێروو لەژێر خاكا هەمووی وەك گڵ دابێژاوە
تێكەڵ بە خاكی ناو گۆڕە، دوور لە ((بادی خۆش مروور))ە
دوور لە مەنزڵگەی باوانی (خاك و خۆڵ)ی شارەزوورە
بەلام سۆزی ئەو شاكارەی ناردبووت بۆ دۆستەكانت
هەرگیزاو هەرگیز ون ناكەن، نە خۆتو نە ناونیشانت

لالە نالی ئەو ڕۆژانەی كە میری بابانیان لابرد
توركی عوسمانی وەك واشە بەربووە میللەتی كورد
ئەوسا تۆیش وەك حاجی قادر ئاوارە بووی، دووروڵات بووی
دوور لە خاكی نیشتمان بووی، گیرۆدەی داوی نەهات بووی
قوربانی تۆزی ڕێگە بووی ئێش و پەژارەت بشكێنێ

چاوەڕوانی نامەیەك بووی پەیکی شارەزا بۆت بێنیٚ
لەدوای دەربڕینی هەست و ناردنی سەلامێکی دوور
پرسیبووت: ئایا بێمەوە یا بوەستم تا (نەفخی صوور)؟
سالمی دۆستی دێرینت بۆ وەرامی هۆنراوەکەت
فەرمووبووی: بۆ کویٚ دێیتەوە بۆ وڵاتە کاولکراوەکەت!!
تازە کوردستان جێی دڵی تۆی تیا نابێتەوە، قوربان
بەرگە ناگرێت ... با نەپرووکێت وەك دڵی ئێمەمانان
گەرچی دەردی ئاوارەیی دەردێکی پڕ لە ناسۆر بوو
ژیانی دوورەوڵاتی پەژارە و خەفەتی زۆر بوو
چار نەبوو، بووی بە ئاوارە، بە دەروونی هیلاکەوە
شەو و ڕۆژ گینگڵت دەخوارد هەتا نرایتە خاکەوە
لالە نالی گوێم بۆ شل کە وەك سالمی ساحێبقڕان
چۆن جەوری دەوری عەسمانی لە دڵیا بووبوو بە ژان
با منیش نەختێك ڕووداو و بەسەرهاتی ئەم ڕۆژانە
کە هەریەکەی تاوانێکی تا بڵێی ئێجگار گرانە
بە دەست و پەنجەی لەرزۆكو سستم بەشێکی تۆمار کەم
بەم هۆنراوە خوارو خێچە لە هەندێکت ئاگادار کەم
نازانم چۆن دەست پیٚ بکەم، کامیان سەرەتای دێڕم بیٚ
کامیان دوادێڕو کۆتایی شیعری ناڕێك و گێڕم بیٚ؟!
دەڵێی ڕۆژانی هولاکۆ، خوێنڕشتنی جەنگیز خانە
یاخود تاوانی ڕەزشا و ئەتاتورکی بیٚویژدانە
تاوانی وەك ئەوەی ئیمڕۆ لە هیچ میللەتێك نەکراوە
ئەوەی ئیمڕۆ بە کورد ئەکریٚ لە هیچ لایەك ڕووی نەداوە

نرخی مرۆڤ و پیاوەتی، دراوسێتی، وەفای ڕابوردوو
چاکە، دڵنەرمی، شەرم و ناموس، حەیا و ئابڕوو
ئەمانە هەموو بە پوولێك، هەموو پەشمە لای فاشیستی
لە قامووسی کردەوەیان هیچی نابینی و نایبیستی

ڕاستە تاوانی عوسمانی وەکوو سالم بە هۆنراوە
چۆن فەرمووبووی سەراپای لە مێژوودا تۆمار کراوە

بەلاّم بڕوات بیّ ئەوانە ئەگەرچی هەموو تاوانە
هەموو وەك خۆیی چێشت وایە لەچاو جەوری ئەم ڕۆژانە
ئیمڕۆ سەراپای کوردستان قەسابخانەیە ... زیندانە
نرخی خوێنی میللەتی کورد وەکوو تۆڵەکە هەرزانە
بە هەزاران لەناو دەبرێن، زیندان دەکرێن بە ڕەشبگیر
منالّ و پیری بێدەرەتان ئەدرێنە بەر گوللەی شەست تیر
ماری مارخۆر پەیدا بووە، نەهێنگرە وەك سفرەمار
بۆ سوودی خۆی ملی باوکی لەت دەکا بە تەور و مشار
ماری سەر شانی ئەژدەهاك تێر ناخوا لە مێشکی پڕاو
وەکوو زەرووی خوێنمژا وایە, تینووی خوێنە لەبریتی ئاو
شەیدای دیمەنی فرمیسك و هەنیسك و ئاخ هەلّکێشانە
مەستی خوێنە لە جێی بادە و شەرابی کۆڕی مەیخانە
زرەی زنجیر و کەلەبچەی لەلا وەکوو مۆسیقایە
هاوارو نالّەو گریانی لەلا دەهۆلّ و زوڕنایە
ئەوسا لات وابوو هەر تەنها (شیوە سوور) سوور هەلّگەڕابوو
ئێستە هەموو دۆلّ و شیوێك لافاوو گۆمی خوێناوە
ئیمڕۆ لە جێی ئەو قولّپانەی جاران وەك دانەی مرواری
لە (سەرچنار) دا هەلّدەقولاّ لە هەردوو چاوی نازداری
ئێستە تەنها هەر فرمێسك و قولّپی خوێناو و زووخاوە
دووسەد (ئاوبارە) و (بەکرەجۆ)ی بە جۆگا لیّ هەلّگیراوە
ئەو شارەزوورەی تۆ دیبووت ئێستا وەك جاران نەماوە
نەك هەر بێستانو مەرەزەی، دڕکیشی پیّشێل کراوە
ئاوی (سەرای سوبحاناغا) کە شوێنی بەزم و سەیران بوو
جێی هەلّپەڕکێی شۆخوشەنگ و کیژۆلّەی شەدەلاران بوو
دووئاوان کە جاران ڕێڕەوی کۆچو هەوارگەی یاران بوو
بۆنخۆش بە سملّ و مێخەکی سنگ و یەخەی نازداران بوو
تەوژمی عەشقی تانجەرۆ بۆ دەسلەملانێی ئاوی زەلّم
هەتا دەگەیشتە دووئاوان شارەزووری دەکرد بە هەلّم
ئێستە ئەو هەموو ئاوانە، بە بۆمبای غازی ژەهراوی
زیندەوەری تیا نابینریّ ... نە ماسی و نە قاز و مراوی

ناوچەی (زەردیاوا)ی "حەبیبە" کە بە شیعری بەرزو جوانت
بۆ ڕەخنەی تیلایی چاوی فەرمووبووت بە هاوڕێکانت
مەحبووبەم کوا خێڵو قیچە و کەی چاوی مەیلی شەڕ ئەکا
خێڵو قیچ نییە، هەر تەنها ترازووی نازی سەر ئەکا
ئەمڕۆ ئەو ناوە وێرانە، سەرانسەی کاول بووە
هەزارانی وەك حەبیبە ئەو ناوەی بەجیٚ هێشتووە
بە هەزاران دەربەدەر و ماڵوێران و سەرگەردانن
هەموو لە کووچەی شارانا پەناهندەی ولاٚتانن
بن ئەو دار مازوو و بەڕوانەی ناو (قۆپی) کە جاران
بە کۆمەڵ لەگەل فەقێکان دەتانکرد بە شوێنی سەیران
ئێستا لق وپۆپیان هەموو وشکەڵ بووە و داهێنراوە
بنچك و پووش و پاوەنی (داری زەرد) هەمووی سووتاوە!!
پرسیبووت: ئایا چیمەنی سەوزی خانەقا دەروژوور
وەك جاران جێی کەوشەکە، یا چۆڵە هەروەك (سەلم) و (تور)؟
ڕازاوەیە بە ڕێحانە و گوڵی جوانی سەوز و سوور
یا وشك هەڵگەڕاوو زەردە هەروەك ڕیشی (کاکە سوور)؟
لالە نالی چیت بۆ باس کەم!! ئیمڕۆ سەراپا کوردستان
پیٚشێل کراوە بە پۆستاڵی ڕەگەزپەرستی بیٚویژدان

چیمەن و مێرگ و مێرغوزار سیس بووە، وشكو ژاکاوە
باخ هەمووی بیٚ باخەوانە و لە تینوا زەرد هەڵگەڕاوە
شوێنی سەیرانگای (کانی با) و (شیوی ئابدار) داڕووخاوە
کانی و ئاویان وشك بووە، هیچ شوێنەواریان نەماوە
سەدان زنجو خانووی قوڕی ئاوارەی تیا دورست کراوە
ئاوارە هەمووی برسییە و هەر بەحاڵ گیانی تیا ماوە
ئەرخەوانی (گردی سەیوان) لە جێی گوڵی ئەرخەوانی
ئێستا سەراپای ڕەشپۆشە قوڕ دەپیٚویٚ تا بەیانی
ئەوسا ترسابووی کە پڕدی (سەرشەقام) درزی بردبیٚ
یاخود داری (پیرمەنسوور) و (شێخ هەباس) پەکیان کەوتبیٚ
ئێستا دیواری ناو خانووی هەزاران ماڵ یەکالاٚیە

به هەزاران گوند وێرانە، دەنگی زەلامی لێ نایە!!
کەی گوێ دراوەتە پیرمەسوور! کەی گوێ دراوەتە شێخ هەباس
هەزاران داری وەك ئەوان ورد کران بە تەور و تەوراس
کۆچ و باری شەوو ڕۆژی دەربەدەر و ئاوارە کراو
بە قرچەی گەرمای نێوەڕۆ، لەبەر سوورە سووری هەتاو
لە گەرمیانەوە لوول کراوە، بۆ دەشتی کاکی بە کاکی
بێگانەیش بۆ ناو کوردستان، بۆ داگیرکردنی خاکی
ئەمانە ئیمڕۆ دیمەنی بەسەرهاتی کوردستانە
ژیانێکە هەر مەپرسە! مردنە و بەناو ژیانە
کاروانی خەم نابڕێتەوە، هەر تاوان بەدوای تاوانە
ئەوەی بەسەر کوردا هاتووە لە کوێستان و لە گەرمیانە
بە نووسینی کتێب و دوو کتێب زنجیرەی کۆتایی نایە
بزانین تا کوێ بڕدەکا و چی ئەنجامێکی لەدوایە
بەڵام لالە دڵنیا بە فاشیستی خایاڵی خاوە
زۆری وەك ئەو بۆ قەلاچۆی میللەتی کورد هەوڵی داوە

کاری ئێمڕۆ و دوێنێ نییە، زۆری تر لەم بوارەی داوە
هەریەك لە قۆناغێکدا سەرەنگرێ بووە و ملی شکاوە
بە برینداری و بە لاوازیش لەشی ئەوەندە قورسە کوردستان
بە شانی هەموو دوژمنان هەڵناگیرێ بۆ گۆڕستان

## سەرئەنجامی (ورچ)ی پشت کێوی قاف

١٩٨٨

دەمێکە هەڵوێستی ورچی پشت (کێوی قاف) ئاشکرایە
دەمێکە ئەوەی دەیفەرموێ، هەمووی چاوبەستو ڕیایە
کاکی برا ڕاستە بە قسەی ئەوەی دەیلێ ڕەوایە
بەڵام مێژوو دەری خستووە، قسە جیایەو کردار جیایە
کورد ئیمڕۆ لای ئاشکرایە ڕەگو ڕیشەی ئەو درەختەی
ئاواتی کورد دێنێتە دی تەنها لە خاکی خۆیدایە
بە هیوای گرمەو چەخماخەی هەوری سووری ئاسمانی دوور
گەڵایەکی پێ سەوز نابێ و هەر دەسخەڕۆیی لەدوایە

هاكا دووكانی جامبازیو فرۆفێڵی پێچرایەوە
شڕوشاتاڵی لوول درا بە خۆیو بە دەزگایەوە
لە مەزاتخانەی بازاڕی دەوڵەتانا هەڕاجی کرد
هەرچییەکی بوو هەمووی فرۆشتو قەرزی کۆنی پێدایەوە
ئەو گۆزە سوورە نیاز بوو هەژار دەمی پێوە بنێو
تینوێتیی خۆی پێ بشکێنێت، هاکا لەپڕ تلێسایەوە
قەوارەی ئەو ورچە زلە بۆڵەی ئاسمانی کەڕ ئەکرد
هاکا وەك شێرە بەفرینەی بەهار لەپڕا توایەوە
کاکەلێی دڵپاك لەبیرتە بە نانەسکیو بە هەژاری
بە ئەشکەنجەی ناو زیندانی فاشیستیو ئێشو ئازاری
وەك (گیسکەکەی هەیاسی خاس) هەر جارە لە هەڵوێستێکدا
مام ورچ بە شووڵکێکی تەڕی دەیخستیتە گەمەو یاری
بە قسەی خۆشو زمانی لووس مێشكو دڵی زاخاو دابووی
لات وابوو دوڕو گەوهەرو ئەڵماس لە دەمی ئەبارێ
بە خۆڕایی بووی بە ئەڵقەی زنجیری نەخشەو پلانی
سەرگەرم بووی لەناو تەکیە یا وەك دەروێش بە تۆبەکاری
هەتا ئێستا ڕەنجەڕۆ بووی، بە (دێوجامە)ی دەسخەڕۆ بووی
لەمەودوا ئیتر بێرەوە سەر باری بەڕەی کوردەواری
ڕۆژی ڕزگاربوونی چینی چەوساوەی میللەتی خۆتە
لادە لە فێڵی ورچی سپی، لە خۆیو ئەرکی بێکاری

## چەرخو فەلەکی کاوبۆی

یانکیی کەڵەگای چاوبرسی وەك دەریالووشی تێرنەخۆر
بەپێی پرۆژەی سیاسەتی، بە خوایشت بێ یاخۆ بەزۆر
چەرخو فەلەکی بائەدا، وەك جامبازی چەقاوەسوو
هەر ڕۆژە بۆ مەبەستی خۆی کێی پێویست بێ ئەیدا بە شوو
دەیکات بە بووکی ڕازاوە لەژێر تاراو پەردەی نازا
دەینێرێ بۆ زاوای تازە لەگەڵ بەربووکی جامبازا
بۆ گەیشتن بە ئامانجی بێ ڕەوشتەو بەرەڵلایە
دنیای لا ((تەگەو بەرانە))و ((بە مێردی نییە، بە خولایە))

ئاخۆ ئێستا نەخشەی تازەی بۆ کام تازەبووك کێشاوە؟
چ شۆڕەسوارێکی تازەی بۆ زاوایەتی داناوە؟

چ مەلایەك دوعاگۆیەو چ قەشەیەك ئینجیلخوێنە؟
کێ بەربووکی تازەبووك‌و کێ شایەری پارووگلێنە؟

کێ هەڵگری (پاش تێلانە)و وەرگری شیربایی بووکە؟
زاوای تازە شۆڕەسوارە یا بێفەڕەو نێرەمووکە؟

ئاخۆ کاوبۆی هەتاکوو کەی داشی دامەی سوار ئەبێ؟
بێدەسەلات بەشخوراوو باری ژیانی لار ئەبێ؟

ئێمە پیر بووین‌و بەسەر چووین، ئەوی بەبەریەوە مابێ
ئاخۆ لە مێژووی سەردەمیا چ سەرەنجامێك نووسرابێ؟

**داربەڕووی مێژووناس**

١٩٨٩

لەکاتی خۆیدا هۆنراوەیەکم بڵاو کردبووەوە دەربارەی هیوای ڕزگاربوون لە ئاوارەیی‌و گەڕانەوەی هەزاران ئاوارەی کورد لە وڵاتانەوە بۆ کوردستان. هونەرمەندی ئێجگار دەنگخۆش‌و برای بەڕێزم کاك مەزهەری خالقی ئاوازێکی تایبەتی بۆ ئەو هۆنراوەیە داناو بە کاسێت بڵاوی کردەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩دا سەرەڕای ئەو هەموو تاوانەی ڕژێمی فاشیتی بەغداد بەرانبەر بە کوردو کوردستان کردبووی، بەڵام ئومێدی گەڕانەوە لە پەرەسەندندا بوو، منیش بە هۆنراوەیەکی تر هەستی خۆمم دەربڕی وەکوو لە خوارەوە وتوومە:

ئەگەر هات‌و نەمردم‌و
کوندەبەبووی شوومی فاشیست
گۆڕی ون بوو، ملی شکان
کوردی چەوساوەو مافخوراو
وەك میللەتان ڕزگاری بوو
لە داگیرکەری بێویژدان

وەکوو هەموو ئاوارەیەك
بە زیندوویی شاد بوومەوە

به خاکی پاکی کوردستان
دوای ئەوەی گەردی چەند ساڵەی
ئاوارەیی و دووروڵاتیم
لە قەراغ شاریٚ فرمێسکو
هەنیسک لە لەشم داتەکان
تێرتێر دەستم کردە ملی
دۆستو کەسوکارو خزمان
لەجیاتی کلی (کێوی طوور)
چنگێك لە خۆڵی (سەیوان)م
هەڵسوو بە دیدەما
بە کلچێوکی دارئەرخەوان
ئەوسا هەروەکوو دێوانە
خۆمو گاڵۆكو دەفتەرێك
بە هەورازی کوورِو سەختی
(هەرِووتە)دا سەرئەکەوم
هەڵدەکێشم وچان بە وچان
تا دەگەمە لوتکەی (ئەزمرِ)
رِوانگەی بەرزو گەردنکەشی
شاری (هەڵمەتو قوربانی)و
رِەمزی خەباتو تێکۆشان
یەکەم پشووی سەر ئەزمرِم
بۆ وچانو حەسانەوە
کە بە گرِی تۆپو بۆمبای
رِەگەزپەرستی فاشیستی
لقو پۆپی هەڵکرِووزاوە
وەك صوفیەکانی (بوژا)یی
بە چۆکا دێم بۆ پیرەدار،
بەسەرهاتی ئەم چەند ساڵەی
لیٚ دەپرسم: چی رِووی داوە؟

گوێ شل دەکەم بۆ داستانی
ئەو هەموو بەسەرهاتانەی
لەناو مێشکی پیرەدارا
یەك بەیەك تۆمار کراوە

ئەوسا ئەگەر ئەو ئاواتەم
بە زیندوویی بۆ هاتە دی‌و
نەبوو بە سەرباری خەمی
ناو دڵە پڕ زووخاوەکەم
لەدوای مردنیش دڵنیام
ئەوەی بۆی ئاواتەخواز بووم
نابێتە گرێ‌کوێرەی دڵی
ناو کفنە داڕزاوەکەم

ئەوەی شایانی باسە، زۆری پێ نەچوو لەدوای ڕزگاربوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا، بۆ ڕێکخستنی میهرەجانەکەی شێخ مەحموودی مەزن ساڵی ١٩٩٢ چوومەوە بۆ سلێمانی‌و لەگەڵ چەند برادەرێکدا سەرم لە خزمەکانی (مووبڕە)م داو لە ئەزمڕ لامان داو ئەم شیعرەم بۆ خوێندنەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## نەورۆزی ساڵی ١٩٨٩

لە ئاهەنگی نەورۆزدا لە لەندەن ئەم شیعرەم خوێندەوە، پێشکەش بە گیانی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی کوردو بە یادی ئاهەنگەکانی نەورۆز لە (کارێزی وەستا شەریف)ی بەردەمی گردی مامەیارە کە هەموو ساڵێك هەتا "پیرەمێرد" مابوو ئەو ئاهەنگە لەو شوێنەدا دەکرا.

بیرمە نەورۆز بوو، وەرزی بەهار بوو     دەشت‌و دەر سەوز بوو، گوڵ‌و گوڵزار بوو
پاڵ گردی یارە مەیدانی غار بوو     حیلەی ماین بوو، هەوهەوی سوار بوو
لایەك کەوشەك بوو، گوژمی سێ‌باز بوو     چاوبڕکێ‌و چرپەی جووتەی دڵخواز بوو
(کارێزی وەستا شەریف) سەرەوخوار     لەنجەولاری بوو وەك بووکی نازدار
ڕیزی هەڵپەڕکێی لاو و هەرزەکار     لەسەر زەویی گیای نەرمۆڵەی بەهار
ترپەی پانی‌بەرز، هاژەی زەنگیانە     هاڕەی مێخەکبەند، زڕەی لەرزانە
دەسماڵ‌و کەوا و کراسی زەردو سوور     خەرمانەی دابوو وەکوو کۆگای نوور
پەریی بەهەشتی جوان‌و ڕازاوە     وەك قەتارەی گوڵ لەو کەنار ئاوە

به زورنا و دەهۆڵ پێکا هەڵچووبوو
پیر لە جوان زۆرتر سەری گەرم بووبوو
سەرچۆپیکێشی سەرگەرمو بەجۆش
بە قریوە ئەو خەڵکەی هێنابووە خرۆش
ئەمە بوو شێوەی نەورۆزی جاران
دوور لە گێچەڵو گەڕی بەدکاران

بیرمە پیرەمێرد خۆیو گاڵۆکی
بە چڵێك نێرگزی یەخەو بەرۆکی
بەو ناو خەڵکەدا وەك پیری موغان
گەورەو بچووکی وەك یەك ئەدوان
پەندی پێشینان وەکوو مرواری
بە دانەو بە ڕست لە دەمی ئەباری
لەپڕ ئاهێکی ساردی پڕتاسەی
تێکەڵ بوو بە بای گڕی هەناسەی
فەرمووی کوڕینە لەدوای رووخانی
دەزگای ڕزیوی کۆنی عوسمانی
کورد کەوتە داوی ولاتانەوە
هەرلایە بەجیا دەیچەوسانەوە
لەوساوە وەکوو مەڕی بەسەزمان
دوای هەر کەسێ کەوت نەیبردە ناو ڕان
((داخەکەم بۆ کورد وەك فەرهاد وایە
بێستوون کون ئەکاو ڕەنجی بەبایە))
((ئاخ گەر نەبوایە وڕەی تەیارە
حیزیو ئازایی ئەوساکە دیارە))
((سا توخوا ڕەشۆڵ بە قەتارەوە
تا ماوم خۆتم لێ مەشارەوە))
قەتارێك بێنن خەمانم بار کەن
تاوان لە ئەستۆی تاوانبار بار کەن

بەڵێ خاڵەگیان وڕەی تەیارە
هەر لەکۆنەوە چەکی زۆردارە
ئینگلیز بە زەبری بۆمبای تەیارە
بوو بە کەڵەگا وەك باوەپیارە
بە ڕاوە ڕێویو بە پێچو دەورە
کوردستانی کرد بە پاروە چەورە
خستیە ناو گەرووی دەزگاو دووکانێ
مەگەر مام ئینگلیز هەر خۆی بزانێ
چۆن بۆ نەوت کوردی کرد بە زڕبرا
چۆن مافی ڕەوای هەموو پێشێل کرا
نەوت بوو بە ڕەشمار ئالایە گەردن
تێر ناخوا لە نەوت زۆرداری نەوسن
ئێستەش هەر عەینی تاسو حەمامە
بۆیە ئازادی لە کورد حەرامە
خاڵەگیان کاشکی وەکوو ئەوسایە
تەنها هەر وڕەی تەیارە بوایە
ئیمرۆ کوردستان هێرۆشیمایە
کورد تووشی هەزار دەردو بەڵایە
گازی ژەهراوی هەر ڕۆژ لە شارێ
بەسەر میللەتی کوردا دەبارێ
بە بۆمبایەکی گازی ژەهراوی
هەزاران ئەمرێو کوێر ئەبێ چاوی
ژنو منداڵو پیری بێتاوان
دروێنە دەکرێن، دەبن بە خەرمان
وەك قەرەخەرمان دەیانسووتێنن
بێ کفن... بێ گۆڕ، بێسەروشوێنن
کوا خوای سەربەستیی دنیای ڕۆژئاوا
ئای چەند وەستایە لە چاوڕاوا
هەرچیەکی وتوە درۆو ڕواڵەتە
بۆ بازاڕ گەرمیی باری سیاسەتە

بنکەی ژین
kurdistan zheen.org

ئەزانن گلەیی لەم دەوڵەتانە
چۆن ڕژێمێکی نۆکەرو دەسکرد
بەڵام ئەی کوا خوای کرێکارو جووتیار؟
ئەوانەی ماڵیان کاول کراوە
هەموویان ڕەش‌وڕووت‌و چەوساون
وا دیارە ئەمڕۆ ئاش وەرگەڕاوە
کۆڵەکەی بیروباوەڕ لەقاوە
بە دۆلاری بەعس گوێی ئاخنراوە
لە هەر کوێ باسی چەکی کیمیاوی،
بێتە ئاراوەو بەعس تاوانبار بێ
دەستی بۆ ئەدەن بە گەردنیانا

کە بۆ چەك فرۆشتن بە دۆلاری مۆڵ
کە بیروباوەڕ خرایە ناو مەزات
کوردی هەژارو کەساس‌و داماو
پیاو لەم فیلمە سەرێ دەرناکا
کوردستان سوێندم بە شەهیدانت
هەر لەوڕۆژەوە ڕژێمی فاشیست
گەر هەست‌و هۆشم لەلای خۆم مابێ
بەدرێژایی شەو هەر ئەتلێمەوە
ئای نائومێدی... ئای نائومێدی
بەدبەختی وەك من سا توخوا کێ دی
ئەمساڵ بەهارمان کە بێبارانە
لە هەرسێ لاوە شاییە بەڕێزە
بەڵام کوردستان هەردوو چاوەکەم
گەرچی خاکەکەت ئەمڕۆ لەت لەتە
بەڵام دڵنیام زۆری پێناچێ
نەوەیەکی نوێی یاخیبووی دووربین
نەوەیەك جڵەوی بە دەستی خۆی بێ
بێتە کایەوەو میللەت ڕزگار کا

بۆچوونی پیاوی گەمژەو نەزانە
دڵشکێن ئەکەن لەبەر خاتری کورد؟؟
کوا دۆستی چینی چەوساوەو هەژار؟
ئەوانەی ژەهریان پیادا ڕژاوە
هەموو هەژاری ماڵوێران کراون
کێش‌و پێوانەی مەبدەء گۆڕاوە
گرێژەنەی دەرگای لێك ترازاوە
بۆیە بە جارێك فزەی لێ بڕاوە
قەڵاچۆی کوردو گازی ژەهراوی
لە کوردستانا تاوانی دیار بێ
گورگ بێتاوانە لە کوردستانا

پاکانەی درۆ هەڵڕێژن وەك خۆڵ
دەبێ هاوار کەین (کەشکەك صەلاوات)
کێ باسی دەکا بێ پوول‌و دراو!!
چەندی بەچەنە؟ پیاو بۆ کوێ ڕاکا؟!
بە کارەساتی ئاوارەکانت
شارو دێت وێران دەکا بست بە بست
گێج‌و ئیفلیج بم، کوێراییم دابێ
شیعرەکەی "پیرەمێرد" هەر ئەڵێمەوە:
هەی ڕەنجەڕۆیی‌و دڵ نائومێدی
دەردی مەجنوونم لێ هاتوەتە دی
گوڵاڵەی سوورمان جەرگی یارانە
خەنەبەندانمان خوێنی ئازیزە
دایکی ڕەشپۆش‌و دڵشکاوەکەم
دۆڕاوی کزی‌و فێڵی سیاسەتە
ئەم هەورە ڕەشەی ئاسمانت لاچێ
دووربێ لە خڵتەی ژەنگ‌و ژارو قین
هێزی جەماوەر ڕێبەری نوێی بێ
هەوری مەینەتی کورد تارومار کا

تاکەی ئەم کوردە وەك مەڕی ناوڕان ... ملی لوول دریّ بە گۆچانی شوان
هەر ڕۆژ بەجۆریّ ماڵی ویّران بیّ ... تووشی ڕۆچوون و هەرەسهیّنان بیّ
کەی ڕزگارمان بوو لە کلکایەتی ... لە کەڵەگایی و لە ئاغایەتی
کەی ڕزگارمان بوو لە ناوچەگەری ... لە بتپەرستی و لە عەشایەری
ئەوسا هیّزی کورد وەك بوومەلەرزە ... ژیّرپیّی دوژمنی دیّنیّتە لەرزە
تەختی داگیرکەر وا ئەلەرزیّنیّ ... لە کوردستانا تۆوی نەمیّنیّ

## کوردو زمانپیسی و جنیّودان

بەقەد گەڵای دارو درەختی ناو باخ و دارستانەکان
بە ژمارەی دڵۆپی باران و کلووی بەفری چلەی زستان
بە قەد دانەی چەوو لمی کەناری ڕووباری دەریا
بەقەد سەفتەی پارەو پووڵی سەرمایەدارانی دنیا
ئیّمەی کورد بە قەد هەموویان خاوەن توانج و جنیّوین
لە زمانپیسی و جنیّودانی یەکتر ئیّکجار سەگباب خیّوین
جنیّو بە دانەو بە خەروار، جنیّو چەکی تیّکۆشانە
جنیّو ئاوە جنیّو نانە، جنیّو ویّردی سەرزبانە
توانج و پلاری ناڕەوا بۆ ناوی یەکتر زڕاندن
بووەتە پیشەی شەوو ڕۆژمان وەك کاویّژی مەڕو بزن
دەیجووینەوەو دەیلیّنەوە، وەك خەڕەکی کۆن و شکاو
کورد بیّ شەڕە جنیّو ناژی... ماسی چۆن دەژی بیّ ئاو
لە تای تەرازووی بۆچوونمانا، ڕەخنەو جنیّو وەك یەك وایە
زمانمان بە جنیّو ڕاهاتووەو فیّری ڕەخنەی ناڕەوایە
ڕەخنەی ڕاستی کاری خیّرە، ڕەخنە جیایەو جنیّو جیایە
ئەوی لیّکیان نەکاتەوە زەلامیّکی بەرەڵڵایە

## سەرئەنجامی (ورچ)ی پشت کیّوی قاف
## دووبارە... کاوبۆی

١٩٩١

چەرخی زەمانە کەچبینە، ترازووی دادگای لاسەنگە
لە ئاستی زۆردار بیّدەنگەو بۆ هەژار بە زەبروزەنگە

ئیمڕۆ وای کردووە کە کاوبۆی لە مەیدانا تاکە سوار بێ
جڵەوی ئارەزووی خۆی شل کاو خەریکی ڕمبازیو غار بێ
گونی بەسەر میللەتانا شۆڕبوەتەوە وەکوو کەڵەگا
کەس ناوێرێ پێی بڵێ (لەل) کەس ناتوانێ پێی بڵێ (نا)
کێ دەتوانێ بەرانبەری ڕاوەستێو بۆی بچێتە مەیدان
پاژنەکێشی قوندەرەیە (نەتەوە یەکنەگرتووەکان)
لەدوای بێنبڕکێی حەفتا ساڵ، ورچی یخ دا، ڤیتۆی تران
بەنەخوێنی دەرپێی سووری پشت کێوی (قاف)ی لێك ترازان
هەر ڕۆژەی لە وڵاتێك بەزمێکی نوێ بەرپا ئەکا
بۆ ڕاووڕووتی میللەتان بە هەر چوار پەل سەما ئەکا
هەموو دنیا بکا بە دۆلار بۆ پڕکردنی گیرفانی
نەرمە گۆشتی ملیۆنەها بکا بە مەزەی سینیو خوانی
هێشتا برسییەو تێر ناخوا هەروەك دەریالووش وایە
پارەی لەلا بتو خوایە، دۆلار مەبدەء و بڕوایە
وەك ئەستێرەی کاروانکوژە دەسبڕی ڕێگەی ڕێبوار
بە ڕواڵەت دیموکراتییەو لەژێرەوە زەردەمارە
بزانین هەتا کوێ بڕ ئەکا؟ کەی لغاو ئەکرێتەوە دەمی
کەی دەبێتە بەرهەڵستی هەڵوێستی پڕ لە ستەمی
بڕوا ناکەم هەتاکوو سەرداشی دامەی هەروا سوار بێ
ڕۆژێك دێ تووشی گونڕەشی خۆی بێو باری لەنگو خوار بێ

## دیمەنی بادینان
## لە کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١

هەروەکوو لە پێشەکییەکەدا باسم کردووە، کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٥٦دا دوای کۆچی دوایی شێخ مەحموودی مەزن بۆ ماوەی ساڵێك دوور خرامەوە بۆ دهۆكو لەو ماوەیەدا هەڵم بۆ هەڵکەوت بەشێکی زۆری ناوچەی بادینان بگەڕێم وەکوو عەقرە و زاخۆو عەمادییە. لە ساڵی ١١٩١دا کاتێ کۆچڕەوەکەی دانیشتوانی بادینان بەرەو باکووری کوردستان دەستی پێکرد لە ترسی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن ڕژێمی فاشیستی بەغدادەوە، لە ئەنجامی ئەو کۆچڕەوەدا تەلەفزیۆنی زۆر لە وڵاتان دیمەنی ئەو کارەساتەیان بڵاو کردەوە

www.zheen.org

لەگەڵ باری نالەباری ئەو ڕۆژە سەختو تووشەی تووشی سەدان هەزار لە دانیشتوانی ناوچەی بادینان بووبوو، لە گەرمەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی بە تەلەفزیۆن پیشان ئەدرا یادی ناوچەکانی بادینانم بە زنجیرە هاتەوە بیرو بەرچاو، بەم چەند دێڕە شیعرە هەستی خۆمم وەکوو کارەساتێکی مێژوویی تۆمار کرد.

تاوانی ئەمجارەی فاشیست لەدوای (ئەنفال)و (هەڵەبجە)
کارەساتێکی سامناکە لە کوردستانا ڕووی داوە
تاوانێکی مێژوویی‌یەو لە ناوچەوانی بێدەنگی
دەوڵەتە زلهێزەکانا بە دێڕێکی زل نووسراوە

لە بادینانی چۆڵکراو و تاڵانکراو و وێرانکراو
لە دەنگی ناسازی پەپووی هێزی فاشیستی بەولاوە
دەنگی زەلامێك نابیسترێ، سەرانسەری کش‌و ماتەو
ڕەزو باخ‌و دارستانی کاولکراوو سووتێنراوە

بە هەزاران ژن‌و منداڵ‌و پیری کەنەفت‌و پەککەوتە
ئاوارەیەو دەربەدەری کەژو کێو و ناو ئەشکەوتە
بە برسێتی‌و بە نەخۆشی لە کەس‌وکاری جێماوە
ڕق‌و کینی ڕەگەزپەرست هەروەکوو ژەهری زەردەمار
ئیمڕۆ هەمووی بەسەر خاکی کوردستانا داچۆڕاوە
لە لاپاڵی چیای (گارە) لە (بامەڕنی)و سەر (ئامێدی)و
بن داری کاژی (بلکێف)و لە زۆزانی (فەڕاشاوا)
لە (زاوێتە)و (کوری گاڤان) لە ئەشکەوتەکەی (ئاشاوە)
چاوم لێیە لانکەو بێشکەو پەڕۆ و پاتاڵی چڵکنی
کۆرپەی ساواو شیرەخۆرە لەوناوەدا پرش‌و بڵاوە
تاك‌و لۆکە... سەگ‌و پشیلەی ڕاکردوو لە ترسی بۆمبا
بە دەوری ئاوارەکانا سەرگەردانەو هەڵتووتاوە

لە کەناری ئاوی ڕووباری (خاپوور)ی ژێر پردی دەلال
جاربەجار بریسکەیەك دێ، ئاخۆ ڕێشکەو پێشکەی چاوە
یا شەوقی پوولەکەی کراسی کیژێکی دەزگیراندارە
یاخود شەوقی مت‌و مووررووی زەردو سووری پرش‌و بڵاوە
ملوانکەیەکی پچڕاوی تازە بووکێکی کوژراوە!!

به دووربینی بیرەوەری لە دوورەوە چاوم لێیە
لەژێر سێبەری دارگوێزی (کانی سنج)ی (ئامێدی)دا
دووسێ پەڕەی شیعرەکانی "مەلا ئەحمەدی نالبەند"ە
بەوناوەدا بڵاو بوەتەوەو گێژەڵووکە لوولی داوە
لە گوێ ئاوی تاڤگەی (سۆلاڤ) چاوم لێیە دەفتەرێکی
نیوە سووتاو و هەڵوەشاو، بەرگەکەی بە دێڕێکی زل
ناوی (خەج و سیامەند)ی بە دەسخەتێك لێ نووسراوە
ئاخۆ لەکاتی تالانی و ڕاووڕووتی چ ماڵێکدا
بە پۆستاڵی چ سەربازێك لەوناوەدا پێشێل کراوە

لە دوورەوە چاوم لێیە لەودیوی سنووری داتاشراو
لەپشت ئەو مەرزەی کە دەزگای هەردوو ڕژێمی فاشیستی
بە جووتە هێڵی سنووریان بەپێی نەخشەی هەردوولایان
بەسەر بڕبڕاگەی پشتی میللەتی کوردا کێشاوە
بە هەزاران ژن و منداڵ و پیری پەککەوتەی ئاوارە
لە سەگی هار دەرباز بووەو بە ناچاری لەژێر سایەی
کورگی بۆزا وەك مۆڵە مەڕ بەسەر یەکدا تێك ترشاوە
بێ خانە، بێ نوێن، بێ خۆراك، بێ بەرگ و پێڵاوو دەرمان
سەرماو نەخۆشیی کوشندەش بۆتە سەرباری ئەو هەموو
کوێرەوەری و ماڵوێرانی و جەخارو دەردو زووخاوە

کوا فریشتەی ڕووی سەرزەمین؟ کوا دۆستی چینی چەوساوە؟
چەوساوە لەمە چەوساوەتر؟ کێ بەم جۆرە لێی قەوماوە؟
کوانێ بیرو بڕواو مەبدەء؟ ئاخۆ بۆ کەی هەڵگیراوە؟
کام قوڕی خەست و خۆڵ ماوە کورد بیسوێتە تەپڵی سەری؟
بەرانبەر بەو تاوانانەی فریشتەی ئاسمان و سەرزەمین
بە کۆمەڵ هەموو بێدەنگن و لە ئاستیا چاویان نووقاوە

بۆ کوێ بچین؟ ڕوو بکەینە کوێ؟ ئایا دێوێك، درنجێك ماوە
کورد ئەویش تاقی کاتەوەو بزانێ لە کەشکۆڵی ئەوا
بەرانبەر بە دواڕۆژی کورد چ سەرئەنجامێك نووسراوە؟!
کورد هەتا وا ساویلکە بێ و ڕاستەڕێگەی خۆی نەزانێت

هەموو جارێك مایەپووچەو لە مەزاتخانەی سیاسەتدا
جار لەدوای جار ئەیدۆڕێنێ و جار لەدوای جاریش شكاوە

زۆر ترسام لە دواڕۆژدا دەستەیەكی گەمژەی كورتبین
خۆی بخاتە ناو تەڵەو داوای ئەو فاشیستەی ساڵەهایە
پیشەی ساختەو دەسبڕین و فڕوفێڵ و چاوەڕاوە
ئەمجارەش وەكوو بەیانی (ئازار)[1] لە (صدر القناة)دا
بە هەڵپەركێ و زوڕناو دەهۆڵ، بەیانێكی تریش دەرچێ
وەك چۆن "ئەحمەد حەسەن بەكر" لە ئازارا كرا بە شەكر[2]
ئەمڕۆش بە گورگ بوترێ، هەم شەكرەو هەم گوڵاوە

## ئاگرو سەهۆڵبەندان

١٩٩١

پێشكەشە بەو ئاوارانەی لە چلەی زستاندا، لەژێر جەورو ستەمی كاربەدەستانی ڕژێمی فاشیستی بەغدادا لە خانەی خۆیان دوور خرانەوەو غازو نەوت و كارەبایان لێ قەدەغە كرابوو.

زۆر دەمێكە كوردی بێكەس سەراپای خاكی وێرانە
جەرگ و دڵی داپڵۆخاوی ژیلەمۆی ناو ئاگردانە

لە ئاگر ڕزگاری نابێ، كاتێك دەزانێ گیرۆدەی
وەیشوومەو گێژاوی سەختی كڕیوەو سەهۆڵبەندانە

تاوێك ئاگر دەیسووتێنێ، تاوێك سەرما دەیتەزێنێ
ژیانی تا بڵێی سەختەو هەمووی كوێرەوەری و ژانە

نە سەهۆڵبەندانی لەشی بەتینی گڕ دەتوێتەوە
نە بە بەفرو باران گڕی دڵی دائەمركێتەوە

---

[1] لەدوای دەرچوونی بەیانی ئازاری ١٩٧٠ كورد لە (صدر القناة)ی بەغداد بۆ چەند ڕۆژێك كردی بە شایی و هەڵپەركێ و ڕژێمی بەغدادیش هەر لە سەرەتاوە خەریكی نەخشەو پلانی هەڵوەشانەوەی ئەو بەیانە بوو. هەندێ لە لێپرسراوانی كوردیش خەریكی پەلاماردانی وەرگرتنی ئوتۆمۆبیل و وەزیفەی بەرز، وەزیری و مودیر عامی بوون و لە گوێی گادا نوستبوون و ئاگاداری ئەوە نەبوون ڕژێمی فاشیست خەریكی چ نەخشەیەكی دڕندانەیە بۆ لەناوبردنی كورد.

[2] لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠دا لەو ئاهەنگەی لە بەغداد كرا بە سەرپەرشتیی لێپرسراوانی شۆڕش و حزب. یەكێك لە دروشمەكانی ئەو ئاهەنگی نەورۆزە بریتی بوو لەمەی خوارەوە كە بە گەرمی هاوار دەكرا:

كێ بوو خۆی كرد بە شەكر كاك ئەحمەد حەسەن بەكر

تیشکی خۆری ئاسمانی کورد هەوری مەینەت دایپۆشیوە
تترووسکاییی‌یەك بەدی ناکات تۆزێك ئاهی پیا بێتەوە

قەفی زنجیری داگیرکەر وا لە گەردنی ئالآوە
بە زەحمەت ئەڵقەی ئاڵۆزی لەیەك دەترازێتەوە

بەفرو ئاگر لەگەڵ یەکتر دوژمنی بێ‌ئامانن
کەچی لە ئاستی گەلی کورد لەگەڵ یەکتر دەس‌لەملانن

بە جووتە مۆتەکەی مەرگو مۆرانەو شیرپەنجەی لەشی
میللەتی کوردی داماوی ماڵوێران‌و سەرگەردانن
وا دیاری (ئاهورامزدە)و (ئەهریمەن)یش بەرامبەر بە کورد
وەك سەهۆڵبەندان‌و ئاگر لەگەڵ یەکتر دەس‌لەملانن

## کوردو نەوتی باباگوڕگوڕ

دوای کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی باشوور ژمارەیەکی زۆری خێزانەکان بەو سەرماو سەهۆڵبەندانەی وەرزی زستان لە ترسی دڕندەیی ڕژێمی فاشیستی بەغدا بە ناچاری ڕوویان کردە باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ساتێکیش دەزگاکانی ڕژێمی بەغدا لەژێر فشاری دەوڵەتان‌و ڕاپەڕینی جەماوەری کوردو پێشمەرگە نەبەردەکانا ناچار کران بەشێکی زۆری خاکی کوردستان بەجێ‌بهێڵن‌و ملیان بشکێنن‌و ئەوساکە ئاوارەکان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان‌و تووشی قات‌وقڕی نەبوونی غازو نەوت‌و کارەبا بوون‌و بە کولەمەرگی‌و لە سەهۆڵبەندانی ئەو ماوەیەدا گیریان خواردبوو. هەواڵی ئەو کارەساتە بەهۆی ڕۆژنامەو ئێستگەکانەوە دەگەیشتە گوێی ئاوارەکانی دوورەوڵات‌و بەوپەڕی خەم‌و پەژارەوە ئەوی کەسێکی لە دەرەوە بوایەو ناچار بوایە پێویستی یان بە لالێکردنەوەو یارمەتیدان هەبوو، دەوڵەتە زلهێزەکانیش بە گوێی خۆیان‌و بە چاوی خۆیان ئەو کارەساتەیان دەبیستەوەو دەیانبینی‌و کورد لە وڵاتدا بە ناچاری هەرچێکی دەس بکەوتایە دەیکرد بە سووتەمەنی‌و کار بەوە گەیشت دارستانەکان زۆریان وای لێ هات دارو چیلکەیان لێ بڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا کڵپەی نەوتی بابەگوڕگوڕ لە شاری (قودس)ی کوردستانا هەڵدەچوو بە ئاسماناو فریای خێزانێکی کورد نەکەوت.

دەوڵەتە دەریالووشەکان هەر دەمەی بە ڕەنگ‌و بەرگێك
دەزگای ڕژێمێك ساز دەکەن هەمووش کرێگرتەی خۆیانن

هەموویان زادەو پەروەردەی ناو قوتابخانەی زۆلێتیو
توولەو تانجیی چەشکراوو ڕاهاتوو و دەستەمۆیانن

فرمێسکو خوێنی لەشی کورد بەپێی نەخشەی کۆمپانیاکان
تێکەڵ بە نەوتی ناو لوولەی بەکێشکراوی سەر دەریایە

هەمووی کراوە بە دۆلار بە پاوەنی ئیستەرلینی
سەفتەکراوو هەڵچنراوی قاسەی خواکانی دنیایە

کورد لە خاکی کوردستانی پڕ لە غازو نەوتی ژێرزەمین
داماوە بۆ لەویێچێك نەوت لە بەفرو سەهۆڵبەندانا

ماڵی پڕە لە ڕازیانەو بەسك ئێشە ڕۆژی سەدان
گەورەو منداڵی لێ دەمرێت لە سەرمای چلەی زستانا

هەمووی دەردی بوونی نەوت بوو ئینگلیزی پیرە ئیستیعمار
"جۆنپۆڵ"و ماکی زۆڵێتیو نەخشەکێشی سەرمایەدار

کوردی فرۆشت بە داگیرکەر، وا ئیمڕۆ وەکوو سەگی هار
بەر بۆتە وێزەی میللەتی کوردی لێقەوماوی هەژار

ئێمە پیر بووینو نابینین، بەڵام نەوەی دواڕۆژی کورد
نەخشەی کوردستان دەبینێت لەناو ئەتڵەسی جیهانا

مێژوو لەمێژە قەرزاری مافی ڕەوای گەلی کوردە
قەرز کۆن دەبێتو نافەوتێ لە قامووسی میللەتانا

ئەوسا شانبەشانی ئاڵای ڕەنگاوڕەنگی سەربەخۆیی
گڕی نەوتی بابەگوڕگوڕ لرفەی دێ بەڕووی ئاسمانا

بەرهەمی خوێنی شەهیدان مەشخەڵێکە هاوار ئەکا
با دوژمنی کورد شەق بەرێ ڕووڕەش بێ لە ڕووی جیهانا

## دروشمی ساختەی
## دیموکراسیو مافی مرۆڤ

١٩٩١

دەرکەوت وشەی دیموکراسی لای دەوڵەتە زلهێزەکان
تەنافبازی بوو، ساختە بوو، درۆو دەلەسەو دەسبڕین بوو

کەفی صابوونی بەرپێ بوو، هەمووی ڕواڵەتو چاوبەست بوو
شرینقەی بەنجی بیرو مێشکی خەڵکی ساویلکەو کورتبین بوو
دروشمی مافی میللەتان گزیو فزیو زۆڵێتی بوو
بۆ سەفتەی دۆلاری مفتو بۆ پڕکردنی گیرفان بوو
بۆ زۆرکردنی سەرمایەو بەهێزکردنی (ترەست)و
بازاڕ گەرمیی خاوەن (بۆرسە)و (سەهم)ی دەستەی بازرگان بوو
دەرکەوت وشەی دیموکراسیو مافی مرۆڤی میللەتان
فێڵو تەڵەکی تاقمی سەرمایەداریی دنیایە
قاسەی بانقی (کارتێل)ەکان پەرستگایە کەنیسایە
ئینجیلی (مەتی لۆقا)یە، عیسایە، مووسایە، خوایە
ئەو دروشمەی وەك حەشیشەو تلیاكو بەنجو کۆکاین
مێشکی کوردی بەنج کردووەو ساویلکانە ساڵەهایە
بەتەمایە دەسبڕکان فریای کەون ڕوون بوەتەوە
دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون هەر دەسخەڕۆیی لەدوایە
گوریسی کەس بێپێچوپەنا ناچێتە ناو هەمانەوە
باری سیاسەتی زەمانەیش هەمووی پڕ پێچو پەنایە
تا کورد لە سیاسەتدا کۆڵ بێو ڕاستەڕێگەی خۆی نەزانێ
کەس پێی ناڵێت کەرت بە چەند کەس ناڵێت مافت ڕەوایە

**یادی حاجی قادری کۆیی**
**(شاعیری مەزنی کورد)**
زۆر دڵنیام حاجی قادر
کە ساتێك سەری خۆی هەڵگرت،
ڕووی کردە خاکی بێگانە
دەیزانی ئاوارەبوونو
دوور لە هاوڕێو دۆستو خزمان
کارێکی ئێجگار ستەمەو
بارێکی سەختو گرانە
بەڵام داخی ڕۆژگاری
نالەباریی ئەو ڕۆژانە

هێندە دڵیان شکاندبوو
لە داخا سەری خۆی هەڵگرت
وەکوو دەروێش و دێوانە
دایە ئەو کەژو کێوانە

کۆڵ و باری بوخچەیەکی
چوارگۆشەیی لە خام و جاو
پڕ لە کتێبی هەڵوەشاوی
پەرپووت و پواوی زەردباو
دارئووچێك و شووشەیەك دوێت،
مێزەرێکی چڵکنی چرچ و ژاکاو
کۆت و شەرواڵێکی کۆنی
لە دووسێ لا پینەکراو

بە خەمباری و بە ماتی و دڵشکاوی
بە نەبوونی و بێپارەو پوول و دراو
ڕێگەی کاروانی گرتە بەر
بۆ ئەستەمبوولی پایتەختی
عوسمانیی دڕو بەدناو

www.zneen.org

کە ئەو سەردەمە مەڵبەندی
خوێندەواری و ڕۆشنبیری و
تێکۆشانی گەلی کورد بوو
بۆ سەربەخۆیی و ئازادی
میللەتی کوردی داماو

ڕێگەی مەنزڵ دووروودرێژ بوو
هەناسەبڕکێی هەورازو
داخزانی شوێنی لێژ بوو

لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا
حەسرەتێکی هەڵدەکێشا
بۆ نەرمە بای بن سێبەری

**بنچك‌و دارو ده‌وه‌نی**

**لاپاڵی (هه‌یبه‌ت سوڵتان)**

که گه‌یشته هه‌واری تازه‌و
که‌وته کۆڕی خه‌باته‌وه
بۆ گه‌یشتن به‌و ئاواته‌ی
ساڵه‌هابوو به هیوای بوو
بێته دی بۆ نه‌وه‌ی کوردو
بۆ سه‌ربه‌خۆیی کوردستان
به‌ڵام ئه‌فسووس، هه‌زار ئه‌فسووس
ئاسۆی دواڕۆژی ده‌بینی
لێڵ‌و تاریك‌و نووته‌ك بوو
کاره‌ساتی یه‌ك له‌دوای یه‌ك
ده‌یخسته گریه‌و قۆڕپێوان
تاکه ئومێدو هیوایه‌ك
له‌ناو دڵ‌و مێشکیا مابوو
بریتی بوو له تروسکایی
بنه‌ماڵه‌ی به‌درخان
به‌داخه‌وه ئاواته‌که‌ی
شتێك بوو وه‌کوو خه‌و وابوو
ئه‌وه‌ی ئه‌و بۆی به‌هیوا بوو
شیرازه‌ی لێك ترازابوو
هه‌موو ڕایه‌ڵ‌و تان‌وپۆی
ئاڵۆزو لێك هه‌ڵوه‌شابوو
کۆسته کۆسته‌ی شێخ‌و مه‌لاو
میرو به‌گزاده‌و ئاغا بوو
هه‌ر هه‌مان ده‌ردی کوشنده‌ی
بێ‌بڕکێی گه‌وره‌یه‌تی بوو
که گه‌لی کورد ساڵه‌ها بوو
له قوڕی خه‌ستیا چه‌قابوو

www.zheen.org

بەداخەوە!! مامە حاجی
زۆری نەبرد بەو داخەوە
بوو بە میوانی گۆڕستان
بێ ئەوەی هیچ ئاواتێکی
بێتە دی بۆ سەرگرتنی
ڕزگاربوونی گەلی کوردو
کوردستان لە داگیرکەران

لێوەلەرێی پێش گیانکێشان
چەند دێڕێك بوو کە بە حەیران
دەیفەرموو: کوێراییم دایە
بە نائومێدی دەمرمو
دەنێژرێم دوور لە نیشتمان

بەڵێ حاجی کۆچی کرد
خۆی‌و ئاواتی ساڵەهای
لە شوێنێکی نەناسراودا
نێژرا هەروەك هەزاران
کوردی ئاوارەی وڵاتان
بەڵام وەجاخی کوێر نەبوو
هەروەکوو خۆی فەرموویەتی
شیعرەکانی نەوەی ئەون
بوون بە دروشم‌و پێڕەوی
ڕێگەی خەبات‌و تێکۆشان
بۆ گەلی کوردو کوردستان

هەرچەند ئێستا حاجی قادر
ئێسك‌و پرووسکی نەماوەو
لەناو خاکا بۆتە خۆراك
بۆ مارو مێرووی گۆڕستان
بەڵام هێشتا گیانی پاکی
لە دوورەوە هاوار ئەکا

ئەفرینی خوا لە هەلپەرست
لە نۆکەرو لە خۆفرشان
پڕبەدەم هەتا تیایەتی
بانگ دەکا: هەزار مەخابن
هەتا لەگەل یەکتر وەکوو
ئاگری بن پووش‌و کا بن
لەشکرتان گەر لافاویش بێ
هەتا ماون بە هیچ نابن
کوردگەل وەرن پیاوی چابن
ئەوی خائین‌و خۆفرۆشە
هەمووتان لێی تەبەڕابن
ئەوی بۆ سەفتەی دۆلارو
گەورەیەتی کورد ئەفرۆشێت
لە ئاستیان قەت بێدەنگ نەبن
با هەتا ماون ڕیسوا بن

بنکەی ژین
www.zheen.org

## حیزبایەتی‌و کوردایەتی
## یا دەروێشی‌و شێخایەتی

١٩٩٢

بەینێکە کاکی دەروێش کزۆڵەیەو تەنهایە
دوورەپەرێزی خەڵکەو کونجنشینی دنیایە
ڕیشی بۆزو درێژەو بێبەرماڵەو بێتەزبیح
هەروەکوو جاری جاران دەنگی تەهلیلەی نایە

زۆرم لا سەیرە هەندێ کە بوو بە دەروێشی شێخ
لەلای وایە کوێرانە دەبێ ملکەچی شێخ بێ
بەبێ ئەو هەنگاو نەنێ‌و وەکوو سێبەری وابێ
بۆ ڕەشماڵی تەکیەی شێخ دەبێ وەك داری مێخ بێ

لەلایەك گوریسی ڕەشماڵ توند لە ملی ئاڵابێ
وەکوو دیلی ڕۆمانی گەردن شەتەکدراو بێ

شێخیش بە زەبری مێکوت بدا بە تەپڵی سەریاو
هەتاکوو نیوەی لەشی لەناو خاکا چەقابێ
کەچی پەلێك نەبزوێ‌و نەوێرێ تێر هاوار کا
خۆی لە شەتەکی گوریس‌و مێکوتی شێخ ڕزگار کا
هەر بۆ ئەوەی پێی بڵێن دەروێش دێوانەی چاکە
ئامادەبێ تا مردن کۆڵی شێخ لە خۆی بار کا
تا کورد خاوەنی سوپای وشکە دەروێشی وابێ
دەمیان لە ئاستی هەڵوێست وەك قفڵ داخرابێ
تەنها فەرموودەی شێخی لەلا ڕاست‌و ڕەوابێ
بەداخەوە تا ماوە وڵات ڕزگاری نابێ!!

## فیدڕاڵی

سلێمانی، ۱۹۹۲/۹/۳۰

بەرهەمی خوێنی چەند ساڵەی شەهیدانمان فیدڕاڵییە
یەکەم قۆناغی ڕزگاری‌و دەسگیربوونی ئازادییە
گەر لە سایەی فیدڕاڵیدا بتوانین بگەینە ڕۆژێ
ئیتر داگیرکەر نەتوانێت وەك جاران ئێسکمان بکرۆژێ
ئەگەر هەواڵی کوێخایەتی‌و ئاغایەتی‌و بتپەرستی
کلکایەتی‌و هەڵپەی دۆلار وڵات ئەخاتە نوشوستی
فیدڕاڵی سەرکەوتنێکی مێژوویی گرنگ‌و لەبارە
بەبێ بایەخ تێڕوانینی بۆچوونێکی ناهەموارە
وشەی فیدڕاڵی ژیلەمۆو پشکۆی ناو دڵی دوژمنە
تەنها هەر بە ناوهێنانی لەداخا جەرگی کون کونە
دوژمن بێ‌وچان خەریکی نەخشەی ئاژاوەو پیلانە
گەلەکۆمەکێی سێ‌کوچکەی تاقمی داگیرکەرانە
گورگی بۆر لە هەموان زۆرتر پەرێشان‌و پەشۆکاوە
چاوی بەرایی ناهێنێت ئارامی لەبەر بڕاوە
ئەگەر ئەمجارە ئەم هەلە لەدەست بدەین بەخۆڕایی
ئەم دەسکەوتە نەپارێزین بە هاوکاری‌و بە تەبایی
ئاشی دوژمن دەمانهاڕێ بە دەستاڕو بە بەرداشی

دەمانخاتەوە ژێر دەستی خۆی‌و تاقمی جاشی
هەرچەند ڕەخنەی ڕاست‌و ڕەوا ئەرکی سەر شانی هەموانە
پشت گوێ خستنی هەڵەیەو پیشەی کۆمەڵی نەزانە
بەڵام هەندێ کەسی ڕەشبینی وەك کوندەبەبووی کەلاوە
هەر لە ئێستاوە ڕەشماڵی هەرەسهێنانیان هەڵداوە
لەپاڵەوە بۆت ڕیزدەکەن ڕەخنەی ناڕەواو ڕووخێنەر
خۆشیان هیچ لەبارا نەبوو وەکوو داری زڕو بێ‌بەر
کاروان دەڕوا گێرەشێوێن کاروانی گەل ناوەستێنێ
با کوندەبەبووی کەلاوە بەستەی شوومی خۆی بخوێنێ

## سروودێك لە میهرەجانی
## شێخ مەحموودی مەزندا
## لە سلێمانی[1]

١٩٩٢/١١/٣

سڵاو لە گیانت شێخی قارەمان    ڕێبەری ڕێگەی سەختی تێکۆشان
هەڵگری ئاڵای بەرزو پیرۆزی    یەکەم دەوڵەتی خوارووی کوردستان
دانەری بەردی بناغەی کۆشکی    هیوای چەند ساڵەی باووباپیران
مژدە بێ ئیمڕۆ خاکی کوردستان    بە تێکۆشانی سەختی بێ‌وچان
بە هێزی بازوو و خوێنی شەهیدان    وا ڕزگاری بوو لە داگیرکەران
مژدە بێ هێزی فاشیستی خوێنخوار    لە کوردستانا نەما ملی شکان
تێپەڕی دەوری بەندی‌و دیلی    تەبایی بۆتە دروشمی هەموان
مێژوو قەرزاری میللەتی کورد بوو    بەزۆر بێگانەی بەسەرا سەپان
وا ئیمڕۆ قەرزی خۆی سەندۆتەوە    سەرکەوت (کوردستان) دۆڕانی (نەمان)

---

[1] لە شاری سلێمانی لەماوەی ڕۆژانی ١٩٩٢/١٠/١١ هەتا ١٩٩٢/١١/٣ میهرەجانێك سازکرا بە یادی تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ بەسەر ئیعلانی (مەلیکێتی)ی شێخ مەحموودی مەزن‌و دروستبوونی حکوومەتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەسمی‌و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان‌و دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران‌و بەندە بۆ سازکردنی ئەو ئاهەنگە لەدوای تێپەڕبوونی دوانزە ساڵ ئاوارەیی چوومەوە بۆ کوردستان‌و لە دەست پێکردنی میهرەجانەکەدا ئەم شیعرە لەلایەن لاوێکی هونەرمەند "خالد سەرکار" ئاوازێکی تایبەتی بۆ دانراو لەلایەن قوتابخانەیەکی کچانەوە کە لەلایەن "پاکیزە خان"ی کچی وەستا حەمە سەعیدی خەیاتەوە دەبرا بەڕێوە، ئەو سرووده بەو ئاوازە دەستی پێکرد.

شۆڕە سوارەکەی دەربەندی بازیان　　زامدارو دیلی بەردە قارەمان
مەردی ڕووبەڕووی دادگای دوژمن[1]　　ئاوارەکراوی (کوێت)و (هیندستان)
شێری ئەشکەوتی جاسەنەو سوورداش　　پڵنگی ئاوباریك، نەبەردی پیران
سەرت هەڵبڕە جەماوەری کورد　　ژنو منداڵو پیرو نەوجەوان
لە بیرەوەری حەفتا ساڵەتدا　　وا یادت دەکەن بە دڵو بەگیان

**کێشو تەرازووی نوێی نێو دەوڵەتان**

سلێمانی، ١٩٩٢/١١/٤

جووتێك زلهێزی ملۆزم ساڵەهایە وەك کەڵەگا
میللەتانیان هەڵدەپەڕان هەرلایە بە ئاوازی جیا
هەریەکەیان بە شێوەیەك خوێنی میللەتانیان دەمژی
دەیانخستنە ناو گێژاوی خۆخۆیی و شەڕی براکوژی
وایان دەرخست کێشەیان بینبڕکێی ئایدیۆلۆجی بوو
دەرکەوت چەکی کاریگەری هەردوولا تەکنۆلۆجی بوو
چەکی دەستەی سەرمایەدار زاڵ بوو بەسەر ورچەوانا
بۆری داو هێنایە ژێر بار لە زۆرانبازیی مەیدانا
هەرچەند هەردوولا خەنجەریان خستۆتە ناو کالانەوە
بۆ سوودی خۆیان بە ڕواڵەت موو ناچێتە بەینیانەوە
بەڵام لەدوای ئاشبەتاڵی سۆڤێتو دوای بەسەرهاتی
دوای هەڵوەشانی شیرازەو تێکدانی کەپرو ساباتی
دیارە ستراتیجی دەوڵەتان دەبێ ڕێبازی گۆڕابێ
کێشو گەزی پێوانەیان دەبێ پیاچوونەوەی تیابێ

بەداخەوە کورد تا ئێستا لە کوردەی دوو جەژنە بوو بوو
خەباتی ساڵەهای ساڵی دەرگای گرێژەنەی دەرچوو بوو

بنکەی ژین www.zheen.org

[1] ساتێك شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان بە برینداری بەدیل گیراو درا بە دادگایەکی سوپایی ئینگلیزەکان لە بەغداد، ساتێك "گرینهاوس" لە دادگاکەدا هەستاو دژی شێخ مەحموود دەستی کرد بە قسەکردن وەکوو لێپرسراوێکی حکوومەتی بەریتانیاو وتی شێخ بەوە تاوانبارە ئاڵای حکوومەتی بەریتانیی هێنایە خوارەوەو دڕاندیو ئاڵای حکوومەتی کوردستانی بڵاو کردەوە، بەرانبەر بەمە شێخ خۆی پێ نەگیراو کڵاو و جامانەکەی گرمۆڵە کردو گرتیە گرینهاوسو پێی وت: من لەم دادگا ناڕەوایەدا هەر ئەم چەکەم دەست کەوت بیگرمە تۆ کە هۆی تێکدانی حکوومەتی کورد بوویت.

جارجار دەکرا بە نەقیزەی کاروانچییەك لە کاروانا
وەکوو سفری لای چەپ وابوو لەنێو حیسابی دەوڵەتانا
بەڵام گەر کورد خۆی بگریٚو خۆی نەدۆڕێنێ
لای میللەتان قورسایی خۆی ئاشکرا کاو بیچەسپێنێ
وەکوو جاران ساویلکانەو سووك خۆی نەدان بەدەستەوە
کەللەڕەقی نەیخاتە ناو لیتاوو قوڕی خەستەوە
هەڵپەی ئاغاو کوێخایەتی نەیخاتە ئەڵقەی داوەوە
بێنبڕکێی ناوچەگەرێتی نەیخاتە ناو کەنداوەوە
لام وایە دەرگایەکی تازەش بۆ کورد دەکرێتەوە
بە یەکگرتنو تەبایی قەرزی خۆی دەسێنێتەوە

## دووبارە یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان

١٩٩٢/١١/٦

لە میهرەجانەکەی شێخ مەحموودا خوێنرایەوە

ساتێك شێخ مەحموود دوای تێکشکانی
دەزگای ڕزیوی کۆنی عوسمانیی
بە خۆیو هەموو هاوکارەکانی
ئاڵای میللەتی کوردیان هەڵکردو
حکوومەتیان دروست کرد لە سلێمانی

زۆری پێنەچوو پیرە مام ئینگلیز
کەوتە فڕوفێڵ بۆ سوودی خۆیو
(ترەست)و (کارتێل)ـە چاوبرسیەکانی
ئەو تاقانەیەی کوردی لەناوبرد
بە زەبری بۆمبای فڕۆکەکانی

بەپێی بڕیارو نەخشەی (داونینگ ستریت)
نەوتی ژێر زەویی موفتی کوردستان
بەکێش کرا بۆ سەر کەناری دەریاو
کرا بە سەرچاوە بۆ پڕکردنی
گیرفانو قاسەی کۆمپانیاکانی

بەڵام خەیاڵی ڕێویی ئیستیعمار
وەکوو خەیاڵی تلیاککێش وابوو
لای وابوو تاسەر بۆی ئەچێتە سەر
لەسەر حیسابی کوردی قوڕبەسەر
وا ئیمڕۆ هەرچیی هەبوو، دۆڕانی

وا ئیمڕۆ گەلی تێکۆشەری کورد
لەدوای خەباتی ساڵەهای ساڵی
بە خوێنی ئاڵی گەشی شەهیدان
زۆربەی وڵاتی گرتوەتە دەس خۆی
ڕزگاری کردووە لە دوژمنانی

کوردە وا ڕەمزی تێکۆشانی کورد
شۆڕەسوارەکەی بەردە قارەمان
مەلیك مەحموودی سەروەری هەموان
وا بە کوێرایی چاوی ناحەزان
ناوی پیرۆزی ئەدرەوشێتەوە
وەك شێری نەڕو نەبەردی مەیدان
ئاواتەکانی... ئامانجەکانی
بووە بە پرۆگرامی ڕێگەی تێکۆشان

وێنەی لە مێشکی تێکۆشەرانا
بەدەوری نەخشەی گشت کوردستانا
سروەتی نییەو هەر دەخولێتەوە
وەك سەردەمی خۆی بە دەنگی زوڵاڵ
بەستەی ئازادیی کورد دەڵێتەوە
ئاڵا بەرزەکەی جارانی مەحموود
لە چیاو دەشتا دەشەکێتەوە

با دوژمنی کورد تەواو تێبگا
کورد نەمردووە، خەیاڵی خاوە
تازە ئاڵای کورد نانەوێتەوە
هاکا دەبینرێ ئاڵای ڕەنگینی

کورد لە سابلاغ‌و لە ئامێدیدا
بە بای ئازادی دەشەکێتەوە
سەهۆڵبەندانی ڕۆژانی نەهات
کۆتایی هاتووە، وا دەتوێتەوە

مژدە بێ کوردگەل مژدە لە هەموان
(تۆوی مەلیک) لە دڵی هەموانا
چەکەرەی کردووە، سەوز دەبێتەوە
لەجیاتی (حەوزی مەلیک)ی جاران
فرمێسکی شادی وەکوو مرواری
لەناو گلێنەی چاوی هەموانا
وەك قوڵپەکانی ئاوی سەرچنار
بە یادی جاران هەڵدەقوڵێتەوە

جاسەنەو سووورداش، دەربەندی بازیان
شاخی سەگرمەو شاهۆو هەورامان
پیرەمەگروون‌و گوێژەو بەرانان
هەموو ڕازاوەن ڕەنگیان سەد تەرزە
مژدەی ئازادی ئەدەن بە یەکتر
هەموو دڵخۆشن گەردنیان بەرزە

ڕیزی هەڵپەڕکێی کاژاو و ئەزمڕ
سەرچۆپیکێشی بەجۆش‌و کوڵیان
(داریکەلی)یە وەك بوومەلەرزە
ژێر پێی دوژمنان دەهێننە لەرزە

گوێم لە هاواری شێخی مەزنە
بانگ دەکاو دەڵێت: دەستم دامانتان
کەمتەرخەم مەبن، دوژمنتان زۆرە
یەك بگرن هەموو ڕووبەڕووی دوژمن
ئاڵای یەکێتی با بشەکێتەوە

نەکەن هەروەکوو سەردەمی ئێمە
بە ناتەبایی‌و گێرەشێوێنی‌و

هیوای گەورەیی و خۆبەزلزانین،
بە کەللەڕەقی و ناوچەگەرێتی
مافی میللەتتان لەبیر بچێتەوە

بە نەخشەو فیتو پلانی دوژمن
چرای ئازادی با نەکوژێتەوە
گوڵاڵە سوورەی باخی هیوای کورد
بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهید
با لە گوڵدانا هەر ڕازاوە بێ و
بە دەستی دوژمن نەژاکێتەوە

## لە یادی ٣٠ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا "گۆران"دا

**(لە سلێمانی ڕۆژی ١٩٩٢/١١/١٨)**

ئەی مامۆستای شیعرو ئەدەب
لە بیرمە (٣٠ ساڵ) لەمەوبەر
خۆت ئاسایی بە دەنگی نەرم
فەرمووت: هەردوو کاکە حەمە[١]
شێرپەنجە زەیفی لێ سەندووم
خەریکە ڕیشەم دەرکێشێ
مەرگی خۆمم لەبەر چاوە
مانەوەم لێرە ستەمە[٢]
با ئەرکی بردنەوەی تەرمم
نەبێتە باری سەر شانتان
بۆیە تا هێزم تیا ماوە
دەڕۆمەوە بۆ کوردستان
لەوێ منو زۆرانبازیی

---

[١] مەبەست لە هەردوو حەمە: مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمو بەندە بوو کە بە زۆری ئێواران دەچووینە خزمەتی.

[٢] مەبەست لێرە بەغداد بوو کە لەدوای گەڕانەی لە مۆسکۆ، ئێواران لەگەڵ هەندێك دۆستو برادەران دەچووینە خزمەتی.

مەرگ‌و ژیانی پڕ لە ژان
هەتا ئەوکاتەی دەبڕێمەوە
ناو دوو کێلی گردی سەیوان
مامۆستا گۆران لەبیرمە
لە چوارچێوەیەکی ڕەشدا
هەواڵی مەرگتم خوێندەوە
تاس بردمیەوە لە شوێنی خۆم
کۆچی جەرگبڕو دڵتەزێن
بوو بە ڕێشکەو پێشکەی چاوم
لەشی لاوازتم دەبینی
توابووەوە هەروەکوو مۆم

گۆرانی خێرلەخۆنەدیو
بەر لە مردنت تاقمێک
هەوڵیان دا نووکی پێنووست
بێدەنگ کەن‌و بیقرتێنن
هەوێنی شیعری ئازادی‌و
سەربەستیی دنیای ئاواتت
کە بەرهەمی ژیانت بوو
بێ‌نرخی کەن، بیبزڕکێنن
دوای مردنیشت وەک هەموو
شاعیرێکی ئازادیخواز
دەروێشەکانی ئەهریمەن
ویستیان ناوت بزڕێنن

بەڵام هەمووی بێهوودە بوو
ڕووڕەشییان بۆ مایەوە
سەهۆڵبەندانی هەڵوێستیان
زۆری نەبرد توایەوە
دەنگی پەپووی ناو کەلاوەی
کۆنەپەرست بە ناسازی

www.zheen.org

تەنها هەر لەناو کەلاوەی
خۆیا دەنگی ئەدایەوە

ئەوانەی هەموو دوژمنی
وشەی ڕەوانو ڕەسەنو
هەڵوێستی پاكو بێگەردی
ئازادیخوای کوردستان بوون
هەموو دەروێشی ملهوڕو
وشکە صۆفیی ئەڵقەلەگوێو
کاسەلێسی ناو بتخانەی
تاقمی بتپەرستان بوون
هاوبیری وەردیانەکانی
مفتەخۆری ناو زیندان بوون
هاوڕەفتاری ئەژدەهاکی
بە خوێن تینووی بێویژدان بوون

شیعری پڕ هونەری بەرزت
قەت نەلەنگاو چڵکن نەبوو
بە نووسینی ناو لاپەڕەی
زەردی کرێگرتەی بێگانە
هەتا دواهەناسەی ژینت
هەتا دوا دێڕی نووسینت
کۆڵت نەدا لەو ڕێبازەی
جێگەی شانازیی هەموانە
شیعرەکانت لای شاعیرو
ئەدەبدۆستی پاكو بێگەرد
چرای ڕووناکی ئازادیو
ڕێی خەباتو تێکۆشانە

دەروێش عەبدوڵڵای شمشاڵژەن
کوانێ لە کوێی بە ئاوازێك
فوو بکەی بە لوولەی شمشاڵتا

بۆ یادی مامۆستا گۆران؟؟
سیاچەمانەی هەورامان
بە یادی ڕۆژانی جاران
لە باخچەی کۆشکی ئازادی
چەیکێك گوڵی بۆنخۆشی جوان
بکەنە ئەکلیلی دەستی
ئازادیخواو تێکۆشەری
ڕێگەی خەبات و تێکۆشان
بۆ گۆڕی مامۆستا گۆران

## مووشێنی سیاسیی لای هەندێ لە سیاسەتمەداران

لەبیرم دێ منداڵ بووم، یاریی مووشێن باوی بوو
میچ و هەڵمات لای منداڵ وەك گلێنەی چاو بوو
گیرفانی منداڵی ئەوسا پڕ میچی ڕەنگاوڕەنگ بوو
هەڵماتی بەردی خاڵدار گرانبەهاو پەسەنگ بوو
ئەوەی پیلکەی ڕاست بوایە براوەو دەسوەشێن بوو
لەناو منداڵی گەڕەکدا زل بوو، بەگی مووشێن بوو
سەیرە ئیمڕۆ لەجیاتی میچی مووشێنی جاران
بیروباوەڕ ڕەنگ کراوە لەلای سیاسەتمەداران
هەر ڕۆژە لە بازاڕێك ڕەنگێك دەکرێ بە بەریا
هەر ڕۆژە بە هەڵماتێك ئەدرێ بە تەپڵی سەریا
سەودایە، مامەڵەیە، جامبازیو دەسبڕینە
گۆڕەپانی سیاسەت ڕازاوەیەو نەخشینە
کوردایەتی کووتاڵی مەزادخانەی مەیدانە
دۆلار بتی بتخانەی تاقمی بازرگانە
بەزمە فڕانفڕانە، پڕکردنی گیرفانە
هەلپەرست پاروگلێنی پاشماوەی سینی و خوانە
دەمی ڕاستگۆ لە ئاستی بێبار چۆتە کلیلە
ترسنۆك لەژێر باری بێدەنگیدا زەلیلە
منجەمنجی ژێر لێوو بۆڵەی کونجی مەیخانە

به کەڵکی فلسێك نایەو بێکەڵکە لەم زەمانە
دەنگێك نەگاتە گوێچکەی هەلپەرستو خۆفرۆش
وەك دووکەڵی بێ ئاگر هیچی پێ نایەتە جۆش
مافیای کەڵەگای میللەت تا بڵێی بێویژدانە
نرخی میللەتی لەلا وەك تۆڵەکە هەرزانە
تا کورد بتی بتخانە ورد نەکا بە پێلەقە
تا ماوە ڕزگار نابێ لەو تاقمە گوێلەقە
کە خۆی بە میراتگری ئاغایەتی دەزانێ
میللەتی لەلا سووکە وەك نرخی لەتە نانێ

## دەسنیشانکردنی دۆستو دوژمن

کوردگەل لەم ڕۆژە ناسکەدا
کە دوژمن نیازی وایە
بەپێی تازەترین نەخشەی
لەناوت باو تۆوبڕت کا

بە ئاشکرا نیازی وایە
هەروەکوو پەڕەی کاغەزێك
لەناو لەپیا گرمۆڵەت کا
شڕو ونجڕ ونجڕت کا

ئا لەم هەڵوێستە ناسکەدا
نەکەی هەروا ساویلکانە
دۆستی درۆزن دەستت بڕێ
بە لایلایەو بەڵێنی درۆ
بە زمانی لووسو شرینقەی بەنج
بتخەڵەتێنێو سڕت کا

جارێك خەڵەتاندمت، خوا بتگرێ
دووجار خەڵەتاندمت، خوا بتگرێ
سەری سێجارە، ئەمجارە
دەبێ بڵێم خوا خۆم بگرێ
پەندی کۆنی پێشینانە

بەداخەوە ئەم میللەتە
بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ
بە دڵپاکیو خۆشبڕوایی
جارەها دەستی بڕاوە
تا حیساب بۆ جەماوەر نەکرێ
دایم بەشمان تێکشکانە
ماڵوێرانییە... دۆڕانە!!

## تەنگە چیکڵدانە

کە جاش ئێستری سرکو تۆڕ
مێشێك دەنووسێ بە گەڵیا
لە ناو تەویلەو تەیمانا
یا نووکی دڕکێك دەچەقێت
بە لاسمتو بەبن کلکیا
لەکاتی هەڵتیزاندنو
بارخستنی چەتوونیدا
لە ڕێگاوبانی کاروانا
پەتو ڕەشمەی دەپچڕێنێو
بە هەرچوار پەل سەما ئەکاو
بە چواردەوریا جووتەو لەقە
دەهاوێژێت بە ئاسمانا

یەکسەر بەراوردی دەکەم
لەگەڵ هەندێ کەسی سەرکێش
کە چۆن تەنها بە فیکەیەك
بە ڕەخنەیەك... بە سەرنجێك
بۆی هەڵدەستێتە سەر پاشوو
جووتە ئەدا لە هەر کەسێك
ڕەشمەی بگرێو بیوەستێنێ
لە کەفوکوڵی تووڕەییو
پەلامارو جنێودانا

زۆرمان ماوە وەك میللەتان
فێربین بەرگەی ڕەخنە بگرین
بۆیە حاڵمان بەم حاڵەیە،
هەزار کردەوەی ناهەموار
ڕوو ئەداو دەم ناکرێتەوە
بۆ دەس‌خستنە ڕووی تاوانبار
لە کۆمەڵگای کوردستانا

## دووبارە دەردی منمنەو خۆخۆیی

ئەم چەند دێڕە پێشکەش بە گیانی پاکی حاجی قادری کۆیی، ئەو شاعیرە مەزنەی تەواو لە دەماری زۆر کەس گەیشتبوو، بۆیە شیعرەکانی هەمیشە هەروەکوو نەشتەر ئاڕاستەی ئەو دەردە کوشندەیە کردبوو، کە لەم دوو دێڕە شیعرەدا بە خەستی‌و چڕی خۆی دەربڕیوە کە فەرموویەتی:

١. کوردی ئێمە نەزان‌و پاشکەوتەن — پێکەوە پووش‌و ئاگرو نەوتن
٢. بۆ میرانی غەیرە دەبنە گزیر — نەك لە خۆیان یەکێك بێتە ئەمیر

بەڵێ خاڵۆ حاجی قادری شاعیری مەزنی کورد، بەڕاستی هەرچیت فەرمووە، هەموویان هەروەکوو نەخشی بەرد وابوون، بەڵام چۆن نەقشێك‌و چۆن بەردێك؟؟ نەقشی شاعیرو هونەرمەندێکی دڵسۆز کە هەر دانەیەکی وەکوو جەواهیر وایەو لەسەر بەردی بەنرخ ڕازێنراوەتەوە. بە یادی ئەو دوو دێڕەتەوە ئەم شیعرەت پێشکەش دەکەم.

دەمێکە کوڵەواری دەردی یەکتری شکێنین
بەرانبەر یەك تا بڵێی ماموٚستای شەڕەجوێنین
کەس بە کەس ڕازی نییە گەر یەکێك لێهاتوو بێ
بە درۆ و دەلەسە ناوی سووك دەکەین دەیزڕێنین
بەرانبەر یەك خۆخۆرین، لەگەڵ یەکتری ناپاکین
تۆی ڕق‌و ناکۆکی‌و دووبەرەکی دەچێنین
لە جێی ئەو یەك بگرین دوژمنان ببەزێنین
کەچی وەك (تەڵەو ڕێوی) کلکی یەك دەقرتێنین
گەر کوردێکی لێهاتوو کارێکی باشی کرد
چاومان بەرایی نایە بە باشی ناوی بێنین
چیم پێ دەڵێن با بڵێن دەمێکە پیشەمانە

ملکەچ کەین بۆ بێگانەو سەری بۆ بلەقێنین
بەداخەوە فێر نەبووین بۆ بەرژەوەندی وڵات
ڕۆژێك لە ڕۆژان سەری ڕێز بۆ یەك دەنەوێنین
ئای نەخۆشیی منمنە، ئای دەردی خۆپەرستی
تا ئەم دەردەمان تیابێ سەرو ماڵ ئەدۆڕێنین

## هۆرەی دەروێشە پرچنەکان

١٩٩٦

دەروێشی پرچن خۆی کەشکۆڵو زەرگی دەستی
زمانی تیژو پاراوی وەك چیکەنەو مەقەستی
سۆزی هۆرەو تەهلیلەی بۆ پیاهەڵدانی شێخە
ڕەشمەو جڵەوی مێشکی سنەککراوی مێخە
هاواری یا شێخ ئامان، حاڵ لێهاتن، کەف چاندن
زرمەو نەعرەتەی کۆڕو بازەقەی شیر وەشاندن
پیشەی بەچکە مەیموونەو دەرسی مەیموونەوانە
بۆ دەروێشی دەستەمۆ، بۆتە یاسای ڕۆژانە
دەروێش وەك بەچکە مەیموون چۆن فێر کرابێ، وائەکا
شێخ چۆنی ڕاهێنابێ بەو جۆرە سەما ئەکا
(سەگی کونە ماسییەو پاسی جرتاوا ئەکا)

ئاسمانی حەزرەتی شێخ ئەگەر هەورو هەلا بێ
تەرزەو بەفرو باران بێ، شێخ چەتری خۆی هەڵدابێ
سەدجار ئاسمانی دەروێش ساماڵو خۆرەتاو بێ
زەوی وشكو برنگ بێ، خەڵك لە گەرما سووتابێ
دەروێش ناچارە دەبێ لەژێر چەترا وەستابێ
جووتێك گۆرەویی خوریو پووزەوانەی لەپێابێ
بەڵام گەر ئاسمانی شێخ ساماڵو هەمووی شین بێ
پەڵە هەورێك نەبینرێو قرچەی گەرمای هاوین بێ
چش با ئاسمانی دەروێش هەورە تریشقەو باران بێ
تەرزەو کرێوە تۆفو بەفرو سەهۆڵبەندان بێ
مادام یا شێخ بێ چەترو بێ جزمەو مشەمایە

دەروێش چ ڕای ئەکەوێ بڵێت تۆفو سەرمایە
دەروێش وەك بەچکە مەیموون چۆن فێرکرابێ وائەکا
شێخ چۆنی ڕاهێنابێ بەو جۆرە سەما ئەکا
(سەگ سەگی کونەماسی یەو پاسی جڕتاوا ئەکا)

سەیرە! شێخ بە ئاشکرا گورگ دۆستی دێرینیەتی
شێخ "فەرهاد"ەو "کاکەمەم" گورگ "شیرین"و "زین"ێتی
کەچی دەروێش زات ناکا بڵێت: قوربان وانابێ
گورگ کەی شیرینو زینە؟! ئەم کارە نابێ وابێ
یا گەر کەسێك کفری کرد، پرسیی: بۆ شێخ لای داوە
یا خوانەخواستە بڵێت: شێخ تێك چووەو ڕێژگاوە
ئیتر مەپرسە حاڵی، دەروێش لێی ورووژاوە
وەك دەواری شڕ وایە بەدەم بای ڕەشەبایە

دەروێش وەك بەچکە مەیموون چۆن فێرکرابێ وائەکا
شێخ چۆنی ڕاهێنابێ، بەو جۆرە سەما ئەکا
(سەگ سەگی کونەماسی یەو پاسی جڕتاوا ئەکا)

ژینگەی ژین
www.zheen.org

## بۆ کاکەی شوانی ڕەنجەڕۆ

شوانە هۆ شوانە، شوانەی ڕەنجەڕۆ
شوانی مایەپووچ کاکی دەسخەڕۆ
بە چلەی زستان، بە گەرمەی هاوین
بە تویێی فەرەنجیو بە کلاشی پەڕۆ
بە وشکە مزیو بە مەمرەو مەژی
بە شۆربای بێتام، خەپلەی ئاردی جۆ
چەند ساڵ شوانیت کرد بە پاکیو ڕاستی
بە هەزاران مەڕ بێدەنگ دەستەمۆ
قەفی گۆچانت لە ملیان گربوو
هەموو گوێڕایەڵ، دڵسۆز لەسەرخۆ
کەچی داخەکەم دوای ساڵەهای ساڵ
ئاژەڵ پرشو پڵاو، بێکەس، سەرەڕۆ

داخی گرانم بۆ دڵشکانت
بۆ بێهوودەیی ئەرکی ژیانت
بۆ ڕەنجەڕۆییو بەفیڕۆچوونی
خەباتی سەختی ڕێی تێکۆشانت
بۆ کۆتو زنجیر، بۆ کەلەبچەی دەست
سێدارەو پەتی ملی شەهیدانت
ڕەنجی چەند ساڵە بوو بە قوربانی
ئاشبەتاڵێکی مام ورچەوانت

ئێستا ورچەوان وا خۆی دەرئەخا
هەر "قەیصەر"ەکەی جاری جارانە
هەرچەند لە ڕاستیو بە کردەوەیدا
شوانی (یانکی)یەو فەرەنجی لە شانە

گاڵۆك بەدەستەو شمشاڵ ئەژەنێ
لە زەماوەنی بتی دۆلارا
پاشماوەخۆری سەر سینیو خوانە
سەرچۆپیکێشی شایی لۆغانە

شێری مەیدانیان ئێستا (پۆتین)ـە
بە هاشو هووشو بە خۆبادانیا
بەڵام نۆکەری دەستەی مافیایە
خاڵۆی (K G B) کە لای خەڵك وابوو
هەموو ژیانی بۆ ڕزگاربوونی
ئێستا دوژمنی ئاشتیخوازانەو
ئومەمییەتو مافی چارەنووس
ئەمەش دەرسێك بوو بیر ناچێتەوە
شاگردی وەستای میللەت مژینە
خۆی وا دەردەخا قورسو سەنگینە
وەك (یانکی) فێری درۆ و دەسبڕینە
دۆستی هەژارەو دژی خوێنمژینە
چینی چەوساوەی سەر ڕووی زەمینە
خوێنەخۆری کۆتری جوانو نەخشینە
لای ئەو بالۆرەو مەشکەژەنینە
ئاشبەتاڵێکی پڕ پێکەنینە

## پیریو بیرەوەری

برادەرێکی خۆشەویستم جارێك دای بە گوێماو پێی وتم: بۆچی لەدوای هەردوو زنجیرەی بیرەوەریەکانت (مەبەستی بیرەوەریو کوێرەوەری– چاپی ساڵی ١٩٨٤ بوو) هەوڵ نادەی بیرەوەریەکانی ترت تا ئەم ڕۆژانە بنووسیتەوە بە ئومێدی چاپکردنیان. منیش کە ئەمەی پێوتم لەوکاتەدا خەریکی نووسینی هەرسێ بەشەکەی (باکووری کوردستان) بوومو نیازیشم وابوو شتێك دەربارەی (کۆمەڵەی هیوا– یا حیزبی هیوا) بنووسم، پاش تەواوکردنی ئەو سێ بەشەی باکووری کوردستان هەروەکو لە پێشەکیەکەشدا باسم کردووە، جگە لەوانە شیعرەکانی دوای دوا زنجیرەم پەرەوازە بوونو دەبوایە کۆم کردنایەتەوەو چاپیان بکەمو پیریش وەکوو مەولەوی فەرموویەتی پێم دەڵێت:

پیری پێم دەڵێت درەنگە های خزمە     دانەوە، دەرگای ڕێی مردن نزمە

بۆیە ئەم چەند دێڕە شیعرەم بۆ هات بۆ وەڕامی پێشنیازی ئەو دۆستە خۆشەویستە کە بەداخەوە بەر لە چاپکردنی ئەم زنجیرە شیعرانە کۆچی دوایی کرد.

پیر بوومو توانام نەماوە
خەمو پەژارەی ناو مێشکی
پڕ لە ژەنگوژارو خڵتەی
ساڵەهای ساڵی ژیانم
بە چەند دێڕێك مشتوماڵ کەم

توانام نییە گوێچگەو دەمی
مێردەزمەی مێشك تەزێنم
هەروەك ڕۆژانی جاران
بە جۆشی هیواو ئاواتێك
بۆ ئێجگاری كەڕو لاڵ كەم

تازە پیربووم‌و ناتوانم
بەم دەست‌و پەنجە لەرزۆكە
باخی ئومێدو ئاواتم
لە دڕك‌و داڵ‌و گیاكەڵەی
ناو مێشك نەختێك بژار كەم

ناتوانم ڕستی زنجیرەی
بیرەوەریی لێكپچڕاوی
ساڵەهای ساڵ بە زنجیرە
بە ڕیز هەموویان تۆمار كەم

بەداخەوە پەكم كەوتووە،
نە دەست‌و مەچەكی ماندووم
وەك جاران توانای ماوەو
نە پێنووسم بە ئاسانی
لەناو پەنجەدا گیر ئەبێ

هۆشم وەك منداڵی ساوا
وڕكی گرتووە، بۆم ڕام نابێ
نازانم بە كام ئاوازو
بە كام لایەلایەی ناو بێشكەی
شەق‌وشڕی مێشكی ماندووم
بێدەنگ ئەبێ‌و بۆم ژێر ئەبێ!؟

www.zheen.org

## وەرامی نامەی برادەرێکی بەڕێزم
## دوکتۆر ئیحسان فوئاد

دوابەدوای ئەو شیعرەی پێشوو لە دوکتۆر ئیحسان فوئادەوە بە یادی جاران نامەیەکی بۆ ناردبووم، لەگەڵ دیارییەکدا کە بریتی بوو لە بەرهەمێکی تازەی بەنرخیو داوای لێ کردبووم سەرێك بدەمەوە لە کوردستان. لە وەراما بۆم نووسی کە بەداخەوە لەبەر پیریو نەخۆشی پەکی هاتوچۆم کەوتووەو ئەم چەند دێڕە شیعرەم لەو ڕووەوە بۆ نارد:

کاکی برا، هەر مەپرسە
پیر بوومو پەکم کەوتووە
دەماری پیرە سابرێنی
پەککەوتە هەمووی مردووە

جومگەی لەشم سستەو بێهێزە
پەنجەکانم وەکوو چلوورەی
گوێسەوانەی چلەی زستان
تەزیوەو پێکا لکاوە،
نابزوێ هەمووی سڕ بووە

ژەنگوژاری مەینەتو غەم
لەناو مێشکی کاسو وڕدا
چین بە چین نیشتوەتە سەر یەك
وەکوو شانەی زەردەزیرە
هەمووی قەتماغەی بەستووە

مۆتەکەی مەرگ وەکوو ڕاوچی
پەلەپیتکەی لەسەر پێیەو
گوێ ناداتێ، پیری لاوی
بەدوای گیانا دەخولێتەوە
چاوقایمو بێ ئابڕووە
کە بە هەزاران خونچەی گوڵ
بە بای وەیشوومە هەڵوەری
منی پیری بەساڵاچوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

لنگەفرتێم خۆڕاییی‌یەو
وا دیارە نۆرەم هاتووە

## ڕەوڕەوەی مێژوو

بەڵێ ڕاستەو ڕاستیان فەرموە
لاپەڕەی مێژوو و قوتابخانە
شارەزابوونی ژیانە
ڕێبەرو زاناو مامۆستای
فێرکردنی ڕێی خەبات‌و
ڕێگەی ڕاستی تێکۆشانە

سوودوەرگرتن لە ڕووداو و
بەسەرهاتی ساڵەهای ساڵ
وەك مێژوو تۆماری کردووە
بێ لێکدانەوەی ژیرانە
بە ئاسانی دەسگیر نابێ‌و
کارێکی قورس‌و گرانە

بیری وردو لێکدانەوەی
زانیارانەی لەگەڵ نەبێ
هەموو هەوڵ‌و تێکۆشانێك
تەقەلایەکی بێسوودەو
سەرئەنجامی خۆڕاییی‌یەو
دۆڕاندن‌و تێکشکانە

ئەوی کوێرانە مل بنێ‌و
گوێ نەداتە جەماوەرو
میللەتی لا بێبایەخ بێ
تەنها هەر بۆ ئاغایەتی
بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆی
پشت ببەستێ بە بێگانە
سەریش کەوێ بۆ ماوەیەك

بنکەی ژین
www.zheen.org

زۆر پێ ناچێت دەبینێ
چەند هەڵەیەو پەشیمانە
خۆشی لێ گێل کا دەزانێ
چۆن لای جەماوەری میللەت
شەرمەزارو سەرگەردانە

شەپازللەی دێوی مێژوو
ڕەخنەی جەماوەری تووڕە
زۆر کەس دێنێتەوە ژێر بار
لە کلاوڕۆژنەی مێژووەوە
تێی دەخوڕن، بانگی دەکەن
ئای مەرحەبا کلك ئارداوی

بە ناچاری وا هاتیەوە
سەربازی بەرەی کوردەواری
ئای چەند ڕێژگاو و لووتبەرز بووی
لەپاش چەندان لە خۆت گەیشتی
چۆن لە ڕێبازی میللەتو
ڕەشوڕووتی گەل جێماوی

ئەوی شارەزای ڕووداو و
بەسەرهاتی مێژوو نەبێت
تووشی سەد کارەسات دەبێ و
نازانێت خۆبەزلزانین
چەند کارێکی ناڕەوایە
چەند پەشیمانیی لەدوایە

نە لووتبەرزیو فیزو پۆزو
نە دەستو پێوەندی زۆری
کاسەلێسو گێرەشێوێن
لە ڕۆژانی تەنگانەدا
بە کەڵکی پوولێك نایە

## هەلپەرست

تەشیڕێسی خۆی هەیە هەموو دەورو زەمانێ
بلوێرژەنی خۆی هەیە هەموو لاو دیوەخانێ
شاباشکەری خۆی هەیە هەموو شایی لۆغانی
پارووگلێنی خۆی هەیە هەموو سەر سینیو خوانێ

بێباریو هەلپەرستی لای هەندێ لەو کەسانە
کاسبییە، مامەڵەیە، پڕکردنی گیرفانە
نە شەرمەو نە شوورەیی، ڕەوشتێکی ژیانە
ئەوی لە کیسی خۆی با، گێلە، گەمژەو نەزانە

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
هەزار ڕەحمەت لە خۆیو زمانی تیغی دەبانی
هەر هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی دەزانی
هیچی بێبەش نەکرد لە پلارو گورزەکانی

## باکووری کوردستانو
## مێژووی هەشتا ساڵ لەمەوبەر

**کاپتن** (W.R.Hay) **لە کتێبەکەیدا** (Two year in Kurdistan) **چاپی لەندەن، ساڵی ١٩٢١ وتوویەتی: ((جارێ کورد لە باکووری کوردستانا بەتەواوی خەبەری نەبوەتەوە، ئەوکاتەی بە تەواوی خەبەری دەبێتەوە، هەمووی ڕادەپەڕێت، ئەوسا بناغەی ڕژێمی تورك دەهێنێتە لەرزە)). لەڕاستیدا کاپتن (های) بەر لە هەشتا ساڵ باشی بۆ چووبوو، شۆڕشە پچڕپچڕە لێکدابڕاوەکانی ١٩٢١ بەدواوە لەبەر ناتەباییو نەبوونی نەخشەیەکی شارەزایانە بۆ هاوکاریکردنی هەموو دانیشتوانی ناوچەکان لە شۆڕشی ئاگری داغەوە تا شۆڕشی دەرسیم، کە بەداخەوە هەر شۆڕشە بەجیاو لەکاتی خۆیدا دامرکێنرانەوەو ئەمڕۆ کورد لە هەموو باکووردا دوور لە ناتەباییو ناوچەگەرێتی هەموویان بۆیان دەرکەوتووە پێویستە هەڵەکانی پێشوو دووبارە نەکرێنەوەو ناکۆکی لەناویانا ڕوو نەداتو ئەم هەڵوێستەیان بۆچوونەکەی کاپتن های هێناوەتە دیو ئیمڕۆ لە ئەنجامی خەباتی شۆڕشگێڕانەو یەکخستنی (خامەو شیر، قەڵەمو چەك) وەك ئەوەی ئەحمەدی خانێ داوای لە کورد کردووە، ڕژێمی تورکیان وا لێ کردووە ڕادەو پلەی ئابووریی تورکیای ئاڵۆز کردووەو چارەسەری باری ئابووری خۆی پێ ناکرێو ناچاری کردووە، هەروەکوو جاران بە حکومەتی (عوسمانی)یان وتووە (پیاوە**

نەخۆشەکە)، ئیمڕۆ شایانی ئەوەیە بە ڕژێم بوترێت (پیاوە سواڵکەرەکە)و دەست بۆ هەموو لایە پان ئەکاتەوە خێری پێ بکات، بەڵام هەوڵەکانی هەمووی بێ سوودە.

ئەم شیعرەم پێشکەشی گیانی پاکی شەهیدانی ڕێی ڕزگارییە لە باکووری کوردستان کە بۆ یەکەم جار ئافرەت سنگی خۆی کردووە بە قەڵغان وەکوو ئەو شیعرەی پیرەمێرد لە شیعرەکەی نەورۆزدا فەرموویەتی:

تائێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

**شۆڕشی ئازادیخواو ڕاپەڕینی تێکۆشەرانی باکووری کوردستان**

ئیمڕۆ ناوی کورد وەکوو ڕۆژ بەرزەو ئەدرەوشێتەوە
وا لە ئاسمانی جیهانا بێوچان دەخولێتەوە
تا بە مافی خۆی نەگا وەك میللەتانی ڕووی زەمین
شۆڕشی ئازادیخوای ئاگری ناکوژێتەوە
با ڕژێمی (گورگی بۆز)ی فاشیست زۆر باش تێبگا
تازە ئاڵای شۆڕشی کورد بەرزەو نانەوێتەوە
فڕۆکەو تۆپ و تانکی (یانکی) بۆ سوپای نەوەی مەغۆل
میللەتی ئازادیخوای کوردی پێ ناتوێتەوە
ئەو ڕژێمەی ساڵەهایە کوردستان وێران دەکا
وەك بزن سەد قۆچ لە شاخ با، شاخی خۆی دەشکێتەوە
یادی شەهیدانی پیران، شۆڕشی (ئاگری)و (دەرسیم)
ئەرکی سەرشانی هەموانە تۆڵەیان بسێنرێتەوە
کورد خەڵاتی مافی ناوی خۆی دەوێ بێچەندوچوون
مافی کورد قەرزە لەسەر مێژوو، دەبێ بسەنرێتەوە

## پاشکۆی (٢)

## بۆ ئەو شیرینەی مامۆستای کۆچکردوومان کردبووی بە دروشمی کوردستان

شیرین فەرهادی دۆستی دێرینت      مەستی شەرابی شێوەی شیرینت
وەلی دێوانەی هەردەو کۆسارت      هاودەردی خەمو ئێشو ئازارت
هەتاکوو لاو بووی، باری ژیانی      پڕ بوو لە کێشەو لە نیگەرانی
خەمی کوردستان ژیانی ورووژان      (ژانی گەل) لای ئەو بوو بە ئێشو ژان
بوو بە دەروێشی ناو کوردەواری      بە چراهەڵگری ڕێگەی ڕزگاری
زرەی زنجیرو کۆتی ناو زیندان      کوڵی پێ نەداو دڵی نەلەرزان

بە دەربەدەریو دوورەوڵاتی      کە هەر ڕۆژێکی مەرگێکە ساتی
ورەی تا بڵێی هەمیشە بەرز بوو      بانگی ئازادیی بەرزو سەد تەرز بوو
نە خاوەن کۆشك بوو، نە خاوەن تەلار      نە مارسیدسو نە سەفتەی دۆلار
تەنها ئیمانی بە کوردستان بوو      بە یەکپارچەیی یەك نیشتمان بوو
ناوچەگەرێتیو لێکترازانی      بە تاوانێکی زۆر زل ئەزانی
کۆنگرەی کوردستان دروشمی ژیانی بوو      خۆراکی ڕۆحو دڵو گیانی بوو
تەبایيو ئاشتیو لەیەکتربوردن      ویردی دەمی بوو تا کاتی مردن

گەرچی پیر بووبوو، لەشی بەبار بوو      گیرۆدەی دەردو ئێشو ئازار بوو
بەڵام ناوی کورد، وشەی کوردستان      لەلای ئەو بووبوو بە حەبو دەرمان
بەپێ، بە خۆیو پیرە گۆچانی      قەت ماندوویەتیی ڕێی نەئەزانی
سرەوتی نەبوو، نەشتەری زمانی      بووبوو بە چەکی ڕێی تێکۆشانی
وەکوو هەنگ وێڵی ڕێی سەربەستی بوو      دژی خۆفرۆشیو بتپەرستی بوو

وا هاتەوە لات، دەسا شیرین گیان      شیرینی قیبلەی ئاواتی کوردان
بیگرە باوەشت، بیلاوێنەوە      ماندوویەتیی ڕێی بحەسێنەوە
ئەو بەهارەی ئەو بۆی بەپەرۆش بوو      هەروەکوو بلبل بۆی بەخرۆش بوو
ئاواتەخواز بوو لە گوڵی وەنەوشە      کە وەکوو خاڵی لای لێوت گەشە
لەگەڵ نێرگزو گوڵاڵە سوورە      لە مێرغوزاری ئەو شارەزوورە
هەزاران ئیکلیل بهۆنرێتەوە      گڵکۆی شەهیدی پێ بڕازێتەوە

www.zheen.org

بەڵام داخەکەم چەرخی بەدکردار      هێشتا شەشدەری لێ گرتووین بە زار
بەینێکی زۆرە بە قینا چووە      ڕێگەی ئازادیی لە کورد گرتووە
داگیرکەران و دوژمنی خوێنخوار      سنووری کوردیان گرتوە بە دیوار

بەڵام مامۆستا و کاکی کۆچکردوو      هۆ بەلەش مردووی بە بڕوا زیندوو
خەم مەخۆ دنیا تاسەر وا نابێ      باری کورد هەروا لارو خوار نابێ
هاکا هەوری خەم لێك ڕەوایەوە      دەرگای ئازادی لە کورد کرایەوە
ئەو تەباییەی بۆی بەپەرۆش بووی      بۆ سەرگرتنی دایم بەجۆش بووی
هاکا هاتە دی و مژدەی ڕزگاری      لەلای "مەزدا"وە گەیشت بە دیاری
"مەزدا" دەمێك بوو گەلێك بێزار بوو      لە ناتەبایی کورد لووتەلار بوو
خەریکە دڵی پاك ئەبێتەوە      داری تەبایی ئەڕوێنێتەوە
گرێ‌کوێرەی مێژووی کورد ئەکرێتەوە      هیوای سەرکەوتن ئەبووژێتەوە
"بەکر مەرگەوەڕ" دەوری نامێنێ      ڕووی خۆی ڕەش ئەکاو ملی ئەشکێنێ
ئەوسا بەهارو نەورۆزو سەیران      هەمووی پێشکەشی گەردن ئازادان
ئاوازی سروودی (شیرین بەهارە)      لە هەموولایەك هەر لەسەر زارە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پاشکۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پاشکۆی (١)**



بنكەی ژین
www.zheen.org

## پێشەکیو ڕوونکردنەوەیەك

لە ساڵی ١٩٨٦دا برادەرانی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن داوای ئەوەیان لێ ... ئەدەبی بۆ ئەندامانی مەڵبەند پێشکەش بکەم. منیش بە بیرما ها... ، دەربارەی ئاوارەبوونی کوردو ئەو شیعرانەی دەربارەی ئاوارەبوون وتراونو ئەوی سەرچاوەکانیان لەم شوێنی دووروڵاتیەوە دەست ئەکەوت، ئامادەی بکەم.

هەرچەندە مێژووی ئاوارەبوونو ڕاگوێزانی کورد لەلایەن دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستانەوە لە زۆر کۆنەوە دەست پێ کراوەو باسێکی زۆر دوورودرێژەو لە کۆڕێکی وا ماوە کورتدا لەتوانادا نەبوو لەم چەند لاپەڕەی کە پێشکەشی خوێندەوارانی ئەکەم دوورودرێژ بێت، بۆیە وام بە باش زانی کە تەنها باسی ئەو ئاوارە بوونە بکەم کە لەلایەن چەند شاعیرێکەوە باسی ئەوەیان کردبێتو پاش تەواوبوونی سیمینارەکە برای بەڕێزو خۆشەویستم کاك فەرهاد عابید بەوپەڕی سوپاسەوە ئەرکی چاپکردنی ئەو باسەی گرتە ئەستۆی خۆی، کە لەو ڕۆژانەدا چاپکردن بە پیتی کوردی لە شوێنێکی وەکوو لەندەندا دەس نەدەکەوتو دیاربوو کە کاك فەرهادیش یەکێکی ڕاسپاردبوو بۆ چاپکردنی کە شارەزای زمانی کوردی نەبوو. لەبەرئەوە بەداخەوە چاپکراوەکە بۆ ئەوە نەدەشیا بەو شێوەیە بڵاوی بکەمەوە، بەو جۆرە ئەو چاپکراوەیەی ساڵی ١٩٨٦ مایەوە، هەتا لەم دواییەدا ئەرکی چاپکردنەوەی ئەو باسەم خستە سەر شانی برای بەڕێزو خۆشەویستم کاك فەرهاد عەبدولقادر لە سوید (ستۆکهۆڵم)و ئەویش بەسوپاسەوە دەستی کرد بە چاپ کردنەوەی کە بەر لەمەش دوو جاری تر هەر بێگارم پێکردبوو: کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٦دا (هۆرەی دەروێشی یاخی)ی بۆ چاپ کردبوومو ساڵی ١٩٨٧یش زنجیرەی شەشەمی شیعرەکانم (وڕێنەو تاسەی نیشتمان)ی بۆ بڵاو کردبوومەوەو وا ئەو باسە لەپاش تێپەڕبوونی دە ساڵ پێشکەشی خوێندەوارانی دەکەمو هیوادارم شارەزایانو مێژوونووسان وە ئەدیبان لەوبارەوە هەوڵ بدەن لەو باسەی من تێروتەسەلتر دەربارەی ئەو باسە بنووسن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە مێژوویيو ئەدەبیەی کە لام وایە جێی خۆیەتی بایەخی پێ بدرێت.

**هـاوار**

## سەرەتا

بەرهەمی ئەدیبو شاعیرو هونەرمەندی ئاوارەی میللەتانو یا ئەوانەی دەربارەی ئاوارەبوونو بەسەرهاتو کارەساتی ئاوارەبوون شتیان نووسیوەو بڵاو کردۆتەوە، بەشێکی تایبەتی دابڕ ئەکەن لە ئەدەبی میللەتانا.

بەداخەوە هەتا ئێستە لای ئێمە نووسینو بڵاوکردنەوەی باسێکی دوورودرێژو تێروتەسەل دەربارەی ئەدەبی ئاوارەی کوردو هەستی ئەدیبو شاعیرو هونەرمەندانی ئاوارەی کورد، یا هەستی ئەدیبو شاعیرو هونەرمەندان بەرامبەر بە مرۆڤی ئاوارەی کورد، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوەو کەم کەس بە شێوەیەکی بەربڵاو لەو باسە دواوە؛ سا مەگەر بە شێوەیەکی کورت یا لە ڕوونکردنەوەی باسێکی تردا ناوی هاتبێت کە ئەمەش بە هۆی ئەوە بووە کە لە هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستانا، ئەدیبو شاعیران لەبەر نەبوونی سەربەستیو ئازادیی نووسین بە کامی دڵی خۆیان بەبێ ئەوەی سڵ لە دەربڕینی هەموو بەسەرهاتەکان بکەن، بەبێ ترسو لەرز یا لە ترسی ئەوەی دەمەگوێزانی (ڕەقابە) ملی ئەو باسانە ئەپەڕێنێت، ماوەیان نەبوە کە دەربارەی باسی وا بدوێن.

لە کوردستانا، هەتا سەرەتای بیستەکان هورووژمی ئاوارەبوونێکی ئەوتۆی تیا ڕوو نەداوەو ئەگەر ڕووشی دابێ، وەکوو (ئاوارەبوونی ئەو عەشائیرانەی کە لە شوێنی خۆیانا لێیان ئەدوێین)، شاعیرانو نووسەرانی ئەو سەردەمانە باسیان نەکردووە، یا دوور نییە باسیان کردبێو بڵاو نەکرابنەوە یا نووسراوەو لەناو چوون.

لەم دوورەوڵاتیەدا، بۆ نووسینی کورتە باسێك دەربارەی شیعری شاعیرانی ئاوارە، لەبەر کەم کەرەستەییو نەبوونی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ ئامادەکردنی باسێکی وا، چار نییە ئەبێ پەنا ببرێتە بەر بەرهەمی چەند شاعیرێك کە بەرهەمەکانیان دەست ئەکەون لەو شاعیرانەی کە خۆیان ئاوارە بوون یا هەستی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە مرۆڤی ئاوارە هەتا دەروبەری کۆتایی شەڕی جیهانی دووەمو ئەوانەی دوای ئەوە بکرێت بە باسێکی تایبەتی تری سەربەخۆ لە دەرفەتێکدا لەلایەن نووسەرو ئەدیبە شارەزاو لێهاتووەکانمان، کە بەلای منەوە ئەمەیان باسێکی زۆر دوورودرێژەو ئەرکی سەرشانی تاکە کەسێك نییەو ئەگەر ماوە هەبێت لەلایەن لیژنەیەکەوە ئامادە بکرێت تێروتەسەلترو فراوانو بەربڵاوتر ئەبێت.

جاران لە دەوری لاوێتیی ئێمەمانانا، لەبیرم دێ ناوی چەند کەسێکی وەکوو سەیفوڵڵا خەندان لە پاریسو تاهیر بەهجەت مەریوانی لە شیکاغۆو کامەران بەدرخانو جەلادت

بەدرخان‌و ڕەوشەن بەدرخان‌و حسێن حوزنی موکریانی‌و "محەمەد عەلی عەونی"مان ئەبیست لە سووریەو لوبنان‌و قاهیرە، ئەمانبیستەوە کە ئەوانە لە دەرەوەی وڵات خەریکی نووسین‌و بڵاوکردنەوەو دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەن کە لاپەڕەکانیان بۆ مێژوو و بۆ ئەدەبی کوردی تەرخان کراوە. جاروباریش لە ئەدیب‌و شاعیرە کۆنەکانمان ئەبیست کە وەختی خۆی لە ئەستەمبووڵ‌و بەیرووت‌و شام‌و قاهیرەو بەغدا، هەندێك ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی دەرچووە کە باسی مێژووی کوردو شیعرو ئەدەبی کوردیی تیا بڵاو کراوەتەوە.

کە وەختێك بەڵێنم دا بە کۆمەڵگای ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن بە پێشکەشکردنی سیمینارێکی ئەدەبی، بیرم لەوە کردەوە کە بە شێوەیەکی کورت باسێکی مێژووی ئاوارەبوونی کوردو بەرهەمی چەند شاعیرێکی ئاوارەی کورد پێشکەش بکەم، لەگەڵ بەرهەمی چەند شاعیرێك کە هەستی خۆیان بەرامبەر بە کوردی ئاوارە دەربڕیوە، ئەوەی کە پێشکەشم کرد لە سیمینارەکەدا، بریتی بوو لە ئامادەکردنێکی گشتی سەرپێیی، بۆیە لێرەدا بە هەلم زانی تەنها ئەو شیعرانەی کە بۆ هەندێ ڕووداوو کارەساتی ئاوارەبوون وتراوە هەتا جەنگی جیهانی دووەم دەسنیشانی بکەم‌و ئەوانەی دوای ئەوەو کارەساتی ئاوارەبوونی کوردی ئەو سەردەمە کە هێشتا تەمی مەینەتی نەڕەویوەتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاسمان‌و ئاسۆی وڵات خوێناویترو سوورترەو لە هەموو کاتێك زۆرتر بۆنی خوێنی لێ دێ، ئەمانە هەمووی لەگەڵ تۆمارکردن‌و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە بۆ ئەو کارەساتانە وتراوە لە دەرفەتێکی تردا هەمووی یەك بخرێ‌و بە هەمووی کەلێنێکی باشی ئەدەبی ئاوارەو مێژووی ئەدەبی کوردی پێ پڕ بکرێتەوە.

**هاوار**

لەندەن- ١٩٨٦

**چەند ئەڵقەیەك**
**لە زنجیرەی مێژووی ئاوارەبوونی کورد:**

باسی ئاوارەبوونی کورد، لەکۆنەوە هەتائێستە وەکوو باسێکی مێژوویی پێویستیی بە شارەزاییەکی تەواوو سەرچاوەیەکی ئێجگار زۆر هەیەو ئەرکی سەرشانی مێژوونووس‌و شارەزاکانمانە کە وەکوو چۆن لەسەر ئەدیبەکانمان پێویستە گەلێك باسی تایبەتی بۆ ئەدەبی ئاوارەی کورد تەرخان بکەن، هەروەهاش ئەو مێژووناس‌و شارەزایانە پێویستە لەسەریان لایەك لە باسی مێژووی ئاوارەبوونی کورد بکەنەوەو بەپێی ئەو بەڵگەو سەرچاوە مێژووییانەی لەبەر دەستیاندایە هەموویمان بۆ تۆمار بکەن‌و لە دەرفەتێکی لەبارا بڵاویان بکەنەوە بۆ ئەوەی نەوەی کوردی ئەم سەردەمەو نەوەی دواڕۆژ، شارەزاو ئاگاداری ئەو بەسەرهات‌و کارەساتانە بن کە باووباپیرانیان بەسەریان هاتووەو تێبگەن بۆچی دەربەدەرو ئاوارە کراون‌و کێ دەربەدەری کردوون‌و سەرنجامیان بە چی گەیشتووە.

دەربارەی ئاوارەبوونی کورد لە کۆندا، "ابن خلدون" ئەڵێ: دوو عەشیرەتی کورد (لادین)و (بادین) بە زۆرەملێ دەربەدەرو ئاوارەکران بۆ جەزائیر. "ئەمین زەکی"ی مێژووناس لە کتێبە بەنرخەکەیدا (مێژووی کوردو کوردستان) ئەڵێ: لە ساڵی (١٢٥٧ن)دا کە مەغۆلیەکان هێرشیان بردە سەر بەغداو داگیریان کردو چوونە ناو شارەزوورەوە، دێهاتەکانیان هەمووی سووتاندو وێرانیان کردو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکانی شارەزوور بە ناچاری‌و لە ترسی زوڵم‌وزۆرو تاوانی ئەو مەغۆلیانە وڵاتی خۆیان بەجێ‌هێشت‌و ڕوویان کردە شام‌و میسر.

هەروەها ئەمین زەکی بەگ لە هەمان کتێبا باسی ئاوارەبوونی عەشایری (زەعفەرانلو)و (کیوانلو)و (ئەمانلو) ئەکا کە لە زەمانی حوکمداریێتیی شا عەباسی گەورەدا (شای سەفەویەکان) بوو کە نزیکەی چوارسەد ساڵ لەمەوپێش ئەگرێتەوە، سەفەویەکان ئەو عەشیرەتە کوردانەیان لە شوێنی خۆیان، لە ناوچەکانی ئازەربایجان هەڵکەندو ناردیانن بۆ خۆراسان‌و لەوێ بەزۆر نیشتەجێ کران.

نیشتەجێکردنی ئەو کوردانە لە ناوچەی خۆراسان لەلایەن سەفەویەکانەوە بۆ ئەوەبوو کە ئەو عەشیرەتە کوردانە لێشاوی هێرشی دوژمنانی ئەو سەردەمەی ئێرانی ئەودیو سنوور بەربەست بکەن‌و ڕێگە لەوە بگرن کە ئەو دوژمنانە دەسدرێژی بکەن لە خاکی ئێران، ئێستە نزیکەی ملیۆنێك کورد لە نەوەی ئەوانە، لە ناوچەی خۆراساندا ئەژین.

مینۆرسکی، میژونووناسی ڕووسی بەناوبانگ، لە کتێبەکەیدا (کورد) ئەڵێ: لە زەمانی نادرشادا لەنێوانی ساڵی ١٧٣٦-١٧٤٧دا عەشایری (شادی)ی کورد بۆ ناوچەی خۆراسانو عەشایری (ئەمیراو) بۆ قەزوینو (گالون عەدو) بۆ دەوری شیراز بە زۆرەملێ دەربەدەرو ئاوارە کراون.

عەشیرەتی هەمەوەند عەشیرەتێکی ئازاو چاونەترس بوونو لەگەڵ یەکتردا ڕێك بوون، مامۆستا ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا (مێژووی سلێمانی، چاپی ساڵی ١٩٢٢ز) دەربارەی هەمەوەندەکان دەڵێ: ((هەمەوەندەکان هەرە ئازاو شەڕکەری عەشیرەتەکانی کوردستانن، لە شەڕی مودافەعەکردندا ژنەکانیشیان بەشداریی شەڕیان ئەکردو سوارچاکێکی باشو شەڕکەرێکی بێوێنە بوون)). لەو کتێبەیدا، بە دوورودرێژی باسی ئەو شەڕانەی هەمەوەندی کردووە لەگەڵ عوسمانلیەکانا، لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا هەمەوەندەکان زۆرجار ناچار بوون بەخاووخێزانەوە شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵنو ڕووبکەنە ناوچەی زەهاوو قەرەداغ، بەڵام قەت هەتاسەر ملکەچ نەبوون بەرامبەر بە عوسمانلیەکان، بەڵکوو زۆرجار کە گەڕاونەتەوە ناوچەکەی خۆیان لە بازیان، هەتا دەروبەری کەرکووکو ڕێگای بەغدادو مووسڵیشیان ئەبڕیو هەندێ جاریش لە ئێرانا هەتا دەوروبەری کرماشان جموجووڵیان هەبوو و دەستیان ئەڕۆی. بۆ سەرکوتکردنو نەهێشتنی جموجۆڵی هەمەوەندەکان، چەند جارێك عوسمانلیەکانو ئێرانیەکان پێکەوە هاوکاریاین کردووەو بەجووتە پێکەوە لەشکریان ناردووە بۆ سەر هەمەوەندەکان.

www.zheen.org

لە ساڵی (١٨٨٦ ز)دا حوسامول مولك کە سەرکردەی لەشکری ئێران بووە، بە فڕوفێڵ داوی بۆ "جوامێر"ی سەرکردەی هەمەوەندەکان ناوەتەوەو لە وەختێکدا کە بانگی کردبوو بۆ (قەسری شیرین) بۆ ئەوەی هەردوولا پەیمانێکی ئاشتی ببەستن، حوسامول مولك لەپەنا خێوەتی کۆبوونەوەکەیانا چەند چەکدارێکی بە نهێنی دانابوو، لەناکاوا دایان بەسەر جوامێرداو کوشتیان (ئەو جوامێرە بە جووکل هەمەوەند ناوبانگی دەرکردبوو، هەتا سەرەتای منداڵیی ئێمەش باسی ئازایەتیی جووکل هەمەوەندمان ئەبیستو هەر کەسێك ئازاو لێهاتوو بوایە پێیان ئەوت ئەڵێی جووکل هەمەوەندە، فەقی قادری هەمەوەند کە شاعیرێکی ئەو سەردەمانە بووە لە "میعراجنامە"کەیدا ڕەخنەو سەرزەنشتی لەو جوامێرە گرتووە کە لەبەر مەغرووری خۆی داوە بەدەستەوە).

بە کوشتنی جوامێر، هەمەوەندەکان زۆر پەرێشان بوونو تووشی دەردەیسەریو کوێرەوەرییەکی ئێجگار زۆر بوونو ناچار بوون ڕوو بکەنە ناوچەی قەرەداغ (لە خوارووی سلێمانی). بەڵام پێش ماوەیەك محەمەد پاشای داغستان کەوتە بەینیانەوەو لە ئەنجامی

ئەوەدا هەندێك لە هەمەوەندەكان نێرران بۆ تەڕابولسی شام‌و هەندێكی تریشیان ئاوارە كران بۆ ناوچەی (أطنة)و ئەوانەی تر لە ناوچەی زەهاودا مانەوە.

لە ساڵی (١٨٩٦ز یا ١٣١٤ك) ئەوانەی كە ئاوارە كرابوون بۆ تەڕابولس، گەڕانەوە بۆ ناوچەی بازیان‌و لە دەربەدەری‌و ئاوارەبوون ڕزگاریان بوو. پێش ماوەیەك نزیكی (١٥٠) كەسێكیش لەوانەی ئاوارە كرابوون بۆ (أطنة) گەڕانەوەو بۆ گەڕانەوەی ئەوانی تریش نزیكی چوارسەد سوارێكی هەمەوەند كۆبوونەوەو لە دەوری مووصڵدا هەڕەشەیان لە عوسمانلیەكان كرد ئەگەر ئەو ماڵ‌و خێزانانەی كە بە ئاوارەیی لە (أطنة) مابوون نەهێنرێنەوە بۆ ناوچەی خۆیان، ئەوا ئەو ناوچەیە هەمووی وێران ئەكەن. بەو جۆرە عوسمانلیەكان ناچار بوون هەموویان بگێڕنەوە بۆ شوێنی خۆیان. هەرچەند ئەمین زەكی بەگ لە كتێبەكەیدا (مێژووی سلێمانی وە وڵاتی) باسی ئەوەی نەكردووە كە هەمەوەندەكان لێیان نێررابوو بۆ تەڕابولسی لیبیا بە ئاوارەكردنیان، بەڵام هەمەوەندەكان هەمیشە بەشانازییەوە باسی (بەنغاری)و هاورهاجیی خۆیان ئەكرد لەو ناوچەیەدا.

فوئاد جەمیل (نووسەرێكی بە نەتەوە توركمان بوو، لەبەر ئەوە دوور نییە شارەزایی بووبێ دەربارەی هەمەوەندەكان كە دراوسێی شاری كەركووك بوون) لە پەراوێزی كتێبەكەیدا (رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان) كە نووسینی "مێجەر سۆن" بووەو فوئاد جەمیل كردوویەتی بە عەرەبی، ئەڵێ: ((هەمەوەندەكان هەمیشە باسی لەخۆبوردن‌و ئازایەتیی خۆیان ئەكرد لە بەنغاری) ئەو هەمەوەندانە لە ساڵی (١٨٩٦)دا ئاوارە كرابوون بۆ لیبیا، بەڵام ئەو هەمەوەندە ئاوارانە لەوێ خۆیان نەگرت، بەڵكوو تاكە تاكەو بە سواری‌و بە پیادە بەنهێنی‌و بەئاشكراو هەندێكیان خۆیان ئەكوتایە ناو كاروانی قەرەجە هاتوچۆكەرەكانەوەو گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان‌و ئەو تەقەلایەی عوسمانلیەكان دایان بۆ ڕزگاربوون لەو هەمەوەندانە بێ‌سوود بوو.

فەقێ قادری هەمەوەند كە شاعیری ئەو سەردەمەی كورد بووە، لەو هەمەوەندە ئاوارانە بووە كە نێرراوە بۆ بەنغاری، بەڵام مردن مۆڵەتی نەداوەو لەوێ لە شاری (دەرنە) كە قەزایەكی بەنغاری‌یە لە ساڵی (١٣٠٧ك‌و هەندێكی تر ئەڵێن لە ساڵی ١٣١٠ك)دا لەوشارە كۆچی دوایی كردووەو هەر لەوێ نێژراوە. فەقێ قادر بەر لەوە بە شیعرێك وەسیەتێكی تایبەتی كردبوو كە لەدوای مردنی چۆنی بنێژن، لەو شیعرەدا وتبووی:

| | |
|---|---|
| یاران، هامسەران، وەسیەتم ئیدەن | لە دمای یاسین وەسیەتم ئیدەن |
| وەختێ كە مردم چواردەورم چۆڵ بۆ | لە دمای یاسین زۆرناو دەهۆڵ بۆ |

دەنگم هۆر مەبۆ لە سیامالان      نامم وە خوتبەی واوەیل مەوانان
مەیتم هۆلگیران وەی بەرانبەردا      هەرکە دلسۆزەن مەدا وەسەردا
مەیتم بنییەن بان ئەسپ چوارچۆدا      تەسلیم کەن وەخاك مەزار نۆدا
ئەترسم بمرم جای قەورم غابۆ      قەورکەران جەدەس قەورم بێزار بۆ
ئەنکیر و مونکیر مەیان وەسەرین      مەپرسان ئەحوال دەفتەری وەرین
ئەنکیر مەواچۆ ئەی فەقێ شێتە      جە دنیای فانی تۆ چیشت کەردە
واتم: عومر لە دەور چواردە سالان بیم      دایم لە تەعریف سۆسەن خالان بیم
ئێستە نە هەفتاو هەشتاو یەردەن      غەیر جە مەدح خال هیچم نەکەردەن
ئەنکیر مەوا چا کەسێ وا ساف بۆ      لە گشت بابەتێ گوناحش عاف بو
یەوەسیەت نامەی ئەی (فەقێ) شێتە      ئەنکیرو مونکیر سا کەیف وێتە

بەلام بە داخەوە ئەو وەسیەتەی جێبەجێ نەکراو نەهاتەدیو لە ولاتی غەریبیدا نێژرا. لەبیرم دێ لە سالی چلەکانا دراوسێیەکمان بوو ناوی "مەجید هەمەوەند" بوو، دەنگی زۆر خۆش بوو، ئەو شیعرەی فەقێ هەمەوەندی ئەوت، بەلام بیرم ئەکەوێتەوە وەسیەتەکەی بەم جۆرە ئەوت:

عەشرەت وەسیەتم ئینەن جەلاتان      نەکەن بمنێژن جە دوورولاتان
تەرمەکەم بارۆن وەی بەرامبەردا      بەلکو دوو دلسۆز بۆم بدا وەسەردا

هەرچەند جێی باسکردنی فەقێ قادری هەمەوەند ئەبوایە لە شوێنی خۆیدا بوایە لە ڕیزی شیعرەکانی دوای نالیو سالمو حاجی قادر، بەلام ئێمە لێرەدا بۆ بەلگەی ئەوە باسمان کرد کە هەمەوەندەکان بە ئاوارەیی لێیان نێرراوە بۆ بەنغاریو فەقێ قادر یەکێك بووە لەو ئاوارەکراوانە.

فەقێ قادر شاعیری ئەو سەردەمەی هەمەوەندەکان بووە کە هەمیشە لەگەل عوسمانلیەکانا ناڕێك بوون، لەگەل ئەوەشدا کە فەقێ قادر بۆ ماوەیەك قائیمقامی چەمچەمالو بازیان بووە، بەلام وەکوو عەشیرەتگەرییەك لەبەر ئەوەی سەرخێلی هەمەوەند بووە لە سەردەمی سولتان عەبدولعەزیزی عوسمانلیدا، لەبەر ئەوە لە عەشرەتەکەی جیا نەبۆتەوەو لێیان نەبڕاوەو ڕووبەڕووی عوسمانلیەکان وەستاوەو لە ئەنجامی ئەوەدا پتر لە حەوت سال لە زیندانەکانی بەغداو کەرکووکو مووصل گیراوەو لەگەل ئاوارەبووەکانی تری هەمەوەندا نێرراوە بۆ بەنغاریو لەوێ مردووە.

فەقێ قادر لە شیعرێکدا سەرزەنشتی خۆی کردووە کە وەختی خۆی باوەڕی بە تورك هەبوە:

به دامو تزویر، به حیلەو به فەن    ها کەفتی نەدام تورك ئەهریمەن

هەرکەس به تورکان بکەرۆ باوەڕ    ئەحمەق ئەو کەسەن جە من ئەحمەقتەر

هەروەها لە شیعرێکی تردا ئەڵێ:

چون کەبكو بازەن ئونسی کوردو تورك    وەرگی جە سایەی تورکان بی بزورگ

مەعلوومەن جە لای عارفان کار    دۆستیی تورکو کورد نییەن پایەدار

هەمەوەندەکان شێوەی گفتوگۆیان شێوەی (گۆران) بووە، دیارە فەقێ قادری شاعیریشیان ئەبوایە هەر شیعری بەو شێوەیە بوتایە. وەکوو وتمان فەقێ قادر گەلێك جار لەلایەن عوسمانلیەکانەوە گیراوەو بە ئاوارەیی لە زیندانەکانی بەغدادو کەرکووكو مووصڵ پتر لە حەوت ساڵ گیراوە، لەو ماوەی ئاوارەبوونەیدا گەلێك شیعری هەیە کە باسی کوێرەوەریو دەردەسەریی خۆی کردووە. لە زیندانی (ئووچ قەڵا) کە زیندانێکی عوسمانلیەکان بووە لە بەغداد شیعرێکی دوورودرێژی وتووە کە ئەمە چەن دێڕێکیتی:

قەید زنجیرم، قەید زنجیرم    یاشا، نە قەلعە قەید زنجیرم

دەمێون مەقهوور، قەهر موشیرم    چەمەڕای هیمەت شای خەیبەر گیرم

لە زیندانی حەپسخانەی مووصڵدا شیعرێکی دوورودرێژی تری هەیە کە ئەمە چەند دێڕێکیتی:

شەماڵ شەبگەر دێت پەی من کەر نەکار    مەنزڵ وەمەنزڵ تا مەنزڵگای یار

مەشیو مەویەریت بیر دمات بۆ    چەمەڕای ڕانم شەوان تاوەڕۆ

هەتا کۆتایی ئەو شیعرەدا ئەڵێ:

فەقێ ڕوح جەقەید کە دەربی ئازاد    شەرتەن خەزنەی دڵ پەرێت کەم گوشاد

مامۆستا ئەمین زەکی بەگی مێژووناس لە کتێبەکەیدا (مێژووی کوردو کوردستان) ئەفەرموێ:((لە ساڵی ١٨٤٨دا کە ڕاپەڕینی کوردەکانی کوردستانی تورکیا بە سەرکردایەتیی بەدرخانیەکان شکا، ئیتر عوسمانلیەکان بەزۆر هەموو بنەماڵەی بەدرخانیان ناردە ئەستەمبووڵو لەوێ بەزۆر نیشتەجێیان کردنو بوون بە ئاوارە.

بێگومان دوای شەڕی ئەوساڵەیان تووشی گەلێك ئاوارەبوونو دەربەدەری بوون و لە ئەنجامی ئەوەدا پەرەوازە بوونو هەندێکیان لە سووریاو لوبنانو ئەورووپا جێگیر بوون، بەر لە هەموو لێشاوی ئاوارەبوونەی کورد بە ماوەیەکی زۆر. هیچ گومان لەوەدا نییە کورد لە زەمانی ئەیووبیەکانا کە دەسەڵاتێکی تەواویان هەبوە لە دەوڵەتی ئەیووبیدا لە ناوچەکانی میسرو سووریەو یەمەن وەکوو سەرکردەو ئەفسەرو سەرباز لەناو لەشکرداو وەکوو کارگێڕو

بنکەی ژین
www.zheen.org

فەرمانبەر لەناو دەزگاکانی ئەو وڵاتانەداو بە هەزاران کورد خۆیان‌و خاووخێزانیان چوونەتە ئەو شوێنانەو دوای ئەوەی کە صەلاحەدین مردو دەوڵەتەکەی بەش‌بەش بوو، ئەو کوردانە هەر لەناو کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەدا زۆربەیان ماونەتەوەو نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی باووباپیرانیان‌و لەناو کۆمەڵگای ئەو شوێنانەدا تواونەتەوە)).

لەدوای شەڕی جیهانیی یەکەم‌و ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیا وەکوو قۆناغێك لە ڕاپەڕین‌و خەباتی نەتەوەی کورد (جگە لە شۆڕشەکانی تری کوردستانی تورکیا)، بۆ وەدەسهێنانی مافی نەتەوایەتییان، لەدوای لەناوچوونی حکوومەتی عوسمانلی (کوردەکانساڵەها بوو بڕبڕەی پشتی لەشکری ئەو دەوڵەتەیان پێك هێنابوو، پێکهێنانی سوارەی حەمیدییە لە کوردەکان کە هەمیشە نووکی نێزەو سونگیی لەشکرەکانی عوسمانلی بووە، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ڕاستیە)، دوای ئەوەی تورکە کەمالیە ڕەگەزپەرستەکان هاتنە سەر کارو مافی نەتەوەکانی تریان پێ‌شێل کرد کە کوردو ئەرمەن زۆرترین تاوانیان بەرکەوت‌و هەردوکیشیان بوون بە قۆچی قوربانیی ئەو سەوداو مامەڵەو جامبازی‌و بگرەوبەردەو فڕوفێڵانەی دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمە کە دەسەڵاتیان هەبوو لە ناوچەکەدا. ئەوە بوو کەمالیەکان وەکوو گەلەگورگی دڕندە بەربوونە خاووخێزان‌و ژن‌و پیرو منداڵانی کوردو بەزۆر لە شوێنی خۆیان هەڵیان کەندن‌و ئاوارەو دەربەدەریان کردن‌و ناردیانن بۆ شوێنە تورکنشینەکان بۆ ئەوەی لەناویانا بتوێنەوە، جگە لەو هەزارانەی کە کران بە سێدارەداو لەناو دۆڵ‌و چیاکانی کوردستانا بەبێ‌تاوان کوژران، دەربارەی ئەو تاوان‌و ئاوارەکردن‌و دەربەدەرییەی سەدان هەزار خێزانی کورد، چ نووسەران‌و شاعیرانی کوردستانی تورکیا (بەداخەوە بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوتۆمان لەوڕووەوە لە شاعیران‌و ئەدیبانی کوردستانی تورکیا چنگ نەکەوتووە کە دەربارەی ئاوارەبوون‌و هەستی ئاوارە شیعریان وتبێت)، چ نووسەران‌و شاعیرانی بەشەکانی تری کوردستان کە ئەو هەواڵە ناخۆشانە بڵاو ببوونەوە، هەندێکیان هەستی خۆیان بە شیعرو نووسین دەربڕیوەو لەناو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو کراونەتەوە. لە کوردستانی عیراق شاعیرانی وەکوو پیرەمێردو زێوەرو حەمدیی صاحێبقڕان‌و نووری شێخ صاڵح‌و گەلێکی تر بێزاریی خۆیان بە چەند شیعرو نووسینێك دەربڕیوە کە لایەك لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی پڕئەکەنەوە.

لە کوردستانی ئێرانیش بەر لە شەڕی جیهانیی یەکەم‌و لەوکاتەداو لەدوای ئەوەش، چ لەشکری قاجاری‌و چ کازاخەکانی ڕووسی قەیصەری کە هەمیشە مرخیان لە کوردستان خۆش کردبوو، جگە لە تاوانی تورکە عوسمانلیەکان، بە هەموویان گەلێك تاوانیان کردووە

له کوردستاناو خەڵکێکی زۆریان له گوندو ماڵو شوێنی خۆیان دەربەدەرو ئاواره کردووەو کوردی کوردستانی ئێران له ئەنجامی ئەو دەسدرێژیانەدا تووشی هەزاران کارەساتو کوێرەوەریو دەردیسەری بوون.

نموونەی تاوانی کازاخەکانی ڕووس له کوردستانی ئێرانا له شیعرەکەی "عەلی بەگی سالار سەعید" که خەڵکی ناوچەی موکریانه به ئاشکرا دەرئەکەوێ (له شوێنی خۆیدا، له ڕیزەی باسی ئەو شاعیرانەی که شیعریان بۆ ئاوارەبوون وتووه له جەنگی جیهانیی یەکەمدا، باسێکی تایبەتی به عەلی بەگ تەرخان ئەکەین).

دوای ئەو هەموو ئاوارەبوونو دەربەدەریو ماڵوێرانیانەی بەشەکانی کوردستان لەپێش شەڕی جیهانیی دووهەمو لەکاتی شەڕەکەداو لەدوای ئەو شەڕە، له نیوەی یەکەمی ساڵانی چلەکانا، دوای ئەوەی که کوردی کوردستانی عیراق هیچ ئومێدو هیوایەکیان بەوە نەما که بەبێ شەڕوشۆڕو به خۆشی مافی خۆیان چنگ ئەکەوێ، بۆیان ڕوون بووەوه ئەو هەموو پەیمانو بەڵێنو ڕاوەڕێویانەی که ئینگلیزەکانو سوێندخۆران دابوویان بۆ وەدەسهێنانی مافی کورد وەکوو میللەتێکی بەشخوراو، هەمووی چاوبەستو درۆودەلەسه بوو. لەم ڕووەوه لەکاتی خۆیا، له ساڵی ١٩٤٤دا شاعیری شۆڕشگێڕی کورد بێکەس دەربارەی ئەو جۆره بەڵێنو پەیمانانه که له شەڕی جیهانیی دووهەمدا بڵاو ئەکرایەوه، شیعرێکی وتووه، که بەڕاستی باشی بۆ چووبوو که دەڵێ:

www.zheen.org

دەنگ بڵاوه خەڵك ئەڵێن ئەمجاره کورد سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن بیڵێن، لەلام وایه درۆ و چاوبەست ئەبێ
سەد هەزار جارمان سیاسەت تەجروبه کردو کەچی
ئێستەکەش زۆرمان به فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ
بێتو بەینی تورکو ئینگلیز زەڕڕەیەك تێك چێ، ئیتر
مەسئەلەی کوردایەتی ئەوسا بەجارێ خەست ئەبێ
کەی حقووق ئەدرێ؟ ئەسەنرێ، عەیبه ئیتر تێبگەن
سەربەخۆیی چۆن نسیبی قەومی وا بێدەست ئەبێ
میللەتی جاهیل له دنیادا ئەبێ هەر بەنده بێ
نۆکەری هەر خشت به باڵای قەومی دیلو پەست ئەبێ

ئیتر گەلی کورد چاری نەماو ئەبوایه هەر لەزووەوه چەکی هەڵبگرتایه، لەگەڵ ئەوەشدا که گەلێك تەقەلای بێسوودی دا که له ڕێی ئاشتیو خۆشیو برایەتییەوه مافی نەتەوایەتیی

خۆی دەستگیر ببێت، بۆیە چاری نەماو ڕووبەڕووی حکوومەتی عیراقی ئەو سەردەمە بووەوە. بەڵام بەداخەوە حیزبی هیوا کە ئەوسا گەورەترین‌و بەربڵاوترین حیزبی کورد بوو، هاندەری داواکردنی مافی کورد بوو (هەر بەدەم‌و بە بەیانات)، کە نیاز وابوو سەرکردایەتیی ئەو حیزبە ببێت بە پێشڕەوی ئەو شۆڕشە، کەچی هەمووی مایەوە سەر بارزانیەکان‌و ئەو چەند ئەفسەرو سەربازو ڕۆشنبیرە کەمەی کە بەرەو پیری ئەو شەڕە چوون‌و بەشدارییان تیا کردو ئەوانی تر هەموو پاشەکشەیان کردو عەشایرەکانی ئەو سەردەمەش هیچیان بەپیری ئەو شۆڕشەوە نەچوون. ئینگلیزەکان لەوڕۆژانەدا بە ئاشکراو بە نەهێنی بە چاوێکی ناڕەزاییەوە سەیری ئەو شۆڕشەی کوردیان ئەکرد، وەسایقە نەهێنیەکانی ئەمریکاو ئینگلیز لەم ڕووەوە پڕن لەو ڕاستیانەی کە دەری ئەخەن چۆن ئەیانویست ئەو شۆڕشە لەناو ببەن؛ ئەوەبوو لەشکری عێراق بە یارمەتی‌و پشتگیریکردنی ئینگلیزەکان ئەو شۆڕشەیان تێك شکاندو شۆڕشگێڕەکانیان ناچار کرد ڕوو بکەنە کوردستانی ئێران‌و بارزانییکان بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی خۆیان‌و خاووخێزانیان چوونە ئێران‌و لەوکاتەدا کۆماری مەهاباد وەکوو نوخشەی بەرهەمی ڕاپەڕینی کوردستانی ئێران گەشەی کردو بارزانیەکان‌و ئەو ئەفسەرو سەربازانەی لەگەڵیا بوون، چوونە ناو ئەو کۆمارەوەو بەشدارییان تیا کرد.

لەدوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد (شان بەشانی ڕووخاندنی ئەوەی ئازەربایجان)و دوای لەسێدارەدانی قازی محەمەدو هاوڕێکانی وەکوو صەدری قازی‌و سەیفی قازی‌و هەندێکی تر کە لە چوارچرای شاری مەهاباددا و دەربەدەرکردن‌و ئاوارەبوونی گەلێك ڕۆشنبیرو شاعیرانی وەکوو مامۆستا هەژارو مامۆستا هێمن‌و گەلێکی تر، ئیتر ئەو بارزانیانە چاریان نەما کە ئەبێ کوردستانی ئێران بەجێ‌بێڵن‌و لەپێشدا ڕوویان کردبووە سەر سنووری عێراق، کە تەماشایان کرد هەموو سنووریان لێ تەنراوەو ڕێگایان لێ گیراوە، ئیتر تاکە ڕێگەیەك کە ماوەو بواریان هەبوو کە بیگرنە بەر ئەوەبوو سنووراوسنوور خۆیان گەیاندە دەوری ئاوی ئاراس‌و لەوێوەوە پەڕینەوە بۆ ناو وڵاتی سۆڤیەت‌و لەوێ مانەوە هەتا شۆڕشی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عیراق، ئەوسا هەموویان گەڕانەوە کە نزیکەی ١٢-١٣ ساڵێك بە ئاوارەیی لەوێ ژیان.

جارێك برادەرێکم (د. ت) کە بەداخەوە هەتا ئێستە نازانرێ چیی بەسەر هاتووە، بۆی گێڕامەوە وتی: لە دانیشتنێکدا سەرۆك بارزانی باسی چۆنێتیی پەڕانەوەی خۆیانی بۆ کردووم کە چۆن لەوڕۆژانەدا لەشکری سێ وڵاتی دوژمن لەسەر سنوورەکانیان ئەو خاووخێزانانەیان ڕاو ئەنا هەتا گەیشتنە سەر ئاوی ئاراس. لەوشوێنەدا کە ئەیانویست

بپەڕنەوە، ئاوەکەی زۆر خوڕو تیژڕەو ئەبێت، بواری پەڕینەوەیان نابێ، وتی ئێمەش دۆش دامابووین؛ لەوکاتەدا کابرایەکی پیر بە خۆیو گالۆکێکەوە پەیدا بوو، منداڵێکی لەگەڵا بوو، کە چاوی پێمان کەوت وا وێڵو شپرزەینو ناتوانین لە ئاوەکە بپەڕینەوە، بەزەیی پیامانا هاتەوەو بە منداڵەکەی وت: تۆ بڕۆرەوە و بە دایکت بڵێ من دوا ئەکەوم هەتا ئەم خێزانو ماڵو منداڵە ئاوارانە ئەپەڕێنمەوە بۆ ئەوبەر.

کابرا ئەیانبات لە شوێنێکی باشەوە هەموویان ئەپەڕێنێتەوەو لەوێشەوە وازیان لێ ناهێنێتو بۆ شارەزایی ماوەیەکی تریش لەگەڵیان ئەبێت، لە ڕێگا کابرا نەخۆش ئەکەوێو ئەمرێو هەر لەوێدا وەکوو سەربازێکی نەناسراوی ئاوارە لەوێدا دەینێژن، ئاوارەبوونی بارزانیەکانو دەربازبوونیان بۆ سەر سنووری ئاوی ئاراسو پەڕینەوەیان بەو جۆرە خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی بەسەرهاتی پڕ لە کوێرەوەریو دەردیسەرییەو ئەبوایە ئێستە گەلێك شتی لەسەر بنووسرایە (بەداخەوە ئەوەی کە هەتا ئێستە نووسراوە لە شێوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری تێپەڕی نەکردووەو هیچی شەقڵێکی ئەدەبیی پێوە نییە).

لەبیرم دێ لە کۆتایی ساڵی چلەکانا ئەفسەرێکی کورد کە لە ناوچەی ڕەواندوزدا لە لەشکری عیراقدا بووە، بۆی گێڕامەوە، وتی: جارێك لە بنکەی لەشکری ڕەواندز قائیدێکی ئینگلیزیی یەك دەست هەبوو ناوی "ڕینتۆن" بوو، لە شەڕی (عەلەمەین)ی ژوورووی ئەفریقادا دەستێکی پەڕیبوو، لەدوای ڕۆیشتنی بارزانیەکان ئەو ئینگلیزە هێشتا ڕاوێژکەری لەشکری عیراق بوو؛ ڕۆژێك لە نومایشێکی سەربازیدا ئەفسەرەکان کۆ ئەکاتەوەو لێیان ئەپرسێت: ئەگەر لە سنووری عێراقەوە دوژمنەکەت ڕاوی نایو ڕێی ئێرانو تورکیات لێ گیرابوو، چارت نەبوو کە ئەبێ ڕوو بکەیتە وڵاتی سۆڤیەت، چ ڕێگایەك بە باشترین ڕێگا ئەزانیت کە لێوەی دەرباز ببیو دەستی دوژمنت نەگاتێ؟ وتی ئەفسەرەکان هەریەکەیان بە جۆرێك وەرامیان دایەوە، بەڵام دیار بوو وەڵامی هیچیانی بە دڵ نەبوو. کابرای ئینگلیز هەستایە سەرپێو وتی (براڤۆ). ئافەرین مەلا مستەفا بارزانی کە نە دەرسی عەسکەریو نە تەکتیكو نە پیلانو نەخشەی سەربازیت خوێندووەو بەو جۆرەش توانیت خۆتو ئەو هەموو خێزانو ژنو منداڵو پیرانە بگەیەنیتە خاکی سۆڤیەت.

لێرەدا یادی ئەو ڕۆژنەم هاتەوە یاد کە هەواڵی ئاوارەبوونی ئەو بارزانیانە، لەدوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد، بە کوردستانی عیراقدا بڵاو بووەوە. ئەو ڕۆژانە بوو کە پیرەمێردی شاعیری کوردی مەزن لە ڕۆژنامەکەیدا "ژین" دوو شیعری خۆی بڵاو کردەوە: یەکەمیان ئەم شیعرەی خوارەوەیە کە بۆ ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد وتبووی، دووهەم بۆ

ئەو بارزانیانەی کە لە ئاوی ئاراس پەڕینەوەو ئاوارە بوون. شیعری یەکەمیان بە ناوی نائومێدیەوە بڵاو کردۆتەوە:

هەی نائومێدی، هەی نائومێدی ... هەی ڕەنجەڕۆیی و دڵ نائومێدی
بەدبەختی وەك من سا توخوا کێ دیێ ... دەردی مەجنوونم لیێ هاتۆتە دی
هەر لە نەجدەوە تا هەردەی دوجەیل ... بۆ لەیل ئەگەڕام دەروون لە غەم کەیل
هاتمە بێستوون لای قەسری شیرین ... بۆ فەرهاد گریام بە دڵەی نمین
چوومە زمناکۆ، ڕاگوزەرگای لەیل ... هیچ کەسم نەدی، نە شیرین نە لەیل
لە دەربەندیخان هەتا کەلیخان ... ئەو ناوە یەکسەرە شێواوە و وێران
شیوو هەردو بەرد تا لوتکەی بارزان ... پڕ لە لەوەیشوومە، لە گەڵاڕێزان
نە کەرۆز گەڕام، وادی بە وادی ... شوێنی هەوارگەی ئێلی مورادی
بە جەوری فەلەك یەکسەر وێرانە ... بایەقوش تیایا گرتوویە لانە
پرسیم: بایەقوش، دۆستی هاودەردم ... لە جیهان بێزار، یاری چۆڵگەردم
بۆچی وا چۆڵە ئەو مەرزو بوومە ... لەکویێ پەیدابوو وەیشوومەی شوومە
جوابی دامەوە بو قوڵپی گریان ... منیش وا جەرگم بووە بە بریان
ئەمساڵ بەهارمان کە بیێبارانە ... گوڵاڵەی سوورمان جەرگی یارانە
لە هەرسیێ لاوە، شاییە بە ڕیزە ... خەنەبەندانمان خوێنی ئازیزە

شیعری دووهەم:

"عەشرەت هاوارە"

عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە ... کەوتوومە ئاراس، ئاو بیێ بوارە
ڕێم نییە منیش شوێن ئەوان کەوم ... پیرم هەنگاوێك بنێم ئەکەوم
لێرەش وا کەوتووم بەدەم دەردەوە ... لە ئێشی دووری و ئاهی سەردەوە
دوکتۆر دەوای تۆم ناویێ لێم گەڕیێ ... بەڵکم بە ئاهم دەوران وەرگەڕیێ
ئەوساکە دوعای من واگێرا بیێ ... لە خانەی خاکا ئاواتم نابیێ
ئینجا تەڵقینم بدە بە کوردی ... بڵێن ئاواتت هاتە دی و مردی

وەکوو لە پێشتریشدا باسمان کرد، وەنەبیێ نەخشەی دەربەدەرکردن و ئاوارەکردن و لەناوبردنی کوردو تواندنەوەیان وازی لیێ هێنرابێت، بەڵکوو لە شەستەکان بەدواوە دەزگا فاشیستەکانی عیراق پیلانێکی جەهەننەمییان نەخشە کێشابوو بۆ دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی کوردە فەیلیەکان، ئەوانەی ساڵەهای ساڵ بوو لە عیراقدا ئەژیان و هی وایان

هەبوو باووباپیری سەرباز بوو لە سوپای عیراقداو گەلێك خزمەتیان کردبوو. بەڵام ڕەگی دەمارگیریی ئەو فاشیستانە ئەوەندە پڕلەقین بوو، هەزاران پەڵپو بیانوویان پێگرتنو بە خاوخێزانەوە ئاوارەو دەربەدەریان کردنو ماڵو موڵکیان هەمووی بە تاڵانی برد. دوای ئەوە ئینجا دەستیان کرد بە نەخشەکێشانو ئاوارەکردنی کوردەکانی کەرکووكو خانەقینو شەنگارو مەندەلیو گەلێك شوێنی تر. کاربەدەستان بە ئاشکرا هەڕەشەی تواندنەوەو لەناوبردنو ئاوارەبوونی کوردیان ئەکردو ئەیانوت ئێمە وەکوو تورکە کەمالیەکان ناکەین، بەڵکوو بەجارێك هەموویان بنەبڕ ئەکەینو تۆویان ناهێڵین. لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بە ئاشکرا دەستی خۆیان ئاشکراتر کردو ئەو پەردەی شەرمە کە بۆ ڕواڵەت هەتا ماوەیەك هێشتبوویانەوە، ئەویشیان لاداو بە ڕۆژی نیوەڕۆ دەستیان کرد بە چۆڵکردنی هەموو دێهاتەکانی کوردستان لەسەر سنوور و پڕۆژەی ڕووخاندنی گەڕەکەکانی شارەکان دەستی پێکرد بە نیازی ئەوەی هەموویان ئاوارە بکەنو بۆ ئەم مەبەستە شارێکیان لەنزیك سنووری ئەردەن دروست کرد، بەڵام شەڕی خۆتڕێنی ئەو فاشیستانە لەگەڵ ئێراندا ئەو نەخشەیەی بۆ ماوەیەك دواخست.

هەروەها کوردستانی ئێرانیش لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە ئەوەی گەلی کورد داوای مافی نەتەوایەتیی ڕەوای خۆیانیان کرد، بە ئاگرو ئاسن بەربوونە دانیشتوانی گەلێك شارو دێهاتو لە شەقامەکانو سەرچەقی ڕێگاکانا، بۆ چاوترساندن کوردیان ئەدایە بەر دەسڕێژو ئەیانکوشتن. بەڵێ دوژمنانی کورد بەرامبەر بە کورد هەموویان وەکو یەك وان، یا وەکوو ئەوتریێ: گشتی لە تۆوێك کاڵەك.

ئێستە، جگە لەوانەی کە ئاوارە بوون لە شارو دێهاتەکانی تری عێراقو ئێرانا لەناو ئۆردووگای ئاوارەکانا ئەژین، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا ژمارەیەکی یەجگار زۆر کوردی عێراقو ئێران بوون بە ئاوارە. ئەمە جگە لەو سەدان هەزارە کوردەی کوردستانی تورکیا کە هەندێکیان لە برسانا ڕوویان کردووەتە ئەورووپاو هەندێکیشیان لەناو زوڵمو جەورو ستەمی دەزگاکانی ڕژێمی تورکی فاشیست ڕایان کردووەو بوون بە ئاوارە.

### ئاوارەبوونو جۆری ئاوارەبوون

ئاوارە، مانای پەنابەرو ڕاونراو و دەربەدەرو بەزۆر لە وڵات دوورخراو و بەجێهێشتی وڵاتو سەری خۆهەڵگرتنە بۆ پەنابەریو ژیان دابینکردن لە وڵاتێکی بێگانەدا. ئەوی ڕاستی بێ، دوورکەوتنەوەی بە ئارەزوو و بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆو ژیان لە شوێنێکی تردا کە دانیشتوانەکانی هاونەتەوەو هاوزەمان بن، بە ئاوارەبوو ناژمێردرێت، چونکە ئەو هەوارە

نوێیەش هەر بەشێکە لە وڵاتەکەی خۆی، ئەگەرچی لە شارو گوندەکەی خۆی دوور بێت.؟ بەڵام ئەگەر ئەو دوورکەوتنەوەیەی، یا ئەو دوور خستنەوەیەی لە گوندو شارو کەس‌وکاری بە زۆرەملێ بێت، تاڕادەیەك بە جۆرە دەربەدەرکراوێکی ئاوارەبوو ئەژمێردرێت.

ئاوارە گەلێك جۆری هەیە؛ ئاوارەی وا هەیە بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژ ئەکرێت بە سەربازو لە وڵاتەکەی خۆی دوور ئەکەوێتەوە، یا سەربازەو بەزۆر ئەنێردرێت بۆ شەڕێکی ناڕەوا کە هیچ  بە ڕاستی نازانێ‌و نایەوێ بەشداریی تیا بکات. لەبەر ئەوە لە لەشکرەکەی جوێ ئەبێتەوەو ڕائەکاو خۆی ئەگەیەنێتە وڵاتێکی بێگانەو ئەبێت بە ئاوارە کە نموونەی ئەم جۆرە لەکۆنەوە زۆرە. لەبیرمان دێ چۆن ئەو سەربازانەی ئەمریکا کە نێرران بۆ شەڕی ڤێتنام کە شەڕێکی ناڕەواو دەسدرێژییەکی ئاشکرا بوو، سەربازەکانی ئەمەریکا هەندێکیان کە دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوت ڕایان ئەکردو نەئەچوونە کۆڕی شەڕەوە، بەڵکوو ڕوویان ئەکردە وڵاتێکی بێگانەو ئەبوون بە ئاوارە کە ژمارەیەکی زۆریان ڕوویان کردە وڵاتی سویدو لەوێ بە ئاوارەیی مانەوە هەتا شەڕی ڤێتنام کۆتایی هات بە ملشکاندن‌و سەرشۆڕکردنی ئەمەریکا. هەروەها ڕاکردن‌و خۆشاردنەوەی هەندێك لە سەربازانی ئەمڕۆی لەشکری ئێران‌و عیراقیش (هەریەکەی بە جۆرێك‌و لەبەر هۆیەکی تایبەتی) نموونەیەکە لەو جۆرەی سەربازەکانی ئەمەریکا کە نەدەچوون بۆ شەڕی ڤێتنام.

جۆرێکی تریش هەیە بۆ نان پەیداکردن‌و گوزەران دابینکردن وڵاتی خۆی بەجێ دێڵێ‌و ڕوو ئەکاتە وڵاتێکی بێگانە، یا قوتابییەو بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژ لە وڵات دوور ئەکەوێتەوە هەتا خوێندنەکەی تەواو ئەکات، کە ئەتوانرێ هەتا ڕادەیەك بەم جۆرە کەسە بوترێ دوورەوڵات نەك ئاوارە.

لەناو کوردەواریدا، بەتایبەتی لە زەمانی کۆنا، زۆربەی خوێندەواران کە لەناو حوجرەی مزگەوتەکانا لای مەلاکان فێری خوێندن ئەبوون، لە سەرەتادا بە فەقێیەتی دەستیان ئەکرد بە خوێندن، لەدوای ئەوە شارەوشارو مزگەوتا ومزگەوت ئەگەڕان بەدوای مەلایەکی شارەزاو لێهاتوودا کە دەرسێکی تایبەتی لەلا بخوێنێ، کە دوای ئەوەی دەرسەکانیان تەواو ئەکرد پێیان ئەوترا (دوازدە عیلم).

زۆربەی خوێندەواران‌و (جاران ئەوی دەستی خوێندن‌و نووسینی ببوایە پێی ئەوترا میرزا، ئەو فەقێیەش کە نەگەیشتایەتە پلەی مەلایەتی‌و نەبوایە ئیمامی مزگەوت هەر بە فەقێیەتی ئەمایەوەو زۆر کەس ئەو ناوی فەقێیەتیە ئەنووسا بە ناوەکەیەوە، بۆ نموونە فەقێ قادری هەمەوەندو فەقێ تەیران) شاعیرانی کۆنی کورد لەناو ئەو کۆمەڵگای فەقێ‌و ئەو

مەلایانەی ناو مزگەوتو خانەقاکانا هەڵکەوتوونو پێگەیشتوون، لە سەرەتادا لە مزگەوتی گوندێك یا شارێکدا لای مەلایەکی شارەزا دەرسیان خوێندووە، هەتا لەکۆتاییدا بوون بە مەلا لە مزگەوتێکدا، کە مەرج نەبوە ئەو مزگەوتە لە گوند یا شارەکەی خۆیدا بووبێت. لەبەر کەم دەستیو نەبوونی لەلایەکەوەو لەبەر نەبوونی دەزگای پۆستەو گرانیی ناردنی نامەو گرانی ڕێگای هاتوچۆکەر ئەوسا بەزۆری بە پیادەو بە سواری ولاغ بووە، هی وایان هەبوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، هیچ هەواڵی کەسوکارو دۆستو ناسیاوو خزمانی نەزانیوە، لەبەر ئەوە ژیانی فەقێو مەلای کۆن لە شێوەی جۆرە ئاوارەبوونێکدا بووەو لەبەر دوورییان لە کەسوکارو خزمان، ئەوانەیان کە شاعیر بوون لە شیعرەکانیانا هەمیشە ماکی غەمبارییو ماتەمی لە دێڕی شیعرەکانیانا دیارەو هی واشیان هەبوە ڕووی کردۆتە وڵاتی بێگانە وەکوو شامو حەڵەبو مووصڵو قاهیرەو بەغداو تاران کە بەوە بە جۆرێك بوون بە ئاوارەو لە وڵاتی غەریبیدا نیشتەجێ بوون.

جۆرێکی تری ئاوارە هەیە کە هەر بۆ نان پەیداکردنو گوزەران دابینکردن ڕوو ئەکەنە وڵاتی بێگانە، ئەگەر پیاو بێ لە وڵاتی بێگانەدا ژن ئەهێنێو ئەگەر ئافرەت بێ شوو ئەکاو بە شێوەیەکی کاتی یا هەمیشەیی ئەبەسترێت بە هەوارگەی تازەیەوەو کەم جار بە دڵیا دێ کە بیر لە گەڕانەوە بکات بۆ ناو وڵات، بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنی لاویدا سەری خۆی هەڵگرتبێو یادو بیرەوەرییەکی ئەوتۆی ناو وڵاتی لەگەڵ خۆیدا نەبردبێت، ئەوا ئاسانتر لەناو ئەو کۆمەڵگای وڵاتی ئاوارەیەدا ئارام ئەگرێو لە ئەنجامی ئەوەدا کەمتر بیر لە وڵاتو کەسوکاری ئەکاتەوەو هەندێ جار هی وا هەیە بەتەواوی لە کۆمەڵگای ئەو وڵاتی بێگانەدا ئەتوێتەوەو نەوەکانی ئەبن بە ئەندامێکی تەواوی ئەو کۆمەڵگایەو زمانەکەی خۆی لەبیر ئەچێتەوەو بە هیچ جۆرێك هەست بەوە ناکا کە باوكو دایکی خەڵکی وڵاتێکی ترەو لە نەتەوەیەکی ترە. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە لە تەمەنی لاوێتی بەرەو ژوورتر بووبێت بە ئاوارەو پێوەندیی لەگەڵ کەسوکارو دۆستو ناسیاوەکانا نەپچڕاندبێو یادو بیرەوەریی ڕۆژانی جارانی لە دڵا هەبێو دووریش نییە هەتا ڕادەیەك ئەو تاسەو ئارەزووەی وای لێ بکا کە خەیاڵی گەڕانەوەی لە دڵ دەرنەچێو دووریش نییە ئەو کەسە هەمیشە ئەو تاسەو ئارەزووەی ئەوەندە بەگوڕ بێ کە هەمیشە بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەچنەوە بۆ وڵاتی باوكو دایکیانو هەمیشە هەست ئەکەن کە خەڵکی وڵاتێکی ترنو بۆ ماوەیەکی کاتی لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوونو ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر ئەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

جۆرێکی تری ئاوارە هەیە کە بە زۆرەملێو بە ئاشکرا لە وڵات دوور ئەخرێنەوە، ئەم جۆرەیان لەوانەیە کە کاربەدەستانی وڵاتێكو دەزگاکانی، مرۆڤێك یا تاقمێك بە سەرپێچکەرو

یاخیبوو ئەزانن‌و هەرچەند ئەکەن ئەو کەسەیان بۆ ڕام نابێ‌و مەترسییان لە جموجۆڵ‌و چالاکی‌و بیروباوەڕیان ئەبێ، کاربەدەستانی ئەو دەزگایانە هەندێ جار لە ترسی وروورژاندنی ڕای گشتیی دەرەوەو ناوخۆو لەبەر نەبوونی بەڵگەیەکی ئاشکرای وا کە بتوانن ئەو جۆرە کەسە بە تاوانبار بژمێرن‌و بیگرن، دوای ئەوەی هیچ جۆرە پیلان‌و نەخشەیەك بۆ لەناوبردن‌و کوشتنیان سەر ناگرێ‌و هەموو هەڕەشەو گوڕەشەو هەڵفریواندن‌و لەخشتەبردنێك کاریان تێ ناکاو لە یاخیبوون‌و لەو ڕێگایەی کە بە ڕاستی ئەزانن لێی لانادەن، ئیتر تاقە ڕێگەیەك کە بەرامبەر بەوانە ئەیگرنە بەر ئەوەیە کە دەربەدەریان ئەکەن‌و ڕاویان ئەنێن‌و دەستیان پێوە ئەنێن بۆ وڵاتێکی بێگانە بە نهێنی‌و بە ئاشکرا، لە ماڵ‌و سامان‌و جنسییە بێبەشیان ئەکەن نموونەی ئەم جۆرە کەسە ناوبەناو لە ڕۆژنامەو گۆڤارو ئێستەگەکانا ئەخوێنینەوەو ئەیبیستین.

هی واش هەیە هەست بە بەشخوراویی گەلەکەی ئەکاو لەتاو ستەم‌و تاوان‌و دەستدرێژیی کاربەدەستان‌و زۆرداریی دەزگاکانی خۆیان پێ ناگیرێ‌و ناچار ئەبن لە وڵات دوور بکەونەوە، یا خۆیان بشارنەوەو دەس بکەن بە خەبات‌و تێکۆشان بە شێوەیەکی نهێنی، یا ئەبن بە چەکهەڵگرو ئەچنە ڕیزی شۆڕشگێرانی وڵاتەکەیانەوەو ڕووبەڕووی ئەو دەزگایانە ئەوەستن، سا ئەو خەباتی چەکهەڵگرانە لەناو وڵاتدا بێ یا لەسەر سنوور.

لەو خەباتکەرو چەکهەڵگرانە، هی وایان هەیە هەتاسەر چەك دانانێ‌و کۆڵ ناداو نابەزێ‌و لە ڕیزی شۆڕشگێران‌و خەباتکەران ناپچڕێ‌و دوور ناکەوێتەوەو دوای ئەوە کۆڵ ئەداو ماندوو ئەبێ، یا ڕێڕەوی هەڤاڵەکانی بەدڵ نابێت لەبەر ئەوە لێیان جیا ئەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ سووك‌و باریك بچێتەوە بەر دەستی دوژمن‌و لەژێر ڕکێف‌و سایەیا ناتوانێ بژی، لەبەرئەوە تاقە ڕێگەیەك کە بەڕاستی ئەزانێت ئەوەیە کە ڕوو بکاتە وڵاتێکی بێگانەی وا کە ئاوارە ئەگرنە خۆیان، هەتا ئەو کاتەو ڕۆژەی ماوەی گەڕانەوەی ئەبێت بۆ وڵاتەکەی‌و هی واش هەیە هەر ناگەڕێتەوە. ئەو جۆرە ئاوارەبوانە لەماوەی ئاوارەبوونیانا، هی وایان هەیە لە هاوئاوارەکانی ناپچڕێ‌و بەڵکوو هەوڵ ئەدات بەو شێوەیەی کە بەڕاستی ئەزانێت هاوکارییان لەگەڵا ئەکاو هی واش هەیە بۆ ماوەیەك یا هەتاسەر دوورەپەرێز ئەوەستێ‌و تووشی گەلێك گرێکوێرە ئەبێ لە لێکدانەوەو بیرکردنەوەو هەڵوێستی ڕۆژانەیداو تووشی کونجنشینی ئەبێ‌و ڕەشبینی ئاسۆی هیوای ئەتەنێ‌و هەرچەند ئەکات ناتوانێ خۆی لەو گێژاوە ڕزگار بکات. ئەمڕۆ لە دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا گەلێك ئاوارەی کوردی لەو جۆرە هەن کە هەریەکە بە جۆرێك گۆشەگیر وەستاون، کە ئەمەش جۆرێکە لە وڕەبەردان‌و نائومێدی‌و ڕێ لێ ونبوون.

ئەوەی شایانی باسە کە ئەبێ بوترێ، ئەوەیە کە وەنەبێ هەمیشە ڕووکردنە وڵاتانی بێگانە بە نیازی ئاوارەبوون لە هەموو کاتێکدا شتێکی ڕاست بێ، بەڵکوو سلبیاتی زۆر زەقی وای تیایە کە ناتوانرێ چاوی لێ بپۆشرێ؛ یەکێك لەوانە ئەوەیە کە دوژمنان هەمیشە بە دوورکەوتنەوەی ئەو جۆرە کەسانە لە کۆڕی خەبات‌و تێکۆشانا ڕووبەڕوو ڕزگاریان ئەبێ‌و جگە لەوە جێگا بۆ هەلپەرستان تەخت ئەبێ کە بەمە هەندێك لەو مەبەستانە دێننە دی کە دوژمن هەوڵی بۆ ئەدا کە لە قورسایی‌و بارستایی ئەو شۆڕشگێڕانە ڕزگار ئەبێ‌و باری سووکتر ئەبێ‌و ئاسانتر ئەتوانێت هەلپەرستان‌و بەکرێگیراوانی خۆی بخاتە کار، سەرەڕای لەکیس‌چوونی ئەو وزەو دەسەڵاتەی کە جەماوەری گەلەکەی‌و شۆڕشەکەی بەو دوورکەوتنەوەو بەشدارنەبوونە لە کۆڕی خەباتا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە ئاوارەبوونە وەنەبێ هەمیشەو لە هەمووکاتێکدا سلبیاتەکەی زۆربێ لە ئیجابیاتی، چونکە هەندێ جار بوونی ئاوارەی سیاسی‌و پەنابەری ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ئەدیب‌و شاعیری کارامەی ئاڕاستەکراوی دوور لە بەرەڵڵایی‌و لێنەپرسینەوەش شتێکی پێویستەو دەوری خۆی ئەبینێت، ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە بەڕاستی پێویستیەکانی سەرشانی خۆیان بەجێ‌بێنن، چونکە ئەتوانن تاڕادەیەکی باش خزمەتی گەل‌و نیشتمانەکەیان بکەن‌و بەرپەرچی ئەو درۆو دەلەسانەی دوژمن بدەنەوە کە دەزگای ڕاگەیاندنیان لەو وڵاتانەدا بڵاویان ئەکەنەوە. جگە لەوە ئەتوانن ئەو گورج‌وگۆڵی‌و چالاکیانەی لەناو وڵاتدا قەدەغە ئەکرێ‌و ڕێی لێ ئەگیرێ، ئەتوانن بە سەربەستی بە هەمووی هەڵسن‌و ئەگەر کەمتەرخەمی‌و گۆشەگیری‌و تەسکبینی وا لە هەندێکیان ئەکا کە دوورەپەرێز بوەستن‌و بەکەسەوە نەلکێن‌و هەردوو کەس‌و سێ کەس کۆڕێکی دوورەپەرێز لەیەکتری ساز نەکەن، ئەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو ڕووی ڕاستی کێشەی شۆڕشی میللەتەکەیان بەشێوەیەکی باش‌و ئەگەر دڵسۆزیی گەل و وڵاتەکەیان بخەنە ژوور بەرژەوەندی خۆیان‌و تاقمەکەیانەوە ئەتوانن تۆزێك لەو کەلێنە پڕ بکەنەوە کە بە دوورکەوتنەوەیان لە خەبات‌و تێکۆشانی ناو وڵاتدا بەجێیان هێشتووە.

پێوەندیکردن لەنێوانی ئاوارەدا شتێکی پێویستەو هەر هەوڵ‌و تەقەلایەك کە ئەدرێ بۆ بێ‌هێزکردنی هاوکاری‌و لاوازکردنی پێوەندیی نێوان ئاوارەکان، ئەبێ بە چاوێکی سووك‌و پەشمەوە سەیر بکرێ‌و بەرپەچی بدرێتەوەو دەست خاوەنەکانیان بخرێتە ڕوو، ئەتوانرێ لە ڕێگای هاوکارییەوە لەگەڵ ڕۆشنبیران‌و ڕێکخراوانی وڵاتانی دەرەوەدا دۆستایەتی‌و ئاشنایەتی پەیدا بکەن‌و بە تەقەلای خۆیان‌و ئەو دۆستانەیان ئەتوانن کاکڵەو ناوەڕۆکی کێشەی گەل‌و وڵاتەکەیان بۆ هەموو کەسێك ڕوون بکەنەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەزگای ڕاگەیاندنی دوژمن‌و دەزگا نەهێنییەکانیان لە دەرەوەی وڵات، چ ڕاستەوخۆ یا بەهۆی بەکرێگیراوو نۆکەرانیانەوە هەموو جۆرە هەوڵ‌و تەقەلایەك ئەدەن کە چالاکی‌و گورج‌وگۆڵیی ئاوارەکان پووچەڵ بکەنەوەو ساردیان بکەنەوەو هەڕەشە لە خۆیان‌و کەس‌وکاریان ئەکەن‌و هەوڵ ئەدەن بەهۆی نۆکەرەکانیانەوە ناوی زۆر کەسی ئاوارە بەخۆڕایی بزڕێنن‌و درۆودەلەسەو ناوو نەتۆرەو قسەی سووك‌و بێ‌سەروپێیان بۆ هەڵئەبەستن‌و پیلان‌و نەخشەی تایبەتی ئەکێشن بۆ ئەوەی ئاوارەکان لەناو خۆیانا لە یەکتری بەگومان بن‌و لەگەڵ یەکتردا ڕێك نەبن‌و هاوکاری لەگەڵ یەکا نەکەن.

لەگەڵ ئەو هەموو هۆی ئاوارەبوون‌و جۆری دەربەدەری‌و دوورەوڵاتیەی کە باسمان کرد، بەڕەڵڵایی‌و لێپرسینەوەو سنووردانەنان‌و نەبوونی مەرج بۆ ئاوارەبوون‌و خۆخزاندنە ناو ڕێکخراوەکان تەنها هەر بۆ حیساب ڕاستکردنەوەو بۆ ڕواڵەت یا بە نیازی گێرەشێوێنی‌و بەجێهێنانی مەبەستێکی تایبەتی شتێکی ڕاست نییەو ئەبێ بیری لێ بکرێتەوەو حیسابێکی بۆ بکرێ، چونکە لەوانەیە هەندێ مرۆڤی ئاوارەکراو ڕەوشتی وای لێ بوەشێتەوە کەم‌وزۆر ئەبێت بە لەکەیەك لە لاپەڕەی ئاوارەبوونی میللەتەکەیان‌و بێگانەکان بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری ئەو جۆرە کۆمەڵگایە ناکەن کە ئاوارەبووەکانی ڕێز لە خۆیان‌و میللەتەکەیان ناگرن.

ئەم گێرەو کێشەی ئاوارەیە شتێکی گشتییەو لەناو کۆمەڵگای زۆربەی ئاوارەبووی میللەتانا ڕووی داوەو ڕوو ئەدا، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ کورد بەرگەی ئەوە ناگرێ‌و زیاتر لە هەموو میللەتێکی تر ئیمڕۆ پێویستی بەوەیە کە تۆوی هەموو ناکۆکییەك نەهێڵێ‌و بنەبڕی کردەوەی ئەو جۆرە کەسانە بکا کە گەرای ناکۆکی ئەچێنن.

زۆرجار ئەبیستین یا ئەیخوێنینەوە (کە ئەمە سروشتێکی مرۆڤایەتییەو لەناو هەموو میللەتان ڕوو ئەداو هەیە) کە هەندێ کەس لە ڕاستەڕێگەی خەبات لائەدەن‌و دوور ئەکەونەوەو تووشی نەخۆشیی گۆشەگیری‌و دوورەپەرێزی ئەبن‌و خۆیان ئەشارنەوە، ئەوەی کە بۆ ئێجگاری لە خەباتی میللەتەکەی ئەپچڕێ‌و ڕوو ئەکاتە وڵاتی بێگانەو وڵاتەکەی خۆی لەبیر ئەباتەوەو ئاگای لە بەسەرهات‌و کوێرەوەریی گەل‌و وڵاتەکەی نابێ‌و هەر بەتەنگ ورگ‌و گیرفانی خۆیەوە ئەبێ، وەکوو ئەو کەسە وایە کە بەوپەڕی کەمتەرخەمییەوە هەردوو چاوی بنووقێنێ‌و لووتی بگرێ‌و بەسەر خوێن‌و لاشەی شەهیدی میللەتەکەیدا باز بداو بپەڕێتەوە بۆ ئەودیوی سنوور بۆ ئەوەی ڕەنگ‌وبۆنی خوێنی شەهید کاری تێ‌نەکاو خوێن نەیگرێ‌و لەکاتی بازدان‌و هەڵاتنیا پەشیمان نەبێتەوە.

لە کۆتایی جۆرەکانی ئاوارەدا وابزانم خراپ نییە ئەگەر باسی جۆرێکی تر بکەین کە لە هیچیان ناچێ‌و جۆرێکی تایبەتی پڕ لە کەم‌وکورتی‌و شەرمەزاری‌و سەرشۆڕییە؛ ئەو جۆرە

ئاوارانە لەوانەن کە لەکاتی خەباتکردن و شۆڕشی میللەتەکەیانا ئەبن بە جاش و ئەچنە ڕیزی دوژمنانەوەو گوللە ئەنێن بە سنگی براکانی خۆیانەوە بۆ مەبەستێکی نزم و پەست و لەپێناوی پوول و پارەدا. دوای ئەوەی ئەو دوژمنانە ئەشکێن و مل دائەنەوێنن بۆ داخوازیەکانی میللەتی شۆڕشگێر، ئەوسا ئەو جاش و بەکرێگیراوانە چاویان بەرایی ناهێنێ ئەو شۆڕشگێڕو خەباتکەرانە بە سەرکەوتوویی ببینن، یا شەرمەزارو ڕووڕەش ئەبن بەرامبەر بە گەل و وڵاتەکەیان، لەبەرئەوە لووتی خۆیان ڕەش ئەکەن و سەری خۆیان هەڵئەگرن و ڕوو ئەکەنە ئەو وڵاتانەی کە دوژمن یا هاودوژمنی گەلەکەیان بووەو لەوێ ئەبن بە چڵکاوخۆرو کاسەلێس و کە مردیشن خاکی نیشتمانەکەیان نایانگرێتە خۆی، هەروەکوو جاشەکانی ڤێتنام و کووباو گەلێك شوێنی ترو ئومێدەوارم ئەوانەی لای خۆشمان لەوانە شەرمەزارو ڕووڕەشتر بن لە دواڕۆژدا.

## هەستی ئاوارەو بەرهەمی ئەدیب و شیعری ئاوارە:

کە وشەی ئاوارەمان دێتە بەر گوێ یا لە باسێکدا دێتە بەرچاومان، ئیتر دەم و دەست هەستی دوورەوڵاتی و دەربەدەری لەناو دڵ و مێشکی مرۆڤدا ئەورووژێ و دەست ئەکات بە شەپۆلدان و جاروبارە زنجیرە ئەکاو بەناو دەمارەکانی لەشدا دەزووله ئەکاو یادو بیرەوەریی ناو وڵات و تاسەی گەڕانەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان و بینینی کەس و کارو هاوڕێ و دۆست و ناسیاو بە گەلێك جۆرو شێوە وەکوو موچڕکەیەك بە لەشدا دێ و وەکوو هەستێکی کاریگەرو بزوێنەر، گۆمی مەنگ و بێدەنگی ناو مێشکی ماندوو، دڵی شکاوی مرۆڤ ئەخاتە لەرزەو شەپۆلدان.

هەستی ئاوارەیی و دوورەوڵاتی هەستێکی دەماربزوێنی ئەوتۆیە کە زۆرجار ئەبێتە هۆی تەقینەوەو هەڵقوڵاندنی سەرچاوەیەك لە دڵ و مێشکی ئاوارەداو وەکوو چۆن کانییەك لە وەرزی بەهارا ئەبووژێتەوە، بەو جۆرەش ئەو هەستە سەرچاوەی هۆش و ئەندێشە ئەهەژێنێ و ئەیخاتە سەر خەیاڵ و بیرکردنەوە لە بیرەوەری و کوێرەوەریی ژیانی ڕابوردوو. لە سەرەتادا ئەو کوێرەوەریانە وەکو قوڕو لیتەی شێوەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ڕابوردوو لەناو چوارچێوەیەکی غەمناك و ماتەمدا خۆیان ئەنوێنن و دوای ئەوەی تەوژمی ئەو قوڕو لیتاوە کۆتایی دێ، ئینجا نۆرەی هاژەی ئەو ئاوە زوڵاڵ و ڕوونەیە کە ڕێگەی خۆی ئەگرێتە بەر، جۆرە هەستێکی دەماربزوێن ئەو پەردەی ڕەشبینییە لە سەرچاو و لەناو مێشك و دڵ ڕائەماڵێ و مرۆڤ لەناو دەریای ئومێدو هیوادا ئەکەوێتە پێمەلەی ئاوی ڕەوانی ئەو کانییە هەڵقوڵاوە، دڕك و داڵی ناو جۆگەی غەم و خەفەت و مەینەت ڕائەماڵێ و نەرمە بای شەماڵی

فێنك عارەقی پەژارەی سەر ڕوخسار وشك ئەكاتەوەو هیوای سەركەوتنو هەڵهاتنی ڕۆژی سەربەستیو ئازادی لە كەلی ژیانیا ئەبێتە هۆی ئەوەی تیشكی ئەو ڕۆژە بە كلاوڕۆژنەی دڵو مێشكیا بچێتە خوارەوەو ناو دڵی ماتی ڕۆشن ئەكاتەوە. بەو جۆرە ئەو كانیو ئاوە هەڵقوڵاوەو ئەو سروەی بای شەماڵەو ئەو تیشكی خۆرەتاوە، پێكەوە هەموویان ئەبن بە هەوێنی مەیینی هێزێكی غەمڕەوێنی ڕەشبین بەزێن.

هەستی ئاوارەییو دوورەوڵاتی بە شێوەیەكی گشتی هەستێكی ناسكەو هەندێ جار وەكوو هەستی منداڵێكی لێ دێو بە بچووكترین یادو بیرەوەریو لێكدانەوەو ناوهێنانو باسكردنی دیمەنەكانی ناو وڵاتو كارەساتەكان دێتە جۆشو كوڵ، یا لە خوێندنەوەی باسێك یا گۆڤارێك كە وشەو دێڕەكانی بۆنی باسی وڵاتیان لێ دێ، بەتایبەتی كە ئەو كەسە تەنها هەر خۆی ئەبێو بەملاوبەولای خۆیا ئەڕوانێو خۆی ئەبینێتەوە كە چۆن لە دیمەنی وڵاتو كەسوكارو دۆستان دوورەو بە ئاسانیش ناتوانێت خۆی لە بۆتەی ئەو كۆمەڵگا تازەی ژیانیا ڕابێنێت، بەتایبەتی كە هەندێ جار هەواڵی وڵاتو كەسوكاری لێ ئەبڕێ یا كە هەواڵی ناخۆشی وڵات ئەبیستێو هەر جارەی باسی تاوانێكی تازەی ئەكەوێتە بەر گوێ، ئیتر لە غەمو خەفەت خواردن بەولاوە هیچی تری لەدەس نایەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قینی پیرۆزو ڕەوا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنو داگیركەرانی وڵات لەناو مێشكیا جۆش ئەسێنێو وای لێ ئەكا لە جاران زۆرتر سووربێ لەسەر ئەوەی هەرچی تواناو دەسەڵاتی خۆی هەیە هەمووی بۆ ڕیسواكردنو دەست خستنە ڕووی دوژمنان تەرخان بكات.

زۆر ڕاستە كە بەرهەمی هەندێ ئەدیبو شاعیرو هونەرمەندی ناو وڵاتو جاروبار شۆڕشگێرترو بەكارترو بەسۆزتر ئەبێت لە بەرهەمی ئەدیبو شاعیرو هونەرمەندی دوورەوڵاتو ئاوارە، بەهۆی ئەوە كە ئەوانەی ناوی وڵاتو ناو سەنگەرەكانو ناوجەرگەی كۆڕی خەباتو تێكۆشانی ڕووبەڕوو و كارەساتو تاوانەكان تیژترو گەرماوگەرمترەو زۆرتر پڕن لە جۆشوخرۆش. بەڵام هەندێ جار هەستی ئەدیبو ئاوارەو دوورەوڵات لەوانەی ناو وڵات زۆرتر سۆزی غەمباریو ماتەمی پێوە دیارە، بەهۆی ئەوەی كە بەرهەمەكانیان لە كانگای دڵێكی شكاوو ڕەنجاوی بێبەش لە نازی كۆشو باوەشی دایكی نیشتمانەوە هەڵئەقوڵێتو زۆرتر تاڵیو سوێریی پێوە دیارەو زۆر جار كوێرەوەریو بیرەوەریە كۆنەكانو هەواڵی پەستو ناخۆشی ڕۆژانە كە ئەیانبیستێ هەمووی بەشێوەیەكی غەمناك خەستوخۆڵ ئەبێتەوەو پەنگ ئەخواتەوەو لە بۆتەی دوورەوڵاتیدا قوڵپ ئەداو لە ئەنجامی ئەو مێشك گوشینو دڵڕەنجاویو دڵشكاویەدا گەلێك بەرهەمی بەسۆزی غەمناك كە بە ئاشكرا شەقڵی ئاوارەیی پێوە دیار ئەبێ، لەناو چوارچێوەیەكی تایبەتیدا خۆی دائەڕێژێ.

هەستی ئاوارەیی وەنەبێ هەمیشە هەستێکی گۆشەگیرو دوورەپەرێز بێ، یا تەنها هەر پێوەندیی بە باری ژیانی تاکە مرۆڤەوە هەبێت، بەڵکوو زۆرجار لەگەڵ هاوئاوارەکانی گەلێك پێوەندیی هاوکاریانە پێکیانەوە ئەبەستێ و لەیەکتریان نزیك ئەکاتەوە، هەرچەند جاروبار لە بیروباوەڕیشدا لێك جیاواز بن، بۆیە زۆرجار لە بەرهەمی شاعیری ئاوارەدا نەك هەر هەستی شاعیرەکە خۆی، بەڵکوو هەستی هاوئاوارەکانیشی تیا بەدی ئەکرێ.

هەستی مرۆڤی ئاوارە وەکوو هەستی مەلێکی دڵشکاوو لانەواز وایە کە جگە لەوەی بیر لە خۆیو لە ژیانی ئاڵۆزی خۆیو هێلانەوازیو دوورەوڵاتی ئەکاتەوە، شان بەشانی ئەوەش وەکوو چۆن ئەو مەلە لانەوازە لە پۆلی خۆی ئەپچڕێو تەرە ئەبێت، مرۆڤی ئاوارەش وەکوو ئەو مەلە پەرەوازە هەستێکی هاوکاری لە لەشیا ئەجوولێ کە هانی ئەدا لە هاوئاوارەکانی نزیك بێتەوەو بەو نزیکبوونەوەیەی وا هەست ئەکات کە لە گەڵو نیشتمانەکەشی نزیك بووەتەوە.

مرۆڤی ئاوارەو دەربەدەرو دوورەوڵات لەکۆنەوە هەتائێستا، لەناو هەموو میللەتێکدا هەبوەو هەیەو لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە باسی کارەساتو بەسەرهاتو دەربەدەریو ئاوارەبوونی سەدان هونەرمەندو ئەدیبو شاعیرو نووسەر، کە هەریەکەیان بە جۆرێك باسی ئاوارەییو بەرهەمەکانیان لەکاتی ژیانی خۆیانا یا لەدوای خۆیان تۆمار کراوەو بڵاو کراوەتەوە. دووریش نییە ژمارەیەکی زۆر لەو بەرهەمانە لەناو بچێو بڵاو نەکرێتەوەو لەگەڵ لاشەی خاوەنەکانیان ئەوانیش بە ئاوارەیی بنێژرێن.

بەرهەمە لەکیسنەچوەکان سامانێکی زۆر بەنرخ پێك ئەهێنن لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبو هونەرداو هەریەکەیان بە جۆرێكو بە شێوەیەك کەلێنێك پڕ ئەکەنەوە کە لە دواڕۆژدا هەموویان ئەبن بە سەرچاوەیەکی بەنرخو بە بەڵگەیەکی مێژوویی ڕاستو ڕەوان بۆ ڕوونکردنەوەی باری ڕووداوو بەسەرهاتەکان لەو قۆناغەدا کە ئەو بەرهەمانەی تیا لەدایك بووە. بۆ نموونە لای خۆمان: ئەو شیعرەی کە نالی لە شامەوە ناردبووی بۆ سالمی شاعیری هاوڕێیو وەرامەکەی سالم، هەردوکیان وێنەیەکی فۆتۆغرافیی باری ژیانی ئەو سەردەمەنو بەسەرهاتێکی مێژوویی ئاشکرامان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە چۆن لەدوای ڕووخاندنی ئەمارەتی بابان وەکوو چۆن ترووسکایی ئەمارەتەکانی تری کورد وەك بادینانو سۆرانو ئەردەڵان کوژانەوەو بلووری چراکانیان بە بەردو پلاری عوسمانلیەکانو قاجاریەکان وردو خاش کراو پڵیتەکانیان کران بە خۆڵەمێشی ژێر پێی جەندرمە ڕاوڕوتکەرەکەی عوسمانلیو قاجاری، بەوجۆرەش ئەمارەتی بابان بوو بەهۆی ناشتنی دوا هیوای ئەو سەردەمەی کورد لەو ناوچەیەداو میللەتی کورد کەوتە ژێر ڕکێفی دوو دەوڵەتی تاونباری زۆردار کە وەکوو

بزنمژه دەمیان ژەندبووە لەشی برسی و لاوازی ڕەش‌وڕووتی کوردستان و وەکوو کوللە زەردە داروبەردیان دائەپاچی.

مەلا حەمدوونی شاعیر لەو شیعرەیدا کە باسی شەڕی جیهانیی یەکەمی کردووە، دەوری عوسمانلیە ڕاووڕووتکەرەکانی ڕوون کردۆتەوە کە ئەڵێ:

ژاندرمە ئەسووڕێتەوە وەك واشەیی برسی بۆ لاشەیی میللەت بە فڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرە کەرو قاترو یابوو وشتر سەقەت و شەل بووە گا پشتی شکاوە

بەر لەو، سالمی شاعیر بە شیعرێکی (کە لەدواییدا لە باسی "سالم"دا بڵاوی ئەکەینەوە) باسی ئەو ڕۆژانەمان بۆ ئەکا کە چۆن دوا حاکمی بابان کە عەبدوڵڵا پاشا بوو لەلایەن عوسمانلییەوە گیراو نێررا بۆ ئەستەمبووڵ و لەدواییدا بەربوو، سالم بەو بەربوونەی عەبدوڵڵا پاشا مژدەی شادمانی ئەدات بە گەلەکەی و ڕووی دەمی هێرشی ئەکاتە ئەوانەی کە لایەنگری عوسمانلیەکان بوون و دژی عەبدوڵڵا پاشاو ئەمارەتەکەی بووبوون.

هەروەها شیعرە شۆڕشگێرە ئاگراوییەکانی حاجی قادری کۆیی کە بەئاشکرا شەقڵی یاخیبوونی پێوە دیارە بەرامبەر بە نەریتی کۆن و کۆنەپەرستیی ئەو سەردەمەی کوردستان کە باڵی ڕەشی کێشا بوو بەسەر هەموو بەشەکانیاو شیعرەکانی هەمووی ڕەنگدانەوەی باری تاریك و دواکەوتووی ئەو سەردەمەی کوردستان بوون و داوای لە هەموو کوردێك ئەکرد کە لە خەوی دوورودرێژو چەسپی ئەو تلیاکەی کە فێری بووبوون ڕاپەڕن و ڕچەی بەستەڵەکی کۆنەپەرستی و نەخوێندەواری بشکێنن و بچنە ڕیزی ئەو میللەتانەی ترەوە کە بۆ وەدەسهێنانی مافی خۆیان تێ‌ئەکۆشان.

حاجی قادر ئەو ڕۆژەی کە کتێبە کۆن و شڕەکانی و ئەو چەند تۆمارەی کە بە ڕەشاوی دووکەڵاوی دەروونی نووسیبوویەوە، لە داخی باری نالەباری کوردستان هەمووی پێچایەوەو کردیە ناو بوخچە شڕێکی خام جاوو گرێی داو دای بە شانیاو سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی کردە ئەستەمبووڵ، لەگەڵ ئەو کۆڵ‌وباری کتێبانەدا لەناو دڵ و مێشکیا کۆڵ‌وبارێکی تری هەڵگرتبوو کە زۆر لەو کتێبانە قورستر بوو کە بریتی بوو لە باری غەم و پەژارەی ساڵەهای ساڵی ناو وڵاتی کە هەرچەندی ئەکردو ئەکۆشا هەتا دوا هەناسەی ژیانی نەیتوانی ئەو خەم و خەفەتە لەناو دڵ و مێشکیا ڕاماڵێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە حاجی قادر هەمیشە دژی عوسمانلی (ڕۆم) بووە، بەڵام گەیشتە ئەستەمبووڵ و بەراوردی ژیانی گەلی کوردی کرد لەگەڵ بارو ژیانی ئەوێ و ژیانی ئەو بێگانانەی کە لەوێ ئەیبینین، ئیتر هیچی بۆ نەمابوەوە وەکوو تەعزێبارێك تەشتێکی قوڕی

خەستوخۆڵی گرتبوەوەو لە ژووره تاریكو نوتەکەکەیدا بۆ هەر کارەساتو هەواڵێکی ناخۆشو بۆ هەر بارێکی دواکەوتووی وڵاتەکەی تۆپەڵێکی لەو قوڕە ئەسوو بە تەوقی سەریاو هاوارو فوغانی ئەکردو کەس نەبوو گوێی لێ بگرێ. حاجی قادر هەتا لەناو وڵاتدا بوو شیعرەکانی بریتی بوو لە شیعری دڵداریو ویژدانیو وەصف، کە چووە ئەستەمبووڵو بەرهەمی شاعیرانی تری دیو ڕۆژنامەو گۆڤاری میللەتانی تری بەرچاو کەوتو هەواڵو دەنگوباسی خەباتو تێکۆشانی میللەتانی تری بیستو گوێی ڕاهێشت بۆ ئەو بەدرخانییە ڕۆشنبیرانەی کە ئەو ڕۆژانە ئاڵای خەباتی کوردیان هەڵکردبوو، ئەمانە هەمووی بەراورد ئەکردەوە لەگەڵ باری ناوخۆی کوردستانا، ئیتر وەکوو لە بانێك بەر بدرێتە خوارەوە وابوو. ئەوە بوو لە شیعرێکدا ئەڵێ:

باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو نەبڕایەوە، بووە تڕەکەی خوسرەو!

بەڵێ حاجی قادری شاعیری لاساییکەری کلاسیکی پێڕەوەکەی شاعیرانی کلاسیکی ئەو سەردەمەی کوردستان کە خۆیان تووشی داوی عەرووزو موحەسەناتی بەدیعیو بەلاغەی بێگانە کردبوو، باری ژیانی ئاڵۆزی وڵاتەکەیان پشت گوێ خستبوو، کە چووە ئەستەمبووڵو بوو بە ئاوارە، خۆی نەگرتو پێی نایە قۆناغێکی ترەوەو یادی کۆنو نوێی هەموو پێکا هەڵشێلاو ئەو شیعرە ئاگراویانەی لێ هێنایە بەرهەم کە بە ڕاستی بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتای شۆڕشگێڕی یاخی بووی سڵ نەکەرەوەو چاونەترس ئەژمێررێو ئەبێ کورد شانازی بە بەرهەمی ئەو شاعیرە ئاوارەوە بکا.

### شیعری چەند شاعیرێکی ئاوارە تا دەوروبەری شەڕی جیهانیی دووهەم:

لەپێشەوە باسمان کرد کە کورد هەتا کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم گەلێك شاعیری ئاوارەی بووە، بەڵام باسی ئەو هەموو شاعیرانەو باسی ئەو شیعرانەیان کە پێوەندیی بە هەستی ئاوارەبوونەوە هەیە، باسێکی ئێجگار دوورودرێژەو پێویستی بە سەرچاوەیەکی زۆر هەیە کە بەداخەوە لە دەرەوەی وڵات دەست ناکەوێ. بۆیە ناچار بووین بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە پەنامان بردە بەر شیعری ئەو چەند شاعیرە ئاوارەی کە شیعرەکانیان پێوەندییەکی تەواوی هەیە بەسەر ئەو کارەساتو ڕووداوە گرنگانەی کە هەتا شەڕی جیهانیی دووهەم ڕووی داوە لەو شیعرانەی کە لێرە سەرچاوەکانیان دەس ئەکەوێ. هەروەها وەکوو لەمەوپێشیش لێی دواین، شیعرەکانی نالیو سالم هەردوکیان وێنەیەکی ئاشکران بۆ ڕوونکردنەوەی باری سیاسیو کۆمەڵایەتیی ناوچەیەکی کوردستان لەکاتێکی تایبەتدا کە بریتییە لەدوای ڕووخاندنی ئەمارەتی بابان لە ناوچەی سلێمانیدا، حاجی قادریش شاعیری

قۆناغی ڕاپەڕین‌و خەباتی ئەو سەردەمە بووە کە بەدرخانیەکان ئاڵای شۆڕشگێڕی‌و داوای مافی نەتەوەی کوردیان هەڵکردبوو لە شێوەی خەباتی ئەو گەلانەی تردا کە ئەیانەویست لە کەڵەمەی عوسمانلی ڕزگاریان ببێ، یان ڕزگاریان بووبوو. هەروەها شیعرەکانی عارف صائیب‌و ناجی ناتیق‌و عەبدوڵڵا بەگی سالار سەعید، هەریەکەیان لە شوێنێکدا لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ژیاون یا بەشدارییان کردووە، ئەو شەڕەی کە هیچ سوودێکی نەبوو بۆ میللەتی کورد، بەڵکوو لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا سەرەنجامی نەتەوەی کورد بوو بە قۆچی قوربانیی سوودی دەوڵەتە سەرکەوتوەکان لەو شەڕەدا.

شیعرەکەی پیرەمێردیش سەرەتای قۆناغێکی ترە کە بریتییە لە ڕاپەڕین‌و داواکردنی مافی نەتەوایەتیی کورد دوای ئەوەی کە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانلی هەرەسی هێنا. ئەو ڕۆژانەی کە پیرەمێرد گەڕایەوە،شێخ مەحموود ئاڵای سەربەخۆیی کوردی هەڵکردبوو، کورد بە تەمای ژیانێکی ئاسوودەیی‌و پڕ لە سەربەستی‌و ئازادی بوو، دوای ئەوەی کە ئەیبیسێتەوە نەتەوە ژێردەستەکانی تری عوسمانلیش هەموویان بەو ئاواتانەی خۆیان گەیشتبوون. ئەو چەند شیعرەی "حەمدیی صاحێبقڕان"ی شاعیریش بریتییە لە دەربڕینی هەستێکی پاک‌و بێگەرد وەکوو شاعیرێکی نیشتمانی، دوای ئەوە هەستی بەو چۆڵکردنە کرد کە بە دوورکەوتنەوەی شێخ مەحموود پەیدا بووبوو، ئەگەرچی لەکاتی خۆیا سەرزەنشتی دام‌ودەزگاکەشی کردبوو.

www.zheen.org

لە سەرەتای ئەم باسەدا دێینە سەر باسی شاعیرێکی ئاوارە کە شاعیری قۆناغی کوردایەتی‌و شیعروتن بووە بە کوردی لە زەمانی ئەمارەتی بابانا. بەر لەوە، زۆربەی شاعیرەکانی تر بەشانازییەوە شیعریان بە فارسی وتووە کە ئەوسا زمانی ئەدەبی بووە لە زۆر ناوچەی کوردستان، جگە لەو شیعرانەی مەلای جزیری‌و خانی‌و فەقێ تەیران‌و عەلی تەرمووکی‌و عەلی حەریری کە هەریەکەیان لە کات‌و شوێنێکدا بە شێوەی کرمانجی شیعریان وتووە. بێگومان بەر لەمانە هەموویان بابا تاهیری هەمەدانی کە بە شێوەی (لوڕ) شیعری وتووە، سەرەتایەکی زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە بۆ شیعری کوردی.

ئەوەی کە ئێمە لەم باسەدا مەبەستمانە لە شیعرەکانی نالی بریتییە لەو شیعرەی کە هەستی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە گەل‌و وڵاتەکەی وەکوو مرۆڤێکی ئاوارە لەدوای ڕووخاندنی ئەمارەتی بابان. نالی کاتێک لە حەج ئەگەڕێتەوەو ئەگاتە شام‌و هەواڵە ناخۆشەکانی کوردستانی خواروو ئەبیسێتەوە — بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی کە پایتەختی بابان بووە— لە شام ئەکەوێتە وتووێژ لەگەڵ خۆیدا: بڕۆمەوە؟ نەڕۆمەوە؟ نەخێر واباشە

پەلەی لیٚ نەکەم. چاکتر وایە کە پرسیاریٚك بکەم لە دۆستەکانم، ئەوسا بەپیٚی وەرامەکەی ئەوان بڕیاری لەسەر بدەم. ئەوەبوو بە حاجییەکی سلیٚمانیدا هۆنراوە بەرزەکەی ناردبوو بۆ "سالم"ی شاعیری هاوڕیٚ‌و لیٚی ئەپرسیٚت بگەڕیٚتەوە یا نا؟

**نالی**

خەڵکی دیٚی (خاك‌و خۆڵ)ی شارەزوورە لەنزیکی چەمی تانجەرۆ لە ساڵی (١٨٠٠ز – ١٢١٥ك) لەدایك بووەو لە خیٚڵی مکایەڵییە کە تیرەیەکە لە جاف لە ساڵی (١٨٥٦ز– ١٢٧٣ك) کۆچی دوایی کردووەو بە ئاوارەیی لە گۆڕستانیٚکی ئەستەمبووڵدا نیٚژراوە. (نالی) بەو هۆنراوەیەی کە ناردبووی بۆ سالم، یادو بیرەوەریی جارانی یەك لەدوای یەك هاتۆتەوە بەرچاوو یەك لەدوای یەك وەکوو دانەی تەزبیح بەرودوا هەمووی لە سالم پرسیوەو داوای وەرامی لیٚ کردووە. ئەمەش شیعرەکەیەتی:

قوربانی تۆزی ڕیٚگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)[1]
ئەی لوتفەکەت خەفی‌و هەواخواه و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حضوور
ئەی هەم‌میزاجی ئەشکی تەڕو گەرمی عاشقان
طۆفانی دیدەوو شەڕەری قەلبی وەك تەنوور
گاهیٚك دەبی بە (ڕەوح)[2] و دەکەی باوەشیٚنی دڵ
گاهیٚك دەبی بە دەم (دەدەمیٚنیٚ)[1] دەمی غروور

---

[1] شارەزوور، ناوچەی شارەزوورو دەشتی شارەزوور ئەو شویٚنەیە کە ئیٚستە لەخوار سلیٚمانیٚیەوە بە زنجیرە چیای بەرانان خوارووی گیراوە. لە میٚژووی کۆندا شارەزوور ناوچەیەکی ئیٚجگار زۆر بەربڵاو بووە، سەردەمیٚك ناوچەی هەولیٚریشی ئەگرتەوە، دوای ئەوە کەم بوەوە، ماوەیەك کەرکووکیشی لەسەر بووە، دوای ئەوە بە ناوچەی سلیٚمانی وتراوە شارەزوور (مامۆستا تۆفیق وەهبی لەناو دەسنووسەکانیا چەند باسیٚکی زۆر بەنرخی هەیە دەربارەی شارەزوور کە هیٚشتا بڵاو نەکراونەتەوە).

یاقوت الحموی لە کتیٚبەکەیدا (معجم البلدان) لە لاپەڕە (٣٤٢)دا، ئەڵیٚ "أبا بکر المبارك بن الحسن الشهرزوری" شیعریٚکی هەیە لە شارەزوورەوە ناردویٚتی بۆ هاوڕیٚیەکی تیایا ئەڵیٚ:

وعدت بأن تزوری بعد شهر فزوری قد تقضّی الشهرزوری
وموعد بیننا نهر المُعلّی الی البلد المسمی الشهرزور
فأشهر صدّك المحتوم حقّ ولکن شهر وصلك شهر زور

[2] ڕەوح: یەعنی شتیٚکی فیٚنك.

سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵو دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکریکی یا صەبوور
هەم (هم عنانی)[2] ئاهمو هەم هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێقوصوور
وەك ئاهەکەم (دەوان)[3] بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوە سوور)[4]
بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کدووراتی سەرزەمین
شادبن بە وەصڵی یەکدی، کە تۆی طاهیر، ئەو طەهوور
ئەمجا مەوەستە تا ئەگەییە ئاوی (سەرچنار)[5]
ئاوێکە پڕ لە نار و چنارو گوڵو چنوور
چەشمێکە میسلی خۆر کە لە سەد جێ، بە ڕۆشەنیی
فەورانی، نووری صافە لەسەر بەردی وەك بلوور
یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکێشن وەك شەهابی نوور
یا چەشمەساری خاطری پڕ فەیزی عارفە
یەنبوعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی طوور
دەموت دووچاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)[6]یی ئەشك
نەبوایە تیژو بێسەمەرو گەرمو سوێرو سوور
داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاکو خۆڵ)[7]
هەتا نەکەی بە خاکی سولەمانیی‌یا عوبوور
یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەن دەمێ

---

[1] دەم دەمێنێ دڵ: مووشەدەمە کە هەوا ئەکا بە ڕووی ئاگرا پێی ئەڵێن ئەیدەمێنێ.
[2] هم عنان: یەعنی هاوجڵەو.
[3] دەوان: یەعنی تیژڕەوو خێرا.
[4] شیوەسوور: لەنزیك چەمچەماڵە، زستانانو بەهاران ئاوی پیا دێو هاوین وشك ئەکا.
[5] سەرچنار: ئاوێکی ڕوونو ساردە لای ڕۆژئاوای سلێمانییەوە هەڵدەقوڵێت.
[6] بەکرەجۆ: جۆگایەکە لای قلیاسانەوە لە ئاوی سەرچنارو چەمی چەقان پێك دێ (جگە لەوە بەکرەجۆ کیڵگەیەکی گەورەی میرییە).
[7] خاکو خۆڵ ئەو گوندەیە (نالی) لێ لە دایك بووە.

(موشکین)[١] دەبی بە کاکۆڵی غیلمانو زوڵفی حوور
خاکی میزاجی عەنبەرو داری ڕەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەرو جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهارو فوصوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیرو بوخاری هەموو بخوور
شارێکە عەدلو گەرمە لە جێگێکە خۆشو نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری شارەزوور
ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم ناظیمی عقوودنو هەم ناظیری ئوموور
سەیریێ بکە لە بەردو داری مەحەللەکان
دەورێك بدە بە پرسشو تەفتیشو خوارو ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبوە پردی (سەرشەقام)[٢]
پیرو فوتادەتەن نەبوە داری (پیرمەسوور)[٣]؟
ئێستەش بە بەرگو بارە عەلەمداری (شێخ هەباس)[٤]
یا بێنەواو و بەرگە، گەڕاوە بە شەخسی عوور؟
ئایا بە جەمعو دائیرەیە دەوری (کانی با)[٥]
یاخود بووە بە تەفریقەیی شۆڕشو نوشوور؟
(سەیوان)[٦] نەظیری گونبەدی (کەیوانە)[٧] سەبزو صاف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟

---

[١] موشکین: یەعنی بۆنخۆش.

[٢] سەرشەقام گەڕەکێکی شاری سلێمانییە.

[٣] پیرمەسوور: پیاو چاکێکە گۆڕەکەی لە ناوچەیەکدایە بەناوی ئەوە ناونراوە گەڕەکی پیرمەسوور.

[٤] شێخ هەباس: یەکێك بووە لە سەیدەکانی بەرزنجەو ئەویش وەکوو پیرمەسوور– لە گەڕەکێکدایە بەناوی ئەوەوە ناونراوە گەڕەکی شێخ هەباس (شوێنەواری نەماوە).

[٥] کانی با: کانی ئاوو گردێکە، گردەکە دارو شەخسێکی بەسەرەوەیە، جاران لایان وابوو نەخۆشیی باداری چاك ئەکاتەوە. ماوەیەك جێی سەیرانکەران بوو.

[٦] سەیوان: نیازی لە گردی سەیوانە، لە زەمانی بابانەکانا لە سەرەتادا جێگەی ڕابواردنی میرەکانی بابان بوو، وردە وردە کرا بە گۆڕستان، لای ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیدایە.

[٧] کەیوان: ئەستێرەی (زوحەل)ـە بازنەیەکی ڕۆشنی بەدەوردایە.

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)[١]
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ‌و loورە loور؟
ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)[٢]،
یاخۆ بووە بە صۆفیی وشکی لە حەق بەدوور؟
داخۆ دەروونی صافە، گوڕەی ماوە (تانجەرۆ)[٣]
یاخۆ ئەسیری خاکە، بە لێڵی دەکا عوبوور؟
سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا)[٤] بکە
ئایا ڕەبیعی (ئاهوو)[٥]ە، یا چایری ستوور؟
سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەك خەطی ڕوویی یار
یا پووشی وشك‌و (زوور)[٦]ە وەکوو ڕیشی (کاکە سوور)[٧]
قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین،
یا وەك سەقەڕ پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور
دەسبەندیانە دێن‌و دەچن سەرو و ناڕەوەن
یا حەلقەیانە صۆفیی ملخوارو مەندەبوور؟
مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە:
ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یانە سوور؟

---

[١] کانی ئاسکان: کانییەکی زۆر گەورەیە لە سلێمانی، لە زەمانی بابانەکانا وەك لە شیعرێکی شێخ ڕەزا دەرئەکەوێ مەیدانی ڕمبازی‌و غارغارێن بووە (ئێستە داپۆشراوە).

[٢] شیوی ئاودار، شیوێك بوو لە باکووری خۆرئاوای سلێمانی، ئێستە داپۆشراوەو ئەوناوە هەموو بووە بە خانوو.

[٣] تانجەرۆ: ڕوبارێکە لە خواروی سلێمانی، کە سەرچاوەکەشی ئاوی سەرچنارە.

[٤] خانەقا: نیازی لە خانەقای مەولانا خالیدە کە (نالی) لەو خانەقایەدا خوێندوویەتی. لە زەمانی مەحموود پاشادا ناکۆکی نێوانی مەولانا خالیدو دەستەی کاك ئەحمەدی شێخ وای لە عوسمانلیەکان کردووە کە خانەقایەکیش بۆ مەولانا دروست بکەن.

[٥] ئاهو: یەعنی ئاسك.

[٦] زۆر: نالی شێوەی قسەکردنی شارەزووری‌و جاف وابووە، شارەزووری‌و جاف تیپی (ب) ئەکەن بە (واو) لە گفتوگۆکردنا. زبری کردووە بە زۆر.

[٧] کاکە سوور کابرایەك بووە ناوی (ئەولا) بووە، ڕیشێکی سووری تۆپزی بووەو بەسالاچووە، ڕیش سوورێکی تریش هەبوە کە بەناوبانگ بووە لە سلێمانیدا ناوی (هەمزاغا) بووە، بەلام نازانم ئەو هەمزاغایە باپیری پیرەمێرد بووە یا نا؟ لە سلێمانیدا ئەوترا: بۆچی ئەوی ڕیشی سوور بێ هەمزاغایە؟

حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ،
لێڵاوی دانەهاتووە وەك سەیلی شیوە سوور؟
ئێستەش کەناری حەوشە  کە جێی بازو کەوشەکە
یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟
چاوێ بخە لە سەبزەوو سێرابی دائیرە
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە، نەرمە یانە زوور؟
توخوا فەضایی دەشتی فەقێکان ئەمیستەکەش
مەحشەر میسالە، یا بووەتە چۆڵی (سەلمو توور) [١]؟
واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چیی ماوە، چیی نەماوە لە هەیوانو تاقو ژوور؟
ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە، یانە خۆ
هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مارو موور؟
زارم وەکوو هیلالو نەحیفم وەکوو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زارو بە دڵدا دەکەم خوطوور؟
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاوو بە چاوا بکا عوسبوور
ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە،
یا مەصڵەحەت تەوەقوفە تا یەومی نەفخی صوور؟
حاڵی بکە بە خوفیە کە ئەی یاری سەنگدڵ
"نالی" لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

کە ساتێك "سالم" شیعرەکەی "نالی"ی پێ ئەگات، دەمودەست هەردوو چاوی پڕ ئەبێت لە فرمێسك، غەمو خەفەت لە دەروونو قوڕگیا قوڵپ ئەداو دێتە جۆشو دەست ئەبا بۆ دارئووچەکەیو وەرامی نالی ئەداتەوەو پێی ئەڵێ قوربان بۆ کوێ دێیتەوە؟ تازە تۆ چۆن بەرگەی

[١] سەلمو توور: دوو کوڕی فەرەیدوونی پادشای پێشدادیەکان بوون. ئەو دوو برایە لەناو خۆیانا تێك چوونو بوو بە شەڕیانو قەلاچۆی یەکتریان کردووەو شوێنی هەردوولا چۆڵو وێران بووەو لەوساوە هەر شوێنێك چۆڵو وێران بێ پێی ئەڵێن (چۆڵی سەلمو توور).

ژیانی ئەم ناوە ئەگریت کە عوسمانلیە شوومەکان هەروەکوو کوللە زەردە دارو بەردیان داپاچیوە.
سالم بەم هۆنراوەیەی یەکە یەکە وەرامی پرسیارەکانی نالی ئەداتەوەو ئەڵێ:

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
ئەی میروەحەی جەماڵی مەهاسای دولبەران
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیم بەر
جاڕووکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەڕاشی فەڕشی بەهاران لە هەموو دەشتو دەر
ماڵش دەدەی بە دەم لە دەمی خوابی صوبحدەم
هەم زوڵفی قیرە گۆنەوو هەم چیهرەیی قەمەر
باری بە سروەکەت بە شنەی ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بە هەم ئاغوشی نەیشەکەر
وەقتی طەوافی عاریضی دولبەر شنۆیی تۆ
لەغزش دەخا بە طوڕڕە لە سەر تا بە پێ کەمەر
کەی دێتە خەندە غونچە، دەمی، بێ وەزیدەنت
گەر تۆ نەبی درەختی چەمەن ناگرێ سەمەر
ئیحیاکونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعناگوشا لە تەربییەتی قامەتت شەجەر
ئابی حەیاتو ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتەدەر
میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێندە تەنگ بووە
دوودی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتەبەر
هیمەت کە چاپوکانە بە ئیجرایی مەتڵەبم
لەمسەر برۆ وەکوو بەریدو لەوێ بێ وەك تەتەر
بۆ موڵکی (شام)ـە نامەیی من سوویی "نالی"یە
هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر
پرسیویە ظاهیرەن لە ڕەفیقانی یەك جیهەت
ئەحواڵی ئەهلی شەهرو ڕەفیقانی سەربەسەر

لەوسایەوە کە حاکمی (بابان) بەدەر کران
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر
تا بوو بە جایی مەتڵەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
سووتا گیاه و تەشنەوو خوشکیدە بوو سەمەر
ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ زەلیلی شەهر
بوریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جگەر
جوز گاه گاه ئاه و ناڵە لە ئەییمی ڕۆمییان
نەمدیوە وا ببێ لە عەدالەت لەبی بەشەر
(سەیوان) پڕ لە شەخسی ستەمدیدە خوارو ژوور
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەرلا دەکەم نەزەر
جێی تورکەکانی ڕۆمە دەرو ژووری خانەقا
غافڵ لە هەموو جایێ موریدانی باخەبەر
ئەو حەوزە پڕ دەبوو کە وەکوو چاوەکانی تۆ
تەغییرە ئاوی وەك دڵی مەردانی پڕ کەدەر
سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری (سەرچنار)
لێڵاوە چەشمەساری وەکوو چاوی بێبەصەر
ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو
یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەك تەهی سەقەر
زستانی ئەووەڵین بوو دڕا بەرگی شێخ هەباس
ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش دەخەن زەرەر
وەك چاوی بێغەمانە هەموو (شیوی ئاودار)
بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەترە بێتە دەر
ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو (کانی ئاسکان)
ئێستە لە دەنگ‌و ڕەنگی ڕۆمی پڕە لە کەر
تا دوزدی وەختی ئیمەشەبن تورکی بێنیزام
دودزن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکوو شەرەر
شارێکە پڕ لە زوڵم‌و مەکانێکە پڕ لە شین
جاییێکە پڕ لە شۆڕو وڵاتێکە پڕ لە شەڕ

ئەمڕۆ فەزایی بازیگەهی جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی (الحذر)
سەربانی پڕ لە گەژدومو دیواری پڕ لە مار
کۆڵانی پڕ لە ڕەهزەنو سەحرایی پڕ خەتەر
دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەت
هەر تاری عەنکبووتە حیبحابی بیروونو دەر
نایێ سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد
غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پێ گوزەر
توخوا بڵێ بە حەزرەتی نالی: دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە (سولەیمانی)یا گوزەر
(سالم) سیفەت لە بێکەسییا با نەبێ هیلاك
من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر
ئەم موڵکە نەظمی نابێ بەبێ ضـــەبطی واریثی
بێ ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە با نەکا سەفەر

ئەمە بوو وەڵامەکەی "سالم" کە پڕبەپڕی پرسیارەکانی "نالی" بووەو لە دوا دێڕیدا پێی ئەڵێ: ئەم وڵاتە هەتا کاروباری بەدەس خاوەنەکەی خۆیەوە نەبێ، بەهیچ جۆرێك ئاسایشو ئارامیی تیا نابێ؛ لەبەر ئەوە هەتا ئەو ڕۆژە نەیەت، نەکەی بگەڕێیتەوە، با تۆش وەکوو من پەشیمان نەبیتەوە. سالم کە ئەویش ماوەیەك دەربەدەر بووبوو، لە دەربەدەریو ئاوارەبوونیا بۆ ئێران، هەروەکوو نالی زۆر بەپەرۆش بوو بۆ گەڕانەوەی ناو وڵات، ئەوە بوو لە شیعرێکدا وتبووی:

لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر نەجاتم بوو لە تارانا
بەهەشت گەر بێتەوە دەشتی ڕەی بە ئێرانا گوزەر ناکەم

هەروەها لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

خۆزگە ئەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی ئەبێ
کوێی یارم مەشهەدە، یا مەنزڵم هەر ڕەی ئەبێ

بەو جۆرە "نالی" لەسەر وەڵامەکەی "سالم" سەری خۆی هەڵگرتو ڕووی کردە ئەستەمبووڵ، چونکە هەرچەندی ئەکرد چاوی بەرایی نەدەهێنا وڵاتەکەی بەوجۆرە ببینێت کە سالم بۆی باس کردبوو. ئەوەبوو لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردو لەوێ بە ئاوارەیی

نێژرا. ئێجگار زۆر سەیرە ئەم دنیایە. ئەمڕۆ ئەڵێی دوێنێیەو دوێنێ ئەڵێی ئەمڕۆیە، داگیرکراویش کوردو کوردستانە.

بەڵام خەیاڵی دوژمن زۆر خاوە، خەیاڵی بەنگکێشانەیە
کورد واز لە مافی خۆی بێنێت، شتێکە وەك ئەفسانەیە
کورد خەڵاتی کەسی ناوێ‌و لە هیچ کەس ناپاڕێتەوە
مافی کورد قەرزێکی کۆنەو لە مێژووی ئەسێنێتەوە

لام وایە جێی خۆیەتی کە لێرەدا بە بۆنەی ئەو شیعرەی نالی‌و سالمەوە، ئەم شیعرەی شاعیری لاو کاك لەتیف هەڵمەت پێشکەش بکەین کە ئەڵێ: بتانەوێ‌و نەتانەوێ ڕۆژێك "نالی" بۆ شارەزوورەکەی ئەگەڕێتەوە:

نالی ئەڕوا، ئەم گوزەرە بەجێ دێڵێ‌و
حەبیبەی خۆی هەرگیز لەبیر ناچێتەوە
نالی ئەڕواو مانگەشەوی شارەزووری خۆی بەجێ دێڵێ
بەڵام دڵی برینێکە، بۆ شارەزوور ئەکولێتەوەو ئەکولێتەوە
وەك چۆن زەوی ئەخولێتەوە
ڕۆژێك نالی بۆ شارەزوور هەردێتەوە
ڕۆژێك نالی گشت وڵات‌و سنوورەکان
ڕادەماڵی‌و لە گوندێکی کوردستانا
بێڵ هەڵدەگرێ‌و گۆرانی بۆ حەبیبەکەی ئەڵێتەوە

ئەی شاعیری دوورەوڵات
تۆ ئەزانی لەدوای تۆ دەشتی شارەزوور
چیی بەسەرهات؟
ئێستە هەموو شارەزوورەکەی جاران
ئەگری بەکوڵ بۆ یەك دڵۆپە باران
شارەزوورەکەی جاران
کە پایتەختی شادی بوو
کەلاوەییێکە وێران
شارەزوورەکەی جاران
کە مەڵبەندی ئازادی بوو

هەمووی بووە بە زیندان

کوا نە هاڕەی کەمەرەی شلی نازداران دێ؟
نە چریکەی دەنگخۆشی باڵداران دێ
نە تەپ‌وتۆز لە باڕەی مێگەلان دێ
نە ئاوازی شمشاڵی شوان لە کەلان دێ

نە کچۆڵەی ملوانکەی مێخەکلەمل
بۆ کانی ئەچێ ئێواران
نە شۆڕەژنی شل‌وەمل
دەچن بۆ بێرەی ناو ڕان
کوا نە دەنگی بەستەی گەرمی کوڕوکاڵ دێ
نە بۆنی باخ لەگەڵ لەرەی شمشاڵ دێ
ئای شارەزوورەکەی جاران
وەکوو جاران نەماوە
سەرانسەری تاکوو گڵکۆی
حەبیبەشت هەر سووتاوە

دەبێرەوە، کەی دێیتەوە
لە شارێکی بێ شاعیرا
شیعرێکی تر بڵێیتەوە؟
هەرچی ڕۆژێ تۆ بێیتەوە
تا حەبیبەش لە توێی کفن دەرئەچێت‌و
باوەشت بۆ ئەگرێتەوە
وەکوو جاران
دەتکاتەوە بە دەزگیران
لەگەڵ لەرەی شیعرەکانت ئەتوێتەوە
وەکوو دڵۆپەی باران

ئەی دڵدارە ئاوارەکە
لە قووڵایی نامەکەتا

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ سالمە غەمبارەکە
ترسێکی زۆر بەدی دەکرێ، ترسێکی زۆر فراوان
تۆ بترسیو دەزگیرانو وڵاتەکەت بەجێ بێڵێ؟
کێ نەترسێ، ها خاڵۆ گیان؟
ئەی گوایە تۆ بە حەبیبەت نەوتووە
نەچم شەرتە هەتا ئەم خوارە بێ تۆ؟
ئەی ئێستا بۆ نزیکەی سەد ساڵیشە
تۆ حەبیبەو شارەزوورت جێ هێشتووە؟
نەتکردبێ دەزگیرانی نوێت گرتبێ؟
خۆ حەبیبە نەمردووە
گەر بێیتەوە، دڵنیابە کە ئەمجارە
حەبیبە نەك لەسەر ماچێ
لەسەر سەد ماچ دڵت ناشکێنێ
لە قسەی تۆ هەر دەرناچێ
ناتتۆرێنێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

دە وەرەوە تۆ ببینە
نەك هەر دەستی حەبیبەکەت
سەرانسەری شارەزوور
بە خوێنی گەش ڕەنگینە
دە وەرەوە، ئەی شاعیرە دڵسۆزەکەی کوردستان
وەرە قوربان
توخوا دڵی دۆستەکانی خۆت مەشکێنە
دە وەرەوە، وا حەبیبە چاوەڕێتە
پرچەکانی لە ڕووباری فرمێسکی خۆی هەڵکێشاوە
فرمێسکی چی، خۆ فرمێسکی هەر گوڵاوە قوربان
دە وەرەوە، هەڵبەستێکی تازە بێنە
بۆ وڵاتێك کە شاعیری تیا نەماوە قوربان
دە وەرەوە چاوی سالم هێندە گریا

سۆمایی داهاتو کوێر بوو
چاوی سالم هێندە گریا
تا چۆلەکەش ئا لەوەوە گۆرانیی گریان فێربوو
چاوی سالم هێندە گریا
گەرووی بەردیش لە گریانی ئەو تێربوو
دە وەرەوە بۆ ئەم شاخو بۆ ئەو کێوو قەدپاڵە
هۆنراوەی جوان پەخش بکە وەك گوڵاڵە
ئەگەر هاتیو لە ماڵێکی هەژار لات دا
نانیان نەبوو بیان بوورە
ئەگەر هاتیو لە چیغێکی غەمبار لات دا
ئاوی ڕەوانیان نەبوو بیان بوورە
دەیان ساڵە، ئەم وڵاتە
گرانییەو قڕوقاتە
گرانییەو قڕوقاتە
دە وەرەوە
شارەزوورە وێرانەکەت
نەختێ ئاوا بکەرەوە
دە وەرەوە بۆ نیشتمان
وەکوو جاران
هەر حەبیبە بکەرەوە بە دەزگیران

کێ تۆرانتیو لەکێ تۆرای؟
دەستی شکێو چاوی کوێربێ
کێ تۆرانتیو لەکێ تۆرای؟
یاخوا واشەی ئەو کێوانە
بە پارچەی جگەری تێر بێ
دە بێرەوە....دە بێرەوە
لە شارێکی بێ شاعیرا
شیعرێکی نوێ بڵێرەوەس

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سالم**:

ناوی عەبدولڕەحمان کوڕی محەمەد بەگی قەرەجەهەنەمی کوڕی ئەحمەد بەگو لە بنەماڵەی (صاحێبقڕان) بووە. بەپێی ئەو پەراوێزەی کە لەلایەن لیژنەی وێژەو کەلەپووری کوڕی زانیاری‌یەوە ڕوونی کردۆتەوە بۆ لەچاپدانەوەی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد– دانەری ئەمین فەیزی) کە لە ساڵی ١٩٨٢دا چاپیان کردۆتەوە، ئەڵێ سالم لە ساڵی (١٨٠٠ز)دا لەدایك بووەو لە ساڵی (١٨٦٦ز)دا کۆچی دوایی کردووە. بەڵام دوکتۆر کەمال فوئاد لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری "چریکەی کوردستان" چاپی لەندەن، ساڵی (١٩٨١)دا ئەڵێ سالم لە ساڵی (١٨٠٥ز)دا لەدایك بووەو لە ساڵی (١٨١٩ز)دا کۆچی دوایی کردووە. سالم جگە لەو شیعرەی کە لە پێشتردا باسمان کردو وەرامی شیعرەکەی "نالی"ی پێ دابووەوە، گەلێك شیعری تری هەیە باسی ئاوارەبوون یا هەستی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە ئاوارەبوون.

لە شیعرێکیدا وەختی خۆی دکتۆر کەمال فوئاد لە ڕۆژنامەی "ژین"ی ڕۆژی ٧/١٢ کە خوالێخۆشبوو گیوی موکریانیش لەو ڕۆژنامەوە ئەو شیعرەی وەرگرتووە، لە چاپی دیوانی سالم دا کە لە هەولێر لە ساڵی ١٩٧٢دا چاپی کردووە ئەو شیعرەی بڵاو کردۆتەوە.

ئەو شیعرەی سالم بریتییە لە دەربڕینی هەستی سالم بەرامبەر بە داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن عوسمانلیەکانەوەو هەستی سالم خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەوانەی کە لەو شارە ئاوارەو دەربەدەر بوون (لە ساڵی ١٨٥٠–١٨٥١ز)دا. شیعرەکەی سالم (٤٨) دێڕەو ئێمە لێرەدا ئەو (٢٤) دێڕەی بڵاو ئەکەینەوە کە دکتۆر کەمال فوئاد بە ئیملای خۆی بۆی ناردووین کە لەو دەسخەتە فارسی ئامێزەوە وەری گرتووە (کە وێنەی ئەویشی بەجیا بۆ ناردبووم).

١) بەردە ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصی موڵکی بابانن
لە بێدادیی فەلەك هەریەك سەراسیمەو پەرێشانن
٢) جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لە بێچیزی
لەژێر باری غەما هەریەك لە خەمدا میسلی چەوگانن
٣) لە بابانا گرفتارن پەرێشان خاطرو بێکەس
بە جەمعییەت سیەه بەختانە وەك گێسوویی خووبانن
٤) گەدان و بۆ گەدا دەرگانە وا ناکەن لە بێچیزی
وەکوو نەڕرادی دانا هەر لە فیکری خانەبەندانن
٥) لە زوڵمی چەرخی دوونپەروەر سەخی طەبعانی حاتەم دڵ

به ڕاهی کۆیی دوونانا له هەر سوو کاسەگەردانن
٦) به دەستی کەشمەکەش هەرسو درا بەرگی خۆدئارایی
قەبایی نۆکەرو ئاغا هەموو بێ چاكو دامانن
٧) له بابانا ئەمێسته چونکه قاوەی نۆکەری دۆغه
له حەڵقەی ئەهلی حەسرەتدا هەموو کەمولەفنجانن
٨) ئەوانەی تەرمە پۆشو شەهدنۆشو نازپەروەر بوون
ئەمێسته خانەدۆشو نەخۆشو زارو عوریانن
٩) ئەوانەی جێنشیمەنیان له گۆشەی تەختی حاکم بوو
به دەشتی شەهرەزوورا جومله وەك غۆلی بیابانن
١٠) دەلەرزن هەوری نو گەر بێتە ڕووی گەردوون له پایزدا
بەرۆتی گۆنه خەزپۆشان له فیکری بەرگی زستانن
١١) له فیکری ئیلتزاما شەو دەکەن شۆرا لەبەر عوسرەت
سەحەر بۆ هەوڵی قوتی شەو لەناو شارا پەرێشانن
١٢) زەرەرکردە ئیجارەی یادشاهی چۆتە دەروێشی
فەقیری موڵکی (هەوشار)و غەریبی شاری (تاران)ن
١٣) به کەوبازی خەریکن دەستەیی مەعزولی بێ ئاغا
موقیمی (قەهرەمان)و (میۆڵی)و (تیمار)و (باغان)ن
١٤) حەیادارانی بێحورمەت لەتاو بێماڵیو عوسرەت
فەقیری دێی (فەقیرە)و (تەکیە)وو (ئەستێڵ)و (تافان)ن
١٥) له بیمی تازیانەی مەردی ڕۆمی سەییدو صۆفی
به ئومێدی گەزۆو مازۆ لەبن داری (مەریوان)ن
١٦)هونەرمەندانی شیراوژەن، قەوی دەستانی پیل ئەفکەن
له ڕووی غەوواصی ئەتراکا وەکوو بوبەر گوریزانن
١٧) بەرێی بیمو خەتەردا یەك بەیەك بۆ قاصیدی چاکن
بەبێ تەکلیف ڕەهزەن، خودبەخود بێ چیزو عوریانن
١٨) کزەو دوودی کەباب دەردی له مەتبەخهای بێ دوودا
به یادی قووتی شامی شەو جگەرها بەسکە بوریانن
١٩) طەڵەب ناکا گەدا قەد سووی سفرەی صاحیبی نیعمەت

لەتاو ئەحواڵی بێ نانی لە هەرجا خانە میهمانن
٢٠) بە ئەحواڵی ملووکانی گەداپەروەر دڵم سووتا
لە بابانا ئەمێستە موستەحەققی خێرو ئیحسانن
٢١) لە جەوری چەرخی گەردوون بەسکە حەیرانن بە ناچاری
بە لەب خەندانو شادانن، بە دڵ غەمگینو گریانن
٢٢) بە نامەردی سەراسەر میسلی گۆرکینن لەلای ڕۆمی
ئەگەر ڕۆمین تەنی عەهدن وە گەر سامی نەریمانن
٢٣) درێغا بۆ سوارەی خاصی پایتەختی سلێمانی
لە (قڕگە)و (قزلەر)و (قورخ) بە ڕووتی جوملە گاوانن
٢٤) لە زوڵمی چەرخی چەپگەردش درێغا حەسرەتا داد
بە میسلی سالمی بێکەس گەلێ کەس وێڵی شارانن

سالم لە دوا دێڕدا باسی ئەوە ئەکا کە زۆر کەسی وەکوو ئەو ئاوارەو دەربەدەر بووون. ئەو وشانەی کە لە کەوانەدان، ئەوەی دێڕی دوازدەهەم چەند شوێنێکن لە ئێراندا، ئەوانەی دێڕی سیازدەهەمو چواردەهەم ناوی چەند گوندێکن لە ناوچەی قەرەداغ، دێڕی بیستوسێ: قڕگە گوندێکە لەنزیک شاری سلێمانی، لەم ڕۆژانەدا میری سووتاندوویەتیو شوێنەکەی بە بلدۆزەر تەخت کراوە، قزلەر گوندێکە لە ناوچەی سەرچنار، هەروەها قورخ. هەروەها دوکتۆر کەمال فوئاد لەو باسەیدا لە گۆڤاری "چریکەی کوردستان"دا باسی شیعرێکی تری سالم ئەکات کە لە دیوانە چاپکراوەکانیا بڵاو نەکراوەتەوە، سالم ئەو شیعرەی بۆ عەبدوڵڵا پاشا وتووە، وەکوو چۆن لە سلێمانی لە زەمانی شێخ مەحمووددا کە ئاوارە کرابوو بۆ هیندستانو دوای ئەوەش کە ئاوارە کرابوو لە خوارووی عیراقدا، جار بەجارێ هەواڵی گەڕانەوە بڵاو ئەبوەوە، لەو سەردەمانەشدا کە عەبدوڵڵا پاشای بابان ئاوارە کرابوو، گیرابوو لە ئەستەمبووڵ، هەواڵی بەربوونی گەیشتە سلێمانیو ئومێدی ئەوە هەبوو کە وەکوو جاران بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. سالم کە ئەو هەواڵە خۆشە ئەبیسێ، لە خۆشیانا ئەو شیعرەی بۆ وتووە، بەڵام بەداخەوە عوسمانلیەکان هەرچەند عەبدوڵڵا پاشایان لە ئەستەمبووڵ بەر دا، بەڵام ڕێگەیان نەدا کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵکوو بەزۆر ئەیبەنە بەغدادو لەوێ نیشتەجێی ئەکەنو بەوجۆرە چاوی سالم کاڵ بوەوەو ئەو ئاواتەی نەهاتە دیو بە نائومێدییەوە لەناو دڵیا لەگەڵ خۆیا لە گردی سەیوان ناشتی. شیعرەکەی سالم، جگە لەو مژدە خۆشەی بە خۆیو خەڵکی دابوو بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا

پاشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووی دەمی سەرزەنش و هێرش و هەڕەشەی ئاڕاستەی ئەو جلخوارانەی ئەو سەردەمە کردبوو کە لە شیعرەکەیدا ناویان ئەهێنێ، کە هەریەکەیان بەجۆرێك هاوکارییان لەگەڵ عوسمانلیەکانا کردبوو و میللەت و وڵاتەکەیان خستبووە لاوە.

لێرەدا جیاوازییەك هەیە لەنێوانی ئەو هێرشبردنەی "سالم"و "حەمدیی صاحێبقڕان"دا، سالم ڕووی دەمی کردبووە ئەوانەی کە بووبوونە جلخوارو بۆ سوودی خۆیان ببوون بە نۆکەری عوسمانلیەکان، بەڵام حەمدیی صاحێبقڕان ڕووی دەمی هێرشی کردبووە سەر ئەوانەی کە هەموو هیچ‌وپووچ بوون و بۆ سوودی خۆیان لە دەوری شێخ مەحموود کۆبووبوونەوەو هەندێکیان بەناوی (ئاین)ـەوە ئەیانویست شێخ مەحموود ببەستنەوە بەو (کەمال)یانەی کە جێی عوسمانلیەکانیان گرتبوەوەو ئەیانویست جارێکی تریش کوردستانی خواروو بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. هەردوو شیعرەکەی سالم و حەمدی هەر هێرشە، بەڵام هەریەکەیان بۆ سەر تاقمێك و هەریەکەیان بەجۆرێك.

شیعرەکەی سالم بۆ عەبدوڵڵا پاشا، (لەگەڵ لێکدانەوەی وشەکان وەکوو دوکتۆر کەمال فوئاد ڕوونی کردۆتەوە لە گۆڤاری چریکەدا:

تیروەش[1] دێمە گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە
بولبولی بێ دڵ لە دەوری گوڵ بە فیغان هاتەوە
سەختگیریی کرد ئەگەر سەرما وەکوو ئەفراسیاب[2]
بادی نەورۆزی بە میسلی پۆڕی دەستان هاتەوە
لەشکری گوڵ جوملە خەندانن دەڵێن سەرما شکا
تا سلێمانی صەبا بۆ دێوی زستان هاتەوە
باخە پەژموردەی[3] خەزان و خوڕڕەمی (ئەوقاتی حووت)
ماهی نەورۆزی بە عەکسی ماهی ئابان هاتەوە
بای شەماڵ هێنایە جونبوش قامەتی سەروی سەهی[4]
بۆ خیابانی چەمەن قومری بە ناڵان هاتەوە
سارە[1] دڵدادەی شکۆفەی[2] شاخساری[3] تەرفی باخ

---

[1] تیروەش: یەعنی وەك تیر.
[2] ئەفراسیاب: بەپێی شانامەی فیردەوسی ئەفراسیبا پادشای پیشدادیان بووە.
[3] پەژمودە: ژاکاو، ئابان (مانگی هەشتەم بە حسابی) فارسی.
[4] سەرو سەهی: سەروی ڕێك و ڕاست هەڵچوو.

بێخود[٤] و ڕەقاص و سەرمەست و غەزەلخوان هاتەوە
بۆ شکۆفەی طفل واری[٥] یەکشەبەی شاخی درەخت
ڕەحمەتی ئیزەد[٦] لەگەڵ هەر قەترە باران هاتەوە
ڕووبەڕووی طفلی نەباتاتی چەمەن موشتاق وار
دایەیی[٧] ئەبری[٨] بەهاری ئەشکڕێزان[٩] هاتەوە
دەنگی سەد ڕەنگی کولْنگ و قازو سۆنەو بۆرچین[١٠]
سازوەش[١١] هەرسوو[١٢] لە گوێ سەبزەو شەتاوان هاتەوە
سەیری گوڵشەن کەن لە چیهرەی گوڵ شەوی ئوردی بەهەشت[١٣]
هەر تەرەف بۆ مەجلیسی بولبول چراغان هاتەوە
سەبزە وەك مەخمەل لە هەرجا فەڕشە بۆ صەحنی چەمەن
مەوسمی عەیش و تەرەب بۆ مەیپەرستان هاتەوە
پێی وتم دوێ شەو لە کونجی میحنەتا واضح سرووش[١٤]
وا چراغی دوددمانی[١٥] ئەهلی بابان هاتەوە
چیهرەیی مەقصەد هووەیدا[١٦] بوو لە هەرجا صوبحوار

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١] سارە: بەرگی سەوزی گوڵ خونچە.
[٢] شکۆفە: خونچە.
[٣] شاخسار: لق و پۆپی زۆر چڕ.
[٤] بێخود: بێ هۆش.
[٥] طفل واری: وەك منداڵ.
[٦] ئیزەد: یەزدان، خوا.
[٧] دایەیی: دایەن.
[٨] ئەبر: هەور.
[٩] ئەشك ڕێزان: فرمێسك ڕێژ.
[١٠] بۆرچین: پۆڕ.
[١١] سازوەش: وەك ساز.
[١٢] هەرسوو: لەهەمولایەکەوە.
[١٣] ئوردی بەهەشت: مانگی دووەمی ساڵنامەی ئێرانی (یەعنی گەرمەی بەهار لە ٢١/٤–٢١/٥).
[١٤] سرووش: فریشتەی هەواڵ هێنەر (جبرائیل).
[١٥] دوودمان: بنەماڵە.
[١٦] هووەیدا: دیار، ئاشکرا.

موژدە ئەی یەعقوبی دڵ، یووسف بە کەنعان هاتەوە
ئاشکارا هەر تەرەف هودهود[1] لە پەروازا دەڵێ
ڕووبەڕووی موڵکی سەبا تەختی سولەیمان[2] هاتەوە
ئاصەفی ثانی[3] مورەخەص بوو بە ئەمری پادشا
بۆ نیزامی موڵکی بەینی ڕۆم و ئێران هاتەوە
من وتم چۆن بوو لە ئاق دەنیز[4] نەجاتی، دڵ وتی:
شاهی کەیخسرەو[5] بە جەیحونا[6] بە ئێران هاتەوە
فیتنەخێزە ڕاهی قوستەنتین[7] بە میسلی هەفتخوان[8]
ئەم بە هەر خوانێ وەکوو ڕوبین تەن[9] ئاسان هاتەوە
نۆکەرانی بێ ڕەمەق کرد[10]، خیسسەتی طەبعی مونیب[11]
بۆ تەنی موردەی خەلایق[12] یەك بەیەك جان هاتەوە
شەهدو تەڵخە[13] لوتف و قەهری بۆ قەراری نێك و بەد[14]
شاه نەحل ئاسا[15] بە یادی نۆش و نێشان[1] هاتەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

[1] هودهود: پەپووسلیمانکە.
[2] تەختی سولەیمان نیازی لە پێغەمبەر سلێمانە.
[3] ئاصەف: وەزیری دەستەڕاستی پێغەمبەر سلێمان بووە.
[4] ئاق دەنیز: دەریای سپی ناوەڕاست.
[5] کەیخسرەو: سێیەمین پادشای بنەماڵەی (کیان)یە بەپێی شانامەی فیردەوسی.
[6] جەیحوون: ڕووبارێکە لە ئاسیای سۆڤیتی، بەشێکی سنووری وڵاتی سۆڤیەت و ئەفغانە، ڕووبارێکی ترسناکە لە کوردیا ئەڵێ بە ئاوی ئاموون چی (مەبەستیان لە ئاوی ئەو ڕووبارەیە).
[7] قوستەنتین: ئەستەمبووڵ.
[8] هەفتخوان: یەکێکە لە داستانەکانی شانامەی فیردەوسی کەباسی بەسەرهاتەکانی ڕۆستەم ئەکا لە مازندەران.
[9] ڕوبین تەن: لەشی وەك ئاسن کە نازناوی ڕۆستەم بووە.
[10] بێڕەمەق: بێ نان.
[11] مونیب: بێ بار.
[12] بۆ تەنی موردەی خەلایق: بۆ لەشی مردووی خەڵك.
[13] شەهدو تەڵخە: شیرین و تاڵە.
[14] نیك و بەد: چاکەو خراپە.
[15] نەحل ئاسا: وەکوو هەنگ.

خۆش نەما[2] شمشێری ئەو بوو وەك هیلالی شامی عید
ماهی نەو دەرکەوت‌و عیدی ڕووزەداران[3] هاتەوە
بو قیصاصی موستەحەق‌و قەبض‌و بەسطی موددەعی
شێری مەردی گوردی پیل ئەفگەن[4] لە مەیدان هاتەوە
خۆشە ئەمما بێ‌تەڕەددود[5] بازیان‌و شەهرەزوور
عادیلی نادر ڕەوش بۆ جانی دوزدان هاتەوە
بێن بەهەم[6] با دەنگی گریەی مولحیدو خەندەی مورید
بۆ نەمانی کفرو زوڵمەت بەدری ئیمان هاتەوە
شەب نشینانی خەفەت با زەڕڕە ئاسا بێنە ڕەقص
وا لە بورجی دەوڵەتا خورشیدی ڕەخشان هاتەوە
چونکە دهقان[7] نۆکەرو بەگ چەرچییەو ئاغا بەقاڵ
بۆ نیزامی نۆکەرو بەقاڵ‌و دهقان هاتەوە
دیم لە بابانا ڕەعییەت زاڵم‌و نۆکەر فەقیر
مونعەکیس بود قەضییە، بابی فەقیران هاتەوە
شەق وەشێن بۆ کاسبی شوورانشین
پشتی لەشکر، صەدری مەجلیس، میری میران هاتەوە
گریە کا تا دەنگی دەر دێ با کەریم ئاغای نەنێ[8]
حاکمی مەعزوول کردەی ئەو بە شادان هاتەوە
تەپڵی بدڕێنێ، عەلەم ون کا جەنابی کاك ئەمین
قابیلی بەیداغ‌و تەپڵ‌و لەشکرو سان هاتەوە

---

[1] نۆش‌و نیشان: بۆ نوشین‌و بۆ پێوەدان.

[2] خۆش نەما: وێنەی جوان.

[3] ڕووزەداران: ئەوانەی بەڕۆژوو ئەبن.

[4] پیل ئەفگەن: فیل بەزێن.

[5] تەڕەددود: سەرلێدان.

[6] بین بەهەم: بین بەیەکدا.

[7] دهقان: ئەوانەی لە لادێ دائەنیشن.

[8] کەریم ئاغای نەنێ‌و ئەوانەی تر کە ناویان دێ لەو شیعرەدا وەکوو کاکەمین‌و مودیری پەت لەمل‌و کەهیای ماضی... ئەوانە بوون کە لەگەڵ هێزی داگیرکەری عوسمانلیدا هاوکارییان کردووە.

خۆی بە پەت ئەمجا بتاسێنێ مودیری پەت لەمل
ساحیبی چەترو لیواوو تەوق‌و فەرمان هاتەوە
خرس خوو[1] کەهیای ماضی بوو لە دەشتی شارەزوور
پێی بڵێن خۆی ڕاگرێ وا شێری غەڕڕان هاتەوە
چونکە شێوەی زاغی بوو سەرکاری کەهیا موددەتێ
بۆ شکاری ئەو لەسەردا بازی تەڕلان هاتەوە
سەنگەری عەهدی عەزیز بەگ[2] کەڵکی کەهیا[3] ناگرێ
ساحێبی شمشێرو دەرع‌و خوودو خەفتان هاتەوە
ڕەنگە ئەمجا بێتە کاران سەرحەدی موڵکی سنە[4]
ڕم وەشێنی مەعرەکەی دەشتی مەریوان هاتەوە[5]
کەڕڕو فەڕ با کەم بکا والی بە فەوجی (چێش کەرۆ)[6]
پشت بەندیی لەشکری وەندات‌و جافان هاتەوە
کەوتە ناو کەففەی کەرەم دووبارە خەرجی شارەزوور
تاڵعی دەروێش‌و موفلیس بوو کە قائان[1] هاتەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

[1] خرس: ورچ.
[2] عەزیز بەگ: عەزیز بەگی بابان سەرکردەی لەشکری بابانەکان بووە لەکاتی هێرشبردنی عوسمانلیەکان بۆ سەر سلێمانی (سالم شیعرێکی زۆر دوروودرێژی هەیە دەربارەی ئەو هێرشەی عوسمانلیەکان) کە ئەڵێ:

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەو ئەژنۆ کەفزەنان
گیژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان

[3] کەهیا: کاربەدەست.
[4] موڵکی سنە: نیازی ویلایەتی ئەدەڵان بووە کە پایتەختەکەی (سنە) بووە.
[5] ڕم وەشێنی دەشتی مەریوان نیازی عەبدوللا پاشای بابانە کە لە ساڵی (١٨٤١)دا لە دەشتی مەریوان لەشکری والیی ئەردەڵانی شکاند (والیی ئەو سەردەمەی ئەردەڵان ناوی ڕەزا قولیخان بوە). شێخ ڕەزا تالەبانی لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا باسی ئەو شەڕەی کردووە کە ئەڵێ:

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارو لمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

هەتا ئەڵێ:

کە عەبدوللا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد
"ڕەزا" ئەو وەختە عومری پێنچ‌و شەش طفلی دەبستان بوو

[6] چێش کەرۆ: بە هەورامی یەعنی چی بکەم... کە نیازی لە هەورامییە.

من به شك دەموت نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم
دڵ وتی: سالم یەقینت بێ بە قورئان هاتەوە
ئەهلی دانش حاتەمی بەخشش بە ئەبجەد کەن حیساب
با نەڵێن کانیی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە

لەکاتی خۆیدا (مەولانا خالیدی نەقشبەندی ١٧٧٩ز–١٨٢٦) لەگەڵ شێخەکانی سەر بە تەریقەتی (قادری)ی ئەو سەردەمە تێك چووبوو لە سلێمانی، کە (کاك ئەحمەدی شێخ) یەکێك بووە لەوانە. مەولانا بۆ ئەوەی گێچەڵ پەیدا نەبێ‌و ناخۆشیی نێوانیان تەشەنە نەکا، سلێمانی بەجێ دێڵێ‌و ڕوو ئەکاتە وڵاتی غەریبی‌و ئەبێ بە ئاوارەو لە شام کۆچی دوایی کردووە، لە شیعرێکدا بە فارسی باسی ئەو ئاوارەبوونەی خۆی کردووە.

سالم ئەو شیعرە فارسیەی کردووە بە پێنج خشتەکی بە کوردی، وا لێرەدا پێشکەشی ئەکەین:

دڵ لە میحنەت کەیلە ڕێم کەن، با لە غەم دەرچم لە شار
ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە جەمعی مەردومان بگرم کەنار
دەستە ئەژنۆ دابنیشم بێچارەوو زارو نزار
"موسم عید است وما نومید از دیدار یار"
"عالمی درعیش‌و نوش‌و ما دوچشم اشکبار"
ئەی ڕەفیقان بێن بە مەردی چاری ئەم بێچارە کەن
غەرقی لوججەی زەرفی دەردم لەو دەمە سەر تا بەدەن
نەونیهاڵی شادمانیم بۆ نەبێ سا ڕیشەکەن؟
"هرکسی با یار در گشت گلستان است و من"
"از اشك سرخم شد کنار از داغ هجران لالەزار"
ئەم جیهانە خولدە بۆ مەردوم، وەلیٚ بۆ من سەقەر
عومری شیرینم بە تەڵخی چوو لەبەر طوولیی سەفەر
قەط لە موددەی عومری خۆمدا هەفتەیێ نەمدی حەضەر
"سینە سوزان، دلفروزان، کوچە کوچە، دربدر"
"کس مبادا همچو من اوارە از دارو دیار"
لەو دەمە تا حاڵ لە داوی دووریا کەوتوومە بەند

[1] قائان: یەعنی خان کە نازناوی پاشاکانی مەغۆل بووە.

نەبوە فاریغ بم بە ئانێ قەت لە ئافاتو گەزەند
ڕۆژو شەو مەشغووڵی ئەم زیکرەم بە ئاوازی بولەند
"بی نوا و دل پر از خار و غریبو دردمند"
"دست بر دل سر بزانو چشم در راه دلفگار"
دێتە گوێم دایم بە زاری ناڵەیی مەحزوونی دڵ
بێقەرار و ئیضطیرابە ساڵو مەهـ قانوونی دڵ
داتەپی کاخی موراد و تێك شکا ئەستوونی دڵ
"بکرجوی شد ز هر چشمم روان از خون دل"
عاقبت کردم دوا داغ فراق سرچنار"
کەس نەبێ "سالم" لە دنیادا وەکوو من تووشی دەرد
بێنەوا کەوتوومە غوربەت، ناتەوانو ڕەنگ زەرد
شیعری مەولانا ئەخوێنم، هەڵدەکێشم ئاهی سەرد
"خالدا گر نیستی دیوانەو صحرا نورد"
"تو کجاو کابل و غزنین و خاك قندهار"

بنکەی ژین
www.zheen.org

**حاجی قادری کۆیی**:

لەدوای نالیو سالم دێینە باسی شاعیری ئاوارەی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕو یاخیبوو لە نەریتو کردەوەی وشكو دواکەوتووی ئەو سەردەمەی کە کوردستانی تیا بەجێ هێشتبوو، ئەو شاعیرە حاجی قادری کۆییە.

بەپێی ئەو ساغکردنەوەیەی کە لە تازەترین دیوانی چاپکراوی حاجی قادر کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی سەردار حەمید میرانو کەریم مستەفا شارەزا بە پیاچوونەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەد کە لە ساڵی ١٩٨٦دا چاپ کراوە، ئەبێ حاجی قادر لە ساڵی (١٨٢٤م)دا لە گوندی (گۆڕقەرەج)ی نزیك شاری کۆیە لەدایك بووبێ (بەوپێیە ئەبێ نزیك چارەکە سەدەیەك لەدوای نالی لەدایك بووبێ). سەیر ئەوەیە شوێنی مردنیشی لە ئەستەمبووڵ بە ئاوارەیی هەر وشەی (قەرەج)ی پێوەیە کە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد)ەو لەوێ نێژراوە لە ساڵی (١٨٩٧ز)دا، بەوپێیە حاجی (٧٣) ساڵ ژیاوە.

لەڕاستیدا حاجی قادر بە شاعیری قۆناغێکی تایبەتی ئەژمێررێت لە قۆناغەکانی خەباتی نەتەوەی کوردو هەڵگری چرای ڕۆشنکەرەوەی ئەو ژووری مزگەوتانەیە کە گەلێك لە

شاعیرانمان وەکوو خانیو تەرمووکیو فەقێ تەیرانو عەلی حەریری بەر لەو هەریەکەیان بە جۆرێكو لە شوێنێکدا مەلاشوویان بە شیعری کوردی هەڵهێنرابوەوە.

حاجی قادر دوای ئەوەی لەو ژیانە وەڕز بووە کە لە ناوچەی کۆیەدا بە دڵشکاویو نابەدڵی ئەیبردە سەر، لە داخی ئەوە سەری خۆی هەڵگرتو ڕووی کردە ئەستەمبووڵی پایتەختی ئەو دەوڵەتەی حاجیو گەلێك شاعیرانی ترمان بە (ڕۆم) ناویان بردووە. حاجی چەند ڕقی لە شەیتان بووە، ئەوەندەش ڕقی لە دەزگاو کاربەدەستە تاوانبارەکانی عوسمانلی بووە، بەڵام شان بەشانی ئەوەش دواکەوتنو وشکەڕۆییو بیروباوەڕی پڕوپووچی ناو کوردستانی فەرامۆش نەکردووە، وەکوو شارەزایەك ئەو هەموو دەردو نەخۆشییو دواکەوتنەی بەهۆی نەخوێندەوارییو نەزانینەوە تووشی میللەتەکەی بووبوو، بەبێ ترسو سڵکردنەوە لە کەس هەمووی دەس نیشان کردبوو.

حاجی قادر وەکو هەندێك لە مەلاکانی ئەو سەردەمەی خۆیو بەر لە خۆی مێژەری بۆ ئەوە لەسەر نەنابوو بۆ ئەوەی لەژێر پێچی ئەو مێژەرەدا هەزار فڕوفێڵو تەڵەکەبازیی تیا حەشار بدا. حاجی ئەو ڕۆژانە لە ئەستەمبووڵ بوو کە ئەمارەتەکانی بابانو سۆرانو بادینان یەك لەدوای یەك ڕووخێنرابوون، ئەفسەرانو سەربازانو فەرمانبەرانی تورکی عوسمانلی وەکوو مێردەزمە سواری سەری گەلی کوردی چەوساوە بووبوونو هەرچی خێروبێریان هەبوو هەموویان لوول ئەداو ئەیاننارد بۆ بارەگای سوڵتانو خەڵکی ڕەشوڕووتیان بە فێڵی غەزاوە پێش خۆیان ئەداو وەکوو مۆڵە مەڕ ئەیاندان بە کوشتو ئایانکردن بە سووتەمەنیی ئەو شەڕانەی کە لەگەڵ ئەو میللەتانەدا ئەیانکرد کە ئەیانویست لە تاوانو دەستدرێژییو داگیرکردنی عوسمانلی ڕزگاریان ببێت.

هەرچەند شۆڕشی بەدرخانیەکان لە ساڵی (١٨٤٨ز)دا تێك شکێنرابوو، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو بنەماڵەیە بە دەسبەسەری لە ئەستەمبووڵدا گوزەرانیان ئەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاقە ئومێدو هیوایەکی ئەو سەردەمەی کورد بوون، بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیادا. ئەوە بوو کە تێهەڵچوونێكو ڕاپەڕینێکی تر بەرپا بکرێت بە سەرکردایەتیی بەدرخانەکان کە کوردیش لە ڕێگەی ئەو تێهەڵچوونو ڕاپەڕینەوە وەکوو میللەتەکانی تر ڕزگاری ببێو بگات بە مافی چارەنووسی خۆی.

حاجی قادر کە چووە ئەستەمبووڵ تێکەڵاوییەکی بەهێزی لەگەڵ بەدرخانیەکاندا پەیدا کردووەو بێگومانم کە هەوێنی مەیینی ئەو بیروباوەڕەو کوردایەتیە تیژڕەوەی لەوانەوە دەس کەوتووە؛ ماوەیەك مامۆستای منداڵی بەدرخانیەکان بووەو لە قوتابخانەی

نیشتمانپەروەریی ئەوانا وەکوو شاگردێکی لێهاتووی داناو دڵسۆز خۆی لە ئەستەمبووڵ ئەژیان، یا حاجی قادر هەندێك لە بەرهەمەکانیانی خوێندبوەوە. هەندێك لە شیعرەکانی حاجی قادر شەقڵی ئەو کارتێکردنەی بەدرخانیانەی پێوە دیارەو بەباشی ناوی هێناون.

لەو ڕۆژانەدا کە حاجی لەو وڵاتی ئاوارەییەدا گەلێك ڕاستیی بۆ ڕوون بوەوەو بەراوردی ئەو ڕاستیانەی ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا یادی ئەو ژیانە تاڵو ترشەی ناو وڵاتی لەبیر نەئەچووەوەو لە زۆربەی شیعرەکانیا پلاری ئەگرتە ئەو بارە ناڕێکەی کە ناچاری کردبوو خۆی هەڵبگرێو ڕوو بکاتە وڵاتی بێگانە:

| | |
|---|---|
| لە غوربەت، بە شاهی لەبیر ناکرێ | زەمانی جوانیو یادی وڵات |
| لە (قوشخانە)وە تا دەمی (ئیچ قەڵا) | لە (بایزاغا)وە تا مەحەللەیی (قەڵات) |
| هەموو خزمی خۆمن، دەزانم دەڵێن | لە بێحورمەتییان بوو (حاجی) هەڵات! |

حاجی کە چووە ئەستەمبووڵو لە دیوەخانو شوێنی کۆبوونەوەکانو بەهۆی ڕۆژنامەو گۆڤارو خەڵکە ڕووناکبیرو شارەزایانەی ئەوێو ئەوانەی ڕۆژئاوا کە لەو شارەدا بڵاو بووبوونەوە، گەلێك شتی ڕاستی بۆ ڕوون بووەوەو بەراوردی ئەوانەی ئەکرد لەگەڵ بارە چەوتەکەی ناو کوردستانو سەیری ئەکرد ڕۆشنبیرو شاعیرانی بێگانە خەریکی چینو ئەوانەی ناو کوردستان خەریکی چینو چۆن هێشتا زۆربەیان هەر خەریکی ڕیزکردنی ڕستەی هۆنراوەیە بەسەر چاوی کاڵو زوڵفو خاڵدا، لە شیعرێکدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەڵێ:

باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو نەبڕایەوە، بووە ترەکەی خوسرەو!

لەلایەکی تریشەوە ئەو تلیاكو بەنگەی کە ساڵەها بوو بە چەسپی دەوڵەتی عوسمانلیی پارێزەری ئیسلامی درۆ گێژو وڕی کردبوونو وای لێ کردبوون لە ڕاستەڕێگەی ڕزگاربوونی میللەتو وڵاتەکەیان لابدەنو لەناو خۆشیانا هەموو ناڕێكو بە خوێنی سەری یەك تینوون، لە داخا هیچی بۆ نەمابووەوە ئەیوت:

| | |
|---|---|
| لەبەر حیزە بخوێیو ناتەبایی | لەژێر حیزی حیزانا بووین بە دۆشەك |
| هەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵ یەك | ئەگەر طـوّفان بێ لەشکرتان بە پووشەك |

یا لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

لە مابەینی (کڵاوسوور)و (کڵاوڕەش) پەرێشانین دەبینە میسلی گای بەش

حاجی لەم دێڕەی دواییدا نیازی (ئاق قوینلی)و (قەرەقوینلی) بووە ئا لەو ڕۆژانەداو کە حاجی لە ژووری ژێرخانێکی تاریكو ماتا یادی ڕۆژانی جارانی ئەکردەوەو بیری لە هاوڕێکانی سەردەمی فەقێەتی ئەکردەوە کە پێکەوە مزگەوتاومزگەوت ئەگەڕان بۆ ئەوەی

دەرسێکی لا بخوێنن. جارێك لەگەڵ "کاکە فەتاح" ناوێکدا کە دیارە ئەویش هەر (کۆیی) بووە، چونکە ئەویش وەکوو حاجی قادر ئەو کەسانەی ناسیوە کە ناوی هێناون، بە جووتە یادی هاوڕێیەکی کۆنیان ئەکەنەوە کە (جەلی زادە) بووەو ئەم شیعرەی بۆ ئەنێرێ:

لە جوملەی ماجەرای دووریی ویلایەت ... ئەمەش باسێکە خۆشە وەك حیکایەت
شەوێ دانیشتبووم[١] بێشەمعو میصباح ... ئەتۆی هێنایە یادم کاکە فەتتاح
گوتی با کاغەزێکی بۆ بنووسین ... موحیبی صادقەو هاوڕازی دێرین
منیش ئەم نامەیەم نووسی بە تەعجیل ... شڕو وڕ وەك خەرارو کۆنە زەنبل
بەبێ تەسویدو تەصحیحو موبالات ... وەکوو بەیتی بلە هەرچۆنێ بۆم هات[٢]
بەڵام ئەفکاری خۆمە، نەظمی کوردی ... لە خومخانەی خەیاڵی صافو وردی
عیباراتی دەری[٣] و (تازی)[٤]م نەهێنا ... دەزانی ماڵی خۆمە مەردی دانا
لەبەر پیری ئەوەندە بێحەواسم ... دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم[٥]
سەرو ڕیشم سەراپا بۆتە لۆکە ... بە شەو هەمرازمە پژمینو کۆکە
غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوطان ... سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان
وەلەیکین تۆ کەریم ئیبنول کەریمی ... بەڕەحمەت بابی ئەشعاری یەتیمی
ئەتۆ ماوی لە نوقادی ویلایەت ... ئەوانی تر هەموو بوونە حیکایەت
ئەگەر نای بوو لێرە نالی[٦] ئاوێت ... دڵی کوردی[٧] بووە گەردێ لەبەر پێت
منیش کاتێ دەزانم پێم هەڵەنگووت ... ئەجەل بای صەرصەرە، ئێمەش پەڕو پووت
کە نامە گەییە ئێرە، مۆرمان کرد ... منو فەتتاحی دانا ظەرفمان کرد
"جەلی"مان نووسی ئەرقامی وصووڵی ... بە ئوممێدی قبووڵی بێفضووڵی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١] لە چاپەکەی عەبدولڕەحمان سەعیدا ئەڵێ: شەوێ دانیشتبووین. کە لام وایە ئەمەیان ڕاستترە، چونکە لەو دانیشتەدا حاجی هەر خۆی نەبوە، بەڵکوو کاکە فەتاحیشی لەگەڵدا بووە.

[٢] لە چاپەکەی عەبدولڕەحمان سەعیدا نیوەی دێڕی دووهەم بەم جۆرەیە: وەکوو نووسیومە هەرچۆنێ کە بۆم هات.

[٣] دەری: بەو زمانە پەتییەی فارسی ئەڵێن کە دوای پەهلەوی بوو بە زمانی پاشاکانو زمانی ئەدەبیی ئەو سەردەمەی ئێران.

[٤] تازی: جاران فارسەکان بە زمانی عەرەبییان ئەوت (تازی)، شاعیرە کوردەکانیش لاسایی ئەوانیان کردۆتەوەو لەجیاتی وشەی عەرەبی وشەی (تازی)یان بەکار هێناوە.

[٥] لە چاپەکەی عەبدولڕەحمان سەعیدا نیوەی دێڕی دووهەم وایە: دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی نەناسم.

[٦] "نالی"ی شاعیری ناسراوەو لە چاپەکەی گیودا (نالی ئاوێژت).

[٧] کوردی: نیازی لە مستەفا بەگی کوردیی شاعیرە کە ئامۆزای سالمی شاعیر بووە.

ڕەفیقانم لە کۆیە ئاشنا نین    وقووفی حاڵی ئێمەی بێنەوا نین
سەلامێکە، دیاریمان دیارە    لە دارو بەردی ئەو دارو دیارە
خصووصەن ئاستانەی ئەرجومەندی    جەلی زادەییێکە عەبدوڵلا ئەفەندی
چ عەبدوڵلا، عوبەیدوڵلاهی ئەحرار    موصەغغەر بەندییێکە، زەڕخریدار
زەکاوەت کانییێکە تۆی دەراوی    خەتی ئیقراری نووسیوە زەهاوی
مەلاییێکی فەقێیانە ویقارت    بەیانت ئاوەگردە ئیقتیدارت
علوومت کافی[1] و شافییە[2] بە واجیب    لە (کۆ)ی تۆ دەبتە حاجیب ئیبنو حاجیب
لە داخی تۆ دەسووتێ "نەفتەوەیە"[3]ی    وەکوو بەی زەرد بووە "سیبەوەیە"[4]ی
لە مەیدانی فەصاحەت تۆ موجەللا    حەریری تاڵییەو سەعدی موعەللا
بەغەیرەز جەددی ئێوە کێهە دانا    لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا
وەرە با بێینە سەر باسی نیهانی    بە یادی عەیش‌و ئەییامی جەوانی
بە فکرت دێ زەمانێ چووینە باڵەك    بە پێخاوسی، نە کەوشم بوو، نە کالەك
لەبەر پێم دڕك‌و دارو شاخ‌و باری    وەکوو مەخمەر بوو نەرمی یانە قاڵی[5]
کە چووینە سینگوڕە، سینەم گڕەی بەست    وەکوو قەندیلی سەرگەردان، وەکوو مەست
دەڵێن ئێستە هەواری گورگ‌و شێران    وەکوو قەلبی حەسوودی تۆیە وێران
چکاوە[6] ئاوی پرژو گوڵوەشینی    نەماوە هەر لە کۆتر تا شەهێنی
گەرووی شێخی لە لوقمەی کۆچ‌و باران    موعەڕڕایە میسالی ڕووزەداران[7]
ئەمە دنیایە نامێنێ هەتا سەر    لەبۆ ئازاوو دانا، حیزو ماکەر
مەڵێ ئەم قسەیە بێڕێوجێیە    لە ترسی تۆ نەبێ هێشتا لەکوێیە
لە  دەردی دووری‌و جەوری زەمانە    گەلێ نەزدیکە، زۆر دووری مەزانە
لە خۆم ئاگر هەڵێنم وەك چناروك[8]    لە چاوم گریە دەر بێ وەك حەماوك[1]

---

[1] کافییە: کتێبێکی ئیبنو حاجیبە، باسی (نەحو)ی عەرەبی ئەکا.
[2] شافییە: کتێبێکی ئیبنو حاجیبە باسی (صەرف)ی عەرەبی ئەکا.
[3] نەفتەویە: زانایەکی (نەحو)ی عەرەبی بووە.
[4] سیبەوەیە: زانایەکی (نەحو)ی عەرەبی بووە.
[5] قاڵی: فەڕش.
[6] چکاوە: کزبوون‌و وشکبوونی کانیاو و جۆگەو گۆلاو (چۆڕبڕ).
[7] ڕووزەداران: ئەوانەی کە بە ڕۆژوو ئەبن.
[8] چناروك: هاوینە هەوارێکە لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە.

www.zheen.org

بە سەد قەیدو حەواشیی دەردی دووری — بەیانی ناکرێ غەیرەز صەبووری
لەمەوپێش شەممەیەك[2] عەرزی ئەتۆم کرد — بڵاوە فیکرو عەقڵم، وەسوەسەی کرد
کەوابوو چاکە جامەی خۆم قەبا کەم — بەری دەست هەڵبڕم، ڕوو لە خودا کەم
بڵێم ئەی ڕازقی مێشوولەوو فیل — بە حەقی جوبرەئیلو هەم ئیسرافیل
هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران — لە مابەینی کەکۆنو هەیبە سوڵتان
لە شەرقو غەربەوە تا قیطعەیی کۆ — لەبەر گۆچانی ئەمرت بێ وەکوو گۆ
دەزانی زەحمەتە تیعدادی یاران — بە سەد هاوینو زستانو بەهاران
دیارە دۆستدارانی ئەمن کێن — لە خۆشناوو لە ئاکۆو دەشتی بیتوێن
لە ئێمە هەر کەسێ پرسیی تەمامی — وەکیلی موطـڵەقی صەرفی سەلامی
وەکوو من تۆش بنووسە بێتەئەممول — جەوابی نامەکەم مانەندی بولبول
غەرەز دەستخەگی تۆیە ناعیلاجی — بلا[3] مەعنای نەبێ وەك بەیتی حاجی

با جارێ بێینە سەر لێکدانەوەی ئەو وشانەی لەو شیعرەدا هاتووە، بەپێی ئەو ڕاستکردنەوەیەی کە لەدوا چاپیا بلاو کراوەتەوە لەلایەن کاك سەردار حەمید میرانو کاك کەریم مستەفا شارەزا وەکوو لەپێشدا باسمان کرد. شایانی باسە کە دیوانی حاجی قادر بەر لەوە دوو جاری تر چاپ کراوە: یەکەمیان لەلایەن عەبدولڕەحمان سەعید (کە ڕەئیسی محکەمە بوو لە سلێمانی) لە ساڵی ١٩٢٠دا لەژێر ناوی کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، دووەم لەلایەن گیوی موکریانییەوە لە ساڵی ١٩٥٣دا چاپ کراوەتەوەو جیاوازیی هەیە لەنێوان وشەکانی هەرسێ چاپەکەدا لە هەندێ شیعردا.

حاجی قادر لە دیوانەکەیا باسی شاعیری تری ئاوارەی کوردی کردووە کە "کەیفی"ی جوانڕۆیی بووە ئەویش گەلێك شیعری هەبوە، لەو شیعرەدا حاجی قادر باسی مردنی کەیفی ئەکاو ئەڵێ:

لە کوێرەدێیێ کە (کەیفی) تیا بێ فیردەوسە
جەهەننەمە کە نەما "کەیفی" لە (قوستەنتین).

---

[1] حەمامۆك: کانیو ئاوێکە لە سەرووی شاری کۆیە لە بناری چیای (باواجی).

[2] شەممە: لەبۆنەوە هاتووە، واتە تۆزێك، کەمێك بۆنکردن.

[3] بلا: یەعنی با وابێ، قەی ناکا. بەزۆری لە ناوچەی بادینانندا بەکار دێ، بەلام زۆر شاعیری تری ناوچەکانی تریش بەکاریان هێناوە.

لە یەکێك لە زنجیرەی هۆنراوەکانما، لەم دوورەوڵاتەوە لە کۆبونەوەیەکدا لە شاری مانجستەر (کە یەکەم کۆمەڵگای ڕۆشنبیریی کورد لە سەرەتادا لەوێ پێك هاتو ئەوی ڕاستی بێ "کاك تەها صابیر" دەسپێشکەریی کردبوو بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگایە، هەرچەند تەمەنی زۆر نەبوو) ئەم شیعرەم بڵاو کردەوە کە پێشکەشم کردبوو بە گیانی پاکی حاجی قادری شۆڕشگێڕی ئاوارە. وا لێرەدا وەك یادگارێك دووبارەی ئەکەمەوە:

زۆر دڵنیام حاجی قادر
کە وەختێ سەری خۆی هەڵگرت
ڕووی کردە خاکی بێگانە
ئەیزانی دوورەوڵاتی
شتێکی زۆر ئاسان نییە،
ئێجگار ستەمو گرانە
بەڵام داخی ڕۆژگاری
نالەباری ئەو ڕۆژانە
ئەوەندەی دڵ شکاندبوو
خۆی نەگرت، سەری خۆی هەڵگرت
ڕێی گرتەبەر وەك دێوانە
بە پێخاوسی، بەبێ کاڵەوو پێتاو
تا گەیشتە ناو خاکی (ڕۆم)ی بەدناو
کۆڵو باری لەوێچێك داخو زووخاو،
مێزەرێکی چڵکنی کۆنو دڕاو
بوخچەیەکی چوارگۆشەیی لە خام جاو
پڕ لە کتێبی پەڕپووتی پواوی زەردباو
بەرەو ژینێکی ئاڵۆزی ڕانەهاتووی سەختو گران
پڕ لە ئەركو کوێرەوەریی بێوچان
دڵێکی ماتو غەمباری هەڵگوشراوی پڕتاسە
بۆ نەرمەبای بن دەوەنگی لاپاڵی هەیبەت سوڵتان
تەنها ئومێدێك کە لەناو مێشكو دڵیا هەر مابوو
بریتی بوو لە ترووسکایی بنەماڵەی بەدرخان

www.zhenn.org

بەداخەوە، بەوداخەوە سەری نایە ناو خاکەوە
بەبێ ئەوەی ئاواتێکی بۆ بێتەدی لە ژیان
لێوەلەرەی پێش گیانکێشان
یادی شیعرێك بوو بە حەیران
ئەیوت: دەك فیدای خاکت بم
ئەی خاکی پاکی کوردستان
هەرچەن حاجی زۆر لەمێژە
ئێسك‌و پرووسکی نەماوە
لەناو خاکا بۆتە خۆراك
بۆ مارو مێرووی گۆڕستان
بەڵام هێشتا گیانی پاکی
هاوار ئەکا: هەزار نەعلەت
لە خۆفرۆش‌و هەلپەرستان
پڕبەدەم هەتا تیایەتی
بانگ ئەکا هەرزا موخابن
هەتا لەگەڵ یەکتر وەکوو
ئاگری بن پووش‌و کا بن
لەشکرتان گەر لافاویش بێ
خاك بەسەرتان بە هیچ نابن
کوڕگەل وەرن، پیاوی چابن
ئەوی کوردکوژو خۆفرۆشە
هەمووتان لێی تەبەرا بن

لەدوای نالی‌و سالم‌و حاجی قادری کۆیی‌و فەقێ قادی هەمەوەند (کە لە باسی ئاوارەبوونی هەمەوەندەکانا باسمان کرد)، دێینە سەر باسی چەند شاعیرێکی دوورەوڵات کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا لە کوردستانی عیراق‌و کوردستانی ئێران هەریەکەیان بە جۆرێك ئاوارەبوون‌و لە وڵات دوور کەوتوونەوەو لە شوێنێکدا باسی ئاوارەیی خۆیانیان کردووە. ئەو شاعیرانەی کە لەم باسەدا لێیان ئەدوێین، بریتین لە عارف صائیب‌و ناطق‌و ناجی لە کوردستانی عیراق‌و عەلی بەگی سالار سەعید لە کوردستانی ئێران.

بێگومان جگە لەو شاعیرانە، بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانو لەکاتی شەڕەکەداو دوای ئەوە هەتا شەڕی جیهانیی دووەهەم کە کۆتایی باسەکەمانە، گەلێك شاعیری ئاوارەی تر هەبوە وەکوو غەریقی (کە لە ساڵی ١٩٢٥ن)دا کۆچی دوایی کردووەو فایز کە لە ساڵی (١٨٩٢ن)دا لەدایك بووەو لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە شاری خانەقین کۆچی دوایی کردووەو گەلێکی تریش، بەڵام شیعرەکانیان بریتی بوون لە شیعری دڵداریو نیشتمانیو وەصفو ویژدانی کە ئەو جۆرە شیعرانە لە مەبەستەکەی ئێمە دوور ئەکەوێتەوە لەم باسەدا، یا دوور نییە شیعری واشیان بووبێت کە باسی ئاوارە بکات، بەڵام دەستمان نەکەوتووە لێرە.

**عارف صائیب**:

عارف صائیب کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا قادرە لە ساڵی (١٨٨٩) لە شاری سلێمانی لەدایك بووەو لە ساڵی (١٩٢٣)دا لە گوندی قەرەچەتان کوژراوە. عارف صائیب خوشکەزای "پیرەمێرد"ی شاعیری ناسراو بوو، لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا لەناو لەشکری عوسمانلیدا کاتبی "ئیبراهیم بەتلیسی"ی قوماندانی تورك بووەو لە حکومدارییەتیی دووەمی شێخ مەحموودا لە ساڵی (١٩٢٢)دا کاتبی شێخ مەحموود بووەو سکرتێری بووە.

عارف صائیب لە ناوچەی (خۆیو سەڵماس) لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێران لە لەشکری عوسمانلیدا وەکوو هەزاران گەنجی تری کورد کە بەزۆر ئەنێرران بۆ غەزا بەناو بۆ پارێزگاریی ئاینی ئیسلامو وڵاتەکانی ئیسلام. سوڵتان عەبدولحەمید بەر لەوە لەشکرێکی پێك هێنابوو لە کوڕی قۆزو ئازای لێهاتووی کوردو ئەو لەشکرە پێی ئەوترا سوارەی حەمیدییە (یاخود ئێسترسوار) کە گرانترینو قورسترینو بەئەرکترین فەرمانی پێ سپێررا، شوێن نەبوە کە ئەو لەشکرەی بۆ نەنێرریٚو شەڕی تیا نەکاتو کۆڕی جەنگ نەمابوو کە خوێنی هەزاران لاوی کوردی تیا نەڕێژرابێ، لە بوڵغارستان، لە قرم، لە یۆنان، لە قەفقاسو سەلانیك؛ لە هەر شوێنێك کە عوسمانلی خۆی بە لاواز زانیبێت، کوردی بۆ ناردووەو بەرگریی پێ کردووە. کەچی پاداشی ئەو هەموو چاکەو فیداکارییەی ئەوە بوو هەر کە دوای ئەوەی بەهۆی کوردەکانەوە تورکەکان لە مەترسیی شکاندن ڕزگاریان بوو بەرامبەر بە یۆنانیەکان، ئیتر دوای ئەوە تورکە کەمالیەکان بە هەزاران کوردیان کوشتو سەدان هەزارانیان ئاوارەو دەربەدەر کرد.

لە کۆڕی ئەو جەنگە خوێناویەدا کە لەشکری عوسمانلی لە ناوچەی خۆی و سەڵماسدا ڕووبەڕووی لەشکری ڕووسی قەیصەری بووبووەوە، عارف صائیب بەم هەڵبەستەی باسی

ئاوارەیی و کوێرەوەریی خۆی کردووە لەناو لەشکری عوسمانلیدا (ئەم شیعرە یەکەم جار لە کتێبی ئەنجومەنی ئەدیبانی کوردی "ئەمین فەیزی"دا بڵاو کراوەتەوە،ساڵی ١٩٢٠ز):

ئاوارەیی خاکی وەتەن و سەیرو سەفا خۆم
پامالی غەم و غوربەت و سەد دەردو بەلا خۆم
بێ یارو دیار، وەحشی و مەجنوونی بیابان
مەهجووری سەفای مەجلیسی ئەربابی وەفا خۆم
سەرگەشتەیی سەحرایی خۆی و ساحەیی سەڵماس
ڕیسوایی عەجەم، مەسخەرەیی شاه و گەدا خۆم
ئەم تاڵعە نەحسە منی خستۆتە فەلاکەت
ئاشوفتەیی دەستی ستەمی بەختی سیا خۆم
کەوتوومەتە ناو تاقمی ژاندارمە، خوا مەرگ
دووچاری هەزار دەردیسەری و قەهرو سزا خۆم
سووڕدانە، عەرەقخواردنە، کوڕێکە مەپرسە
سەرسامی هەزار هەلهەلەوو ڕەقص و سەما خۆم
ڕۆژێ کە سەفەر بێ وەکوو سەگ غەرقی قوڕاوم
ڕۆژی حەزەریش تووشی هەزار دەردی وەها خۆم
ڕۆژێك خەبەری حەرب و دەمێ موژدەیی سوڵحە
ئوفتادە لەناو دەغدەغەیی خەوف و ڕجا خۆم
بێمەسکەن و بێچادرو یاغمورلغ و یاتاغ
عوریان و پەرێشان بە مەسەل گورگی چیا خۆم
باران و قوڕو دەهشەت و سەرمایە بە هەرجا
پامالی دەسی شیددەتی بەفرو ڕەشەبا خۆم
خۆ بەکسەمەوو خەپلەیی جۆ و ساوەرو گۆشت گا
ئاوساندی زگم عەینی وەکوو ڕەشکەیی کا خۆم
دوو مانگ ئەبێ نەمدیوە سەفای بەزمی پلاولغ
دەرناچێ لە دڵ، هەر بەئومێدو بەتەما خۆم
برسی و ڕەش و ڕووت، چڵکن و بێ پارەزو تووتن
حەسرەتکەشی دوو قوم جگەرەو پیاڵەیە چا خۆم

وا دامدوریوە پینە لەسەر چاکەتو شەڵوار
گۆڕاوە سەرو سوورەتی من وەك جلەگا خۆم
نابینی تەڕاوەت لە ڕەگی عومرو حەیاتم
ئەلحەق وەکوو تووی قۆجە بەبێ بەرگو نەوا خۆم
تووکی سەرو ڕیشم لە غەما بۆزو درێژ بوو
بەم وەزعییەتی ڕیشەوە وەك خواجە حەنا خۆم
کافر بەزەیی دێتەوە بەم حاڵە پەشێوە
وا دەربەدەرو قوڕبەسەرو تووشی سزا خۆم
بۆ شاری (سلێمانی)یە فەریادو فوغانم
دایم لە خەیاڵی غەمو تەبدیلی هەوا خۆم
بێ شوبهە لەبەر دەردی غەمو قەهرو مەرارەت
مەحروومی ثەوابی شەرەفو خێرو دوعا خۆم
بێتاقەتو بێویسعەتو حەیرانو پەرێشان
هەر مونتەزیری لوتفی نەبیو فەیزی خودا خۆم
شیعرم وەکوو تەبعم کە پەرێشانو خراپە
مەحجووبو سەر ئەفگەندەیی جەمعی شوعەرا خۆم
"عارف" ئەسەری مەرحەمەتو لوتفی خودایە
بۆ مەنفەعەتی دینو وەتەن جان بەفیدا خۆم

**ناطق**:

شاعیرێکی تریش وەکوو عارف لە لەشکری عوسمانلیدا بووە، بەڵام لە شوێنێکی تر کە بریتی بووە لە ناوچەی شامو حەڵەبو حومصو حەما، ناوی مەلا کەریمی کوڕی وەسمان ئاغا بووە لە ساڵی ١٨٨٦دا لە سلێمانی لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩٦٧دا لە شاری هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە. لە کتێبەکەی دوکتۆر مارف خەزنەداردا (لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی)یەوە ئەو شیعرە لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو وشە تورکییانەی کە ناطق لەو شیعرەیدا بەکاری هێناون هەمووی بڵاو کراوەتەوە. شیعرەکەی ناطق بەتەواوی لەسەر کێشو قافیەی شیعرەکەی عارف صائیبە، هەندێ دێڕیان بەتەواوی لەیەك ئەچێت، دوور نییە ناطق ئەو شیعرەی عارف صائیبی خوێندبێتەوەو هەر لەسەر شێوەو کێشی ئەو شیعرە شیعرەکەی

وتووه. وا لێرەدا چەند دیڕێکی لێ بڵاو دەکەینەوەو ئەو دێڕانەی وشەی تورکیی زۆر بەکار هێناوە لامان داوە لێی.

سەرگەشتەیی چەرخی فەلەکی بێسەرو پا خۆم
ئاوارەیی شامو حەڵەبو حومصو حەما خۆم
پامالی هەموو غوربەتو هیجرانی زەمانە
موستەغرەقی دەریایی غەمو جەورو جەفا خۆم
دوورکەوتەیی زێدو وەتەنو بەستەیی غوربەت
بێساقیو بێموتریبو بێبەزمو نەوا خۆم
پەیوەستە، جگەرخەستە لەناو ماڵی پەڕۆدا
بێ زەمزەمەوو عوشرەتو بێ شەمعو چرا خۆم
ماتەم زەدەیی بێکەسیو مووسیمی مەغریب
ئاشوفتەیی دەرس خوێندنی هەنگامی عیشا خۆم
سەرسامی هەوای بۆریو مۆسیقەوو تەرتیب
دایم لە خەیاڵی (پادشاهم چوق یشا) خۆم
گاه گوێم لە ئاوازەیی نەقارەیی تەعلیم
گاه شیفتەیی دەنگی دەهۆڵ، بانگو هەرا خۆم
تەعلیمی هەدەف نووری بەصەرمی بەفەنا دا
کوێرانە صیفەت شامو سەحەر دەس بە عەسا خۆم
تامەددی نەزەر کوه و دەرو دەشت دەکێڵم
بێشوبهە بەبێ گاو گەلی ئەهلی قوڕا خۆم
بەم بەرگە لەبەرما کە دەڵێی گورگی زەهاوم
دایم لە شەڕی سەگ سیفەتان، کووفتەپا خۆم
لەم حەسرەتو لەم عەسرەتە کەوتوومە هەلاکەت
ئەی وایی درێغا کە بەبێ بانگو سەلا خۆم
وا چاکە بەخوڕ ئەشکی تەحەسسور کە بڕێژم
بەم دەردی دڵ ئەفگارییە مەحرومی دەوا خۆم
سی مانگ ئەبێ نەمدیوە هەرای بەزمی پلاولغ
حەسرەتکەشی دوو قوم جگەرەو پیاڵەیە چا خۆم

ئەشجاری وجودم لە خەزانی غەمی هیجران
زەرد بوو وەرەقی، پەڕەیی بێ نەشئونما خۆم
ئەوسا بە هەوای شەوقی دڵی زەوقی گوڵ ئەموت
سەد شوکری خودا بولبولەکەی گوڵشەنی شا خۆم
ئێستەش لە شەقی چەرخی فەلەك وێڵی وڵاتان
ئوفتادەیی بەر دەرگەهی وەستایی جۆلا خۆم

**ناجی**:

شاعیرێکی تری وەکوو صائیبو ناطق دووروڵات بووە، ناجی ناوی محەمەدەو خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بووە، ئەویش هەر لەناو لەشکری عوسمانلیدا بووەو بەم شیعرەی کە هەر لە کتێبەکەی دوکتۆر مارف خەزنەدارەوە وەرمان گرتووە، باسی ئاوارەیی خۆی کردووە. جیاوازیی شیعرەکەی ئەمو عارف صائیبو ناطق ئەوەیە کە ناجی پێڕەوی شیعرەکەی نالیو سالمی کردووە لە باسو بیرەوەریی ئەو شوێنانەی کە زۆر بیری کردوونو دیارە لە ناوچەیەکدا سەرباز بووە کە دانیشتوەکانی بە شێوەی کرمانجی دواون، یا دوور نییە ئەو لەشکرەی ئەوی تیادا بووبێ زۆربەیان لەوانە بووبن کە بە شێوەی کرمانجی دواون، چونکە لە شیعرەکەیدا کەمێك وشەی کرمانجیی بەکار هێناوە. شیعرەکەی ئەڵێ:

ئەمە عومرێکە ئاوارەم لە خاکی تۆ سلێمانی
هەزاران حەیفی ئەم عومرەم کە چۆن فەوتا بە تالانی
بەڵێ هەردەم دەناڵێنم لەبەر دەردی غەریبیی خۆم
وەکوو "کامەم"[١] لە زیندانا لە عیشقی "زین"ی بۆتانی
دڵم خنکاوی بەحری غەم لە فیکرو یادی ئەحبابان
وەکوو یەعقووب ئەوا کوێر بووم، لەبەر گوێم گەشتە (کەنعان)[٢]ی
ئەوا شێت بووم وەکوو مەجنوون لە حەسرەت زوڵفی لەیلی تۆ
هەرچەندە من کە فەرهادم ئەتۆ شیرینی نەمزانی
عەبیرو میسکە ئەو خاکە، بەبێ میسلە، دەڵێم تاکە

---

[١] کامەمو زین: نیازی لە مەمو زینە.

[٢] کەنعان: ناوی جێگەیەکو ناوی ئەو هۆزەیە کە "یەعقووب"ی باوکی "یووسف" سەرۆکیان بووە، یەکێك بووە لەو عیبرییە زیرەکانەی کە هۆزەکەی بۆ ماوەیەك برد بۆ وڵاتی میسر.

بەهەشتیش وا نییە کاکە، بە خۆیو حوورو غیلمانی
فیدایی خاکی پاکت بێ دڵی مەحزوونو غەمگینم
ببێ قوربانی گوێژەو پیرەمەسوورو کانی ئاسکانی
خەیاڵ دائیم دەکا پەرواز لەسەر ئافاقی ڕەنگینت
هوزار ئاسا لە ئاسمانا دەکا گەرمیانو کوێستانی
وەکوو "نالی" دەناڵێنم هەتا مردن لە غوربەتدا
دەکەم تەجدیدی ئایینی فەقێ مەشهووری تەیرانی [3]
موحیبی عیلمو عیرفانن، سەراپا خەڵکو سوکانت
هەموو فەردێکی زاناتر لە قازی بەکری (باقلانی) [4]
موخیمی سەحنی گوڵشەنتە هەزاران حاتەمی طائی
دەفینی خاکی زیباتن شەهەنشاهانی بابانی
هەمیشە دەس لە سینە، چاوەڕێی فەرمانو ئەمری تۆن
(قەرەداغ) [5] یشو سەرچاوەی لەگەڵ (تافان) [6] و (ولیان) [7] ی
ئایا ماون ئەمێستاکەش گرووهی جەمعی ئەحبابت
وەیا ڕۆیشتنو مردن چوونە ژێر خاکی (سەیوان) [8] ی
ئەگەر مردوون پێم بێژە، بکەم گریانو واووەیلا
ئەگەر ماویشنو ساغن، بکەم ئیجرایی شادانی
هەرچەند ئەز گەوهەرێت ڕێژم، ژ حوباتە قەوی کێژم
ئیدی زێدە نەشێم بێژم نەبووم ئەز ئەحمەدێ خانێ
لە ڕێگەی وەسفو مەدحی تۆ کە "نالی" عەجزی فەرموو بوو
چییە "ناجی" بکا مەدحی "سلێمان"ی سلێمانی

---

[3] تەیرانی: نیازی لە فەقێ تەیرانی شاعیری بەناوبانگی کوردە.
[4] باقلانی: لە زانا بەناوبانگەکانی عیلم (کەلام)ی عەرەبی بوو.
[5] قەرەداغ: ناوچەیەکە لە سلێمانیو داری زەردیشی پێ ئەوترێ. ناوچەکە قەرەداغەو دێی قەرەداغیش مەرکەزی ئەو ناوچەیەیە.
[6] و [7] تافانو ولیان ناوی دوو گوندن لە قەرەداغ.
[8] سەیوان: نیازی لە گردی سەیوانی سلێمانییە کە گۆڕستانێکی گەورەیە.

**عەلی بەگی سالار سەعید**:

شاعیرێکی تری کوردە لە دەوربەری شەڕی یەکەمی جیهانیو برای شاعیری ناسراو مصباح الدیوان (ئەدەب) بووە. ماوەیەك لە مەجلیسی شوورای میللی (پەرلەمان) لە تاران نوێنەری ناوچەی موکریان بووە.

ئەمین زەکی بەگی مێژووناسی کورد لە کتێبەکەیدا (مێژووی کوردو کوردستان) ئەڵێ ((عەلی بەگی سالار سەعید لە هەرە شاعیرە گەورەکانی ناوچەی موکریان بووەو لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەلایەن تورکەکانەوە لە مەهاباد کوژراوە)).

ئەوکاتەی کە عوسمانلیەکان لەشکریان ناردبوو بۆ ناوچەی (خۆی)و (سەڵماس) بۆ ئەوەی لەگەڵ لەشکری ڕووسی قەیسەریدا شەڕ بکەن، ئەو لەشکری ڕووسە، بەتایبەتی کازاخەکانیان لەو شەڕەداو بەر لەوەش گەلێك تاوانیان کردووە لە کوردستان. ئەم شیعرەی کە لێرەدا بڵاوی ئەکەینەوە، لە دوورەوڵات وتوویەتیو وەکوو وەرامەکەی سالم بۆ نالی، ئەویش بەبێ ئەوەی کەسێ پرسیاری لێ بکا خۆی باری ئەو سەردەمەی ناوچەی موکریانی ڕوون کردۆتەوە کە چۆن لەژێر جەورو جەفادا ناڵاندوویەتی:

لەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزانی وەتەن
دائیما جووتم لەگەڵ غەم، هەمدەمی حوزنو میحەن
تۆزی خاکی (هەرمێڵێ)[1]، سورمەیی چاوی دڵە
ئاوی سەرچاوەی زوڵاڵی شەربەتی ڕۆحو بەدەن
حوبی تۆ، دینی من، ئاینی من، ئیمانی من
یادو فیکری ئاوو خاکت ویردو زیکری من وەتەن
گوڵبەنی گوڵزارەکەی تۆ بوو لە جێی قومریو هوزار
ئاشیانە (جوغدە)[2] ئێستا بۆتە جێی زاغو زەغەن[3]
شارو بازارت دەڵێن سەرپاکی وێرانو خەراب
موڵكو ئاسارت هەموو پامالو (خال السکن)
کووچەوو شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو بێخەتا
جوملە وێرانو خەرابن، پڕ لە سەگبابو لە سەن[4]

---

[1] هەرمێڵێ: ناوی گوندێكو شوێنێکە لە ناوچەی موکریان.

[2] ئاشیانە یەعنی هێلانەو (جوغد) کوندەبەبووە.

[3] زەغەن: جۆرە باڵندەیەکی گۆشتخۆرە.

جێی مەلاکان و ئیمام و مەردەسەو نەشری علووم
پاکی جێدەستەی قشوونە[٥] بۆتە جێی وەعزی قەشەن[٦]
مینبەرو مزگەوت لە دەردی حوجرەکان و حەوشەکەی
بوو بە مەیخانەو تەویلە، مەعبەدی عەبدی وەسەن
دولبەرانت بوونە یەخسیر، چوونە قەفقاس و سیبیر[٧]
نەوجەوانانت هەموو کوژران و نێژران بێکەفەن
حەشرە، واوەیلایە ئەمڕۆ، کەربەلایە شار ما
کوشتن و تالآن و یەخسیرە کەوا دێن و دەبەن
دەی خوا هەر کوردە یەخسیری هەموو میللەت بوون
دەی "عەلی" تا چاك نەفەوتاوە بڵێ فیکرێ بکەن

لە کۆتایی باسی شاعیرەکانی سەردەمی عوسمانلیدا دێینە سەر باسی شاعیرێکی تری ئاوارە، بەڵام لە جۆرێکی ترو هەستی ئاوارەیی خۆی تێکەڵ کردووە بە هەستی شاعیرێکی تر. ئەو شاعیرە ناوی "حەسەن" بووەو لە خۆشەویستەکەی کە "فەقێ ئامینە" بووە دوور کەوتۆتەوە بەهۆی گرتنی لە بەندیخانەدا لەلایەن عوسمانلیەکانەوە. دکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبە بەنرخەکەیدا (لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە) چاپی بەغدا ساڵی ١٩٨٤ ئەڵێ: نەجمەدین مەلا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "حەسەن" لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشوودا ژیاوەو بەهۆی عوسمانلیەکانەوە تووشی دەردیسەری بووەو لە مووصڵ خراوەتە زیندانەوە. وا لێرەدا ئەو شیعرەی کە حەسەن ناردوێتی بۆ فەقێ ئامینەی خۆشەویستی و وەرامی فەقێ ئامینەی شاعیریش بڵاو ئەکەینەوە:

شیعرەکەی حەسەن:

سەلامی من لەسەر تۆ بێ، بە سەد نەوعو بە سەد عینوان
فەقێ ئامینە سووتاوم لە دووریی تۆ بە سەد قورئان
ئەگەر لەم غوربەتە بمرم، خەیاڵت وا لە دڵ دەگرم
مەلائیك بێنە سەر قەبرم، جوابیان وا دەدەم قوربان

---

[٤] سە: سەگ، لە زۆر شوێندا ئەو وشەیە (گ)ەکەی لا ئەبەن لە گفتوگۆدا.

[٥] قشوون: قشوون، لەشکر یا تیپی لەشکر.

[٦] قەشە: نیازی قەشەیە کە لە ئێران (کەشیشی پێ ئەڵێن).

[٧] سیبیر: نیازی لە سیبیریای ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سۆڤێتە.

دەڵێم ئامینە مەولامە، دەڵێم ئامینە لەیلامە
دەڵێم ئامینە پاشامە، لە نەسلی گورجی گورجستان
فیدایی وردە نازت بم، فیدایی نازو گازت بم
فیدای دوو چاوی بازت بم، عەقیقی لەب گوهەر دوندان
فیدای ئەبرۆی کەمانت بم، فیدای دوو چاوی جوانت بم
فیدای غونچەی دەهانت بم، ئەوە سەرچاوەیی حەیوان
حەسەن بۆت بۆتە دێوانە، ئومێدی وایەی ئەی جانە
لە زنجیری حەپسخانە، خەلاسی بێ لەدەس تورکان

وەرامەکەی فەقێ ئامینەی خۆشەویستی حەسەن:

سەلامی یاری ئاوارە لە بەندەی تۆقی سوڵتانی
بە دەستی من گەیی قوربان لە وەختی دڵ پەریشانی
سەراپا چون موتالاّم کرد، سەلامی یاری بێهاودەم
دڵە غەمبارەکەم دیسان برینی تازەگیی هانی
خەرامانو گوڵەندامو زوڵەیخاو و قەمەر چەهرە
وەکوو من قەت نەسووتاون لە دووریی یارو هیجرانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پیرەمێرد:**

دوای شاعیرەکانی ئاوارەی سەردەمی شەڕی یەکەم، دێینە سەر باسی شاعیرێکی تر کە بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لە وڵاتی عوسمانلیدا ژیاوە، ئەویش "پیرەمێرد"ە. پیرەمێرد لە ساڵی (١٨٦٧ز)دا لە شاری سلێمانی لەدایك بووەو هەر لەوێدا لە ساڵی (١٩٥٠ز)دا کۆچی دوایی کردووە. پیرەمێرد ساڵی (١٨٩٨)دا لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید (باوکی شێخ مەحموودی مەزن) چووە بۆ تورکیا، بۆ ساڵی دوای ئەوە پێکەوە لەگەڵ شێخ سەعیدا چوون بۆ حەجو لە گەڕانەوەیانا بۆ تورکیا سەیید ئەحمەدی خانەقاو (وەفایی)ی شاعیریان لەگەڵا ئەبێ، وەفایی لەڕێگا کۆچی دوایی کردووە.

پیرەمێرد دوای ئەوەی حقووقی لە ئەستەمبووڵ تەواو کردووەو ماوەیەك محامی بووەو دوای ئەوە کراوە بە موتەصەڕیفی (ئەماسیە)و کە حکومەتی عوسمانلی ڕووخاوەو کەمالیەکان هاتنە سەر حوکمو وتیان ئێمە تورکینو کەس بە هیچی تر نازانین، ئیتر پیرەمێردو گەلێکی وەکوو ئەو کە بەرگەی ئەو قسەیەی کەمالیەکانیان نەئەگرت (وەکوو

ئەمین زەکیو تۆفیق وەهبیو عیززەت مەدفعیو گەلێکی تر)، وتیان: ئێمەش کوردینو لە کوردایەتی لانادەین. ئەوەبوو ئەو ڕۆژانە بانگەوازی دایکی نیشتمان گەیشتبووە گوێی زۆربەی کوردە ئاوارەکانی وڵاتی عوسمانلیو دەنگی حکومداریەتەکەی شێخ مەحموود بڵاو بووبووەوە. ئیتر پیرەمێرد خۆی بە خۆی وت: ئیتر بەسە، تۆفیق دوورەوڵاتی بەسە، ئیتر کاتی گەڕانەوەیە بۆ وڵات. ئەوەبوو دەستی کردبوو بە نامەنوسین بۆ خزمەکانی. لە وەڵامی نامەیەکیدا کە مستەفا صائیبی خوشکەزای لێی پرسیبوو: ئایا وەزیفەت ماوە؟ ئەویش بەم شیعرە وەرامی ئەداتەوە:

نوسیوتە گوایا وەزیفەم ماوە هەرچیمان کردووە هەر ناتەواوە!
چیم کردووە ئێستا جارێ لەکوێمە میللەت لەمەودوا ئومێدی پێمە
سەیر کە بەهارم لێ بێ ئینشاڵڵا لە کوردستانا بیکەم بە هەڵڵا
بەیداغی کوردی بلەرێنمەوە ئیرسی ڕۆیوەکان بگەڕێنمەوە

هەتا لە دواییدا ئەڵێ:

هەزاری وەك من هەتا ئەکوژرێ بە قەڵەم، بە خوێن، مەرسیەی نەنووسرێ
بەو خوێنە خوێنی میللەت نەجۆشێ میللەت بۆ وەتەن سیا نەپۆشێ
کچانمان لەژێر بەیداغی ڕەشدا چاو هەڵنەهێنن بە خوێنی گەشدا
تا خاکەکەمان بە خوێن نەشۆرێ ئیمان بە سکەی ڕووپیە نەگۆڕێ
تەشەبوساتی من تەواو نابێ موتڵەق، ئەم ئیشە هەر ئەبێ وابێ

ئای خاڵە گیان لەکوێی؟ وەرامی دووەم دێری دواییت بدەمەوە. بەڵێ: خاکەکەمان بووە بە خوێن- پیرەمێرد بەڵێنی بە خۆی دا کە بگەڕێتەوە. ئەوانەی لەو شیعرەدا وتبووی، هەمووی کرد بە پرۆگرامو پێڕەوی ڕۆژانەی خۆی.

وەختی خۆی پیرەمێرد ڕووی کردبووە وڵاتی بێگانە، ئەوەندە یادو بیرەوەریی ناو وڵاتو گەلەکەی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، بەشی توێشووی ئەو هەموو ماوە دوورودرێژەی کردبوو کە لە کوردستان دوور کەوتبوەوە.

لە گەڕانەوەیا، لە سواربوونی شەمەندەفەردا، هۆنراوەیەکی بەرزی هەیە کە بریتییە لە دەربڕینی هەستو هۆشێکی ناسكو پڕ لە خۆشی ئەوەی کە بە دیداری وڵاتەکەی شاد ئەبێتەوەو ئەو ئومێدو ئاواتانەی کە ساڵەها بوو لە دڵیا کەڵەکەی کردبوو، هەموو دێتە دی. کاتی خۆی نوسخەی ئەصڵیی ئەم شیعرەی لای من بوو، لەگەڵ ئەو نامەیەی کە لەکاتی خۆیدا مامۆستا گۆران بە خەتی خۆیو بە ناوی "عەبدوڵڵا سلێمان"ـەوە ناردبووی بۆ

پیرەمێردو داوای ئەوەی لێ کردبوو کە شەهادەتی ئەوەی بۆ مۆر بکا کە پێی ناوەتە ئەو قۆناغەوە پێی بوترێ شاعیرو هۆنراوەکانی بە شیعر بژمێررێت. ئەو دوو نامەیەم هەردوکیان لەکاتی خۆیدا پێشکەش کرد بە (کۆڕی زانیاری کورد)ی بۆ پاراستنیان (هیوادارم لەناو نەچووبن). هۆنراوەکەی پیرەمێرد:

ئەوا ڕووم کردە تۆ، ئەی دایکی موشفیق بیستوپێنج ساڵە
لە غوربەتدا بە یادی تۆ ئەژیم، خوا شاهیدی حاڵە
بەیانی دا، نەسیم لای تۆوە هات، بۆنی وەتەن پێوە
ئەوا نووسرایەوە پیرانە سەرعومرم لەسەر نوێوە
ئەڵێن نەفحەی ژیانی پێوەیە، بادی بەهار وایە
بە سروەی بای وەتەن ماوم، بەهارو بای لەلام بایە
ترەین جووڵایەوە، وا کەوتە ڕێ، باوەڕ بە خۆم ناکەم
خەوە یاخود خەیاڵ، یا ڕاستە ئەم حاڵی فەرەحناکەم
هەوای تەختی سولەیمانی هەیە بادی ترەین بابێ
بلا بابێ، لە شەهبا بێ، لە فەیحا بێ لە زەورا بێ
بە چاوما بێ ئەگەر تۆزێك لە تۆزی بای سلێمانی
کە نووری طوورە، توورێك ناهێنێ سورمەی سولێمانی
کە با بۆنی گوڵێکی کانی با بێنێ لەلام وایە
تەلای کەیخسرەوی وەك گەنجی باداوەر هەمووی بایە
گزنگی خۆر ئەداتەوە بەفرەکەی شاخی عومەر گودروون
بریقەی خۆشترە لای من لە دوڕڕو گەوهەری قاروون
بە ئاواتی ئەخوازن خەڵك تەعامی مائیدەی عیسا
هەمووی حەڵوا گەزۆیەك ناهێنی دەستم کەوێ ئێستا
شەماڵ دێنێتە گوێم دەنگی منالانی قوتابخانە
نەشیدی میللییان لاهوتییە، قووتی دڵو گیانە
هیوام پێیانە ئەم دەستە کوڕانە مەشخەڵێك هەڵکەن
لە تاریکیی نەزانیدا بە زانستی وەتەن دەرکەن

لە کۆتایی ئەم باسەمانا دێینە سەر باسی شاعیرێکی تر کە "حەمدی"یە. حەمدی ناوی ئەحمەد بەگی صاحێبقڕانەو لە ساڵی (١٨٧٨ز)دا لە سلێمانی لەدایك بووەو لە ساڵی (١٩٣٦)دا هەر لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە.
وەکوو لە هەندێك لە سەرچاوە کوردیەکان بڵاو کراوەتەوە، وشەی (صاحێبقڕان یەعنی خاوەن نگین) ئەبەخشێ، لە ئەحمەد بەگی گەورەوە دەست پێ ئەکا کە یەکێك بووە لە دوازدە سوارەی مەریوانو سوارچاکێکی ئازای ئەوتۆ بوو کە لە هەر شەڕێکدا بەشداریی کردبێت سەرکەوتوو بووەو دوژمنەکەی شکاوە، بۆیە پێیان وتووە صاحێبقڕان، یەعنی خاوەنی نگین. حەمدی لە بنەماڵەی ئەو ئەحمەد بەگی گەورەیە.

هەرچەند حەمدی ئاوارەیی بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵام هەستی خۆی بەرامبەر بە مرۆڤی ئاوارە دەربڕیوە، ئەو مرۆڤە ئاوارەیەش کە حەمدی هەستی خۆی بەرامبەر دەربڕیوە شێخ مەحموودی قارەمان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە حەمدی بە شیعرێکی زۆر دووروودرێژ ڕەخنەیەکی ڕەپو ڕەوانی لە دەزگاکانی شێخ مەحموودو لەوانەی کە دەوروپشتیان گرتبوو (لەڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی کە دەوری شێخیان گرتبوو بووبوون بە بار بەسەر خۆیو حوکمداریەتەکەی شێخەوەو زۆریان هەریەکەیان بە جۆرێك بوون بە هۆی گەلێك ناڕێکیو کێشمەو شێخیش تیا مابوو، خۆشبڕوایەتیەکەیو دڵسافیەکەشی وای لێ کردبوو هیچی نەئەگرتە دڵو زۆر زوو هیچی لە دڵا نەئەماو لە هەموو کەسێك خۆش ئەبوو، کە هەندێ جار ئەو جۆرە هەڵوێستە زیانێکی زۆر گەورەی ئەبێ بۆ پیاوێکی گەورەی وەکوو شێخ مەحموود).

بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە حەمدی ئەو ڕەخنەو سەرزەنشتەی ئاڕاستەی شێخو دەزگاکەی کردبوو، هیچی لە ڕقێکی تایبەتیەوە نەبوو، بەڵکوو حەمدی وەکوو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر دڵی ژانی ئەکرد بۆ ئەو پشێویو ناڕێکییەی کە بە چاوی خۆی ئەیبینیو بەپێچەوانەوە ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە هەرکەسە بەپێی تواناو لەباریو لێهاتوویی خۆی شتی پێ بسپێررێت.

ڕەخنەکەی حەمدی صاحێبقڕان ئێجگار دووروودرێژەو لەوە ئەچێت هەمووی بەسەر یەکەوە نەوتبێت، بەڵکوو هەر چەند دێڕێکی بۆ ڕێکەوتو باسێك وتبێ، بەڵام لەدواییدا چونکە مەبەستەکانیان هەمووی وەك یەك وابووە، هەموویانی یەك خستووە. ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە ئەو بەشەیانە کە لە ساڵی (١٩٢٣ز)دا بۆ ئیدارەی کوردستانی خواروو (دەوری دوهەمی حکومداریی شێخ) وتوویەتی:

زابتانی عەسکەری زۆرە وزڕەو ئەولا دریژ

هەردوو جلخوارو قلیشو یوونسی باجی هەمین

قاوەچیو پیش خزمەتی مەجلیسی عالی دوو سمە

ئەم بوو مەشهووری قولی بوو، ئەو بوو مەعرووفی شەلین

هەتا لە کۆتایی هەر کۆمەلە شیعریکدا ئەلیّ:

ڕەبی مووی لیّ بیّ زمانی پەنجەکانی هەلوەریّ

هەر کەسیّ گولشەن بە دەردی گولخەنی دۆزەخ بەریّ

لەگەلّ ئەو هەموو هیرشەی حەمدی دا، کە دیتە سەر باسی شیخ ئەلیّ:

باسی نەفسی خۆی بە فەضلە من ئەزانم موختەصەر

ئاشکارە قیمەتی گەورە بە تەعریفی قەرین

وەکوو ئەزانین شیخ مەحموود دوو جار حکومداریتیی کردووە، یەکەم جار لە یەکی تشرینی دووهەمی سالی ١٩١٨ کە ئەم دەورە بە شەڕی بازیانو بریندارکردنی شیخو گرتنی لەژیر بەردە قارەماناو موحاکەمەکردنیو نەفیکردنی بۆ هیندستان بۆ دوورگەی (تانە) کۆتایی هات (ئەوکاتە ویلسۆن حاکمی گشتیی بەریتانیا بوو لە عیراق). جاری دووهەم ئینگلیزەکان بەناچاری هینایانەوەو لە کۆتایی سالی ١٩٢٢ هەتا مانگی تەممووزی سالی ١٩٢٤ حکومداریتیی کردووە.

حەمدیی صاحیبقڕان لە دەوری حکومداریتیی شیخدا هیچ ڕەخنەیەکی لیّ نەگرتووە، بەپیچەوانەوە کە شیخ لە دەربەندی بازیان بریندار کراو گیرا، حەمدی بە شیعریک هیرش ئەباتە سەر ئەوانەی کە لەو ناوچەیەدا یارمەتیی ئینگلیزەکانیان دا بۆ شکاندنی شیخ مەحموود:

قەومەکانی ڕووپیەخۆرم دینە بەر چاوم ئەلین

کەر بە جۆ بمری شەهیدە، سەگ بە گۆشتی لاکەوە

لاتنو لووتن، نەفامن بۆ نیشاط و مەنفەعەت

دەبنە قوربانی سەگی بیّ شك بە بابو داکەوە

شەرتە تا ڕۆژی قیامەت دەس لە ئەژنۆ بەر نەدەم

سەر لە قوڕ نیم بۆ سیادەت بەم دلەی غەمناکەوە

بۆ دیاری حەزرەتی مەحموودو مەمدووحی جیهان

تاقە یەك گولّ بوو بە فەرقی پیری "ئەحمەد کاك"ەوە

بنکەی ژین www.zheen.org

که شێخ له دوای حکومداریەتیی یەکەمی نەفی ئەکرێ بۆ هیندستان (تانە)، زۆر کەس هەست بەو بۆشاییە ئەکەن کە شێخ لە کوردستانی خواروودا بەجێی هێشتبوو. حەمدی وەکوو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە هەموو کەس زۆرتر داخ لەدڵ بوو بۆ ئەو دوورکەوتنەوەیەی شێخو لە چوارخشتەکییەکدا ئەڵێ:

وەك مەدینە بێ نەبی بێ، یا نەجف بێ بێ عەلی
شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحموودە وەك داریکەلی
حەیفە ئەوجی ئاسمان، بێزینەتی خورشیدو ماه
سا خوا بیکەی وەکوو خورشیدی درەخشان مونجەلی

خۆ کە هەواڵی بەربوونی شێخ لە (تانە)ی هیندستانو گەیشتنی بۆ (کوێت) بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئەو هەواڵە کە بەناو خەڵکدا بڵاو ئەبێتەوە، حەمدی لە چوارخشتەکییەکی تردا ئەڵێ:

کە ڕۆیشتی بە جارێ من دڵو جەرگو هەناوم کەوت
کە چوویتە (تانە)، تانە سەر گلێنەی هەردوو چاوم کەوت
ئەڵێن هاتوویتە (کوێت) قوربان، بلێ قوربانی کوێتی کەم
کە نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت

لەگەڵ ئەو هەموو بەپەرۆشبوونەی حمدیدا بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحموود، ئەو ڕەخنە توندەی لە دەزگاکەی گرتبوو، هەرچەند هەر تەنها حەمدی گلەیی لە کاروبارو فەرمانبەرانی شێخ نەبوو، بەڵکوو گەلێك شاعیری تر هەریەکەیان بەجۆرێك ڕەخنەیان گرتووە: وەکو پیرەمێردو شوکری فەضـلی و شێخ محەمەد خاڵص کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە لێرەدا جێی بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانەی نییە، چونکە پێوەندییان بە ئاوارەبوونی شێخەوە نییە.

ئەوەی شایانی باسە، شێخ لەدوای حکومدارییەتی دووهەمی چاری نەما کە ئەبێ دەس هەڵگرێ، چونکە هەموو دەرگایەکی لێ داخراو عەشائیرە کوردەکان وردەوردە لێی تەکینەوە. ئیتر ئەوە بوو لەپێشدا لە ناصریەو دوای ئەوە لە عانەو ڕومادی، دواجار لە ئەعظەمییەی بەغدا نێشتەجێ کرا. حەمدیی صاحێبقران لە بەغدا ئەچێتە خزمەتی شێخ بۆ زیارەتی، لەوکاتەدا بە هەندێ ڕەئیس عەشیرەتی عەرەبی میوانی ئەناسێنێو پێیان ئەڵێ ئەمە ئەو شاعیرەیە کە لەکاتی حکومداریەتەکەما هێرشێکی زۆر پیسی بە شیعر کردبووە سەرم، حەمدیش وەرامی ئەداتەوەو پێی ئەڵێ قوربان، من حەددی ئەوەم نەبوە هێرش ببەمە سەر خۆت، بەڵام ڕەخنەم لە دامودەزگاو دەورو پشتەکەت گرتبوو.

## پاشکۆی (٢)

### بۆ ئەو شیرینەی مامۆستای کۆچکردوومان
### کردبووی بە دروشمی کوردستان

شیرین فەرهادی دۆستی دێرینت        مەستی شەرابی شێوەی شیرینت
وەلی دێوانەی هەردەو کۆسارت        هاودەردی خەم‌و ئێش‌و ئازارت
هەتاکوو لاو بووی، باری ژیانی        پڕ بوو لە کێشەو لە نیگەرانی
خەمی کوردستان ژیانی ورووژان        (ژانی گەل) لای ئەو بوو بە ئێش‌و ژان
بوو بە دەروێشی ناو کوردەواری        بە چراهەڵگری ڕێگەی ڕزگاری
زڕەی زنجیرو کۆتی ناو زیندان        کۆڵی پێ نەداو دڵی نەلەرزان

بە دەربەدەری‌و دوورەوڵاتی        کە هەر ڕۆژێکی مەرگێکە ساتی
ورەی تا بڵێی هەمیشە بەرز بوو        بانگی ئازادیی بەرزو سەد تەرز بوو
نە خاوەن کۆشك بوو، نە خاوەن تەلار        نە مارسیدس‌و نە سەفتەی دۆلار
تەنها ئیمانی بە کوردستان بوو        بە یەکپارچەیی یەك نیشتمان بوو
ناوچەگەرێتی‌و لێکترازانی        بە تاوانێکی زۆر زل ئەزانی
کۆنگرەی کوردستان دروشمی ژیانی بوو        خۆراکی ڕۆح‌و دڵ‌و گیانی بوو
تەبایی‌و ئاشتی‌و لەیەکتربوردن        ویردی دەمی بوو تا کاتی مردن

گەرچی پیر بووبوو، لەشی بەبار بوو        گیرۆدەی دەردو ئێش‌و ئازار بوو
بەڵام ناوی کورد، وشەی کوردستان        لەلای ئەو بووبوو بە حەب‌و دەرمان
بەپێ، بە خۆی‌و پیرە گۆچانی        قەت ماندوویەتیی ڕێی نەئەزانی
سرەوتی نەبوو، نەشتەری زمانی        بووبوو بە چەکی ڕێی تێکۆشانی
وەکوو هەنگ وێڵی ڕێی سەربەستی بوو        دژی خۆفرۆشی‌و بتپەرستی بوو

وا هاتەوە لات، دەسا شیرین گیان        شیرینی قیبلەی ئاواتی کوردان
بیگرە باوەشت، بیلاوێنەوە        ماندوویەتیی ڕێی بحەسێنەوە
ئەو بەهارەی ئەو بۆی بەپەرۆش بوو        هەروەکوو بلبل بۆی بەخرۆش بوو
ئاواتەخواز بوو لە گوڵی وەنەوشە        کە وەکوو خاڵی لای لێوت گەشە
لەگەڵ نێرگزو گوڵاڵە سوورە        لە مێرغوزاری ئەو شارەزوورە

بنکەی ژین www.zheen.org

هەزاران ئیکلیل بهۆنرێتەوە

بەڵام داخەکەم چەرخی بەدکردار
بەینێکی زۆرە بە قینا چووە
داگیرکەران و دوژمنی خوێنخوار

بەڵام مامۆستاو کاکی کۆچکردوو
خەم مەخۆ دنیا تاسەر وا نابێ
هاکا هەوری خەم لێك ڕەوایەوە
ئەو تەباییەی بۆی بەپەرۆش بووی
هاکا هاتە دیو مژدەی ڕزگاری
"مەزدا" دەمێك بوو گەلێك بێزار بوو
خەریکە دڵی پاك ئەبێتەوە
گرێکوێرەی مێژووی کورد ئەکرێتەوە
"بەکر مەرگەوەڕ" دەوری نامێنێ
ئەوسا بەهارو نەورۆزو سەیران
ئاوازی سروودی (شیرین بەهارە)

گڵکۆی شەهیدی پێ بڕازێتەوە

هێشتا شەشدەری لێ گرتووین بە زار
ڕێگەی ئازادیی لە کورد گرتووە
سنووری کوردیان گرتوە بە دیوار

هۆ بەلەش مردووی بە بڕوا زیندوو
باری کورد هەروا لارو خوار نابێ
دەرگای ئازادی لە کورد کرایەوە
بۆ سەرگرتنی دایم بەجۆش بووی
لەلای "مەزدا"وە گەیشت بە دیاری
لە ناتەبایی کورد لووتەلار بوو
داری تەبایی ئەڕوێنێتەوە
هیوای سەرکەوتن ئەبووژێتەوە
ڕووی خۆی ڕەش ئەکاو ملی ئەشکێنێ
هەمووی پێشکەشی گەردن ئازادان
لە هەموولایەك هەر لەسەر زارە

بنکەی ژین
www.zheen.org